حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زمان
بەشی زمانی کوردی

# تیۆری وەرگرتن و ڕەخنەی شیعری کوردی

نامەیەکە

عەباس محەمەد قادر

پێشکەشی کۆلێجی زمان، بەشی زمانی کوردی ،زانکۆی سلێمانی کردووە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ.د.عەلی تاهیر حسەین

٢٧٢٢ کوردی ٢٠٢٢ زاینی

تێزی ( تیۆری وەرگرتن و ڕەخنەی شیعری کوردی)بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بە شێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردییدا.

سەرپەرشت

پ.د. علی طاهر  حسین

/      / ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د.محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی کوردی

/      / ٢٠٢٢

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، تێزی ( تیۆری وەرگرتن و ڕەخنەی شیعری کوردی) مان خوێندەوە و پاش گفتوگۆ و تاوتوێکردنی تێزەکە لەگەڵ خوێندکار ( عەباس محمد قادر) دا، لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی ترەوە، بڕیارماندا شایانی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی دکتۆرای لەئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ئەندام
پ.د.سەلیم رشید صالح
/   / ٢٠٢٢

سەرۆکی لیژنە
پ.د.عوسمان حمد خدر
/     / ٢٠٢٢

ئەندام
پ.ی.د.عدنان عبدارحمن تەها
/     / ٢٠٢٢

ئەندام
پ.د.فەرهاد قادر کریم
/     / ٢٠٢٢

ئەندام و سەرپەرشت
پ.د.عەلی تاهیر حسێن
/     / ٢٠٢٢

ئەندام
پ.ی.د.سامان جلال عزیز
/     / ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەندکرا .......

پ.د.شاخەوان جەلال حاجی فرج
ڕاگری کۆلێجی زمان
زانکۆی سلێمانی
/       /٢٠٢٢

پێشکەشە بە :

- هاوسەرم ( چرۆ)

- ( ئارۆ ، ئاران )

سوپاسنامە :

- سوپاس بۆ ڕاگرایەتی کۆلێجی زمان و بەشی کوردی کە هەلی خوێندنی دکتۆرایان بۆ ڕەخساندم.

- سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێز ( پ.د. عەلی تاهیر بەرزنجی) کەسەرپەرشتی ئەم تێزەی گرتە ئەستۆ و هیچ درێخی نەکرد لە هاوکاریکردنم بەزانیاری و ڕێنماییەکانی و پێدانی سەرچاوەی زۆر بەنرخ لە کتێبخانە دەوڵەمەندەکەیدا.

- سوپاس بۆ بەڕێزان ( پ.د.زاهیر لەتیف کەریم و پ. د.نیان نەوشیروان مەستی و مامۆستا عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی) کەهاوکارم بوون بە سەرنج و تێبینیە زانستییەکانیان.

- سوپاسی زۆر تایبەتم بۆ بەڕێز ( پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی) کەبەردەوام هاوکارم بوو هەرلەسەرتاوە تاکۆتایی ئەم تێزە بە وەرگێڕانی زاراوەو هەندێک دەق سەرەڕای وەرگێڕانی کورتەی بابەتەکە بۆ زمانی عەرەبی.

- زۆر سوپاس بۆ مامۆستا ( چێنەر ) کە کورتەی بابەتەکەی بۆ وەرگێڕامە سەر زمانی ئینگلیزی.

- سوپاس بۆ کارمەندانی کتێبخانەی کۆلێجی زمان کە زۆر هاوکارم بوون.

پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١ |
| ڕێخۆشکەر | ٥ |
| **بەشی یەکەم : تیۆری وەرگرتن و سەرچاوە فەلسەفییەکانی** | ١١ |
| پاری یەکەم :تیۆری وەرگرتن و ئێستاتیکای وەرگر و ئێستاتیکای کاریگەری | ١٢ |
| - زاراوە | ١٢ |
| - مێژووی تیۆری وەرگرتن | ١٢ |
| - چەمکی تیۆری وەرگرتن | ١٤ |
| - تایبەتمەندییەکانی تیۆری وەرگرتن | ١٦ |
| - دوو چەمکی ئێستاتیکای وەرگر و ئێستاتیکای کاریگەری | ١٩ |
| **پاری دووەم : سەرچاوە فەلسەفییەکان** | ٢١ |
| ١-هێرمۆنتیکا | ٢٢ |
| - زاراوەو چەمک | ٢٢ |
| - زمان وەک هۆکارێکی هێرمۆنتیکی لای گادامێر | ٢٩ |
| - پراکتیزەکردن لە هێرمۆنتیکادا | ٣٢ |
| - کاریگەری هێرمۆنتیکا لەسەر تیۆری وەرگرتن | ٣٤ |
| - خوێندنەوەی هێرمۆنتیکی | ٣٥ |
| - خوێندنەوەیەکی هێرمۆنتیکی بۆ دەقی( مەی چارەیە)ی مەلای جزیری | ٣٧ |
| ٢- فینۆمینۆلۆجیا | ٣٩ |
| - زاراوە | ٣٩ |
| - چەمک | ٤٠ |
| - ئاستەکانی بونیادی دەقی ئەدەبی لای رۆمان ئینگاردن | ٤٣ |
| ١-ئاستی پێکهاتنی دەنگی | ٤٤ |
| ٢-ئاستی یەکە واتاییەکان | ٤٥ |
| ٣-ئاستی بابەتە نوێنراوەکان | ٤٧ |
| ٤-ئاستی ڕووکەشە هێڵکارییەکان | ٤٨ |
| - کاریگەری فینۆمینۆلۆجیا لەسەر تیۆری وەرگرتن | ٥٠ |
| - خوێندنەوەی فینۆمینۆلۆجی | ٥١ |
| - پراکتیزەکردنی خوێندنەوەی فینۆمینۆلۆجی لە دەقێکی نالیدا | ٥٣ |
| **پاری سێیەم : ئەو تیۆرانەی کاریگەرییان لەسەر تیۆری وەرگرتن هەبووە** | ٥٦ |
| ١-شێوازگەری ڕووسیی | ٥٦ |
| ٢-بونیادگەری پراگ | ٦١ |
| ٣-سۆسۆلۆجیای ئەدەب | ٦٤ |

| | |
|---|---|
| | |
| **بەشی دووەم : خوێنەر و خوێندنەوە و کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر** | ٦٧ |
| **پاریە یەکەم: پرۆسەی خوێندنەوە لە رەخنەی کۆن و نوێدا** | ٦٨ |
| - پرۆسەی خوێندنەوە لە رەخنەی کۆندا | ٦٨ |
| - پرۆسەی خوێندنەوە لە رەخنەی نوێدا | ٧١ |
| **پاری دووەم : خوێنەر و جۆرەکانی خوێنەر** | ٧٣ |
| **١-خوێنەری نموونەیی** | ٧٥ |
| ٢-خوێنەری گریمانەیی | ٧٥ |
| ٣-خوێنەری ڕاستەقینە | ٧٥ |
| ٤-خوێنەری بژاردە | ٧٦ |
| ٥-خوێنەری باڵا | ٧٦ |
| ٦-خوێنەری هەواڵدەر | ٧٦ |
| ٧-خوێنەری مەبەستدار | ٧٦ |
| **پاری سێیەم : چییەتی خوێندنەوە** | ٧٨ |
| یەکەم: خوێندنەوە چالاکیەکی فرە رەهەندە | ٧٩ |
| ١-خوێندنەوە وەک بەردەوامییەکی بیرگەیی | ٧٩ |
| ٢-خوێندنەوە بەردەوامییەکی زانیارییە | ٨٠ |
| ٣-خوێندنەوە بەردەوامییەکی سۆزدارییە | ٨١ |
| ٤-خوێندنەوە بەردەوامییەکی بەڵگەییە | ٨٢ |
| ٥-خوێندنەوە بەردەوامییەکی هێمابیە | ٨٣ |
| دووەم :خوێندنەوە بە یەکگەیشتنێکی دواخراوە | ٨٣ |
| ١-بارووودۆخی پرۆسەی خوێندنەوە | ٨٣ |
| ٢-چۆنییەتی دەقە خوێندراوەکە | ٨٤ |
| **پاری چوارەم : جۆرەکانی خوێندنەوە** | ٨٥ |
| ١-خوێندنەوەی سایکۆلۆجی | ٨٦ |
| ٢-خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەیی | ٨٧ |
| ٣-خوێندنەوەی سۆسیۆلۆجی | ٨٨ |
| ٤-خوێندنەوەی سیمۆلۆجی | ٨٩ |
| ٥-خوێندنەوەی ڕەوانبێژی | ٩٠ |
| ٦-خوێندنەوەی شیعریی | ٩١ |
| ٧-خوێندنەوەی سۆسیۆڕەخنەیی | ٩٢ |
| ٨-خوێندنەوەی بەیەکگەیشتنی | ٩٣ |
| - ڕایەڵەی نێوان ئەم جۆرە خوێندنەوانەو خوێندنەوە لە تیۆری وەرگرتندا | ٩٤ |
| **پاری پێنجەم : کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر وئاستەکانی شیکردنەوەی دەق** | ٩٧ |

| | |
|---|---|
| **- کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر** | ٩٧ |
| یەکەم: ئاستی کارلێکی وەرگر لەگەڵ دەقدا | ١٠٢ |
| دووەم : ئاستی شیکردنەوەی چاوەڕوانییەکانی وەرگر | ١٠٧ |
| سێیەم : ئاستی فیدباک | ١١٢ |
| چوارەم : ئاستی گروپە ڕاڤەکارییەکان | ١١٨ |
| پێنجەم : ئاستی ئاسۆیی و ستوونی لە شیکردنەوەدا | ١٢١ |
| **پاری شەشەم: : پەیوەندی نێوان تیۆری وەرگرتن و ئەو تیۆرانەی ڕوو لە خوێنەرن** | ١٢٤ |
| ١-ڕەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر | ١٢٦ |
| ٢- سیمۆلۆجیا | ١٢٨ |
| ٣- هەڵوەشاندنەوە | ١٣٠ |
| **پاری حەوتەم : خوێندنەوەیەک بۆ ڕەنگدانەوەی تیۆری وەرگرتن لە ڕەخنەی کوردیدا** | ١٣٦ |
| | |
| **بەشی سێیەم : چەمکەکانی تیۆری وەرگرتن و پراکتیزەکردنیان لە دەقی کوردیدا** | ١٥٣ |
| **پاری یەکەم : چەمکەکانی ( هانز ڕۆبەرت یاوس)** | ١٥٤ |
| ١-چێژی ئیستاتیکی | ١٥٤ |
| ٢- ئاسۆی چاوەڕوانی | ١٥٥ |
| ٣-مەودای ئێستاتیکی | ١٦١ |
| ٤-شارەزایی ئێستاتیکی | ١٦٥ |
| ٥-تێکەڵبوونی ئاسۆکان و لۆجیکی پرسیار و وەڵام | ١٦٦ |
| ٦-توانەوەی ئاسۆکان | ١٦٨ |
| ٧-گۆڕانی ئاسۆکان | ١٦٩ |
| **پاری دووەم : خوێندنەوەی چەند دەقێکی شیعری کوردی بەپێی چەمکەکانی یاوس** | ١٧١ |
| ١- زمانی دەق | ١٧٢ |
| ٢- ناوەڕۆک | ١٧٧ |
| ٣- تۆپۆگرافیای دەق | ١٩١ |
| ٤-کێش و سەروا | ١٩٥ |
| **پاری سێیەم : چەمکەکانی ( ڤۆڵگانگ ئایزەر)** | ٢٠٤ |
| ١-خوێنەری ناوەوە | ٢٠٤ |
| ٢-بۆشایی دەق | ٢٠٦ |
| ٣-ڕوانگەی گەڕۆک | ٢١٢ |
| ٤-لێکدراوی نەرێنی | ٢١٥ |
| **پاری چوارەم : خوێندنەوەی چەند دەقێکی شیعری کوردی بەپێی چەمکەکانی ئایزەر** | ٢١٧ |

| | |
|---|---|
| ١-نالی | ٢١٧ |
| ٢-دیلان | ٢٢٠ |
| ٣-سوارەی ئیلخانی زادە | ٢٢١ |
| ٤-لەتیف هەڵمەت | ٢٢٨ |
| ٥-شێرکۆ بێکەس | ٢٣٠ |
| ٦-ئەنوەر قادر جاف | ٢٣٢ |
| ٧-فەرەیدون عەبدول بەرزنجی | ٢٣٤ |
| ٨-قوبادی جەلی زادە | ٢٣٦ |
| ئەنجام | ٢٣٩ |
| سەرچاوەکان | ٢٤٢ |
| کورتەی تێزەکە بە زمانی کوردی | ٢٥٦ |
| کورتەی تێزەکە بە زمانی عەرەبی | ٢٥٧ |
| کورتەی تێزەکە بە زمانی ئینگلیزی | ٢٥٨ |
| زانیاری گشتی لەبارەی بیرمەند و چەمکە بەکارهاتووەکان لەم تێزەدا | ٢٥٩ |
| | |
| | |

## پێشەکی

### ناونیشان:

ئەم تێزی دکتۆرایە کە بەناونیشانی (تیۆری وەرگرتن و ڕەخنەی شیعری کوردی) یە، بریتییە لە هەوڵدانێک بۆ باسکردن و خستنەڕووی تیۆری وەرگرتن، مێژووی سەرهەڵدان و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقدا، دیارە ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا کارمان بە چەمکەکانی ڕابەرانی تیۆری وەرگرتنی ئەڵمانی (هانز ڕۆبەرت یاوس) و(ڤۆلگانگ ئایزەر)کردووە، بەو پێیەی ئەم تیۆرییە گرنگی زۆری بەڕۆڵی خوێنەر داوە لە پڕۆسەی خوێندنەوەو مانا بەخشین بەدەقدا، بۆیە بەدرێژایی کارەکە، چ لە ڕووی تیۆرییەوە بێت یاخود پراکتیکییەوە هەوڵمانداوە کار لەسەر چۆنییەتی مامەڵە و کارلێکی خوێنەر بکەین لەگەڵ دەقدا و ئەوەش دەربخەین کە خوێنەر چ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەخشینی واتا بەدەق، چونکە دەق بەبێ خوێنەر وەک لاشەیەکی بێگیانەو لەساتی خوێندنەوەیدا گیانی بە بەردا دەکرێت و ژیانی دەستپێدەکات.

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بابەتێکی نوێیە لە کایەی ڕەخنەو توێژینەوەی ئەدەبی کوردیدا، هەرچەندە وەک لە کارەکەماندا باسمان لێکردووە هەندێک هەوڵی پێشتری نووسەران و ڕەخنەگرانی کورد هەبوون، بەڵام وەک تێزێکی ئەکادیمی لەئاستی دکتۆرادا پێشتر کارێکی وامان بەدینەکردووە، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی کە هەوڵی خۆمان لەم بوارەدا بدەین، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خودی بابەتەکەمان، بە بابەتێکی گرنگ زانیوە بەتایبەت کە ئەم تیۆرییە کار لەسەر خوێنەر دەکات و ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە هەیەتی لە پڕۆسەی خوێندنەوەدا و پێشتر پشتگوێخرابوو بۆی دەگێڕێتەوە. بۆیە وەک پێویستییەکی بابەتی خۆی سەپاندووە لە پڕۆسەی ڕەخنە و خوێندنەوەی دەقدا لە ئەوروپا و لای نەتەوەکانیتری نزیک لە ئێمە. بەلای ئێمەوە لە پڕۆسەی ڕەخنە و خوێندنەوەی دەق لە ئەدەبی کوردیشدا پێویستە کاری لەسەربکرێت، لێرەوە ئێمەش بەدرککردنمان بەم لایەنە ئەم بابەتەمان هەڵبژاردوە .

## گیروگرفتی توێژینەوەکە :

لەڕاستیدا گرفتی سەرەکی بەردەم ئەم کارەمان بریتیبوو لە نەبوونی سەرچاوە بە زمانی کوردی، ئەوانەی کە هەبوون ژمارەیەکی زۆر کەمبوون لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چەند سەرچاوە دیاریکراوەی کەهەبوون، زیاتر لایەنە تیۆرییەکەیان لەخۆگرتبوو، یەکدوو سەرچاوەیانی لێدەرچێت، ئەوانیتر خۆیان لە قەرەی لایەنی پراکتیکی نەدابوو، بۆیە ئەمە کارەکەی ئێمەی گرانترکرد، بەڵام بەپشتبەستن بەزمانەکانیترو بەتایبەتی زمانی عەرەبی لەڕێگەی سەرچاوەکانی کە بەو زمانە نووسرابوون توانیمان ئەو کەلێنە پڕبکەینەوە.

## سنووری توێژینەوەکە:

هەرچەندە وەک لە ناونیشانەکەدا دیارە هیچ سەردەم و ساڵێک و زەمەنێکی دیاریکراو بۆ سنووری توێژینەوەکەمان دیارینەکراوە ئەمەش بۆخۆی وەک خاڵێکی ئەرێنی و نەرێنی کەوتەوە لە کارەکەماندا، لەلایەک ئەم کات دیارینەکردنە وایکرد کە بتوانین دەست بۆ هەموو دەقەکانی ئەدەبی کوردی بەرین لەکۆنەوە بۆ نوێ، چونکە دەقی کۆن و نوێش دەبێتە کەرەستەی توێژینەوەی ئەم تیۆرییە، ئەمەش بەمانای ڕەتکردنەوەی ئەو دەقانە نایەت کە کاریان لەسەر نەکراوە، لەلایەکیترەوە دیارینەکردنی کات بۆخۆی کێشەبوو بۆمان، چونکە سنووری ئەدەبی کوردی زۆرفراوانە و ڕەنگە تێزێکی دکتۆرا لەتوانایدا نەبێت لا لەهەموو شاعیران و دەقەکانیان بکاتەوە، بەڵام ئێمە بۆ بواری پراکتیکی هەندێک دەقمان وەک نمونە وەرگرتووە کە بە گونجاومان زانیوە بۆ ئەم بوارە و کارمان لەسەرکردووە .

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیەمان بەو ئامانجە ئەنجامداوە کە بتوانین بەپێی بنەماکانی تیۆری وەرگرتن کار لەسەر دەقی شیعری کوردی بکەین و ئەو چەمکانەی کە هەریەک لە ڕابەرانی ئەم تیۆرییە (هانز ڕۆبەرت یاوس)و( ڤۆلگانگ ئایزەر)خستویانەتەڕوو، شیبانبکەینەوەو لەپڕۆسەی خوێندنەوەی دەقەکاندا بەکاریان بهێنین، بەمەش بگەینە ئەو ئەنجامەی کە خوێندنەوەیەکی نوێ و مامەڵەیەکی جیاواز لەوانەی پێشوو لەگەڵ دەقی شیعری کوردیدا بکەین .

## گریمانه و پرسیاری توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا و سەرەتا بەپێی ئەو گریمانەیە کارمانکردووە کە ئایا تیۆری وەرگرتن چییە؟ وەچۆن لەدەقی ئەدەبی دەڕوانێت؟ هەروەها ڕۆڵی خوێنەر کە ڕەگەزێکی گرنگی ئەم تیۆرییەیە لەکوێی پرۆسەی خوێندنەوەدایە؟ دواتریش هەوڵمانداوە وەڵامی ئەو پرسیارە گریمانەییە بدەینەوە کە ئایا لەئەدەبی کوردیدا دەقی شیعری وامان هەیە کە چەند خوێندنەوەیەکی جیاواز لەیەک سەردەم و لەسەردەمە جیاوازەکاندا لەخۆبگرێت؟ ئەگەر هەمانە کامانەن؟ بەدرێژایی بوارە پراکتیکیەکەی ئەم توێژینەیەوە هەوڵمانداوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە و وەڵامەکەش پشتبەستوو سەلمێنراوبێت بە دەقی شیعری کوردیی. هەروەها بەجۆرێکیتریش بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا گەڕاوین کە ئایا شاعیرانی کورد توانیویانە دەقەکانیان بە شێوەیەک بنووسن کە کەلێن و بۆشایی وای تێدا بەجێبهێڵن کە خوێنەر بە پڕکردنەوەیان سەرقاڵبکەن ؟ یاخود شاعیران توانیویانە لەدەقەکانیاندا ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران تێپەڕێنن و تووشی نائومێدییان بکەن، یاخود بە ئاڕاستەی گونجانی ئاسۆی دەق و خوێنەر شیعریان نووسیوە. هەوڵمانداوە لە درێژەی کارەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا هەردوو ڕێبازی وەسفی و شیکاریمان پەیڕەو کردووە، وەک پێویستییەکی بابەتی و بەتایبەت لەبوارە تیۆرییەکەدا ڕێبازی وەسفیمان پەیڕەوکردووە، لەبوارە پراکتیکییەکەشدا بە ڕێبازی شیکاری مامەڵەمان لەگەڵ دەقە شیعریەکاندا کردووە و شیمانکردوونەتەوە .

## پلانی توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەیەدا پلانێکی زانستیمان پەیڕەو کردووە کە خزمەت کارەکەمان بکات و ئەنجامێکی زانستییمان پێ ببەخشێت، بۆئەم مەبەستەش تێزەکەمان بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەشکردووە: لەبەشی یەکەمدا هەوڵمانداوە لەسێ پاردا باس لە زاراوەو مێژووی سەرهەڵدان و تایبەتمەندییەکانی تیۆری وەرگرتن بکەین و پاشان گرنگترین ئەوسەرچاوە فەلسەفیانەی کە تیۆری وەرگرتن سوودی لێبینیوە،وەک(هێرمۆنتیکا و فینۆمینۆلۆجیا) ڕوونبکەینەوە، لەگەڵ ئەو تیۆرییە ڕەخنەییانەی تر کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەم تیۆرییە، پاشان دیاریکردنی ئەو خاڵانەی کە کاریگەرییەکانی تێداخراوەتەڕوو، ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی پێبدەین لەم بەشەدا

ئەوەیە کە هەوڵمانداوە بۆ زیاتر تێگەیشتن و ڕوونبوونەوەی سەرچاوە فەلسەفییەکانی تیۆری وەرگرتن لە بواری پراکتیدا و دەرچوونی بەشەکە لە خەسڵەتێکی تیۆری ڕووت، خوێندنەوەی پراکتیکی(هیرمۆنتیکی و فینۆمینۆلۆجی) بۆ دوو دەقی شیعری کوردیی بکەین.

لەبەشی دووەمیشدا و لەحەوت پاردا، هەوڵمانداوە کە باس لە خوێنەر و خوێندنەوەو کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر بکەین لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، بەو پێیەی کە کارلێکی خوێندنەوە لەنێوان خوێنەرو دەقدا کرۆکی تیۆرییەکە پێکدەهێنێت، لەگەڵ باسکردنی جۆرە جیاوازەکانی خوێنەرو خوێندنەوە، هەروەها هەوڵمانداوە خوێندنەوەیەکی خێراش بۆ خەسڵەتی باوی ڕەخنەی کوردی لەکۆندا بکەین، ئەمە سەرەڕای ئاماژەدان بەو کارانەی کە پێشتر لەبارەی ئەم تیۆرییەوە لە ناوەندی توێژینەوەی کوردیدا کراون و بۆچوونی خۆمان لەبارەیانەوە خستۆتەڕوو.

هەرچی بەشی سێیەم و کۆتاییە، تەرخانمانکردووە بۆ باسکردن لە چەمکەکانی هەردوو ڕابەری تیۆری وەرگرتن (یاوس)و( ئایزەر) کە خۆیان لە چەمکەکانی ( ئاسۆی چاوەڕوانی،مەودای ئێستاتیکی، تێکەڵبوون، توانەوە و گۆڕانی ئاسۆکان )ی یاوس و چەمکەکانی (خوێنەری ناوەوە، بۆشایی دەق، ڕوانگەی گەڕۆک  و لێکدراوی نەرێنی)ی ئایزەردا دەبیننەوە. دواتر چەندین دەقی شیعری کوردیی سەردەمە جیاوازەکانمان لەڕوانگەی ئەو چەمکانەوە شیکردۆتەوەو لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستمان هێناوە لەچەند خاڵێکدا دیاریمان کردوون.

## ڕێخۆشکەر

لەسالانی ڕابردوودا، خوێندنەوەی دەق و ڕەخنەی ئەدەبی گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، ڕۆژانێک و بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدە دا، ئاڕاستەی کاری ڕەخنەی ئەدەبی زیاتر ڕوو لە نووسەر بوو، ئەوەندەی بەدوای سەرچاوە دەرەکییەکانی نووسەرەوە بوو وەک: ژیان و باروودۆخی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی نووسەر، ئەوەندە لە ناو بونیادی دەقدا کاری نەدەکرد، ئەمەش زیاتر لە ڕێبازە ڕەخنەییەکانی وەک ( مێژوویی، کۆمەڵایەتی و دەروونشیکاری ) دا خۆی دەبینیەوە، لە قۆناغەکانی دواتریشدا قورسایی کاری ڕەخنەیی گواسترایەوە بۆ سەر دەق کە خۆی لە ڕێبازە ڕەخنەییەکانی وەک: شێوازگەری، بونیادگەری و ڕەخنەی نوێ دا دەبینیەوە، ئەمانیش زیاتر وا لەدەقیان دەڕوانی کە پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە لەناو خۆیدا و بانگەشەی داخرانی خودی دەقیان دەکرد بەسەرخۆیدا و دایان دەبڕی لە سەرچاوە دەرەکییەکانی.

تیۆرییە ڕەخنەییەکان لە ڕابردوودا زیاتر گرنگییان بە دوو ڕەگەز داوە، کە ئەوانیش ( (نووسەر) و (دەق) بوون.

<u>ئەو تیۆرییانەی کە گرنگیان بە نووسەر داوە :</u>

نووسەر بۆماوەیەکی دوورودرێژ دەسەڵاتی خۆی سەپاندبوو بەسەر پرۆسەی ڕەخنەدا، بەو پێیەی کە بەرهەمهێنەر و خولقێنەری دەقە، ئەمەش وەک ئاماژەمان پێدا، زیاتر خۆی لە ڕێبازی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و دەروونیدا دەبینییەوە .

لە ڕێبازی مێژووییدا، هەریەک لە(سانت بوڤ) و ( هیبولیت تین) و ( برۆنتێر ) و ( لانسۆن) ڕێبازێکیان دامەزراند، کە بەشێوەیکی بەشیی ( جزئی) دیاردەی ئەدەبییان شیدەکردەوە، دواتر توێژەر لەو بەشانەی دەڕوانی تاوەکو بگاتە هۆکارە گشتییەکانی کە حوکم بەسەر دیاردە ئەدەبییەکەدا دەکەن، ئەو هۆکارانەش پەیوەستبوو بە نووسەرەوە، کە خۆی لە لایەنی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی دەروونی نووسەرەکەدا دەبینیەوە ( عمرانی، ٢٠١١، ١٢). بۆنمونە لای ( سانت بوڤ کاری ئەدەبی ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکانی بەرهەمهێنەری ئەدەبەکە، وەک دەڵێت: ((بەلای منەوە ئەدەب دابڕاو نییە لەمرۆڤ، من ئەتوانم چێژ لە نووسراوێکی ئەدەبی وەربگرم، بەڵام ناتوانم بریاری بەسەردا بدەم بەبێ ناسینی نووسەرەکەی، ئەمەش وەک بوونی درەختێکە کە بەرووبوومی هەبێت، کەواتە توێژینەوەی ئەدەبی بەرێگەیەک بەرەو توێژینەوە لە مرۆڤایەتیم دەبەن )) (لحمیدانی ، ٢٠٠٩، ٤٥).

هەرچی شیکردنەوەی دەروونیشە کە ( سیگمۆند فرۆید) دامەزرێنەریتی، زیاتر لەسەر بنەمای لێکدانەوەی ئەدەب لەڕووی گرێی دەروونی، کە لە بێئاگایی نووسەرەکەدا بوونی هەیە، لێکدانەوەی بۆ ئەدەب کرد. دیارە مەبەستیش لەمە، ئەو ئارەزووە کپکراوانەیە کە لە نووسەر دا هەیەو بەبێ ئاگایی خۆی، ڕەنگ دەداتەوە لە نووسینەکانیدا، ڕەنگە زۆرجاریش لە شێوەی خەون و نەخۆشیدا خۆی نمایشبکات ( عمرانی،٢٠١١، ١٣).

ئەدەب بەو پێیەی کە بەرهەمێکی ڕۆشنبیرییە، ئەرکی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە و بە بۆچوونی ( فرۆید) بزوێنەری سەرەکی ئەو کارە ئەدەبییەش بریتییە لەو غەریزەیەی کە پێویستە بەدوای ڕەگوڕیشەکەیدا بگەڕێین لە قۆناغی منداڵی نووسەرەکاندا، کەواتە پێیوایە کە هەموو کارێکی ئەدەبی بەهۆی هۆکارێکی دەروونییەوە سەرهەڵدەدات و وەک ڕەنگدانەوەی دەروونی نووسەرەکە دەردەکەوێت.

هەرچی ڕێبازی کۆمەڵایەتییە، بریتییە لەورێبازە ڕەخنەییەی کە لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دەقی ئەدەبی شیدەکاتەوە، بەواتای ئەوەی کە پێیوایە دیاردەی ئەدەبی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەدوای دەرخستنی پەیوەندی نێوان دەق و کۆمەڵەوەیە و ڕابەرانی ڕێبازی کۆمەڵایەتیش پێیانوایە کە ئەدەب بەرهەمی کۆمەڵگایە، نووسەریش تاکێکی ئەو کۆمەڵگایەیەو کارلێکراو و کارلێکەریشە کەواتە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە (اسكاريب ،١٩٩٠، ٦). ئەم ڕێبازە لە هەناوی ڕێبازی مێژووییەوە سەریهەڵدا، بەهۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی بیری مارکسی و ڕیالیزمی ئیشتراکی، لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی کۆمەڵناسیی لە ئەورووپادا. لەڕابەرانی ئەم ڕێبازەش(مارکس، لوسیان گولدمان و جۆرج لۆکاش)ن کە پێیانوایە ئەدەب واقیعی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی پیشاندەداتەوە، نووسەر تاکێکی ئەو کۆمەڵەیەو دابڕاو ناژی لێی، هەروەها بەرهەمی ئەدەبییش بەشێکی دانەبڕاوە لە کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیی و واقعی ژیانی کۆمەڵ، ئەدەب وێنە و زمانی کۆمەڵگایە و وەک ئاوێنەیەک ئینتیمای چینایەتیی نووسەرەکە پیشاندەدات، ئەمان زیاتر کاریان لەسەر ناوەڕۆکی دەق دەکرد و ڕەخنەگرەکانیان زیاتر هەوڵیاندەدا کە ئاماژە کۆمەڵایەتیی و مێژووییەکانی ناو دەقەکە دەربخەن و هەر نووسەرێکیش زیاتر پەیوەست بووبێت بە کێشەکانی کۆمەڵگاوە ئەوان بەهایەکی بەرزیان بۆ کارە ئەدەبیەکەی دادەنا ( www.art.uobabylon.edu.iq ).

ڕێبازە کۆنتێکستییەکان بەگشتی زیاتر گرنگیان بەداهێنەر و بارودۆخی دەوروبەری نووسەر داوە، پێدراوە گەوهەرییەکانی کە داهێنانی ئەدەبی دروستکردووە پشتگوێخستووە، ئەوەی کە دواتر ڕێبازە (نەسەقییەکان) گرنگیان پێدا .

<u>ئەو تیۆرییانەی کە گرنگیان بە دەق داوە :</u>

ڕێبازە نەسەقییەکان گرنگی زۆریان بەدەق دەدا، ئەوان کاریان لەسەر دەق دەکرد دابڕاو لە هۆکارە دەرەکییەکان، واتە توێژینەوە لە زمان بۆ خودی زمان، یان گرنگیان دەدا بەچۆنییەتی وتن نەک چییەتی وتن، بەواتای ئەوەی لەسەر شێوەو پێکهاتن دەوەستان، نەک لەسەر ناوەڕۆک، ئەدەبێتی ئامانجە، نەک بەهانەیەکبێت بۆ ئامانجێکی دەرەکی. ئەمان زۆر گرنگیان بە ئەدەب دەدا لەناو هونەرەکانی تری وەک مۆسیقا و وێنەکێشان و لەناو خودی ئەدەبیشدا جیاکاریان دەکرد لەنێوان شیعر، چیرۆک و وتاردا .

شێوازگەریەکانی ڕووس، کە لە دوو کۆمەڵەی (ئەڵقەی زمانەوانی مۆسکۆ) و ( ئەڵقەی سانپترسبۆرگ-لینینگراد) پێکهاتبوون،ڕابەرانییان بریتیبوون لە(میخائیل باختین)و(ڕۆمان یاکوبسن) و (فلادیمیر بروب) و(شکلوفسکی)و ئەوانیتر، ئەمان دژایەتی ڕەخنەی ئایدۆلۆجی و ڕەخنەی واقیعیان دەکرد و هەوڵیان دەدا ئەدەب دابماڵن لە ئایدۆلۆجیا کە خۆی سەپاندنبوو لە توێژینەوەی ئەدەبیدا و گرنگیەکی ئەوتۆیان نەدەدا بە کرۆکی ئەدەب و ئامانجەکانی، بەڵکو زیاتر جەختیان دەکردە سەر کاری ئەدەبی و بەشە پێکهێنەرەکانی (حسەین، ٢٠٠٨، ٥٦). بۆنمونە کەسێکی وەک (یاکۆبسن) کە یەکێکبوو لە ڕابەرانی شێوازگەری ڕووسی پێیوابوو کە بابەتی زانستی ئەدەب ئەدەب نییە، بەڵکو ئەدەبێتییە، بەواتای ئەوەی کە لەکارێک، کارێکی ئەدەبی دروستبکرێت (عمرانی، ٢٠١١، ١٥).

ڕەوتی (ڕەخنەی نوێ)ش کە یەکێکە لەڕەوتە ڕەخنەییەکانی سەدەی بیستەم و لە سەرەتای بیستەکانەوە تا سییەکان گەشەیکرد، هەوڵی خوێندنەوەی ئێستایی دەقی دەدا و دایدەبڕی لە هەموو کۆنتێکستێکی مێژوویی، دەروونیی و کۆمەڵایەتی. ڕابەرانی بریتیبوون لە (ڕیچاردز) و (تی ئیس .ئیلیۆت) لە ئینگلتەرا و(جون کرو رانسوم) و (کلینس برۆکس) و (ئالین تیت) لە ئەمەریکا. ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە تازەیە دژبوو لەگەڵ ڕێبازە کۆنتێکستییەکان و بەهۆی گرنگیدانی زۆری بە ڕەهەندە ناوەکییەکانی دەقەوە بەشداربوو لە تێکشکانی بنەماکانی خوێندنەوەی کۆنتێکستییدا ئەمیش داوای لە ڕەخنە دەکرد کە کاری ئەدەبی لەخۆیدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بەپێوەری دەرەکی یان کۆمەڵایەتیی و مێژوویی نەیپێوێ، چونکە هەرشتێک لە کارە ئەدەبییەکەوە سەرچاوە نەگرێت نامۆ دەبێت پێی و تێی ئاخێنراوە (یوسف، ٢٠٠٣، ١٥٢). هەروەها لەسەر بنەمای ئەوەی کە دەق

لەخۆی دەگریت، مامەڵەی لەگەڵ دەقدا دەکرد بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرچەکرداری خوێنەر یان ئامانجی نووسەر یان ئەو باروودۆخ و بۆنەیەی کە دەقەکەی تێدا نووسراوە .

هەرچی بونیادگەریەکانیشە دژ بەو تێڕوانینانە دەوەستانەوە کە ئەدەب لەڕوانگەی ژینگەو دەرەوەدا دەبینن، ئەمان گرنگی بە شیکردنەوە دەدەن، نەک هەڵسەنگاندنی ئەدەب، باشیی و خراپیی بەکاری خۆیان دانانێن، فۆرمی ئەدەبی لای ئەمان لە دەقەوە دەستپێدەکات و هەر لەدەقیشدا کۆتاییدێت، دابڕاوە لە کۆمەڵ و بابەتی ئەدەب هەر ئەدەب خۆیەتی و پێیانوایە دەق خاوەنی بونیادێکی قووڵی شاراوەیەو خوێنەر ئەرکێتی کە لەڕوانگەی ڕۆشنبیریی خۆیەوە بگاتە بونیادی قووڵی دەقەکەو لێرەشەوە بەهۆی جیاوازی ڕۆشنبیری خوێنەرەکان باوەڕیان بە جیاوازی خوێندنەوەکانی دەقیش هەیە. (ڕۆلان بارت)ی ڕابەری بونیادگەری جاڕی (مەرگی نووسەر)ی داو بەتەواوی دایبڕی لە کاری ئەدەبی و وای لێهات کە وەک بونیادێکی داخراو لە دەقی دەروانی و دابڕاو لەهەموو باروودۆخێکی دەرەکی لێی دەکۆڵیەوە ( الكردی، ١٩٨٣، ١٤٦).

لەدوای ئەو قۆناغانە لە مێژووی ڕەخنەدا، دەبینین قۆناغێکیتر دێتە پێشەوە کە بە قۆناغی دوای بونیادگەری دەناسرێت و تیایدا ڕەخنە ڕوو لە یەکێک لە ڕەگەزە پشتگوێخراوەکانی پرۆسەی خوێندنەوەو ڕەخنەی دەق دەکات کە ئەویش ( خوێنەر) یان ( وەرگر)ە، لەگرنگترین ئەو تیۆرییە ڕەخنەیانەشی کە ڕوو لە خوێنەرن (ڕەخنەی سیمۆلۆجی، هەڵوەشاندنەوە و تیۆری وەرگرتن)ن، ئەم تیۆرییانە جگە لە گێڕانەوەی ڕۆڵی گرنگی خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی بونیادگەری هات کە دەقی دادەخست و دایدەبڕی لە دەرەوەی خۆی. بۆنمونە سیمۆلۆجیا، کە زیاتر لەناو پێکهاتەی دەق و ئەو ئایکۆن و هێماو نیشانانەی کە لەخۆی دەگرت و دەبوونە هۆکارێک بۆ گەیشتنە واتای دەق کاری دەکرد بەمەش زیادەیەکی خستەسەر ڕەوتی کارکردن لەسەر دەق، کەواتە: (( زانستی سیمۆلۆجی وەک چالاکی ڕەخنەی هاوچەرخ، پەیوەستە بە کەشی بیری هاوچەرخەوە، بەهۆی جەختکردنی لەسەر ژیانی نیشانەکان لە ناو دەقدا و لێکدانەوەیان بەشێوەیەکی شێوازگەرییانە، بەشێوەیەکی زۆر لە ڕەخنەی نوێ نزیکی دەخاتەوە، بەوەی کە دەق پێکهاتەیەکی داخراوە بە سەربەخۆیدا و لەدەرەوەی خۆیدا شیناکرێتەوە)) ( الرويلي و البازعي، ٢٠٠٢، ٨٥).

تیۆری وەرگرتنیش کە بابەتی ئەم توێژینەوەیەی ئێمەیە، تیۆرییەکە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دەرکەوت و ڕابەرانی قوتابخانەی کۆنستانسی ئەڵمانی ( هانز ڕۆبەرت یاوس ) و ( ڤۆڵگانگ ئایزەر) بناغە دارێژەری بوون، ئەم تیۆرییە زیاتر کاری لەسەر ڕۆڵی خوێنەر دەکرد لە پرۆسەی خوێندنەوەدا و پێیوابوو کە دەق بۆخۆی لاشەیەکی بێگیانەو لەپرۆسەی خوێندنەوەدا لەلایەن خوێنەرەوە گیانی بەبەردا دەکرێت، پشتبەست بە پاشخانی ڕۆشنبیری و مەعریفی و

لەڕێگەی پڕکردنەوەی بۆشایی و دۆزینەوەی کۆدەکانی نێو دەقەکەوە، واتای دەق  دووبارە دادەڕێژرێتەوە، هەروەها بەهۆی ئەو تێکشکان و تێپەڕاندنی ئاسۆیەی کە نووسەر لەدەقدا کاری لەسەر کردووە، پێگەو ئاستی ئیستاتیکی دەقەکە دیاریدەکات، ئەوخوێنەرەی کە ڕۆڵی لەقۆناغەکانی پێشووتری کاری خوێندنەوەو ڕەخنەدا پشتگوێخرابوو، ئەوان بنەما تیۆرییەکانی ئەم تیۆرییەیان بەشێوەیەک داڕشت کە ئەو ڕۆڵە بۆ خوێنەر بگێڕنەوە، ئەوەشی کە وایکرد زیاتر ئەم تیۆرییە پێشوازی لێبکرێت و بچەسپێت ئەوەبوو کە لەو سەردەمەدا دۆخێکی  تازەی وا هاتبووە پێشەوە ئەوەی دەخواست کە کارە ڕەخنەییەکان بەرەو خوێنەر بچێت و ئەو سێکوچکەی (نووسەر – دەق – خوێنەر)ەی کە ڕەگەزی سێهەمی تێدا فەرامۆشکرابوو، بۆی بگەڕێنرێتەوە .

بە گشتی باروودۆخەکە بەشێوەیەک بوو کە ڕەخنەی هاوچەرخ هەوڵی تێپەڕاندنی پێوەرو چەمکە ئەدەبییە کۆنەکانی دەدا کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکەدا نەدەهاتنەوە، ئەمەش بووە هۆی داڕشتنەوەی تێڕوانینێکی ڕەخنەیی نوێ کە نەریتە باوەکانی پەیوەست بە دەقی ئەدەبی لەرزاند و وای لە دەقی ئەدەبی دەڕوانی کە پێکهاتەیەکی گشتگیرە و کەرەستەیەکە بۆ خوێندنەوە و دۆزینەوەی شاراوە زمانیی و واتایی و ئێستاتیکییەکانی .

(یاوس ) یەکێکە لە ڕابەرانی ئەم تیۆرییە، بانگەشەی پێداچوونەوەی بە توێژینەوەی لەمێژووی ئەدەبدا دەرکرد و پێی وابوو کە کاری ئەدەبی ناتوانێت خۆی بسەپێنێت و بەردەوامبێت لەڕێگەی خوێنەرەوە نەبێت و بینای واتاکەشی لەڕێگەی لێکدانەوەوە بۆ دروستدەبێت، لەمەشدا پشتی بە گریمانەکانی(گادامێر) دەبەست لە پڕۆسەی ڕاڤەکاریدا (تێگەیشتن، لێکدانەوەو پراکتیک). کرۆکی تیۆری وەرگرتن لای یاوس خۆی لە چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانیدا دەبینێتەوە، لەپێناو تێگەیشتن لە کارێکی ئەدەبی دەبێت دان بە ئاسۆکانی پێشتر و بەها و پێوەرەکانیدا بنرێت، ئەو پڕۆسەی وەرگرتنی بە تێکەڵکردنی ئاسۆکانی ڕابردوو لەگەڵ ئاسۆکانی ئێستادا سازدەکرد.

هەرچی ( ئایزەر) یشە پێیوایە ئەوەی کە وادەکات خوێنەر لە پڕۆسەی خوێندنەوەدا بگاتە واتای دەقەکە یان واتایەک بۆ دەقەکە دابڕێژێتەوە بەپێی پاشخان و ئەزموونی خۆی لە خوێندنەوەدا، ئەوەیە کە بتوانێت درک بەو کەلێن و بۆشاییانە بکات کە نووسەر یان شاعیر بە جێی هێشتوون لە دەقدا بۆ خوێنەر، چونکە ئەگەر خوێنەر لەڕێگەی خوێندنەوەیەکی قووڵ و بەئاگاییەوە ڕووبەڕووی دەقەکە نەبێتەوە، ئەوکات خوێندنەوەکە خوێندنەوەیەکی ئاسایی دەبێتو ئەنجامێکی ئەوتۆی لێناکەوێتەوە. دیارە ئەمەش لەتوانای هەموو خوێنەرێکدا نییە، بەڵکو پێویستی بەخوێنەرێکە کە بتوانێت پەی بەو شاراوانە بەرێت کە لە بونیادی دەقەکەدا ونن و دەبێت بدۆزرێنەوە.

لەکۆتاییدا ئەوەی کەپێویستە ئاماژەی پێبدەین، ئەو گیروگرفتەیە کە دواجار لەپرۆسەی خوێندنەوەدا و بۆ بەرهەمهێنانی واتا بەدیدێت، ئەویش نەگەیشتنە خاڵی کۆتایی واتای دەقە، دیارە هەموو پرۆسەیەکی خوێندنەوە بە پێی ئەم تیۆرییە ئەنجامێکی دەبێت کە خۆی لە بەرهەمهێنانی واتادا دەبینێتەوە، بەڵام ئەو واتایە لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکیتر و تەنانەت لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکیتری لای هەمان خوێنەریش دەگۆڕێت، ئەمەش ڕووبەڕووی ناکۆتایی واتای دەقمان دەکاتەوە کە لەلایەک وەک خاڵێکی بەهێزی دەق دەردەکەوێت و ئەوەمان پێدەڵێت، کە دەقەکە دەقێکی زیندووی واڵای سەردەم بڕە و لەهەموو کات و سەردەمێکدا دەکرێت خوێندنەوەی بۆبکرێت ، بەڵام لە لایەکیتریشەوە ئەوەمان پێدەڵێت، کە هیچ کات خوێنەر ناتوانێت بگاتە واتای کۆتایی دەق ، ئەمەش جۆرێک لە نا لۆجیکی تێدادەبێت سەبارەت بە واتای دەق، چونکە خوێنەر بەردەوام لەگەڵ گومانی ناکامڵی واتادا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئەمەش یەکێکە لەو خاڵە لاوازانەی کە ڕووبەڕووی ئەم تیۆرییە کراوەتەوە.

# بەشی یەکەم

## تیۆری وەرگرتن و سەرچاوە فەلسەفییەکانی

## پاری یەکەم: تیۆری وەرگرتن و ئێستاتیکای وەرگر و ئێستاتیکای کاریگەری

زاراوە:

تیۆری وەرگرتن لەزمانی عەرەبیدا چەند زاراوەیەکی بۆ بەکارهێنراوە، لەوانە ( عزالدین اسماعیل) لەوەرگێڕانی کتێبی( نظرية التلقي مقدمة نقدية) یەی ( ڕۆبەرت هۆلب) دا زاراوەی (نظرية التلقي) بۆبەکارهێناوە ( هولب، ١٩٩٤، ٢٤)، بەلاّم ( رعد عبدالجليل جواد) کە هەمان کتێبی وەرگێڕاوە، زاراوەی (نظرية الاستقبال)ی بۆ بەکارهێناوە، هەرچی(نەبیلە ئیبراهیم) یشە ( نظرية التاثير و الاتصال) و هەندێکیش ( جمالية التلقي) یان( جمالية التقبل)یان بۆ بەکارهێناوە، بەلاّم پشتبەست بەو سەرچاوانەی کە ئێمە بینیومانە دەتوانین بڵێین: (نظرية التلقي) زیاتر لە زاراوەکانیتر بەکارهاتووە.

لەزمانی ئینگلیزیشدا زاراوەی (Theory Reception) بۆ تیۆری وەرگرتن و (Redear Respons Theory) بۆ (هاتنە وەلاّمی خوێنەر) زیاتر بەکارهاتووە ( شارەزووری ، ٢٠١٢ ، ١٢).

سەبارەت بە زمانی فارسی، لەڕاستیدا دوو زاراوەمان بەرچاوکەوتووە کەبریتین لە (نظریه دریافت) بەواتای (تیۆری وەرگرتن) و ( نظریه خواننده مدار) بەواتای (تیۆری خوێنەر تەوەر)دێن (مدرسي، ١٣٩٠، ٤٣) .

لەزمانی کوردیدا زاراوەی ( تیۆری وەرگرتن) یان ( تیۆری وەرگر)ی بۆ بەکارهاتووە کە پێمانوایە لە (نظرية التلقي) یەکەی زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە ( شارەزووری ، ٢٠١٢ ، ١٢) و (ئەسوەد، ٢٠١٥، ١٥٠).

## مێژووی تیۆری وەرگرتن:

تیۆری وەرگرتن لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٦٧دا دەرکەوت، کاتێک(یاوس) وتارێکی بە ناونیشانی (مێژووی ئەدەب چییەو بۆچی لە مێژووی ئەدەب دەکۆڵینەوە؟) بلاّوکردەوە، تیایدا چوارچێوە گشتییەکانی تیۆری وەرگرتنی خستەڕوو(ئەسوەد، ٢٠١٥،١٥١)، ئەمیش وەک پەرچەکردارێک سەریهەڵدا بەرامبەر بەو تیۆرییانەی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا باوبوونو زیاتر گرنگییان بە نووسەر دەدا، وەک تیۆرییەکانی(دەروونی، کۆمەلاّیەتیی و مێژوویی)بەتایبەت لای(سانت بۆڤ) و( تین) و(بۆنتێر)( ئیرنیست رینان) هەروەها ئەو تیۆرانەشی کە دواترو لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا سەریانهەڵدا و گرنگیان بەدەق دەدا، بۆنمونە

بونیادگەراکان بەتایبەت لای(ڕۆلان بارت) و( جولیا کریستیڤا) و(تۆدۆرۆڤ) (ئەسوەد، ٢٠١٥، ١٥٠).

تیۆری وەرگرتن، تیۆرییەکی کۆن و نوێیە، کۆنە بە مێژوو و بنەڕەتی، نوێیە بە زاراوەو میکانیزمی کارکردنی، کۆنییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو، لەوکاتەوەی کە دەق نووسراوە، بێگومان هەموویان وەرگریان هەبووە خوێنراو یان نووسراو، لەگەڵ هەمەجۆربوونی دەقدا هەمەجۆربوونی وەرگریش سەریهەڵداوە یان پشتگیری کراوەو پەسەندکراوە کاتێک دەقەکە لەگەڵ بیرکردنەوەو بیروباوەڕی وەرگرەکەدا کۆک بووە یان کاتێک لەگەڵ بیرکردنەوەو بیروباوەڕی وەرگرەکەدا نەهاتۆتەوە، ڕەتکراوەتەوە، پاشان پرۆسەکە چۆتە ئاستی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتنەوە، دەبێت ئەوەش بزانرێت کە لە کۆندا نووسەر گرنگی زۆری بە شێوازی گەیاندنی بیرەکەی بە وەرگر داوە بەبێ ئەوەی بیر لەڕۆڵی ئەو( مەبەست وەرگرە) بکاتەوە لە دەقەکەدا ( ناجی، ٢٠١٦،٢٦). بەبڕوای ئێمە خاڵی گەوهەری جیاوازی چەمکە نوێکەی تیۆری وەرگرتن لەگەڵ ئەو چەمکە کۆنەی کە( الاء داود ناجی) باسیدەکات و ئەو هیچ ئاماژەیەکی پێنەداوە ئەوەیە کە لەو سەردەمانەدا باشترین دەقێک ڕەنگە ئەو دەقە بووبێت کە لەگەڵ پێوەرە باوەکاندا گونجاوبێت و شاعیر بەتەواوی پابەندبووبێت بەو پێودانگانەی کە بۆ شیعر دانرابوون، بەڵام لەم چەمکە نوێیەی تیۆری وەرگرتندا جەخت لەسەر تێکشکاندنی ئەو پێودانگانەیەو دەقی باش ئەو دەقەیە کە ئاسۆباوەکانی خوێنەر تێکبشکێنێت و تێیان پەڕێنێت، نەک پابەندبێت پێیانەوە.

ئەرستۆ، فەیلەسوفی یۆنانی یەکێکە لەو کەسانەی کە ئاماژەی بە گرنگی  ڕۆڵی وەرگر کردووە لە بەخشینی واتا و دۆزینەوەی واتای شاراوەی نێو دەقدا، لەکتێبی(هونەری شیعر)دا باس لەوەدەکات کە ئەگەر نووسەر هەر زمانە ئاساییەکەی خەڵکی بەکاربهێنێت ئەوا هیچ جوانییەک بەدەق نابەخشێت، بەڵکو جوانی و بەرزی لە بەکارهێنانی زمان و وشەی نامۆدایە هەر ئەمەشە کە وا لەخوێنەر دەکات بە دوای واتای دووردا بگەڕێت و لێکدانەوە بۆ واتا شاراوەکان بکات تا دەگاتە ئەنجام (طالیس،١٩٥٣، ٣٦).

سەبارەت بە عەرەبیش دەتوانین باس لە ڕەگوڕیشەی کۆنی ئەم تیۆرییە بکەین، بۆنمونە (الجاحظ) یەکێکە لەو کەسانەی کە باس لە پەیوەندی نێوان خوێنەر و دەق دەکات و پێیوایە ئەو پەیوەندییە لەسەر تێگەیشتن و لێکدانەوە وەستاوەو بەلایەوە لەمبوارەدا زمان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، تا زمانی دەقەکە پاراو و ڕوونبێت، ئەوەندە خوێنەر باشتر دەگات بەواتا، واتاو تێگەیشتنیش لە ئەنجامی لێکدانەوەو بیرکردنەوەوە بەدیدێت، هەتا توانای خوێنەریش باشتربێت لە لێکدانەوەو شیکردنەوەدا، ئەوا باشترەو پێیوایە ئەم فاکتەرەش کاریگەریتی ڕۆڵی خوێنەر دەردەخات لە بەرهەمهێنانی واتای نوێ بۆدەقەکە (الجاحظ، ٢٠٠٦، ١١). بەهەمانشێوە ( عبدالقادر الجرجاني)یش

باس لەوە دەکات کاتێک کە خوێنەرێک واتای بەئاسانی لەدەقدا دەستناکەوێت، ئەوا پێویستە کە مشتومالّی هەموو ئەو لێکدانەوەو شیکاریانە بکات کەلەبارەی ئەو دەقەوە دێنە بیری، تاکو بتوانێت بگاتە واتا و چێژ لەدەقەکە ببینێت، هەروەها پێیوایە ئەو واتایەی کە خوێنەر سەرەتا پەی پێنابات، بەڵام دواتر و لەئەنجامی بیرکردنەوەو لێکدانەوەدا دروست دەبێت لای زۆر کاریگەرترە وەک لەوەی کەبەئاسانی بەدەستیبێنێت و تەنانەت ئەو واتایە دەچوێنێت بە دەستکەوتنی ئاوێکی سازگار بۆ کەسێکی تینوو، ئەمەش لەگەڵ تیڕوانینەکانی تیۆری وەرگرتندا یەکدەگرێتەوە (الجرجاني، ٣٨٣،٢٠٠٥). جیا لەمەش، هەر (الجرجاني) باس لە (واتای واتا) دەکات و پێیوایە واتای واتا، بریتییە لەو گوزارشتە نەزانراوانە کە شاعیر دایاندەهێنێت و واتای نوێیان پێدەبەخشێت و خوێنەریش پێویستی بە بیرکردنەوەیە تاکو بگاتە ئەو واتا شاراوانە، چونکە لەهۆش ومێشکی خوێنەردا شتێک دەوروژێنێت و وای لێدەکات کە بیری بۆ واتای دووربچێت، لێرەشەوە ڕۆڵی وەرگر لەبەخشینی واتادا بەدەق بەدەردەکەوێت (الجرجاني ، ٢٠١١، ٢٠٣).

(ئیبن سینا)ش لەبارەی بەکارهێنانی زمانی(نامۆ)و ئەو کاریگەرییەی کە لای وەرگر دروستیدەکات، پێیوایە لەئەنجامی بەکارهێنانی ( درکە ، لێکچواندن و دەقئاوێزان) و ئەو پێکهاتە زمانیە شاراوەوە دروستدەبێت کە نووسەر بەکاریدەهێنێت، هەرلێرەشەوە باس لە یەکێک لەزاراوەکانی تیۆری وەرگرتن دەکات کە ئەویش(مەودای ئێستاتیکی)یە، (ئیبن سینا) وای دەبینێت کە مەودای ئێستاتیکی ئەنجامی بەرکەوتنی خوێنەرە بەوشێوازە زمانییە نامۆ و نەناسراوەی کە نووسەر بەکاریهێناوە و تێکشکانێک لەئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا بەدیدێت، دواجاریش مەودای ئیستاتیکی بەرهەمدێت( سالم، ٢٠٢١ ، ٢٠٣).

بەبۆچوونی( بسام قطوس) عەرەبەکان لەکۆندا بەوشێوازە لە ئێستاتیکای وەرگر یان ڕوانیوە، کە خوێنەر ڕووبەڕووی دەقێک دەبێتەوە بەهۆی زمان و پێکهاتە زمانییەکەیەوە تووشی سەرسوڕمان دەبێت و وایلێدەکات لەڕێگەی ماندووبوون و بیرکردنەوەوە بەدوای واتا شاراوەکانی نێو دەقەکەدا بگەڕێت تا دەگاتە ئەو واتایە ( قطوس، ٢٠٠٢ ، ٢١).

## چەمکی تیۆری وەرگرتن:

ئەم تیۆرییە لەلایەن نووسەرانی قوتابخانەی ڕەخنەیی کۆستانسی ئەڵمانی (هانز ڕۆبەرت یاوس) و( ڤۆلگانگ ئایزەر)ەوەو لەسایەی باروودۆخێکی رامیاریی، کۆمەڵایەتیی ڕۆشنبیریی جیاوازدا سەریهەڵدا کە هاوکاربوو لە دەرکەوتنی بە بەرگێکی بیریی و ڕەخنەیی جیاواز لەوەی کە

گۆڕەپانی ڕەخنەیی پێی ئاشنابوو، ئەم تیۆرییە کە تایبەتبوو بەخوێنەر، وەک وەڵامدانەوەیەک بەرامبەر بەو تیۆرییانەی گرنگیی ئەم ڕەگەزەیان لەپرۆسەی خوێندنەوەو داهێناندا پشتگوێخستبوو.

سەبارەت بە باروودۆخ و ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم تیۆرییە سەرباری ئەوەی کە ئاماژەمان پێدا لەگەڕانەوەی پێگە بۆڕەگەزی خوێنەر لەپرۆسەی خوێندنەوەدا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین باس لەم هۆکارانەی خوارەوەش بکەین، کەبریتین لە:

١-پێشوازیکردن لە دۆخی تازە، کە وایکرد هەموو ئاراستەکان بە بۆچوونی جیاوازیشەوە پێشوازی لە ئاڵنگارییەکە بکەن و بەدوای خوێندنەوەی نوێتردا بگەڕێن.
٢-بێزاری گشتی بەرامبەر میتۆدە کلاسیکییەکانی ئەدەب و هەستکردن بە لەناوچوونیان.
٣-دۆخی شپرزەیی و تێکچوون لە تیۆرییە ئەدەبییە هاوچەرخەکاندا.
٤-لەسەردەمی بونیادگەریدا تەنگژەی ئەدەبی گەیشتە ئاستێک ئیتر نەدەکرا پەسەندبکرێت (محمد ، ١٩٩٩، ١٠٠).

سەبارەت بە مامەڵەکردنی ئەم تیۆرییە لەگەڵ دەقدا، ئەوا وەک دەوترێت بنەمای سەرەکی کاری ئەم تیۆرییە پەیوەندی خوێنەرە بە دەقەوە، هەروەها ئەو کارلێکەی کەلە نێوانیاندا ڕوودەدات، ئەمان گرنگیان بە خوێنەر دەدا لەبەرئەوەی وەرگرێکی یارمەتیدەرە لە داهێنانی دەقدا لە ڕێگەی میکانیزمەکانی (ڕاڤەکردن و چێژبینین) ەوە، هەریەک لە (یاوس) و (ئایزەر) یش ڕۆڵی گرنگیان بە خوێنەر بەخشی لە توێژینەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا، لەمبارەیەوە( یاوس) پێیوایە کە خوێنەر سەرچاوەی کۆتاییە بۆ واتا،(ئایزەر)یش پێیوایە ئەوە خوێنەرە کە بۆشاییەکانی نێو دەق پڕدەکاتەوە.

یاوس گرنگی زۆریداوە بە مێژووی ئەدەب و پێیوایە شیکردنەوەی مێژووی ئەدەبی پەیوەستە بە خوێنەرانەوە ، ئەوە خوێنەرانن کە دەتوانن بڕیار لە بەهای ئەدەب بدەن بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو، لەبەرئەوە پێیوایە مێژووی ڕاستەقینەی ئەدەب ئەوەنییە کە لەڕوانگەی تێڕوانینی ئێمەوە دەیخەینەڕوو لەبارەی نووسەران و نووسینەکانیانەوە، ئەوەی کە مێژوونووسانی ئەدەب لە کۆندا لە ژیانی نووسەران و سەردەمەکەیان دەکۆڵییەوەو دواتر دەچوونە سەر نووسەرەکەو ئەدەبەکەی و بۆچوونی خۆیان دەردەبڕی و شییان دەکردەوە، بەلای (یاوس) ەوە ئەم گۆشە نیگایە، گۆشەنیگایەکی نەزۆکە، چونکە تەنها یەک بۆچوون و یەک دەسەڵاتمان دەداتێ، ئەمەیە کە تائێستا زاڵبووە بەسەر مێژووی ئەدەبدا، بەڕای ( یاوس) ئەمە بریتینییە لە مێژووی ئەدەب، بەڵکو ئەمە بۆچوونێکە لە بۆچوونەکان، بۆیە ئەو پێیوایە مێژووی ڕاستەقینەی ئەدەب ئەوەیە کە هەموو بۆچوونەکان بخرێنەڕوو کە بۆچوونگەلێکی ڕێژەیین. لەهەموو قۆناغە مێژووییەکاندا جۆرێک لە

بالادەستی بانگەشەی ڕاستی ڕەها هەبوو، هەموو مێژوونووسێکی ئەدەب دەیگوت ڕاستی لای منە لەبارەی هەر سەردەم و نووسەرێکەوە، شاعیرەکانیان لەرێگەی شیعرەکانیانەوە دەناسی و تێڕوانینی تایبەتی خۆیانیان دەدا پێمان و پێیوابوو کەئەو تێڕوانینە ڕاستییە، بەواتای ئەوەی گەیشتۆتە ڕاستی. یاوس پێیوایە ڕاستی ڕەها لە مێژووی ئەدەبدا بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی بوونی هەیەڕاستییەکی ڕێژەییە کە هەموو خوێنەران و ڕەخنەگران ئەنجامیانداوە لە قۆناغە مێژووییەکاندا، کەواتە لای هەریەکێکیان ڕاستیەکی ڕێژەیی بوونی هەیە نەک ڕەها. پێویستە کە ئەم تێڕوانینانە هەموویان لەبەرچاوبگیرێن، بەوپێیەی بەشێک لە ڕاستییان لەخۆیاندا هەڵگرتووە، نەک هەموو ڕاستیەکان. لەکۆی ئەو خوێندنەوانەو خوێندنەوەکانی دواتردا دەتوانرێت مێژووی ڕاستەقینەی ئەدەبیی بنووسرێتەوە.

بەڕای(حمید الحمیداني) لەبەرئەو گرنگیدانە زۆرەی کە یاوس بەپەیوەندی جەدەلی نێوان ئەدەب و خوێنەریداوە، بۆیە ئەو وێنەیەی کە وەریدەگرت نزیکبوو لەڕاستیەوە، نەک هاوتای ڕاستیبێت، ئەو بابەتەش بریتیبوولەوەی کە بۆچوونی ڕەخنەگرەکان لەبارەی ئەدەبەوە هەموویان بخرێنەڕوو، چونکە هەرچەند بتوانین تێڕوانینی تایبەتی خۆمان بخەینەڕوو، بەڵام دواجار ئەوە فرەجۆری بۆچوونەکانە کە وێنە تەواوەکەمان لەبارەی دەقی ئەدەبیەوە پێدەدات (الحمیداني، محاضرة،دقائق ٦-٩).

## تایبەتمەندییەکانی تیۆری وەرگرتن:

هەرچەندە بەدرێژایی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدەین کە بەتیۆری و پراکتیکی هەمووﻻیەنەکانی ئەم تیۆرییە ڕوونبکەینەوەو چەمک و زاراوەکانی بخەینەڕوو، بەڵام هەوڵدەدەین لە دووتوێی چەند خاڵێکدا بەکورتیشبێت تایبەتمەندییەکانی تیۆرییەکە چڕبکەینەوە، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە:

١-ئەم تیۆرییە ئاسۆیەکی تازەی لە بواری توێژینەوە ڕەخنەییەکاندا کردەوە، بەشێوەیەک لە دژی چەسپاوی ڕێبازەکان وەستایەوەو بانگەشەی ڕێژەیی تێگەیشتن و کرانەوەی دەقی ئەدەبی و تێگەیشتن لە ڕابردوو لەڕوانگەی ئێستاوەی دەکرد.

٢- لەبارەی ڕێبازە ڕەخنەییە کۆن و هاوچەرخەکانەوە بەشێوەیەکبوو کە ستایشی ﻻیەنە باشەکانیانی دەکرد و ڕەخنەشی لەﻻیەنە خراپەکانیان دەگرت، وەک ئەوەی کە ڕەخنەی لە شێوازگەریەکان دەگرت بەهۆی ئەوەی کاریگەری پێشکەوتنی مێژووی گشتی لەسەر

پێشکەوتنی شێوە ئەدەبیەکان پشتگوێخستبوو. لەبارەی مارکسییەتیشەوە، ستایشی کاریگەری ناوەندی کۆمەڵایەتیی لەسەر ئەدەب دەکرد بەشێوەیەک کە بیروباوەڕو ئەزموونەکانی ژیانی خوێنەر کاریگەری هەبوو لەسەر بڕیار و ئەزموونە ئێستاتیکییەکانی (خرو،٢٠١٣، ١٣).

٣-لەتیۆری وەرگرتندا خوێنەر لەهەموو کارێکی ئەدەبیدا ئامانجە، چونکە هەموو کارێکی ئەدەبی بەهاکەی لە پرۆسەی خوێندنەوەدا بەدەردەکەوێت، چونکە بەهۆی خوێندنەوەوە و لەئەنجامی کارلێکی نێوان خوێنەر و دەقدا ژیان دەکرێت بە بەری پیت و وشە مردووەکاندا.

٤-هەموو کارێکی ئەدەبی بەسروشتی خۆی خوازەییە، دەقی کراوە ڕێگە بە فرە خوێندنەوە دەدات و ئەمەشە کەدەق دەهێنێتە گۆ، لەم لایەنەوە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەدا لێکدەچن.

٥-پێویستنییە کەدەق لەچوارچێوە مێژووییەکەیدا بخوێنرێتەوە، خوێنەر خاوەن سەرچاوەی خۆیەتی کە دەتوانێت واتا بەدەق ببەخشێت، لەملایەنەوە (ئایزەر) پێیوایە کە دەقی ئەدەبی لە ڕێگەی خوێندنەوەوە پێکدێت، واتاکەی ئەوەندەی لەدایکبووی کارلێکی ناوەکی بەشەکانی و بۆچوونەکانی خوێنەرە، ئەوەندە لەدایکبووی خودی دەقەکە نییە، ئەمە واتای ئەوەیە کە کاریگەری ئەدەبیی، هێما و ئاماژە و نیشانە گەلێکی وا لەخۆدەگرێت کە لە توانایدا هەیە چالاکی و داهێنانێکی وا لای خوێنەر بورووژێنێت لە ئاستی ئەو چالاکییەدابێت کەلای نووسەرەکە ورووژاوە.

٦-تێڕوانینی خوێنەرەکان  بۆ دەق وەکیەکنین، بۆ سێ جۆر دابەشدەبن:

ا- خوێنەری ئاسایی، ئەو خوێنەرەیە کە هیچ زیادەیەک ناخاتەسەر دەقەکە، ئەم خوێنەرە خوێنەرێکی نەرێنییە.

ب- خوێنەری گرنگپێدەر (المهتم)، ئەو خوێنەرەیە بەو شارەزاییەی کەهەیەتی دەتوانێت لە ناخی خۆیدا دەق بەرهەم بهێنێتەوە.

ت- خوێنەری ڕەخنەگر ئەوخوێنەرەیە نەک لەناخی خۆیدا، بەڵکو لەسەر کاغەزیش دەتوانێت دەق بەرهەمبهێنێتەوە، واتە توانای سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دەقی هەیە و

کاریگەریشی دەبێت لەسەر خوێنەرەکانی جۆری ( ا و ب) ڕابەرانی قوتابخانەی کۆنستانس خوێندنەوەی ئەم جۆرە خوێنەرەیان ناوناوە ( خوێندنەوەی بەرهەمدار).

٧-خوێندنەوەی بێلایەن بوونی نییە، پێویستە لانی کەمی بابەتێتی لای خوێنەری باش هەبێت تاوەکو بتوانێت بینای کۆنتێکستی دەق سەرلەنوێ دووبارەبکاتەوە، وەبابەتێتی ڕەخنەگر لەمتیۆرەدا بەوە دەپێورێت تاچەند وردە لەهەڵبژاردنی پراکتیزەکردنی نمونەیەکی ڕاڤەکاری، وەخودی کاریگەری ئەدەبی بەلایانەوە پرۆسەی وەرگرتن ڕێکدەخات.

٨-ڕابەرانی تیۆری وەرگرتن هەموو پێوەرێکی ئایدۆلۆجی پێشوەختەیان ڕەتکردۆتەوە، چونکە بەلای ئەوانەوە باوەڕبوون بە هەندێک پێوەری ئایدۆلۆجی کار لە کارلێکی نێوان خوێنەر و دەق دەکات، لەوانەیە ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەو کارلێکەدا بەتایبەت کاتێک ئەو پێوەرە ببێتە بابەتێک کە خوێنەر لەدەقدا بەکاریبهێنێت، لەڕاستیدا خوێندنەوەی باش ئەوەیە کە لەسەر بنەمای لێهاتوویەکانی خوێنەر لەگەڵ چنینی ناوخۆیی دەقەدا دەکرێت.

٩-قوتابخانەی کۆنستانس باوەڕی وایە کە خوێندنەوەی بەرهەمدار ئەو خوێندنەوەیەیە کە بەدوای شاراوەکانی نێو دەقدا بگەڕێت و بیاندۆزێتەوە، لەملایەنەوە تیۆری وەرگرتن لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەدا یەکانگیردەبێتەوە.

دامەزرێنەرانی تیۆری وەرگرتن(ئاسۆی چاوەڕوانی و ئێستاتیکای کاریگەری) یان بەکارهێناوەو بەلایانەوە دەق پەیوەستی نێوان ئاسۆی ئێمەو ئەو ئاسۆیەیە کە دەینوێنێت لە ڕێگەی بەیەکداچوونی ئەو ئاسۆیانەوە لە داهاتووی دەقەکەدا توانای پێشبینیکردنی واتا و ئاماژەکانی دەکرێت، بەڵام ئەو پێشبینی و واتایانەی ئێمە پێیگەیشتووین مەرج نییە لەگەڵ واتای ئەو خوێنەرانەی کە لەپێشتردا پێیگەیشتوون وەکیەکبێت، ئەوەیە کە بە(شکانی بەربەستی چاوەڕوانی) ناسراوە، ئەمەش لەڕوانگەی ئێستاتیکای وەرگرەوە لە خوێندنەوەی بەرهەمدارەوە گەشەدەکات و تایبەتمەندییەکی نوێ بەدەق دەبەخشێت (خلیل، ٢٠٠١ ،١٢٠-١٢٢).

## دوو چەمکی ( ئێستاتیکای وەرگر)و( ئێستاتیکای کاریگەری):

ئەگەرچی چەمکی ( تیۆری وەرگرتن ) لە ڕووکەشدا وەک یەک زاراوە دەردەکەویت، بەڵام لە بونیادی قوڵیدا لەدوو چەمکی جیاواز و یەکتر تەواوکەر پێکهاتووە، کەهەریەکەیان خاوەن تێڕوانین و بنەما و ڕێکاری خۆیەتی، ئەوانیش بریتین لە چەمکەکانی ( ئیستاتیکای وەرگر)( جمالية التلقي) و ( ئیستاتیکای کاریگەری )( جمالية التاثير).

( ئیستاتیکای وەرگر) ئەو چەمکەبوو کە( یاوس) کاری لەسەر دەکرد و ( ئیستاتیکای کاریگەری )یش ( ئایزەر) کاری لەسەردەکرد، دەتوانرێت بوترێت ( تیۆری وەرگرتن) زاراوەیەکە لە هەردوو پرۆژەکەی ( یاوس) و ( ئایزەر) پێکهاتووە.

- ئێستاتیکای وەرگر :

یاوس لەڕوانگەی بۆچوونە تازەکەیەوە بۆ مێژووی ئەدەب کە لەسەر بنەمای گرنگیدانبوو بە وەرگر وەک لایەنێکی کاریگەری مێژوویێتی ئەدەب لەدەقی ڕوانیوە، بەلای ئەمەوە مێژوو بریتینییە لەدەقی ڕاستییە ئەدەبییەکان، بەڵکو ئەو مێژووەیە کە وەک پێوەرێک ئەو کاریگەریانە دەپێوێت کە کارێکی ئەدەبی لای کەسانێک دروستی دەکات (یاوس بە وەرگری یەکەم ناوی دەبات)دواتر زنجیرەیەک خوێندنەوەی تری بەدوادا دێت و لەهەموو خوێندنەوەیەکی تازەدا وەرگر کارە گرنگەکان بەپێی ڕاوبۆچوونی ڕەخنەگرەکانی پێشتر دەپێوێت، پاشان نوێکردنەوە لە وەرگرتنەکەدا دەکات و لەڕێگەی (لابردن، زیادکردن و گۆڕانکاری) پاشان بەراوردکردنی لەگەڵ خوێندنەوەکانی پێشووتردا، دواتر نوێکردنەوەی مێژووی ئەدەب، بەکورتی لێکۆڵینەوەی مێژوویی جەخت لە ئەدەب دەکات لە ڕێگەی ئاستی کاریگەری لادانە گەورەکانی لە مێژوودا (مصطفی و عبدالرزاق ، ٢٠١٦،١٦٣).

سەبارەت بەوچەمکانەی کە پەیوەستن بەئەدەب و مێژووی ئەدەبەوە، یاوس کاری لەسەرکردوون هەردوو چەمکی ( ئاسۆی چاوەڕوانی) و (نائومێدی چاوەڕوانی)یە، یەکەمیانی لە چەمکی ( ئاسۆی مێژوویی) ( هانز جۆرج گادامێر) ی فەیلەسوفی دیاردەگەرایی و دووەمیشیانی لە چەمکی ( تێکشکانی ئاسۆی چاوەڕوانی) (کارل پۆپەر) ەوە وەرگرتووە، وە لەڕێگەی ئەم دوو چەمکەوە توانیویێتی ئەوەبسەلمێنێت کە ئاسۆی وەرگرتن بەهایەکی گەورەی هەیە بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب و لە مێژوو، بۆزیاتر ڕوونکردنەوە دەڵێین: بەڕای (یاوس)کاتێک خوێنەرێک دەقێک دەخوێنێتەوە پێویستی بە کۆمەڵێک فاکتەرهەیە وەک  ئەو باروودۆخەی کەبەسەر دەقەکەدا هاتووە

که ئەم دەیخوێنێتەوە، زانینی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری یەکەم، لێرەدا ساتە مێژووییەکە سەرهەڵدەدات، ئەنجامدانی ڕاڤەکردنێکی نوێ بۆ دەقەکە لەلایەن وەرگری دووەمەوە( لێرەدا یاوس مەبەستی لە خوێنەرێکی شارەزایە، نەک خوێنەرێکی ئاسایی) هەروەها زانینی ئاستی وەکیەکیی ئاسۆی وەرگری پێشوو لەگەڵ ئەوەی ئێستادا. کاتێک ڕاڤەکردنە جیاوازەکانی خوێنەران بە درێژایی مێژوو کەڵەکەدەبن، لەئەنجامدا زنجیرەیەکی مێژوویی خوێندنەوە بەرهەمدێت و لەمزنجیرەیەوە توێژەرەوان دەتوانن ئاستی پێشکەوتنی ژانرەکانی ئەدەب پێوانە بکەن بەدرێژایی سەردەمەکان، ئەو پێشکەوتنانەش یان دەگونجێن لەگەڵ دەقە خوێنراوەکەدا یان ناگونجێن، ئەگەر نەگونجان ئەوا ( نائومێدی چاوەڕوانی) لەدایکدەبێت کەمەبەستی یاوس لێی جیاوازی خوێنەری یەکەمە لەگەڵ خوێنەری دووەمی دەقەکەدا، ئەم نائومێدیەش ئاسۆیەکی نوێ بەرهەمدێنێت، بەڵام ئەگەر گونجان ئەوا بەهایەکی ئێستاتیکی وا بەدیناپەت کە شایانی باسکردنبێت(مصطفى و عبدالرزاق،١٦٣،٢٠١٦).

- ئێستاتیکای کاریگەری( جمالية التاثير):

سەبارەت بە ئێستاتیکای کاریگەری، بۆچوونەکانی ئایزەر زۆر گشتگیر و دوورمەودابوو، ئەو ئاڕاستەیەکی مێژوویی وەک(یاوس) ی پەیڕەونەکرد، بەڵکو هەر لەبنەڕەتەوە تێڕوانینەکەی لەسەر بنەمای کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر دارشت، کارلێک لای ئەم لەسەر بنەمای ڕاڤەکردنی دەق لەلایەن خوێنەرەوە دارێژراوە، بۆئەوەی دیاردەی واتا لەدەقدا تێپەڕێنرێت بۆ ئەو دیو دەق، بەم تێپەڕاندنەش خوێنەر دەتوانێت ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە کە لەدەقدا بەجێهێڵراون، ئەمەش وادەکات کە خوێنەر ڕۆبچێتە قوڵایی دەقەوە بەجۆرێک کە کردەی خەیاڵکردنی لا دەوروژێت. لەمخەیاڵەوە کردەی جێگۆڕکێ و کاریگەری ڕوودەدات لە نێوان خوێنەر و دەقدا، بەم کارلێکەی نێوانیشیان واتا بەرهەمدێت کەواتە کاری ئەدەبی نە دەقەکەیە بەتەواوی، نە خودێتی خوێنەرەکەیە بەتەواوی، بەڵکو پێکهاتەیەکی تێکەڵاوی هەردووکیانە.

لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەو دوو چەمکەدا دەتوانین باس لە جیاوازی بیروو بۆچوونەکانی هەریەک لە ( یاوس ) و ( ئایزەر) بکەین. یاوس کە باس لە ئێستاتیکای وەرگر دەکات ڕەهەندێکی مێژوویی پێدەبەخشێت بەو واتایەی کە لەئەنجامی کەڵەکەبوونی خوێندنەوە یەک لە دوای یەکەکانی دەقدا، کەهەریەکەیان هی کاتێکی دیاریکراون مێژووی خوێندنەوەی دەقەکە دروست دەبێت، ئەو مێژووە دەبێتە ئەزموونێک بۆ خوێنەری داهاتوو کە لەڕووی ئێستاتیکییەوە سوودی لێدەبینێت، بەڵام (ئایزەر) کەباس لە ئێستاتیکای کاریگەری دەکات ڕەهەندێکی ئێستایی پێدەبەخشێت، بەو

واتایەی کە لە ساتی بەریەکەوتنی خوێنەر لەگەڵ دەقدا ئێستاتیکای کاریگەریەکە سەرهەڵدەدات، ئەمەش خاڵی جیاوازی ئەو دوو ڕابەرەی تیۆری وەرگرتنە. لەگەڵ ئەو جیاوازییانەشی کە لە نێوان (یاوس) و ( ئایزەر) دا هەبوو لە پێشکەشکردنی چەمک و ئەو سەرچاوانەی کە پشتیان پێبەستبوو ، بەڵام هەست بە دژبوون نەدەکرا لە نێوانیاندا، بەڵکو شانبەشانی یەکتر دەڕۆیشتن و یەکتریان تەواودەکرد، هەردووکیان تیۆرییەکەیان لەسەر بنەمای گشتگیری(تکاملی) داڕشت، لەخاڵی گەڕان بەدوای ئەو خوێنەرەی کە  پشتبەست بە پاشخانی ڕۆشنبیری و لەسەر بنەمای شارەزایی پێشوەختە و ئاسۆی ڕۆشنبیری و شێوازی کاردانەوەی بۆ دەقەکە، هەموو شاراوەکانی ناو دەق ئاشکرادەکات، یەکیان دەگرتەوە.

پاشخانی ڕۆشنبیری، بریتییە لە کۆمەڵێک پێوەری کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی کە خوێنەر لە کاتی پرۆسەی خوێندنەوەدا پێشکەشیدەکات، بەلای ( ئایزەر)ەوە پێکدێت لە (( کۆمەڵێک بابەت کە دەق هەڵیدەمژێت لەو ڕەگەزانەی کەپێشتر زانراون، ئەو ڕەگەزانە پەیوەستنین بەدەقەکانی پێشووترەوە، بەڵکو پەیوەستن بە هێزێکی گەورەتر بە پێوەرو بەها کۆمەڵایەتیی و مێژوویی و کۆنتێکستە سۆسیۆ ڕۆشنبیریەکانی کە دەقەکەی لێوە دادەکەوێت )) (عروري ، ٢٠٠٠، ٥٥).

## پاری دووەم : سەرچاوە فەلسەفییەکان

تیۆری وەرگرتن، دوو سەرچاوەی فەلسەفی گرنگی هەیە کە سوودی زۆری لێبینیون و هەندێک لە چەمکەکانیانی خواستوون و دووبارە بە زاراوەی جیاواز دایڕشتوونەتەوە، ئەوانیش بریتین لە(هێرمۆنتیکا)و( فینۆمینۆلۆجیا) کە دواجار هەردوو فەلسەفەکە جۆرێک لە خوێندنەوەشیان لێبەرهەمهاتووە و مامەڵەیان لەگەڵ دەقدا پێکردووە، تیۆری وەرگرتنیش بەسوود وەرگرتن لە بنەما فەلسەفییەکانیان و ئەو شێوازی مامەڵەکردنەیان لە خوێندنەوەی دەقدا بنەماکانی خۆی داڕشتووە.

بەلای ئێمەوە لەبەر گرنگی و بەهای خوێندنەوەی ( هێرمۆنتیکی – ڕاڤەکاری ) و ( فینۆمینۆلۆجی – دیاردەگەرایی ) کەمتر بینینیان لە  پانتایی خوێندنەوەی کوردیدا، بەپێویستی دەزانیین جیا لەو جۆرانەی تری خوێندنەوە(کە لە دووتوێی ئەم تێزەدا باسیان دەکەین) زیاتر لەسەر ئەم دوو جۆرە لە خوێندنەوە بوەستین و لەدەقی شیعری کوردیدا پراکتیزەیان بکەین.

## ١- هێرمۆنتیکا

### زاراوەو چەمک:

هێرمۆنتیکا وەک زاراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانیەکان، لە(هیرمونوتیک)ی یۆنانییەوە وەرگیراوەو دواتر چۆتە ناو زمانەکانی ترەوە، زۆرێک لە توێژەرەوانیش لەو بڕوایەدان کە واتاکەی لە(هرمس)ەوە وەرگیرابێت، مەبەست لێی ئەو مەودایەیە کە لەنێوان بیرکردنەوەی خواکان و مرۆڤدا بوونی هەبووە، وەک ئەوەی کە لە ئەفسانەیەکی یۆنانیدا هاتووە، هرمس ئەو خوداوەندە بووە کە کاری بریتیبووەلە بەیەکگەیاندنی بیرکردنەوەی نێوان خوداکان و مرۆڤەکان، بەواتایەکیتر پەیامی خوداکانی دەگەیاندە مرۆڤەکان و هاوکاریدەکردن لە تێگەیشتنی پەیامەکەدا. ئەم بۆچوونە کاری هێرمۆنتیکای بەوە دیاریکردووە کە بریتییەلە گەیاندن و تێگەیاندن( هوي، ٢٠٠٥، ١٣).

مامۆستای مێژووی فەلسەفەی هاوچەرخ، (ئاریۆن لۆسەر) پێیوایە کە وشەی (herme) ی یۆنانی بەواتای ( گوزارشت و ڕاڤەکردن و لێکدانەوە) (التعبير و التاويل و التفسير)دێت ،بەمپێیەش پاشخانی ئەفسانەیی لەواتای زاراوەکە دوورخستۆتەوەو ڕاستەخۆ چۆتە سەر واتای وشەکە کە بنەڕەتێکی یۆنانی هەیە، (Heidegger، ١٩٨٠،١٨٦)، بەڵام بەڕای ( معروف عبدالرحيم )لە وتارێکدا بە ناونیشانی( چی دەربارەی هێرمۆنتیکا یان ڕاڤەکردن)ەوە ،ڕەخنە لەم بۆچوونەی (ئاریۆن لۆسەر) دەگرێت و پێیوایە کە ناکرێت پێکەوە دابنرێت، چونکە لەڕاستیدا ( ڕاڤەکردن و لێکدانەوە) نزیکی لەواتاکانیاندا هەیە و هەندێکجار وەک هاوواتای یەکتری دانراون، بەڵام گوزارشتکردن ، نە ڕاڤەکردن نە لێکدانەوەیە هیچ واتایەکی نزیک بەوانی نییە، کاتێک گوزارشت لە دیاردەیەک یان چەمکێک دەکرێت، زۆر دوورە لەوەی کە ڕاڤە یان لیکدانەوە بۆ ئەو دیاردە و چەمکە بکرێت، هەربۆیە پێیباشە کە گوزارشتکردن وەک واتای هێرمۆنتیکا لاببرێت (عبدالرحيم،٢٠١٨،١) ئێمەش پێمان وایە ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی دروستەو ڕاستی لە تێڕوانینەکەی (معروف عبدالرحيم) دا هەیە.

لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی لاهوتیی لەئەوروپادا، سەرلەنوێ ئەم چەمکە دەرکەوتەوە و لەسەرچاوە یۆنانییەکەیەوە وەرگیرا بۆناو کایەی ئاینی، لەبنەڕەتدا بۆ وەرگێڕان و ڕاڤەکردنی کتێبی (ئەهلی کیتاب) بەکاردەهات .

حەسەن حەنەفی سەبارەت بە بەکارهێنانی واتای زمانەوانی هێرمۆنتیکا، بەمجۆرە دەدوێت، لەزانستی ئاینیدا، کە کرۆکی فەلسەفی ئایینە، دوو ڕۆڵی جیاواز جێبەجێدەکات، کە بریتین لە :

١–گەڕان بەدوای ڕاستیی مێژووی دەقی پیرۆزدا لە ڕێگەی ڕەخنەی مێژوویییەوە .
٢–تێگەیشتن لە واتای دەق لەڕێگەی بنەما زمانەوانیەکانەوە.

بەم پێیەش هێرمۆنتیکا، دەبێتە زانستی ئاین و فەلسەفەی ئاین و دوو پێناسەی کورت لەخۆدەگرێت کە بریتین لە (ڕەخنەی دەقی پیرۆز بە ڕێبازێکی مێژوویی) و ( تێگەیشتنی دەق لەڕێگەی زمانەوە) ( حنفي ، ٢٠٠٦، ٣٨٤) .

هێرمۆنتیکا بەتوندی گرێدراوبوو بە کایەی ئاینییەوە، ئەو گفتوگۆیانەی کە لەنێوان کەنیسەی (کاسۆلیکی) و ( پرۆتسانتی) دا هاتە ئاراوە لەسەر ئەوەی کە کامیان توانای ئەوەیان هەیە دەقی پیرۆز ڕاڤە بکەن ئەمە(زەمینەیەکی تیۆری) بوو بۆ هێرمۆنتیکا، کە(( لە زانستی لاهوتیدا بەواتای هونەری ڕاڤەکردن و وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز دەهات، لەڕاستیدا ئەمە پڕۆژەیەکی کۆن بوو کە پیاوانی کەنیسە بەهۆشیارییەکی وردەوە ، دایانڕشتبوو))  (غادامير، ٢٠٠٦، ٦٣–٦٤).

بە دۆزینەوەی ئەوسەرەداوانەی کە پەیوەندیی واتایی ئاسۆیی و ستوونی ئەم زاراوەیە لەماوەی گەشەکردنیدا بەدەستیهێنابوو، گادامێر گەیشتە ئەو بڕوایەی کە واتاکانی سەرەتا، واتای پەیامبەر یان هەواڵدەرێک زیاتری نەگەیاندووە(عفاني،٢٠١١، ٧٦). هەرچی ڕاڤەکردنی نوێیە، گادامێر پێیوایە یەکەم دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لەناونیشانەکانی(دانهاور) لەساڵی ١٩٦٤دا لەگەڵ ئەوەی کە ( فردريک شلایماخەر١٧٦٨–١٨٣٤) * یەکەم کەسبووە کە ڕاڤەکاری لە خانەی گرنگیدانە ئاینی و عەقائیدییەکان دەرهێناوە، ئەمەش ڕوونە کە ئەوە بینای یەکەمی هیرمۆنتیکای نوێبووە، ئەو واتە(شلایماخەر) (( ڕۆشنبیرییە فیلۆلۆجیەکەی(زانستی زمانی) و توانا فەلسەفییەکەی کە لە قوتابخانە نمونەییەکەی وە بەتایبەت لەئاسۆی فەلسەفیەکەی(کانت)، بەدەستیهێنابوو، ڕێگەی ئەوەی پێدا کە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ هێرمۆنتیکای لاهوتی تەقلیدی بکات ، کەهیچ نەبوو جگە لە کۆکردنەوەی یاساکانی ڕاڤەکاری کە هیچ بنەمایەکی میتۆدی نەبوو، وە زۆر لاوازبوو لە ڕووی بنەماکانی تیۆری گشتی کە ڕاڤەکاری پێ ڕێکدەخرێت )) (بو عبدالله، ٢٠٠٤، ١٦ ) بەم جۆرە شلایماخەر هیرمۆنتیکای لەگەڵ( تیگەیشتن، شیکردنەوەودیالۆگ)دا پێکەوە گرێدا، بەمەش هێرمۆنتیکا گریمانەیەکی بۆ تیگەیشتن دارشت، دوای ئەوەی کە لەتێڕوانینی کلاسیکیدا هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەبوو کە واتای دەق بەدەستبێنیت.

چەمکی تیگەیشتن ( الفهم – La comprehension) لەپرۆژەکەی شلایماخەردا، ئەرکێکی گرنگی هەبوو، وایکردبوو کە کرانەوەیەکی مەعریفی دیار بەدیبێنێت. بەمەش هێرمۆنتیکا تەکنیکێکی تیگەیشتنی بۆ دروستبوو، کلیلێکبوو بۆچوونە نێو جیهانی دەقە پیرۆزەکان ( عفاني، ٢٠١١، ٧٧). تێڕوانینی شلایماخەر بۆ(تێگەیشتن) ((تەنها مەودای هێرمۆنتیکای فراوان نەکرد، بەڵکو ئەرک

وچالاکیەکەشی ڕێکخستەوە، ئیتر هێرمۆنتیکا تەنها ئەوەنەبوو کە واتای پارچەیەکی دیاریکراوی دەق بدۆزێتەوە، بەڵکو پێویستبوو چۆنێتی دروستبوونی ئەوپارچەیەو پەیوەندییە کۆنتێکستییەکانی بە کۆی دەقەکەو لەنگیەکانی بزانێت))(بوعبدالله،٢٠٠٠، ١٦٩). کەواتە تێگەیشتن خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ دەق بەمەبەستی دووبارە بنیادنانەوەی، بەهێنانەوەی هەموو ئەو لێکەوتانەی کە دەوریان داوە لەناو ئەوانەشدا دۆخی مێژوویی ئەو ژانەرە ئەدەبییەی کە دەقەکە بۆی دەگەڕێتەوە لەگەڵ ئەو کۆنتێکستە ئەدەبییەی کە هاوشانییووە لەبەرهەمهاتنیدا، چونکە(( تێگەیشتنی گوتارێک بریتییەلە دووبارە بنیادنانەوەی ئەو دروستبوونە بنەڕەتییەی کە بەجەخت کردنەسەر ئاراستەکەی و لایەنی دەروونی و شێوازەکەی لەلایەک و وەباروودۆخی ژیانی لەلایەکیترەوە دروستدەبێت، تێگەیشتن بەم واتایە بەلای گادامێر- Gadamer ەوە دووبارە بینیادنانەوەی بەرهەمە بنەڕەتیەکەیە، یان دروستکردنێکی نوێی یەکەم دروستکردنە (خلق جدید لاول خلق) ))(بوعبدالله،١٧٠،٢٠٠٤). لەڕاستیدا توێژینەوەکانی شلایماخەر بواری هێرمۆنتیکای دەوڵەمەندکرد و کردی بە هۆکارێک بۆ نەهێشتنی خراپ تێگەیشتن(سوء الفهم – la mecomprehension)، هۆکارێک کە ئامانجی یەکەمی گەیشتن بوو بە نزیکترین دۆخی تێگەیشتن لەڕاستی (غادامیر، ٢٠٠٦، ٧١).

ئەگەر قوتابخانەی ( ڕەواقییەکان- Stoicisme) مژدەی ڕاڤەکاریان دابێت، بەو واتایەی کە خوێندنەوەیەکی خوازراوە بەدوای ئەو واتایانەدا دەگەڕێت کە دەقی ئەدەبیی هەڵگرتووەو لەرێگەی زمانەوە شاردویەتییەوە (( بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست، یاسایەکی ڕاڤەکاری هەبوو کە بەسەر چوار ئاستدا دابەشکرابوو: ١- واتای پیتیی(المعنى الحرفي le sens litteral ) بەواتای گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان. ٢-واتای خوازەیی (المعنى المجازى allegorique ) بەواتای دەرکەوتنی یەکەمی سەردەمی نوێ لە سەردەمی کۆندا. ٣- واتای ترۆپۆلۆجی(التروبولوجي tropologique) بە واتای ڕەهەندی ڕەوشتی پەیوەست بە کاری مرۆڤەوە.٤- واتای ئەنانۆجی (الانانوجي ananogique) بەواتای پەیوەست بە بینینی ئەو دونیا، یان دواى مردن )) ( frnand Hallyn، ١٩٨٧،٣١٤).

بیرمەندێکیتر کە گرنگی بە هێرمۆنتیکا دەدا (ویڵهڵم دەلتای ١٨٣٣-١٩١١)* بوو، ئەم بیرمەندە هەوڵیدەدا بۆ هاوسەنگی لەنێوان ئارەزووی بێسنووری زانست بۆ گەیشتن بە ڕاستی و لەگەڵ هۆشیاری مێژووییدا، ئەم هەمیشە لە گەڕاندابوو بەدوای شتێکی جێگیردا لەپشتی هەموو ڕێژەییەکەوە. بەمهۆیەوە بەردی بناغەی زانستی نمونەیی شێوەیی( النماذج النمطية) کاریگەر بە تێڕوانینی جیهان کە گونجاوبوو لەگەڵ هەمەجۆری بەها ئیستاتیکیەکاندا، دانا . ئەمە بەدەربڕینێکی دیاریکراو بریتییەلە تێپەڕاندنیکی مێژوویی(غادامیر،٢٠٠٦، ٧٤). وە بۆ بەدیهاتنی ئەم هاوسەنگیەش، دەلتای پێیوابوو کە تێگەیشتنمان لەدەق دەبێت لەڕێگەی پەیوەندی بە دەقەکانی ترەوەبێت بە

بەکارهێنانی میکانیزمەکانی خوێندنەوەی ڕاڤەکاری وەک لۆجیک و ڕێزمان، نەک لێکدانەوەیەکی لاهووتی پێشوەختە (عفاني، ٢٠١١، ٧٩). دەلتای لەم کارەیدا دوو چەمکی لەیەک جیاکردەوە، کەئەوانیش (تێگەیشتن) و( لێکدانەوە) بوون، یەکەمیان واتە (تێگەیشتن) ی پەیوەستکرد بە دیاردەی مرۆیی و دووەمیشیان واتە لێکدانەوەی پەیوەستکرد بە دیاردەی زانستییەوە. مەبەست لە لێکدانەوە، نیشانەی هۆکارییە کە جێگایەک بۆ ناوەوە لە ڕووداوە مادییەکاندا ناهێڵێتەوە، بەڵام تایبەتێتیی تێگەیشتن دەسڕێتەوە لەپێشبینی هەستیدا بۆئاماژەی گشتی کە دەیبەخشێتە نیشانەکان (frnand Hallyn ,١٩٨٧,٣١٥).

دەلتای باس لە چەمکێکی تردەکات کە بریتییە لە ( بازنەی هێرمۆنتیکی ) ( الدائرة الهيرمونطقية-cercle hermeneutique) وە پێیوایە ئەم چەمکەش ئەڵقەیەکە پێکدێت لە تێگەیشتنی گشتی بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی بەشەکان( المتقن،٢٠٠٣، ٣٦)واتە ئێمە وەک ڕاڤەکارێک، ناتوانین ئەو واتایەی کە نووسەر مەبەستێتی تێبگەین تەنها لەچوارچێوەی تێگەیشتنمان لەو دەقەی کە دەمانەوێت ڕاڤەی بکەین وەک گشت، وە ئەم گشتەش ناتوانین تێبگەین هەتا پارچە بچوکەکانی کە گشتەکە پێکدێنن تێنەگەین. کەواتە ناتوانرێت نە گشت و نە بەشەکان پشتگوێ بخرێن لە تێگەیشتنی واتادا، چونکە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندیەکی ئۆرگانییە .

دواتر هایدگەر( Martin Heidegger -١٨٨٩-١٩٧٦) دێت، لەگەڵ ئەمدا ڕاڤەکردن بەرگێکی تری پۆشی، بەشێوەیەک پێیوابوو کە (( تێگەیشتن لە جیهان ناتوانرێت داببڕێت لەبوون لەجیهاندا، ناتوانرێت خودیش لە بابەت جیابکرێتەوە، بوونی مرۆیی بوونی جیهانە،بوون لە جیهاندا ناچوێنرێت بە بوونی کورسییەک لە ژوورێکدا ، بەڵکو وەک شەمەندەفەرێک وایە کە دەبزوێت، جیهان ماهیەت و بیرۆکەو بابەتێکی هۆشیاری نییە، بەڵکو لەڕاستیدا ، ڕاستییە fact )) (اسماعيل، ٢٠٠٢، ٨٣).

لەگەڵ هایدگەردا، پەیوەندی نێوان جیهان و خود بووبە پەیوەندی دیالۆگ کە لەڕێگەیەوە زانیاری مرۆڤی ڕوونبووەوەو لەچوارچێوەی (تێگەیشتنی پێشوەختە )دا دەرکەوت. بەبێ ئەوەی کە تێگەیشتن دابڕاوبێت لە بوونی مرۆڤایەتی، چونکە (( تێگەیشتن پێشئەوەی بابەتی درکپێکردنی شتێکی دیاریکراوبێت پێچەوانەی بوونە، بەردەوامی زیندوێتی خودی باڵایە. بەمشێوەیە تێگەیشتن لەڕووی مێژووییەوە بەشێوەیەکی ڕیشەیی، یەکانگیربوونی بەردەوامە لەگەڵ دۆخی هەستپێکراو کە بوونی هەیە لەناویداو هەوڵدەدات تێیپەڕێنێت))(انجلتن،٢٠٠٣،١٠٣). هایدگەر بوونی مرۆڤیی دەبەستەوەبە تێگەیشتنەوە، ڕاڤەکرنیش دەرخستنی ئەو چەمکەبوو کە گرنگی زۆری پێدەداو وای دەکرد کە جەختبکاتەسەر کرۆکی شتەکان هەتاکو ڕاڤەکار بگاتە بڕیارێکی دروست. ئەم ئەنجامەش بەدەست نایەت هەتا ئەوەی کەدەیەوێت تێیبگات، جۆرێک لە بینین ی لادروستنەبێت، پێشئەوەی

داییهێڵێتە سەر شتەکان، ئەو بەئامادەبوونی پێشوەختەی واتای گشتی وێنایەکی لادروستدەبێت، تەنها بەهۆی دەرکەوتنی واتای بنەڕەتی ( یەکەم)ی دەقەکە (غادامیر، ٢٠٠٦، ١٢٣).

چەمکی( تێگەیشتنی پێشوەختە) قابیلی تازەبوونەوەیە، ((ڕاڤەکاریش واتای دەقەکە بەگشتی دادەڕێژێت کاتێک کە واتای سەرەتایی دەقەکە دەردەکەوێت، ئەم واتایە تەنها دەردەکەوێت، چونکە ئەو خوێنەرە کە دەقەکە دەخوێنێتەوە هەڵگری پێشبینی گەلێکی دیاریکراوی تایبەت بە واتایە، جێبەجێکردنی ئەم دەستپێکە پێشوەختە بریتییە لەتێگەیشتنی ئەوەی کە هەیە)) (غادامیر، ٢٠٠٧، ٣٧٠). ئەو پێشبینیانەی کە نوێبوونەتەوە بەهۆی نوێبوونەوەی دایالۆگ لەگەڵ دەقدا، گرەنتی بەدەستهاتنی ڕاستیی واتایە لای خوێنەر.

سەرکەوتنەکانی دەلتای لەدیاریکردنی سنووری ئیشکردنی نێوان هەردوو چەمکی (تێگەیشتن) و (ڕاڤەکردن)دا ڕێگرنەبوو لە دروستبوونی کەلێن لە تیروانینی تیۆری ئەودا، دوای دیاریکردنی لێکدانەوە، لە چوارچێوەی زانستە سروشتیەکاندا، پرسیارێکی بەجێ سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە کە چۆن(ڕاڤەکردن)دەتوانێت بابەتێتی بەدیبێنێت، لەکاتێکدا ئەو پەیوەستە بەتێگەشتنێکی نیشانەکراو بە بیر و خودێتی. بەجۆرێک نووسینەکانی دەلتای، بەتایبەت کتێبی ( بینای جیهانی مێژوویی لە نێو زانستی مرۆڤایەتیدا)، ئەم تێکچرژانەی لەنێوان خواستی دەروونی بۆ تێگەیشتن و خواستی لۆجیکی بۆ ڕاڤەکردن، زیاترکرد لەناو هێرمۆنتیکای نوێدا(ریکور،١٩٨٨، ٤١٩). ڕەنگە هەرئەمەش هۆکاربوو‌بێت بۆئەوەی کە زۆرێک لە ڕەخنەگران دەلتای لەخانەی ڕابەرانی( ناکۆکی دەروونی)دا دابنێن هەروەها ئەو واتە دەلتای، جەختی لە مەبەست و ویستەکانی نووسەر دەکردەوە، بۆیە هەمان گوزارشتی شلایماخەری دووبارە دەکردەوە کە دەڵێت: ((ئامانجی هێرمۆتیکا ناسینی نووسەرە زیاتر لەوەی کە خۆی، خۆی دەناسێت )) (اسماعیل، ٢٠٠٢، ٧٩).

لەڕاستیدا گادامێر هەوڵی بەدیهاتنی زانستێتی میتۆدی ڕاڤەکاریدا، بەبێ دەستبردن بۆ تایبەتمەندییەکەی و بەبێ دواکەوتەیی ئارەزووەکانی خود کە ڕەنگە واتا بخەنە بێبایەخییەکی سایکۆلۆجی بێسنوورەوە. لێرەوە ئەگەرڕاڤەکردن، لەلایەک بانگەشەیەکبێت بۆدایالۆگ و کارلێکردن لەگەڵ زانستە مرۆڤایەتی و زانستە گشتیەکاندا، لەلایەکی ترەوە بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی توانەوەو تیاچوون لەناو ئەو زانستانەدا. گادامێر میتۆدی ڕاڤەکاری لە کۆتووبەندی زانستی سروشتی ڕزگارکرد، وایکرد کەبەسەریدا بکرێتەوە، ڕاڤەکردن بەبۆچوونی گادامێر لەبنەڕەتدا جەخت لە بیناکردنی چەمکە فەلسەفییەکان دەکاتەوە، چونکە شوێنی سەرەکی دروستبوونی زانیارین، بەڵام بەلای ئەوەوە پرۆسەی نەخشاندی چەمکەکان پرۆسەیەکی داماڵراونییە لە جیهان و لە واقیع، بەڵکو هەموو ڕەوایەتی و ڕاستیەک لە پراکتیزەکردن و بەریەککەوتنی لەگەڵ واقیع و شتەکاندا وەردەگرێت .( مهیبل،١٩٩٩و ٢٠٠٠ ، ٤٠-٤١).

گادامێرو هەندێک لە فەیلەسوفانی ڕاڤەکاری هەوڵیاندا کە میتۆدی ڕاڤەکاری لە جوغزی تەسکی لاهوتی و فیلۆلۆجی دەربازبکەن و بەسەر زانستەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بکرێتەوە.

دەتوانین بڵێین : کە ئاستەکانی دیالۆگ لای گادامێر لەم سێ بوارەدا خۆی دەبینیەوە:

یەکەم: بواری ئێستاتیکی ،تایبەت بە کاری هونەری.
دووەم: بواری مێژوویی تایبەت بەپاشماوەکانی ڕابردوو.
سێیەم: بواری زمانی تایبەت بە پەیوەندییەکان و واتاو دەلالەتەکان.

لەلایەکی تریشەوە گادامێر دژی ئەو ناکۆکییە دروستکراوەی نێوان زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکان وەستایەوەو جەختی لەوە دەکردەوە کاتێک دەڵێت: ئەوجیاکارییەی کە دامانهێناوە لەنێوان زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا هەردوولا لێی ناڕازین، ڕەنگە لەملایەنەوە لەسەرهەقبن کە ئەوزانستانە لەچارەسەرکردنی کێشە مەعریفیەکاندا بەهۆی یاسای هۆکارییەوە قەتیسبکەین، زانایان جەخت لەوەدەکەنەوە کە کێشەی زمان شوێنێکی سەرەکی لە گفتوگۆ فکرییەکانی سەردەمدا داگیرکردووە (غادامیر، ٢٠٠٦، ١٣٥).

گادامێر توانی لەسنووری ئەو بازنەیە بێتەدەرەوە کە هەریەکە (شلایماخەر) و(دەلتای) کێشابوویان، وەئەو تیروانینەی کە پێیوابوو هێرمۆنتیکا سایکۆلۆجیای تێگەیشتنە، تێپەڕاند. جەختی زۆری خستەسەر ڕۆڵی زمان لە تێگەشتندا، پێیوابووکە((لەڕاستیدا زمان ناوەندێکی گشتییە کە پرۆسەی تێگەیشتن لەناخیدا ڕوودەدات)) (غادامیر،١٩٨٨، ٢٤). کەواتە لەنێوان دەق و ڕاڤەکاردا زمان دەبێتە بابەت بەمەبەستی بەدیهاتنی تێگەیشتن و کردنەوەی کۆدەکانی نووسەر، بۆیە گادامێر داوامان لێدەکات گرنگی زۆر بەم ناوەندە بدەین، چونکە ناتوانین ئەم بەیەککگەیشتنە چەسپاوە لەنێوان تێگەیشتن و دەرهاویشتەکانی لۆجیکی زماندا، ڕەتبکەینەوە بۆیە ((هەموو پرۆسەیەکی تێگەیشتن شیکردنەوەیە، هەموو شیکردنەوەیەکیش لەناوەندی زماندا دەگرێتەوە کە دەخوازێت واتایەک بۆ وتن بەدیبێنێت، لەهەمانکاتیشدا زمانێکی تایبەتی شیکەرەوەیە)) (غادامیر،١٩٨٨، ٢٤).

دیالۆگ لەنێوان دەق و ڕاڤەکاردا ئاشنایەتییەک دروستدەکات، هەردوو لایان بەرەویەکدەچن بەجۆرێک ڕێگرییەکانی گوزارشتی زمانیی ڕووندەبێتەوە کە کاریگەری هەیە لە بەردەوامێتی تێگەیشتندا (عفاني،٢٠١١، ٨٦). (( بەم شێوەیە دیاردەی ڕاڤەکاری دەرکەوت، وەک دۆخێکی تایبەت لە پەیوەندی گشتی نێوان کردەی بیر و کردەی وتندا، ئەوانەی کە لەئەنجامی تەمومژاوی نێوانیاندا بەرهەمدێن)) (غادامیر ، ١٩٨٨، ٢٤).

ڕەگەزی زمان کاتێک دەگاتە پلەی باڵای خۆی  کە دەگۆڕێت بۆ ڕاستییەکی نووسراو کە لەگەڵ هەموو ئامادەیەکدا دەستوپەنجە نەرم بکات، ئەگەر بشگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی دووریش، لەبەرئەوەی توانیوێتی پیرۆزیەکانی خۆی بپارێزێت، بەپێچەوانەی کلتووری گوازراوەی زارەکی یان دەماودەم کە بۆی هەیە تووشی دەستێوەردان و لادان بووبێتەوە (عفاني، ٢٠١١، ٨٦). (( زمان ڕەوانێتی ڕاستی خۆی لە نووسیندا بەدەستدەهێنێت، چونکە هۆشیاریی درکپێکەر دەگاتە ترۆپکی دەسەڵاتی خۆی لەبەریەککەوتنی لەگەڵ پاشماوەی نووسراوەکەدا، هۆشیاری لەپرۆسەی بوونیدا پەیوەست نییە بە شتێکەوە. لێرەدا  ئەو هۆشیارییەی کە دەخوێنرێتەوە لەدۆخی بەهێزی لایەنگیری مێژووەکەیدایە)) (غادامیر،١٩٨٨،٢٥). سەبارەت بە ڕۆڵی زمان لەپراکتیزەکردنی ڕاڤەکاریدا و بەجێگەیاندی پرۆسەی تێگەیشتن، پێمانباشە زیاتر لەسەری بوەستین بەهۆی ئەوگرنگییەی کە لای گادامێرهەیبووە.

(گادامێر) لەڕێگەی توێژینەوە ڕاڤەکاریەکانییەوە دەیویست پرسیار لەبارەی ڕەگوڕیشەی ئەو هۆشیارییە مرۆڤایەتییەوە بکات کە ئەزموونی زمانی لەخۆیدا هەڵگرتووە،تەنانەت توێژەر دەتوانێت لا لەهەموو لایەنەکانی واتای کۆبوەوە لەسەر جەستەی دەق  بکاتەوە. گادامێر بۆئەمە ئەو مەرجەی هەبوو کەنابێت مێژوو بەوپێیەی کە کارێکی پێویستی پێکهاتنی هۆشیارییە پشتگوێبخرێت. ((بۆیە کاتیک کە باوەڕبوون بە میتۆدی زانستی ئینکاری لە بوونی مێژووی کاریگەر دەکات ئەمە لەنگییەکی تەواو بەزانیاری دەبەخشێت، بەڵام بەگشتی توانای کاریگەریی مێژوو لەسەرئەوە ناوەستێت کە دانیپێدابنرێت ئەمەش ئەو هێزەیە کە مێژوو لەسەر هۆشیاری سنووورداری مرۆییمان پیادەیدەکات)) (غادامیر، ٢٠٠٧، ٤١١).

ئەو چەمکی ئاسۆیەی کە تیۆری وەرگرتن سوودی لێبینیوە، لای گادامێر بەردەوام گەشەدەکات و پێکدێتەوە، لەبەرئەوەی کە ئەوخاڵە پیشاندەدات کە دەتوانین لێوەی بینای ڕوانینمان بکەین بۆ شتەکانی دەورووبەرمان. کەواتە پابەندە بە هەڵوێستی ڕاڤەکارەوە کە بەمەبەست و بە بەردەوامی بە بنەماو بڕیارەکانیدا دەچێتەوەو خۆمان لەبەردەم ئەوەی کە گادامێر بە(توانەوەی ئاسۆکان) ناویدەبات و لای (یاوس)یش وەک چەمکێک بەکارهاتووە دەبینینەوە . ئەم پرۆسەی توانەوەیە لە هەر کلتورێکدابێت پرۆسەیەکی بەردەوامە، کۆن و نوێ لە شتێکدا کەخاوەن بەهایەکی زیندووە یەکدەگرن بەبێ ئەوەی هیچکامیان لەسەرەوەی ئەویتریانەوەبێت (عفاني، ٢٠١١، ٨٨). پرۆسەی ڕاڤەکردن پرۆسەیەکی گونجاوە بۆ ڕوودانی کارلێک و توندکردن و شلکردن لەنێوان کاتی ڕابردوو کە دەقە ئەدەبیەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، لەگەڵ کاتی ئێستای خوێنەر((پرۆسەی تێگەیشتن بەدیناییەت هەتا کاتی تێکەڵبوونی ئاسۆ تایبەتەکانمان کە پێکهاتووە لە واتامێژووییەکانی کە بەو ئاسۆیە ناودەبرێت کە دەقەکە لەخۆدەگرێت، لەمکاتەدا تەنها جیهانی نامۆ ناچنە ناو دەقەکەوە،

بەڵام لەڕیزی بواری تایبەتی خۆماندا دایدەنێین، بۆئەوەی بەمە بگەینە تێگەیشتنی چێژەکانمان کە زۆر قووڵ و سەراپاگیری دەبێت)) (غادامیر، ٢٠٠٧، ٤١٧).

## زمان وەک هۆکارێکی هێرمۆنتیکی لای گادامێر:

فاکتەری زمان وەک ڕەهەندێکی کەونی و گشتگیر لە پراکتیزەیی ڕاڤەکاریدا لای گادامێر گرنگی زۆری پێدرابوو، بنەڕەتی ڕاستەقینە لەم جێبەجێکردنەدا بەشداریکردنمانە لە زماندا وەک ناوەندێکی تایبەت کە ڕاستییمان بۆ دەدۆزێتەوە، هەرزمانە کە دەتوانێت ئەوتوانایە ببەخشێت بەمرۆڤەکان لە جیهاندا کە بەهۆیەوە پێکبگەن یان پەیوەندی بکەن، بەبێ بوونی زمان تێگەیشتن ڕوونادات، تێگەیشتنیش لای گادامێر(( ڕووداوێکی زمانییە، بەڵکو بەردەوامی بابەتی تێگەیشتن هۆکارێکی زمانییە ))( Grondin، ٢٠٠٦ ,١٣).

کەواتە هەموو زمانێک تێگەیشتنێکی دیاریکراوی دەق لەخۆدەگرێت، لەدەقیش تێناگەین بەهۆی زمانەوەنەبێت، زمان کلیلێکە کە دەمانگەیەنێتە ڕاستی و هەموو تێگەیشتنێک ڕاڤەکردنەو هەموو ڕاڤەکردنێکیش دەکەوێتە ناوجیهانی زمانەوە، لەبەرئەوە گادامێر پێیوایە گرنگترین ڕەهەندی جێبەجێکاری پرۆسەی هێرمۆنتیکایە (کولوقلي،٢٠١٣،٤٥). هەموو ڕاڤەکاری و شیکارییەک وە هەموو پەیوەندییەک بەجیهانەوە، جیهانی زمان گریمانەیدەکات، کرانەوەش بەسەر دەقێکیتردا هەرلەڕێگەی زمانەوەیە، زمانە کە وامان لێدەکات بتوانین لەگەڵ جیهانە جۆراوجۆرەکانی کراوە بەڕووی زۆری توانای تێگەیشتندا پەیوەندیبکەین (Grondin، ٢٠٠٦، ١٢١).

هەریەک لە هایدگەر و گادامێر پێیانوایە زمان بنەڕەتی بوونی مرۆڤە، ئەو واتا زمان گوزارشتە لەبوون وڕاستیی دروستکراوێک (کولوقلي،٤٦،٢٠١٣). کەواتە زمانی گادامێری ناوەندێکە(الوسيط-Mediateur) لە پرۆسەی تێگەیشتندا، پرۆسەی تێگەیشتنیش بەگشتی دەڕوات بەرەو ئەو واتایەی کە بەهۆی کلتووری زمانەوە ڕوودەدات و لە تێگەیشتن و ڕاڤەکردندا دەخرێتەڕوو، چونکە((هەموو شتێکی پەسەند پێویستە بەردەستبێت بۆیان- بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن- ئەوەی کە بڕوای بە تێگەیشتن و ڕاڤەکردن هەیە، بەهەمانشیوە بڕواشی بە زمان هەیە ))(Gadamer، ١٩٦٧, ٤١١-٤١٢) زمان پانتاییەکی فراوانی لە توێژینەوەکانی گادامێردا داگیرکردووە، سەرچاوەیەکە کە هەموو شێوەکانی ڕاڤەکردن، تێگەیشتن، شیکردنەوە، پراکتیزەکردن و هەتا توانەوەی ئاسۆی ڕاڤەکار بە ئاسۆی دەق، لێوەی دەردەچێت. هەرلەبەرئەمەشە کە بەلای توێژەرەوانەوە ڕاڤەکردنەکەی بە ڕاڤەکردنێکی زمانیی دادەنرێت، لێرەوە گرنگی زمانی نووسراو لای گادامێر بەدەردەکەوێت، چونکە گوزارشت لە ژیان دەکات (Gadamer،١٩٦٧, ٤١٢)، بەڵام ڕووداوەکان پەیوەندی بەیەکگەیاندنی

هەیە لەگەڵ بەرامبەردا  لەنێوان قسەکەر و قسەبۆکراودا یان دەق بە زمانێکی تر دەدوێت. لەسەر ڕاڤەکاری پێویستە زمانە ڕاستەکە بدۆزێتەوە بەمەبەستی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە، واتە زمانێکی گونجاو کە دەقێک دەردەبڕێت بەزمانێکیتر. لەپێناو ئەوەی گوتاری یەکێکیان بەساغی و بەڕەسەنی تێبگەین، واباشترە کە ڕۆبچینە ناو ئەزمونەکەیەوەو لەگەڵ ئەزموونەکەیدا بژین، وەک ئەوەی کە ئەزموونی تایبەتی خۆمانبێت، ئەمەش باوەڕداریتی بۆ زیاد دەکات. باشترین نمونەش بۆئەمە پرۆسەی وەرگێران و ژیانی وەرگێڕە لەناو زماندا، چونکە کێشەی ڕاڤەکاری بە زانینی زمانی دووەم کاملنابێت، بەڵکو لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەگەڵ زمانەکەدا بژی و هەوڵی تێگەیشتنی بدات، هەتا دایالۆگ و بەیەکگەیشتن سەرکەوتووبێت، ئەمە بۆ وەرگێڕو ڕاڤەکاریش ڕاستە کەدەیانەوێت دەقێک وەربگێڕن. بێگومان پێویستە کە لەگەڵ ڕەگەزە زمانییەکانی نێو دەقەکەدا هەڵبکات، بەلاَم ئەگەر لێکگەیشتن نەبوو پرۆسەی وەرگێڕانیش سەرکەوتوو نابێت، ئەمەی دواییان لای گادامێر سروشتێکی ڕاڤەکاری لەخۆگرتووە، لەبەرئەوە بەلای ئەوەوە ڕاڤەکاری زمانی ڕاڤەکاریەکی گشتی و سەرجەمیانەیە، مەبەست لە واتای گشتیی تێگەیشتن،هاوبەشیکردن، دایالۆگ و ڕەگەزەکانی تری ڕاڤەکردنە کەبەهۆیەوە تێگەیشتن ڕوودەدات. جیهانیبوون و سەراپاگیریی زمانی گادامێری تەنها لەوئاستەدا نەوەستا، بەڵکو تێپەڕاندوو بووە (( کیانێکی جیاواز لە پێکهاتەی زمانیی و شێوازی گوزارشتکردن و توانای زاڵ بەسەر گوتارو ئاماژەدا وەک ئەوەی کە لەزمانی (زاراوەیی و زمانی زیندوو) دا دەیبینین ))(توفیق ، ٢٠٠٢، ١٣٩) .

واتا، لای گادامێر بەدۆزینەوەی واتای شاراوەی پشت وتنەکان و بینای شێوەی دەربڕینەکان کامڵ دەبێت. لێرەدا واتا شێوازێکی تێگەیشتنی جیهان و شتەکانیشە، ئێمە لەڕێگەی زمانەوە لەجیهان تێدەگەین و پەیپێدەبەین، لێرەدا سروشتی ئەنتۆلۆجی سەرهەڵدەدات کە گادامیر بە زمانی بەخشی و پێشتر لە مامۆستاکەی هایدگەرەوە وەریگرتبوو، کە وا لەزمانی دەڕوانی وەک ئەوەی بنەڕەتی بوونی مرۆڤایەتیبێت (کولوقلي،٢٠١٣، ٤٥). گادامێر لەسەر ڕەهەندی ئەنتۆلۆجی زمان سووربوو، ئەو پێیوابوو بێمانایە ئەگەر پێمانوابێت کە زمان تەنها هۆکارێکی گوزارشتکردنی ناو ناخمانە، بەڵکو ئەو زەمینە پتەوەیە کە هەموو بیر تیایدا سەرهەڵدەدات ئەو پێش ئێمە بوونی هەبووە، لەمبارەیەوە دەڵێت:((ئێمە پێدەگەین و زانیاری لەبارەی خەڵکەوە بەدەستدێنین و لەکۆتایشدا خۆمان دەناسین، کاتێک کە فێربووین گفتوگۆبکەین، فێربوونی قسەکردن بەواتای فێربوونی بەکارهێنانی ئامرازی ئامادەکراوی پێشوەختە نییە بۆ ڕێکخستنی جیهان، بەڵکو بەواتای بەدەستهێنانی زانیاری و گونجاندنە لەگەڵ  خودی جیهاندا و شێوازی ڕووبەڕوو بوونەوەی بۆمان))(توفیق ، ٢٠٠٢، ١٣٩) ئەمەش بەواتای ئەوەدێت کە زمان لای گادامێر بریتییە لە دۆزینەوەی جیهان و ڕاستیی.

جیهان ئەو زەویە هاوبەشەیە کە هەموو کەسێک پێکەوە دەبەستێتەوە لە چوارچێوەیدا پێکدەگەن. زمانیش ئەو هۆکارەیە کە وادەکات ئەو پێکگەیشتنە بێتەئاراوە، تێگەیشتن لەم دۆخەدا ، تێگەیشتنێکی زمانییە، چونکە مرۆڤ لە زماندا دەژیو لەڕێگەی زمانەوە جیهانی تایبەتی خۆی بەدەستدەهێنێت، زمان کات و شوێن تێدەپەڕێنیت. گادامێر دەڵێت: (( جیهانە تایبەتە زمانییەکەمان، ئەو جیهانەی کە تیایدا دەژین، ئەو پەرژینە تەسکە نییە کە ڕێگربێت لە زانینی شتەکان وەک ئەوەی کەهەن،بەڵکو بە پێچەوانەوە جیهانێکی فراوانە هەموو ئەوشتانە لەخۆدەگرێت کە بینینمان دەتوانێت فراوانیبکات، بەدڵنیاییەوە هەرکلتورە و بەجۆرێکی جیاواز جیهان دەبینێت، جیهانە مێژووییەکان بەدرێژایی مێژوو لێکتر جیاوازبوون و لەجیهانی ئەمرۆشمان جیاوازە، جیهان لەهەمانکاتدا هەمیشە جیهانێکی مرۆییە، ئەمەش بەواتای ئەوەیە کە جیهان دروستکراوی زمانە))(مصطفى،٢٠٠٧، ٣٤٤) کەواتە دەتوانرێت بوترێت کە زمان توانایەکی لەڕادەبەدەری هەیە بۆ دروستکردن و دۆزینەوەی جیهانی مرۆیی بەدرێژایی مێژوو، گادامێر لای خۆشییەوە ڕێگەی داوە بە دەق جیهانێک بخوڵقێنیت کە جیاوازبێت لە جیهانی ئێمە.

تێگەیشتن لای گادامێر هەمیشە ڕووداوێکی زمانیی مشتومڕاوی مێژوویی و ئەنتۆلۆجییە، بەمشێوەیە هێرمۆنتیکای گادامێری کاریکردووە بۆ دامەزراندنی فەلسەفەیەکی گشتی بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن کە بەپلەی یەک گرنگیداوە بە زانستە مرۆڤایەتییەکان بەجەختکردنەسەر ڕەهەندەکانی مێژوویی، زمانیی کارامەیی و ئەزموونەکانمان لە جیهاندا، بەڵکو لەمەش زیاتر گادامێر هەوڵیداوە کە بگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندەکانی زمانیی و مێژوویی بۆ تێگەیشتنی مرۆیی،گادامێر جیاواز لە هایدگەر لای لێکردەوە و بەشێوەیەک هەموو ئەو لایەنانە بگرێتەوە کە پرۆسەی ڕاڤەکردن گرنگی پێدەدات و ئەو ئەنجامەشی پێی گەیشت ئەوەبو، هەموو ئەوانەی کە پەیوەستن بە تێگەیشتن و بابەتی تێگەیشتنەوە فاکتەری زمانین، کارەکە لەم ئاستەدا نەوەستا، بەڵکو زیاتر ڕۆیشت تا گەیشتە ئەوەی کە زمان کۆی بیر و بوونە بەگشتی ( کولوقلي، ٢٠١٣، ٤٦).

## - پراكتیزەكردن لە هێرمۆنتیكادا

پراكتیزەكردن ڕەگەزێكی دانەبڕاوە لە پڕۆسەی ڕاڤەكاریدا، بەڵكو كردەی تێگەیشتن بەدینایەت تا هەریەک لەتێگەیشتن و شیكردنەوەو پراكتیزەكردن پێكەوە كۆنەبنەوە، هێرمۆنتیكا لای گادامێر و شوێنكەوتووەكانی تەنها تێگەیشتن و ڕاڤەكردن نییە، بەڵكو پراكتیزەكردنیشە. تێگەیشتن لە زانستە مرۆڤایەتییەكاندا تێگەیشتنێكی مێژووییە، بەواتای ئەوەی لەم زانستانەدا لەدەق تێناگەین هەتا هەرجارەو بە جۆرێكی جیاواز لێی تێنەگەین، مەبەست لەوەیە كە خودی دەق هەرجارەو بەشێوەیەكی جیاواز تێگەیشتنمان لێی پیشاندەدات (Verite et Methode ٣٣١ ).

پراكتیزەكردن لەڕێگەی كارلێكی نێوان دەق و ڕاڤەكارەوەو توانەوەو تێكەڵبوونی ئاسۆكانیانەوە ڕوودەدات وەک گادامێر دەڵێت: ((تێگەیشتن لەدەقی ئەدەبی لەبنەڕەتەوە پراكتیزەكردنێتی بەسەر خۆماندا، وەئەوە تێبگەین كە دەقێک واپێویستبكات بەشێوەیەكی جیاواز لێیتێبگەین، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەكو هەماندەق دەمێنێتەوە كە هەرجارەو بەشێوەیەكی جیاواز خۆیمان پێشاندەدات)) (شرفي، ٢٠٠٧،٤٢) كەواتە تێگەیشتن و ڕاڤەكردن، ناتوانن دابڕاوبن لە ئاسۆی دەق و لەئاسۆی ڕاڤەكاریش، بەڵكو لەگەڵ یەكتر تێكەڵدەبن تاكو تاقیكردنەوەی واتا هاوسەنگیەكەی خۆی مسۆگەربكات، هەموو ئەمەش بەهۆی پرۆسەی پراكتیزەكردنەوە دەبێت(كولوقلي،٢٠١٣، ٤٩).

لەهەموو جێبەجێكردنێكی ڕاڤەكاریدا پراكتیزەكردنێک بوونی هەیە، لەلایەک پراكتیزەكردنی بیر و پێوەركانمان لەسەر دەق و لەلایەكی تریشەوە پراكتیزەی گوتارەكانی دەق و پێوەرەكانی بوونیهەیە لەسەر پێوەرەكانی ئێمە، بەواتایەكیتر دەق لێكدەدینەوەو لەژیانی ڕۆژانەو واقعیماندا پراكتیزەی دەكەین، ئەمەش لە خودێتی خۆمان دووردەخاتەوە و بەرەو دەق ئاراستەمان دەكات بۆئەوەی لەگەڵیدا كارلێكبكەین و ئاسۆمان لەگەڵ ئاسۆی دەقدا تێكەڵببێت.

لەمڕوانگەیەی هێرمۆنتیكاوە بۆ پراكتیزەكردن، ڕەهەندی مێژووییمان بۆ ڕووندەبێتەوە، كە گادامێر هەوڵی بەدیهاتنی دەدات لەپڕۆسەی پراكتیزەكردندا. ئەمەی دواییان ئەو بارودۆخە هەستپێكراوە پیشاندەدات كە دەق و ئیستا پێكەوە دەبەستێتەوەو ڕیگەمان دەدات بە تێگەیشتن لە مێژووی شیكردنەوەكانی دەقێكی دیاریكراو بەوپێیەی كە بەیەكداچوونێكی بەردەوامی نێوان ئاسۆكانی ڕابردوو ئێستایە(شرفي،٢٠٠٧ ، ٢٣). كەواتە تێگەیشتن لە دەق پراكتیزەكردنێتی، لێرەدا بزاوتی تێگەیشتنی مێژوویی كامڵدەبێت كە بیری گادامێری پیوە سەرقاڵبوو، واتە گەڕانەوەی شكۆ بۆ تێگەیشتنی مێژوویی لەڕوانگەی توێژینەوە لەگرنگترین ڕەگەزەكانی ئەزمونی ڕاڤەكاری كە تێگەیشتن، شیكردنەوەو پراكتیزەكردنە وە ئاستی ڕۆڵی ڕاڤەكارە لەم ئەزموونەدا. ئەمانە ئەو هێڵە گشتییانەبوون كە هێرمۆنتیكا لەسەری دەڕۆیشت، لەسەردەستی شلایماخەر كە بە ڕزگاركەری

هێرمۆنتیکا له پاشکۆیەتیی زانستەکانیتر دادەنرێت، وەک توێژینەوە فیلۆلۆجییەکان لەدەقە کلاسیکییەکان و دەقەکانی یۆنان، پێویستێتی گواستنەوەی سەنتەری گرنگیدانی له شیکردنەوەی واتای دەقەکانەوە بۆ توێژینەوە لەخودی کردەی ڕاڤەکردنی هێنایەئاراوەو پێداگریکرد لەداڕشتنی یاسای گشتی بۆ تێگەیشتنی دروست.

تێگەیشتنی بابەتی سەنتەرێتی لەجێبەجێکردنی ڕاڤەکاریدا لای شلایماخەرەوە دەستیپێکرد تا گەیشتە دەلتای کە ڕاڤەکردنی کردە شێوەیەک لە شێوەکانی تێگەیشتن وەپێیوابوو کە ڕاڤەکاری لەلایەک هێمایەکی جیاوازی مرۆڤایەتییە و لەلایەکیتریشەوە شوێنەواری بابەتی ئەزموونی ژیان یان ئەزموونی خودی وەرگرە،وەجەختی لەوەدەکردەوە کە پرۆسەی تێگەیشتن ئەنجامی دیالۆگی نێوان ئەزموونی خودی وەرگرو ئەزموونی ئەو بابەتێتیەیە کەدەق وێنایدەکات(کولوقلي، ٢٠١٣،٥٠).

لەدوای (دەلتای) و بەهاتنی(هایدگەر)و( گادامێر) هێرمۆنتیکا ئاڕاستەکەی گۆڕا، ئەمان وایانکرد کە هێرمۆنتیکا ببێتە کردەیەکی فەلسەفی لەڕوانینی بۆ بنەڕەتی تێگەیشتن و توانای بەدیهاتنیدا، بەجۆرێک کە هایدگەر جەختکردنی پرۆژەی شیکردنەوەو تێگەیشتنی گەڕاندەوە بۆ سروشتی تێگەیشتنی مێژوویی و ئەنتۆلۆجی دامەزراو لەسەر بوون لە جیهاندا، ئەوەی کە دواتر گادامێر گەشەی پێدا، بەوپێیەی کە تێگەیشتن تەنها ڕووداوێکی ئەنتۆلۆجی نییە، بەڵکو زمانیشە، پێیوابوو کە بوونی ڕێزداری تێگەیشتن، زمانە و گەڕان بەدوای جیهانی ڕاستیدا بەهۆی زمانەوەیە، چونکە زمان بنەڕەتی بوونی مرۆڤە.

تێگەیشتن لای گادامێر لەبۆشاییەوە دروستنابێت، بەڵکو بەهۆی پەیوەندی بەیەکداچووی نێوان (تێگەیشتن،ئاسۆ ومێژوو)وەوەیە، هەموو ئەو پەیوەندییانە کاری ڕاڤەکارە کە بەگرنگترین ڕەگەزی بەشداری پرۆسەی ڕاڤەکردن دادەنرێت و ئەوپرۆسەیەش بەتێگەیشتن و شیکردنەوە دروستدەبێت. بەمشێوەیە هێرمۆنتیکا بەشدارییەکی گەورەیکرد لەجەختکردنەوەلەسەر دۆزینەوەی بەشداریکردنی یەکلاکەرەوەی خودی ڕاڤەکار لەپرۆسەی ڕاڤەکردنداو پێویستی ڕەچاوکردنی و شیکردنەوەی لەجیاتی شاردنەوەی، ئەم پرۆسەیە بوارو هەلێکە بۆ ناسینی خودو بیناکردنی خودێکی کامڵترو باشتر، هەرئەمشە کە لای ڕابەرانی تیۆری وەرگرتن دەیبینین، بەتایبەت لای( هانز ڕۆبەرت یاوس) (کولوقلي، ٢٠١٣، ٥١).

## کاریگەری هێرمۆنتیکا لەسەر تیۆری وەرگرتن:

سەبارەت بە گرنگترین ئەو چەمک و تێڕوانینانەی کە( هێرمۆنتیکا) لەخۆیگرتووە و تیۆری وەرگرتنیش وەک تیۆرییەکی ئەدەبیی نوێ کەوتۆتە ژێرکاریگەری ئەوەوە، دەتوانین بەدیاریکراوی و لەپێناو زیاتر ڕوونبوونەوە ئەو کاریگەرییە باس لەم خاڵانەی خوارەوەبکەین کە وەک ڕایەڵەیەک لە نێوانیدا بوونی هەیە:

١- خودی هێرمۆنتیکا کە کردەی ڕاڤەکردن کرۆکەکەی پێکدەهێنێت، گرنیداوە بەڕاڤەکردن لەپێناو تێگەیشتندا، خۆی لەخۆیدا خاڵیکی سەرەکی و گرنگی ئەو ڕایەڵەی کاریگەریە یە لەنێوانیاندا، تیۆری وەرگرتنیش بەهەمان ئاراستە کار لەسەر دەق دەکات و پشتبەست بەپاشخانی زانیاری و ڕۆشنبیری خوێنەر لەڕێگەی لێکدانەوەی دەقەوە دەیەوێت بگاتە واتا.

٢- وەکچۆن لای گادامێر پڕۆسەی تێگەیشتن کاتێک ڕوودەدات کە ئاسۆی واتاکان و پێشبینییە مێژووییەکان لەگەڵ ئەو ئاسۆیەی کە بابەتێی دەق لەخۆدەگرێت تێکەڵدەبن، بەهەمانشێوە لای (یاوس)یش لەپڕۆسەی تێگەیشتن لەکارێکی ئەدەبی بەلایەوە پێویستە کە دان بە بەهای ئاسۆکانی پێشوودا بنرێت، دوای خوێندنەوەی وردی دەق سەرهەڵدانی کردەی کارلێک دۆخەکانی گونجان و نەگونجانی ئاسۆکان و نائومێدی و گۆڕانی ئاسۆکان سەرهەڵدەدات، لەنێوان ئاسۆی دەقو ئاسۆی خوێنەردا، ئەمپڕۆسەیەش لەقۆناغەکانی تێکەڵبوونی ئاسۆکان توانەوەی ئاسۆکان بەدەرنابێت، ئەو چەمکەی کە گادامێر جەختی لێدەکردەوە (توانەوەی ئاسۆکان) یان (تێکەڵبوونی ئاسۆکان)بەهەمانشێوە ( یاوس) یش سوودی زۆری لەم چەمکە بینیوە لە تێڕوانینەکانیدا لەبارەی کارلێکی نێوان خوێنەرو دەق و پڕۆسەی بەرهەمهاتنی واتا دا.

٣- هەروەک چۆن لە پڕۆسەی تێگەیشتندا لەڕوانگەی هێرمۆنتیکاوە ڕەهەندە مێژووییەکەی دەق ڕۆڵی گرنگی هەیەو تێگەیشتن لای گادامێر، لە بۆشاییەوە دروستنابێت، بەڵکو بەهۆی پەیوەندی بەیەکداچووی نێوان(تێگەیشتن،ئاسۆ و مێژوو) وەیەو لە پڕۆسەی پراکتیزەکردندا بەرەو زانینی مێژووی شیکردنەوەی دەقێک دەچین بەوپێیەی بەیەکداچوونێکی بەردەوامی نێوان ئاسۆکانی ڕابردوو ئێستایە و ئەمەش کردەی تێگەیشتن بەرهەمدێنێت، بەهەمانشێوە لای(یاوس)یش یەکێک لەو هۆکارانەی کە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئاسۆی چاوەڕوانی ئەو زانیاریانەیە لەبارەی کارەکانی پێشووەوە هەن، مەبەست لێی ئەوەیە کە هیچ دەقێک لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بێگومان کە بنەڕەت و سەرچاوەیەکی بیریی، زانیاری و ڕۆشنبیری خۆی هەیە. هەموو دەقێکی نوێ لەسەر پاشماوەی دەقی کۆن بیادنراوە کەپێش ئەم کەوتوون و خوێنەر دەتوانێت پێیانبگات و لێکدانەوەیان بۆبکات .

٤- لۆجیکی پرسیارو وەڵام  وەک چەمکێک کە یاوس لە گادامێری خواستووە  لەپێناوگەیشتن بە واتا، گادامێر پێیوابووە کە دەق پرسیار لای ڕاڤەکار دروستدەکات و ئەم پرسیارانەش بە درێژایی ماوەی ڕاڤەکردنەکە لە پەیوەندییە دایالۆگییەکەی نێوان دەق و ڕاڤەکاردا دەمێنێتەوە،ئەوکەسەی کەبیەوێت تێبگات دەبێت بپرسێت چی ڕوودەدات، پێویستە لەسەری وەک وەڵامی پرسیارەکە ئەوەبزانێت کە ئەگەر چووینە پشتی ئەوەی کە دەوترێت. کەواتە ئێمە لەواتای دەقەکە تێگەیشتووین لەڕێگەی بەدەستهێنانی ئاسۆی پرسیارەوەو بەپێی ئاسۆکە پێویستیی وەڵامێتر بوونی هەیە.

٥- گادامێر لەپرۆسەی ڕاڤەکردندا سێ فاکتەری گرنگی دەستنیشانکردووە، کەبریتیین لە: (تێگەیشتن، شیکردنەوەوپراکتیزەکردن)، وەبەلای ئەمەوە هەتا ئەم سیانە پێکەوە کۆنەبنەوە پرۆسەی ڕاڤەکاری کاملنابێت، لەژێرکاریگەری ئەمتیروانینەدا(یاوس)پێیوایە کە تێگەیشتن هەمیشە دەکەوێتە پێش ڕاڤەکردنەوەو، پاشان ڕاڤەکردنیش شێوەیەکی دیاری تێگەیشتنە، پرۆسەی ڕاڤەکردن لەهەمانکاتدا خودی دارشتنەوەی واتایە، لەم میتۆدەدا بونیادنانەوەی ئاسۆی چاوەڕوانی ئەو پرسیارانەیە کە سەردەم هەڵیگرتوون، کەواتە ئەوە ڕووندەبێتەوە ستراتیژیەتی ئیستاتیکای وەرگر لەخوێندنەوەدا پەیوەستە بە پرۆسەی تێگەیشتن لە خوێندنەوەی دەقدا (مەنتک، ٢٠١٨، ١٤١-١٤٢).

## خوێندنەوەی هێرمۆنتیکی- ڕاڤەکاری (القراءة التاويلية):

ڕاڤەکاری بریتییە لە شیکردنەوە و تێگەیشتن و گەڕانە بەدوای واتای دەقدا لە پەیوەندی بە داهێنەر یان پەیوەستبوونی بە کۆنتێکست، چەق و گواستنەوە مەبەستگەراییەکان. ڕاڤەکاری لەگەڵ شیکارییە دەروونییەکانی فرۆیددا دەستپێیکرد، چونکە ئەوەی کە شیکارێکی دەروونی دەیکات بریتییە لە لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی بەئاگایی و بێئاگایی.

گادامێر لەکتێبەکەیدا بەناوی(ڕاستی و ڕێگا)(الحقيقةوالطريقة)لەساڵی١٩٧٥زدا بەمشێوەیە هەوڵەکانی بەدەردەکەوێت ((مەبەستی نووسەر هەرچیبێت واتای دەقی ئەدەبی بەدەرناکەوێت ئەگەر ئەو مەبەستانە ڕەچاوبکرێت، دەقی ئەدەبی وەستاو نییە، بەڵکو بەناوەندی مێژوویی و ڕۆشنبیریی جیاوازدا تێدەپەڕێت، ئەم ڕاستییەش واتای نوێ و جیاواز بەدیدێنێت کە لە دەقەکەدا دەبینرێت، ئەو واتایەی کەخودی نووسەر وێنای نەکردووە ناتوانین لەهیچ دەقێک بگەین لە کۆنتێکستێکی ئەدەبیدا، بەڵکو ئەوەی کە دەق بۆمان دەگوازێتەوە دەوەستێتە سەر سروشتی ئەو

پرسیارانەی کە لە دەقەکەی دەکەین، هەروەها دەشوەستێتە سەر تواناکانمان لە تێگەیشتنی ئەو کۆنتێکستە مێژووییەی کە دەقەکەی تێدا نووسراوە، دەتوانین بچینە نێو جیهانی نامۆی کارە ئەدەبییەکانی پێشووەوە، بەلاّم هەمیشە ئەو جیهانە نامۆیە لەگەلّ جیهانی تایبەتیماندا تێکەلّدەکەین)) (کارتر ،٢٠١٠، ٨٩).(گادامێر) پێیوایە ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی لەڕێگەی دۆزینەوەی ئەو دابونەریتانەیە کە هەموو پێکهاتەکانی ئەدەبی تێدا بەشدارە، هەروەها پێویستیشە کە لە خوێندنەوەی ڕاڤەکاریدا پشت بە بەرهەمە کلاسیکیەکان ببەسترێتو ڕەچاوی نووسەر، کارەکە و کۆنتێکستە مێژووییەکەی بکرێت،ئەمەشی بە(بازنەی ڕاڤەکاری)ناودەبرد. لەمجۆرە خوێندنەوەیەدا پێویستە باس لەڕەخنەگری ئەمریکی(ی .د. هیرش جونیور)بکرێت کە زۆر کاریگەربوو بە فەلسەفەی دیاردەگەرایی (هۆسرەلّ) و ڕەخنەی زۆری لە (هایدگەر) و (گادامێر) دەگرت هەرچەندە لە هەندێک خالّیشدا لەگەلّ ( گادامێر) دا هاوبەشبوون ،(هیرش) لەکتێبەکەیدا بەناوی (ڕاستگۆیی لە لێکدانەوەدا ) ( الصدق فی التفسير)کە لە سالّی ١٩٦٧دا نووسیوێتی پێیوایە کە (( ئەو لێکدانەوە ڕاست و جۆراوجۆرانەی کە بۆ دەق دەکرێن پێویستە هەموویان بگونجێن لەگەلّ واتای مەبەستداری نووسەرەکەدا هەروەها هیرش لەگەلّ گادامێردا کۆکە لەسەرئەوەی کە دەق ڕەنگە شتی جیاواز بگەیەنێت بۆ کەسە جیاوازەکان لە کاتە جیاوازەکاندا، بەلاّم جیاکاری دەکات لەنێوان واتا و گرنگیدا، واتا بە نەگۆڕاوی دەمێنێتەوە، بەلاّم گرنگی دەق ڕەنگە بگۆڕێت کاتێک کە کۆنتێکستە مێژووییەکە دەگۆڕێت)) (کارتر، ٢٠١٠، ٩٠) لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینەدا ڕەنگە ئەو پرسیارانە دروستببێت کە چۆن مەبەستی نووسەر بزانرێت؟ وەچۆن لەوە بگەین کە واتا نەگۆڕە، بەلاّم ئەوەی کە دەگۆڕێت گرنگی دەقە بە پێی تێپەڕبوونی کات؟ بەلاّم ئەوەش ڕوونە کە واتا لە ڕەخنەگرێکەوە بۆ ڕەخنەگرێکیتر دەگۆڕێت، لەمبارەیەوە (داڤید کارتەر) لەکتێبەکەیدا بەناوی ( تیۆری ئەدەبی) (النظرية الادبية) ووە دەلّێت: (هیرش) گریمانەی ئەوە ناخاتەڕوو کە دەتوانین هەمیشە مەبەستی نووسەر بزانین، بەجۆرێک ڕەنگە لەئێستادا نەتوانرێت بزانرێت، ئەمە هیچ لە هەلّوێستی بنەڕەتی فەلسەفی ئەوی نەگۆڕی بەوەی کە واتای دەق بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕەهایە و هەولّدەدات نەگۆڕێت، لێرەدا کاری ڕەخنەگر بریتییە لە بیناکردنەوەی دەقەکە ، مەبەستی هێرش لێرەدا عورفە ئێستاتیکییە گشتییەکانە، هەروەها تێڕوانینی ڕەخنەگرەکەیە کە بڕیار لەواتای مەبەستداری نووسەر دەدات . کێشەی هیرش لەوەدایە کە پێیوایە واتا بە چاوپۆشین لەو زمانەی کە گوزارشتی لێدەکات ڕەنگە هەبێت، لەلایەکیتریشەوە کێشەیەکی تریش بریتییە لەوەی کە زۆربەی کات زۆر ئەستەمە جیاوازیبکرێت لە نێوان ئەوەی کە نووسەر دەیگەیەنێت لەدەقدا کاتی نووسینی و لەگەلّ ئەوەی کە ڕەخنەگر دەیگەیەنێت ، بۆیە هێلّی جیاکەرەوەی نێوانیان بەئاسانی ناتوانرێت بکێشرێت (حمداوی ، ٢٠١٥، ١٣).

## خوێندنەوەیەکی هێرمۆنتیکی بۆ دەقی(مەی چارەیە) ی(مەلای جزیری):

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، لەبەرگرنگی و کەمی ئەمجۆرە لەخوێندنەوە لە ڕەخنەی کوردیدا پێمانباشە وەک نمونەیەکی پراکتیکی خوێندنەوەیەک بۆ دەقێکی کوردی بکەین بۆ ئەم مەبەستەش دەقێکی (مەلای جزیری) شاعیر ڕاڤەدەکەین.

مەلای جزیری یەکێکە لە شاعیرە بەتواناکانی ئەدەبی کلاسیکیی کوردی لەبواری ئەدەبی عیرفانیدا، ئەمجۆرە ئەدەبەش وەک دەزانرێت گەلێک زاراوەی خواستووەو لەبواری دونیای ئەدەبی عیرفانیدا بەکاریهێناوە، بابەتەکانی (مەی، ساقی و پیاڵەو)گەلێکیتریش لەو بابەتانەن کە لەڕووکەشدا و لای خوێنەرانی ئاسایی لەدەقدا وەک بابەتێکی دونیایی دەبینرێن و لێیتێدەگەن، بەڵام لەڕاستیدا و لای خوێنەرانی بەئاگا و خاوەن ڕۆشنبیرییەکی قووڵ کە دەتوانن ڕۆبچنە نێو قوڵایی دەقەوەو کۆدەکانی شیبکەنەوە، درک بەوەدەکەن کە لە دەقی عیرفانیدا ئەم بابەت و زاراوانە مەدلولێکی تر وەردەگرن کە هەمووخوێنەرێک ڕەنگە پەیان پێنەبات و واتا فەرهەنگیەکانی ئەو زاراوانە واتای دەقەکە پێکناهێنن .

یەکێک لەو زاراوانەی کە لە دەقەکانی مەلای جزیری شاعیردا دەیبینین (مەی یاخود شەراب)ە، لە قورئانی پیرۆزدا  بە دوو شێوە ئاماژە بە (مەی یاخود شەراب) کراوە، جارێکیان خەسڵەتێکی نەرێنی لەخۆ دەگرێت و وەک هۆکارێکی مەستبوونی مرۆڤەکان سەیرکراوە، بۆیە خواردنەوەی بە تاوان ئەژمارکراوەو دواجار نەهی لێکراوە وەک لە سورەتەکانی (المائدة) ئایەتی(٩٠)دا هاتووە ((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ )) و(البقرة) ئایەتی (٢١٩)ی قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێدراوە((يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا ۗ وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ)).

جارێکیش واتایەکی ئەرێنی  لەخۆدەگرێت و وەک پاداشتێک دەبەخشرێتە ئەو ئیماندارانەی کە لە بەهەشتدان وەک لە سورەتی(الانسان) ئایەتی (٢١)دا ئاماژەی هاتووە ((عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُنْدُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ ۖ وَحُلُّوا أَسَاوِرَ مِنْ فِضَّةٍ وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا ))، بۆیە دەتوانین بڵێین:  ئەو شەرابەی کە شاعیر باسی لێوە دەکات لەئاماژەی دووەمەوە سەرچاوە دەگرێت و بەشێوە ئەرێنیەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. لای(مەلای جزیری) جیاواز لەو مەیەی کە کەسانێک کاتێک دەیخۆنەوەو پێی مەست دەبن و بێئاگادەبن لەدونیا، ئەو کاتێک مەی دەنۆشێت دەکەوێتە ئەوپەڕی بەئاگایی خۆیەوەو لەوساتانەدا بەخۆشی گەیشتنە وەسڵی یارەکەی مەستدەبێت  بۆیەش دەبینین ناونیشانی دەقەکە

خۆی لەخۆیدا جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە (مەی چارەیە) مەی چی چارەسەر دەکات؟ ئایا چۆن مامەڵەی لەگەڵ(مەی)دا کردووە؟ئایا شاعیریش وەک کەسانی ئاسایی بۆ دەربازبوون لە کێشەکانی دونیا، پەنا بۆ مەی دەبات یان بەپێچەوانەوە لەپێناو مەستبوون لە عەشقی خودادا مەی دەنۆشێت؟ ئایا ئەو مەیەی ئەو دەینۆشێت چییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەو بۆ ڕاڤەکردنی دەقەکە، دەچینە نێو دەقەکەوە کاتێک دەبینین شاعیر دەڵێت:

دیسان ژ نو بێ حالە دل ساقی وەرین جاما زوجاج
موشتاقی خەمرا ئالە دڵ لێ خۆشی ئانی بت میزاج

ساقی کو دیم مە هوەش بتن کاکول ژ شیڤا ڕەش بتن
فەرقەن بلا ئاتەش بتن ئەم دێ بوی دل کین عیلاج (ئامێدی ، ١٣٦١، ١٧٣)

واتا مەیگێڕ بەو پیاڵە بلورینەی خۆت سا بادەیەکم بۆ بێنە وا سەرلەنوێ دڵ بێحاڵەو ئارەزووی بادەی ئاڵ دەکات، هەر بمگاتێ دەستبەجێ دڵم خۆشدەبێتەوە. ئەگەر مەیگێڕ وەک مانگ جوانبێ و کاکۆڵی وەک شەو ڕەشبێ با مەیەکەی کە دەمانداتێ جەرگیش بسوتێنێ ئێمە گوێیپێنادەین، چونکە دەردی دڵمان تیماردەکا.

دەبینین شاعیر پەنای بۆ مەی بردووە تاکو چارەیەک لە دەردی دڵی بکا، نەک بێهۆشبێت و ئاگای لەخۆی نەمێنێ، ئەم هیچ باکی بە سووتانی جەرگی نییە بەو بادەیە، چونکە بەدەرمانی دەردی خۆی دەزانێ. زیاتر لەمە شاعیر لەبەیتی دواتردا تەواو تێڕوانینی خۆیمان لەبارەی (مەی)ەوە بۆ دەردەخات و ئەو خوازیارە شەرابێکی ئاگرین نۆشبکات تاوەکو دڵی زیندوو بێتەوە سینەی داغبکات و بێتەوە هۆش خۆی و لەو شەوەزەنگی تاریکییەدا ڕێگەی بۆ ڕۆشنبێتەوە بە ئەوین و خۆشەویستی خودا وەک دەڵێت:

ئەم بوی دڵ حەی بکین پێ سینە داغ و کەی بکین
صەد مەنزلان پێ طەی بکین ئەودێ دسەیرێ کەت ڕەواج

بێ نوور و ناری موحبەتێ بێ نەقش و صونعی قودرەتێ
ناچین مەقامی وەصڵەتێ (نور لنا و اللیل داج) (ئامێدی، ١٣٦١ ، ١٧٤)

شاعیر پێیوایە کە تاکو شەرابی خۆشەویستی نۆش نەکات ناگاتە وەسڵی خۆشەویستەکەی، تا لە کۆتایی دەقەکەیدا مەلای جزیری دەڵێت:

چەهڤێن بەلەک قەوسێن هەلەک چەرخ و فەلەک غالب مەلەک
(في حبها عمري دلک) ( و الحب يجرى في عجاج)

شاهید هەزار خەمملین ڕەقص و سەما پێ کەملیین
ئیرۆ ( مەلا) ئەم صەد دلین ساقی وەرین جاما زوجاج (ئامێدی، ١٣٦١ ، ١٧٦-١٧٧)

لەم کۆڕی بەزم و سەمایەدا کە زۆربەی سەماکەران و وەک فریشتە و پەرین، چاوی بەڵەک و برۆی کەوانی ئەو نازدارە دەردێکی گرانی داوە بەمن، لەم بەزمەدا دڵبەران بەهەزار شێوە خۆیان ڕازاندۆتەوە و کۆڕێکی زۆر کامڵ و بێ کەموکوڕییە، ئێمە کە لەسەدلاوە دڵمان لەتلەت بووە ساقی وەرە دەردی دڵمان بەو پیاڵەیەی دەستت تیماربکە.

لەکۆتایدا دەڵێین: ڕاڤەکردنی ئەم دەقەی مەلای جزیری پێویستی بە تێپەڕاندنی واتای فەرهەنگی زۆرێک لەوشەکانی وەک ( مەی، بادە، ساقی، سەما، کۆڕی بەزم، ئەوین و خۆشەویستی) هەیە تاکو بگەینە واتای بنەڕەتی دەقەکە و پێمانوایە مەلای جزیریش ئەم دەقەو دەقەکانیتریشی بۆ خوێنەرانی ئاسایی نەنووسیوە، بەڵکو ئەو ڕووی لە خوێنەرانی دەستەبژێرە و پەی بەوەبردووە کە ڕۆژانێک دەبێت خوێنەرانێکی بژاردە لەدەقەکانی دەگەن و ڕاڤەی دەکە .

## ٢-فینۆمینۆلۆجیا :

لەبەرئەوەی فینۆمینۆلۆجیا کاریگەری زۆری هەیە لەسەرتیۆری وەرگرتن بۆیە بەمەبەستی باشتر تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی چەمکی تیۆری وەرگرتن بەپێویستییەکی بابەتیمانزانی کە لەبارەی فینۆمینۆلۆجیاوە بدوێین و ڕوونیبکەینەوە دواتر ئەو پەیوەندییەی کە هەیەتی بە تیۆری وەرگرتنەوە دەربخەین.

### زاراوە :

فینۆمینۆلۆجی یان دیاردەگەرایی لەزمانی ئینگلیزیدا phenomenology ولەزمانی عەرەبیدا (الظاهراتية) و لەزمانی کوردیشدا(دیاردەگەرایی یان دیاردەناسی) بۆ بەکارهێنراوە. (ئەسوەد، ٢٠١٥ ،٣٢٧) ئێمەش هەوڵدەدەین یان خودی زاراوەی فینۆمینۆلۆجیا یان دیاردەگەرایی بەکاربهێنین چونکە خوێنەران زیاتر بەو دوو زاراوەیە ئاشنان .

لەبنەڕەتدا (فینۆمینۆلۆجی) وشەیەکی یۆنانییە لەدووبەش پێکهاتووە (فینۆمینە + لۆجی) ، یەکەمیان، واتە (فینۆمینە)لەزمانی یۆنانیدا بۆ شتێک بەکاردەهێنرێت کەخۆی دەردەخات و بوونی ئاشکرابووە، ئێمەش ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەزموونی هەستەکییەوە دەیناسین و پێویست ناکات بیر لەبوونی بکەینەوە، وەک لە(کتێبەکانی سەر مێزەکەم) دا دیارە (کتێبەکان و مێزەکە) فینۆمینە، واتە دیاردەن و من دەیانبینم، ئەو پرسیارەشم لادروستنابێت کە کتێبەکان و مێزەکە هەن یان نا.

بەشی دووەمیش(لۆجی- لۆگی) لە(لۆگۆس)ەوە هاتووە، لای یۆنانیەکان بەچەند واتایەکی جیاواز باسکراوە، هەر لە( هیراکلیسەوە بۆ ئەرستۆ)، بەلاَم لێرەدا بەواتای (لێکۆڵینەوە یان زانست) هاتووە، کەواتە واتای زاراوەکە دەبێتە (زانستی فینۆمینە)واتە ( زانستی دیاردەکان). (کەمال، ۲۰۱۹،۱۲).

## چەمک :

فینۆمینۆلۆجی((قوتابخانەیەکی فەلسەفی نوێیە، پشت بەشارەزایی هەست دەبەستێت بۆناسینی دیاردەو شتەکان. بایەخ بەتوێژینەوە لەدیاردەکان دەدات بۆتێگەیشتن لەناوەڕۆکیان... لەڕوی زمانەوانییەوە ئەو واقیعە دەرەکیە دەگرێتەوە کە کار لەهەستەکان دەکات وەک دیاردە فیزیایی و کیمیاییەکان ئەو واقیعە دەروونییەش دەگرێتەوە کە لەهەستەوە درکی پێدەکرێت، وەک دیاردەکانی هەڵچوون و ئیرادەگەری، بەلاَم لەرووی فەلسەفییەوە ئەوشتانە دەگرێتەوە کە لەپرۆسەی درککردندا خۆبەخۆ ڕووبەڕوی مرۆڤ دەبنەوە)) (ئەسوەد، ۲۰۱۵، ۳۲۷).

فینۆمینۆلۆجیا لەناو جیهانی فەلسەفەدا گەشەیکردوو لەناو مێژوو، مەعریفەو زانستە کۆمەلاَیەتییەکاندا ڕۆڵی گەورەی گێراوە، بەشێوەیەک ئامادەبوونی بەردەوامی هەیە لەڕۆشنبیری قۆناغی مۆدێرنەو دوای مۆدێرنەشدا، زۆرێک لە فەیلەسوفانی بوونگەرایی و هەڵوەشاندنەوە سوودیان لە فینۆمینۆلۆجیا بینیوەو تائیستاش هێڵی گشتی فینۆمینۆلۆجیا لەناوەندی هزری و ڕەخنەی جیهانیدا بوونی هەیەو کاری پێدەکرێت.

فەلسەفەی دیاردەگەرایی لە باروودۆخێکی ڕۆشنبیری، کۆمەلاَیەتیی و دەروونیی تایبەتی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا دەرکەوت. (هۆسرەڵ۱۸۵۹-۱۹۳۸) لەو قۆناغەدا فەلسەفەیەکی نوێی خستەڕوو کە تیایدا بەرپەرچی چەمکی (ساغ)ی دایەوە و پێیوابوو شتەکان بوونی بابەتییان هەیە دوورن لە بیناو تێگەیشتنمانەوە (کارتر، ۲۰۱۰،۸۵).

هۆسرەڵ بیروو بۆچوونێکی خستەڕووکە لەڕێی گرنگیدان بە هۆشیاری مرۆیی و پەیپێبردنە مرۆییەکانەوە بۆ دەوروبەرو بۆ بوون بوو، چونکە ئەم فەلسەفەیە ئامانجی ئەوەبوو لەڕاستی بکۆڵێتەوە لەڕێگەی دەرکەوتنی ڕاستەوخۆی شتەکان بۆ وەرگر، ئەو پێیوایە(دیار)ئەو ڕاستییەیە کە

لەپشتەوەی شتەکان خۆی شاردۆتەوە، بەمشێوەیە پێناسەی (دیار)ی کردووە:((بریتیە لە ڕووداوە هەستپێکراوەکان لەڕێگەی هەستەکانەوە، ئەو هەستانەی کە سەرچاوەی زانیارین بەشێوەیەکی گشتی ))( شارەزووری، ٢٠١٥، ١٥).

هۆسرەڵ فەلسەفە دیاردەگەراییەکەی لە دووتوێی دووبەرگی کتێبێک لەساڵی ١٩٠١ دا خستەڕوو بەناونیشانی (لێکۆڵینەوە لۆژیکییەکان) کە تیایدا لەزۆربەی بابەتە فەلسەفییەکانی کۆڵیوەتەوە لەڕوانگەی (لەپێشبوونی ئەزموونەوە )ئەویش لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان، وەک چۆن بۆ بیر دەردەکەون بەوپێیەی بابەتگەلێکی مەبەستدارن ( کەمال، ٢٠١٩ ، ٢٧) .

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان هۆسرەڵ، نموونەی درەختێک دەهێنێتەوە و دەڵێت: ئەو درەختە ئەو شت و بابەتە ئامادەیەی سروشتە کە پەیپێدەبەم لەناو باخچەکەدا، ئەو درەختە درەختێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام با چاو بنوقێنین و ئەو درەختە لەبیری خۆمان بەرینەوەو بیر لەبیرۆکەی درەخت بکەینەوە، چونکە لەو کاتەی سروشت بابەت و بواری جیاجیای وەک ڕووەک، درەختی سنەوبەر، یاخود گوڵی جوانمان پێشکەشدەکات، بیر دەتوانێت تەنها وێنەیەک یاخود بیرۆکەیەکی پوخت یان ماهیەتێکی دوورەدەستی باڵا بەسەر گشت وێنەلاوەکیەکاندا هەڵبژێرێت، ڕاستە بیرۆکەی درەخت لە(قەد، لق و گەڵا )پێکهاتووە، ئەمە ئەو شێوازە گشتییەو کرۆکە هاوبەشەیە کە خۆی بەسەر بیرکردنەوەمان لە درەختێک دەسەپێنێت، بەڵام لە کۆتاییدا بیرە پوختەکان و ماهیتە باڵاکانن کە بیروبۆچونمان ڕێکدەخەن و واتا دەبەخشنە بابەتەکان، ئەمەیە بواری توێژینەوەی دیاردەگەرایی، لەم خاڵەوە دیاردەگەرایی وەک ڕێبازێکی نوێی فەلسەفی سەریهەڵداو دەستی بەچالاکی کرد (دورتیة ، ٢٠٠٩، ٥٥٧).

جیهان لای هۆسرەڵ بەشێکە لە خودی هۆشیار، بەهەمانشێوە خودیش بەشێکە لە جیهان، چەمکی هۆشیار لای ئەم ئەوەدەگەیەنێت کە هەبوون و واتا پێکەوە گرێدراون، چونکە نەشت بەبێ کەس بوونی هەیە و نەکەسیش بوونی هەیە بەبێ شت، کەس و شت لەڕوانگەی دیاردەگەراییەوە، دوو ڕووی یەک دراون ( شارەزووری، ٢٠١٥، ١٧) .

هەر لەمتێڕوانینەوە دەتوانین فەلسەفەی دیاردەگەرایی ببەستینەوە بە ئەدەبەوە، فینۆمینۆلۆجیا کاتێک لە ناو ڕەخنەی ئەدەبیدا کاردەکات، دونیابینی و میتۆدەکەی نزیککردنەوەی شارەزایی ژیانە لەناو دەقدا، کاتێک مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، چ وەک نووسەر چ وەک خوێنەر، ئەو هۆشیارییەی دەقەکە دروستدەکات لەگەڵ ئەو هۆشیارییەی کە لە دەقەکەوە بەرهەمدێت، ئەنجامی کردەی هۆشیاریی خۆیەتی، مرۆڤی بیرکەرەوە بەردەوام بەرەو بابەتەکە ئاڕاستەدەکرێت،

هەرئەوەش چوارچێوەی بیروبۆچون و وێناکانیەتی. هۆسرەڵ ئەم پەیوەندییە جەدەلیەی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی، خود و بابەتەکە، کار و بونیادەکەی ناودەنێت (مەبەستداریێتی– القصدية).

ڕەخنەگرانی فینۆمینۆلۆجی پێداگری دەکەن لەنێوان دەق و جیهانی دەرەوەی دەقدا، چونکە لای ئەوان دەق بەرجەستەکەری هەستی دانەر یان خوێنەرە، لەبەرئەوەی پێیانوایە جیهانی دەق و جیهانی واقیع لەیەکترەوە نزیکن تەنها شۆکە ئیستاتیکییەکەی دەقەکە وادەکات مرۆڤ بەشێوەیەکی کاتی لە جیهانی واقعی دووربکەویتەوە.( سعيد، ٢٠٠٦،١٢).

ئەم تیۆرییە گرنگی زۆردەدات بەخوێنەر و ئەوەی کەلەدەقدا خوێنەر دەوروژێنێت بێگوێدانە دەقەکەو کەسێتی نووسەرەکەی، بەڵکو جەختدەکاتەسەر هەموو ئەوانەی کە خوێنەر دەوروژێنێت و ئەو ڕۆڵەی کەدەبینێت لە تەواوکردنی دەقدا (حسيني، سهرابي،٢٠١٧ ، ٨٠).

لەڕاستیدا هەردوو چەمکی باڵایی (التعالی) و مەبەستداریێتی (القصدية)، دوو چەمکی دیاردەگەرایین کە زۆر کاریگەرییان لەسەر وەرگر یان خوێنەر هەیە، بەشێوەیەک کە ڕۆڵی کاریگەریان لە پەیوەندی نێوان خود( ذات)ی وەرگر و بونیادی دەقەکەدا هەیە.

سەبارەت بە چەمکی باڵایی (التعالی)، هۆسرەڵ مەبەستی لەم چەمکە ئەوەیە کە واتای بابەتی کاتێک دروستدەبێت کە دوای ئەوەی دیاردە واتایەکی پوختی لە هەستدا هەبێت، واتە دوای چوونی لە جیهانی هەستپێکراوی دەرەوە بۆ جیهانی ئاگایی پوختی ناوەوە (صالح،٢٠٠١، ٣٤). (ئینگاردن)ی خوێندکاری هۆسرەڵ ئەمچەمکەی هەمواركردەوە بۆ پراکتیزەکردنی لەسەر کاری ئەدەبی بۆی دەرکەوت کە ئەدەب بەرهەمی کارلێکی نێوان پێکهاتەی دەق و کاری تێگەیشتنە.

چەمکی مەبەستداریێتی ( القصدية)یەش، مەبەست لێی ئەو ساتەوەختەیە کە خوێنەر مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات بەبێ گوێدانە پێدراوە پێشوەختەکان و ئەزموونەکانی ڕابردوو. (هۆسرەڵ)یش لەمامۆستاکەی کەناوی(برینتانۆ)بوو وەریگرت، (واتا)لەڕێگای تێگەیشتنی خودیی تاک و هەستی مەبەستگەرایی ئێستاییەوە، پێکدێت( غزلان،٢٠١٢، ٦٤). دیارە هەست لەم فەلسەفەیەدا جیاوازە لە هەستی بابەتی سایکۆلۆجیا، (هەست)لای ئەمان کردەیەکی خودیی باڵاییە کەتەواوکەری شتی دەرەکی درکپێکراوە. هۆسرەڵ مەبەستیبوو لەڕێگەی چەمکی مەبەستگەراییەوە ململانێی نێوان (ئەقڵانی و ماتریالی) و (ئایدیالیزم و میتافیزیک) نەهێڵێت، بنەمای ئەم میتۆدەشی لە (کۆجیتۆ)ی (دیکارت)ی فەیلەسوفی فەرەنسیەوە وەرگرتووە، وەک لەوتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: (من بير دەکەمەوە کەواتە من هەم ). ئەمە بنەمایەکی پتەوی بۆ فەلسەفەی ئایدیالیزم دروستکرد، بەڵام هۆسرەڵ ڕەهەندێکی تر بەم وتەیە دەبەخشێت و دەیگۆڕێت بۆ پرەنسیپێکیتر بەناوی (کۆجیتاتۆم)، بەواتای(من بیر لە شتێک دەکەمەوە،کەواتە خودی بیرکەرەوەی من بوونی هەیە). لێرەدا هۆسرەڵ

کەدەڵێت: (من بیر لەشتێک دەکەمەوە)، ئەوا پەنادەباتەبەر(شت) لەدەرەوەی(خود)، کەواتە هۆسرەڵ (شت)ی ماتریاڵی لە دەرەوەی خودو(بیرکردنەوە)ی ئایدیاڵی پێکەوە کۆدەکاتەوە(ئەسوەد، ۲۰۱۵، ۳۲۸-۳۲۹).

یەکێک لە بنەما گرنگەکانی فەلسەفەی دیاردەگەرایی ئەوەیە کە بڕیاری کۆتایی بەهەڵواسراوی دەهێڵێتەوە، ئەمە واتا (بوون) لە نێوان دووکەوانەدا دابنرێت و هیچ بڕیارێکی ڕاستەخۆی بەسەردا نەدەین هەتا دەتوانین بەشێوەیەکی ڕاستەقینە (بوون) بناسین و لێی تێبگەین، واتە ئەممیتۆدە چ لە میتافیزیکاو چ لەزانستدا باوەڕی بە ڕاستیی ڕەها نییە، بەبڕوای ئێمەش ئەم لایەنە یەکێکە لەو لایەنانەی کەتیۆری وەرگرتن سوودی لێبینیوەوکارییێکردووە لەبواری خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا، چونکە بەهەمانشێوە ئەمتیۆرەش باوەڕی بەواتای ڕەهانییەو پێیوایە واتای دەق لەگۆڕانی بەردەوامدایە، بەگۆڕانی خوێنەرەکانی و باکگراوندی هزرییان لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، واتای جیاواز بۆدەق بەرهەمدێت.

زۆرێک لە چەمکەکانی ئەم فەلسەفەیە کە لەلایەن هەریەک لەهۆسرەڵ وئینگاردنەوە داهێنراون، گۆڕاون بۆ بنەمای تیۆری و چەمکی کارپێکردن، بەمەش تیڕوانینی خودیی بۆتە خاڵی دەستپێک لە دیاریکردنی بابەتداو وەهیچ ڕێگەیەک نییە بۆ درکپێکردن و بینینی بابەتی لەدەرەوەی درکپێکردنی خودیدا، هەروەها دیاردەش بوونی نییە لەدەرەوە ئەگەر خودێک درکیپێنەکردبێت. ئەم بیروبۆچوونانە کە ڕابەرانی دیاردەگەرایی باسیان دەکرد، شوێنی خۆیانگرت لەوتێڕوانینەی کە بەرەو خوێنەر دەڕۆشتن بەتایبەت وەک ئاماژەمان پێدا لای تیۆری وەرگرتن(صالح، ۲۰۰۱، ۳٤).

## ئاستەکانی پێکهاتنی بنیادی دەقی ئەدەبیی لای (ڕۆمان ئینگاردن):

کاریگەری(ڕۆمان ئینگاردن)لەسەر(ڤۆلگانگ ئایزەر)، بەتایبەت بیروڕاکانی لەبارەی ئاستەکانی بینای کاری ئەدەبی بەڕوونی هەستپێدەکرێت، ئینگاردن باس لەچوار ئاست دەکات سەبارەت بە پێکهاتنی بنیادی بنەڕەتی دەقی ئەدەبی، کە پێمان باشە ئەو ئاستانە بناسین و لێیان تێبگەین بەتایبەت کە پەیوەستە بە دەقی ئەدەبییەوە، ئەوئاستانەش بریتین لە:

### ١- ئاستی پێکهاتنی دەنگیی:

ئینگاردن لەمئاستەدا جەختیکردۆتەسەر بنیادی زمانیی، ئەو پێیوابوو کە کاری ئەدەبی بریتییە لەپێکهاتەی زمانیی پێکهاتوو لە(وشە،ڕستەوکۆنتێکست)، ئەم ئاستانە لەڕێگەی داڕشتنە دەنگییەکەی و پەیوەندی بەواتاوە ڕۆڵیکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی درککردندا، کەواتە درکپێکردن یەکەم ساتە کەخوێنەر ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەکاتی خوێندنەوەی دەقێکدا، دەتوانرێت ناوبنرێت بە قۆناغی درکپێکردنی هەستی، چونکە هەریەک لە هەستەکانی بینین و بیستن ڕۆڵی گەورەیان هەیە تیایدا، لەڕێگەی ئاماژەی بیستراو و نووسراوەوە لەم ئاستەدا، خوێنەر درک بە بەدوایەکداهاتنی وشەکان و بە واتا نزیکو سنووردارەکانیشیان دەکات، بەجۆرێک هەموو وشەیەک واتایەکی هەیە کە لەڕێگەیەوە خوێنەر دەگاتە بابەتە مەبەستدارەکە.

لەم ئاستەدا ئینگاردن گرنگییەکی تایبەتی بە لایەنی دەنگی وشەکان داوە و وشەکانی دابەشکردووە بۆ دووجۆر:

- وشە زیندووەکان (Living Words) ، بریتیین لەو وشانەی کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەکاری ئەدەبیدا ئەویش لەڕێگەی ئەو واتا ئێستاتیکیانەوە کە ئەم وشانە زیادیدەکەن بۆ دەقەکە ئەمەش دیاردە جۆراوجۆرەکانی دەنگ دەگرێتەوە وەک: (کێش، سەرواو ئیقاع)، ئاستی پێکهاتنی دەنگیی وەک تویکلێک وایە بۆ ئاستەکانیتر، واتا لەمئاستەدا پەیوەستە بەدەنگی وشەکانەوە، مەبەست لە دەنگەکان واتایەکی دیاریکراوە و بوونی واتاکانیش پێویستی بە بوونی دەنگیی وشەکانە وەک گوزارشتێکی دەرەکی لێی.

- وشە مردووەکان(Lifeless Words)، مەبەستی ئینگاردن لەمجۆرە ئەو وشانەن کە واتایەکی دیاریکراو و ڕوون دەگەیەنن و ئەرکیشیان دیاریکراوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ڕووکاری دەنگی وشەکان، وشەکان سیفاتە گوارزشت کراوەکەیان لە شێوەی دەربڕینیاندا وەردەگرن، وەکئەوەی کە بەپێی تۆنی دەنگەکە واتاکەشی دەگۆڕێت، بۆنمونە، دەربڕینی وشەکان بە شێوەیەکی بەرز یان نزم، بە هێواشی یان توڕەیی. ئینگاردن ئەمەی ناوناوە (دەنگە بینراوەکان) کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە بیناکردنی بەهای ئێستاتیکی دەقی ئەدەبیدا لەڕێگەی کاریگەریی لەسەر ئاستەکان بەتایبەتی دەتوانرێت تێبینی ئەو کاریگەرییە لەدەقی شیعریدا بکرێت، وەک ئەوەی کە لەکوێدا دەتوانرێت هەست بەکاریگەری قەسیدەیەک لە وروژاندنی گوێگردا بکرێت، بەتایبەتی لە و دەقانەی کە کێشی شیعرییان تیادا بەهەند وەنەگیراوە، بۆ نمونە لەهەندێک شیعری هاوچەرخی کوردیدا، لەبەرئەوەی پابەندبوونی شاعیران بە کێشەوە وەک سەردەمی

کلاسیک نییە بۆیە شاعیر زۆرجار بەمەبەستی بەجێهیشتنی کاریگەری لای گوێگر لەبری کێشی شیعری، پەنا دەباتە بەر ئاواز و تۆنی خوێندنەوەکەی، دیارە لێرەدا مەبەست لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەیە، چونکە باس لەئاستی دەنگ دەکەین، لەنووسیندا ئەوە نابینرێت وەرگرەکانیش هەریەکە بەشێوەیەک دەق لێکدەداتەوە ناتوانرێت لەچوارچێوەیەکدا بچەسپێنرێت، سەبارەت بە خوێنەریش لێپرسراوێتی خوێندنەوەی شیعری دەکەوێتە ئەستۆ بەو شێوەیەی کە گرنگی دارشتنە دەنگیەکان و دەربڕراوەکان زیاتر ڕووندەکاتەوە بەتایبەتی لەوەرگرتنی دەقی گۆکراودا، وشەکان لەکوێوە بێجگە لە واتا سادەکەی خۆیان، واتای تر وەردەگرن(حفیظة زین،٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٤٩). لەڕاستیدا ئەم ئاستە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە ئاستی دواترەوە کە بریتییە لەئاستی یەکە واتاییەکان.

## ٢- ئاستی یەکە واتاییەکان:

ئینگاردن پێیوایە کەدارشتنی دەنگیی هەیە پەیوەستە بەڕستەوە یان بەدوایەکداهاتنی ڕستەکان لەدەقێدا، ئەمەی بە دارشتنی ئاستی بالاّ ناوبردووە. لەبیناکردنی ڕستەیەکی دەنگیدا کاریگەری دولایەنە هەیە لەنێوان دەنگ و واتادا، لەوکاتەی کە کۆنتێکست کاریگەری هەیە، واتاش پەیوەندیو پەیوەستبوون دروستدەکات لە نێوان بەدوایەکداهاتنی وشەکان و ڕستەکاندا. دەنگەکان کاریگەری دروستدەکەن لەسەر ئەوەی کە ئیقاع بەدیدێنێت و ئاوازیش بەهای واتا زیاد دەکات (سەجع و جیناس..) وای لێدەکات کە لەدڵی خوێنەری نزیکی بکاتەوە. ئەمئاستە بەلای ئینگاردنەوە لەهەموویان گرنگترە، لەبەرئەوەی هەیکەلی کارەکە پێکدینێت هەروەها ئاستەکانی تر دیاریدەکات لەڕێگەی بەخشینی واتا پێیان کەهۆکارێکیشە بۆ بوونیان (عبدالمسیح،٢٠٠٦، ٤٥٠).

ئینگاردن گرنگیداوە بە توێژینەوەی ڕستەکان لەکارێکی ئەدەبیدا، چونکە پێکهێنەری سەرەکی واتان، لەبەرئەوەی کە وشەیەک بەتەنها دەرناکەوێت لەڕێگەی ڕستەوە نەبێت، ئەوەش یەکێتییەکی ئەرکی و مەبەستدارێتیە. ئەرکییە، چونکە بەدیهاتووی پێکهاتەیەکی ڕێزمانی زمانە  کە بەهۆیەوە وشە هاتووەکان و هاوسێکانیشی واتایان دیاریدەکرێت. مەبەستدارێتییە، چونکە ئاماژەدەر و داهێشتنی ڕووداوە نوێنراوەکانن. لەکاتێکدا وشە ئاماژەیە بۆ تەنها یەک بابەتی هاوشێوە، ئەو بابەتانەشی پیشاندەدرێن ڕستەکان و وشەکان دەریاندەخەن، ئینگاردن بە(بابەتەکان)یان(تێڕوانی مەبەستداری پوخت) ناویان دەبات( خضر، ١٩٩٧ ، ٨٥).

لەڕاستیدا ئینگاردن گرنگییەکی تایبەتی بەمئاستەداوە وبەچەقی هەموو ئاستەکانیتر دایدەنێت تەنانەت بە مەرجێکی بوونی واتای ئەدەبی دەزانێت و ئەمئاستەش دابەشدەکات بۆ(یەکەکانی واتای تایبەت بە وشە) و (یەکەکانی بالاّتری واتای تایبەت بەڕستە و ڕستەی لێکدراو) بەشێوەیەک کە

واتای وشەکان دەگۆڕێن کاتێک دەکەونە کۆنتێکستی ڕستەیەکی نوێوە، هەمانشتیش بۆ ڕستە ڕاستە کاتێک دەکەوێتە کۆنتێکستێکی تازەوە، بەمشێوە تازە و تازەتر دروستدەبێت. ئەم واتا بالآیانەی پەیوەستن بە ڕستەو کۆنتێکستەکانەوە، تازەدەبنەوەو یاسای ڕستەی تاک دروستدەکەن لەڕێگەی ئامانج و مەبەستی گشتییەوە کەڕستە تەنهاکان و وشەکان ڕووی تێدەکەن ئەم وشەو ڕستانە پێویستە بەوردی لەڕیزبەندی وبەدوایەکداهاتنیاندا بخوێنرێنەوە بۆ گەیشتنە ئامانجی گشتی بابەتی ئیستاتیکی، بەڵام بەکارهێنانی (ئینگاردن) بۆ ئەم پەیوەندییە دوورە لە ڕاڤەکردنەوە تاکو جەختبکاتەوە لەپەیوەندی بەهێزی نێوان دوو ئاستەکەی واتا( ئاستی پێکهاتنی دەنگیی)و(ئاستی یەکە واتاییەکان)، بەپێی پۆلێنکردنی ئینگاردن ئەوشتەگرنگەی باسیکردووە ئەوەیە کە واتا نمونەیی نییە، بەڵکو ئەوە بینینەکانە کەنمونەیین((بەجۆرێک وشەیەکی خاوەن یەک واتا دەتوانرێت لە چەند شوێنێکی جیاوازو بەشێوەی جیاواز بەکاربهێنرێت، ئەمەش دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی واتای جۆراوجۆر)) (توفیق، ٢٠٠١، ٤١٦). ئینگاردن ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ بوونی فرە واتایی بۆ بینینێکی نمونەیی بۆ هەمان بابەت، لێرەوە بینینی نمونەیی ڕەنگە فرەڕووکەشیی بەدەستبێنێت و واتاکانیش هیچ نین بێجگە لە دیاریکردنی ئەو ڕووکەشیانە، دواتر ڕۆڵی خوێنەر بریتییە لە بەدیهێنانی ئەو دیاریکراوانە لەڕێگەی پێدانی خوێندنەوەیەکی دیاریکراو کە نوێنەرایەتی بەشێک لەو بینینە نمونەییە بکات ئەمەش ئەو نمونەیی نەبوونەی واتا بوو کە ئینگاردن جەختی لێدەکردەوە(حفیظة زین،٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٥) . واتاکان گۆڕانکاری ودەستکاریکردنیان بەسەردادێت، لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر و لە کۆنتێکستێکەوە بۆ کۆنتێکستێکی تر. کەواتە وشە واتایەکی دیاریکراو وەردەگرێت لەڕێگەی کردەیەکی مەبەستداری بەخشەری واتای نانمونەییەوە کە خودی خوێنەرەکە سەرچاوەیەتی، بەڵام کارێکی ناواقعییە ببەسترێتەوە بە ئامانجی خودەوە ، ئینگاردن لە شیکردنەوەیدا بۆ یەکە واتاییەکان پێیوایە(( واتای مەبەستدار، بەوپێیەی کە لەڕستەدا ڕەسەنە، نابێتە بەشێک لەو کردە هۆشیارییە مەبەستدارانەی کەتێیدا ئەوواتایە دیاریدەکرێت))(توفیق ، ٢٠٠١، ٤١٦) . لەبەرئەوە واتا پشتدەبەستێت بە کردەی هۆشیاریی، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو واتایە ناسرێتەوە بە ونبوونی کردەی مەبەستداریی تاک، هەمان واتا ڕەنگە چەندینجار دووبارە ببێتەوە لە کردە هۆشیاریە نوێکاندا، لێرەوەیە کە ئینگاردن بۆچوونەکەی کورتدەکاتەوە و پێیوایە کە واتا بەشێک نییە لە کردەوە دەروونییەکانمان (مەبەست لە کردەوە دەروونییەکان، ئەو کردەوەو دیاریکردنانەیە کە لەدۆخی بەئاگایی خودییەوە سەرچاوە دەگرن)(حفیظة زین،٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٥١). لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین: کە ئەمشیکردنەوە وردەی ئاستی یەکە واتاییەکان کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر بیرو بۆچوونەکانی(ئایزەر)و لە تیۆری وەرگرتندا ڕەنگیداوەتەوە بەتایبەت لەتێڕوانینی بۆ نمونەیی نەبوونی واتادا، ئەویش پێیوایە واتای نمونەیی بوونی نییە بۆ دەق، واتاکان هەمیشە لە دووبارەبوونەوەدان بەهۆی کردەی کارلێکی نێوان خوێنەرو دەقەوە لەپرۆسەی خوێندنەوەدا.

### ٣- ئاستی بابەتە نوێنراوەکان( طبقة الموضعات المتمثلة):

ئینگاردن جیاوازی دەکات لەنێوان بابەتە نوێنراوەکان و بابەتە واقعییەکاندا لەڕووی کات و شوێنەوە، ئەو لەم جیاکاریەدا شوێنپێی(ئەرستۆ) لەجیاوازی نیوان جیهانی ڕەمزی و لاسایکردنەوە و جیهانی سروشتیدا هەڵگرتووە.

جیهانی ڕەمزی لای ئینگاردن دووجۆر کات لەخۆدەگرێت: کاتێکی نوێنراو و کاتێکی واقیعی، لەکاتی نوێنراودا ڕابردو، ئیستاو داهاتوو وەک چرکەساتێکن کە یاساو ڕیزبەندی ڕووداوە پیشاندراوەکانی دەقی ئەدەبیی وێنەی دەکات. کاتی واقیعیش پەیوەستبووە. لەکاتێکدا کە کاتی نوێنراو لەدەقی ئەدەبیدا بەشێوەیەکی پەرتپەرت دەردەکەوێت، بەڵام کاتی واقیعی ناتوانێت بۆ ساتی ڕابردوو بگەڕێنرێتەوە، بەڵام کاتی نوێنراو دەتوانێت بەهۆی گۆڕانی شێوازەوە وابکات کە ساتی ڕابردوو زیندووەو دەدرەوشێتەوە وەک ئەوەی کە ئامادەبێت. ئینگاردن پێیوایە کە کات و شوێنی نوێنراو بابەتی دیارینەکراو لەخۆدەگرن، کاتێک نووسەر ڕۆمانێک  دەنووسێت دیمەنێک لە ژوورێکدا ڕوودەدات هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ شوێنی چواردەووری ژوورەکە ئەمە واتای ئەوەیە کە یەکە واتاییەکان شوێنی دەرەوەیان بەدیاریکراوی نەگەیاندووە، بەڵام لەبەرئەوەی شوێنی نوێنراو دەبێت وەک شوێنی واقعیبێت، بۆیە ئێمە بەشداردەبین لە نواندنی شوێنی دەرەوەی چواردەوری ژوورەکە هیچکات  نە ئەوەدەڵێین و نە لەوباوەڕەشدا دەبین کە سنووری ئەو شوێنە نوێنراوە لە دیوارەکانی ئەم ژوورەدا کۆتاییدێت (خضر، ١٩٩٧، ٨٨).

پێگە دیارینەکراوەکان ( مواقع اللاتحدید)، بەشێکی گرنگی ئەم ئاستە  پێکدەهێنیت، بەجۆرێک کە خاسیەتێکی دیاریکراوی بابەتەکانی ئەم ئاستە لەخۆدەگرێت لەبارەی بابەتە واقیعیەکانی کە دیاریکرا و تەواوکراون، بەڵام بابەتە نوێنراوەکان بەتەواوی  دیارینەکراون بەهۆی دیارینەکراویی زۆرێک لە خاسیەتەکانیانەوە، بۆیە لە وەسفکردنیاندا دارشتنێکی هیڵکاریانە بەکاردەهێنرێت، بۆنمونە کاتێک نووسەرێک باسی کەسێتییەک دەکات بەناوی (هاوژین) لەوکاتەدا خوێنەر خۆی لەبەردەم چەند بژاردەیەک و ئاڵۆزییەکی زۆر و پرسیارگەلێکدا دەبینێتەوە، ئایا ئەو کەسێتییە (ژنە یان پیاو، منداڵە یان گەورەیە ، شویکردووە یان ژنی هێناوە ، باڵای بەرزە یان کورتە)  وەچەندین سیفاتیتر کە خوێنەر پێویستی پێیدەبێت بۆ دیاریکردنی شووناسی ئەم کەسێتییە بەوردیی بۆیە ئینگاردن پێیوایە ئەم بابەتە نوێنراوانە  پێویستییان بە پڕکردنەوەو تەواوکردنە بۆئەوەی ئاڵۆزی نەمێنێت و دەق دیارییبکرێت(حفیظة زین،٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٥٢).


## ٤- ئاستی ڕووکەشە هێڵکارییەکان ( طبقة المظاهر التخطيطية):

ئەم ئاستە وەک پەیکەرێک وایە کە جەستەی دەرەوەی لێپێکدێت، دابڕاونییە لە ئاستەکانیتر، دیاریکردنی لەخوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکیتر بەپێی لێهاتووییان جیاوازە، ئینگاردن لێرەدا جەخت لەوەدەکاتەوە کە((ڕووکەشە هێڵکارییە دیاریکراوە پێشوەختەکان بەسەربەخۆیی دەمێننەوە لەو ڕەگەزو وردەکارییانەی کە پێیان پڕدەکرێنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ لێهاتوویی تاکەکان کە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازە )) (توفيق ،٢٠٠١، ٤٢٨). بۆنمونە کاتێک ڕۆمانێک دەخوێنینەوە لە ڕۆمانەکەدا ڕووداوەکان لەشارێکدا ڕوودەدەن، ئەوەی خوێنەر مەزندەی دەکات لە شەقام، کۆڵان و شوێنەکان ئەمانە هەموویان ئینگاردن بە ڕووکەشە هێڵکاریەکان لە ڕۆماندا ناویان دەبات کە دیارینەکراون. لەمئاستە دا کردەیەکی ئاڵۆز هەیە بەجۆرێک کردەی تێگەیشتن بەزۆر قۆناغدا تێدەپەڕێت. خوێنەر واتای وشەکە لەزمانە بنەڕەتییەکەیەوە دەزانێت، بەڵام دەبێت درکبەوەبکات ئەو واتایە گۆڕانکاری و دەستکاریکردنی تێدا دەکرێت لە ڕستەو کۆنتێکستی تازەدا ئەمەش وادەکات کە وشەکە واتای تر بگەیەنێت کە ئەرکی تایبەتی لە پێکهاتەی زمانەوانیدا بەهۆیەوە جێبەجێدەکات کە دیاریکراوە بەهۆی بونیادی سیمانتیکییەوە، بۆیە پێویستە کەخوێنەر مەبەستی واتا لەناو کۆنتێکستەکەدا بدۆزێتەوە، نەک دابڕاولێی.

ئەمئاستەش یەکێکە لەو ئاستانەی کە بونیادی دەقی ئەدەبیی لێپێکدێت، دەقی ئەدەبیی گرنگی بەدیاریکراوە وردەکان نادات، بەڵکو بە بەردەوامی پەنادەبات بۆ شێوازی قەرەبووکردن، واتە وردەکارییەکان بە ئاماژەی هێمایی لەدارشتنە زمانەوانیەکەیداو ئەو ڕێگایانەی کە بابەتەکانی پێشاندەدات قەرەبوو دەکاتەوە. خوێنەریش بەهۆی کردەی درککردن و میکانیزمی تێگەیشتنەوە ڕۆڵی دەبێت بۆ کاری وەڵامدانەوەو پڕکردنەوەی بۆشاییەکان. دواتر ئەم ئاستە گەشەی پێدرا بۆ چەمکی (بۆشایی دەق) لای ( ئایزەر)(صالح، ٢٠٠١ ، ٣٨).

بەکورتی دەڵێین: ئەوەی لەم ئاستانەی سەرەوەدا هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە تێڕوانینەکانی ئینگاردن،کاریگەری زۆریان لەسەر (ئایزەر) دروستکردووە بەتایبەت لەڕووی پرۆسەی پێکهاتنی واتاوە، لای ئینگاردن واتا لەهەریەکێک لەو ئاستانەدا شێوازێکی پێکهاتنی هەیەو پێکەوەش دیسان بەشداردەبن لەپرۆسە گشتییەکەدا. لەئاستی یەکەمدا دەبینین ئینگاردن پێیوایە دەربڕینی دەنگیی وشەکان کارلەسەر واتاکانیان دەکەن و لەئاستی دووەمیشدا پەیوەندی نێوان وشەکان و ڕستەکان لە پێکهاتنی واتادا ڕۆڵی خۆیان هەیەو هەرچی ئاستی سێیەمیشە کە پێویستی بە کارایی خوێنەرە بۆ بەرهەمهێنانی واتا. ئایزەریش لەژێر کاریگەریی هەمان تێڕوانیندا باس لەپرۆسەی پێکهاتنی واتا دەکات لەڕێگەی کارلێکی نێوان خوێنەرو دەق لەپرۆسەی خوێندنەوەدا ،سەبارەت بە ئاستی چوارەمیش بۆتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی چەمکێکی جێبەجێکاری لای ئایزەر کەئەویش چەمکی

بۆشایی دەقە.هەرلەمڕوانگەیەوە بەپێویستمانزانی لەسەر ئەمئاستانەی واتا لای ئینگاردن بوەستین، ئەم تیرِوانینەش دەتوانین لەم هێڵکارییەدا دەربخەین.




(حفیظة زین، ٢٠٠٤-٢٠٠٥، ١٠١)

## کاریگەری فینۆمینۆلۆجیا لەسەر تیۆری وەرگرتن :

ئەگەر بمانەوێت ڕایەڵەکانی کاریگەریی فینۆمینۆلۆجیا لەسەر تیۆری وەرگرتن بدۆزینەوە، ئەوا پێمانوایە کە پێویستە بەدوای ڕەنگدانەوەی بیروڕاکانی بیرمەندان و فەیلەسوفانی فینۆمینۆلۆجیادا لای ڕابەرانی تیۆری وەرگرتن بگەڕێین بۆ ئەمبەستەش دەتوانین پوختەی ئەو کاریگەریانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

١-وەک پێشتریش ڕوونمانکردەوە کە بیروڕاکانی ئینگاردن بەتایبەت ئەوەی لەبارەی پێکهاتنی واتاو ئاستەکانی واتاوەبووە لەدەقدا کە دابەشیکردبوون بۆ چوار ئاستی بەشدار لەپرۆسەی بەرهەمهاتنی واتا، ئایزەریش لەژێر کاریگەریی هەمان تێڕوانیندا باس لەپرۆسەی پێکهاتنی واتا دەکات لەڕێی کارلێکی نێوان خوێنەرو دەق لەپرۆسەی خوێندنەوەدا بە بەشداریکردن و کارابوونی چەمکە کردەییەکانی وەک(خوێنەری ناوەوە، بۆشایی دەق، ڕوانگەی گەڕۆک و لێکدراوی سلبی) کەهەریەکەیان لە شوێنی خۆیدا بەدرێژی لێی دەدوێین.

٢- سەبارەت بەئاستی چوارەم کە ئینگاردن بە ئاستی ڕووکەشییە هێڵکارییەکان ناویدەبات و باس لە قەرەبووکردنەوە دەکات لە دەقدا، واتە لەبری گرنگیدان بە دیاریکردنی وردەکاریەکان دەق لەڕێگەی ئاماژەو هێماوە قەرەبووی ئەو وردەکارییانە دەکاتەوەو ئەو پێیوایە کە ئەرکی خوێنەرە درک بەمە بکات لەپێناو پرۆسەی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی واتادا، ئایزەر گەشەی بەم ئاستە دا و چەمکی بۆشایی دەقی هێنایە ئاراوە کەبەیەکێک لە چەمکەکانی ئەو دادەنرێت لە پرۆسەی کارلێکی نێوان دەق و خوێنەردا لەپێناو بەدیهاتنی واتادا.

٣-سەبارەت بە نموونەیی نەبوونی واتا یاخود نەبوونی واتای کۆتایی، هەروەک چۆن ئینگاردن جەختی لێدەکردەوە بەتایبەت لەئاستی یەکە واتاییەکاندا، پێیوابوو کە واتا لەگۆڕانی بەردەوامدایە و زۆرجار شوێنکەوتەیان لەڕستەو کۆنتێکستەکاندا واتای نوێیان بۆدەستەبەردەکات، ئەم تێڕوانینەی ئینگاردن کرۆکی بیرەکانی(ئایزەر) پێکدەهێنیت و لەتیۆری وەرگرتندا بەکاریهێناوە، بەتایبەت نمونەیی نەبوونی واتا. بەهەمانشێوە لای ئایزەریش واتای کۆتایی بوونییەو بەردەوام لەسێبەری خویندنەوە نوێکاندا واتای تازە بەدەستدێت و ئەو واتایانەش، لەخوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکیترو بەڵکو لای هەمان خوێنەر لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر جیاواز دەبێت، ئەم پرۆسەیەش بە حوکمی کارابوونی چەند چەمکێکی ڕێکاری دێتەئاراوە لەوانە (بۆشایی دەق،خوێنەری ناوەوە و ... هتد) کە بەدرێژی لەبارەی هەموویانەوە لەشوێنی خۆیاندا دەدوێین.

٣-هەرچی چەمکەکانی (ئاسۆی چاوەڕوانی) و( توانەوەی ئاسۆکان )و ( گۆڕانی ئاسۆ)کانە کە یاوس سوودی لێبینیون و بەکاریهێناون لە پرۆسەی خویندنەوەی دەقدا، لە هەریەکە لە (هۆسرەڵ)

و(گادامێر)ی وەرگرتوون و لە بواری فینۆمینۆلۆجیا و هێرمۆنتیکاوە گواستیۆتیەوە بۆ بواری دەقی ئەدەبی و پراکتیزەی کردوون. لەبنەڕەتدا چەمکی (ئاسۆ) یاوس لە گادامێرەوە خواستویەتی لای گادامێر ئەمچەمکە واتای کارلێکی نێوان ئاسۆی ئێستای دروستبوو لەسەربنەمای پێشبینی پێشوەختەی خوێنەر و ئاسۆکانی ڕابردوو کە لەدەقە خوێندراوەکانی پێشووترەوە سەرچاوەی گرتووە. ئاسۆی ئێستا ناتوانێت پێکبێت یان دروستببێت بەبێ ڕابردوو، ئاسۆی ئێستاش سەربەخۆ و دابڕاو نییە بێگومان ئاسۆی مێژوویی هەیە کە داگیریکردووە، تێگەیشتن بەبڕوای گادامێر لەئەنجامی ڕێڕەوی ئەم ئاسۆیانەوە دەبێت  بەهەمانشێوە (یاوس)یش جەختی دەکردەوە لەسەر پێویستی بەدیهاتنی هاوسەنگی لەنێوان ئاسۆی ئێستاو ڕابردوودا. هەرچی (ئاسۆی چاوەڕوانی) یە لای یاوس کە بریتییە لەوپێوەرو هەڵسەنگاندنانەی کەخوێنەران بۆ بڕیاردان لەسەردەق بەکاریدەهێنن و پێیوایە ئەم ئاسۆیە بەپێی سەردەمو ڕۆشنبیری دەگۆڕێت وە هەرخودی چەمکەکە لەپرۆسەی کارلێکی خوێندنەوەی نێوان دەق و خوێنەردا،  گۆڕانی بەسەردا دێت و چەمکی(گۆڕانی ئاسۆکان)سەرهەڵدەدات کە یاوس لە (هۆسرەڵ)ەو خواستوویەتی ئەوەی کە پاڵنەری گۆڕانی ئەم ئاسۆیە یە ئەوەیە کە مەودایەک دەکەوێتە نێوان کاری یەکەمەوە کە نووسەر دایهێناوە و کاری دووەم کە خوێنەر دایدەهێنێت، هەتا ئەم مەودایەش تەسکتربێتەوە ئەوا دەقیش شتێکی سادەو ساکار دەکەوێتەوە، بە پێچەوانەشەوە بە فراوانبوونی مەودای نێوان کاری یەکەم و کاری دووەم، دەق بەرەو شاکاری هونەری زیاتر دەڕوات و ئەگەری گۆڕانی ئاسۆکانی خوێنەر زیاتر دەبێت.

## خوێندنەوەی فینۆمینۆلۆجی:

هەرچەندە پێشتر باسمان لەفینۆمینۆلۆجیا کردو هەندێک ئاماژەشماندا بە خوێندنەوەی فینۆمینۆلۆجی، لێرەدا هەوڵدەدەین بەدیاریکراوی لەسەر خوێندنەوەی فینۆمینۆلۆجی بوەستین و ئەوە ڕوونبکەینەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات.

خوێندنەوەی فینۆمینۆلۆجی پێیوایە کە خوێنەر بریتییە لە خودێکی هۆشیار کە کارلێکدەکات لەگەڵ دەقداو بوونی پێدەبەخشێت، بەواتای ئەوەی کە دیاردەگەرایی پەیوەستبوونێکی درکپێکەرانە و کارلێکییانە گرێدەدات لە نێوان خود و بابەتدا، کەواتە خود بەبێ بابەت بوونی نییە و بابەتیش بەبێ خود، فینۆمینۆلۆجی پشتدەبەستێت بە تێگەیشتن و لێکدانەوەو مەبەستگەرایی. دواتر(ڕۆمان ئینگاردنRoman Ingarden ) بەوەگەیشت کە بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان بابەت گەلێکی مەبەستگەراپین و بەدینایەن دوای خوێندنەوەیان نەبێت لێرەوە بەرهەمە هونەری و ئێستاتیکییەکان بەرهەمێکی کراوەی واتایی و تەواونەکراون کە پێویستە خوێنەر تەواویان بکات و بۆشایی و

کەلێنەکانیان پڕبکاتەوە بەپێی ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی، ئەم ( دیارینەکراوانە ) پێویستی بە کەسێکە کە لایانببات بەپڕکردنەوەی  بۆشاییەکانی دەقەکە، ئەمەیە ئەو ڕۆڵەی کەخوێنەر دەیبینێت و بابەتی جوانی لە بەرهەمەکە بەرهەمدەهێنێت.

لە ڕوانگەی بونیادی هێڵکاری دەقەوە خوێندنەوە دەچێتە بواری ئێستاتیکاوە بەوپێیەی کە دەرهاویشتەیەکی کردەیی دەقەکەیە، ئەمەش بەهۆی ئەو ئاڵنگارییە تەواوکاریانەی کەخوێنەر ئەنجامیدەدات بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان. هەرچەندە بەدیهاتنێکی نمونەیی دەق بوونی نییەو دوو بەدیهاتنی وەکیەکی دەقیش دروست نابێت، تەنانەت ئەگەر هی هەمان خوێنەریشبێت، چونکە ئەوانە پەیوەندییان هەیە بەلێهاتوویی کەسیی و پاشخانی زانیاری و گۆڕانە شوێنکاتیەکانەوە (المرابط، ٢٠١٠، ١٨٠).

گادامێر پێیوایە کە خوێندنەوە پشتدەبەستێت بەوتێگەیشتنەی کە چەمکە مێژوویی و سیاقییەکان و بڕیارە پێش وەختەکان دایدەهێشتنە سەردەقو دواتر قۆناغی ڕاڤەکردن دەستپێدەکات کە ڕووبەڕووی ئەو بڕیارە پێشوەختانە دەبێتەوە بە پێدراوەکانی خودی دەقەکە، بەڵام لە قۆناغی پراکتیکدا، بەریەککەوتنی لەنێوان خوێندنەوە ڕاڤەکارییە جیاوازەکان ڕوودەدات. گادامێر چەمکی (ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر)ی داهێنا کە دواتر (یاوس)یش لە تیۆریەکەیدا لەبواری خوێندنەوەدا بەکاریهێنایەوە.

ئەم تێڕوانینە دیاردەگەراییە لای فەیلەسوفی وجودی (جان پۆڵ سارتەر)یش دەبینرێت، کاتێک کە لە کتێبەکەیدا بەناوی ( ئەدەب چییە ؟)دا باس لە خوێندنەوەو نووسین و ئەرکی چییە دەکات لە کارلێکی نێوان خودو بابەتدا، ئەدەب بەلای(سارتەر)ەوە شتێک نییە لەخۆیدا و بەهۆی خوێندنەوەوە بوونێکی بۆ پەیدادەبێتو بوونیئەو پەیوەستە بە بوونی خوێندنەوەکەوەو بەبێ پرۆسەی خوێندنەوە دەق جگە لەنووسینێکی ڕەش لەسەرکاغەز شتێکی ترنییە وەک دەڵێت: ((ئەدەب لە خودی خۆیدا شتێک نییە، کیانێکی شێواوە بەهۆی خوێندنەوەوە بوونی بۆ پەیدادەبێت، شتێکی نامۆیە هیچ بوونێکی نییە بەجوڵان نەبێت، پێویستە بهێنرێتە بوون بەهۆی کردەیەکەوە کە پێیدەوترێت خوێندنەوە، ماوەی بوونەکەشی بەدرێژایی ماوەی خوێندنەوەکە درێژە دەکێشێت، بەڵام لەدەرەوەی ئەمەدا شتێک نییە بێجگە لە هەندێک هێڵی ڕەش لەسەرکاغەز))(مرینی،١١٧،٢٠٠٧). لەپرۆسەی خوێندنەوەدا چاوەڕێ دەکەین و پێشبینی کۆتایی ڕستەی یەکەم و دووەم و پەرەکانی تر دەکەین چاوەڕێی دڵنیایی یان بەتاڵبوونەوەی پێشبینییەکانمان دەکەین، پێویستە ئەوەش بزانین کە بابەتی ئەدەبی لەڕێگەی زمانەوە ناخرێتەڕوو هەرچەندە لەڕێگەی زمانەوە پێکدێت، دەق بەسروشتی خۆی بێدەنگە بۆیە دەتوانین هەزار وشە لە کتێبێکدا بخوێنینەوە بەبێ ئەوەی واتاکەی ڕوونبێت، بۆیە واتا بریتییە لەکۆمەڵە وشەیەک، بەڵکو بریتییە لە کۆ ئۆرگانیەکەی و خوێنەریش ناتوانێت بگاتە هیچ

ئەنجامێک هەتا خۆی بەیەکجارو بەبێ هیچ چاوساغێک نەچێتە ئاستی ئەم بیدەنگییەوە. بەمشێوەیە دەبینین خوێندنەوەی دیاردەگەرایی لەدەق دەکۆڵێتەوە لەبەرڕۆشنایی تێڕوانینەکانی فینۆمینۆلۆجیا بەشێوەیەک پەیوەستییەکی فەلسەفی، کارلێکی و جەدەلی دروستدەبێت لە نێوان خودێتی خوێنەر و بابەتێتی دەقدا(المرابط ، ٢٠١٠، ١٨٠).

## پراکتیزەکردنی خوێندنەوەی فینۆمینۆلۆجی لە دەقێکی (نالی) دا:

سەرەتا پێویستە ئەوە بەبیر بێنینەوە کە وەک(نزار سابیر) لەپێشەکی(کتێبی گۆران)ی (ڕێبوار سیوەیلی )دا دەڵێت: (( فینۆمینۆلۆجیا تەوژمێکی فەلسەفییە، دەق وەک دیاردەیەک بۆ سەرنجلێدان دەناسێنێ بەدەر لەچۆنێتی هەبوونی خۆی لەهۆشی خوێنەردا، ئەمەش ڕێگە بە خوێنەر دەدات کە دەق بەپێی ئەزموونی خۆی لێکبداتەوە))(سیوەیلی،١٧،٢٠٢٠) لەمڕوانگەیەوەو پشتبەست بەو باسکردنە تیۆرییەی فینۆمینۆلۆجیا کاتێک ئەو دەقەی نالی کە بۆ(کەر)ەکەی نووسیوە دەخوێنینەوە، هەر لەسەرتاوە دەبینین دەستپێکێکی سەرنجراکێش و بەهێزی هەیە بەوەی کە بە دەربڕینی(هەی کەرێکم بوو) دەستپێدەکات، ئەمەش قورسایی خۆی بەسەر دەقەکەوە بەجێدەهێڵێت، مەبەست لە بەهێزی ئەم دەستەواژەیە ئەوەیە کە(هەی)بۆ سەرسامبوون و ئاگادارکردنەوە بەکاردەهێنرێت نەی وتوە(من کەرێکم) بوو کە دەبووە دەربڕینێکی ئاسایی، جیالەمەش وەک مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس لەلێکدانەوەی یەکەم بەیتی ئەم دەقەدا ڕوونیدەکاتەوە(هەی کەر)لەگەڵ وشەی (هەیگەر) دا زۆر نزیکە کە فارسەکان بۆ (ئەسپی کوێتی) بە کاریان هێناوە (مودەڕیس،١٣٨٧، ٢٣٦)، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت: کە نالی مەبەستێکی شاراوەی هەبووە لەو دەستپێکە بەهێزەدا تاکو خوێنەر بجوڵێنێت و بیری بۆ واتای قوڵ بڕوات لەبەرز ڕاگرتنی (کەر)ەکەی بەوەی بەرەو ئەسپی کوێتی بردووە، ئەمە سەرەڕای ئەو ئاوازەی کە (هەی کەر) لەگەڵ وشەکانی(پەیکەر و تەیکەر)ی دوای خۆیدا دروستیکردووە، ئەمە بەدەستخستنی هێزە بۆ دەقەکە لەدەستپێکەوە. جیالەمە ئەگەر لەڕوانگەی فینۆمینۆلۆجییەوە لەدەقەکە بڕوانین ئەوا دەبینین نالی لەم دەقەدا (کەرێک) دەخوڵقێنێت کە وێنەی لە واقیع دا نییە، ئەو لە پرۆسەیەکی خوڵقاندندا ئەوجۆرە کەرە دەخوڵقێنێت هەروەک (ڕێبوارسیوەیلی)لە کتێبی(نالی لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنێتە) دا دەڵێت: (( ئەم دەقەی نالی پرۆسەیەکی خوڵقاندنە، ئەو کەرێک لەناو زمان و خەیاڵدا دەخوڵقێنێت کە لەواقیعدا نییەو ئێمەش هیچ کۆدو نیشانەیەک لە خەیاڵ و یادەوەری خۆماندا سۆراخ ناکەین، تا ئەو بیچمەی کەرمان بیربکەوێتەوە کە نالی باسیدەکات، ئەوە ڕاستە کە لەئاستی دیاردەناسیانەدا سەرەتا ئەم کەرەی نالی وەک پەیکەرێک وایە، بەڵام پاشان ئەم کەرە "بەناو کەرە" و "لە جەوهەردا ئاقڵە")) (ڕێبوار سیوەیلی،

٢٠٢٠، ٢٢١) کەرەکەی  ناو دەقەکەی نالی کەرێکی(خێرایە، جوانە ، بەهێزە و عاقڵە ) ئەمەش ئێمە دەتوانین لە خوێندنەوەی دەقەکەدا هەستیپێبکەین و وێنەکەی بێتە پێش چاومان وەک دەڵێت:

هەی کەرێکم هەبوو، چ پەیکەر؟ طەی کەری هەوراز و لێژ
سینە پان و موچەکورت و شانە بەرز و گوێ درێژ

بن زک و جەبهەت سپی، کلک ئێستر و دامەن سیا
یەککە تاز و سێ برۆ، دوود باد و شەش دانگ و درێژ

کەللە وەک جەرڕەی شەرابی پرنیشات و تەڕ دەماغ
شێری نەڕ، ئاهوی بەڕ، گورگی سەفەر، قەمچی نەچێژ (مودەڕیس،١٣٨٧، ٢٣٦)

نالی زیاتر لەمە دەڕوات لەوەسفی کەرەکەیدا و پێیوایە سمەکانی وەک پەشمن و بێگەردن و لەناو تووکی پێیەکانیدا نوقمن و چاوەکانی دوو یاقوتن دەوروبەری خۆیان ڕووناک دەکەنەوەو لەجوانیدا شان لەشانی  پالانی) واتە (ئەسپی کۆتەڵ، کە ئەسپێکی زۆرجوانەو جاران بۆ کەسێک کە کۆچی دوایی بکردایە دەرازێنرایەوە و پێیان دەگواستەوە بۆ گۆڕستان) دەدات.

سم وەک یەشم و لە پەشم و تووکی پێدا سەرنگوون
چاو وەکوو بیجادە، یا دوو شەو چراغی شوعلە ڕێژ

گوێدرێژی بارو کورتان بەرز و پالانی بەزێن
چوست و وریاتر لە گوێ کورتانی پالانیی و گێژ (مودەڕیس،١٣٨٧،٢٣٨)

لای نالی ئەم ئاژەڵە تەنها لە ناوەکەیدا (کەر) بووە، ئەگینا ئاژەڵێکی ئاقڵ و لەزۆر کەسانی هەرزەو گێژوویژ باشتر بووە، ئەمەش پێمان دەڵێت کە نالی چ مامەڵەیەکی ئاژەڵدۆستانەی لەگەڵ کەرەکەیدا کردووەو لەزۆر مرۆڤی بێ سوودی پێباشتربووە،  وەک دەڵێت:

ئاقڵێ بوو ناوی کەربوو، قاتیعی ڕێگەی سەفەر
خۆش سلووکتر بوو لە صەد وێڵداشی هەرزەوگێژو وێژ ( مودەڕیس، ١٣٨٧، ٢٣٩)

ئەمە سەرەڕای ئەو تابۆشکێنییەی کە لەمدەقەدا دەبینرێت و وەک هێزێکی کاریگەر لەپشت دەقەکەوە ڕوو لەخوێنەر دەوەستێت، بەتایبەت کە هەندێک زاراوەی ئاینی خواستووە وەسفی کەرەکەی پێکردووە:

(صائم الدهر) ی بەرۆژ، ئەمما بەرۆژووی بێ نییەت
( قائم اللیل)ی سلووک ، ئەمما سلووکی بێ نوێژ  (مودەڕیس، ١٣٨٧، ٢٣٩)

تا دەگاتە ئەوەی کە ترۆپکی یەکسانیخوازیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لای نالی بەدەربکەوێت و تاوەکو لەڕەخنەی کۆمەڵ و کلتوور بەدووربێت، ئەو پێش هەموو کەس خۆی دەخاتە ئاستی (کەر)ەکەیەوە یان کەرەکەی دەهێنێتە ئاستی مرۆڤبوونی خۆیەوە و بێ هیچ سڵەمینەوەیەک بە دەروونێکی ئارامەوە خۆشحاڵی خۆی پیشاندەدات بەرامبەر بە ئاژەڵبوونی خۆی و کەرەکەی، هەروەها لەم دەقەدا  شتێک کەجیاوازی سەرەکییە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا  ئەویش زمان و توانای قسەرکردنە، نالی ئەوەش دەبەخشێتە کەرەکەی و دەیهێنێتە گۆ، بەمەش نالی ئەو تێڕوانینە باوە ڕەتدەکاتەوەو تێیدەپەڕێنێت کە کەر تەنها ئاژەڵێکە بۆ کارکردن و لەڕوانگەی مرۆڤەوە سووک و دەبەنگە. هەروەها شاعیر جەستەیەکی جیاوازی ئاژەڵمان پیشاندەدات کە چیتر جەستەیەکی بەرەڵاو شەڕانی نییە، چونکە ((جەستەی کەر هەمیشە لەپەراوێزدا بووە لەنێوان ئەوەی کە مرۆڤ پێویستی بەم جەستە ئێشکەرە هەیەو ئەوەی کە بەچاوی نزم و سووک تەماشای بکات)) (ڕێبوار سیوەیلی،٢٠٢٠، ٢٢٧)، بەمەش ئەو بیروڕا مرۆڤ سەنتەرییە تەواو تێکدەشکێنێت و پێش هەموو کەس خۆی یەکسان دەکات لەگەل ئاژەڵدا. ئەوەشی کە ناکرێت بەسەریدا تێپەڕین و باسی نەکەین ئەو تابۆ شکێنییە زۆر ئەستەمەیە کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە چیتر زمان و دەنگی کەر، دەنگێکی ناقۆڵاو بێزار کەرنییە، بەڵکو بەلایەوە زمانێکی زۆر ئارامبەخشە بۆ گوزارشتکردن لەماهیەتی مرۆڤبوونی ئاژەڵ و ئاژەڵبوونی مرۆڤ، وەک دەڵێت:

چەندە پێم خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیوت (نالیا)
هەردوو حەیوانین ، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ ( مودەڕیس، ١٣٨٧، ٢٤٠)

لەم دەقەی نالیدا کە وەسفی ( کەر) یێک دەکات و لەڕاستیدا ئەم ئاژەڵە ڕەنگە کەرەستەیەکی جوان نەبێت بۆ وەسفکردن، بەلام ئێستاتیکای شیعر زۆرجار لە جوانی وەسفدایە، نەک وەسفی جوانی (یەعقوبی، ٢٠٢١، ٥٨)،  بۆیە (کەر)ەکەی نالی جیاوازە لە (کەر)ێکی نێوواقیع و بەهۆی ئەو ئێستاتیکا بەرزەی کە بوونی هەیە لە دەقەکەدا بەجۆرێکە کە تووشی شۆکێکی ئێستاتیکیمان دەکات و وامان لێدەکات بەشێوەیکی دوور لەواقیع وێنەی (کەر)ێک ببینین وەک وتمان لە ئاوەزی ئێمەدا وێنەی نییە، لە وەسفکردنی فینۆمینۆلۆجیشدا گرنگ ئەوەنییە وەسفکراوەکە لە واقیع دا چۆنە، بەڵکو ئەوەی کە بۆ خوێندنەوەی فینۆمینۆلۆجی گرنگە ئەوەیە کە لە دەقەکەدا چۆن بەرجەستەکراوە (پیرۆت،٢٠٢٠، ١١٦) لێرەشەوە پێمانوایە گرنگ نییە(کەر)ەکەی کە نالی باسیدەکات لەڕاستیدا چۆنبووە، بەڵکو ئەوەی کە لەمخوێندنەوەیەدا لەسەری وەستاوینو گرنگە بەلامانەوە ئەوەیە کەچۆن وێناکراوە لە دەقەکەدا، لەڕاستیشدا نالی لەوەسفی ئەم ئاژەڵەدا زۆر ڕۆیشتووە، (کەر)ەکەی لەهەر ئاژەڵێکیتری نێو واقیع بەرزتر بینیوە ئەمەش خواستی خۆیبووەو ویستویەتی لەسەرووی هەموو ئاژەڵەکانیترەوە پیشانیبدات، بۆیە ئێمەش وێنەیەکی جوانترو بالاتر لەهەر ئاژەڵێکیتر هەستپێدەکەین

ئەویش لە ڕێگەی ئەو واتایەی کە خۆی مەڵاسداوە لەپشت وشەکانەوەو دەتوانین لەپرۆسەی خوێندنەوەدا درکی پێبکەین.
لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین: وەک(ڕێبوار سیوەیلی) پێیوایە پێگەی کەرەکەی نێو ئەم دەقە لەڕوانگەی فینۆمینۆلۆجییەوە شوێنی پەیکەرە، شوێنی پەیکەریش سەر شەقامەکانە (سیوەیلی،٢٠٢٠، ٢٣٢).

## پاری سێیەم: ئەو تیۆرانەی کە کاریگەرییان لەسەر تیۆری وەرگرتن هەبووە:

### ١- شێوازگەری ڕووسیی:

شێوازگەری ڕووسیی ئاڕاستەیەکی ڕەخنەیی بوو لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەلایەن کۆمەڵێک لەڕەخنەگرانو توێژەرەوانی ڕووسەوە سەریهەڵدا لەوانە: (میخائیل باختین، ڕۆمان یاکۆبسن، ڤلادیمێر برۆب، مەکارۆفسکی، شکلۆفسکی، بۆریس ئیخانباوم و یۆری تیتانۆف) ئەمانە لەساڵی(١٩١٥) ووە بنەمای شۆڕشێکی مەنهەجی نوێیان لە توێژینەوە لەزمان و ئەدەبدا دامەزراند، لەو کاتەدا دوو بازنەی ئەدەبییان دامەزراند کەبریتیبوون لە:

١-بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ: کۆمەڵێک لە توێژەرەوانی لاو لە ساڵی ١٩١٥دا دایانمەزراند لەسەروی هەموویان (ڕۆمان یاکۆبسن) بوو، ئەمانە لە زانکۆی مۆسکۆ ئەوەی بە (بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ) ناودەبرا دەیانخوێند، لەهەوڵی ئەنجامدانی توێژینەوەی زمانەوانی، شیعری و فۆلکلۆریدابوون کەبووە جێی سەرنجی زۆرێک لە شاعیران و بیرمەندانی گەورە و ئەوانەی گرنگیان بە زمانەوانی دەدا.

٢- بازنەی سانپترسبۆرگ: کۆمەڵێکبوون لەساڵی١٩١٥-١٩١٦ لەشاری سانپترسبۆرگ کۆمەڵەیەکیان بەناوی (OPOJASZ) بۆ توێژینەوەی زمانی شیعریی دامەزراند، لە کەسە بەناوبانگەکانیان (ئیخان باوم و یۆری تیتانۆف) بوون، کارەکانی ئەم گروپە لەڕەخنەو شیکردنەوەو ئەدەبدا دیاردەیەکی هێنایە ئاراوە کە لەتیۆری نزیکبووەوە، ئەوەی کە خۆیان دەیانویست بازنەکەیان بە(قوتابخانەی ئایندەخوازەکان-مدرسة المستقبليين) ناوببرێت، بەڵام ئەوە ڕکابەرەکانیان بوون کە بە(شێوازگەرییەکان) ناویان دەبردن لەوڕوانگەوەی کە پێیانوابوو ئەوان زۆرترین گرنگی بە شێواز دەدەن وەک لە ناوەڕۆک. لەگەڵ ئەوەی کە شێوازگەرییەکان ئەو بۆچوونە ڕەتکردۆتەوە کە پێیوابوو شێواز پێچەوانەی ناوەڕۆکە.

شێوازگەری ڕووسی هەنگاوێکی گەورەی چۆنایەتی لەبواری تیۆری ئەدەبیدا نا، وایان کرد کە دەقی ئەدەبیی ببێتە سەنتەری توێژینەوەو گرنگی پێدانیان ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەستبوون

بەژیانی نووسەرو ژینگەکەیەوە پشتگوێیانخست، هەوڵی بەدیهێنانی زانستێکی ئەدەبییان دەدا لەڕوانگەی تایبەتمەندییە گەوهەریەکانی ئەدەبەوەو بەدوای ڕەگەزەکانی بونیادی دەق و سیستمی جوڵەی ئەو ڕەگەزانەدا دەگەڕان و باڵادەستی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی(سۆسۆلۆجی)، خاوەن ڕەهەندی ئایدۆلۆجییان ڕەتدەکردەوە کە بۆماوەیەک زاڵبوو بەسەر ئەدەبی ڕووسیدا.

شێوازگەری ڕووسی لەباوەشی ئیشتراکیی بەلشەفییەوە سەریهەڵدا، ئاڕاستەکەی بەرەو لێکۆڵینەوەی ڕووخساری ئەدەبی بوو بەوپێیەی ڕەگەزێکی بنەڕەتی و سەرەکی بونیادی کاری ئەدەبییە، هەرچەندە زاراوەی (شێوازگەری) زاراوەیەکی یەکلایەنەیە-بەواتای ئەوەی کە لایەنی دووەم کە (بابەت )ە ئامادەنییە – بەڵام هەندێک لە شێوازگەرەکان باسیان لە یەکێتی (ڕووخسار و ناوەڕۆک) کردووە، بەتایبەت لە قۆناغەکانی کۆتایی گەشەکردنی میتۆدی شێوازگەریدا.

سەبارەت بە ناونانەکەش خۆیان هەڵیان نەبژاردووە ((تەنانەت شێوازگەرە ڕووسەکان خۆیان زاراوەی شێوازگەرییان زۆر بەدڵنەبووە وەک ئەوەی کە زۆر ڕووکەشیانەیە هەوڵی زاراوەیەکی جێگرەوەیان دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لەگەڵ ئەوەی کارەکانی سەرەتایان تەواو پەیوەستبوو بە شێوازەوە، بەڵام دواتر گەشەیکرد بۆ توێژینەوە لە بونیادی دەق )) (غزول،١٩٨٢، ٣٠).

ڕەوتی شێوازگەری کاری لەسەر دەق دەکرد بەشێوەیەکی سەربەخۆو دابڕاو لەو پەیوەندیانەی کە دەیبەستنەوە بەکاریگەری کۆمەڵایەتیی و ڕامیارییەوە، بەڵام لە چوارچێوەی یەکێتی ڕووخسارو ناوەڕۆکداو بەئامادەیی واتاو کاریگەری لەخوڵقاندی چێژی ئەدەبیدا. زمان لای ئەوان تەنها بوونێکی شکڵی دابڕاونییە،بەڵکو مەدلولێکی پڕ لەواتایە لێرەوەیە کە((لای شێوازگەرەکان چۆنییەتی وتن گرنگە نەک چییەتی وتن، واتا چۆن دەوترێت نەک چی دەوترێت، کەواتە پێداگرییەکە بەپێی ناونانی کۆتایی  لەسەر شێواز و بونیادە، نەک مادە و پێکهاتەکانی، شێوازگەریەکان وایان لەئەدەب دەڕوانی کە ئامانجە لەخۆیدا، نەک ئامرازێکبێت بۆ ئامانجێکی دەرەکی)) (ایرلیخ، ٢٠٠٠، ٧-٨). ئەوان پایەی شێوازی ئەدەبیان زۆر بەرزدەکردەوە بەشێوەیەک ((شێواز لای ڕووسەکان هەمووشتێکی دەگرتەوە بەواتای هەموو کارە هونەریەکە دەهات، ئەوان باسی بابەتیان دەکرد لەسیاقێکی یاخیبوو لە دژی ڕەخنەی ئایدۆلۆجی باو لە چواردەوریان وە دژی ئەو بیرۆکەیە دەوەستانەوە کە پێی وابوو شێواز دەفرێکەو ناوەڕۆکی تێدەکرێت)) (ویلیک ،١٩٨٧،٦٠)، لەبەرئەوەیە زۆرجار دەبینین بە ڕێبازێکی مۆرفۆلۆجی ناودەبرێت، لەمبارەیەوە (فیکتۆر ئیرلیگ) دەڵێت: (( ڕێبازەکەمان بەگشتی بە شێوازگەریی دادەنرێت، بەڵام ڕاستترە کە بە ڕێبازێکی مۆرفۆلۆجی ناوبنرێت ئەمەش لەپێناو جیاکردنەوەی لەتێڕوانینەکانی تری وەک دەروونیی و کۆمەڵایەتیی بەجۆرێک کە خودی دەقی ئەدەبی بابەتی توێژینەوە نییە، بەڵکو ئەوەی کە بابەتی توێژینەوەیە ئەوەیە کە لە دەقە ئەدەبییەکەدا ڕەنگیداوەتەوە))  ایرلیخ ٢٠٠٠، ١٣) بۆیە لەهەر شتێکیتر زیاتر گرنگییان بە لایەنی دەنگیی و تەکنیکی

دەدا، بەجۆرێک پەیوەندی خۆیان بە دەقەوە دەچواند بە پەیوەندی نێوان میکانیکییەک و بزوێنەری ئۆتۆمبێلێک لە لایەنی هەڵوەشاندن و شیکردنەوەی پارچەکانیدا (عفاني،٢٠١١ ، ١١١).

سەبارەت بە کاریگەریی شێوازگەریی ڕووسیی لەسەر تیۆری وەرگرتن، کاریگەری یەکەم بەسەر دووەمەوە دەبینین ئەویش زیاتر لەم دوو لایەنەوەیە کە لە خوارەوە باسیان دەکەین:

**١-ئاماژەی دەرەکی** : لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە شێوازگەریی ڕووسیی بزوتنەوەیەکی چاکسازییبوو بۆ دۆخی چەقبەستووی ڕەخنەیی، بەهەمانشێوە تیۆری وەرگرتنیش دامەزرا بۆ ڕزگارکردنی ڕەخنەی ئەدەبیی نەزۆک((ئەوەی کە لەپشتەوە پاڵیدەنا بەرەو شێوازگەریی ئەو ئارەزووە بوو بۆ وەستانی ئەو هەڵە ڕێبازییە باوانەی کە لەتوێژینەوە ئەدەبییە تەقلیدیەکاندا هەبوو هەروەها بۆ بیناکردنی زانستی ئەدەب بیناکردنێکی تەندروست بەو پێیەی کایەیەکی زۆرچاکی کاری فیکریە))( ایرلیخ، ٢٠٠٠، ١٣).

ڕەخنەی ئەکادیمی تەقلیدی توانای لێکدانەوەی دەقی ئەفراندراوی ڕەمزی نەبوو، بزوتنەوەی ڕەمزی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لەبرەودابوو، ڕەخنەی ئەم ماوەیە دەستبەستراوبوو بەرامبەر قەڵەمە داهێنەرەکان، ڕێبازی ئەدەبی بزوتنەوەکانی ( Ameis) و(Futurism)* پاڵنەرێکی بەهێزبوو بۆ کۆمەڵێک لە خوێندکارانی زانکۆ بۆ تازەکردنەوەی شێوازەکانی توێژینەوە، ئەم هەنگاوەبوو کە ڕێگەخۆشکەربوو بۆ دروستبوونی (بازنەی مۆسکۆ)ی زمانەوانی و کۆمەڵەی توێژینەوە لەزمانی شیعریی ( عفاني، ٢٠١١ ، ١١٢).

**٢- ئاماژەی ناوەکی**: شێوازگەریی بەشێوەیەکی هەستپێکراو بەشداریکردووە لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەڵمانیدا لەکۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا کە زۆر بەتایبەت گرنگیان دەدا بەلایەنی ئێستاتیکی شێوازگەری و ئەو چاودێریەی کە لای خوێنەر بەدیدەهات. گرنگیپێدانەکە لە بەرهەمەکانی(شکلۆفسکی) یەوە دەستپێکردووە کە پێیانوابووە ئەرکی هونەر لەوەدا کامڵ دەبێت کە وابکات درکپێکردن نائاسایی بێت و بابەتیش وا لێبکات کە دووبارە بژێتەوە، بەمشێوەیە ڕۆڵی وەرگر گرنگی زۆر وەردەگرێت بەو واتایەی کە کەسی درککەر تایبەتمەندی هونەری کارەکە دیاریدەکات(د.فؤاد عفاني، ١١٢،٢٠١١). ((تیرۆانینی شێوازگەری ڕووسی تێڕوانینێکی جوانخوازی بووە ،نەک سوود گەیاندن، بە واتا ئەرکی ئەدەب ئەرکێکی ستاتیکیبوو خزمەت بە مەبەستێکی فێرکاری یان ئەخلاقی یان کۆمەڵایەتی ناکات، بەڵکو مەبەست لێی سەرسامکردن وپاکیزەیی تیرۆانینە، ئەرکی دەق بریتییە لەبەرزکردنەوەی ئاستی هەست و هەڵچوون و درککردن ئەمەش وادەخوازێت کە کۆتوبەندی بێچێژیی بشکێنێت و خوێنەر تووشی شۆک و شاگەشکەبوون و نامۆبوون بکات)) (جبوری، ١٩٨٢، ٣٧).

خوێنەر ئامادەییەکی کارای لا پەیدابوو بۆ بڕیاردان لەسەر بەهای دەق ئەم گرنگیدانەش بە خوێنەر لەڕێگەی چاودێری شێوازگەرە ڕووسەکانەوە بۆ چەمکی نامۆیی ڕوونبووەوە ((ئەو نامۆبوونەی وەڵامدانەوەمانی بۆجیهان گۆڕی، بەڵام لەڕێگەی بەریەککەوتنی ئەو تێڕوانینانەمانەوە کە پێی ڕاهاتووین بۆ ڕێکارەکانی شێوەی ئەدەبی ))(ڕامان سلدن ،١٩٩٦، ٢١)، چونکە بەهای بنەرەتیی دەقی ئەدەبیی بریتییە لە بەرهەمهێنانەوەی هۆشیاری نویێ بۆ جیهان و شتەکان کە بۆ ماوەیەکی درێژ واقیعێکی ئاساییبوون. بەمشێوەیە هەتا نامۆبوون بنیادنەری دەق بێت پاڵپشت بە ڕێکخستنێکی تایبەتی زمان، ئەوا زیاتر نزیکتردەبێت لە خوێنەرەوە و لەئاستی ئێستاتیکاشدا بەرزتردەبێت. ((شێوازگەرەکان ویستی ڕەخنەگرە تازەکانیان بۆ بارگاویکردنی شێوەی ئێستاتیکی بە ئاماژەی ئاکاریی و ڕۆشنبیریی وەلانا. خوازیاربوون نمونە و گریمانەکان بەگیانێکی زانستی کورتبکەنەوە، تاوەکو ئەوە ڕوونبکەنەوە کەچۆن هۆکارە ئەدەبییەکان کاریگەریی ئێستاتیکی بەرهەمدەهێنن وەچۆن کارێکی ئەدەبی لە کارێکی نائەدەبی جیادەکرێتەوە)) (سلدن، ١٩٩٦، ٤).

سەرەڕای ئەو دوو لایەنەی کە باسکران سەبارەت بە کاریگەری شێوازگەریی ڕووسیی لەسەر تیۆری وەرگرتن، دەتوانین باس لەم یەکانگیربوونانەی نێوانیشیان بکەین سەبارەت بە تێڕوانینیان بۆ مێژووی ئەدەب((کە بەلای شێوازگەرییەکانەوە توێژینەوە لێی ئاراستەیەکیتری وەرگرت، دوورکەوتەوە لەتوێژینەوە لەگەشەکردنی بیرو زیاتر جەختی لەسەر توێژە ئەدەبیەکان و شێوازە هونەریەکان بوو لەسەردەمە جیاوازەکاندا، ئەمەش ئەوەی پێشاندا کە مێژووی ئەدەب بەشێوەیەکی ڕێکوپێک گەشەی نەکردووە، بەڵکو زنجیرەیەکی سەرەولێژیلە بەیەکادان و گۆڕنکاری بووە))(فریال جبوری، ١٩٨٢،٣٩).

١–شێوازگەریی پشتگیری وێناکردنی هێڵکاریی مێژووی ئەدەبی دەکرد، بەلایەوە بەپێی بنەمای دینامیکی دەجوڵێت و پێشکەوتنی ئەدەبی دێتە ئاراو. ئەم بنەمایە یاوس پێیوایە پێشتر کاری پێنەکراوە بۆ توێژینەوە لەهیچ قۆناغێکی ئەدەبیدا پەیوەندی لەنێوان زنجیرەی جیاوازیی دروستدەکرد لەکاتێکدا مێژووی تەقلیدی دەیخستە ناو پرۆژەی مێژووی گشتییەوە، ڕۆمان یاکۆبسن دەڵێت: (( شێوازگەریی فێریکردین کەچۆن بە چاوێکی نوێوە کاری ئەدەبی لە ڕەهەندە مێژووییەکەیدا ببینین، وەچۆن شوێنی دیاریبکرێت لە بەردەوامی گۆڕانکاری شێواز و ژانەرە ئەدەبیەکاندا( یاوس، ٢٠٠٣ ، ٥٢).

٢– خاڵێکی تری یەکانگیر لەنێوان تیۆری وەرگرتن و شێوازگەری ڕووسیدا، چەمکی ئەدەبی دروستدەکات بەو واتایەی کە (ئەوەی کەوادەکات کارێک، کارێکی ئەدەبی بێت). ئەدەبێتی بەرهەمی ئەدەبیش بەلای شێوازگەریەکانەوە لەناو خودی خۆیدا کامڵ دەبێت و دواتر ڕۆڵ بۆ خوێنەر دەگەڕێتەوە بە مەبەستی کەشفکردنی دەرکەوتنەکانی ئەو کارەئەدەبیە( د.فؤاد عفاني ، ٢٠١١ ، ١١٤).

دەق وەک ئەوەی کە(شکلۆفسکی) دەیبینێت((دەتوانرێت سەرهەڵبدات بەو ڕەنگەی کە ئەدەبی نەبێت و بەئەدەب دابنرێت یان بەپێچەوانەوە)) بەواتای ئەوەی کە خوێنەر دەتوانێت دەق دابڕێژێتەوەو لایەنە ئەدەبیەکانی تێدا بدۆزێتەوە یان ڕەتیبکاتەوە (عمل جماعي، ٢٠٠٤، ٢٨).

٣- خوێنەر لای شێوازگەرییە رووسییەکان چانسی زیاتری هەبوو دوای ئەوەی کلیلی فرە واتایی پێبەخشرا و هەرئەمەشبوو کە تیۆری وەرگرتن بانگەشەی بۆ دەکرد، (تنیانۆف) دانبەوەدا دەنێت کە دەقێکی ئەدەبی ڕەنگە خاوەنی کۆمەڵێک ئەرکبێت لەکۆنتێکستی ئەدەبیی، کۆمەلایەتیی و ئابوری جیاوازدا، لەوانەشە وای لێبکات لەرووی مەبدەئیەوە کۆکەرەوە و لەهەمان کاتیشدا جیاکەرەوە بێت لەنێوان ئەوەی کە ئەدەب شیدەکاتەوەو لەنێوان ئەزموونی کەسیدا بەو پێیەی کە خوێنەرێکە.

٤-سوودوەرگرتنی ڕابەرانی تیۆری وەرگرتن لە ڕێباز و تیۆرییەکانیتر بەشێوەیەکی هەرەمەکی نەبووە، بەڵکو لەسەربنەمای توێژینەوەو وردبوونەوەبووە سەرەتا لای تایبەتمەندییەکانی هەموو ئاراستەیەکی ڕەخنەیی وەستاونو دواتر بەدوای کەموکوریەکانیاندا چوون تاکو دواتر نەسەقێکی نوێ بنیادبنێن کە لەگەڵ تیروانینە تیۆریەکانیاندا بگونجێت. بۆنمونە کە (یاوس) لە مارکسیەت و شێوازگەری ڕوانیوە بۆی دەرکەوتووە هەردووکیان لەسەر ئەوە کۆکبوون کە ئەزمونگەرایی وەزعی و میتافیزیکی جوانی بۆ مێژووی بیر ڕەتبکەنەوە ((هەردوکیان بەگرتنەبەری دوو ڕێبازی تەواو دژبەیەک هەوڵی چارەسەری هەمان کێشەیان داوە، کە بریتیبووە لەوەی چۆن دیاردەی ئەدەبی دابڕاو –واتە کاری ئەدەبی سەربەخۆ لەڕووکەشدا – دووبارە بگەڕیننەوە بۆ کۆنتێکستی مێژوویی ئەدەب؟و چۆن درکیان پێبکەین بەپێیەی کە ڕوودداون، واتە گەواهیدەرن لەسەر یەکێک لە دۆخەکانی کۆمەڵگا یان لەسەر چرکەساتێکی پێشکەوتنی ئەدەبی )) (یاوس، ٢٠٠٣،٣٦)، (یاوس) ئەوەی بۆ دەرکەوت کە تێڕوانینی (مارکسی و شێوازگەری) نەگەیشتونەتە بەدەسهێنانی مێژوویەکی ڕاستەقینە بۆ ئەدەب ئەویش بە هۆی کورتبینی و بەرهەڵستیانەوە بووە بۆ توانای نووسینی مێژوویەکی تایبەت بە هونەر و هەموو شێوەکانیتری هۆشیاری. بەمەش ڕاستەوخۆ پەنجەی خستۆتە سەر خاڵە لاوازەکانی تیۆری مارکسی، بەتێبینیەکەی ((یەکێک لە ڕابەرە بەرزەکانی ئەم تیۆرییە کە (جۆرج لۆکاش)ە کەوتۆتە ناکۆکیەکی زۆرەوە کاتێک ویستویەتی بەشێوەیەکی جەدەلی لە گەڕانەوە بڕوانێت، ئەم ناکۆکیەش کاملبووە لە جەختکردنەوە لەبەهای نمونەیی هونەری کۆنداو وە لە دانانی ڕۆمانی (بەلزاکی) وەک پێوەرێک بۆ ئەدەبی نوێ، هەروەها لە دارشتنەوەی چەمکەکانی(گشتێتی- الكلية) و (وەرگری ڕاستەوخۆ- التلقي المباشر)دا)) (یاوس، ٢٠٠٣ ، ٤٢).

٥- دوای وردبوونەوەی یاوس لە وەکیەکی و دژیەکی لەنێوان تیۆرەکانی مارکسی و شێوازگەریدا، هەوڵیدا بە ئەنجامێک لێیدەربچێت کە هەردوو تیۆرەکە پێکەوە درکیان پێنەکردووە، یاوس دەڵێت:

((ئەگەر بکرێت ڕاڤەی پێشکەوتنی ئەدەبی بەوشێوەیەی کە بەدوادا چوونێکی بەردەوامی نەسەقە لەلایەک و ڕاڤەکردنی مێژووی گشتی واتە مێژووی مومارەسەی مرۆڤایەتی، بەو شێوەیەی کە بەدواداچونێکی بەردەوامی دۆخی کۆمەڵگایە لەلایەکیترەوە، ئایا لەتوانادا نییە بەیەکگەیشتنێک لە نێوان (زنجیرەی ئەدەبی) و(زنجیرەی نا ئەدەبی)دا دروستبکرێت، پەیوەندی نێوان مێژوو و ئەدەب دیاریبکرێت بەبێ ئەوەی دوەمیان دابماڵرێت لە تایبەتمەندییە ئیستاتیکییەکانی و کۆتوبەندێکی بێ مەرج بکرێت بەئەرکێکی گەڕاوەیی؟))(یاوس،٢٠٠٣،٥٣). پشتبەست بەو کورتەیەی یاوس بەشێوەیەکی پرسیار ئامێز خستوویەتیە ڕوو پێیوایە پێویستە پشت بەئەرکیکی نوێ بۆ توێژینەوەی ئەدەبی ببەستین، واتە داوای ڕاستکردنەوەی مێژووی ئەدەبی دەکرد ئەوەی کە کێشەیەکی بێ چارەسەری لەنێوان شێوازگەریی و مارکسییدا خوڵقاندبوو. بەوجۆرە یاوس لەو شوێنەوە دەستیپێکرد کە هەردوو قوتابخانە لێی وەستابوون، ئەم ڕەهەندی ئێستاتیکی هێنایە ئاراوە. مارکسیەت ئەگەر گرنگی بە خوێنەریش دابێت ئەوا لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەیەوە بووە، هەرچی خۆێنەریشە لای شێوازگەرییەکان ئەو درکپێکەرەیە کە هەوڵدەدات کۆدەکانی دەق بکاتەوە و لە لایەنە هونەرییەکانی بگات (د.فؤاد عفاني ، ٢٠١١ ، ١١٧).

## ٢-   بونیادگەریی پراگ :

کارەکانی بونیادگەریی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم، لە ئەڵمانیادا ناوبانگێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام لە شەستەکانی هەمان سەدەدا لەلایەن ڕەوتە ڕەخنەییە باوەکانەوە پێشوازیەکی باشی لێکرا، زۆرێک لە کارەکانی(مۆکارۆڤسکی Mukarovsky)لەنێوان ساڵانی١٩٦٧بۆ١٩٧٤ وەرگێڕران. خودی یاوس، باس لە ڕۆڵی گەورەی قوتابخانەی پراگ دەکات لە بواری ڕەخنەییدا، وەک دەڵێت: ((بێ هیچ گومانێک بونیادگەریی پراگ خاوەنی توانایەکی گەورە بوو لە تێپەڕاندنی ئەو بابەتانەی بێ هیچ بەڵگەیەک باسدەکران بەمەبەستی هەڵکردنی نێوان شیکردنەوەی بونیادگەری و شیکردنەوەی مێژوویی، لە بنەما سەرەتاییەکانی تیۆری شێوازگەرییەوە، ئێستاتیکای بونیادگەریی گەشەیکرد کە پێشنیازی لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی دەکرد بە بەکارهێنانی درکپێکردنی ئێستاتیکی و دواتر بابەتی ئێستاتیکی بەشێوەیەکی کاتیی وەسفدەکرد لە بەدەستهاتووەکانی تایبەت بە وەرگر)) (jauss ,1979, 117).

هەرچی(پییر زیما)یە لەوە دوورتر دەڕۆیشت و پێیوابوو ((ئێستاتیکای وەرگری قوتابخانەی کۆنستانس لەو لادانانەوە سەریهەڵدا کە سەپاندی بەسەر گریمانەکانی خوێندنەوەی بازنەی زمانەوانی پراگدا))(بییرزیما،١٩٧٨،٥٨) وەرگرتن بەلای (پییر زیما) وە پشتبەست بە بەدەستهاتووەکانی

بازنەی پراگ و ئەو ڕێبازە ئەلتەرناتیڤانەی کە لە جیهانی خوێندنەوەدا پێشکەشیکردن پێکهات، هەربۆیە پێیوایە سۆسۆلۆجیای خوێندنەوە لەو وێنەیەی کە (جۆزێف جیریێت) و( بییر یوگا)و( جاک لیینهارت) پێیداچوونەتەوە، جێگرەوەیەکی گونجاوە بۆ ئێستاتیکای وەرگر(بییر زیما، ١٩٧٨، ٥٩).

مۆکارۆڤسکی ڕەخنەی لە شێوازگەری ڕووسی دەگرت و دژی ئەو کۆکردنەوە زۆرە ملێیەی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ دەوەستا و دانی بەوەدا دەنا کە شیکردنەوەی ناوخۆیی دەق تەنانەت مێژووی بەرەوپێشچووی ئەدەب وەک مێژووی تینیانۆڤ گونجاونەبووە بۆ چارەسەرکردنی سروشتی ئاڵۆزی کاری ئەدەبی بەتایبەتی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ. کاری ئەدەبی بەلای (مۆکارۆڤسکی)یەوە بنیادێکی زیندووە لەپەیوەندیدا بەکۆنتێکستی کاتەوە بەبێ ئەو بەدەستنایەت. لەڕاستیدا مۆکارۆڤسکی کاری هونەری وەک بەڵگەیەکی لێکدراو داناوە واتە وەک ڕووداوێکی سیمیائی نێوەندگیرە لە نێوان نووسەر و وەرگردا وە ئەو وێناکردنەی کە کاری ئەدەبی وەرگری پێکەوە دەبەستەوە، ئەوەبوو کە تیۆری وەرگرتن سوودی لێبینی( عفاني ، ٢٠١١ ، ١١٩).

بەلای مۆکارۆڤسکییەوە هەریەکە لە دەق و وەرگر لە بەردەوامێتی کۆمەڵ دابڕاونین، هەر دوو لایەنەکە لەگەڵ کۆمەڵگادا ڕێژەیەکی زۆری کاریگەری و کارلێکراویان هەیە ((تیۆرییەکەی مۆکارۆڤسکی، خودی درککەرە بە تاکێکی نوێنراو سەربەخۆ دانانێت، ئەو تاکە تاکێکی دابڕاوی دیاردەیی نییە هەروەها درکپێکەرێکی تەواو بەئاگا لە مێژووی ئەدەبیش نییە، بەڵکو لەڕاستیدا خودی وەرگر بەرهەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە))( هولاب،١٩٩٦،٣٤)، ئەم تێڕوانینەش بە واتای ئەوەنایەت کە کاری ئەدەبی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵبێت، تەنانەت بە هەمانشێوە ڕەهەندی ئێستاتیکایی لای وەرگریش هەروایە، لەبەرئەوەی فاکتەری کۆمەڵایەتی پیشتر چۆتە نێو هەردوو لایەنەکەوە ئەمەشە کە وادەکات لە هەنگاوی داهاتوودا ڕەهەندی سۆسیۆلۆجی ئامادەیی هەبێت لە گفتوگۆی ڕەهەندە هونەرییەکانی هەر بەرهەمێکدا.

تیۆری وەرگرتن زۆر نزیکە لە تێڕوانینەکانی مۆکارۆڤسکییەوە لەوەدا کە جەختدەکاتەسەر ئەوەی کە نووسەر لەژێر ناوی مەبەستەتێتیدا واتای دەق ناچنێت، بەڵکو واتا لەدایکبووی خوێندنەوەی خوێنەرە کە ڕێکارەکانی خوێندنەوەی ئامانجە ڕاستەقینەکەی کارێکی هونەری بۆ دیاریدەکات(( ئەوە درکپێکەرە کە دەتوانێت کارێکی هونەری ڕەنگرێژ بکات بەواتای ئەوەی کە دەتوانرێت پێناسەبکرێت بە مەبەستێتی...کاتێک نووسەر پشتگیری ڕۆڵی درکپێکەر دەکات، بەواتای ئەوەی کاتێک کە وەک ئەرکێک پێویستە جێبەجێبکرێت یان وەک بەرهەم لە کاری هونەری ناڕوانێت، تەنها لەم کاتەدا دەتوانرێت درک بە مەبەستێتی بکرێت))(هولاب،١٩٩٦، ٣٥).

هەوڵەکانی مۆکارۆڤسکی بەشێکی تایبەتی بە وەرگر لەخۆنەگرتبوو، بەڵکو تەنها هەندێک ئاماژەی بۆ دەرکەوتەکانی لە بابەتی جیاوازی کارەکانیدا تێدابوو، بەمەش بواری لەبەردەم(فیلیکس ڤۆدیکا-Felik Vodik)دا بە کراوەیی هیشتەوە، ئەوەی کە هەوڵی تەواوکردنی توێژینەوەکانیدا بە کۆکردنەوەی تێڕوانینەکانی نێوان هەریەک لە دیاردەگەرایی ئینگاردن و بونیادگەری مۆکارۆڤسکی، بەتایبەتی جەختیکردۆتە سەر فراوانکردنی چەمکی (پشکنین )، ئەوەی کە ئینگاردن دیاریکردبوو لە ڕووخسارێکی هێلکاریدا، پێیوابوو(( بونیادی کارێک بە گشتی، سروشتێکی نوێ وەردەگرێت کاتێک بارووودۆخی کارەکە دەگۆڕێت، بارووودۆخیش لە کات و شوێن و مەرجە کۆمەڵایەتیەکان پێکدێت، بەمشێوەیە پشکنین بەهێزتردەبێت بۆ چارەسەرکردنی جیاوازیەکان لەچێژدا کە بەشێوازێکی ئەزموونی تیبینیدەکرێت یان بۆ چارەسەرکردنی جەماوەریتی دەقێک یان لە کۆی یاساکاندا)) (عفاني ٢٠١١، ١٢١).

ڤۆدیکا گرنگیەکی تایبەتی بە چەمکی گەشەکردنی ئەدەبیدا بەوپێیەی کە گۆڕاوێکی بابەتەکانی ئێستاتیکایە و پێویستی بە لادانی بەردەوامە لە نمونەی پێوانەیی باوی هونەری. ئەم تێڕوانینەی ڤۆدیکا پێیوایە مانەوەی دەق پەیوەستە بە توانای لە تازەبوونەوەدا، وەک دەڵێت: (( ئەدەب ناژی ئەگەر توانای تازەبوونەوەی نەبێت،ئەویش بەهۆی دژایەتیکردنی بەردەوامی بۆ پێوەرە ئێستاتیکییە باوەکان، وە بەپێچەوانەی هەندێک هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی تری (ڕامیاری، ئابووری و یاسایی). هونەر پێویستە بەردەوام و بەبێ وەستان دژبێت و پێوەری ئێستاتیکی باو تیپەڕێنێت، پەیوەستە بە تازەگەرییەوە ئەویش بە ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە ئامادەیە)) (بيير زيما،١٩٧٨،٦٣). پێمانوایە کە ئەمەش دروست وەک ئەو تێڕوانینەی (یاوس)ە کە زۆرجار جەختی لێکردۆتەوە و بەوەی دەق کاتێک ئاسۆ باوەکان تێدەپەڕێنێت توانای مانەوەی زیاتر دەبێت و بەهایەکی ئەدەبی بەرز بەدەستدەهێنێت بەمەش لە ئەنجامدا مێژوویەک بۆخۆی دەنووسێتەوە.

سەرباری ئەو هاوبەشییەی کە لەنێوان تیۆری وەرگرتن و بازنەی پراگدا هەبوو، بەڵام خاڵی جیاوازیش دەبینین لەنێوانیاندا، بۆنمونە مۆکارۆڤسکی پێیوایە بەرهەمهێنانی دەق گۆڕاوێکی کاریگەری چالاکە لەپرۆسەی خوێندنەوەدا، بەپێی بۆچوونی ئەم پێوەرگەلێکی نا ئێستاتیکی پەیوەستن بە کاری هونەرییەوە کە نەیتوانیوە لە توێژینەوەکانیدا پشتگوێیانبخات، بەپێچەوانەی (یاوس) وەو کە پێیوایە بنەڕەتی کاری ئەدەبی جوانییە ((ئەو هاوسەنگییەی کە بازنەی پراگ لە نێوان بەرهەم و وەرگردا دروستیکردبوو لە ئێستاتیکای وەرگردا تێکشکا بە هۆکاری ئایدۆلۆجی، قوتابخانەی کۆستانس ئەوەی دەخواست کە هونەر لەچنگی زانستی کۆمەڵایەتیی ڕزگاربکات، ئەویش بە هێنانەکایەی تیۆری وەرگرتن وەک ناڕازیبوونێک بۆ ئێستاتیکای ماددی (مارکسی) و

ئیستاتیکای تیۆری ڕەخنەیی. کاری هونەری بەوشێوەیەبوو کە ئێستاتیکای باو وابوو لەدەرەوەی ڕکابەری کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆجی و ئابووری )) (بییر زیما، ١٩٧٨، ٧٣).

## ٣- سۆسیۆلۆجیای ئەدەب:

سەردەمی زیاتر دەرکەوتنی ئەو توێژینەوانەی کە لەبارەی سۆسیۆلۆجیای ئەدەبەوە بوون لەگەڵ بڵاوکردنەوەی یەکەم بەیاننامەی تیۆری وەرگرتن دا پێکەوەبوون، لەبەرئەوە((پەیوەندی سۆسیۆلۆجیای ئەدەب بە تیۆری وەرگرتنەوە لەوانەیە پەیوەندییەکی کاریگەری ڕاستەوخۆ یان پەیوەندیەکی ئاسایی نێوان هۆکار و کاریگەریی نەبووبێت، بەڵام گرنگیدانی زۆر بە توێژینەوە سۆسیۆلۆجیەکان یارمەتیدەربوو بۆ ئەو باروودۆخەی کە تیایدا تیۆری وەرگرتن سەریهەڵدا)) (هولاب،١٩٩٦،٥٠). لەگەڵ ئەوەشدا کارکردنیان لەسەر بابەتی لێکچوو لەزۆرکاتدا هەبووە، پشتبەستنی تیۆری وەرگرتن بە توێژینەوە سۆسیۆلۆجیەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە تیۆری وەرگرتن جەختی زۆری لەسەر خوێنەربوو ئەوەش هەمان ئەو تێڕوانینە سەنتەرییەبوو کە سۆسیۆلۆجیای لەسەر دامەزرابوو وەپێیوابوو کە ئەدەب و خوێنەر دوو دیوی یەکدراون بەو ئاراستەیە کاریدەکرد کە پەردە لەسەر سروشتی ئەو پەیوەندییە لابدات کە پێکەوە کۆیاندەکاتەوە. ئەدەب بەلای سۆسیۆلۆجیای ئەدەبەوە ((بەشێوەیەکی زۆر ئاڵۆز ڕۆدەچێتە نیو کۆمەڵەوە وەڵامی پێداویستییە دەروونییەکانی توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵ دەداتەوە))(هولاب،١٩٩٦،٤٦)، بەڵام سۆسیۆلۆجیا دەستەوەستان مایەوە سەبارەت بە شیکردنەوەی نەمری هەندێک شاکاری ئەدەبی سەرەڕای بەسەرچوونی بارودۆخە ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەکەی کاتیی لەدایکبوونی، بۆنمونە (مەموزین)ی (ئەحمەدیخانی) ئەگەرچی سەردەمی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکەشی تێپەڕیوە، بەڵام تائێستاش وەک شاکارێکی مەزنی ئەدەبی کوردی خۆی نمایشدەکات و سۆسۆلۆجیای ئەدەبیش وەڵامێکی ڕوون و لێکدانەوەیەکی قەناعەتبەخشمان سەبارەت بەم شاکارە پێ نابەخشێت تێمان ناگەیەنێت کە بۆچی و چۆن ئەو دەقە بەنەمری تائێستا ماوەتەوە.

سۆسیۆلۆجیای ئەدەب بە تێڕوانینی ( یاوس) ((بەشێوەیەکی جەدەلی سەیری بابەتەکە ناکات، کاتێک کە پێیوایە پەیوەندییەکە یەک ئاراستەیە لەنێوان (نووسەر، ئەدەب و خەڵک)دا، بێگومان پەیوەندییەکە دوو ئاراستەیە، بوونی کارێک لە ساتی نووسینیدا نییە واتە پەیوەندی بە خوێنەرێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو ئاسۆی پێشبینی نووسراوەکە دەگۆڕێت بە ئاستێک کە خوێنەرانی دروستنابن بە شێوەیەکی پلەبەندی نەبێت)) ( یاوس ، ٢٠٠٣ ، ٧٣)، ئەمەش ئەو تێڕوانینەبوو کە لەگەڵ بیروڕاکانی (ڕۆبێرت ئیسکارپیت Robert Escarpit )دا یەکینەدەگرتەوە کاتێک کە دەیویست

ئامادەبوونی گەورەی ئەدیبێکی وەک مۆلیر شیبکاتەوە، ئەو بابەتەکەی بەبوونی لێکچوونی سۆسیۆ ڕۆشنبیری لەنێوان سەردەمی مۆلیر و قۆناغی ئیستا دا لێکداوەتەوە، بەڵام لەڕاستیدا لێکدانەوەی دروست ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەراندا ڕوویداوە، ئەم ڕایەش زیاتر دەسەلمێت لە ڕۆمانی(مەدام بوڤاری) ی( گۆستاڤا فلۆبێر Gustave Flaubert ) دا ئەو ڕۆمانەی کە لەساتی دەرچوونیدا بەتوندی ڕەتکرایەوە، بەڵام دواتر شکۆی بۆ گەڕایەوە، چونکە ئاسۆی چاوەڕوانی ئەو خەڵکەی تووشی شۆک کرد  کە لەدوای ( بالزاک Honore de Balzac) تووشی ڕاوەستان بووبوو لەشوێنی خۆیدا (عفاني، ٢٠١١ ، ١٢٤).

بەهۆی ئەم هۆکارانەوە (( لەبەرچاوگرتنی گۆڕانی ئاسۆکان، بەتەنها بەسە بۆ ئەوەی کە لێکدانەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی گرنگیی مێژووی ئەدەبی بۆ خوێنەر بپۆشێ و ئەو زۆریی و کەمیی ژمارانەی کە پەیوەستن بە کتێبێکی پرخوێنەر والێبکات بەهای زانیاری مێژووی بپۆشێ))( یاوس، ٢٠٠٣ ، ٧٣). هەرئەم تێڕوانینەش لەلایەن (جولیان هۆرش Julian Hirsch) ەوە لە کتێبی ( بنەڕەتی ناوبانگ _اصل الشهرة)دا پشتگیری لێکراوە(( بەوەی بەدوای دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەدا گەڕاوە کە لەپشت بڕیاردانەوەن لە بەناوبانگی، بەڵام مێتۆدێکی نوێی پەیرەوکردووە لە توێژینەوەکەیدا، مێتۆدێک کە خودی ناونیشانی ناوبانگی تێپەڕاندووە بۆ ئەو بارووڎۆخەی کە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ناوبانگ، بەڕای ئەو دانپێدانانی خەڵکی و ئەو دامودەزگایانەی کە بەشدارن لە دانپێدانانی گشتیدا زۆر گرنگن لەسەردەمی نوێدا قوتابخانە، ڕۆژنامە، گۆڤارەکان و هۆکارەکانیتری وەک کاری ئەدەبی لەوڕێگا زۆربڵاوانەن کە ناوبانگ دروستدەکەن و بە نەمری دەیهێڵنەوە)) (هولاب، ٩٩، ١٩٩ ٤٧).

بەهای تێڕوانینە شیکاریەکانی (هۆرش) زۆر بە فراوانی پیشوازی لێنەکرا دواتر توێژینەوەی تری بەدوادا هات کەتەنها وەسفکردن بەسبوو لەبری کارکردن لەسەر وەرگر، لەبەرئەوە کەسێکی وەک (لیڤن شوکینگ) پێشنیاری کرد کە (( چارەسەری تێگەیشتنی مێژووی ئەدەب، ڕەنگە لەڕێگەی بەدواداچوونی چێژوەبێت ئەو بوارەش بوارێکی پشتگوێخراوە لە توێژینەوەکانی پێشوودا، (چێژ) بەلای ئەمەوە ئاماژەیە بۆ وەرگری گشتی بۆ هونەر، ئەمەش جۆرێکە لە پەیوەندی بە هونەرەوە بەجۆرێک کە بەگشتی فەلسەفەی مرۆڤ بۆ  ژیان دەردەخات، پەیوەندییەکە قوڵییەکانی خودی مرۆڤ دەگرێتەوە)) ( هولاب،١٩٩٦، ٤٨ ). گەڕان بەدوای چێژو مێژووی چێژدا کارێکی بنەڕەتی مێژوونووسە، چونکە دۆزینەوەی ئارەزووی خەڵکی لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەبێتە هۆی ڕووناککردنەوەی ڕێگای خوێنەرێکی تایبەتمەند.

لەکاتی لێکدانەوەی ئاستی وەرگری کارێکی ئەدەبیدا. دوو پرسیاری بنەڕەتی بۆ مێژوونووسی ئەدەبی بوونی هەیە کە بریتیین لە:

یەکەمیان ئەوەیە لەو قۆناغەدا چی خوێنراوەتەوە؟
دووەمیشیان ئەوەیە بۆچی ئەو خوێنراوەیە ئەوەندە پێشوازی لێکراوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەش(شوکینگ)، هەروەک (هۆرش) جەختیکردۆتەسەر گرنگی ئەو دامەزراوە تایبەتمەندانەی کە بەشدارن لە ئارەزووی تایبەتدا، وەپێیوایە ئەو دامەزراوانەی کە بەرگری لە ئارەزووی دەکەن بریتیین لە خوێندنگەکان، زانکۆکان، یانە ئەدەبیەکان، کتێبخانەکان و خانەی بڵاوکردنەوەکان. ئەمانەش بە ڕەگەزی گرنگی مێژووی ئەدەب دادەنرێن. ئەم ڕەگەزانە (شوکینگ) بە(چینەکانی هەڵگری ڕۆشنبیری) ناویان دەبات، ئەم چینانەش پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی کاردەکات بۆئەوەی ئارەزووی خۆی بەسەر چینەکانی خوارخۆیدا بسەپێنیت لەپێناو دروستکردنی مەیلێکی گشتیدا لەبارەی بابەتێکی ئەدەبییەوە (عفاني، ٢٠١١، ١٢٥).

لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین: کە تیۆری وەرگرتن وا لە دەقی ئەدەبی ڕوانیوە کە کارێکی پۆزەتیڤە و ئەزموونی مرۆڤایەتی دەوڵەمەند دەکات و جیاوازە لەگەڵ زۆرێک لە تیۆریەکانی پێشخۆی بۆنمونە بونیادگەری دەقی ئەدەبی دادەبڕێ لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی و وەک پێکهاتەیەکی هێماگەری دابڕاو لە دەرەوەی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، هەرچی مارکسیەکانیشن پێیان وایە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، بە واتای ئەوەی کە لە کۆمەڵگادا دەگوزەرێت لەئەدەبیشدا ڕەنگدەداتەوە و ئەوەشی کە لە دەقدا هەیە پێویستە ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵبێت و پێوەری سەرەکیان بابەتی پەیامداری نووسەرانبوو بە واقیعەوە، لای شێوازگەریەکانیش بە تەواوی دەق دابڕاوە لە مێژوو وەک یەکەیەکی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ خودی پێکهاتەی دەقدا کردووە .

# بەشی دووەم

## خوێنەر و خوێندنەوە، کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر

## پاری یەکەم:  پرۆسەی خوێندنەوە لە ڕەخنەی کۆن و نوێدا

### پرۆسەی خوێندنەوە لە ڕەخنەی کۆندا:

لەکۆندا تێگەیشتنێکی سادە هەبووە بۆ خوێندنەوەی دەق ((بریتیبووە لە کرداری چاوخشاندن بەسەر دێڕەکاندا))(الواد،١٩٨٥،٧٠). کەواتە خوێندنەوە گەڕانێکبووە لەسەرەتای دەقەوە بۆکۆتایی، هەوڵدراوە بگەنە ئەو واتایەی کە نووسەرەکە ویستویەتی بیڵێت: خوێنەر بەتەواوی کەوتبووە ژێرکاریگەری نووسەرەوە، ئەمەش ئەو بۆچوونەیە کە ( فەرەزدەق) باسیدەکات (( من لەسەرمە بیڵێم و ئێوەش لەسەرتانە بیزانن))(الغذامي،١٩٨٥،١٤٢) ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بەرهەمێکی تازە نییە، بەڵکو قسەکردنە لەسەر دەقێکی ئاشکرا، دەنگێکی ڕاستەوخۆی دەقەکەیە بە زمانێکی جیاواز، لەڕاستیدا هیچ نییە جگە لە هاوواتای زمانی دەقەکە، تێگەیشتنی کۆن بۆ خوێندنەوە لەسەربنەمای هەڵوەشاندنەوەی بونیادی دەق و ڕەنگدانەی واتاکانی نەبووە، چونکە خوێنەر لەسەر یەکجۆر ڕۆشنبیری ئیستاتیکی باو ڕاهاتبوو، خوێندنەوەکانیشی لەچوارچێوەیەکی گشتیدابووە، لەکۆندا کۆڕۆشنبیری( الوعی الجمعی) بەسەر پرۆسەی خوێندنەوەدا زاڵبووە، هەریەک لە نووسەر و خوێنە ملکەچی پێوەرێکی نووسین و خوێندنەوەبوون کە بە دووبارەبوونەوە ناونراوە، بەشێوەیەک ئەوەی کە دەنووسرا چاوەڕوانکراو زانراوبووە، ئەوەشی کە لەبارەیەوە دەوترا پێشتر زانرابوو، پرۆسەی خوێندنەوە لەچوارچێوەی کردنەوەی ئەو کۆدانەدا دیاریکرابوو کە لە نووسەرەکەوە بەخوێنەر دەگەیشت. واتایەکی  ئامادەی پیرۆزی دەگەیاند کە لای دوو خوینەر جیاواز نەبوون، چونکە پرۆسەی سەرکەوتوویی خوێندنەوە ئەوەبووە کە بگاتە مەبەستی نووسەرەک ، ئەوە سەدای نووسینە، هەروەها ئەوخوێندنەوەیە کە دەقی ئەدەبی تیایدا پەیامێکی ئاراستەکراوی نهێنیەکی شاراوەی لەخۆگرتبێت و پێویستە پێیبگەیت لەپێناو بەئەنجامگەیشتنی واتای ئەخلاقی و مێژوویی دەقەکە تاکو مەبەستەکەی بگاتە خوێنەران، ئەم خەسڵەتەش لەسەرەتادا بەسەر خوێندنەوەو ڕەوتی ڕەخنەی کوردیدا زاڵبووە کە دواتر لەمبارەیەوە بەدرێژی دەدوێین. هەرلەمبارەیەوە تۆلستۆی دەڵێت: ((هونەر چالاکیەکی مرۆییە کە کەسێک ئەنجامی دەدەن مەبەست و هەستەکانی لەڕێگەی ئاماژەی زانراوەوە دەگەیەنێتە کەسانیتر، خەڵکانیتریش دەکەونە ژێرکاریگەریی و لەگەڵی دەژین ))(فؤاد،١٩٩٤، ٣٤٨) کەواتە بەلای تۆڵستۆیەوە دەق بەشێکە لە واقیع و سیماو ئەزموونەکانی دەخاتەڕوو زۆر دوورناکەوێتەوە لەو گوتارە زارەکییەی کە لەنێوان دووکەسدا هەیە یەکێکیان قسەکەرەو ئەویتریان گوێگر  دەتوانین ئەم بۆچوونە لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا ڕوونبکەینەوە :

هەمان کۆنتیکس — هەمان کۆنتیکست

پەیامێکی زارەکی ( ڕوون و ئاسان) بەرامبەر پەیامێکی نووسراو(ڕوون وئاسان)

قسەکەر گوێگر ⟺ نووسەر خوێنەر

گوتاری زارەکی ، ئامانجی بەیەکگەیشتن و هەواڵگەیاندنە

نووسین و خوێندنەوە لەکردەی داهێناندا لە ڕەخنەی کۆندا ئامانجی بەیەکگەیشتنە

بەشێکی زۆری توێژینەوە ڕەخنەییەکان لە کۆندا لەم جۆرە خوێندنەوانەن بۆنمونە لەڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا سەبارەت بە شیعر، بەلای ڕەخنەگرەوە پێویستبوو شیعرەکە یان غەزەلبێت یان مەدح یان داشۆرین بێت، ئەم تێڕوانینە کۆنە بۆ خوێنەر وای لێکردبوو کە بەدەست دەقەوە وەک ئامێرێکی لیبێت و بکەوێتە ژێرکاری ئەوەوە، بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە توێژینەوە ڕەخنەییە تازەکاندا پێی گەیشتوون، بەشێوەیەک کە خوێندنەوەی ڕووکەشی دەقی تێپەڕاندووەو چۆتە قوڵایی دەقەوە لە ئاستی ئاسۆیی وشەکانەوە چۆتە قۆناغی کارکردن لە ئاستی ستونی وشەکاندا، بۆیە خوێندنەوەی هاوچەرخ ئاڵۆزتر و پێکهێنەر ترە


سەبارەت بە ڕەخنەی کوردییش لە ڕابردوودا بەشێوەیەکی گشتی جۆرێک لە خەسڵەتی ئایدۆلۆجی بەسەردا زاڵبووە، ئەمەش بە هۆی کاریگەری ئایدۆلۆجیاوەبووە لەسەر ڕەخنەگرەکان و دواتر لە کارە ڕەخنەییەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە بەتایبەت لەو کاتانەی کە بیری مارکسیی لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا بەگشتی، لەنێو ڕۆشنبیران و ڕەخنەگراندا بەتایبەتی لەبرەودابوو، سەرەڕای بارگاویکردنی خودی دەقیش بە بیرە ئایدۆلۆجییەکان لەلایەن نووسەرانەوە، لێرەوە ڕەخنەی کوردی زیاتر ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی،چینایەتیی و نەتەوایەتیی هەبووە، زۆرجار کاری سەرەکی ڕەخنەگر هێندەی لێپرسینەوەبووە لە نووسەر هێندە کارکردن نەبووە لە نێو بونیادی دەقدا و بەشێکی زۆری پرسیارەکانی کە لەدەق کراون لەدایکبووی دەرەوەی دەقبوون، بەمەش کارە ڕەخنەییەکان زیاتر لە ڕووکاری دەقدا دەمانەوە، نەک بچنە نێو قوڵایی دەقەوە، بەواتایەکیتر زۆرجار ڕەخنەگر وەک ڕاستکەرەوەیەکی هەڵەکانی نووسەر دەرکەوتووە، کەواتە دەتوانینین بڵێین: بەشێوەیەکی گشتی نووسەر ئامادەییەکی بەهێزی هەبووە لە پرۆسەی ڕەخنەدا و باڵادەستی زۆر بەئاشکرا دەبینرێت، ڕەنگە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنەکانی ( کاکەی فەلاح) لە کتێبی ( کاروانی شیعری نوێی کوردی) دا نمونەیەکی دیاری ئەو ڕاستیەبێت (لەبەشەکانی دواتر لەم تێزەدا لەبارەیەوە دەدوێین) هەرچی

پەیوەستە بە دەق و خوێنەر کە دوو ڕەگەزی گرنگی پرۆسەی خوێندنەوەو ڕەخنەن ئامادەییان نەبووە، دیارە ئەمەش ڕەنگە هۆکاری ئەوە بووبێت کە مۆدێلی کاری ڕەخنەیی لەو سەردەمانەدا زیاتر ئەو ڕێبازە باوانەی ( کۆمەڵایەتیی، دەروونیی و ئیشتراکیی) بوون و هەندێک لەو تیۆرییە تازانەی کە دواتر سەریان هەڵداوە و گرنگی زۆریان بە دەق و دواتر بە خوێنەریش داوە درەنگتر گەیشتوونەتە کوردستان، ئەوەی کە ناکرێت ئاماژەی پێنەدەین ئەوەیە کە لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بەهۆی کرانەوەی کۆمەڵگای کوردی و دەستگەیشتنە سەرچاوە بیانیەکانو کردنەوەی ناوەندە ئەکادیمییەکانی وەک زانکۆکان بەژمارەیەکی باش، ئیتر ڕەخنەی کوردیش لەو جوغزە داخراو و تەسکە چووە دەرو تیۆرییە تازەکانی وەک (شێواز گەری و بونیاد گەری...) ڕەنگیاندایەوە لەپرۆسەی ڕەخنەی کوردیدا کە دەتوانین بە هەنگاوێکی چۆنایەتی گرنگ ئەژماری بکەین.

هەرچی خودی پرۆسەی خوێندنەوەیە دەتوانین دابەشیبکەین بۆ دووقۆناغ:


١-قۆناغی خوێندنەوەی ڕووکەشی یان ئاسۆیی: لەم خوێندنەوەیەدا خوێنەر هێمایانە کارلەسەر دەق دەکات

٢-قۆناغی خوێندنەوەی قوڵ یان ستوونی: لەم قۆناغەدا کارلێک لەنێوان خوێنەر و دەقدا دروستدەبێت، بەجۆرێک هەندێکجار پێدراوەکانی دەقەکە دەسەڵاتی بێزارکەر) و هەندێکجاریش دەسەڵاتی (ئاراستەکەر) دەسەپێنن بەسەر خوێنەردا، لەڕێگەی ئاڵۆزی وناکۆکی و بۆشاییەکانی ناودەقەکەوە هێڵکاریەکەی خوارەوە ئەم بۆچوونەمان بۆ ڕووندەکاتەوە:



## پرۆسەی خوێندنەوە لەڕەخنەی نوێدا :

لە ڕەخنەی ئەدەبی تازەدا پرۆسەی خوێندنەوە گرنگیەکی زۆری پەیداکردووە، بەتایبەتی دوای ئەو شڵەژان و ڕاوەشاندنەی کە لەسالانی شەستەکاندا و لە ڕەخنەی هاوچەرخی ئەدەبیدا دروستبوو، بەجۆرێک کە پرۆسەی داهێنانی فراوانکردوو دەسەلاتی سەپاویشی گۆڕی، دوای ئەوەی کە لە ڕابردوودا پرۆسەی داهێنان لە نووسەرەوە بۆ دەق دەچوو دواتر بۆ خوێنەر، نووسەر لەڕێگەی ئامادەبوونی بەردەوامی پرۆسەکەدا چاودێری و ئاڕاستەی دەکرد، بەڵام ئەمەگۆڕا بۆچالاکیەکی دوو ئاڕاستەیی کە خوێنەرو دەق دووڕەگەزی سەرکین تێیدا، دانان بە خاڵی کۆتاییدا وەکچۆن لە تێگەیشتنی کۆندا خوێنەری پێدەناسرا بوونی نیی ، دەتوانین لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا ئەم تێڕوانینە باشتر ڕوونبکەینەوە:





لە هێڵکاریەکەدا بەتایبەت لەبەشی لای ڕاست، ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە لە کۆندا ڕۆڵی خوێنەرو پرۆسەی خوێندنەوە ڕۆڵێکی پەراوێزخراو بووە و وەک دیاریکراوە سەنتەری دەسەلات لەدەوری نووسەر دەخولێتەوە، ئەو تیشکەی کە لە نووسەرەوە بۆ دەق ڕۆشتوو، ئاماژەیە بۆئەوەی کە خوێندنەوە کەوتۆتە ژێرکاریگەری پێوەری پێشوەختەوە، ئەمەش خوێندنەوەی نەگۆڕو ئامادەمان پێدەدات بۆدەق، دواجار دەبێتە هۆی پاشەکشەی داهێنان. هەرچی خوێنەرە لەتێگەیشتنی کۆندا پەراوێزخراوە تیبینی ئەوەدەکرێت کە تیشکەکە تەنها بەیەک ئاڕاستەیە ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە خوێنەر توانای دیالۆگ و تێکەڵبوونی نییە لەگەڵ دەقدا، تە نها کاری وەرگرتن ، بەڵام لەبەشی چەپی هێڵکاریەکەدا، کە چەمکی تازەی خوێندنەوە دەردەخات، ئەوەڕوونکراوەتەوە کە ناوەندی دەسەلات لە( نووسەر-دەق )ەوە گواستراوەتەوە بۆ ( دەق-خوێنەر )بەشێوەیەک کە خوێنەر ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە واتای دەقدا، تیشکی ڕۆیشتوو وە هاتوو بۆ دەق و ڕۆیشتوو وەهاتوو بۆ خوێنە، پەیوەندی و کارلێکی نێوانیان پیشاندەدات وەک پەیوەندی نێوان داهێنان و خوێنەر. ئەمەش پرۆسەی خوێندنەوە بێکۆتایی دەکات، گۆڕانی ناوەندەکانی دەسەلات و چەمەکەکان لەئەنجامی گۆڕانی چەمکی خوێندنەوەدایە کە لەڕاستیدا بۆتە چەمکێکی ئالۆز و تەمومژاوی وا کە ناچارمان

دەكات لەپێناو گەیشتن بە واتایەكی تەواو هەموو بیر و هۆشمان بخەینەكارو هەوڵێكی زۆربدەین (حفیظة زین،٢٠٠٤-٢٠٠٥، ١٠).

وەک دەزانین کە کاریگەری فینۆمینۆلۆجیای هۆسرەڵ لەسەر ئەم تیۆرییە ڕەخنەییە زۆرە و لەڕوانگەی ئەم کاریگەرییەوە دەبینین وەک چۆن هۆسرەڵ باس لە هەست دەکات و پێیوایە کە هەستکردنی دابڕاو(مجرد )بوونی نییە، بەڵکوهەستکردن بەشت بوونی هەیە، بەهەمانشێوە و لای تیۆری وەرگرتنیش خوێندنەوەی دابڕاو بوونی نیی، بەڵکو ئەوەی بوونی هەیە خوێندنەوەی شتێکە کە بریتیە لە دەق، وەک چۆن لە فینۆمینۆلۆجیادا لەناخەوە هەستکردن بە شتەکانی دەرەوە دروستدەبێت، ئاوهاش لە پرۆسەی خوێندنەوەدا لای خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا ئەو کاریگەری و کارلێککردنە دروستدەبێت بەرامەبەر بەدەقەکەو لە ئەنجامدا بەرهەمی ئەوکارلێکە دێتە ئاراوە کە نە خوێنەرە بەتەنهاو نەخودی دەقەکەیە، بەڵکو هەردوکیانە پێکەوە (البازعي، محضرة، دقیقة ١٨-٢١).

ئەم هێڵکاریەی خوارەوەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بنەماکانی کاری ئەدەبی پێکهاتوو لە(نووسەر، دەق و خوێنەر) هەوڵدەدات بۆ بەدیهاتنی ئەوەی پێی دەوترێ پرۆسەی خوێندنەوە، لەئەنجامی ئەم پرۆسەیدا (دوو دەق)بەرهەمدێت، دەقی یەکەم ئەوەی نووسەرە کە بەرهەمیهێناوە بە دەربڕین وپێکهاتن و شێوازیەوە، بەڵام دەقی دووەم  ئەوەیە کە خوێنەر پێیدەگات لە ئەنجامی خوێندنەوە و کارلێکی لەگەڵ دەقی یەکەمدا، دواتر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەقی نووسەر جەمسەری هونەری بەدیدەهێنێت و دەقی خوێنەریش جەمسەری ئیستاتیکی ( جوانی) لە ئەنجامی کارلێکدا بەرهەمدەهێنێت بە بڕوای ئیمە خوڵقانی ئەم دوو جەمسەرەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەم تیۆرییە نووسەری ڕەتنەکردۆتەوە، بەڵکو وەک ڕەگەزێکی نێو پرۆسەی خوێندنەوە سەیری دەکات، بەڵام دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر دەقدا لێ دەسێنێتەوە و ماف بە خوێنەریش دەدات کە لە پرۆسەی کارلێکی لەگەڵ دەقدا وەک ڕەگەزێکی گرنگ بەشداربێت. کەواتە کاری ئەدەبی لە ئەنجامی بەدیهاتن هەردوو جەمسەرەکە بەدیدێت.



## پاری دووەم: خوێنەر و جۆرەکانی خوێنەر

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا دیاردەی شیکاری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا پشتبەست بە پۆلێنکردنی خوێنەران بەدەرکەوت، بەشێوەیەک هەرجۆرێک لە خوێنەر بەپێی میتۆدی خاوەنەکەی و تێڕوانینی لە خوێندنەوەی دەق و درکپێکردنیدا وەسفدەکرێت. هەریەکێک لەو جۆرە جیاوازانەی خوێنەران دیاریکردنێکی گریمانەیی هەیە لای خاوەنەکانیان و بوونێکی کردەیی و ڕاستییان نییە هێندەی ئەوەی کیانێکی دەقی و گریمانەییە لە ناو دەقدا هەروەها پێوەر و ڕێکاری شیکار و تێگەیشتنی دەقن، وەک ئەوەی کە (ڕیڤاتیر) (خوێنەری کۆکەرەوە)( القارىء الجامع )کەی کردبووە پێوەرێک لەنێو پێوەرکانیتردا بۆ شیکردنەوەی شێوازگەری دەقی شیعری، ( ئایزەر)یش ( خوێنەری ناوەوەی) کردبووە ئامرازێک لە ناو ئامرازەکانیتردا بۆ وەسفکردنی کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر لەچوارچێوەی تیۆری وەرگرتندا. دەتوانرێت درک بەو خوێنەرە بکرێت، بە دۆزینەوەی لەڕێگەی شێوازە جیاوازەکانەوە کە نووسەرە داهێنەرەکان پەنای بۆ دەبەن لە دواندنی خوێنەرە گریمانەییە جیاوازەکانیاندا لە شیعردا بێت یان لە ڕۆماندا.

خوێنەر ئەو کارەکتەرەیە کە کاری ئەدەبی بەبێ ئەو هیچ بەهایەکی نییە، لەڕاستیدا خوێندنەوە بەواتای بوونی خودی خوێنەرە، ئەو خودەی کە سەنتەری پرۆسەی ڕەخنەییە چیتر نە نووسەر و نەدەق بالادەستنین لە پانتایی ڕەخنەدا، بەڵکو ئیتر ئەوە خوێنەرە کە دەسەڵاتی هەیە بەسەر دەقدا، بەوجۆرە خوێنەر دەبێتە بکەر و دەقیش دەبێتە بەرکار، کەواتە پرۆسەی خوێندنەوە پرۆسەیەکی یەکلایەنە نییە، بەڵکو ئەنجامی بەیەکگەیشتنی دوو هۆشیارییە (هۆشیاری نووسەر و هۆشیاری خوێنەر)، نووسەر کاتێک دەنووسێت خوێنەرێک لەجۆرێکی تایبەت بۆخۆی گریمانە دەکات بۆ ئەو دەنووسێت و گوتاری خۆی ئاڕاستەی ئەو دەکات، ئەو بۆ کەسانێک دەنووسێت کە دەخوێننەوە، وەچاوەڕێی پەرچەکرداری ئەوانە لەبارەی ئەوەی کە دەینووسێت، چونکە هیچ نووسەرێک نییە بتوانێت ئەوەی دەیەوێت بیداتە خوێنەر، ئێستا خوێنەری هۆشیار هەیە و خۆی نادات بەدەست ئەوەی کە دەیخوێنێتەوە، بەڵکو خوێنەرێکی تێکدەرەو دەق هەڵدەگێڕێتەوە، دەسەڵاتی لە نووسەر وەرگرتۆتەوە، ئەگەر جاران دەیانگوت واتا لە سنگی شاعیردایە، ئەوا ئێستا واتای لە سنگی شاعیر دەرهێنراوەو چۆتە سنگی خوێنەرەوە، سەنتەرێتی واتا و خود کە پێشتر واتای قۆرخکردبوو، لەئێستادا تێکشکاوە و واتا لەدەقدا چاوەڕێی خوێنەرێکە کە بیدۆزێتەوە (داود، ٢٠١٤، ١٢٦-١٢٧) .

ئەو تیۆرییانەی کە ڕوو لە خوێنەرن، ئەو ڕۆڵ و دەسەڵاتەی بەخشیەوە بە خوێنەر کە لە ڕێبازە ڕەخنەییەکانی پێشووتردا لێی بێبەشکرابوو، بەجۆرێک ئەم بوو بە بەرهەمهێنەری دەق، بەبوونی ئەم ئەویش هەیەو لە نەبوونیشیدا دەقیش بێ واتا دەبێت، بەشێوەیەک تەنانەت لەپێش

نووسینی دەقیشدا خوێنەر ئامادەیە لە بیری نووسەرەکەدا، بیری ڕێکدەخات و شێوازەکەی ئاڕاستەدەکات و تەنانەت زمانی دەقەکەش هەڵدەبژێرێت

نووسەر پێش ئەوەی دەقەکەی لەدایکبێت بیر لەوخوێنەرانە دەکاتەوە کە دەقەکەی دەخوێننەوە، بەپێی ڕەگەز، تەمەن و زمان وە لەلایەنی کات و شوێن و بیرباوەڕی ئایدۆلۆجی و داب و نەریتەوە خوێنەر ئامادەیی هەیە لەقۆناغی کۆرپەلەیی دەقدا و پێش لەدایکبوونی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینەدا دەتوانین ڕێگە بەخۆمان بدەین ئەم پرسیارە بوروژێنین، کە بۆچی نووسەرانی کورد بەزمانی کوردی دەنووسن، ئەمە لەکاتێکدا زۆریان ڕەنگە زمانی دووەم بزانن و بتوانن پێی بنووسن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەتوانین بڵێین: لەبەرئەوەیە کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕوویان لەخوێنەری کوردەو ئەوان زیاتر بەرهەمەکانیان دەخوێننەوە و نووسەرانیش نایانەوێت دەقەکانیان لە شەقام و لەسەر ڕەفەکان بمێننەوە، بەڵکو دەیانەوێت بەوزمانە بنووسن کە زۆربەی خوێنەرانی دەیزانن کە زمانی کوردییە و دەرگایەک بۆ هاتنە ناو دەقەکانیان دەکەنەوە لێیان، چونکە پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەر وەک پەیوەندی نێوان ئاوازێکی مۆسیقی و ژەنیارەکەی وایە، هەتا ژەنیارەکە ئاوازەکە نەژەنێت ئاوازەکە بەهایەکی نییە، بە هەمانشێوە دەق بوونی نییە ئەگەر کردەی خوێندنەوە نەبێت بەوشێوەیە زمانی وەرگرە کە زمانی دەق دیاریدەکات.

بە هەمانشێوە دەتوانین بپرسین بۆچی ئەدەبی منداڵان بوونی هەیە، بەڵام ئەدەبی تەمەنەکانیتر وەک مێردمنداڵی و هەرزەکاری بوونی نییە، وەڵامەکەی ئەوەیە چونکە توانای بیرکردنەوەی منداڵان دیاریکراوە و توانای تێگەیشتنی لە دەقی ئاڵۆز و خاوەن لادانی زمانی و خەیاڵی فراوانی نییە. ئەمانە دەبنە بەربەستێک لە نێوان نووسەر و منداڵاندا، ئەوان واتە منداڵان بەسادەیی بیر لەشتەکان دەکەنەوەو بەسروشتی خۆیان لە واقیعدا دەیانبینن، منداڵ لەو قۆناغەدا پێویستی بە ئامۆژگاری و فێرکردنە لەڕێگەی بەیەکگەیاندن و بەراوردکردنەوە، بۆیە ئەوەی کە بۆی دەنووسرێت دەبێت بگونجێت لەگەڵ زانیاری و ئاستی تێگەیشتنیدا، لەبەرئەوە ئەو نووسەرەی کە بۆمنداڵان دەنووسێت پێویستە کە شێوازێکی ئاسان بەکاربهێنێت و بیرۆکەکانی بەشێوەیەکی ڕوون بخاتەڕ ، هەروەها کەسێتیەکانیش لە واقیعی ئەو جیهانەوە وەربگرێت کە منداڵ تێیدا دەژی، کەواتە هۆکاری تەمەن ڕۆڵی هەبوو لە کرداری نووسیندا .

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین: هیچ داهێنەرێک بوونی نییە کە بنووسێت و خوێنەرێک لە ناخیدا نەبێت ئەم خوێنەرە لەوانەیە نووسەر خۆی بێت یان جیاوازبێت لێی یان ڕەنگە نووسەر خۆی مەزندەی بکات، ئەو خوێنەرە دەکرێت جیاواز و جۆراوجۆربێت، بەڵام نەبوونی ئەستەمە.

له ئەنجامی فرەخوێندنەوەدا فرەخوێنەریش هاتۆتە ئاراوە، خاوەنی گریمانەکان هەریەکەیان لە تێڕوانینی خۆیەوە باسی خوێنەرێکی کردووە، چەند جۆرێک لە خوێنەران هەن ، ئێمە هەوڵدەدەین باس لەوانە بکەین کە پەیوەندییان بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە  لەنمونەی ئەو خوێنەرانە وەک:

١-خوێنەری نمونەیی (القارىء النموذجي): (ئەمبرتۆ ئیکۆ) بە دامەزرێنەری ئەم جۆرە لە خوێنەر دادەنرێت و ئەو چەمکی خوێنەری نمونەیی لە خاڵێکی گرنگەوە دەستپێکردووە ئەویش ئەوەیە کە دەق ستراتیژیەتێکە کە نووسەر و خوێنەر پێکەوە پێکیدەهێنن، نووسەر تاوەکو ستراتیژێتی دەق پێکبهێنێت پێویستە کە پشت بە زنجیرەیەک لە تواناکانی ببەستێت هەرئەو تواناناییانەشە کە خوێنەرەکەی بەکاریاندەهێنێت، لەبەرئەوە نووسەر پێشبینی خوێنەرێکی نمونەیی دەکات و مەبەستی لەم خوێنەرەش ئەوەیە کە دەتوانێت  هاوکاربێت لەپێناو بەدیهاتنی دەقدا بەو ڕێگەیەی کە نووسەر بیری لێدەکاتەوە، دەشتوانێت ڕاڤەکارانە بجوڵێت وەک چۆن نووسەر دەجوڵێت (سلطاني، ٢٠٠٩، ، ١٠٨).

٢-خوێنەری گریمانەیی( القارىء الافتراضي) :  ئەو خوێنەرەیە کە وادەبینرێت نووسەر بۆ ئەو دەنووسێت، ئەوەشی کە دەنووسرێت کار لەم دەکات بەمەش دەگۆرێت یان لانیکەم بیرکردنەوەی دەگۆڕێت. هەموو نووسەرێک خوێنەرێکی گریمانەیی تایبەت بە خۆی هەیە و خوێنەرێک لەگەڵیدایەو دیالۆگی لەگەڵ دەکات، هاوڕایە لەگەڵیدا، ئەم خوێنەرەش لایەنی باش و خراپی هەیە، کاتێک ئەم خوێنەرە زیادەڕۆیی دەکات لە پیاهەڵدان و داهێنانی نووسەردا، نووسەر وای لێدێت هەست بە گەورەیی و لەخۆباییبوون بکات، ئەمەش ڕاستی ولێهاتوویەکەی نووسەر دەکوژێت، بەڵام بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەم خوێنەرە زیاد لەپێویست ڕەخنەیگرت و نارازیبوو لە نووسەر، ئەمە وادەکات بەرهەمەکان هەر لە بیری نووسەردا بمێننەوەو نەنوسرێن ( القاريء الحقيقي، ٢٠٠٨، ١).

٣-خوێنەری ڕاستەقینە(القارىءالحقيقي): ئەو خوێنەرەیە کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە بەراوردی دەکات بە نووسراویتر جەخت ناخاتە سەر شتە بچوکەکان و وردەکای و پەراوێزەکان، خوێنەری ڕاستەقینە جیاوازە لە خوێنەری گریمانەیی، خوێنەری گریمانەیی لە جیهانێکی گریمانەییدا دەژی بەراورد ناکات، بەڵکو داوای تەواوەتیی و ڕەهایەتیی دەکات و دەچێتە نێو وردەکاریەکانەوە، بە پێچەوانەی خوێنەری ڕاستەقینەوە، هەرچەندە  هەندێک خوێنەری ڕاستەقینەش هەیە هەمان شتی خوێنەری گریمانەیی دەکەن،چونکە لە جیهانێکی گریمانەییدا دەژین( القاريء الحقيقي، ٢٠٠٨، ٢).

٤-خوێنەری بژاردە(القاريء المثالي): ئەمجۆرە خوێنەرە(ڕۆمان ئینگاردن) باسی لێوەدەکات، هەندێکجار بە(خوێنەری ڕۆشنبیر)یش ناودەبرێت، خاوەنی توانایەکی ئەدەبی تەواوە ئەویش لەئەنجامی تێگەیشتنی بۆ دەق بەشێوەیەکی زۆرباش بۆیە پێویستە خوێنەری بژاردە خەسڵەتی وەک خەسڵەتی نووسەروابێت ئەمەش ڕەنگە زۆر ئەستەمبێت، مەگەر خودی نووسەرخۆیبێت، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە خوێنەری بژاردە لەو مەبەست و ستراتیژیانەدا، لەگەڵ نووسەردا بەشدارە کە دەقەکەی هەڵیگرتووە و دابڕاوێکی نەرێنیی هەیە لەگەڵ ناخی نووسەرەکەدا بەشێوەیەک کە گیانی داهێنان دەکوژێت و دەستبەسەر دەقەکەشدا دەگرێت، لە یەکەم خوێندنەوەدا بەتەواوی وەک یەکە لەگەڵ مەبەستێتی نووسەردا، ئەم خوێنەرە هەموو چالاکیەکی خوێندنەوە ڕادەگرێت هیچ خزمەتێک بە (تیۆری خوێندنەوەو ئیستاتیکای دەق)ناکات، بەڵکو ئەدەب تێکدەشکێنێت و دەیخاتەوە بواری بەیەکگەیشتنی زمانیی، بۆیەش دەوترێت خوێنەری بژاردە ناتوانرێت بێتەدی (ایزر،١٩٨٩، ٢٢).

٥- خوێنەری باڵا (القاريء الاعلى): ئەمجۆرە خوێنەرە لای(ڕیڤاتیر) سەریهەڵداوە و کورتیکردۆتەوە لە هەموو خوێنەرە هەواڵدەرەکاندا کە لە خاڵە گەوهەریە چالاکەکانی دەقدا پێکدەگەن و هەریەکەیان خاوەن توانایەکی ئەدەبی جیاوازە، کۆبوونەوەکەشیان ئاستی هەمەجۆری لەئاستی ئامادەیی خودی هەریەکێکیاندا هەڵدەوەشێنێتەوە، وە لەڕێگەی ئەو جۆراوجۆری خودیەی نێوانینەوە (ڕیڤاتیر) هەوڵی بیناکردنی واقعێکی شێوازگەری بابەتی تەواو دەدات، کە هاوکارە لە درکپێکردنێکی باڵای ئەو واقیعە شێوازگەرییە و ئازادە لە پەیوەندیە دەرەکیەکان. (ڕیڤاتیر) جەخت دەکاتەوە لەوەی کە ئەو نا سەنتەریەی خوێنەرە باڵاکەی پشتیوانی لەپێشوازی خوێنەری دەقەکە دەکات تاوەکو واقعێکی شێوازگەری بابەتی ئازاد لە فاکتەری دەرەکی دابڕێژێت، ئەمەش یارمەتیدەدات لە خوێندنەوەی هەموو دەقێکدا کە چەند دوور یان نزیکبێت لە سەردەمی خوێنەرەکەوە ( ایزر، ١٩٨٩، ٢٢) .

٦-خوێنەری هەواڵدەر ( القاريء المخبر): ستانلی فیش باس لەمجۆرە خوێنەرە دەکات و پێیوایە بریتییە لەو خوێنەرەی کە خاوەنی لێهاتوییەکی زمانی وایە کە هاوجووتە لەگەڵ زمانی دەقەکەداو توانای زانینی واتای هەیە، کەواتە خاوەنی توانایەکی تەواوی لێهاتوییە، جا لێهاتوویی بەرهەمهێنانیبێت یان تێگەیشتنبێت.

٧-خوێنەری مەبەستدار ( القاريء المقصود) : ئەم خوێنەرە ( وۆلف) باسی لێوەدەکات، ئەم خوێنەرە ڕەنگە چەند شێوەیەکی هەبێت بەوپێیەی لای نووسەرەوەیە و لەوانەشە هەموو خوێنەرێک بگرێتەوە جا ئەوانەی کە لەهۆشی نووسەراندان یان ئەوانەی کە لە مێشکی

خوێنەراندان، (ۆلف) دەیبەستێتەوە بەمێژووی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەوە، بەمشێوەیە دەتوانرێت لەڕێگەیەوە ئەو وەرگرە دیاریبکرێت کە نووسەر دەیەوێت بیدوێنێت، دەتوانرێت بوترێت کە ئەمخوێنەرە وەک بونیادێکی دەق وایە (کەسێتی،گرێ و ڕووداو...)، لەبەرئەوەی نووسەر دروستیدەکات و ئاڕاستەیدەکات، بۆیە ناتوانێت چالاکبێت، ناشتوانێت لەگەڵ دەقدا کارلێکبکات، تەنها دەتوانێت ئامادەیی خەڵکە مێژووییەکان بدۆزێتەوە ئەوەی کە نووسەر دەیەوێت(حفیظة،٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٨٨).

سەربارى ئەمجۆرانە لە خوێنەر، لە ڕوانگەی تیۆری وەرگرتنەوە خوێنەران لە تێڕوانینیاندا بۆ دەق لەیەک ئاستدا نین، بەشێوەیەکی گشتی دەیانکەن بە سێ جۆرەوە کەبریتین لە:

١-خوێنەری ئاسایی ( القارىء العادى): ئەو خوێنەرەیە کە هیچ نابەخشێت بە دەق و بەخوێنەرێکی نەرێنیی دادەنرێت.
٢-خوێنەری هۆشیار یان گرنگپێدەر ( القارىء العارف او المهتم) : ئەو خوێنەرەیە بەو زانیاریانەی کە هەیەتی دەتوانێت دەق بەرهەمبهێنێتەوە لە ناخی خۆیدا.
٣-خوێنەری ڕەخنەگر ( القارىء الناقد) : ئەو خوێنەرەیە کە نەک تەنها لە ناخی خۆیدا دەق بەرهەم دەهێنێتەوە، بەڵکو توانای ئەوەی هەیە بیخاتە سەر کاغەزیش، بەو واتایەی کە توانای دووبارە دارشتنەوەی دەقی هەیە لە خوێندنەوەیەکدا کە کاریگەری دەبێت لەسەر دوو جۆرەکەیتریش (خوێنەری ئاسایی و خوێنەری هۆشیار یان گرنگپێدەر). ڕابەرانی قوتابخانەی کۆنستانس ئەم جۆرە خوێندنەوەی بە خوێندنەوەیەکی بە بەرهەم ناو دەبەن(خليل ،٢٠٠٣، ١٢١).

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەڵێین: باسکردن لە جۆرەکانی خوێنەر پێمانوایە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیەو پێویستییەکی بابەتییە بۆ ئێمە، چونکە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکان پێکهاتنی واتا کە تیۆری وەرگرتن زۆر جەختی لێدەکاتەوە (خوێنەر)ە وە پێویستیشە کە لەو خوێنەرانە تێبگەین و بزانین چۆن لەگەڵ دەقدا مامەڵەدەکەن، هەرچی(خوێنەری ناوەوە ( القاريء الضمني) کە (ئایزەر) باسی لێوەدەکات، وەک یەکێک لە جۆرەکانی خوێنەر پەیوەستییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە کارەکەی ئێمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پاری چەمکە ڕێکارییەکانی تایبەت بە ( ئایزەر) بە درێژی لەبارەیەوە دواوین بۆیە بە پێویستمان نەزانی لێرەدا باسیبکەین.

## پاری سێیەم : چییەتی خوێندنەوە

خوێندنەوە چەند واتایەکی لەخۆ گرتووە، بەکورتی دەتوانین باس لەچەند واتایەکی بکەین بۆنمونە ئەم زاراوەیە هەندێکجار واتای پێشبینی داهاتوو دەگەیەنێت، وەک ئەوەی پێی دەوترێت خوێندنەوە ( دەست و قاوە ...) کە کەسانێکی تایبەت لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەنجامی دەدەن، لە ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا، زاراوەی (خوێندنەوە ) هاو واتا دێت لەگەڵ بیرکردنەوە بۆزانینی ئەوشتانەی کە نەزانراون، وەک سەرەتای دابەزینی قورئانی پیرۆزدا، داوا لەپێغەمبەر(د.خ)دەکرێت کە بخوێنێت خوای گەورە دەفەرموێت : ((اقراء باسم ربک الذي خلق))(سورة العلق ،الاية ١) لە ڕۆشنبیری یۆنانیەکاندا بەتایبەت لای( البیر )واتای( هەڵمژین )ی گەیاندووە و داوای ئەوەی لە خوێنەر کردووە کە دەق هەڵمژێت و بیکاتە بەشێک لەخۆی، وەکچۆن هەنگێک شیلەی گوڵ دەمژێت و لەئەنجامدا هەنگوینێک بەرهەمدەهێنێت کە جیاوازە لەو مادەیەی کە هەڵیمژیووە، خوێنەریش هەمانکردار لەگەڵ دەقدا بکات (حفیظة زین، ٢٠٠٤-٢٠٠٥، ١١).

مەبەست لە خوێندنەوە ئەو پرۆسە ئاوەزییە یە کە پشتدەبەستێت بە شیکردنەوەی هێما لەپێناو بەدیهاتنی واتا و گەیشتنە قۆناغی تێگەیشتن، ئامرازێکیشە بۆ پێشوازیکردنی زانیاریەکانی نووسەر یان پەیامنێر، هەروەها بە ئامرازێکی بەیەکگەیشتن و فێربوونی بەردەوامیش دادەنرێت لەگەڵ ڕۆشنبیری و شارستانیەتەکاندا، لە ڕێگەی گەڕانەوەی زانیارییە تۆمارکراوەکانی نێو بیر. بەلای ( بارت) وەوە خوێندنەوە چالاکیەکی هەمەجۆرە بەدوای تاک واتادا ناگەڕێت، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ فرە واتایی هەروەها ئەو پێی وایە کە دووبارەکردنەوەی خوێندنەوە، دەق لە دووبارەبوونەوە ڕزگاردەکات و بەشێوەیەک دەردەکەوێت وەک ئەوەی یەکەمجارە بخوێنرێتەوە، بەتایبەت ئەگەر دەقەکە دەقێکی کلاسیکیبێت، لەمبارەیەوە ( کالفینۆ) ش هاوڕایە لەگەڵ ( بارت) دا و ئەو دەپرسێت، بۆچی دەقی کلاسیکی دەخوێنینەوە؟ هەرخۆشی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: هەموو خوێندنەوەیەکی دووبارەی دەقێکی کلاسیکی بریتییە لە پرۆسەی پەی پێبردنێکی نوێ و وەک یەکەم خوێندنەوە دەردەکەوێت (جوف، ٢٠١٦، ١١).

هەرچی( بۆرخێس) یشە تەنها مێژوویەکی ئەدەبی کە دانیپێدابنێت بریتیە لە مێژووی خوێندنەوە، ئەو پێیوایە ئەوە خوێندنەوەیە کە مێژووییە، نەک دەقی ئەدەبی کە وەکو خۆیان دەمێننەوە بەواتای ئەوەی دەق مێژووی ئەدەب پێکناهێنێت، چونکە ڕاوەستاوە، بەڵکو خوێندنەوەکانی ئەو دەقە مێژووی ئەدەب پێکدەهێنن، چونکە بەردەوام دەگۆڕێن بەپێی کات و سەردەم و بەهای دەقەکانیش لە ڕێگەی خوێندنەوەکانەوە بەدیدێن (جوف، ٢٠١٦، ١٣).

زۆرجار ڕەنگە ئەوپرسیارەمان لادروستبێت کە ئایا خوێندنەوە چییە؟ یان بریتییە لەچی؟ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەش ڕەنگە پێویستبێت لە دوولایەنەوە وڵامی بدرێتەوە:

یەکەم: خوێندنەوە چالاکییەکی فرەڕەهەندە.

دووەم: خوێندنەوە بەیەکگەیشتنێکی دواخراوە.

## یەکەم: خوێندنەوە چالاکییەکی فرە ڕەهەندە :

خوێندنەوە وەک چالاکییەکی ئاڵۆز و هەمەجۆر لەکۆمەڵێک ئاڕاستەوە گەشەدەکات، ڕەنگە توێژینەوەکەی(جیل تریان) بەناوی (لەپیناوی سیمیائێتی خوێندنەوەدا ) لەمبارەیەوە، یەکێک بێت لەباشترین ئەو نووسراوانەی کە باسیان لەم بابەتە کردووە(جیل تریان )پێیوایە کە خوێندنەوە وەک پڕۆسەیەک پێنج ڕەهەندی هەیە کەبریتین لە:

١-خوێندنەوە وەک بەردەوامییەکی بیرگەیی – فیزیۆلۆجی
٢-خوێندنەوە بەردەوامییەکی زانیارییە
٣-خوێندنەوە بەردەوامییەکی سۆزدارییە
٤-خوێندنەوە بەردەوامییەکی بەڵگەییە
٥- خوێندنەوە بەردەوامییەکی هێماییە

١-خوێندنەوە وەک بەردەوامییەکی بیرگەیی – فیزیۆلۆجی( القراءة باعتبارها سيرورة ذهنية – فيزيولوجية ):

خوێندنەوە کارێکی هەستپێکراوە و شیاوی تێبینییە بەبێ بەکارخستنی کۆئەندامی بینین و ئەرکە جیاوازەکانی مێشک، پڕۆسەی خوێندنەوە جێبەجێ نابێت خوێندنەوە پڕۆسەی درکپێکردن و دیاریکردن و کۆکردنەوەی هێماکانە کە پێش هەموو شیکردنەوەیەکی ناوەڕۆک دەکەوێت . زۆریک لە توێژینەوەکان لەناویاندا توێژینەوەکەی (فرانسوا ریشۆدۆ (المقروئية ١٩٦٩- Denoel) بەرەو وەسفکردنێکی وردی ئەم چالاکییە ئاڕاستەکراوون. ئەم توێژینەوانە دەریانخستووە کە چاو هێماکان یەکبەدوای یەکدا درکپێناکات، بەڵکو بەشێوەی کۆمەڵ درکیان پێدەکات بەمشێوەیە بازدەدرێت بەسەر هەندێک وشەدا و هەندێک وشەش وەلادەنرێت، بۆیە جوڵەی بینین لەسەر هێڵ نییە و شێوەیەکی یەکگرتووشی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بریتییە لە بازدانی لەناکاو و پچرپچڕی نارێک کە لەنێوانیادا وەستان هەیە (لەنێوان سێیەک بۆ چارەکە چرکەیەک) کە ڕێگە بە درکردن دەدات لەمیانەی ئەو وەستانانەدا، چاو شەش بۆ حەوت هێما تۆماردەکات، پێش هاتنی ئەوەی

دواتر. کردنەوەی کۆدەکان بەلای خوێنەرەوە ئاسانتردەبێت کاتێک کە دەقەکە وشە گەلێکی کورت، ناسراو، ئاسان و فرە واتای لەخۆگرتبێت. لەلایەکی ترەوە توانای بیرگە کە بەخێرایی تۆماردەکات و لەبیردەکات لای خوێنەرێک (ئەوەی کە بیرگە لەخۆی دەگرێت لەیەک سەرنجدا )کەم وزیاد دەکات لەنێوان هەشت بۆ شانزە وشەدا، وەک ئەوەی کە(ڕیشۆدۆ) تێبینیکردووە کاتێک کە نووسەر ڕێزی ئەم بنەمایانە ناگرێت بۆ خوێندنەوە ئەوکات ئەگەری هەموو هەڵە واتاییەکان بوونی دەبێت .لێرەبەدواوە چیتر دەقە خوێندراوەکە دەقە نووسراوەکە نییە (جوف ،٢٠١٦، ٢٢-٢٤).

٢-خوێندنەوە بەردەوامییەکی زانیارییە ( القراءة سيرورة معريفية ):

کاتێک خوێنەر درک بە ئاماژەکان دەکات و دەیانکاتەوە لەوکاتەوە هەوڵی تێگەیشتنی کێشەکان دەدات، گۆڕانی وشەکان بۆ ڕەگەزە واتاییەکان هەوڵدانێکی گرنگی پێویستە، ڕەنگە ئەم تێگەیشتنە لەنزمترین ئاستدابێت، لەبەرئەوەی پەیوەستە بەوەی کە ڕوودەدات، خوێنەر بکەری سەرەکییە بۆ گەیشتن بە کۆتایی، جەختدەکاتە سەر ڕیزبەندی ڕووداوەکان و چالاکی زانیاری یارمەتی خوێنەردەدات بەخێرایی بچێتە پێشەوە لەناو گرێدا. بەگشتی ئەمە لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانی پۆلیسی و چیرۆکە سەرکێشییەکاندا ڕوودەدات، بەڵام کاتێک کە دەقەکان زۆر ئاڵۆزدەبن خوێنەر بەپێچەوانەوە قوربانی دەدات بە چوونە پێشەوە لەبەرخاتری ڕاڤەکردن هەوڵدەدات لە هەموو ئەوانەی کە دەق لەخۆی دەگرێت تێبگات.

ڕۆلان بارت لەکتێبەکەیدا بەناوی (چێژی دەق)ەوە بەوردی وەسفی ئەم دووجۆرە لە خوێندنەوەیەی کردوو ((خوێندنەوەیەک ڕاستەوخۆ دەچێتە جومگەکانی چیرۆکەوە، درێژبوونەوەی دەق ڕەچاودەکات، یاریەکانی زمان فەرامۆشدەکات بەو واتایەی ڕووخسارو شێوەی وشەکان بە بەهەند وەرناگرێت، بەڵام جۆری دووەمی خوێندنەوە هیچ شتێک پشتگوێ ناخات، بەدەقەوە دەلکێت بەوپەڕی حەز و لەخۆبردووییەوە قوڵدەبێتەوە لەکارەکەیدا و لەهەموو خاڵێکی دەقەکەدا درک بە پچڕانی پەیوەندیەکان دەکات، زمانەکە دەپچڕێنێت، نەک چیرۆکەکە. ئەوەی ئەم خوێندنەوەیە یەخسیری خۆی دەکات نە درێژبوونەوە لۆجیکیەکەیەتی و نە ڕووتبوونەوەی ڕاستیەکانە لەوەی داپۆشیوە، بەڵکو دارشتنە مانا بەخشەکەیەتی کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی واتا )) (بارت، ١٩٧٣، ٢٢-٢٣).

لەنێوان بەرەوپێشەوەچوون و تێگەیشتندا هۆکاری پێکگەیاندن هەیە، ئەم دوو گۆڕاوە دەتوانن لە نەسەبی جۆراوجۆرەوە پێگبێن لەگەڵ ئەوەدا لەهەموو دۆخەکاندا خوێندنەوە لێهاتوویی

پێویستە، دەق زانیاری زیاد دەکات ئەمەش ئەوەیە کە خوێنەر دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، ئەگەر بییەوێت بەردەوامی بە خوێندنەوەکەی بدات (جوف، ٢٠١٦، ٢٥).

٣ -خوێندنەوە بەردەوامییەکی سۆزدارییە ( القراءة سيرورة عاطفية):

کێشکردنی خوێندنەوە(جاذبية القراءة)بەشێوەیەکی سەرەکی لەو هەڵچوونانەوە کە دروستی دەکات سەرچاوەدەگرێت، ئەگەر وەرگری دەق تواناکانی بیری بەگەڕبخات، ئەوا بەهەمانشێوە هەستەکانیشی بەگەڕدەخات. لەڕاستیدا هەڵچوونەکان بنەڕەتی بنەمای یەکانگیربوونە کە بە داینەمۆی کرۆکی خوێندنەوەی کاری خەیاڵئامێزە دادەنرێت.کەسێتییەکانی ڕۆمان پاڵمان پێوەدەنێن بۆ زانینی چارەنووسیان، چونکە سەرنجیان ڕاکێشاوین یان خستویانینە پێکەنین یان هەست و سۆزیان بزواندووین. تۆماشوفسکی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا پێشینەیی هەڵچوونی لەگەمەی دەقدا دەرخستووە، وەک دەڵێت: (( کاتێک کە نووسەر خاوەن بەهرەیەکی باڵابێت خۆڕاگرتن لەبەردەم ئاڕاستە هەڵچونئامێزەکانیدا ئەستەمە)) (تودوروف،١٩٦٥،٢٩٦). هەمانشێوە (فرۆید) یش باسی لەو ئامادەگییە سۆزدارییەی خوێنەرکردووە کە بەهۆیەوە تێکەڵ بە جیهانی دەق دەبێت و دواتر ئەو ئەزموونانەی کە لێوەی هەڵیدەهێنجی، ئەوشتانەی کە لە ژیاندا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە بە گشتی زۆربەمان نەرێنیانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین و دەکەوینە ژێرکاریگەری ڕوداوەکانەوە، بەڵام وەڵامی بانگەوازی شاعیر دەدەینەوە بەهۆی ئەو دۆخەی کە بۆمانی دروستکردووە، ئەو هەست وسۆزەی لەناخماندا بەئاگادێت، دەتوانێت هەستەکانمان دووربخاتەوە لە هەر کاریگەرییەک بۆئەوەی ئاڕاستەی بکات بەرەو کاریگەرییەکیتر (جوف،٢٠١٦،٢). دەتوانرێت بەئاسانی ڕۆڵی هەڵچوونەکان لەکاتی پرۆسەی خوێندنەوەدا بزانرێت کاتێک کە پەیوەست دەبین بە کەسێتیەکەوە ئەمە واتای ئەوەیە کە گرنگی بەو ڕووداوانە دەدەین کەبەسەریدادێن، کەواتە گرنگی بەوچیرۆکە دەدەین کە ئەم کەسێتیە پێشکەشیدەکات وپەیوەستێکی سۆزداری دەمانبەستێتەوە پێوەی.

سەبارەت بە دەقی کوردیی بۆنمونە لەبارەی کەسێتی (پەروانە)لە ڕۆمانی(ئێوارەی پەروانە)ی بەختیارعەلیدا پشتبەست بەو ڕوانگەیەی سەرەوە دەڵێین: لەبەر ئەو هەستەی بۆمان دروستدەبێت بۆ کەسێتی (پەروانە) بەهۆی بەدواداچوونی خوێندنەوەمان لە ڕۆمانەکەدا، بۆیە گرنگی بەو هۆکارە ئاینی و کۆمەڵایەتییانە دەدەین کەبوونە هۆی کوشتنی کەسێتی پەروانەلەکۆتاییدا ( عەلی ، ٢٠١٠). وەلەبەر ئەوەی کەسێتیەکانی لای ( شیرزاد حەسەن ) سەرنج ڕاکێش و زۆرجاریش بزوێنەرن بۆ نمونە لە(تەمی سەرخەرەند) دا، بۆیە ئەمە وامان لێدەکات بەشەوقەوە تێکەڵبین لەگەڵ ڕووداو و کەسێتیەکانیدا(حەسەن ، ٢٠٠٣ ).

بەشێوەیەکی دیاریکراو بەردەوامیی بەیەکداچوون ئەوەی کە هەندێک لە نووسەران و ئەدیبانی هاوچەرخ دەیانەوێت دووریبخەنەوە هەتا ئێستاش ئامادەیی هەیە لەشێوەکانی خوێندنەوەدا، ئەوەی کە دەرکەوت لە کاتی توێژینەوە مەیدانیەکەدا ئەم شێوەیە ناوزەد دەکەین بە شێوەی خوێندنەوەی بەیەکداچوویی-هەڵچوونئامێز(الحمود،٢٠١٦،٣٨)پەیوەستبوونێکی بەهێز هەیە لە نێوان بەیەکداچوون و هەڵچووندا، تێکەڵبوونی سۆزداریانەش وەک پێکهێنەرێکی بنەڕەتی خوێندنەوەیە بەشێوەیەکی گشتی زیاتر لەوەی شێوەیەکی تایبەتی خوێندنەوەبێت.

## ٤- خوێندنەوە بەردەوامییەکی بەڵگەییە(القراءة سيرورة حجاجية):

دەق بەو پێیەی کە بەرهەمی ویستێکی داهێنەرانە و کۆمەڵێک ڕەگەزی ڕێکخراوە هەموو کاتێک شیاوی شیکردنەوەیە تەنانەت ئەو چیرۆکانەشی کە لەڕێی گێڕەرەوەیەکی جێناوی نائامادەوە دەگێڕرێنەوە بەوپێیەی کە بریتین لە گوتارو هەڵوێستێکی نووسەر بەرامبەر بە جیهان. بەواتای ئەوەی دەوترێت ئامانجی کاریگەرێتی مەبەست لە ویستی کاریگەرییە لەسەر پەیام بۆ نێرراو وە گۆڕینی ڕەفتارێتی و پێویستە بۆ ئەو دەقانەی کە خەیاڵی تێدایە. ئامانجی گێڕانەوەش هەروەک ئەوەی کە (جان میشێل ئادەم )یش لە توێژینەکانیدا لەبارەی حیکایەتەوە پێیگەیشتووە گەیشتنە بە ڕاڤەکاری گریمانەیی (الحميداني،١٩٨٥،٦-٧)مەبەستی ڕازیکردن لەهەموو گێڕانەوەیەکدا ئامادەیی هەیە بەڕێگەیەک یان زیاتر، هەندێکجار ئەرکی مەبەستداری زۆر ڕوون وئاشکرایە لە ڕۆمانێکدا، بۆ نمونە ئەم بۆچوونە لە ڕۆمانی ( هێلانە)ی ( حسەین عارف )دا دەبینین کە نووسەر لەڕێگەی ڕۆمانەکەیەوە دەیەوێت باوەڕ بە خوێنەر بهێنێت کە خەباتی پێشمەرگەی کوردستان، خەباتێکی ڕەوایەو لەپێناو دۆزێکی ڕەوادایە ( عارف،٢٠١١)یان بۆنمونە لە ڕۆمانی(هیوا ) (الامل)ی (مالرو) دا دەبینین، کە نووسەر ئامانجی ئەوەیە باوەڕ بە خوێنەربهێنێت کە بەرگریکردن لە کۆماری ئیسپانیا دۆزێکی دادپەروەرانەیە.

کارێکی گرانە کە یەکێک لەو تێڕوانینانە پشتڕاستبکرێتەوە، بەوپێیەی کە پێوەرێکی ڕەهان وەک ئەوەی کە خودی (دیدرۆ) دەیخوازێت، خوێنەر ئەوە بەدەستبهێنێت کە ئەو ڕوانگەیە بەگشتی گشتگیرەو لەئەنجامدا وا لە خوێنەر بکات کە چاوبخشێنێتەوە بە تواناکانی لەخوێندنەوەدا.

ئامانجی کاریگەرێتی لەم دۆخەدا ئەوەیە کە پاڵبەخوێنەرەوە بنێ بۆ پرسیارکردن لەبارەی ڕێگەی وێناکردنیەوە بۆ واتا. دەقەکە هەرجۆرێکبێت پاڵبەخوێنەرەوە دەنێت بۆ لایەنگریکردن لە هەڵوێستێک، بەڵام خوێنەر سەرپشکە لەوەی کە پشتی دەق بگرێت یان نەیگرێت (الحميداني، ١٩٨٥، ٩).

٥- خوێندنەوە بەردەوامییەکی هێماییە(القراءة سيرورة رمزية ):

واتای بەدەستهاتوو بەهۆی خوێندنەوەوە لەڕێگەی کارلێک لەگەڵ دەقدا و و فرەیی تێڕوانینەکان پێگەیەکی ڕاستەخۆ بەدەستدەهێنێت لەو کۆنتێکستە ڕۆشنبیرییەی کە هەموو خوێنەرێک تیایدا دەژی. هەموو خوێندنەوەیەک کارلێکدەکات لەگەڵ ڕۆشنبیری و چوارچێوەی زاڵ بەسەر شوێن و سەردەم دا. ڕەتکردنەوەو پەسەندکردنی ئەو چوارچێوەیە لەڕێگەی پشتبەستنمان دەبێت بە نمونەی خەیاڵکراوی گشتی، پاشان خوێندنەوە هێماگەرییەکەی خۆی دەسەپێنێت، واتای کۆنتێکستی بۆ هەموو خوێندنەوەیەک بەهای خۆی بەدەستدەهێنێت بەرامبەر بە هەموو ئەو شتانەی کە خوێنەر پەیوەندی پێیەوە هەیە، واتا لەسەر ئاستی خەیاڵیی هەرتاکێک دەچەسپێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە خاوەن سروشتێکی کۆییە بۆ پێکهاتنی پەیوەست دەبێت بە خەیاڵکراوە ئامادەکان، ئەم خەیاڵکەرەی کە دابەشیدەکات لەگەڵ کەسانیتردا لە کۆمەڵگاکەیدا بەمشێوەیە، خوێندنەوە خۆی دەسەپێنێت بەو پێیەی کە بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕۆشنبیریی، وەک دەزانرێت کە کارە ئەدەبییەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریی تا چ ئاستێک کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر پێشکەوتنی ڕۆشنبیری سەدەی هەژدەیەم ، بۆنمونە لەنێوان ساڵانی ١٧٤٨ بۆ ١٧٥٤دا ئەم کتێبانە یەک بەدوای یەکدا دەرچوون (ڕۆحی یاساکان ، (نامەیەک لەبارەی نابیناکان ) (بەشی یەکەم لەبارەی مێژووی سروشتی) بەرگی یەکەم لە (ئینسکلۆپیدیا) و( کتێبی هەستەکان ) بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکمان دەستکەوێت لەبارەی ئەو ڕێگایانەی گۆڕانکاریان بەسەر خوێندنەوەی ئاوەزەکاندا هێناوە لەماوەی چەند ساڵێکدا (جوف، ٢٠١٦، ٢٨-٢٩).

دووەم: خوێندنەوە بەیەکگەیشتنێکی دواخراوە

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی خوێندنەوە بە بەراورد بە گفتوگۆی زارەکی ئەوەیە کە بریتییە لە بەیەکگەیشتنێکی دواخراو، بەشێوەیەکی گشتی لەزۆرکاتدا نووسەر و خوێنەر لەڕوی کات و شوێنەوە لەیەکتر دوورن، بۆیە پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر لەڕێگەی خوێندنەوەوە دەبێت وە ئەم تایبەتمەندیەش بەرهەمدار دەبێت، بەڵام دەبێت ئەوەش ڕوونبکرێتەوە کە ئەم پرۆسەی بەیەکگەیشتنە دواخراوە لەژێرکاریگەی دوو فاکتەردا دەبێت کە بریتین لە:

١-بارووودۆخی پرۆسەی خوێندنەوە:

وەک پێشتر ڕوونمانکردەوە کە دابڕانێکی شوێنکاتی لە نێوان نووسەر و خوێنەردا هەیەو کردەی بەیەکگەیشتنێکی دواخراو لەڕێگەی پرۆسەی خوێندنەوە بەدیدێت لەگەڵ

بوونی تایبەتمەندی جیاواز لە نێوان گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و خوێندنەوەدا لەوکاتەی کە گفتوگۆی زارەکی لە ناڕوونی دووردەکەوێتەوە بە هۆی ناردنە ڕاستەوخۆ و بەردەوامەکانی پێگەی شوێنکاتی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە ، دەق لە دەرەوەی پێگەی بنەڕەتی خۆی بۆ خوێنەر بەدەردەکەوێت نە نووسەر و نەخوێنەر چوارچێوەیەکی ناوەندێتی هاوبەشیان نییە، خوێنەر هیچی نییە جگە لەوەی کە دووبارە بینای دارشتنی دەقەکە بکاتەوە بە پشتبەستن بە بونیادی خودی دەقەکە واتە کۆی پەیوەندیە نێوخۆییەکانی،لە پێناو تێگەیشتنیدا (جوف،٢٠١٦، ٢٩–٣٠ ). بەم شێوەیە لەوساتەی کە دایالۆگ جەختی لەسەر دەکرێت خوێنەر دەچێتە نێو جیهانی دەقەکەوە وەک ئەوەی کە بابەتێکی سەربەخۆ و داخراوبێت.

پەیامی ئەدەبیی سەربەخۆ لەکۆنتێکستەکەی وەک پێکهاتەیەکی داخراو وەردەگیرێت پێکهاتووە جیاوازەکانی واتا وەرناگرن لەچوارچێوەی پەیوەندییە ئالۆگۆڕکراوەکانیاندا نەبێت، هەرکاتێک نەمانتوانی ڕەگەزێک پەیوەستبکەین بە کۆنتێکستەکەوە، ئەوا پێویستە بەدوای ئەرکەکەیدا لە ناو بینای دەقدا بگەڕێین. سەبارەت بە خوێنەر بەوشێوەیە دەبێت وەک ئەوەی کە دەق سەرچاوەی دارشتنە تایبەتەکەی خۆی دادەهێنێت، ئەم تایبەتمەندی بەیەکگەیشتنە، تایبەتمەندیەکی نەرێنی نییە، هەروەکچۆن (ئایزەر)یش پێی وایە کە دەڵێت: ((گوتاری ئەدەبی خاوەنی سەرچاوەیەکی دیاریکراوی خۆی نییە، چونکە دیاریکردنی وردی سەرچاوە وا لە کردەی گوتن دەکات واتای بەتەواوی بەرجەستە ببێت، ئەم کەموکورییە سەرەتاییە بەواتای شکستی گوتاری ئەدەبی نییە، بەڵکو خاڵی دەستپێکی ئەوەیە کەبەشێوەیەکی باشتر سەرچاوەی تایبەتمەندی ئەم گوتارە بناسین)) (ایزر، ١٩٨٥،١١٧).

## ٢–چۆنێتی دەقە خوێنراوەکە :

تایبەتمەندی بەیەکگەیشتنی دواخراوی ئەدەبی ئەو فاکتەرەیە کە بە ڕێگەیەک لە ڕێگاکان دەوڵەمەندیی دەق دروستدەکات، دەقیش بەسەر فرە لێکدانەوەدا دەکرێتەوە کاتێک لە دەرەوەی چوارچێوە بنەڕەتیەکەی خۆیدا دەخوێنرێتەوە، هەموو خوێنەرێکی نوێ ئەزموون و ڕۆشنبیری خۆی و بەهاکانی سەردەمەکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت وەک(فبییر باربریس) توانی ڕۆمانەکانی بالزاک لەبەر ڕۆشنایی مارکسیەتدا شیبکاتەوە (فانسون جوف ، ٢٠١٦، ٣١ ).

بەڕای پۆڵ ڕیکۆر واتا ڕوداو تێدەپەڕێنێت لە کاری نووسراودا، بەواتایەکیتر واتا لە چرکەساتی گوتاری زارەکیدا ڕزگاریدەبێت، بە بەردەوامی ڕوداوێکی تێپەڕە، ئەمەش بەهۆی ئەم چوار ڕێگەیەوە :

-بەهۆی جێگیربوونەوەکە لە لەناوچوون ڕزگاریدەکات.

- بەهۆی هەڵوەشاندنەوەوە کە لە مەبەستی بیرگەیی نووسەر ڕزگاریدەکات.

-بەکرانەوەی بەسەر ئەوجیهانەی کە لە سنووری دۆخێتی دایالۆگ دایدەماڵێت.

-بەجیهانگیریەکی ڕووبەڕووبوونەوەی دیارینەکراو ( M.Philibert ١٩٧١، ١٨٣).

ئەم چوار تایبەتمەندییەی سەرەوە توانا لەبەرچاوگیراوەکانی نامەی نووسراو ڕووندەکەنەوە. لە گوتاری زارەکیدا وتن دوای گۆکردن دەمرێت، بەڵام دەقی نووسراو خۆڕاگرە بەرامبەر بە کات، بۆیە هەتا ئەم ڕۆژگارەشمان ئێمە باباتاهیری هەمەدانی، ئەحمەدی خانی، مەولەوی و نالی دەخوێنینەوە. لە دەقی نووسراودا خوێنەر دەتوانێت زیاتر لە پڕۆژەکەی نووسەر شتیتر ببینێت بۆنمونە بوونی فرە خوێندنەوە بۆ دەقەکانی نالی، بەشی زۆری لە شارەزابوونی خوێنەرانەوەیە بە توانای نالی لە نووسینی دەقەکانیدا و لە شارەزابوونییشانەوە لەو تیۆرە تازانەی کە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکەن، دەقەکانیش بۆ خۆیان لەمکاتانەدا ئەم یان ئەو خوێندنەوەیە ڕەتناکەنەوە.

بە ڕزگاربوون لەو دۆخە تایبەتییەی کە گفتوگۆی زارەکی دیاریدەکات دەق ئاسۆی خوێنەر فراواندەکات بەجۆرێک جیهانێکی نوێی لەبەردەمدا دەکاتەوە، سەرچاوەکانی دیارینەکراوە کاتێک کە (شیشرۆن) دەخوێنینەوە درک بەوە دەکەین کە ئەوە کۆماری ڕۆمانیای کۆن نییە، ئەمەش ئەوەیە کە خوێنەری هاوچەرخ دەیدۆزێتەوە، بەڵام ئەوەی کە دەیدۆزێتەوە و ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئاسانە، ئەو دەنگانەی کە جیای دەکاتەوە لە کۆمارەکە کۆمەڵێک سیمان کە سەردەم دەبڕن ( جوف، ٢٠١٦، ٣٢).

## پاری چوارەم: جۆرەکانی خوێندنەوە

### جۆرەکانی خوێندنەوە :

خوێندنەوە بنەمایەکی بنەڕەتی هەر کارێکی ئەدەبیە، مەبەست لە خوێندنەوە ئەوەنییە کە خوێنەر دەقەکە شیبکاتەوەو بەدوای واتا فەرهەنگیەکاندا بگەڕێت هەروەها ئەوەش نییە کە بەهۆیەوە بڕیاربدەین ئەم دەقەمان قبووڵە یان ڕەتیدەکەینەوە، بەڵکو خوێندنەوە بوە بە دایالۆگی نێوان خوێنەرو دەق مەرج و بنەماو ستراتیژێتی خۆی هەیە (داود،٢٠١٤،١٢٤). دایالۆگێکە بەرەو

ڕاڤەکاری، مەرجی ڕۆشنبیریی، بیریی و ئێستاتیکی خۆی هەیە، مەرجگەلێک کە پەیوەستە بە ناسینی زمان و لادانەکانی وە ڕۆشنبیری خوێنەر بە یاساکانی گەمەی ڕەخنەیی، دایالۆگێکە لەنێوان دوو گوتاردا گوتارێکی ئەدەبی و گوتارێکی ڕەخنەیی، ڕەنگە گووتاری دووەم بەسەر یەکەمدا سەرکەوێت وە ڕەنگیشە هاوتەریب و یەکسانبن، لەوانەشە لەو نزمتربێت ئەمە پەیوەستە بە توانای خوێنەر، ئەزموونە زمانی و ئیستاتیکییەکانی و وەڵامدانەوە خوێندنەوەییەکانی (قطوس، ١٩٩٨، ١٩).

بەمەبەستی شارەزابوون و وەک پێویستییەکی بابەتی بۆ ئەم تێزی دکتۆرایە، جگە لەو دووجۆرە لەخوێندنەوە کە پێشتر باسمانکردوون نمونەی پراکتیکیشمان بۆ هێناونەتەوە کەئەوانیش ( خوێندنەوەی فینۆمینۆلۆجی) و ( خوێندنەوەی هێرمۆنتیکی)بوون، بەپێویستی دەزانین باس لەچەند جۆرێکی گرنگی تری خوێندنەوە بکەین کەهەریەکەیان بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکەن، دەتوانرێت بوترێت تەنها یەک تیۆری نییە کە گرنگیبدات بە خوێندنەوە، بەڵکو خوێندنەوەی جۆراوجۆرو جیاواز هەیەو هەر یەکێک لەو خوێندنەوانەش لەڕوانگەی ڕێبازێکی دیاریکراوەوە دەق شیدەکاتەوە، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین بەکورتی باس لەم جۆرانەی خوێندنەوە بکەین، بەڵام بەپێویستی نازانین نمونەی خوێندنەوەی پراکتیکییان بۆ بهێنینەوە ، چونکە سەرچاوە گەلێکی زۆر لەبەردەستدان و بەئاسانی چنگ دەکەون:

١-خوێندنەوەی سایکۆلۆجی
٢-خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەیی
٣-خوێندنەوەی سۆسیۆلۆجی
٤-خوێندنەوەی سیمیۆلۆجی
٥-خوێندنەوەی ڕەوانبێژی
٦-خوێندنەوەی شیعریی
٧-خوێندنەوەی سۆسیۆڕەخنەیی
٨-خوێندنەوەی بەیەکگەیشتنی

## ١-خوێندنەوەی سایکۆلۆجی ( القراءة السيكولوجية):

خوێندنەوەی سایکۆلۆجی یان دەروونی ئەو جۆرە خوێندنەوەیە یە کە دەق لەبەر ڕۆشنایی نزیکییە دەروونیەکان دەخوێنێتەوە بە دەستنیشانکردنی بێئاگایی دەق و ناهۆشیاری ئەدەبی لەنێو دەقە ئەدەبیەکاندا بەتێگەیشتن بێت یان لێکدانەوەبێت. وەک دەزانرێت ئەمجۆرە لە خوێندنەوە لەگەڵ (سیگمۆند فرۆید)دا دەستپێیکردووە کە ناوچەی بێئاگایی دۆزیوەتەوەو ئەم ناوچەیەی

پەیوەستکردووە بە من و منی بالاَوە، هەروەها کۆمەڵێک گرێی وەک (گرێی ئۆدیب، ئەلکترا و هەستکردن بە کەمی) دۆزیوەتەوە هەروەها لەبارەی کۆمەڵێک چەمکی دەروونی وەک (چەپاندن، قەرەبووکردن و خۆبەزلزانین )ەوە دواوە، خوێندکارەکانیشی درێژەیان بەم کارەداوە، بۆنمونە (یۆنگ YONG) زیاتر کارەکانی چڕکردبووەوە لەسەر کۆنەست هەرچی ( ئەدلەر ADLER) یشە زیاتر گرنگیداوە بە تیۆری هەستکردن بە کەمی و هەروەها ( شارل بودوان CH.BAUDOUIN) لێکۆڵینەوەی لەبارەی گرێی دەروونیەوە کردووە لەبواری داهێنانی هونەریدا (مارت ڕۆبیر MARTHE ROBERT) یش گرنگی داوە بە گرێی ئۆدیب لە ڕۆماندا. نابێت خوێندنەوەکانی هەریەکە لە (بارلێت ، میشێل مۆرۆن، جاک لاکان و جان بیلمان نوئێل) لەبیربکەین کە گرنگیان داوە بە خوێندنەوەی دەروونی و بێئاگایی دەق و توێژینەوەی دەق پێش قۆناغی چاپکردنی، کەواتە خوێندنەوەی دەروونی بەزۆری چڕدەبێتەوە لەسەر لایەنی سایکۆلۆجی بەئاگایی و بێئاگایی لایەنی دەق و جوانی و کۆمەلاَیەتیی و مێژوویی، فەرامۆشدەکات ( حمداوی ، ٢٠١٥، ١٠-١١).

## ٢-خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەیی (القراءة التفكيكية):

ئەمجۆرە خوێندنەوەیە پەیوەستە بە فەیلەسوفی فەرەنسی (جاک دریدا) وە، ئەم خوێندنەوەیە میتۆدە و میتۆدیش نییە، خوێندنەوەیە و خوێندنەوەش نییە، بەواتای ئەوەی کە خوێندنەوەکە دەکەوێتە نێوان ناوەوە و دەرەوە، نێوان بونیاد وکۆنتێکستەوە وەپشت دەبەستێت بە جیاوازی و تێکدان و هەڵوەشاندن و دواخستن. هەڵوەشاندنەوە گوتارە سەنتەریەکانی ڕۆژئاوای لەرەخنەو تێکدان بەئامانجگرت و لۆگۆسی تێکشکاند و تانەی لە میتافیزیکای ڕۆژئاوایی دا کە پشتی بە ئاوەز و ئامادەیی دەبەست، هەروەها رەخنەشی لە هێمای دەنگی دەگرت و گۆڕیی بە هێمای نووسراو کە دوای خۆی کاریگەری مانەوە جێدەهێڵێت. جاک دریدا بەرگری لە نائامادەیی دەکات لەبەرامبەر ئامادەییدا و داننانێت بە ژانەرە ئەدەبییەکاندا، بەڵکو لەگەڵ کار و نووسرا و دەقەکاندا بە شێوەیەکی گشتی مامەڵەی دەکرد هەروەها هەڵوەشاندنەوە کار لەسەر نائامادەیی گونجان و تێکدانی یاساو لێکترازانی گشتی ئۆرگانی و گەڕان بەدوای دژەکان و ناکۆکەکان و جیاوازەکان و هەمەچەشنەکان دەکات، لەچوارچێوەی ڕۆشنبیرییەکی جۆراوجۆر و جیاوازدا کە ڕەچەڵەک و شوناس و ڕەگەزی تێدا سڕاوەتەوە. ئەگەر هەڵوەشاندنەوەیی میتۆدێکی فەلسەفی بێت، ئەوا هەڵوەشانگەرای ئەمریکی (بول دۆمان Paul De man ) و( هیلس میلەر Hillis Miller) و ( هارولد بلوم Harold Bloom ) و ( جیفری هارتمان Geoffrey Hartmann ) گۆڕییان بۆ خوێندنەوەیەکی ئەدەبیی، سیمۆلۆجی و ڕەوانبێژی لەچوارچێوەی قوتابخانەی (ییڵ) ( Yale)دا (حمداوی، ٢٠١٥، ١٤-١٥).

### ٣-خوێندنەوەی سۆسیۆلۆجی (القراءة السوسيولوجية):

مەبەست لە خوێندنەوەی سۆسیۆلۆجی، گەڕانە بەدوای مەرجە مادديی و دەروونیی دامەزراوەییەکان بۆ دەستپێکردنی خوێندنەوە، بە چڕبوونەوە لەسەر بەرهەم و دابەشکردن و بەکارهێنان. بەواتای ئەوەی کەخوێندنەوەی سۆسیۆلۆجی خوێندنەوەیەکی ئەزمونگەراییە لە سێ پێکهاتەی گرنگی پرۆسەی داهێنان دەکۆڵێتەوە کەبریتین لە: بەرهەم، دابەشکردن و بەکارهێنان. (ڕۆبیر ئیسکاربیت Robert Escarpit ) نوێنەرایەتی ئەم خوێندنەوەیە دەکات کە دوای ڕەوتی نووسەران دەکەوێت و ڕەچەڵەکی کۆمەڵایەتیی، پیشەیی و خێزانیان دەستنیشاندەکات. هەروەها گفتوگۆی لایەنی ماددی و کێشەکانی پارەدانی پەیوەست بە نووسین و بڵاوکردنەوەو دابەشکردن دەکات. ئەم توێژەرە ئەوەی خستۆتەڕوو کە شارێکی وەک پاریس گەورەترین شارێکە کە کۆمەڵێکی زۆر لە داهێنەران، نووسەران و ڕۆشنبیران لەخۆبگرێت و باسیش لەوە دەکات کە نووسەر بە پارەپەیداکردنی خودیی دەژی، ئەویش لە ڕێگەی سوودمەندبوون لە مافەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەوە وە پارە پەیداکردنێکی دەرەکیشی هەیە کە خۆی لە خەڵاتەکان و دامودەزگاکانی سەرپەرشتیکردنی ئەدەبدا دەبینێتەوە، بەڵام لەئاستی بڵاوکردنەوەدا سێ کردار هەیە کەئەوانیش: یەکەمیان کردەی هەڵبژاردنی کتێبە لەلایەن لیژنەی خوێندنەوەوە، دووەمیشیان کرداری چاپکردنە کە خۆی لە کۆمەڵێک تەکنیکی جوانکاریدا دەبینێتەوە کە بۆبەبازاڕکردنی کتێبەکە گرنگە، سێیەمیشیان بریتیە لە کرداری دابەشکردن کە هاوشان لەگەڵیدا کرداری بانگەشە و ڕیکلامیش بوونی هەیە. هەرچی بەکارهێنانە پەیوەستە بە خەڵکەوە خەڵکانێکی ڕۆشنبیر هەیە لەبەرامبەریشدا خەڵکانێکی میللی ئاساییش بوونیان هەیە (حمداوی ، ٢٠١٥، ١٥).

(ڕۆبیر ئیسکاربیت) دەڵێت: (( کاتێک کە نووسەر بۆ خوێنەر یان خەڵکانێک لە خوێنەران دەنووسێت و کاتێک بەرهەمە ئەدەبیەکە دەهێنێتەبوون، دەچێتە نێو دیالۆگێکەوە لەگەڵ خوێنەردا، نووسەر لەم دیالۆگەدا مەبەستگەلێکی هەیە دەیەوێت درکی پێبکات دەیخاتەبەردەم قەناعەت و درێژبوونەوە بە هەواڵ، وروژاندن و گومان یان چاندنی هیوا و نائومێدی. بەڵگەی ئەوەشی کە نووسەر داڕشتنە ئەدەبیەکەی پەیوەست دەکات بە خوێنەرەوە ئەوەیە کە بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە، لێرەشەوەیە (ڕۆبیر ئیسکاربیت) پێیوایە کە ژیانی بەرهەمی ئەدەبی لەو چرکەساتەوە دەستپێدەکات کە تیایدا بڵاودەکرێتەوە، لەوکاتەشدا پەیوەندی خۆی بە نووسەرەکەیەوە دەپچڕێت و گەشتەکەی لەگەڵ خوێنەراندا دەستپێدەکات))( الواد ، ١٩٨٥، ٧٩) سەرەڕای ئەمانە (جاک لینهاردت) و (بییر جوزا) توێژینەوەیەکی ئەزموونیان لە بابەتی خوێندنەوەدا لەبەر ڕۆشنایی سۆسیۆلۆجیای ئەدەب،خوێندنەوەی ئەزموونیی و مەیدانی پێشکەشکرد، لێرەوە ئەوە دەرکەوت کە سۆسیۆلۆجیای

ئەدەب خوێندنەوەیەکی ئەزموونییە بۆ بەرهەمی ئەدەبی و نزیکترە لەڕوانگەی ئابووریی، بازرگانیی و ئاماریی وەک لە ڕوانگەی دەق و ئیستاتیکایی ( حمداوی ، ٢٠١٥، ١٦).

## ٤-خوێندنەوەی سیمیۆلۆجی (القراءة السیمیائیە):

خوێندنەوەی سیمۆلۆجی پەیوەندی هەیە بە (ڕۆلان بارت) ەوە، ئەوبوو کە باسی لەچێژی دەق دەکرد لەچوارچێوەی مامەڵەکردن لەگەڵیداو هەرئەویش بوو لە کتێبەکەیدا بەناوی (وانەی سیمۆلۆجی) یەوە جاری مەرگی نووسەریدا، بەلای( بارت) ەوە ڕەخنەگری تازە جگە لە خوێنەرێک شتێکیتر نییە، ئەوەی لەسەریەتی ئەوەیە کە دووبارە دەق بەرهەمبهێنێتەوە و نووسەریش پێویستە پاشەکشەبکات تاوەکو خوێنەر شوێنی بگرێتەوە. کەواتە وەک دکتۆر (جمیل حمداوی) لە کتێبەکەیدا بەناوی ( نظريات القراءة في النقد الادبي )یەوە ڕوونیدەکاتەوە، بەلای (بارت) ەوە ڕەخنە بریتییە لە خوێندنەوە، لەدایکبوونی خوێنەریش پەیوەستە بە مەرگی نووسەرەوە، بەمشێوەیە دەق پێکدێت لەچەند نووسینێک کە لە کۆمەڵێک ڕۆشنبیرییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەگەڵ یەکتریدا دەکەونە دیالۆگەوە تەبا و ناتەبا دەبن، بەڵام خاڵێک هەیە کە هەموویان کۆدەکاتەوە، ئەو خاڵەش نووسەر نییە، بەڵکو خوێنەرە کەواتە: خوێنەر ئەو فەزایە یە کە هەموو ئەو وەرگیراوانەی تێدا دەردەکەوێت کە دەقیان پێکهێناوە. بەبێ ئەوەی هیچ کامیان لەدەستبچن (حمداوی ،٢٠١٥، ١٩).

یەکێتی دەقیش پەیوەندی بە سەرچاوەو بنەڕەتەکەیەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە مەبەست و ئاراستەکەیەوە هەیە، ئەو ئاڕاستەیەش کەسیی نییە، خوێنەر مرۆڤێکە کە نە مێژوو و نە ژیانی کەسێتی و نەدەروونی هەیە،  ئەو تەنها ئەوەیە کە ئەو کاریگەریانەی کە نووسینەکەیان پێکهێناوە تیایدا کۆدەبێتەوە  لەناو هەمان بوار دا (رولان بارت،١٩٨٥، ٨٧).

لەلایەکیتریشەوە (ئەمبرتۆ ئیکۆ) گرنگیداوە بە خوێندنەوەو لەکتێبەکەیدا (بەرهەمی کراوە) لەساڵی( ١٩٦٥)دا جیاوازیکردووە لەنێوان (خوێندنەوەی کراوە)و (خوێندنەوەی داخراو) دا هەروەک چۆن (دقی کراوە)و( دەقی داخراوی) لێکجیاکردۆتەوە ( حمداوی،٢٠١٥،٢٠). ڕەخنەگری مەغریبی (عەبولرەحمان بو عەلی) پێیوایە تیۆری( ئیستاتیکای وەرگر) گەشەسەندویەکی بیروبۆچوونەکانی پێشووی (ئەمبرتۆ ئیکۆ) یە، وەهەر ئەویش باس لەوەدەکات کە ( ئیکۆ) دووبارە بیروبۆچوونەکانی گەشەپێداوەو لە کتێبێکی تریدا بە ناوی(خوێندنەوە لە حیکایەتدا) (القراءة فی الحكاية) ساڵی (١٩٧٩) باسی لە خوێندنەوەی سیمۆلۆجی کردووە، ئەوەش ڕێبازێکە لە خوێندنەوەدا پشت بە خوێنەرێک دەبەستێت کە ڕازینابێت بەهەڵوێستە نەرێنیەکانی بەرامبەر دەقێکی ئەدەبی و لەتێڕوانینە ڕەخنەییەکانیدا پشتبەپراگماتیکی دەق دەبەستێت(بارت، ٢٠٠٣، ١١).

(میکایل ریفاتیر)یش لەکتێبەکەیدا بەناوی(سیمیاء الشعر)ەوە لەساڵی (١٩٧٨)دا پێشنیازی خوێندنەوەی سیمیۆلۆجی لە دەقی ئەدەبیدا کردووە، بەمەش خوێندنەوەی بونیادگەریەکانی بۆدەقی ئەدەبی تێپەڕاند تاوەکو خوێندنەوەی سیمیۆلۆجی پەیوەستبکات بە دۆزینەوەی بونیادی بنەڕەتی لەدایکبووی دەقەکان بەهۆی ئەوەی کە گرنگیدەدات بە بونیادی قوڵ کە کۆنترۆلی بینای ڕووکەشی ڕستەکان دەکات. لەمبارەیەوە داڤید کارتەر لە کتێبەکەیدا بەناوی (ڕێبازی ئەدەبی) دەڵێت: مایکل ڕیڤاتێر هێرشی کردۆتەسەر شیکردنەوەکانی هەریەکە لە یاکۆبسن و لیڤی شتراوس بۆ قەسیدەی (الدردشات)ی (بۆدلێر)، ڕیڤاتێر ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو سیما زمانیانەی کە ئەوان بانگەشەی دۆزینەوەیانکردووە لە قەسیدەکەدا، خوێنەرێک چەندە شارەزاشبێت ناتوانێت وێنای بکات و زۆرێک لەو تایبەتمەندیانەی کە لەسەری وەستاون بەشێک نییە لەو بونیادە شیعریەی کە خوێنەر هەڵیدەبژێرێت.

خوێندنەوەکانی هەریەکە لە یاکۆبسن و شتراوس پشتبەست بەزانینی زاراوە تەکنیکیەکانیان دەبەستێت، ڕیڤاتێریش لە کتێبی (سیمیاء الشعر)دا باسلەوە دەکات کە ڕەگەزەکانی هەر قەسیدەیەک زۆرجار لە ڕێزمانیی باو دەردەچن و لەسەر خوێنەریش پێویستە کە بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو نارێزمانیانەدا دەکات، ئەمەش بە واتای گەشەسەندنی توانای تایبەتی دێت زۆربەی کات ڕستەیەک یان دەربڕینێک لە قەسیدەکەدا دەرناکەوێت، بەڵکو وەک ڕستەیەکی نمونەیی ئەمەش بەوێنەی حوکمە بنەڕەتییەکانی(نوام چۆمسکی)یە، ئەوڕستە و گوزارشتە نمونەییە لەڕێگەی وتەو بەکارهێنانی کارەکییەوە ڕێکدەکرێتەوە، ئەم جۆرەش لە خوێندنەوەی قەسیدە بەسوودە بەتایبەتی بۆ ئەو قەسیدانەی کە لەگەڵ ڕێزمانی ئاساییدا نایەنەوە، بەڵام ئەمجۆرە خوێندنەوەیە لەڕووی پراکتیکیەوە سنووردارە و زۆرجار بەرەو گشتایەتیی دەڕوات و ئەوە ڕووناکاتەوە کەبۆچی قەسیدەیەکی دیاریکراو کاریگەرە ( دیفید کارتر، ٢٠١٠، ٩٤).

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین: کە خوێندنەوەی سیمیۆلۆجی دەبێت مکوڕبێت لەسەر وەرگر بەوپێیەی کە خوێنەرێکی لێهاتووەو توانایەکی زۆری هەیە لە دووبارە بونیادنانەوەی دەقدا لەڕووی هەڵوەشاندنەوەو پێکهێنانەوەیدا، بە دۆزینەوەی بونیادە شاراوەکانی دەقەکە و گەڕان بەدوای چۆنیەتی بیناکردنی واتا لە ڕێگەی پێکهاتە شێوەیی و ئیستاتیکەکانەوە .

## ٥-خوێندنەوەی ڕەوانبێژی (القراءة البلاغية):

ئەمجۆرە خوێندنەوەیە پەیوەستە بە (میشێل چارڵیز Michel Charles )ەوە لەوکاتەوەی کە کتێبەکەی بەناوی (ڕەوانبێژی خوێندنەوە)وە لە ساڵی١٩٩٧ دا نووسی، ئەگەر ئێستاتیکای

وەرگرتن لای ( یاوس) گرنگی دابێت بە وەرگر، ئەوا ڕەوانبێژییەکەی (چارلز) گرنگیداوە بە کاریگەریەکەی ئەو وەرگرتنە، هیچ گرنگینەداوە بە لێکدنەوەی ئەوەی کە دەقەکە چیدەڵێت، بەڵکو زیاتر گرنگیدانەکە لەسەر وشەکان بووە، بەڵام ئەمە لەچوارچێوەی پەیوەندییەکی کارلێکییە لەنێوان خوێنەر و زمانی ئەدەبی دەقەکەدا، دواتریش خوێندنەوەی ڕەوانبێژی بریتییە لە خوێندنەوە بۆ گوتار لە دۆخی وەرگرتن و پێشوازیکردنیدا یان وەرگرتنی وەک کارێکی وەرگیراو، ئەگەر خوێنەر تەنها ڕۆڵبێت، ئەوا خوێندنەوە ئەزموون پەیوەندیەکی تۆمارکراوی ناو دەقی ئەدەبییە کە دەبێتە پێکهێنەری بەشێکی دەقەکە، هەرچی دەقی ئەدەبیشە بریتییە لە میکانزم گەلێکی زمانی و ڕەوانبێژی کە جۆری ئەو خوێندنەوەیە بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێت کە دەبێت پەنای بۆ بەرێت. وەک تێبینیدەکرێت، خوێندنەوەکەی چارلز خوێندنەوەیەکی بونیادگەرییە، دەستنیشانی بونیادە ڕەوانبێژیە ڕووخسارییەکان و کاریگەرییان لەسەر توانای خوێنەر دەکات لێرەدا چارلز کاریگەربووە بە بونیادگەریی زمانیی و سیمیۆلۆجی هەروەها خوێندنەوەکەشی بەخوێندنەوەیەکی دەرچوو لەواتای ئامادەی دەق دادەنرێت وبەبێ وەستان دەگەڕێت بە دوای واتای تردا بۆ دەق و پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشایی و سپیاییەکانی کە لە دەقدا بوونیان هەیە(حمداوی ، ٢٠١٥، ٢٢).

## ٦-خوێندنەوەی شیعریی (القراءة الشعرية):

خوێندنەوەی شیعری بریتییە لە دۆزینەوەی ئەدەبێتی دەق و لە شیکردنەوەی دەقیشدا پشت بەڕێبازی  بونیادگەریی زمانی دەبەستێت هەروەها ئەم جۆرە لە خوێندنەوە بەدوای واتای جیاوازدا دەگەڕێت لەڕێگەی خوێندنەوەیەکی ڕووخسارییەوە، ئەمەش بە وردبوونەوە لەسەر لەخۆگرتن، دانان، پێکهاتن و جێگۆرکێی جۆرە ئەدەبی و نا ئەدەبیەکان. خوێندنەوەی شیعریی گرنگی بە وەرگر دەدات وەک خوێنەرێکی دەرەکی و خوێنەرێکی گریمانەیی لەناو پرۆسەی گێڕانەوەدا، لەمبارەیەوە (تزتیڤان تۆدۆرۆڤ T.Todorov ) دەڵێت:((لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا هەندێکجار وا لەخوێندنەوە دەڕوانین کە پێکهاتووە لەدوو ڕوانگەی زۆرجیاواز: یەکەمیان خوێنەران لە هەمەچەشنی مێژوویی یان کۆمەڵایەتیی تاک و کۆدا لەبەرچاودەگرێت و دووەمیشیان وێنەی خوێنەری بەرجەستەکراو لەهەندێک دەقدا لەبەرچاودەگرێت، واتە خوێنەر وەک کەسێتییەک یان وەک بۆگێڕراوەیەک، بەڵام مەودایەکی نەدۆزراوە هەردەمێنێت کەئەویش مەودای لۆجیکی خوێندنەوەیە کە لە ناو دەقدا بەرجەستە نابێت))(بارت،٢٠٠٣، ٣٣).

تۆدۆرۆڤ لەتوێژینەوەی شیعری و بونیادگەریەکانیدا گەیشتۆتە ئەوەی کە خوێندنەوەی شیعری بریتییە لەتێکدان، هەڵوەشاندن و بیناکردنەوە، هەروەها خوێندنەوەیەکە گرنگی دەدات بە خوێندنەوەی گوتار وەک (فۆرمێک، کاتێک، تیروانینێک و وەسفێک). دواتریش گرنگیدەدات بە بەڵگەو هێما و لێکدانەوە (حمداوی، ٢٠١٥، ٣٩).

(عبدالله الغذامي)یش لەکتێبەکەیدا بەناوی ( الموقف من الحداثة و مسائل اخرى) بەمجۆرە باس لە خوێندنەوەی ( شیعری) دەکات، پێیوایە خوێندنەوەیەکی پێشکەوتووە، هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەق دەدات بۆ ڕەگەزە ناوخۆییەکان بەئامانجی دووبارە دارِشتنەوەی تاوەکو خوێنەر لە پەیوەندی نێوان ئەورەگەزانە بگات، بەڵام کێشەکانی ئەم خوێندنەوەیە بەمجۆرە دەخاتەڕوو، پەیوەندی چییە لەنێوان خوێندنەوە وەک چێژ و خوێندنەوە وەک زانست؟ ئایا خوێنەری ئەدەب چێژوەرگرە یان زانایە؟ ئەم پرسیارانە چ پەیوەندییەکی بە خوێندنەوەی شاعیرانەوە هەیە؟ نووسەر (عبدالله الغذامي) لەوڵامی ئەم پرسیارانەدا دەڵێت:((چێژوەرگرتن پرۆسەیەکی شاعیرانەیە، ئێستاتیکایانەحوکم بەسەر دەقدا دەدات، بەڵام زانست مامەڵە لەگەڵ ئەو هەستەوەرە موجەرەدانەدا دەکات کە بوونیان هەیە، وەک ئەوەی کە لە ئەنجامی یەکگرتنی دووگەردی هایدرۆجین و یەک گەردی ئۆسجین ئاو پەیدادەبێت، بەڵام شیکردنەوەی ئەدەبی بەپلەی یەکەم خوێندنەوەیەکی چێژبەخشانەی سەرنجدارانەیە وحوکمدان لەسەر ئێستاتیکای دەق، مافێکی سەرەتایی و سروشتیی چێژی ئەدەبی ساغڵەمە، یاساکانی زانست هیچ کاتێک ناتوانێت ئەوەی لە چێژی ئێمەدا جوان نییە جوانیبکات، لێرەدا پەیوەندی ڕێبازی ڕەخنەیی پەیوەندیەکی ڕاستاندنە، جوانی ڕاستەخۆ لە خوێندنەوە بڕیاری لێدەدرێت، کە وەرگرێکی ئەدەبی شارەزا لە خوێندنەوەی چێژبەخشانە بڕیاری لێدەدات و کاتێک بڕیاریش لە جوانی درا، دواتر ڕۆڵی ڕەخنە دێتە پێشەوە کە بەدوای نهێنی ئەو جوانیەدا دەگەڕێت، ئەمەش بە بەکارهێنانی هۆکارە مەعریفییە بەدەستهاتووەکان، تا وەک ئەوەی کە درکییێدەکات پێی شیبکاتەوە ))( الغذامي ، ١٩٨٧، ١٠٩).

## ٧–خوێندنەوەی سۆسیۆڕەخنەیی (القراءة السوسيونقدية):

ئەم جۆرە لە خوێندنەوە لای هەریەکە ( کلۆد دۆشیە) و (ڕیمۆن ماهیۆ) و ( پییر زیما) و (فرانسواز کایار) دەبینرێت، لەڕاستیدا ئامانجی ئەم خوێندنەوە کۆمەڵایەتییە ڕەخنەییە ئەوەیە کە خوێندنەوەیەکی تایبەت لەبارەی دەقەوە جێبەجێبکات، ڕێز لە سەربەخۆیی دەق دەگرێت بەو پێیەی کە شێوەیەکی ئێستاتیکیە، لەهەمانکاتیشدا گرنگی بەو ڕێگایانە دەدات کە بەهۆیەوە ئەم دەقە گرێدراوە بە دەقێکیترەوە یان بە لایەنێکی کۆمەڵایەتیی ترەوە، کەواتە پرۆسەکە پەیوەستە بەو جێبەجێکردنەوە، بەمەرجێک هیچ یاسایەکی دەرەکی نەهێتە ناوەوە تاوەکو هیچ لادانێک لە تێگەیشتنی دەقدا ڕوونەدات.

خوێندنەوەی سۆسیۆڕەخنەیی ئەدەب و کۆمەڵ پێکەوە گرێدەدات، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی پەرچەکردارێکی ڕاستەخۆدا نا، بەڵکو لەڕێگەی خوێندنەوەیەکی ئێستاتیکی سەربەخۆ لەپەیوەندی لەگەڵ واقعی پێدراودا،( کلۆد دۆشیە) پێیوایە کە خوێندنەوەی سۆسیۆڕەخنەیی کۆکەرەوەی نێوان دەق و ئێستاتیکای ئەدەبی و واقیعی کۆمەڵایەتییە، واتە ئەدەب وەک بونیادێکی ئێستاتیکی

سەربەخۆ  تێکەڵدەکات لەگەڵ پێدراوە سۆسیۆلۆجییەکان وەک لای بونیادگەری پێکهاتەیی (لوسیان گوڵدمان) دەبیینین کە ڕۆڵی دەبینی لەنێوان بونیادی سەربەخۆی ئەدەبیی و بونیادی سەربەخۆی کۆمەڵایەتیی لەڕێگەی ڕەنگدانەوەی ناڕاستەخۆوە( حمداوی ، ٢٠١٥،٤٠). گایلاردیش پێیوایە کە ((تۆماری دەقی کۆمەڵایەتیی لە ڕۆماندا لەڕێگەی گوزارشتە ئایدۆلۆجییەکانەوە ناخوێنرێنەوە، بەڵکو لەڕێگەی بەیەکداچوونی ئەو گوزارشتانەوە لە گێڕانەوەدا دەخوێنرێنەوە، ئەمەش بە پێی شێوازێکی ئاوێتەبوون کە پرۆسەی گواستنەوە ئەنجامی دەدات)) ( بارت ،٢٠٠٣، ٧٢ ).

لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین: خوێندنەوەی سۆسیۆڕەخنەیی لەگەڵ بێئاگایی کۆمەڵایەتی لەناو دەقدا مامەڵەدەکات لەڕێگەی کۆکردنەوەی نێوان دەقێتی و کۆمەڵایەتی، لەمەشدا جەختدەکرێتە سەر پاشخانی مێژوویی،کۆمەڵایەتیی، ئابووریی،ڕامیاریی و ڕۆشنبیریی لە بێئاگایی کۆمەڵایەتیدا، کە لەناودەقدا لەڕوی هونەری و ئێستاتیکییەوە پێکدێت.

## ٨-خوێندنەوەی بەیەکگەیشتنی (القراءة التواصلیة):

لەم خوێندنەوەیەدا سێ لایەن پێویستە هەبێت: نێرەر (پەخشکەر، قسەکەر و داهێنەر) لەگەڵ پەیام (دەق، گوتار و دەربڕین) هەروەها وەرگر (خوێنەر، بۆنێرراو و پێشوازیکەر بۆدەربڕاو) نێرەر پەیامێکی بیری بێت یان ویژدانی، دەنێرێت بۆ وەرگر، ئەویش لای خۆیەوە لێکی هەڵدەوەشێنێت لەچوارچێوەی زمانێکدا کە هەریەکە لە نێرەر و بۆ نێررا و لێیتێدەگەن. لەمبارەیەوە (ڕۆمان یاکۆبسن) باس لە شەش ڕەگەز لە پرۆسەی بەیەکگەیشتندا دەکات کەبریتیین لە: (نێرەروئەرکی هەڵچوونی ، بۆنێرراو و ئەرکی کاریگەرێتی، پەیام و ئەرکی ئێستاتیکێتی، سەنتەر و ئەرکی سەنتەرێتی، کەناڵ و ئەرکی پاراستنی، زمان و ئەرکی وەسفی و لێکدانەوەو ڕاڤەکاری). لەم چوارچێوەیەدا توێژەری تونسی (حسەین ئەلواد )باس لەوە دەکات کە گریمانەی بەیەکگەیشتن گرنگی بە ڕۆیشتنی نامە دەدات لە نێرەرەوە بۆ وەرگر لە ڕێگەی کەناڵەکانی پەیوەندییەوە، وە پێیوایە کە نامەکە پەیامی خۆی لە زماندا و بە پێی یاساکانی تۆمارکردن کە خەڵکی پێی ڕاهاتوون تۆماردەکات، وەرگریش هێما گوتەییەکان دەکاتەوە تاکو دەگاتە پەیامەکە، بەڵام زۆربەی کات گەیشتنە پەیام سەرکێشییەو بەئاسانی بەدەستنایەت، هەرچەندە نێرەر هەوڵیدابێت خۆی لە ڕەگەزەکانی شاردنەوەو لادان و خراپ تێگەیشتن لابدات، پەیامەکەی هەر کاریگەری هەیە ( الواد، ١٩٨٥، ٧٣).

بەپێی ئەم خوێندنەوەیە ئەدەب دیاردەیەکی تەمومژاوییە، پڕیەتی لە هێما و نیشانەی ناڕوون، پێویستە لەسەر خوێنەر کە ئەو هێمایانە هەڵبوەشێنێت و لێکدانەوەو ڕاڤەیان بۆبکات بەپێی ئەزموونی کەسی خۆی، دواتر گریمانەی دواندن ئەوە لە خوێنەر دەخوازێت کە لەکاتی

خوێندنەوەدا ڕاڤەبکات و ئەوەی لێچاوەڕووان دەکات کە زیادکردن بکات بۆ پەیامە ئەدەبییەکە، چونکە لەبنەڕەتدا دەقی ئەدەبی تەمومژاویە خوێنەر وەک تاقیکردنەوەیەک دەق دەخوێنێتەوەو تواناکانی خۆی تاقیدەکاتەوە لە بەخشینی واتای سەربارکراو، بەمپێیە و لەڕوانگەی گریمانەی دواندنەوە دەقی ئەدەبی دەقێکی کراوەیە، پێویستی بە فرە لێکدانەوەیەوە وئەو فرە لێکدانەوەیەوەش پەسەندەکات و پێی دەوڵەمەندتردەبێت ( الواد، ١٩٨٥، ٧٥).

## ڕایەڵەی نێوان ئەمجۆرە خوێندنەوانە و خوێندنەوە لە تیۆری وەرگرتندا:

لەکۆتایی ئەم بابەتەدا بەپێویستی دەزانین ئەوە ڕوونبکەینەوە کە بۆچی باسمان لەمجۆرانە لە خوێندنەوەکردو چ پەیوەندیەکیان بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە؟ ئایا لەنێوان ئەم جۆرە خوێندنەوانەو تیۆری وەرگرتندا نزیکیەک یان پەیوەندیەک هەیە کەوامان لێبکات بەپێویستی بزانین بیانخەینەڕوو؟ بێگومان هەر لەخۆوە نییە کە خۆمان لەقەرەی ئەم بابەتە داوە، بەمەبەست ویستوومانە بەکورتیشبێت ئەوجۆرە خوێندنەوانە بناسین، لێرەشدا بەگشتی هەوڵدەدەین باس لەو ڕایەڵانە بکەین کە لەنیوان پرۆسەی خوێندنەوە لە تیۆری وەرگرتن و ئەو جۆرانەی خوێندنەوەدا هەیە.

سەرەتا ئەگەر باس لە خوێندنەوەی سایکۆلۆجی یان دەروونی بکەین دەبینین ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لەڕوانگەی تێزەکانی فرۆیدەوە دەق شیدەکاتەوەو بەدوای لایەنە دەروونییەکانی نووسەردا دەگەڕێت لە دەقدا، بەتایبەت دۆزینەوەی ناوچەی بێئاگایی لە دەقدا و دەرخستنی گرێی دەروونی(ئۆدیب و ئەلکترا) هەرچەندە لەمجۆرە خوێندنەوەیەدا زیاتر فۆکەس لەسەر نووسەرە لە ڕێگەی دەقەوە، بەڵام بۆخۆی هەوڵدانێکی گرنگی ڕەنگدانەوەی پاشخانی خوێنەرە لە شیکاریکردنی دەقداو ئەمەش زیاتر بەرەو ئەوەمان دەبات کە ڕۆڵی خوێنەر هێواش هێواش لە پرۆسەی خوێندنەوەدا بەدەردەکەوێت هەرچەندە بەو ئاستە نییە کە بەشدارێکی کارابێت لە دارشتنەوەی واتای دەقدا .

گەربمانەوێت باس لە پەیوەندی نێوان تیۆری وەرگرتن و خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەیی بکەین، ئەوا بەڕوونی هەست بەو نزیکی و لێکچوونە دەکەین کە لە نێوانیانداهەیە، چونکە لە خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەدا سەنتەر بونی نامێنێت و دەق بەردەوام لەبەردەم هەڵوەشاندنەوەدایەوە خوێنەریش هەمیشە لە کارلێکی لەگەڵ دەقدا و پشتبەست بە پاشخانی زانیاریی خۆی دەق شیدەکاتەوەو لێکی هەڵدەوەشێنێت و دووبارە بونیادی دەنێتەوە، ئەم پرۆسەیەش بەردەوامی هەیەو بێ کۆتاییە، هەمانشت لە تیۆری وەرگرتندا لەبەرئەوەی واتا بێکۆتاییەو بەردەوام خوێنەری

تازەدێت و واتای نوێ بە دەق دەدات، کەواتە بەخشینی واتا بەدەق لێرەشدا پرۆسەیەکی بەردەوام و بێ کۆتاییە.

سەبارەت بە خوێندنەوەی سۆسیۆلۆجی و ڕایەڵی پەیوەندی لەگەڵ تیۆری وەرگرتندا لەو لایەنەوە دەبینرێت کە وەک ( ڕۆبیر ئیسکابیر) باسی لێوە دەکات، کاتێک نووسەر دەقێک بەرهەمدەهێنێت و بڵاوی دەکاتەوە دواتر ئەو دەقە دەکەوێتە دیالۆگ لەگەڵ خوێنەرانیدا و وەپێیوایە کە ژیانی دەقەکە لەو چرکەساتەوە دەستپێدەکات کە تیایدا بڵاودەکرێتەوە و پرۆسەی خوێندنەوەی دەستپێدەکات و پەیوەندی خۆی بە نووسەرەوە دەپچڕێت بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەمەش هەمان تێڕوانینی ڕابەرانی تیۆری وەرگرتنە کە پێیان وایە دەق لەوکاتەوە بوونی هەیە کە دەخوێنرێتەوە ئەگینا دەق بە بێ خوێنەرو خوێندنەوە وەک لاشەیەکی بێگیان وایە.

لەخوێندنەوەی ( سیمۆلۆجی) شدا کە ( ڕۆلان بارت) بانگەشەی بۆ دەکرد و بەلایەوە دەق لە ساتی بڵاوبوونەوەی و کەوتنە بەر پرۆسەی خوێندنەوەوە ئیتر سەربەخۆ دەبێت و دادەبڕێت لە نووسەرەکەی، لەمەش زیاتر جاڕی (مەرگی نووسەر)یدا، بەلای ئەوەوە ڕەخنەگر شتێک نییە جگە لە خوێنەر و ئەرکی سەرەکیشی بریتییە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی واتای دەق وخوێنەریش دەبێت جێگەی نووسەر بگرێتەوە، ئەمەش بۆخۆی ئەوەمان پێدەڵێت: کە پرۆسەی خوێندنەوە و بەرهەمهێنانەوەی دەق لە لایەن خوێنەرەوە وەک پەیوەندییەکی بنەڕەتی نێوان خوێندنەوەی (سیمۆلۆجی) و (تیۆری وەرگرتن) دەردەکەوێت و لەمەش زیاتر ئەوەیە کە لەهەردووکیاندا سەنتەر بریتییە لە خوێنەر و بە کاراکتەری سەرەکی دادەنرێت لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی واتادا .

ئەگەر بمانەوێت باس لە پەیوەندی نێوان خوێندنەوەی (ڕەوانبێژی) بکەین لەگەڵ تیۆری وەرگرتندا، ئەوا پێویستە لەو خاڵەوە دەستپێبکەین کە ئەگەر لای تیۆری وەرگرتن وەرگرو کردەی وەرگرتن گرنگەو کاری لەسەر کراوە ئەوا لەمجۆرە خوێندنەوەیەدا کاریگەریەکانی وەرگرتنەکە زۆر جەختی لێکراوەتەوە لە ڕێگەی ئەو کارلێکەی کە لە نێوان زمانی دەقەکەو خوێنەردا دروستدەبێت، بەڵام دەتوانین باس لەو جیاوازیەش بکەین کە هەیە لە نێوانیاندا بەوەی کە تیۆری وەرگرتن زیاتر ڕوو لە واتای دەق دەکات بەو میکانیزمانەی کە پێشتر روونمانکردۆتەوە دەیەوێت بگاتە واتای شاراوەی دەق، هەرچی (ڕەوانبێژییەکەی) (میشێل چاڵز)ە بونیادگەریانە لە ڕووخساردا و لەڕێگەی زمانەوە کار لەسەر دەق دەکات، بەڵام لای هەردووکیان کاریگەری پرۆسەی وەرگرتن خاڵێکی هاوبەشە.

سەبارەت بە خوێندنەوەی شیعریی کە زیاتر کار لەسەر ئەدەبێتی دەق دەکات و بە شیکردنەوەی بونیادگەریانە لەڕێگەی زمانی دەقەکەوە دەیەوێت ئاستی ئەدەبێتی دەقەکە دیاریبکات ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەڕێگەی ڕووخساری دەقەکەوە وێڵە بەدوای واتای جیاوازی دەقەکەدا لەم پڕۆسەیەشدا کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەو پێکهێنانەوەی دەقە دەکات وەک ئەوەی کە (تۆدۆرۆڤ)زۆر جەختی لێدەکاتەوە،لێرەشدا پەیوەندی ئەمجۆرە لە خوێندنەوەمان بۆ دەردەکەوێت لەگەڵ تیۆری وەرگرتندا بەوەی کە واتای جیاواز دەتوانرێت  لەدەقدا بدۆزرێتەوە لەڕێگەی زمانی دەقەوەکەوە ئەو نهێنیانە ئاشکرابکرێن کە بەرەو واتا جیاوازەکانمان دەبات ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت: لە هەردوو خوێندنەوەکەدا واتای کۆتایی بۆدەق بوونی نییە.

ئەوەی کە پەیوەستە بە خاڵی پەیوەندی نێوان (خوێندنەوەی سۆسیۆڕەخنەیی) و تیۆری وەرگرتنەوە، ئەمجۆرە لە خوێندنەوە کە ئەدەب گرێدەدات بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکانەوە و پێی وایە کە ئەدەب و کۆمەڵ لێکدابڕاونین، وە پێی وایە کەدەق پێکدێت لە کۆمەڵێک پێدراوی کۆمەڵایەتیی کە لەخۆیدا کۆیاندەکاتەوە و پێویستە خوێنەر لەڕێگەی گوزارشتەکانی دەقەکەوە ئەو پێدراوانە بدۆزێتەوە پشتبەست بە پاشخانی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی خۆی. کەواتە دەتوانین بڵێین: خاڵی پەیوەندی نێوانیان لەوەدایە کە هەردووکیان پشتدەبەستن بە پاشخانی ڕۆشنبیری خوێنەر بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کە مەبەستیانە لەدەقدا.

لەخوێندنەوەی بەیەکگەیشتنیشدا ئەوە بەڕوونی دەبینین کە ئەو پەیامە ئەدەبییەی لە نێرەوە دەگاتە وەرگر پەیامێکە تەمومژو ناڕوونی زۆری تێدایە، بۆیە خوێنەر وەک وەرگر پێویستی بە پاشخانێکی زۆری مەعریفی هەیە تاکوبتوانێت ئەو تەمومژی و ناڕوونیانە ڕوونبکاتەوەو واتای لێبەرهەمبهێنێت  ئەمەش هەمان ئەو بنەمایانەیە کە تیۆری وەرگرتن کاری لەسەردەکات و پێی وایە خوێنەری بەتواناو خاوەن ڕۆشنبیری بەهێز دەتوانێت خوێندنەوەیەکی بە بەرهەم بۆ دەق بکات و هەموو ئەو کەلێن و بۆشاییانەی نووسەر بەجێی هێشتوون لە دەقدا پڕیانبکاتەوە، بۆیە پێمانوایە لە خوێندنەوەی (بەیەکگەیشتن) دا خوێنەر هەمان مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات کە لەتیۆری وەرگرتندا دەیکات ئەمەش وەک خاڵی دیاری پەیوەندی نزیکی نێوانیان دەبینرێت.

## پاری پێنجەم: کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر و ئاستەکانی شیکردنەوەی دەق

### کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر:

ئەو گۆڕانکاریە مەعریفیانەی کە لەگەڵ دەق و بەرهەمهێنانەوەی واتای دەقدا هاتووە بە بەردەوامیی پرۆسەی کارلێکێک دادەنرێت کە بە (بەیەکداچوونی دەق) ناودەبرێت، ئەمەش مەبەست لێی بەیەکداچوونی دەقێکە لەگەڵ دەقەکانی پێش خۆیدا، (جیرار جینێت) ئەم بابەتی ( بەیەکداچوونی دەق)ە، دەکاتە بابەتی ئینشائی و پێی وایە کە خەمی سەرەکی ئینشائیش بریتینیە لە توێژینەوە لە تاکێتی دەق، بەڵکو وەستانە لەسەر ئەو خەسڵەتە کارلێکیانەی دەق لەگەڵ دەقەکانی پێشخۆی . دەق لە جوڵانێکی بەردەوامدایە بۆ تێپەڕاندی خودی خۆی و کرانەوەی بەرووی دیاردە ئەدەبیەکان و گەڕان بەدوای دەقی تردا، هەتا کارلێکی لەگەڵدا بکات و دواتر تێبپەڕێنێت هەتا بتوانێت بوونی خۆی وەکو دەقێک بنەخشێنێت. بۆیە دەقەکان بەیەکدا دەچن و یەکتر دەبڕن(مجموعة من الباحثين، ٢٠١٠، ١٠٠). ئەوەشی کە زیاتر ڕێگە بەو چالاکیە دەدات ئەو فرە واتاییە یە کە دەق خاوەنێتی و دەچێتە چوارچێوەی گۆڕانی دەقەکانی پێشوو بۆ دەقێکیتر لە میانەی پرۆسەیەکی شیکاری لەلایەن وەرگرەوە، ئەوەی ڕاڤەی  ئەو گۆڕانە مەعریفیەی فرەواتایی لە دەقدا دەکات بیرۆکەی  (مەرگی نووسەر)ە کە ( ڕۆلان بارت) بانگەشەی بۆ دەکرد بە بەرزکردنەوەی ڕۆڵی خوێنەر لەبەرهەمهێنانی واتادا لەلایەک و لەلایەکیتریشەوە لێدانبوو لەتیۆرانینی ڕۆمانسیانە لە بەرزراگرتنی ئەفسانەی نووسین و ئەفراندنی داهێنەرانەدا. ئەمە وای لە خوێندنەوەکرد بەردەوام پاشکۆیەکی هەبێت کە لە ڕەگوڕیشەیەکی میتافیزیکیەوە سەرچاوەی گرتبێت وەک ئەوەی کە نووسین (دروستکردن و داهێنانە) بەشێوەیەک کە هاوتەریبی سروشی خوداییبێت.

خوێندنەوە ڕەوایەتیدا بەشیکردنەوەی دەقی ئەدەبی تاوەکو خوێنەر لەڕێگەی ئەو شیکردنەوەیەی کە پەیڕەویدەکات دووبارە دەق بەرهەمبهێنێتەوە، لەبەرئەوە ڕۆڵی وەرگر لە ڕیزبەندی ڕۆمانتێکی داو خوێندنەوەش ڕزگاریبوو لە پاشکۆیەتیی و ئەو ڕۆڵە لاوەکییەی کە هەیبوو لەچاو نووسیندا. خوێندنەوە خۆی دووبارە نووسینەوەی دەق و پێرەوێکی بەرهەمهێنانییە (بوعزە، ٢٠١١، ٤٥) .

ئەو گۆڕانکاریانەی لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا لەبواری ڕەخنەدا ڕوویاندا بوونە هۆی بەدیهاتنی هەندێک تیۆر و ڕێبازی ڕەخنەیی هەوڵیاندەدا ئەو تیۆرانینە بەکاربەرانییەی کە بۆ دەق هەبوو بگۆڕن و ڕۆڵی ئامادەیی پێبدەن، ئەوەیش بەهۆی کاراکردنی ڕۆڵی خوێنەر و بەرهەمهێنانی واتاوە لەڕێگەی شیکردنەوە ئەدەبییەکانەوە، ئەم ئامادەگیەی دەقیش وەک پەرچەکردارێک دەردەکەوت بەرامبەر بە هەندێک ڕێباز کە بانگەشەی میتافیزیکای نووسینی دەکرد خاوەنی خەسڵەتێکی داخرا و باڵایی(کانتی)بوو بۆ دەقی ئەدەبی.

دواتر ئەم تیروانینانە پاشەکشەیانکرد و ئەوانە شوێنیانگرتنەوە کە وا لەدەقیان دەڕوانی کە بە هۆی ڕۆڵی خوێنەر و شیکردنەوە ئەدەبیەکانییەوە بەرهەمهێنەری واتایە، بەمەش ئەدەب بووە ناوەندێکی شیکاری و پێکهاتەیەک لە ئاماژەی بەرهەمهێنەر کەبەردەوام لەگۆڕاندایە، ئەم شێوازی شیکردنەوە ئەدەبییەش لەو ڕێبازە ڕەخنەییانەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێیوایە هەموو کارە ڕەخنەییەکان جێبەجێکردنی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبییە بە فەراهەمبوونی چەمکە جێبەجێکاریەکان ( ایلرود، ١٩٩٢، ٢٦).

ئەوەی کە مێژووی خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی لێکجیادەکاتەوە بریتییە لە سروشتی(هێلکاری سەرەتایی) ک مەبەست لێی بەدواداچوونی پرۆسەی ڕەخنەیی بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبییە،زۆرجار خوێنەر بەدوای ژیانی کەسی نووسەرەکەوەبووە بەتایبەت لە شیکردنەوەی دەروونیی، کۆمەڵایەتیی و مێژوویدا هەتا دەگاتە ڕەوتە بونیادگەریەکان کە بەوە ناسراون دەقیان داخستووە بەسەر خۆیدا، ئەمەش وەک پەرچەکردارێکە و دوورخستنەوەی ڕۆڵی نووسەرە لە پرۆسەی ڕەخنەییدا بەوەش دەسەڵاتی دەقیان بەرزکردەوەو ڕەهایەتییان پێبەخشی لە دیاریکردنی واتادا و پاشانیش دەگەینە قۆناغی پاش بونیادگەری و دەرکەوتنی ڕۆڵی خوێنەر لەبونیادنانی واتای دەقدا((ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی خوێندنەوەیەک کە جەختدەکاتەوە لە ڕۆڵی خوێنەر لە بونیادی دەقدا، بەوەی کەپێیوایە واتای دەق لەڕێگەی کۆنتێکستەکەی و پێکهاتە سیمۆلۆجییەکەیەوە دیاریناکرێت، بەڵکو لەڕێگەی کارلێکی نێوان خوێنەر لەگەڵیدا دیاریدەکرێت، ئەمەش وادەکات دەق بەردەوام تازەببێتەوە، بەشێوەیەک واتاکەی لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەکی دواتردا نوێدەبێتەوە )) ( اليعكوبي، ٢٠٠٦، ١٣).

بەلای(تۆدۆرۆف)ەوە بونیادی گێڕانەوەو لەدایکبوونی لە دەقدا، لەڕێگەی ئەزموونی خوێندنەوەو شیکردنەوە دێت، لەسەرەتادا ئەم ئەزموونە ناسراو و ئاسان دەردەکەوێت، بەڵام وەک ئەو دەڵێت: پرۆسەیەکی(شوناس ونە) ئەو پێیوایە کە توێژینەوەی ئەدەبی لە دوو ڕوانگەوە دەبێت کە بریتیین لە:

١- ڕوانگەی یەکەم: تایبەتە بە هەمەچەشنی خوێندنەوەکان بەهەموو ئاستە ڕۆشنبیریەکانەوە، هەروەها تایبەتیشە بە (خوێنەری تاک) و (خوێنەری کۆمەڵ)ەوە.

٢-ڕوانگەی دووەم: تایبەتە بە وێنەی خوێنەر وەک ئەوەی کە لە دەقێکی دیاریکراودا هەیە، بۆنموونە: وەک ئەوەی کە خوێنەر وەک کاراکتەرێک لەدقدا بوونی هەیە یان وەک ئەوەی کە خوێنەر وەک بۆگێڕەرەوەیەک دەردەکەوێت لە دەقدا.

لەرێگەی ئەم دوو ڕوانگەیەوە ناوچەیەکی پەیپێنەبراو بوونی هەیە کەدەکەوێتە نێوانیانەوە، تۆدۆرۆف بە (پانتایی لۆجیکی خوێندنەوە ) ناویدەبات، ئەم پانتاییە بریتیە لە تێڕوانینە کردەییەکانی وەرگر و شوێنی کارکردن، ئەوەی کە توێژینەوە بە (ئاوێزانی ڕەخنەیی –التوليفة النقدية) ناوی دەبات و بەکارپێکردنی( هێڵکاری سەرەتایی)و بەکارخستنی لەبونیادی شیکردنەوەی ڕەخنەییدا لەپێناو دروستبوونی ناوچەی کارکردنی وەرگر بەپێی پێدراوە فکری و فەلسەفییەکانی بۆ گۆڕینی بە ناوچەی پەیپێبراوڕوون لەرووی جوگرافی و زانیاریەوە (مصطفى،٢٠١٦،١٦). ڕەوایەتی شیکردنەوە لای خوێنەر پشتدەبەستێت بە ڕەوایەتی حوکمی ئێستاتیکایی کە پێویستە بخولقێنرێت، ئەو ڕەوایەتیەش لە پرۆسەی (ئیستقرائی) (بڕیاردان لەسەر گشت لە ڕێگەی بەشەوە) ڕەخنەیی دەقی ئەدەبیدا کامڵدەبێت. ئەزموونی ئەدەبی ئەو ئەزموونە نییە کە پشتببەستێت بە خودی مرۆیی کە ملکەچی بیر و هەست و ویژدانی وەرگرە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ شارستانیەت و هۆشیاری دەستەجەمعی هەرئەمەش کەوادەکات پرۆسەی شیکردنەوەی ڕەخنەیی جیاواز بێت لە ئەزمونی تاقیگەیی کە پشتبەبیری ڕووت دەبەستێت، قابیلی ئەزمونکردنە بەواتا میکانیکی و ئامێریەکەی، لەبەرئەوە ئیستقرائی ڕەخنەیی و پرۆسەی دۆزینەوەی جوگرافیای ناوچە تاریکەکان لەنێوان دوو ڕوانگەکەی، ڕەگەزەکانی شیکردنەوەی ئەدەبی بۆهەر ئەزموونێکی ئەدەبی خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیەتی پەیوەست بە بەهای هونەری کە لە واقیعی ئەو ڕەگەزە شیکاریەوە دەردەکەوێت، ئەوەشی کە لە خوێنەر داواکراوە وردیی زمانییە بۆ چوونە نێو ناوچە پەیپێنەبراوەکانی نێوان دوو ڕوانگەکەوە.

ڕەوایەتی شیکردنەوە  هەوڵدانی پەیبردنی پەیوەندی دەقی ئەدەبی دەسەپێنێت بەسەر وەرگردا، ئەوەی وادەکات پەیوەندی نێوان دەق و وەرگر پەیوەندییەکی بەیەکگەیشتوویبێت، بەمەش جۆری ئەزموونی وەرگر لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا دیاریدەکرێت، کە پاڵپشتە بە بونیادێکی زانیاری، وەک (اليامين بن تومى) لە کتێبی (مرجعيات القراءه و التاويل عند نصر حامد ابو زيد)دا پێیوایە ((ئەو خوێنەرەی خاوەنی بونیادێکی زانیاری کە وەک کۆدێک بۆ شیکردنەوەی دەق بەکاریدەهێنێت، ناتوانێت بەیەکگەیشتن لەگەڵ دەقدا دروستبکات، چونکە چوارچێوەیەکی سەرچاوەیی بۆ تێگەیشتن لەبنەڕەتدا بوونی نییە ))(اليامين ،٢٠١١، ٢٢٢).

گرنگیی چوارچێوەیەکی سەرچاوەیی بۆ تێگەیشتن و بەدیهاتنی پێکگەیشتن لە نێوان وەرگر و دەقدا کاریگەری دیار و گرنگی هەیە لە هەوڵی لێکنزیکبوونەوەی تێگەیشتن لە نێوان نووسەر کە دەقی بەرهەمهێناوەو وەرگر کە مەبەستداریێتی دەقی هەڵهێنجاوە، ئەمەش ئیستقرائی ڕەخنەییە لەپرۆسەی شیکردنەوەی ئەدەبیدا، لەهەموو هەوڵدانێکی لێکنزیکبوونەوەشدا ((پێویستە دەقی کۆکەرەوە لەنێوانیادا لەبەرچاوبگیرێت، بەشێوەیەک لۆجیکی سەرەتایی یان لەلایەنی بەرهەمهێنەری

دەقەوە دەبێت یان لەلایەنی وەرگری دەقەوە دەبێت، پرۆسەی تێگەیشتنیش بە ئاڕاستەی ئامانجە دروستەکەیدا دەڕوات، کاتێک کە لەنێوان مەبەستدارێتی بەرهەمهێنەری دەقەکەو مەبەستدارێتی وەرگری دەقەکە کۆدەبێتەوە بەهۆی شیکردنەوەی مەبەستدارێتی دەقەکەوە ))( جمعان، ٢٠٠٩، ٥٠٢) . لەبەرئەوە  ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە بەیەکەگەیشتنی وەرگر بە دەقی ئەدەبی، چونکە بوونی ئەدەبی بریتییە لە کۆبوونەوەی دەق لە نێوانیاندا و بەدیشنایەت هەتا ئەو بەیەککەیشتنە دروستنەبێت لەنێوانیاندا(وەرگر و دەق)، چونکە((دەق بوونێکی ناڕوونە وەک خەونێک، بوونەکەشی بەدینایەت لەڕێگەی خوێنەرێکەوەنەبێت، لێرەشەوە ڕۆڵی گرنگی خوێنەر دێت و خوێندنەوەش وەک پرۆسەیەکی بنەڕەتی بۆ بوونی ئەدەبێک دەردەکەوێت ))( الغذامي، ٢٠٠٦، ٦٩) هەربۆیەش (تۆدۆرۆف) بە ( پرۆسەیەکی شوناس ونی زۆر ئاڵۆز) ناوی دەبات.

فینۆمینۆلۆجیاش تێبینی ئەو بەریەککەوتنەی کردووە لەنێوان وەرگر و دەقدا کە لەئەنجامدا بابەتی ئەدەبی دێتەئاراوە و کردەی درکپێکردنی تایبەت بە خوێنەری لەخۆگرتووە، خوێنەر هەموو ئەو پەرچەکردارانەی لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقەکەوە دێنەئاراوە لەبەرچاودەگرێت، هەربۆیەش تێبینی ئەوە دەکرێت کە لەتێڕوانینی فینۆمینۆلۆجیاوە دەقی ئەدەبی خاوەنی دوو جەمسەرە: جەمسەری یەکەم ئەوجیهانەیە کە نووسەر دەیخولقێنێ، مەبەست لێی (دەق)ە ئەمەش جەمسەرە هونەرییەکەیە، جەمسەری دووەمیش کە جەمسەرە ئێستاتیکیەکەیە وبریتییە لە درکپێکردن، وەرگر بەدیدەهێنێت و لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا کاری ئەدەبی بەدیدێت، ئەم لێکنزیکبوونەوەیەی نێوان وەرگر و دەق بەرە و ئەوە دەچێت کە بڵێین: دوو درکپێکردن بوونی هەیە، ئەوانیش بریتین لە (درکپێکردنی نووسەر) و (درکپێکردنی وەرگر)، درکپێکردنەکەی نووسەر بەهایەکی دۆزینەوەیی هەیە بەوەی کە کاتێک درک بەوەدەکات کە تایبەتمەندیە گرنگەکان لە بەهای خودی شتەکاندایە و لای خویەوە ئەو بەهایانە لەمامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەدەب دەکاتە بابەتێکی داهێنەرانە، هەرچی درکپێکردنی وەرگرە بەهایەکی ( ئیستقرائی) یانەی هەیە بەوەی کە کاتێک درک بە تایبەمەندی داهێنەرانە دەکات لە دەقەکەدا لەئەنجامی بەردەوامی پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەکەدا، بەها ئێستاتیکیەکانی نێو دەقەکە پوختدەکاتەوە و بەهۆی ئەو درکپێکردنە هاوبەشەوە دووبارە دەقەکە بەرهەم دەهێنرێتەوە، ئەم بەهایەش بەردەوام لەڕووی ئێستاتیکی و فیکرییەوە لەگۆڕاندایە(مصطفى، ٢٠١٦، ١٩-٢٠).

پرۆسەی خوێندنەوە بۆخۆی دوو ئاڕاستە بەدیدەهێنێت، ئاڕاستەیەکیان بەرەو نووسەرە کە دەق دەنووسێت و لەبیریدا وەرگرێک هەیە بەشێوەیەکی مەبەستگەرایانە دەیخوێنێتەوە، ئاڕاستەی دووەمیش بەرەو وەرگرە کە دەقێک دەخوێنێتەوە لەبیریدا نێتی وەرگرتنی تەواوی پەیامەکە هەیە. هەردوو ئاڕاستەکە بەشێوەیەکی گریمانەیی کە بەها ئێستاتیکایەکەی لەگۆڕاندایە،  بیرەکەی خۆیان

دارِشتووە لەنێوان مەودای داهێنان و مەودای فکریدا، بۆیە بەمشێوەیە پرۆسەی خوێندنەوە دەبێتە ((بەیەکداچوون و پێکگەیشتنی هۆشیاری خوێنەر بە هۆشیاریەکیتری تایبەت کەئەویش هۆشیاری نووسەرە))(خلیل ،٢٠٠١، ٢٦٥) ئەو پێدراوانەی کە لە ئەنجامی پێکگەیشتنی نێوان هۆشیاری وەرگر و هۆشیاری نووسەردا هاتنە ئاراوە، ڕەخنەگرانی دوای بونیادگەرییان والێکرد کە دەسەلاتی خوێنەر بەهێزبکەن و ڕەخنەش بۆخۆی بووە بەشێک لە بەشەکانی خوێندنەوە و شیکردنەوە، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەلێک تایبەتمەندی کە بریتین لە:

١-دەرکەوتنی ڕەوتێکی ڕەخنەیی پەیوەست بە داهێنانی وەرگر و ئەو ئایدۆلۆجیایەی کەهەیەتی بۆ لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی، ئەمڕەوتەش جەختی لە ڕێبازێکی ڕەخنەیی نەدەکردەوە لە شیکردنەوەی دەقیدا ئەمەش بۆخۆی بووە هۆی سەرهەڵدانی خودێتی وەرگر.

٢-لەڕوانگەی خودێتی وەرگرەوە لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا، خوێندنەوەی دەق جۆراوجۆربوو ئەمەش بووە هۆی زیانگەیاندن بەدەق بێ هەڵسەنگاندن و حوکمدان لەسەری لەڕوی ئێستاتیکاوە.

٣-کە خوێندنەوە ڕەخنەییەکانی کە پشتیان بە خودێتی وەرگر دەبەست زۆربوون، ماوە لەبەردەم بێکۆتایی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەدا دەکاتەوە ناتوانرێت سنووردواربکرێن، چونکە سروشتی ڕێبازی ڕەخنەیی وایە کە شێوە و کردەکانی لێکدانەوە و ئامرازە بەکارهاتووەکانی  لەشیکردنەوەی دەقدا دیاریدەکات ئەمەش لایەنی تیۆری و پراکتیکی ئەو شێوانەیە، ئەم تیروانیانەش وای لە ڕەخنەی دوای بونیادگەریکرد لە گرنگی سروشتی کاری وەرگر بڕوانێت کاتێک دەستدەکات بە خوێندنەوەی دەقێک، ئەم پێداویستەیەش وایکرد ڕێبازێکی مەنهەجی ڕابگەیەنرێت کە گرنگی دەدا بە زانستی جوانناسی وەرگر و زاراوەی ( تیۆری وەرگر) ی بۆ بەکارهێنرا ( مصطفى ، ٢٠١٦، ٢١).

٤-تیۆری وەرگرتن ئەو تیۆرە بوو کە ڕەخنەگرانی گرنگی زۆریان پێدا و پشتی هەمەچەشنییانگرت لە ئاستەکانی شیکردنەوەدا، هەرئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشە لە شیکردنەوەدا، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤی ڕۆژئاوایی لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوودا گەیشتە قۆناغی (گومان لە هەموو یەقینێکی بابەتی) بەتایبەت دوای ئەوەی کە ئامێرەکان نەیانتوانی خۆشی و کامەرانی بۆ مرۆڤ بەدیبهێنن، بەڵکو بەپێچەوانەوە کارەساتی ماڵوێرانکەری بۆ مرۆڤایەتی بەدیهێنا وەک ئەوەی بەسەر ژاپۆندا هات لەشەڕی جیهانی دووەمدا ئەمەش ئاگادارکردنەوەیەک بو بۆ ڕۆشتنی تیۆرییە بابەتییە توندەکان هەروەک چۆن ئەو لاوازیەی ناوەندی ڕەخنەی ئەورووپی دەگەڕایەوە بۆ پشتگوێخستنی خوێنەر وەک لایەنێکی گرنگی داهێنان(نێرەر، پەیام، پەیام بۆنێرراو)و وایلێکردبوو کەبووبووە بەندکراوی دەسەلاتی دەق (مصطفى، ٢٠١٦، ٢١-٢٢).

لەئەنجامی ئەوانەی کەلەبارەی شیکردنەوەی دەقەوە باسکرا، دەتوانرێت بوترێت کە پڕۆسەی تێگەیشتن لە شیکردنەوەی ڕەخنەییدا وەک ستراتیژێک لە نێوان وەرگر و دەقی ئەدەبیدا کاردەکات لەچوارچێوەی میکانزمگەلێکدا کە هاوکاری وەرگردەکات لە شیکردنەوەی دەق و کردنەوەی هێما زمانیەکانی بونیادی دەقەکەدا، لێرەدا کێشەی نووسەر لەسەر ئاستەکانی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی بەدەردەکەوێت لە تێپەڕاندی ئەو ستراتیژییە سەپێنراوانەدا بەم شێوەیە:

١-ئایا وەرگر لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکەدا بەپێی کاریگەریی و کارلێکراو کارلێکیکردووە؟

٢-ئایا دەق و وەرگر پەیوەندییەکی بەیەکگەیشتن و ئایدۆلۆجی لەنێوانیاندا هەیە کە بگوێزرێتەوە بۆ دەقە خوێنراوەکە لەپێناو گەیشتنە میکانیزمی شیکردنەوەی ئەدەبی؟

٣-ئایا وەرگر دەتوانێت دەق شیبکاتەوە بەپێی کردەی (دەرهێنان، چاوەڕوانی و هەڵهێنجان) ئەمەش بەپێی میکانزمەکانی چاوەڕوانیکردن؟ ئەو میکانزمەی بەکارهێنا ئایا بەردەوامی چاوەڕوانییەکانی بەرهەمدێت بێ ئەوەی تووشی شکانی چاوەڕوانییەکانی ببێت؟

٤-ئایا دایالۆگی وەرگر لەگەڵ دەقەکەدا و ئینتیمای ئەو بۆ گروپێکی لێکدانەوەیی دیاریکراو دەردەخات کە تایبەتبن بە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی، ئەوەی کە میکانزمێکی پتەو دەبەخشێتە وەرگر بەپێی بیروبۆچوونی ئەو گروپە؟

٥-کاتێک وەرگر بەر دەقی ئەدەبی دەکەوێت، ئایا توانای خوێندنەوەیەکی بەیەکداچووی هەیە؟ یان کار لەسەر شکاندنی سەرنجەکانی دەق دەکات بۆگەیشتن بە بونیادی قووڵ لەتێگەیشتنی دەقدا؟ (مصطفی، ٢٠١٦، ٢٣) .

سەبارەت بە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی، دەتوانرێت لەسەر پێنج ئاست شیکردنەوەی بۆ بکرێت کە بریتین لە:

## یەکەم : ئاستی کارلێکی وەرگر لەگەڵ دەقدا

بێگومان لەپرۆسەی خوێندنەوەدا دوو ڕەگەزی سەرەکی بەشدارن کە برتیین لە دەق و خوێنەر و ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیەش بەئامانجی تێگەیشتن لەدەق و پێبەخشینی واتایە لەلایەن خوێنەرەوە هەروەک( فاتمە ئەلبریکی) لە کتێبی(مدخل الی الادب التفاعلی)دا لەبارەی ئەم کارلێکەوە پێیوایە ئامادەبوونی خوێنەرە لەناودەقدا، جا بە چ شێوازێکبێت و ماوەی چەندبخایەنێت، ئەوەگرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کارلێک لەنێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا ڕوودەدات، لەئەنجامدا واتای دەق بەرهەمبێت،

وەک دەڵێت:((بریتییەلە ئامادەبوونی خوێنەر لەدەقدا و بەشداریکردنی لە بونیادنان و بەرهەمهێنانی واتادا، بەچاوپۆشین لە چۆنییەتی و ماوەی زەمەنی کە پێوەی خەریکە و بەهۆیەوە ئەو ئاستە لە کارلێک دروستدەکات))( البریکی،٢٠٠٦، ٥٥) وەرگر وەک خوێنەرێک و شیکەرەوەیەک، دوای کردنەوە و پێکێوەبەستنەوەی واتاکان و بونیادنانی واتای کامڵ لە دەقەکەدا، بەپێی شێوازەکانی شیکردنەوە، ئەمەبریتییە لەکارلێک. کەواتە: کارلێک ((بریتییە لە پرۆسەیەکی بەیەکگەیشتن لەئاستی هونەری دەقێکدا کە خوێنەرەکەی توانای تێگەیشتنی هەبێت و خوێنەرێکیش کەبتوانێت لەو دەقە بگات، ئەم بابەتەش ناتوانرێت بەدیبێت بەبێ بوونی داهێنەرێکی مەزن یان دەقێکی هونەری ئاست بەرز)) (بلمیح،٢٠٠٠، ٦) کەواتە: بۆئەوەی پرۆسەی کارلێک لەنێوان دەق و خوێنەردا ڕووبدات پێویستە دەقێکی وا بوونی هەبێت کەبتوانێت لە هۆشیاری و بەهای خوێنەربگات و وەرگرێکیش کە لە هۆشیاری نووسەر بگات، تاوەکو هاوبەشێکی چالاکبن لە بەرهەمهێنانی واتادا، بۆیەش کارلێک بەوە پێناسەدەکرێت کە بریتیە لە پرۆسەیەکی بەیەکگەیشتن لە نێوان وەرگر و دەقدا وەک کارێکی دولایەنە ڕوودەدات و ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی وێنەیەک بۆ ئەو شتانەی کە پێویستن و شیکردنەوە، گریمانەیان دەکات کاتی پارچەپارچەکردنی ئاستەکانی دەق، لەهەمان کاتیشدا کارلێک هۆشیاری وەرگرە لەگەڵ ئەو وێنە جیاوازانەدا(مصطفى،٢٠١٦، ٢٤).

پرۆسەی خوێندنەوە لەکارلێکی نێوان دەق و خوێنەردا، پشتدەبەستێت بەو چالاکییە بیریانەی کە خوێنەر هەیەتی لەدیاریکردنی ئاستی هۆشیاری پێویست بۆ شیکارکردن کەئەویش بریتییە لە ((بیناکردنی دەق پشتبەست بە بەکارخستنی کردە بیرییەکان کەخۆی لە پێشبینی و داڕشتنی گریمانەکان و هەڵبژاردنی ئاماژەکاندا دەبینێتەوە هەروەها دەستنیشانکردنی پەیوەندیەکانی کە هەیە لە پێناو بەکارخستنی گریمانەکاندا، ئەم چالاکیەش شێوەیەکی کارلێکیانە وەردەگرێت لەنێوان وەرگرێک کە خاوەنی لێهاتوییەکی تایبەتە لەگەڵ ئاماژەکانی دەقێکی نووسراودا)) (الیعکوبي، ٢٠٠٦، ١٣) وەک ئەوەی کە پێشتریش ئاماژەمان پێدا خوێندنەوەی دەق پێویستی بە دوو لایەنە کەئەوانیش (خوێنەر و دەق)ن، لە پرۆسەی خوێندنەوەدا کردە بیرییەکانی وەک: پێشبینی، داڕشتنی گریمانەکان و هەڵبژاردنی ئاماژەکانی دەق چالاک دەبن، پێویستە ئەوەش ڕوونبکرێتەوە کە کردەکانی (پێشبینی و داڕشتنی گریمانەکان) تایبەتن بە هۆشیاری وەرگرو ئامادەی دەکەن بۆ چونە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنی ئاماژەکانی دەقەکە و دەستنیشانکردنی ئەم ئاماژانە بەئامانجی ڕاست و دروستی گریمانەکانە، تاوەکو خوێنەر بتوانێت بگاتە شێوەیەکی گونجاوی شیکردنەوە لەگەڵ ئەو ئاماژانەی کە بوونیان هەیەو بەشوەیەکی ڕاست هەڵبژاردوون ئەمەش پشتدەبەستێت بە بابەتێتی ڕۆشنبیری خوێنەرەکە تاکوبتوانێت گریمانەکانی بەگەڕبخات.

لەگەڵ ئەو پەیوەستییەی پرۆسەی شیکردنەوەی دەق بە خوێنەرەوە، وەک تاکێکی سەربەخۆ هەیەتی، بەڵام ئەم سەربەخۆییە لەپرۆسەی خوێندنەوەو شیکردنەوەدا شێوەناگرێت، چونکە خوێنەر ئەزموونی پێشووتری هەیە لەخوێندنەوەدا و خاوەنی سەرچاوەگەلێکی ڕۆشنبیری وایە کە لە قولایی دروستبوونی کەسێتی ئەمدا بونی هەیە، بەشێوەیەک کە دەتوانێت ئەو سەرچاوانە لەرێگەی ڕووداوەوە بگەڕێنێتەوە بۆ نێو پرۆسەی شیکردنەوە، وەک توانایەکی گریمانەیی هەستکەر بە قولایی ناوەوەو بەشە شاراوەکانی دەق، هەروەک ئەوەی (هێرش) لەمبارەیەوە دەڵێت: (( خوێندنەوە هونەرێکە ملکەچی لێهاتوویی و ئەزموون و ڕۆشنبیری تاکە، بەڵام ئەگەر خوێندنەوە پەیوەستبێت بە ڕووداوەوە، ئەوا ڕووداو ملکەچی هۆکارە کەسیەکانە))(مجموعة من الباحثين، ١٩٩٨، ١٧)، بۆیە دەتوانرێت بوترێت شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەدەبی پشتدەبەستێت بە پرۆسەی خوێندنەوەی ڕووداو کە لە هۆشیاری خوێنەردا شێوەدەگرێت، بەمەش ئەوە بەدەردەکەوێت کە خوێندنەوە پرۆسەیەکی زۆرئاڵۆزە و بەشداریدەکات لە کردارێکی ئاڵۆزی ئاوەزیدا.

هەرچی(ئایزەر)یشە پرۆسەی خوێندنەوەی ئەدەبی بەمشێوەیە ڕووندەکاتەوە و پێیوایە ((خوێندنەوە پرۆسەیەکی جەدەلیە کە لە کارلێکی نێوان وەرگر و دەقی بەشبەشکراودا کامڵدەبێت، بەشێوەیەک کە ئەم بەشانە لە ئاستێکی بەرزی یەککگرتندا تێکەڵدەبن، مرۆڤ پشتبەست بەو خوێندنەوە، چاوەڕوانی ئەوەدەکات پرۆگرامێکی ڕەخنەیی بەدەستبهێنێت بەئامانجی گەڕانەوەی کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر، زیاتر لەوەی ئامانجی تێگەیشتنی دەقە جۆراوجۆرەکانبێت)) (مجموعة من الباحثين،٢٠١٢، ١٠٥) واتە دەتوانین بڵێین: کە بەلای (ئایزەر)ەوە، پرۆسەی شیکردنەوەی دەق توانایەکی ئەرێنی هەیە بۆ کردەی وەڵامدانەوە، مەبەستمان وەڵامدانەوەی خوێنەرە بۆ دەق، بێگومان ئەمە خودییە و بەواتای ئەوەنایەت کە بەهای دەق هیچ ئامادەییەکی لە جیهانی وەرگردا نییە، وەرگر لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەقەوە کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بەشەکانی دەکات و گرنگی دەدات بە کۆکردنەوەی واتای دەق کە لە بونیادە زانیارییەکەیدا بوونی هەیە، هەوەها (ئایزەر) دەڵێت: (( پێکهاتنی کاری ئەدەبی لەرێگەی خوێندنەوە، واتاو کرۆکەکەی لەدایکبووی دەق نییە، هێندەی لەدایکبووی کارلێکی ناوخۆیی لەنێوان بەشەکانی دەق و وێناکردنی خوێنەرەکەیە)) (محمود،١٢٠،٢٠١١). بۆیە دەتوانرێت بوترێت: ئاستی کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر لەهەناوی کارلێکی ناوخۆیی لەنێوان بەشەکانی دەق و وێناکانی وەرگردا بەپێی سەرچاوە فکری و ئایدۆلۆجیەکانی لەدایکدەبێت.

کاری گرنگی پەیوەندییە لەدایکبووەکانی دەق بریتییە لە ئامادەبوونەوەی نائامادەکان لەرێگەی زیادکردنی واتایەکی داهێنراوەوە کەوابکات وەرگر بگۆڕێت بۆ بەرهەمهێنەری واتا لەدەقدا ئەم کارەش لەرێگەی دوو ئەرکەوە دەبێت:

١-نیشانە لەدایکبووەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام دەق دەوڵەمەند دەکەن، ئەوەش لەڕێگەی ئەو واتایانەی کە وەرگر دەیهێنێتە نێو دەقەکەوە و دەبێتە بەرهەمێنەری واتای دەقەکە، ئەمەش ئەوەیە کە لەبنەڕەتدا لەدەقدا نائامادەبووە.

٢-گرنگی ئەم پەیوەندیانە لەوەدایە کار لەسەردۆزینەوەی وەرگرگەلێکی ئەرێنیدا دەکات، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئەو وەرگرانە واهەستدەکەن خوێندنەوەو شیکردنەوە کارێکی داهێنەرانەیە، دواتر ئەم شیکردنەوەیە چالاکییەکە لە خوێنەرێکەوە سەرچاوەدەگرێت کە واهەستدەکات دەقەکە موڵکی خۆیەتی بەتایبەت کاتێک کە بەشداردەبێت لە بەرهەمهێنانی واتاکەیدا ئەمەش پەرچەکردارێکی دوور مەودای کاریگەریی دێنێتە ئاراوە لەپێشکەوتن وکرانەوەی بیری مرۆڤایەتی دا هەروەها لە ئێستاتیکای زمان و چێژوەرگرتن لێی، ئەمەش ئەدەب دەگۆڕێت بۆ ئەزمونێک کە سوودێکی گەورەی هەبێت لەڕووی دەروونیی و زانستییەوە بۆ مرۆڤ ( مصطفى،٢٠١٦ ، ٢٨).

کرداری شیکردنەوە بە شێوەیەکی گشتی پشتدەبەستێت بەو هاوسەنگیەی کە خوێندنەوەی واتادار بەرهەمیدەهێنێت وەک: کرداری خوێندنەوەی فەیلەسوف و بیرمەندەکان، کەچۆن ئەوانیش پشتیاندەبەست بە شیکردنەوەی بوون لەڕێگەی قوڵبوونەوە و لێوردبوونەوە لەپێناو تێگەیشتن لە بوون. خوێندنەوەو شیکردنەوە لای توێژەرە هاوچەرخەکان (( ئەوکردارە ئاسانەی چاوخشاندن نییە بەسەر دێڕەکاندا یان خوێندنەوەیەکی پەسەندانە نییە کە پێیرازین، بەگشتی خوێندنەوەمان بۆ دەق بەشێوەیەکی نەرێنی، لەو باوەڕەوەی کە پێمانوایە، واتای دەق بەشێوەیەکی کۆتایی داڕێژرا و دیاریکراوە، هیچ نامێنێت جگە لەوەی کە بگەڕێین بۆ ئەوەی کەهەیە یان دەبێت لە بیری نووسەردا، خوێندنەوە لای ئەمان (واتە لای توێژەرە هاوچەرخەکان) وەک خوێندنەوەی فەیلەسوفەکانە بۆ بوون، کردارێکی داهێنەرانەیە هێما لە هێما، نیشانە لە نیشانە نزیکدەبێتەوە و بە ڕێگای پێچاوپێچی واتادا دەڕوات)) ( الواد ، ١٩٨٥، ٧٠).

شیکردنەوەی بوون لای فەیلەسوفان و بیرمەندان هەروەها ئاسان نەبووە، مامەڵەکردنیان لەگەڵ بووندا خاوەن خەسڵەتێکی پاڵپێوەرانەبووە بۆ بەزاندنی جیهانە پەیپێنەبراوەکان، لەبەرئەوەی توانای چوونە ناو ناوچە ترسناکەکانیان هەبووە کە هەرمرۆڤێکیتر نەیوانیوە خۆی لەقەرەیان بدات، لێرەوە دەتوانین بڵێین: کە پێویستە لەسەر خوێنەر لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقدا بیرۆکەی تێپەڕاندن بێنێتەدی، چونکە شیکردنەوە بۆخۆی خاوەنی تایبەتمەندی هاندان و ڕاڕاییبوونە ناتوانین ڕۆبچینە نێو قوڵایی دەقەوە بەبێ هۆشیاری و پێشوازیەکی قووڵ بۆ ئەو هێماو واتایانەی کە شیکردنەوە

کردەی داهێنان پێکدەگەیەنن. هەرلەم بارەیەوە (محمد صابر عبید) دەڵێت: ((بیرۆکەی تێپەڕاندن بەبێ چوونە نێو ناوچە ترسناکەکانەوە لای خوێنەر بەدینایەت، چونکە خوێندنەوە بەپێی ئەم تێگەیشتنە کردارێکی پاڵپێوەنەر و ڕاڕاییکەرە، بەبێ هۆشیاری گیانی سەرکێشی لەجەستەی دەقدا ناچێتە پێشەوە، شێوازگەریەکی نوێ دەدۆزێتەوە کە ملکەچی هاندان وهەستەوەری وەرگرتن ونەرمی وەرگر و پێشوازیکردنە )) (عبید، ٢٠٠٩، ٣٦) لێرەدا گرنگترین خاڵی پەیوەندی لەنێوان وەرگر و دەقدا بریتییە لە چوونە ناو ئاستە قوڵەکانی کارلێکردنەوە لەنێوانیاندا، هەرئەمەشە کە ئەبێتە هۆی ئامادەبوونی بەردەوامی ئەو بەیەکگەیشتنە و دواتریش دەبێتە هۆی جوڵەی کارلێکی نێوان هەردوو لای هاوکێشەکە ( وەرگر و دەق) و جەدەلێکی بەرهەمهاتوو دێنێتە ئاراوە کە لەتوانایدا هەیە ئەو پەیوەندییە وا لێبکات ئەگەری سەرکەوتن و بەردەوامی زیاتربکات(مصطفى، ٢٠١٦،٣٠). ((هەر لەبەرئەوەش ئێستاتیکای وەرگر هەوڵدەدات واتای دەق ڕزگاربکات لە ڕەهایی و هەوڵی بەردەوامیشی لەپێناو فرە واتاییدایە، دەق دەبێتە ناوەندێکی چالاکی بۆ خوێنەر و خوێنەریش دەبێتە بکەرێکی بنەڕەتی لەچالاککردنی دەقدا بۆ بەدیهاتنی واتای نوێ و گۆڕاو بەدرێژایی مێژووی لێکدانەوەکانی ئەو دەقە))(ناضم،١٣٤،١٩٩٤).

ئەوەی کە گریمانەیی ئەم ئاستە لە لێکدانەوەی ئەدەبیدا جەختی لەسەردەکاتەوە بریتییە لە بەهای هاوئاهەنگی نێوان تێڕوانینی دەق بەهەموو سەرچاوەو پاشخانە بیرییەکانیەوە لەگەڵ تێڕوانینی وەرگر بەتوانا سەرچاوەییەکانیەوە، چونکە واتا لەدەقدا بەپێی کارلێکی نێوان دوو ڕەگەز نوێ دەبێتەوە کە بریتین لە:

١-ڕەگەزی شاراوە لەدەقدا،ئەمەش ڕەگەزی سەرەتاییە و بە ئاسۆی چاوەڕوانی ناودەبرێت یان دەتوانرێت(کۆدە سەرەتاییەکان) پێ بوترێت کە پێویستە بۆ دەق هەرکاتێک پێویستبکات ئاسۆی تێروانینەکە دووبارە دەیگەڕێنێتەوە.
٢-ڕەگەزی دووەم ئەوەیە کە لەکاتی دەستپێکردنی خوێنەردا بە خوێندنەوەو شیکردنەوە بوونێک خۆی دەسەپێنێت و بە(ئاسۆی ئەزموون)ناودەبرێت، هەندیکجاریش پێی دەوترێت (کۆدە لاوەکییەکان ) کە خوێنەر لە( کۆدە سەرەتاییەکان) ەوە بەدەستیان دەهێنێت.

لەبەرئەوە ئیستاتیکای وەرگر لەڕێگەی کارلێکی نێوان ئەم دوو ڕەگەزەوە پێکدێت، تاوەکو ئاسۆی چاوەڕوانی لەدەقدا بگۆڕێت بۆ ئاسۆی ئەزموونی بەپێی تێڕوانینی وەرگر بۆ شیکردنەوە ئەمە لەلایەک، لەلایەکیتریشەوە ئاسۆی ئەزموونیی لای وەرگر دەگۆڕێت بۆ ئاسۆی چاوەڕوانی بەو شێوەیەی کە کۆنتێکستی ئاسۆکە دەیەوێت، یان بەیەکگرتن لەگەڵیدا یان شکانی، واتە تێکشکانی چاوەڕوانییەکانی وەرگر ( مصطفى، ٢٠١٦، ٣٠). هاوبەشیکردنی وەرگر لە گفتوگۆی لەگەڵ

دەقی ئەدەبیدا لەبارەی واتاوە، دەرگای ئاسۆی سەلماندنی  کارلێک و بوونی توانای دۆزینەوەی واتا شاراوەکانی بەڕوودا دەکاتەوە، هەروەها شێوەکانی چێژی ئیستاتیکایی کاملْدەبێت لە ڕەگەزی دۆزینەوەکاندا بە پێشکەشکردنی دوو لایەنی گرنگ کە بریتین لە:

١-گرنگی ئازادبوونی وەرگر لە خودێتی زۆر .

٢-ڕەخساندنی هەلی گونجاو بۆ وەرگر تاکو توانا ئەدەبییەکانی چالاکانە جێبەجێبکات بەتایبەتی لەسەر ئاستی هەڵچوون و زانیاری لە پرۆسەی کارلێک لەگەڵ دەقدا (ایزر، ١٩٨٧، ٥١).

لەبەرئەوە دووانەیی لەنێوانیاندا زۆر لێکنزیکن لە قوتابخانەی ڕەخنەی تویکاریدا کە ڕێگە بەوەرگر دەدات بۆ وردبوونەوە لە دەق و لەهەمانکاتیشدا دەرگای بەڕوی ڕۆڵی داهێنەرانەی خوێنەردا دەکاتەوە ، لێرەوە وەک (عبدالله الغذامي) پێیوایە دەق بەها هونەرییە ڕەهاکەی دەپارێزێت و خوێنەریش لە بەکاربەرێکی ئەدەبەوە دەگۆڕێت بۆ بەرهەمهێنەری ئەدەب (الغذامی، ٢٠٠٦، ٦٩).

## دووەم :  ئاستی شیکردنەوەی چاوەڕوانییەکانی وەرگر

ئەو هەمەجۆرییەی خوێندنەوەی شیکاری کە لەمێژووی ڕەخنەدا هەبووە تێڕوانینی تیۆرو قوتابخانە ڕەخنەییەکان پیشاندەدات بەشێوەیەک کە هەریەکێک لەو ڕێبازە ڕەخنەییانە زاراوەو ئامرازی خۆی هەبووە بۆ شیکردنەوەی دەق، لێرەدا وەک ( مستەفا جەلال مستەفا) دەڵێت:  ئەو کێشەیە وەک پرسیارێکیش دێتە ئاراوە ئایا خوێنەری هاوچەرخ کاتێک کە بڕیارەکانی ئاڕاستەی دەقێک دەکات پشت بەکام لەو ڕێبازانە ببەستێت؟ ( مصطفى، ٢٠١٦، ٣٢) .

گرنگیدانی وەرگر بە ئاستی ئەو کاریگەرییەی کە دەق بەرهەمیدەهێنێت، پەیوەستە بە ئاسۆی چاوەڕوانییەوە، بەشێوەیەک کاری سەرەکی ئێستاتیکای شیکردنەوەی دەق لەسەر بنەمای داڕشتنەوەی ئاسۆی چاوەڕوانی دروست دەبێت، ئەوەش سیستمی سەرچاوە بیریی و فەلسەفیەکانی وەرگرە، کە بەهۆیەوە دەتوانێت ئاسۆی چاوەڕوانی خۆی دابڕێژێتەوە  تاکو دەقێکی نوێ دەربکەوێت. (مجموعة من الباحثين، ١٩٩٨، ٣٥). (باتريس بافيس* – Patris Pavis) یش ئاماژەی بۆ ئاسۆی چاوەڕوانی کردووە و بەڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی پرۆسەی وەرگرتن دایناوە، وەپێیوایە دەرکەوتنی ئاسۆی چاوەڕوانی ئاماژەیە بۆ بەدوایەکداهاتنی چاوەڕوانییە خودییەکان یان بەدوایەکداهاتنی چوارچێوە سەرچاوەییەکانی کە وەرگر لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ هەردەقێکی ئەدەبیدا کارییێدەکات، لەبەرئەوەی کار لەسەر گونجاندنی جەمسەرەکان دەکات لەپرۆسەی شیکردنەوەی دەقدا(ایزر،١٩٩٢،١٨).

هەرچی(یاوس)ە زووتر گرنگی بە تیۆری وەرگرتن و بە وپەیوەندییە ڕاستەوخۆ و هۆکارییەی کە هەیە لەنێوان خوێندنەوەکان و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا لە خوێندنەوەکانی ڕابردوو ئێستادا، داوەو ئاماژەشی بە کاریگەی سەرچاوە بیرییەکانی هێرمۆنتیکاش کردووە. گرنگی بەیەکداچوونی واتا لەنێوان ئاسۆی چاوەڕوانیەکاندا  کە دەتوانرێت لە بونیادی دەقدا دەربهێنرێت، پێوەرگەلێکی مەعریفی پەیوەست بە بەهای ژیان و هونەرەوە لەخۆدەگرێت، دەرکەوتووە لە ئەنجامی ئەو تێکەڵبوونەدا گۆڕانکاری لەپێوەرەکانی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا ڕوودەدات، ئەویش بە پێی پێوەرە کۆمەڵایەتیی و ئێستاتیکییەکانی وەرگر (شیتاینمتز، ١٩٩٧، ٧٨).

ئەم ئاستەی شیکردنەوەی دەق پەیوەستە بە ئاسۆی چاوەڕوانییەوە و ئەو پرسیارەش لای خوێنەر دەوروژێنێت، چاوەڕوانی چی دەکات کاتێک دەستدەکات بە خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقێک؟ ئەمچەمکە (هانز جۆرج گادامێر) دەستنیشانیکرد و(یاوس)یش زاراوەی(ئاسۆی چاوەڕوانی) بۆ بەکارهێنا لەگەڵ پێدراوەکانی ئاسۆی چاوەڕوانییەکان و کارلێکیان لەگەڵ یەکتریدا لەپێناو درووستبوونی مێژووی ئەدەبدا بەشێوەیەکی گشتی هەتا ڕۆڵی وەرگر ڕوونبێتەوە لە پێکهاتنی بونیادی شیکردنەوەی دەقدا ((هونەریتی ئەدەب بەدینایەت هەتا شکۆ بۆ مێژووی خوێندنەوە نەگەڕێتەوە، ئەدەب و هونەر مێژوویەکی خاوەن کۆنتێکستی خۆیانن هەیە کە بە بەدوایەکداهاتنی کارەکان بەدیدێن، تەنها بەهۆی خودی بەرهەمەکەوە نا، بەڵکو لەڕێگەی خودی خوێنەرەکەشەوە)) (بارة،٢٠٠٥، ١٠٢). (گادامێر)یش پێیوایە بونیادی تێگەیشتن لەسەربنەمای بیری پێشتر کە دەگەڕێتەوە بۆ واقیعی مێژوویی دروستدەبێت، لەبەرئەوە شیکردنەوەی دەق خاوەن سروشتێکی وایە کە لەسەر بنەمای تێڕوانینی پێشوەختەی شیکردنەوە بونیاد دەنرێت، وەرگر کاتێک دەستدەکات بەخوێندنەوە، حوکمی پێشوەختە بەکاردەهێنێت دواتر کاری توێژینەوەیەک، کە جەخت لە حوکمەکانی دەکاتەوە لە پێدراوەکانی ناو دەقەکەدا ئەنجامدەدات، تاوەکو بڕیاردانە ئێستاتیکیەکەی ڕوونبێتەوە لەشیکردنەوەدا بەپێی ئاستی چاوەڕوانیەکانی لەگەڵ چاوەڕوانیەکانی دەقدا، لەبەرئەوە ئەم ئاستە لە شیکردنەوە دەکەوێتە نێوان دوو قۆناغەوە:

<u>قۆناغی یەکەم:</u> لەم قۆناغەدا وەرگر دەق شیدەکاتەوە بە بەکارهێنانی بڕیاری پێشوەختە و پراکتیزەکردنی بەپێی پێدراوەکانی دەق تاوەکو ڕاڤەکردنێکی دیاریکراو بەدەستبهێنێت بەپێی توانای بڕیاری ئێستاتیکاییەکەی.

<u>قۆناغی دووەم</u> : خوێندنەوەو بەراوردکردنی ڕاڤەکراوی بەدەستهاتو لەگەڵ ڕاڤەکراوەکانی تردا  کە لەلایەن خوێنەرەکانی ترەوە بەدەستهاتووە تا خەسڵەتی مێژوویی ئەو شیکردنەوەیە دروستدەبێت.

پرۆسەی خوێندنەوەی ڕاڤەکردن و بەراوردکردنی بە ڕاڤەکاریەکانی پێشتر هاوشێوەی ئەو بۆچوونەی (هایدگەر)ە کە لەبارەی مرۆڤەوە لە بووندا خستوویەتیە ڕوو، ئەو پێیوایە بوونی تاکێکی مرۆڤ لەماوەیەکی دیاریکراودا نییە، بەڵکو بوونەکەی بریتییە لەو دابو نەریتانەی پێش خۆی لەمبوونەدا بۆیان جێهێشتووە، بەواتایەکیتر پێیوایە کە بوونی ئەم جەختکردنەوەیە لە بونیی ئەوانەی پێش خۆی، هەتا لەمەش تێدەگات پێویستە لەگەڵ ئەوانەی بۆی ماتەوە پەیوەندی دروستبکات، ئەمەش بۆ ئەوەنییە کەببێتە کۆپییەکی ئەوان، بەڵکو بۆئەوەی بکەوێتە دایالۆگ لەگەڵ بیروڕاکانیاندا، تاکو بتوانێت واقیعی خۆی دروستبکات کە گوزارشتیشە لە واقیعی ئەوان لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی کە پەیوەستە بە شیکردنەوەی ئەدەب، توێژەر دەتوانێت لەسەر بنەمای بەراوردکردنی لێکدانەوەکان کەدەیەوێت لێکدانەوەکانی پێشوو تێپەڕێنێت بەرەو شیکردنەوەیەکی خاوەن تایبەتمەندیەکی مێژوویی تا وەرگر بتوانێت لەڕێگەیەوە چاوەڕوانیەکانی خۆی دابڕێژێت (مصطفى، ٢٠١٦، ٣٤) .

فرەواتاییش لەدەقدا کۆمەڵێک پرسیار لەپرۆسەی لێکدانەوە و حوکمدان بۆ بەدەستهێنانی ڕاڤەکردن و پراکتیزەکردنی لای وەرگر دەوروژێنێت، ئەمەش گوزارشتە لە هەڵوێستی ئایدۆلۆجی وەرگر کە لەتیۆرێکی ڕەخنەییەوە سەرچاوەیگرتووە و خاوەنی ئامرازە لەتوێژینەوەو شیکردنەوەی دەقدا. تیۆرییە ئێستاتیکی و وەسفییەکان کار بە لێکدانەوە دەکەن تاکو لەدەق نزیک ببنەوە دوور لە فشاری واقیع و ئایدۆلۆجیاکان کە پاڵپشتی دەق دەکەن، یان دژی دەوەستنەوە، بەڵام بڕیار واتە هەوڵدانی خوێندنەوەی ئەو لایەنانەی کە وەرگر دەتوانێت بەدەستیبهێنێت لە دەقدا (خمری،٢٠١١، ٨٠-٨١)وە لەڕێگەی چاوەڕوانییەکانی وەرگرەوە کەپشتدەبەستێت بە میکانیزمی لێکدانەوە لەنێوان نەسەقی مێژوویی و نەسەقی هەنوکەیی لە شیکردنەوەدا، تاوەکو وەرگرێکی هاوچەرخ پراکتیزەی بکات لەسەر شیکردنەوە، کاتێک دەستدەکات بە خوێندنەوەی دەقێک بۆتێگەیشتن لە مێژووییتی دەقەکە.

ئەم بنەمای (پراکتیزەکردنی لێکدانەوەکان) ئەوە بە بەسەر توێژینەوە ئەدەبیەکاندا دەسەپێنێت، کێشەی داڕشتنەوەی ئەو پرسیارانەی کە دەق وەڵامی داونەتەوە، یەکلایی بکاتەوە، بەم کردارەش ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە ((خوێنەرەکانی پێشووتر چۆن خوێندویانەتەوە، ئەوەی کەبەلای یاوسەوە بریتیە لە لەدایکبوونی مێژووی وەرگرتن ئەمەش وەک تۆمارێکی ئاسۆکانی خوێندنەوە و بەدەمەوەچوونیانە بە درێژایی مێژوو هەروەک پێکەوەبەستنی ڕابردوو بە ئێستاوە کەواتە: مێژووی ئەدەب دەبێتە پرۆسەیەکی بەدواداهاتووی جەدەلی و دینامیکی لە نێوان پرسیار و وەڵامدا وە لەنێوان زانین، خەڵک و دەقدا ))(بارة ،٢٠٠٥، ١٠٥) کەواتە: تۆری وەرگرتن مافی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ واتاکانی دەقدا، بە خوێنەر دەدات و دەرگای بابەتی لێکدانەوەو ڕاڤەکردن بەڕوویدا دەکاتەوە

ئەمە لەکاتێکدا کە خوێنەرەکان دابەشدەبن بۆ دووبەش بەشێکیان زیاتر گرنگیدەدەن بە واتای بەدەستهاتوو لە دەقدا و بەشەکەی تریشیان بە وەسفکردنی دەقەکە بەشێوەیەکی زانستی دوور لەهەموو لێکدانەوەیەک، هەر لەم کۆنتێکستەوەبوو کە یاوس چەمکی (ئاسۆی چاوەڕوانی) دارِشت، بەشێوەیەک کە پرۆسەی خوێندنەوە لە ساتی نووسینی دەقەوە دەستپێدەکات، بەوەی کە خودی نووسەر یەکەم خوێنەری دەقەکەیە و مێژووی خوێندنەوەشی لە خوێنەری دووەم و سێهەم و ئەوانیتردا دەستپێدەکات هەتا دەگاتە بەدیهاتنی ئاسۆی پێویست بەپێی تێڕوانینی سەردەم وە دەتوانرێت بوترێت کە خوێندنەوە بەدینایەت هەتا قوڵبوونەوە لە لێکدانەوەی دەستەکۆیی دەقدا بەدینەیەت کە بەنووسەر دەستپێدەکات و بە خوێنەرانی نەوەکانی دواتر کۆتایی دێت(صالح ،١٩٩٩، ٣٤٨-٣٤٩).

ئاستی شیکردنەوە بەپێی چاوەڕوانییەکانی وەرگر، پرۆسەیەکی خوێندنەوەیە لە نێوان ڕاڤەکردنەکانی پێشوودا لەپێناو دروستبوونی ئاسۆیەکی تایبەت بە خوێنەر کەدەتوانرێت بە (ئاسۆی چاوەڕوانی) ناوببرێت، واتە بەرنامەڕێژی خوێندنەوەکانی پێشتر و هەنووکەیی دەکات لەپێناو بیناکردنی واتایەک بۆ دەق بەپێی لێکدانەوەو ڕاڤەکردن، ئەم پرۆگرامسازیەش یان لەسەر بنەمای گونجانی بڕیارە شیکارییەکانە لەنێوان ئاسۆی چاوەڕوانی وخوێندنەرو ئاسۆی چاوەڕوانی دەقدا یان لەسەر بنەمای پێکەوە نەگونجانیانە ئەم نەگونجانەش وا لە خوێنەردەکات کە ئاسۆکەی بگۆڕێت بەرەو چاوەڕوانی دەقەکە((بە بڕوای یاوس دەق خاڵی نییە لە ئاماژەو هێماو تایبەتمەندی وا کە هەندێک بیرۆکە لای خوێنەر بەئاگادێنێت، لەبارەی جۆری ئەو دەقە ئەدەبیەی کە دەیخوێنێتەوە، ڕەنگە بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی خوێنەرەوە کاربکات یان گونجاوبێت لەگەڵیدا لەهەموو بارودۆخێکدا ئەمە هەستی خوێنەر هۆشیاردەکاتەوە، پشتبەست بە یاساکانی تایبەت بە شێوەی ئەدەبی، لێرەدا یاوس ئەمە بە گۆڕان لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا ناو دەبات))(محمود،٢٠١١، ١٢٥-١٢٦). گۆڕان لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا دەمانبات بەرەو ئەنجامێک کە بریتییە لەوەی کە خوێنەر شیکردنەوە دەکات لەبارەی هۆشیاری واتاوە لەسەر ڕەوایەتی مێژوویی دەق کە لەهەمانکاتدا وەک تایبەتمەندییەکی ئەمجۆرە شیکردنەوەیەش دەردەکەوێت کەواتە: گۆڕانی بەردەوامی دەقێک واتای ئەوەیە کە خوێندنەوە چالاکەو پێکهاتەی واتا ئاشکراو ڕوونەکانی تێپەڕاندووە بەرەو بەرهەمهێنانی واتای دەق دەڕوات، ئەم گۆڕانەش ئەگەر خوێنەر لەهۆشیارییەوە بیکات واتای ڕەوایەتی مێژوویی دەق دەگەیەنێت و جیایە لە خوێنەرە مێژووییەکانی دەقەکە بەدرێژایی مێژوو(ستراوبنسكي،١٩٩٢، ٤٦). هەرچی ڕەوایەتی مێژوویی دەقە خوێندنەوەی چالاک یان بە بەرهەم دروستیدەکات، لەبەرئەوەی ئەو ڕەوایەتییە بەواتای توانەوەی شیکردنەوە نییە بە پێی خوێندنەوەکانی پێشووتر بۆ دەقەکە لێرەدا وەرگر تایبەتمەندیەک بۆخۆی بونیاد دەنێت و وای لێدەکات تەنهابێت لەو خوێنەرانەی تر بەجیاوازی ئاستەکانی شیکردنەوەیانەوە، ئەمەش بریتییە لە ئەرکی شیکردنەوە بەپێی ئاستی

چاوەڕوانییەکانی وەرگر کە هەوڵدەدات کەسێتیەکی توێژەر و جێبەجێکەر بونیادبنێت و بە قووڵی لە دەق بڕوانێت و پارچەکانی دەق لێکبدات لەو خوێندنەوانەی کەپێش ئەم کراون بەئامانجی ئەوەی بگاتە تێڕوانینێکی تازەو جیاواز لەوانەی پێشخۆی، ئەم خوێندنەوە بە بەرهەمە ((خوێندنەوەیەکە کە مێژوویی خۆی دادەمەزرێنێت و لە خوێندنەوەکانی پێشتر و سەردەمەکەشیدا ناتوێتەوە، مێژوویی خوێندنەوە بەواتای بەرواری جێبەجێکردن یان باروودۆخی چواردەوری پرۆسەکە نایەت، بەڵکو بریتییە لە تایبەتمەندیەکانی ئەو خوێندنەوەیە، بەواتای کۆی خستنەسەرەکان و لابردنەکان، یان ئەو گۆڕانە بەراوردییەی لەگەڵ خوێندنەوەکانی پێشتردا هەیە سەبارەت بە دەقێکی دیاریکراو )) (خمری ،٢٠١١،١٢٦)، لەبەرئەوەی زمانی ئەدەبی سروشتی زمانی لێدوانی نییە، بەڵکو زمانێکی هێمایی جۆراوجۆرەو ئازادە و نەرمییەکی زۆری تێدایە و تێگەیشتنی خوێنەریش، وادەکات کە دەقەکە ڕابکێشێت بۆ جیهانی خۆی و بیخاتە نێو ئایدۆلۆژیای خۆیەوە، ئەو شێوازە کارپێکراوانەشی کە خوێنەر بەکاریدەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە دەق و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بریتییە لە دوو شێواز :

١-دەق دەڵێت( تقول النص) : واتە مەبەست لەوەیە کە فشار بخرێتەسەر پێکهاتەکانی دەقەکەو وای لێبکرێت کە وشەکانی سەدایان هەبێت و دووربکەویتەوە لە پێدراوە ئاڵۆز و تەمومژاویەکانی دەق.

٢-دەق ڕاڤەبکرێت( تؤول النص) : مەبەست لێی خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی بونیادی دەقە جەختدەکاتەوە لەسەر بەدەنگەوەهاتنی خوێنەر لە هەمەچەشنی ئاستەکانیدا.

لەنێوان ئەم دوو شێوازەدا یەکگرتنێک هەیە، لەکاتێکدا کەدەق ملنادات بۆشیکردنەوە، وتن و ڕاڤەکردن پێکەوە کۆدەبنەوە، چونکە ڕاڤەکردن بە وەڵامدانەوەی بۆ دەق بەس نییە بۆ دۆزینەوەی سەدای وشەکان و هەناو و شاراوەکانی دەق، چونکە دەق بەهۆی ڕەگەزی خۆڕاگرییەوە هەوڵی خۆشاردنەوە دەدات لە پێشبینییەکانی خوێنەر، بەڵام فشاربۆهێنانی (مەبەست وتن یان هێنانە گۆی دەقە)دەبێتە هۆی دەستبەرداربوونی لەو خۆڕاگریەو وازهێنانی لە بەردەوامی شاردنەوەکان، بۆیە بەکارهێنانی هەردوو شێوازەکە پێکەوە لە شیکردنەوەدا، باشترین شێوازە لە شیکردنەوەی دەقدا. لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە شێوازی یەکەم نزیکترە بۆ دەستپێکی دیالۆگ لەگەڵ دەقدا ئەمەش زیاتر لە توێژینەوە شێوازگەریەکاندا بە (خوێندنەوەی ستوونی ) ناودەبرێت، بەڵام ئەگەر خوێنەر وەڵامدانەوەی نەبوو بۆ چاوەڕوانیەکانی دەق و دژی خۆڕاگری دەق، وەستایەوە ئەویش بە هێنانەکایەی کۆمەڵێک پرسیار کە دەبێت وەڵام بدرێتەوە، ئەوکاتە شێوازی دووەم کە بە خوێندنەوەی ئاسۆییناودەبرێت، دەستپێدەکات بە وەڵامدانەوەیەکی تەواو ملکەچ بۆ کاریگەرییەکانی دەق جیادەکرێتەوە هەتا بەشێوەیەک خوێنەر لەگەڵ ئاسۆکانیدا دەگونجێت (ئەم دوو خوێندنەوەیە لە ئاستی ئاسۆیی و ستوونی لە شیکردنەوەدا بەدرێژی لەبارەیەوە دەدوێین) وەڵامدانەوە یان

وەڵامنەدانەوە، دەق و شێوازی پێکهاتەی دەق بڕیاری لێدەدەن لەگەڵ ئەوەی پێشبینیەکانی وەرگر و ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی بەشێوەیەک سروشتی وەڵامدانەوەی دەق دیاریدەکەن تا خوێنەر بڕیاری( وتن و ڕاڤەکردن)ی دەق بدات لەئاستی شیکردنەوەی چاوەڕوانیەکانی وەرگردا (مصطفى، ٢٠١٦، ٣٨-٣٩).

## سێیەم : ئاستی فیدباک ( التخذية المرتجعة)

ئەم ئاستە لە شیکردنەوە بە ساتێک لە ساتە ستراتیژییەکانی وەرگر ئەژماردەکرێت کە ستراتیژێتی خوێندنەوە و هەروەها پەیوەندی نێوان دەق و وەرگریش ڕێکدەخات هەتا دەگاتە واتای مەبەست لەدەقدا لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت بگاتە قۆناغێکی تر کە بریتییە لە قۆناغی لێکدانەوە و دواتریش قۆناغی تێگەیشتن پشتبەست بە بەهای فیدباک، ئەمەش تەنها پشتبەست بە ڕەهەندە ئێستاتیکیەکە نیە، بەڵکو بە لایەنی پێکهاتەییشە، چونکە نووسەر پلانی کارەکەی دادەڕێژێت و دەبیات بەرەو بەدیهێنانی ستراتیژێتی دەق و دەقئاوێزانیی بەبێ وەلانانی ڕۆڵی خوێنەر و چالاکییە ڕاڤەکاریەکانی.

خوێنەر کاتێک ڕووبەڕووی گوتاری دەقێکی ئەدەبی دەبێتەوە، بەهۆشێکی پڕ لەسەرچاوەی بیرییەوە کە لە پرۆسەکانی خوێندنەوەوە بەدەستیهێناوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، پشتدەبەستێت بە ئەزموونەکانی پێشتری خوێندنەوەی، واتە خوێندنەوەی ئەو دەقانەی کەبوونەتە سەرچاوەیەکی بیریی بۆی وەک دەشزانرێت هەموو دەقێک کۆ یادگەیەکی هەیە کە لەدەقەکانیترەوە بۆی ماوەتەوە ، بەواتایەکیتر ئەم فیدباکی دەقەکانی پێش خۆیەتی ، کەواتە بەپێی فیدباک ( التخذية المرجعيه)* هەمیشە کۆ یادگە دەوروژێتو هەموو ڕووکارێکی پێشەوەی کاری ئەدەبی و هونەری کار لە وروژاندنی ڕووکاری پشتەوەی وەرگر دەکات، ئەمەش بەو واتایەی کە هەموو کارێکی ئەدەبی دوو ڕووکاری هەیە:

یەکەم : ڕووکاری پێشەوە کە تایبەتە بە دەق و بریتییە لە کۆکردنەوەی هەموو ئەو بۆماوە بیریی و ئایدۆلۆجیانەی کە نووسەر خستویەتییە نێو دەقەکەوە و پارێزراوە تیایدا بەشێوەی وروژاندن کاردەکات.

دووەم : ڕووکاری دواوە تایبەتە بە وەرگر و بریتییە لەو بۆماوە بیرییانەی کە لە خوێندنەوەکانی پێشووتر بەدەستیهێناون وەک سەرچاوەیەکی بیریی و ئایدۆلۆجییە و لەسەربنەمای وروژاندن کاردەکات و خوێنەر لەڕووکاری پێشەوەی دەقدا دەیبینێتەوە.

پەیوەندی نێوان ئەم دوو رووکارە پەیوەندییەکی جەدەلیە، بەوەی کە کۆنتێکستی سەرچاوەیی (السياق المرجعی) لەپرۆسەی کارلێکی لەگەڵ کۆنتێکستی دەقدا سەرچاوەدەگرێت، وە لەبەرئەوەی کەرووکاری پێشەوە،رووکاری دواوە دەوروژێنێت، کەواتە پەیوەندیەکەیان ناتوانرێت پەیوەندییەکی ئێستاتیکی بێت، بۆیە  پەیوەندیەکەی نێوانیان دەبێتە پەیوەندیەکی جەدەلی(بن تومي ، ٢٠١١، ١٤٤-١٤٥).

دەق بەلای وەرگرەوە سەرنجراکێشە بەپێی ئەوەی لەناخیدا روودەدات و بە بەکارهێنانی ئەو زانیارییانە لە یادگەی کۆییدا هەیە و لەخوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکانی ترەوە کۆیکردوونەتەوە ئەمەش رەنگە بیری وەرگر بشڵەژێنێت بەپێی پێدراوەکانی دەقە خوێندراوەکە، لەبەرئەوە هەموو کاتێک دەق هەوڵدەدات توانای شیکردنەوەی وەرگر چالاکبکات بەپێی فیدباکی خۆی ، مەبەست فیدباکی دەقەکەیە، چونکە دەق لە هەناوی خۆیدا ئەو پێدراوانە هەڵدەگرێت کە گرەنتی بەکارهێنانی دەکرێت لە خوێندنەوەدا بۆ پێکهاتنی تێگەیشتن، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەوەی خوێندنەوە کارێکە بۆ چالاککردنی دەق، رۆشنبیریی وەرگریش کار لەسەر کردنەوەی ئەو هەڵگیراوە رۆشنبیرییە دەکات کە لە دەقدا کۆبووەتەوە، بۆیە شیکردنەوە بەیەکجار نابێت، بەڵکو بەشێوەی قۆناغ بە قۆناغ دەبێت ئەمەش  لەگەڵ ئەو تێروانینەی ( ئایزەر) دا بۆ شیکردنەوە یەکدەگرێتەوە کە لە چەمکی روانگەی گەرۆکدا یەکدەگرێتەوە. (چەمکی روانگەی گەرۆک لەم تێزەدا بەدرێژی لەبارەیەوە دەدوێین) کەواتە وەرگر بەشێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ واتای دەق بەدەستدەهێنێت و ئامانجی ئەم کارەش لە پێگەیشتن راڤەکردنی گونجاو لەگەڵ بونیادی دەقدا  کاملدەبێت، چونکە کارلێککردن لە نێوان وەرگر و دەقدا بەدینایەت لە رێگەی ئەو کردە پەیوەستانەوە نەبێت کەتایبەتن بە وەلامدانەوی لەگەڵ دەقدا، بەرێگەیەکی جەدەلی کە لەسەر بنەمای ئاستی شیکردنەوە  بونیادنراوە، ئەویش بە داهێشتنی تێروانینی پڕ لە ئایدۆلۆجیای بیریی وەرگر کە لەرێگەی کۆکراوە زانیارییەکانی بونیادی دەقەوە سەرچاوەدەگرێت ( ایزر، ١٢،١٩٩٢).

شیکردنەوە بە پێی ئەم چەمکە دوو رۆشنبیریی لێکدەدات، رۆشنبیریی نووسەر و رۆشنبیریی وەرگر کە هەردووکیان پشتدەبستن بە سەرچاوەی خوێندنەوەیی، توانا کردەیەکەیان میراتی کەسی وەرگر و نووسەرە لەبەرئەوەی هەموو شیکردنەوەیەکی دەق لەخۆیدا خوێندنەوەکانی پێشتری خوێندنەوە هەنووکەییەکەی هەڵگرتووە، خوێنەریش خەیاڵی لە هەموو خوێندنەوەیەکدا فراواندەبێت بەهۆی زیادبوونی ئەزموونی خوێندنەوەوە کە بەهۆیەوە دەتوانێت  لەچوارچێوەی فرە خوێندنەوەدا شیکردنەوە بۆ دەق بکات، هەتا وەرگر بە قووڵی و پانتاییەکی فراوانی لێهاتووی شیکردنەوەوە رووبەرووی دەق ببێتەوە ئەوەندە ئامادەدەبێت تاوەکو رەهەندێکی شیکاریی بداتە خودی خۆی دوور لە کردەی وێناکردن و یارمەتیدەدات لە دیاریکردنی پانتاییە زیادکراوەکان.

سەبارەت بە چوارچێوەی سەرچاوەیی دەق لەڕوانگەی پێناسەکەی (جولیا کریستیڤا)وە کە پێیوایە دەق پێکهاتووە لە چەند چینێک و لەهەمانکاتیشدا لەسروشتی پێکهاتەکەیدا پێکدێت لە چەند دەقێکیتری سەردەم یان پێشتری خۆی دەبێتە بابەتێک لەچوارچێوەی ڕۆشنبیریەکی دیاریکراودا کە سروشتی دەقئاوێزانەکەی لەگەڵ دەقیتردا دیاریدەکات، ئەمەش هاوکاری خوێنەردەکات لە شیکردنەوەی بۆ دەقدا. گرنگی توێژینەوە لە دەقئاوێزان یارمەتیدەرە لەشیکردنەوەدا بەپێی فیدباک بۆ ڕەخساندنی زەمینەیەکی گونجاو لە پانتاییە گریمانەکراوەکان، کە وەک گرەنتییەکە بۆ وەرگر بە بەکارهێنانی لکاندنی بە دەقەکانیترەوە، هەندێک لە ڕەخنەگران بەمشێوەیە لەبارەی پێناسەکەی (جولیا کریستیڤا) دەدوێن دەڵێن: دەقی ئەدەبی وەکچۆن زیندەوەرەکان ڕەچەڵەکێکیان هەیە و بۆی دەگەڕێنەوە ئاواش دەق دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەکی دەقگەلێکیتری دیاریکراو کە دەقئاوێزان ئەمە ڕووندەکاتەوە. توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە دەقئاوێزان تەنها لە دەقی ئەدەبیدا نییە، بەڵکو وەرگر بە زانیارییەکانی وەک نەوەیەک لەنەوەکانی دەق وایە کە لە خۆیدا هەڵیگرتووە و کاتی شیکردنەوەی دەق بەکاریاندەهێنێ، لەمڕوانگەیەوەو لەهەوڵدانی پێکەوە گرێدانی ڕەخنەو شیکردنەوەدا بەپێی فیدباک لەکاتی شیکردنەوەی دەقدا، دەتوانرێت تێبینی پێکهاتە بنەڕەتیەکانی دەق بکرێت بەو پێیەی کە گرێدراوە لەگەڵ چەند دەقێکیتردا یان لەگەڵ بەشێکی ئەو دەقانەدا (خمری ، ٢٠١١ ، ٦٧).

واتای دەق بریتییە لەوەی نووسەر دەیەوێت بیڵێت ئەمە بە مەبەستداری دەناسرێت وەپێکدێت لە کۆدی سیستمێکی هێمایی یان خوازەیی لە دەقدا  کە وەرگر لەڕێگەی شیکردنەوە دەریدەهێنێت تاوەکو واتای دەقەکە بەرهەمبهێنێتەوە. وەرگر دووبارە واتا بنیاد دەنێتەوە بەهۆی پەیوەستکردنی بەو دەقانەی کە لەیادگەیدا هەڵیگرتوون ئەوەش بریتییە لە زنجیرەیەکی بێکۆتایی لە بونیادی لاوەکی کە وەرگر بەرهەمیهێناوە و لە بونیادی دەقەکەوە جیابوەتەوە، بۆیە ( ئەمبرتۆ ئیکۆ) پێیوایە کە بونیادی لاوەکی لای وەرگر لەشێوەی زنجیرەیەکی بێکۆتاییدا لەدایکدەبێت، هەروەها ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە خوێندنەوە دووبارە دروستکردنەوە و پرۆسەی وەلامدانەوە تیدەپەڕێنێت بۆ ئەوەی کە ناویلێناوە ( چێژ) واتە ( چێژبینین لە کردەی خوێندنەوە ) (راي، ١٩٨٧،١٥١-١٥٢).

شیکردنەوە بەپێی فیدباک لەڕێگەی توێژینەوە لەو پاڵنەرانەوە دەبێت کە واتایان بەرهەمهێناوە لێرەشەوە واتا دەگۆڕێت بۆ تێگەیشتنێکی هاوبەش لەخودەکاندا( خودی وەرگر و خودی نووسەر-دەق)بەپێی ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکان، ئەمەش بەهایەکی ئەزمونگەرایی دەبەخشێتە واتاو کردەی خودی و ڕاستیی بابەتیی واتای وشەیەک لە یەک بیردا تێکەڵدەبن، نە بونیاد و نە ڕووداوە، بەڵکو ئەوشتەیە وادەکات کاریگەری ڕووداوەکان و بونیادە گەڕاوەکان بەدیبێت، بۆئەوەی واتا بگۆڕێت

بۆ بیروباوەڕێک کە بەپێی بوونی دەق بە ئاسانی بگەڕێتەوە ئەمەش تێگەیشتن ئاسان دەکات لەڕێگەی شیکردنەوەو فیدباکەوە.

لەبارەی کاریگەری فیدباک لە چوارچێوەی زانیارییدا کە وەرگر بەکاریدەهێنێت لە شیکردنەوەدا و ڕەنگدانەوەی تێڕوانینێتی لە شیکردنەوەکەیدا، ڕەنگە باشترین نمونەیەک بۆ ئەمەش ئەوەبێت کە فرۆید لە قوتابخانەی دەروونشیکاریدا پێیگەیشتووە، کە لێکدانەوە دەروونییەکانی فرۆید و ڕۆڵیان لە گرێی غەریزەی سێکسیدا خراوەتەڕوو، ئەو توێژینەوەکەی بە تێڕوانین لەدەقی ئەدەبی پێشکەشکرد، تاکو دایبهێشێتە سەر نەخۆشەکانی نمونەی ئەو توێژینەوانەی وەک:

١-توێژینەوەیەک لە چیرۆکی ئەڵمانی (کرادیفیا لیانس) بە ناونیشانی( هذیان احلام)ساڵی ١٩٠٦.

٢-توێژینەوە لە وێنەکێشی ئیتاڵی (لیۆناردۆ داڤنشی) بە ناونیشانی (یادێک لە منداڵی لیۆناردۆ داڤنشی) ساڵی ١٩١٠.

٣-توێژینەوەیەک لەبارەی کەسێتی نووسەری ڕووسی(دوستیوفسکی) بەناونیشانی (دوستیوفسکی و تاوانی کوشتنی باوک) ساڵی ١٩٢٨.

( فرۆید) پێیوایە کە دەبێت بەشێوەیەکی (سرییر)ی مامەڵە لەگەڵ دەقدابکرێت بۆنمونە: لە چیرۆکەکەی دوستیوفسکیدا فرۆید چەندینجۆری شڵەژانی دەروونی لەهەڵوێستەکانی خۆشەویستی و ڕقدا شیکردۆتەوە کە لەگەڵ کەسێتی مرۆڤدان ئەمەش لەئەنجامی ناهاوسەنگی دەروونیدا کە سەرچاوەی خوێندنەوەی چیرۆکەکە پێکدەهێنێت و دەسەلاتی ئەم سەرچاوەیەش بەشێوەیەکی ئاسایی لە شیکردنەوە بە پێی فیدباک لەدەرەوەی دەقەوە دێت تاوەکو خۆی لە دەقدا بسەلمێنێت و ئەمەش تارادەیەکی زۆر نزیکە لە خوێندنەوەی ( داهێشتن ) ( الاسقاطیة) ( مصطفى، ٢٠١٦، ٤٤-٤٥) ، چونکە((نکوڵی لە سەربەخۆیی کاری ئەدەبی تایبەتمەندەکەی دەکات و پێی وایە دەق لە زنجیرەیەکی دەرەکی و نامۆ بەدەقەوە دروستدەبێت، مەبەست لە – ژیانی نووسەر و باروودۆخی کۆمەڵایەتیی و بیری مرۆڤایەتییە- )) (ثامر،٥٠،١٩٩٤) وە لەڕوانگەی ئەوەی کە باسکرا ئەرکی سەرچاوەیی خودی خۆی دەبێتە ئەرکێکی زانیاریی و بەخشەری بۆ ئەو سەرچاوەیەی کە هەڵگری پەیامێکە، لەپرۆسەی بەیەکگەیشتنی دوو ئەرکەکەدا( ئەرکی کانگەیی کە وەرگر خاوەنێتی و ئەرکی زانیاری بەخشین لە ناو دەقدا ).

دەتوانرێت ئاماژە بەوەبدرێت کە ئەگەری هاوبەشیی ئاسۆ و چاوەڕوانی لەنێوان دوو وەرگردا نییە، ئەوەش بەهۆی جیاوازی سەرچاوەو ڕۆشنبیریی و ئەزموونی زانیارییانەوە هەربۆیەش یاوس بەئاگامان دەهێنێتەوە لەڕۆڵی ئەو خوێنەرەی کە لەڕێگەی دوو ئاسۆی چاوەڕوانییەوە دەردەکەوێت (یەکەمیان: ئاسۆی چاوەڕوانی ئەدەبی کە لە دەقەوە دێت و دووەمیشیان: ئاسۆی

چاوەڕوانی کۆمەڵایەتیی خوێنەر کەپشتدەبەستێت بە سەرچاوە بیریی و ئایدۆلۆجییەکانی )(بنیت، ۱۹۹۰، ۷۷).

لەڕوانگەی ئەوانەی کە باسکران ئەوە دەردەکەوێت کە وەرگر وەک بەرهەمێکی هونەری مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا دەکات، کەخاوەنی ئاسۆی چاوەڕوانی خۆیەتی ئەمەش هاوکاری وەرگر دەکات لە تێگەیشتن و لێکدانەوەیّ دەقەکەدا ئەمە سەرەڕای دەوڵەمەندی ئاسۆی وەرگر بەشێوەیەکی گشتی کەپشتدەبەستێت بە کارلێک و تێکەڵبوونی نێوان ئاسۆی چاوەڕوانی دەق و وەرگر پێکەوە. ئاسۆی چاوەڕوانی شتێکی جێگیرنییە، بەڵکو دەگۆڕێت بەپێی خوێندنەوەی دەق کە ڕەنگە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی وەرگردا بگونجێت یاخود بەپێچەوانەوە ڕەنگە نەگونجێت ،ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانەکانی نەریتە پێشووەکانی ئەدەبی لەناو دەقدا. کەواتە: ڕایەڵەی نێوان (ئاسۆی چاوەڕوانی) و (شیکردنەوە بەپێی فیدباک) بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی هەیە بە گۆڕانی سەرچاوەیی لای وەرگر سەبارەت بە دەقی ئەدەبیی،پێوەرەکان و نەریتە ئەدەبییەکانەوە لەنووسیندا، ئەمە سەرەڕای سەرچاوەکانی خوێندنەوە کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر یان وەرگر هەیەتی پێکدەهێنن، بەمەش تێگەیشتنی بۆ ئەو دەقانەو نەریتە ئەدەبییەکانی لادروستدەبێت کە ڕەنگە هەندێکیان ئامادەبن لە دەقە خوێندراوەکەدا و لەڕێگەی شیکردنەوەوە بناسرێن هەروەها لە ڕێگەیەوە وەرگر دەتوانێت بگاتە بیناکردنی تێگەیشتن بە پێی فیدباک.

دیاریکردنی ڕۆڵی وەرگر لە شیکردنەوەیّ دەقیدا بەپێی فیدباک لە ڕێگەی بەیەکگەیشتنیەوە دەبێت لەگەڵ دەقدا و بە پێی مەبەستداریێتی نووسەر و ئامادەیی ئەو لەبەرامبەر خودێتی وەرگردا کامڵدەبێت کە خاوەنی چەند گریمانەیەکی خۆیەتی و لەخوێندنەوەکانی پێشوترەوە بەدەستیهێناوە تاوەکو کۆمەڵێک لایەنی تەمومژاوی بەدەربکەوێت کە خۆی لەتوانای لێکدانەوەکانی کە دەقی پێ لێکدەدرێتەوە دەنوێنێت، وەرگر لەگەڵ دەقدا کارلێکدەکات و واقیعێکی مەزندەکراو بەرهەمدەهێنێت کە مەحکومە ((بە دەق و تواناکانی نێو دەقەوە بەواتای ئەوەی کە خوێنەر ئەو مافەی نییە شتێک زیادبکات بۆ دەقەکە، دەق و بونیاد و هاوڕێکی هەریەکێکە)) (ثامر،۵۰،۱۹۹٤) ئەوەیە کە ڕێگە بە وەرگر دەدات لەدەق بگات، ئەم پرۆسەیەش لە بنەماکانی بینای دەقدا هەیە، لەبەرئەوە هەر سیفەتێک کە ڕەنگە وەرگر بۆی بگوێزرێتەوە بریتیەلە (( تازەکردنەوەی ئەم یان ئەو وەڵامدانەوەیە کە خودی خۆی بەرهەمی چوارچێوەیەکی ڕاڤەکاری دیاریکراوە ئەم چوارچێوەیەش پێدراو و وەڵامدانەوە دروستدەکات و بەرهەمەکە لەدایکدەبێت )) (تومبکنز، ۱۹۹۹، ۳۵)، لەبەرئەوە گواستنەوە ڕووکاریەکانی وەرگر لەژێر کاریگەرییە سەرەتاییەکانی بەیەکگەیشتنی نێوان خۆی و دەقدایە، ئەمەش دۆزینەوەی ستراتیژێتی پێکەوەبەستنی لەگەڵ دەقدا لێدەکەوێتەوە، لەڕێگەی پرۆسەی

لێکدانەوەو پەیوەندییە پێکەوەبەستراوەکانی نێوان وێنە مەزندەکراوەکە و دەقدا بەمەش پرۆسەی تێگەیشتن ئاساندەبێت.

سەنتەریێتی لای وەرگر ئەو لادانە ڕاڤەکارییانە دەنوێنێت کە واتاکانی دەق تێردەکات تاوەکو وەرگر نزیکبێتەوە لە بونیادی ناجێگیر کە پێدراوەکان و وەڵامدانەوەکان پێکیدەهێنن، ئەمەش بریتییە لەو دۆخە ناکۆکانەی نێوان گریمانەکان و لێکنزیکبوونەوە و نواندنەکان لەگەڵ دەقەکانیتردا هەتاوەکو وەرگر چەمکی (دەقئاوێزان ) ڕەچاوبکات کە پاڵنەری دانان و شڵەژاوی ڕاڤەکاری دەقە کە لەڕۆشنبیرییە جیاوازەکانەوە سەرچاوەدەگرێت (ثامر،١٣٠،١٩٩٤). تاوەکو وەرگر چەقێکی تازە لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکاندا بۆ دەق دروستبکات و بەپێی پێودانگەکانی دۆزینەوەی شوناسی چەقە تازەکە ئەویش لەڕێگەی پەیوەندییە جەدەلیەکانی نێوان دەق و وەرگرەوە، چونکە ((دەق بۆخۆی واتا نابەخشێت، بەڵکو ئەوە خوێنەرە کە بەشدارە لە دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی واتا لەنێو کەلەبەرو بۆشاییەکانی دەقدا)) (بن تومي،١٤٤،٢٠١١-١٤٧) گونجانێک هەیە لە نێوان دوو دیمەنی فیدباکدا، دیمەنی بارگاوی ڕۆشنبیری دەق و دیمەنی  بونیادی بیری وەرگر، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەرگر بەپێی پەیوەندی دیالێکتیکی تێکەڵببێت لەگەڵ هاوڕێکی دەق و دەرخستنی پەیوەستەکانی لەگەڵ دەق و هەڵگیراوەکانی تردا لەلای تاوەکو بتوانێت لەهەندێکیان نزیکببێتەوەو ئەوانیتریشیان لە یادگەی زانیارییدا بەشێوەی کەڵەکەبوو هەڵبگرێت، کەواتە: توێژینەوە لە جیهانی شیکردنەوەدا لەڕێگەی خوێندنەوەوە خوێنەر دەبات بەرەو جیهانێکی کراوە بەسەر ئەگەرەکاندا ئەمەش فەزایەکی کراوەیەو خوێنەر هاوکێشەیەکی گران پێکدەهێنێت لە پێناو کردنەوەی کۆدەکاندا یان بۆ تۆێکاریکردنی ئەو ئەگەرە کەڵەکەبوو یەکسانانە لەگەڵ ژمارەی خوێنەرەکان خۆیاندا.

پرۆسەی پشکنینی هەڵگیراوە زانیارییەکان لای وەرگر یارمەتی بیناکردنی گەلاڵەبوونی دەق لەگەڵ دەقەکانیتردا دەدات، کاتێک وەرگر بۆشاییەکان پڕدەکاتەوە لەدەقدا و بەپێی سەرچاوەکانی خوێندنەوەش هێماکان شیدەکاتەوەو ڕێگە لەبەردەمیاندا کراوە دەبێت بۆ ئەوەی بینای شیکردنەوە بکات بۆ دەق بەو پێیەی کە فیدباک گرەنتی بینای پرۆسەی تێگەیشتنی گشتییە لە ڕێگەی دووبارە هێنانەوەی دەقی ترەوە بۆشاییەکانی دەق پڕدەکاتەوە، دەقی ئەدەبی بەپێی بۆچوونی (ئەمبرتۆ ئیکۆ) بریتیەلە بوونێکی ئاڵۆز و پێکدێت لە (کەلێن و بۆشایی)، پێویستی بە هەڵچوون و تەقینەوەیە لە ناوەوە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شیکردنەوە بە پێی فیدباک کارێکی ڕاڤەکارانەیە، چونکە پشتبە میکانیزمی تێگەیشتنی ستراتیژی دەقی ئەدەبی دەبەستێت،  لەڕێگەی بەکارهێنانی میکانیزمی هێنانەوەی دەقەکانی پێشوتر، وەرگر درک بەدەقە ئەدەبییەکە دەکات و ڕاڤەی دەکات، لەڕووی بیریشەوە پەیوەست دەبێت پێوەی بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ دەقەکانی پێشتر و شارەزابوونیان

بەوەی کە پێشتر ڕاڤەی کراوە، تاوەکو کۆکراوەیەکی زانیاری گەڵاڵەدەبێت و تێدەگات لەو واتایەی کە دەق لەخۆیدەگرێت (مصطفى، ٢٠١٦، ٤٨-٤٩).

## چوارەم: ئاستی گرووپە ڕاڤەکارییەکان

گرووپی ڕاڤەکاریی جەخت لە هاوبەشیکردنی کۆدەکان دەکات لەچوارچێوەی کۆمەڵێکی دیاریکراو لە نیشانەکان لە فەرهەنگی زاراوە بنەڕەتیەکاندا، زانستی نیشانە (سیمیۆتیکا) بە (کۆمەڵی شیکاری)( Interpretative community) ناسێنراوە، ((ئەم زاراوەیە لە لایەن (ستانلی فیش)ەوە داهێنراوە تاکو لەڕێگەیەوە ئاماژە بۆ هەموو نووسەران و خوێنەرانی جۆرێکی دیاریکراو لە دەق بکات، بەڵام زانایانی زمان زۆرجار پێیان باشترە زاراوەی ( کۆمەڵی گوتار) لەبری (کۆمەڵی شیکاری) بەکاربهێنن کە دەچێتەسەر واتا لەدەرەوەی دەقدا ))(تشاندار، ٢٠٠٢، ٩٢).

بۆ ئەوەی باشتر لەم ئاستەی شیکردنەوە تێبگەین دەبێت بزانین کە وەرگر لەم ئاستەدا خوێندنەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکە لە ڕوانگەی کۆمەڵێکی ڕاڤەکارەوە دەکات، ئەوەی کە پێی گەیشتووە لەڕێگەی گەڕان بەدوای میکانیزمی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی، ئەو میکانیزمەش لەشێوەی بڕیاردا پێشکەشدەکات و پێشوەختەش ئەم بڕیارانە لەڕێگەی ئەزموونی توێژینەوەوە لەلایەن (کۆمەڵی ڕاڤەکارەوە) جێگیرکراون ئەوەی کە لەسەر وەرگرە ڕەچاوی ئەو بڕیارانە بکات و پراکتیزەیان بکات لە شیکردنەوەدا بۆ دەقی ئەدەبیی، ئەمەش ئەوەیە کە (ستانلی فیش) داوایدەکات و بە (کۆمەڵی شیکەرەوە) ناوی دەبات بەواتای ئەوەی کە وەرگر سەربە گرووپێکی دیاریکراودەبێت لە ساتی بەرکەوتنی لەگەڵ دەقدا، لەبەرئەوە میکانیزمەکە نەگۆڕەو ئەوەی کە دەگۆڕێت وەرگرە لەهەمانکاتیشدا هەتا گرووپەکە بگۆڕێت ڕاڤەکردنی وەرگریش بۆ دەق دەگۆڕێت ، شیکردنەوە بەپێی ئەم چەمکە پرۆسەیەکی (ڕێککردنەوە/هەموارکردنەوە)یە کە وەرگر دەیکات لەئەنجامی خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانیدا، لەبەرئەوە شیکردنەوە لەم ئاستەدا لەدۆخی هەڵسەنگاندنی بڕیار و نەریتەکاندایە کە لەگەڵ هەموو شیکردنەوەیەکدا دەگۆڕێن بەپێی ئەوەی کەلەگەڵ گرووپەکەدا دەگونجێت هەروەک(عبدالغني بارە) لە کتێبی (اشكالية تاصيل الحداثة في خطاب النقد العربي المعاصر، مقاربة حوارية في الاصول المعرفية) دا ئەوە ڕووندەکاتەوە وەک دەڵێت: ((کاتێک کە دەقێک دەخوێنینەوە ئێمە بەردەوامین لە دۆخی هەڵسەنگاندن و وەرگرتنی ڕووداوە بێ کۆتاییەکان یان داخراوەکاندا، لە یەک ڕوانگەوە دەگۆڕێت لەگەڵ خوێندنەوە بەدوایەکداهاتووەکاندا،ئەم سروشتە گەڕۆکەی ڕوانگەی دەق وامان لێدەکات کە تێڕوانینمان بۆ دەقەکە پرۆسەیەکبێت لە ڕابردوو و داهاتوودا بەشێوەیەک

که پرۆسەی خوێندنەوەکە دووشت بگرێتەوەکە: هەمواركردنەوەی چاوەڕوانیەکان و گۆڕان لە شێوازی یادگەدا )) (بارە ،٢٠٠٥، ١٠٤).

خوێندنەوە لەم ئاستەدا بریتییە لە گواستنەوەی ستراتیژێتێکی ڕێکخراو کە کۆمەڵی ڕاڤەکاری دایمەزراندووەو میکانیزمی شیکردنەوەی دەق ڕێکدەخات، یەکەمجار پێویستە بەپێی ڕوانگەیەکی ڕێبازیی پرۆسەی شیکاری لەسەر بنەمای زانستی و ڕوونی دابمەزرێنرێت کە ڕۆشنبیریی و زانیاری پشتگیریبکات، لەهەمانکاتدا ئەو گرووپانە لەڕێگەی داهێنانەکانیانەوە شێوازێکی نائاسایی دەبەخشن بە گفتوگۆ لەگەڵ دەقدا تاوەکو ئەو شێوازە ڕەنگبداتەوە لەسەر وەرگرەکان لەچوارچێوەی پلانو ستراتیژێتی ڕێکخراو بەپێی بەرنامەو شێوازی خودی کۆمەڵەکە ئەمەش ڕەنگە کۆڵەکەی بنەڕەتی کۆمەڵەکەبێت، لەبەرئەوە وەرگر بەپێی ڕوانینی ئەو گرووپە ئەو تیروانینانەی کە لەڕێگەی توێژینەوەکانیانەوە پێی گەیشتوون کارەکانی دەکات، توێژینەوە دڵنیایی دەخاتە نێو بیرۆکەی دانانی ڕێبازە ڕەخنەییەکان لەتیروانینی فەلسەفی و ئێستاتیکی و پراکتیکیەوە کە هەموو ڕێبازە ڕەخنەییەکان لەخۆدەگرێت و وادەکات وەرگر ئەو ستراتیژیانە بەکاربهێنێت دوای پاندبوونی بە بنەماکانی یەکێک لەو ڕێبازانەوە، تیۆری  شیکاری دەروونیی (فرۆید) نمونەیەکە بۆ دانانی مەرجگەلێکی پێویست بۆ شیکاری دەروونی بەشێوەیەک کە هیچ توێژەرێک ناتوانێت لێی لابدات هەمانشت دەربارەی تیۆری(کارل کاستیف یۆنگ) لەبارەی کۆنەستەوە (اللاشعور الجمعی) و تیۆرییەکەی (ئەلفرێد ئەدلەر) لەبارەی خۆبەکەمزانینەوە خاڵی دەستپێکی هەموو ئەم تیۆرییانە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە (فرۆید) پێی گەیشتووە.

ستانلی فیش تیۆرییەکەی لە بارەی گرووپی ڕاڤەکارییەوە لەسەر بنەمای چەمکی ( خوێنەری زانا) ( القاریء العلیم) ەوە بنیاد نا کە لەڕێگەی توانای خوێنەرەوە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقدا لەڕووی زمان و ئەو زانیاریە کاملانەی سەبارەت بە واتا و هێماکان هەیە دیاریدەکرێت، ئەمە سەرەڕای لێهاتوویيە ئەدەبیەکەی(مەبەست لە خوێنەری بەئاگایە)، بۆیە ( فیش) سەرنج دەخاتەسەر کۆنتێکستی شوێنی و وەرگر لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا، وە ئەو پێکهاتەیەی لەخۆی دەگرێت و وە ڕۆیشتنی لە کۆنتێکستێکەوە بۆ کۆنتێکستێکیتر، ئەوەی کەبە کۆنتێکستی کاتیی ناسراوە و پەیوەستە بەو توانا بیری و لێهاتوویيە زانیارییانەی کە وەرگر هەیەتی، بەڵام سەرەڕای ئەوەشی کە ( فیش) پێیگەیشت، سروشتی دەق بەداخراوی مایەوە وەک ئەوەی کە بونیادگەرەکان دەیانبینی، بەشێوەیەکی زۆربێلایەنانە لەبەردەم وەرگری بەئاگادا دەوەستا، ئەو وەرگرەی کە پێویستی بە کلیلێک بوو بۆ چوونە نێو جیهانی دەقەکەوە لێرەوە گرنگی ئەم ئاستەی شیکردنەوە بەدەردەکەوێت، کە ڕێگە دەدات بە وەرگر بەپێی تێڕوانینی ئەو گرووپە ڕاڤەکارییانە مامەڵە لەگەڵ دەقدابکات، سەرەڕای بوونی توانایەکی بەهێز لای وەرگرەکە بۆ تێپێڕاندنی ئاستەنگەکانی بە

بەکارهێنانی لێهاتوویی و توانا بیرییەکانی ئەوەی کە دەیگەیەنێتە ئاستی خوێنەرێکی بەئاگا لەڕووی زانستی و پراکتیکیەوە، لەبەرئەوە گرووپی ڕاڤەکاری گرنگی دەدات بە پڕۆسەی نووسینی دەقەکان و دروستبوونی سیماکانی تاوەکو ئەمە لەسەر وەرگر ڕەنگبداتەوە، لەمبارەیەوە ( فیش) دەڵێت: (( گرووپی ڕاڤەکاری پێکدێت لەو کەسانەی کە لە نێوان خۆیاندا هاوبەشن لە ستراتیژێتی ڕاڤەکردن، کە پەیوەندی نییە بە کردەی خوێندنەوەوە ( بەواتا تەقلیدیەکەی)، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە پڕۆسەی نووسینی دەقەکان و دروستبوونی سیماکانی و دیاریکردنی ئامانجەکانی، ئەمەش بەواتای ئەوەی کە ئەو ستراتیژییانە هەبوون پێش کردەی خوێندنەوە، دواتر واتای بابەتە خوێندراوەکە دروستدەبێت)) (بنيت ،١٩٩٠ ، ٦٦).

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کەباسمانکرد کاری وەرگر لەم ئاستەدا وەک کاری خوێنەری نمونەیی وایە، ئەو خوێنەرەی کە بەباشی لەدەق و هەموو وردەکاری و ئامانجەکەش دەگات و هەموو ئەو کۆدانەی لایە کە وادەکەن دەقەکە ڕوونبێت لە شیکردنەوەکەیدا، ئەمەشە کە وێنەی سروشتی کارە ئەدەبیەکە پیشاندەدات، ئەوەی کە ( فیش) گرووپی ڕاڤەکاری پێدەناسێنێت، بەوەی کەبریتیە لە خودی نووسەران خۆیان، لەبەرئەوە وەرگری زانا پێویستی بە ئامادەکردنی هەموو ڕێبازە ڕەخنەییە بنەڕەتیەکانە بۆ شیکردنەوەی دەق (مصطفى، ٢٠١٦، ٥٤).

سەبارەت بە (ریڤاتێر) وای لە وەرگری زانا دەڕوانێ کە وەک خوێنەرێکی نمونەییە و یەکێک لەو مەرجانەی کە پێویستە تیایدابێت وەک خوێنەرێکی نمونەیی ئەوەیە کە خاوەنی بەدواداچوونێکی فراوانبێت، نەک تەنها لە زانیاری مێژووی ئەدەبیدا، بەڵکو خاوەنی توانایەکی وابێت کە بتوانێت هەموو سەرنجێکی ئیستاتیکی تۆماربکات، تۆمارکردنێک پەیوەستبێت بە بەهای هۆشیاری گشتی سەبارت بە سروشت و ژانەرە ئەدەبیەکە و دواتر ئەو باری سەرنجە بگوازێتەوە بۆ بونیادی خودی دەقەکە، واتە کرداری وەرگرتن و پێدانە، وەرگرتنی سەرنجی ئێستاتیکی لەدەق و پێدانەوەشی لەهەمانکاتدا و گواستنەوەی بۆ بونیادی خودی دەقەکە(هيرنادي ، ١٩٨٩، ١٤٦).

لەکۆتایدا دەتوانرێت بوترێت شیکردنەوە بەپێی ئەم ئاستە دەگوازرێتەوە بۆ ئەگەری کۆمەڵێک ڕاڤەکردنی دەق کە وەرگر دەتوانێت بەهۆیەوە لە بیروبۆچوونەکانی گرووپی ڕاڤەکاری وردبێتەوە تاوەکو ڕاڤەکردنی پەسەند و ناپەسند لێک جیابکاتەوە و یەکێیان دووربخاتەوە، چونکە لەوانەیە بەرهەمی ستراتیژێتی ڕاڤەکاری لەدەرەوەی چوارچێوەی گرووپی ڕاڤەکارییبێت هەرچەندە ئەو گرووپی ڕاڤەکاریانەی تیۆرییەکان ئاماژەیان پێدەکەن قابیلی گۆڕانن و جێگیرنین، چونکە گوزارشت لە ستراتیژێتی ڕاڤەکاری جیاواز دەکەن کە ڕۆشنبیریی جیاوازی ئەدەبی لە کۆنتێکستی سەردەمی جیاوازدا دروستیکردوون(مصطفى، ٢٠١٦، ٥٥).

پێنجەم: ئاستی ئاسۆیی و ستوونی لە شیکردنەوەدا

دەقی ئەدەبی بە یەکەیەکی گشتگیری گەورەی بەرهەمی بیری دادەنرێت کە نووسەر لە گوتاری داهێنەرانەی خۆیدا بەرهەمی دەهێنێت، ئەم یەکەیەش لە چەند بەشێکی جیاواز پێکدێت کەدەکەونە نێوان دوو ئاستەوە:

- ( ئاستی ڕێزمانی): بریتیە لە ئاستی ئاسۆیی و پێکدێت لە یەکە بچوکەکانی دەق کە بەهۆی پەیوەندییەکی ڕێزمانییەوە پێکەوە بەستراون.

- ( ئاستی واتایی): بریتیە لە ئاستی ستونی و لەڕووی واتاییەوە وێنای گشتی دەگرێتەوەو لەنێوان خۆیاندا بە پەیوەندییەکی پێکەوەگرێدراوی واتایی لۆجیکی پێکەوە بەستراون.

لەڕاستیدا کردەی شیکردنەوە بەپێی ئەم ئاستە بەجیاکردنەوەی دوو ئاستی ڕێزمانی و ئاستی واتایی لەیەکتر ناتوانرێت ئەنجامبدرێت، بەڵکو دەتوانرێت بینینێکی گشتی بۆ بینای ژێرەوە بکرێت تاوەکو هەمووئاستەکانی شیکاری لەخۆبگرێت ئەوەش پرۆسەیەکی هاوبەشە لەئەنجامی تێگەیشتنی هەردوو ئاستەکەدا بەدیدێت و پێویستە لەشیکردنەوەدا ڕەچاوی ئەوەبکرێت کە پێکهاتە رووکەشیەکانی ئاستی ئاسۆیی لەسەر بنەمای ئیدیۆم دروستدەبێت، کە گوزارشتە لە نیشانە زمانەوانیەکان و مەبەستیش لێی دروستبوونی واتایە، بەڵام ئاستی ستوونی کە دروستبوونی پەیوەندیەکانی لەڕێگەی ڕەگەزەکانی، پەیوەستبوونە لە نێوان ئەو بینینانەی کە لە دەقدا وەلامەدەدرێتەوە، ڕەنگە بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوونبێت یان تەمومژاوی بێت، بەواتایەکی وردتر ((واتا لە بینای ڕووکەشدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرناکەوێت و پێویستی بە بینینێکی زانیاری فراوانتر دەبێت هەتا دەتوانرێت دیاریبکرێت و هاوتەریب تێگەیشتنی دەقیشی لەگەڵدا دەبێت)) (بحيرى،١٢٠،١٩٩٧)، لەبەرئەوە ئاستی ستوونی و ئەرکە دیاریکراوەکەی کە بریتیە لە لابردنی ئەو ناوچە تەمومژاویانەی کە لەئاستی ئاسۆیدا دەردەکەون هەروەها دیاریکردنی ئەرکی وەرگر لە دەرخستنی پێویستی لێکدانەوەیەکی ڕوون بەهۆی بینینە زانیارییەکانەوە و دیاریکردنی ناوچە تەمومژاویەکان تاوەکو لاببرێن و زیاتر لەدەقیش بگەین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەقی ئەدەبی لەبواری ئەدەبیدا گشتی و لەبواری ڕەخنەییدا بەتایبەتی گرنگی زۆری هەیە، بۆیە کردەی وەرگرتن بەهۆی خوێندنەوەو شیکردنەوەوە بەدینایەت لەڕێگەی وەرگرەوە نەبێت، ئەمەش لە زۆری توێژینەوە و شیکردنەوە ئەدەبیەکان بۆ دەقدا دیارە، بەشێوەیەک دەق لای هەندێک لە توێژەرەوان زانستێکی دروستکردووە بەناوی(زانستی دەق)ەوە، ئەم زانستەش کۆمەڵێک پرسیاری وروژاندووە لەوانە: جیاوازی چییە لە نێوان دەق و گوتاردا ؟ کێشەکانی خوێندنەوەو شیکردنەوەو ڕاڤەکردن هاوڕێکی (نەسەق)ە جیاوازەکان چین؟ لەم پرسیارانەوە تێڕوانینەکەی ( جولیا کریستیڤا)

سەریهەڵدا کە لەبارەی گرنگترین جیاوازیەکان و ڕێکارە ڕێبازییەکان کە تایبەتن بە زانستی دەقەوە دەدوێت، ئەو وا لەدەق دەڕوانێت کە دەقئاوێزانە لەگەڵ دەقیتردا بەو پێیەی کە (( دەق یەکەیەکی ئایدۆلۆجییە لەسەر ئەوبنەڕەتە دروستبووە کە یەکێکە لەکێشەکانی توێژینەوەی سیمۆلۆجی، لەوەوە پرۆسەی دیاریکردنی دەقە جیاوازەکان جێگەی پۆلێنکاری کۆنی ژانرە ئەدەبییەکانی گرتۆتەوە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی ئەو سیستمەی کەباڵی بەسەرداکێشاوە و لەو چوارچێوە ڕۆشنبیرییەدا دایناوە کەبۆی دەگەڕێتەوە، بەمەش بەریەککەوتنی سیستمی دەقەکە –وەک مومارەسەیەکی سیمۆلۆجی– لەگەڵ ئەو گوتارانەی کە کەشوهەواکەی (فەزاکەی) لەخۆی دەگرێت یان کەشوهەوای دەقەکانیتر کە بۆی دەگوازرێتەوە ناودەبرێت بە یەکەی ئایدۆلۆجی))( فضل،١٩٩٢ ، ٢٢٩). لەمەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە (جولیا کریستیڤا) هەوڵی داوە یەکەی ئایدۆلۆجی لە بەیەکگەیشتنی دوو ئاستدا پێکبهێنێت کە بریتین لە سیستمی دەقی پێدراو وەک مومارەسەیەکی مەعریفی لە نووسینی زمانی دەقداو ئەو بەیەکداهاتووانەی کەبەگشتی کەشوهەوای دەق دەگرێتەوە (مەبەست دەقئاوێزانە).

ڕێبازی مامەڵەکردنی ئەم دوو ئاستە لەگەڵ دەقدا لە دوو لایەنەوەیە، لایەنی یەکەم کەبە ئاستی ئاسۆیی دادەنرێت، بریتییە لە بونیادی ڕووکاری دەقەکە یان بە پەیوەندی ئاسۆیی یەکەکانی دەق ناودەبرێت، جولیا کریستیڤا بۆئەم لایەنە زاراوەی (ڕووخسارێتی دەق)ی بەکارهێناوە، لایەنی دووەم، بریتییە لە ئاستی ستوونی کە لەبونیادی قووڵی دەق دەکۆڵێتەوە، ئەمەش بواردەکاتەوە بۆ دۆزینەوەی ڕەهەندە مێژووییەکان و هەموو ئەو بەهاو بیروباوەڕو پاشماوە ڕۆشنبیری و نەریتە ئەدەبییانەی کە دەق لەخۆی دەگرێت. جولیا کریستیڤا زاراوەی ( پێکهاتەیی دەق) ( تكوينية النص) ی بۆ بەکارهێناوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بیناکردنی دەقئاوێزان ئەوەی کە وەرگر گریمانەی دەکات لەڕێگەی ڕۆشنبیریی و زانیاریی خۆیەوە.

هەرچی بۆچوونی(ڕۆلان بارت)ە لەبارەی (زانستی دەق)ەوە، ئەودەق دەکات بەدوو بەشەوە کەبە (دەقی چێژبەخش) ( نص اللذة) و (دەقی خۆشیبەخش) ( نص المتعة) ناویان دەبات و بەلای ئەوەوە جۆری یەکەمیان(دەقی چێژبەخش)، سەرچاوەکەی ڕۆشنبیرییە و لەپرۆسەی خوێندنەوەدا خوێنەر ناتوانێت لێی دابېڕێت، بەڵام جۆری دووەم (دقی خۆشیبەخش)جۆرێکە بەلایەوە کات بەفیرۆدەدات و خوێنەر بێزاردەکات، دەڵێت: (( دەقی چێژ ئەو دەقەیە لە ڕۆشنبیرییەوە سەرچاوە دەگرێت و لێی دانابڕێین، پەیوەستدەبێت بە مومارەسەیەکی ئاسوودەی خوێندنەوە، بەڵام دەقی خۆشیبەخش کات لەدەستچوونەو ئاسوودەیی دەگۆڕێت بۆ نائارمی و خوێنەر تووشی بێزاری دەکات و بنەما مێژوویی و ڕۆشنبیری و دەروونیەکانی خوێنەر تێکدەدات هەتا دەگاتە ئەوەی کە پەیوەندی بە زمانەوە بکەوێتە کێشەوە )) (بارت ، ٢٠٠٢، ٣٧).

بەوپێیەی کە دەق فرە بونیادە و ملکەچی پرۆسەی کردنەوەی کۆدەکان دەبێ لە ئاستی ئاسۆیدا کاریگەری لەسەر وەرگر دەبێت ئەمەش وا لەوەرگر دەکات کە ئارەزووی شیکاری بونیادگەری بکات بە وەرگرتنی ڕەگەزە چالاکەکان لە دەقدا، لەلایەکیتریشەوە وەرگر لە شیکردنەوەی ستوونیدا ئاراستەی دەقی ئەدەبی ئاستی جیاواز نەگونجاو دەدۆزێتەوە کە بەلای ( ئینگاردن) ەوە برتین لە:

١-ئاستی دەنگە زمانییەکان.
٢-ئاستی یەکە واتایی و بابەتیەکان یان ئەزمونەکانی کە لەڕێگەیانەوە پێشکەشکراون.
٣-ئاستی ڕووکاری هەیکەلی.

ئەمەش وا لە وەرگر دەخوازێت کە پەنا بۆ پرۆسەی ڕێکخستنی ئۆرگانی ئەو فرە ئاستانە بەرێت (( بەم شێوەیەش دەتوانرێت دەقی ئەدەبی لەڕێگەی کۆمەڵێک شیکاری شێوازگەرییەوە کە جەخت لە پێکهاتەی دەنگی و یەکە واتاییەکان دەکاتەوە بخوێنرێتەوە یان بە خوێندنەوەیەکی بونیادگەریانە کە مەبەست لێی دەرخستنی پەیوەندییە وەکیەکیەکانی نێوان ئەو ئاستە جیاوازانەیە)) ( فضل،١٩٩٢،٢٢٩) ئەمەش لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی دەق و بونیادە ڕەمزیەکەی و پێکهاتە سیمۆلۆجیەکەیەوە سەرچاوەدەگرێت، چونکە سروشتی دەق سروشتێکی خەیاڵییە خەیاڵیش ڕەهەندی ڕەخنەیی وەک چەمکێکی ڕێکاری جیادەکاتەوە کە سروشتێکی داماڵراویی دایدەپۆشێت و گوزارشت لە هۆشیاری وەرگر دەکات، لە ڕێگەی گواستنەوەوە لە ئاستی ئاسۆییەوە بۆ ئاستی ستوونی، لەبەرئەوەی هەموو دەقێک دوو جیهانی هەیە جیهانی خەیاڵاوی و جیهانی واقعی، جیهانی خەیاڵی بەوەدەناسرێت کە وێنە، خوازەو درکە لەخۆدەگرێت و کارلەسەر جوڵاندنی خەیاڵی وەرگر دەکات و هەستوسۆزی دەوروژێنێت، خەیاڵیش بەپێی تیۆری وەرگرتن گوزارشت لە (ئاسۆی چاوەڕوانی) یان کۆمەڵێک تێڕوانین دەکات کە دەق دەیانخاتەڕوو بەرەو وەرگر لەساتێکی دیاریکراودا. بەپێی بۆچوونی (ئایزەر) هەرچی جیهانی هۆشیارییە سەرچاوە دەرەکیەکانی دەق دەگرێتەوە لەکاتێکدا واقیع لە چوارچێوەی تیۆری وەرگرتندا دەتوانرێت بە ئاسۆیەک بۆ خەیاڵ دابنرێت، بەپێی بۆچوونی (یاوس) کە هەرئەویش زاراوەی(مەودای ئیستاتیکی) بۆ داناوە پشتبەخوێندنەوەی دەقئاوێزانی دەبەستێت. چەمکەکانی ( ئاسۆی چاوەڕوانی و مەودای ئێستاتیکی) بەدرێژیباسکراون لەم تێزەدا باسدەکەین(خمری ، ٢٠١١، ١٢٣).

پێش خوێندنەوەی نەسەقیی ئاسۆیی کە وەرگر لەشیکردنەوەدا پشتی پێدەبەستێت، پرۆسەیەکی ئامادەکاری هەیە بە قۆناغی پێش خوێندنەوە ناودەبرێت، ئەم قۆناغە خۆی لە دووخاڵی بنەڕەتیدا دەبینێتەوەکە بریتین لە: ڕێبازی ڕەخنەیی پراکتیزەکراو لەگەڵ سروشتی دەقە ئەدەبیەکە، لەبەرئەوە خوێندنەوەی ئاسۆیی بەواتای قۆناغی کردەیی دەستپێکردنی کاری ڕەخنەییە ئەمەش لەبەرئەوەی کە زانیاری لەبارەی پێکهاتە بنەڕەتیەکانی دەقە ئەدەبیەکە دەخاتەڕوو جا تایبەتبێت بە ڕووخسار


یان ناوەڕۆک، لەمئاستەی خوێندنەوەدا وەرگر دەتوانێت چربووەکانی دەق، مەبەست ئاستە جۆراوجۆرەکانن کە پەیوەستن بە واتای قوڵەوە، دیاریبکات پێش ئەم پرۆسەیەش جەختکردنەوە هەیە لەسەر بەدواداهاتنی بیرۆکەکان و پەیوەستکردنیان بە هێما زمانیەکانەوە، سەرەڕای ئەوەی خوێندنەوەی هاوڕێکی و بەکارهێنانی وەک دووبارە پێکهێنانەوەی فەزای داهێنان وایە، وەرگر بەلایەوە وەک ئەوەیە مەزندەی ئەزموونێکی  ئەدەبی بکات وەک چۆن هەمانشت لای داهێنەریش هەروابووە لێرەوە خوێندنەوەی ئاسۆیی بەواتای توێژینەوەیە لە شێوازی ئەدەبی لەڕێگەی توانا هونەری و تەکنیکیەکانەوە ئەمەش بەپێی تیروانینی بونیادگەریەکانە لە ڕێگەی هاوتاکردنی هەردوو ئاستی شێوە و ناوەڕۆکەوە، لەبەرئەوە خوێندنەوەی ئاسۆیی بەواتای دەستنیشانکردنی دیاردە دیارەکانە لەدەقدا ئەمەش بە دیاریکردنی ئاست و لادانی ئاستەنگەکانی بەردەم تێگەیشتن و پرۆسەی بەیەکگەیشتنی نێوان نووسەر و وەرگر کە بریتیە لە  گەمارۆدانی دەق و ئامادەکردنی بۆ قۆناغی دواتر ( قۆناغی دووەم) کەبریتیەلە توێژینەوە بەپێی ئاستی ستوونی، کەبەواتای توێژینەوە لە بونیادی گشتی دەق و  دیاریکردنی دیاردە ڕووخسارییەکان وهاوڕێکی بونیاد و دیاریکردنی ئەرکیان لەناو دەقدا دێت. دواتر قۆناغی سێیەم دەستپێدەکات کەخۆی لە دۆزینەوەی هاوتا هاوڕێکی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکادا دەبینێتەوە لە واقیعدا، ئەوەی کە دەرهاویشتەی دەقە (خمری، ٢٠١١ ،٧٨).

## پاری شەشەم :  پەیوەندی نێوان تیۆری وەرگرتن و ئەو تیۆرانەی ڕوو لە خوێنەرن

تیۆری وەرگرتن لەگەڵ کۆمەڵێک تیۆری تردا کە کاریان لەسەر ڕۆڵە گۆڕاوەکانی ئاماژەپێکەر (دال)دەکرد سەریهەڵدا، هەموویان کاری سەرەکیان ئەوەبوو لەڕێگەی وشەوە بگەنە واتا لەناو پێکهاتەی هاوڕێکی دەقەکەدا  بەشێوەیەک کە دەقەکە پەیامێکی تەواوەو لەخۆیدا دەستپێدەکات و لەخۆشیدا کۆتایی دێت. زمان لەمکاتەدا دەسەڵاتی خۆی هەیە وەک ئەوەی ( دی سۆسێر) پێیوایە ((زمان ئەولایەنە پێکهاتەیەیە کە وەک بناغەی وتن و دۆخە تاکییەکانی دەربڕین و نووسین کاردەکات )) (سلدن،١٩٩٤، ١١) کەواتە هەست بە گۆڕانێکی چۆنایەتی ڕوون دەکرێت لەگرنگیدانی بە کۆنتێکستی دەرەوە بۆ گرنگیدان بە کۆنتێکستی ناوەوە.

کارکردن لەسەر دەق بۆخۆی کۆمەڵێک توێژینەوەی ڕەخنەیی بەدوایەکداهاتووی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە کەهەریەکەیان ویستویەتی توێژینەوە لەسەر دەق بکات، ئەو دەقەی کە خاوەن بونێکی ئاڵۆزە و هەتا زیاتر پەیپێببرێت ئاڵۆزتر دەردەکەوێت. لەو ڕەخنانەش وەک (ڕەخنەی

مارکسی )و (ڕەخنەی مێژوویی) کەزۆر گرنگیان دەدا بەو باروودۆخەی کەدەووروووبەری دەقەکەو نووسەرەکەی دابوو گرنگی زۆریان بە کۆمەڵ دەدا، (ڕێبازی کۆمەڵایەتی) و( دەروونشیکاری) کە ڕۆڵی بالادەستیی نووسەری دەردەخست لە کاری داهێنەرانەدا. دواتریش ئەو ڕێبازانە سەریانهەڵدا کە گرنگی تەواویان بەدەق دەدا بەو پێیەی کە پێکهاتەکی تەواوی داخراوە لەخۆیدا وەک: (شێوازگەری،بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوە) تا دەگاتە( تیۆری وەرگرتن )و(ڕەخنەی وەلامدانەوەی خوێنەر) لەم هێڵکارییەدا ڕوونتر دەردەکەویت:




هێڵکاریەکەدا دەبینین ئاراستەی مارکسیی و مێژوویی زیاتر جەخت لە کۆمەڵ و باروودۆخی کۆمەڵ ئەو کاریگەریانەی لەسەر نووسەر جێی دەهێڵن دەکەنەوە، هەرچی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی و دەروونییە لەڕێگەی کاریگەر باروودۆخ لەسەری و ئەزمونە کەسیەکانییەوە زیاتر کار لەسەر نووسەر دەکەن، هەروەک (عبدالله الغذامی) دەڵێت: ((کاتێکی زۆر بەسەر ئەدیبەکاندا تێپەڕی کە خوێنەران دەقەکانیان دەخوێندەوە وەک ئەوەی نامەیەکبێت لە نامەنێرەرەوە نێردرابێت و جەختیان لەسەر نێرەر دەکردەوە لە ژیانی و سەردەمەکەیان دەکۆڵیەوە، دەروونیان شیدەکردەوەو بەدوای گرێ دەروونیەکانیدا دەگەڕان هەتا دەقەکە وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی لێدەهات کە ئاماژەی بۆ سەردەمەکە یان بۆ سایکۆلۆجیای نووسەرەکە دەکرد ))(الغذامی،١٩٩٣، ٢٦).

لەبەرامبەر ئەو تیۆریانەدا تیۆری ڕەخنەیی نوێ سەریهەڵدا کە باڵادەستی نووسەری لەناوبرد و ئەو دەسەلاتەی کە هەیبوو لێی سەندرایەوەو درا بە دەق، بەمشێوەیە هۆشیاری ڕەخنەگران و خوێنەران بەرەو ئاستەکانی دەق چوون بەتایبەتیش بەرەو ئاستی زمانی دەق ئەمەش زیاتر لە (شێوازگەری و بونیادگەری) دا دەبینرێت، دواتر سیمۆلۆجی دێت کە بە تێڕوانینێکی تازەو چالاکی نێو بزوتنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی دادەنرێت، هەناسەیەکی تازەی بەشیکردنەوەی دەق بەخشی و ئەو تێڕوانینەی پێیوابوو دەق پێکهاتەیەکی داخراوە تێپەڕاند، بەڵکو ڕێگەیدا بە خوێنەریش کەبەشداربێت لە بەرهەمهێنانی واتادا، بەهەمانشێوە تیۆرەکانی ( هەڵوەشاندنەوە) و (وەرگر) و(وەلامدانەوەی خوێنەر) کە هەریەکەیان بۆخۆیان بەشێوەیەک ڕۆڵ و پێگەی خوێنەریان دەرخست و دەسەلاتیان پێبەخشی لە بەشداریکردن لە واتای دەقدا، لەبەرئەوەی بابەتەکەی ئێمەش پەیوەستە بەو ڕۆڵەی کە خوێنەر یان وەرگر دەیبینێت لە بەرهەمهێنانی واتای دەقدا، لێکچوون و خاڵی هاوبەش

بەدیدەکەین لەنێوان تیۆری وەرگرتن و تیۆرەکانی سیمۆلۆجی و هەڵوەشاندنەوە و وەڵامدانەوەی خوێنەردا، هەوڵدەدەین بەکورتی باسیان بکەین و ئەو خاڵە هاوبەشانەش دیاریبکەین کە هەیە لە نێوان تیۆری ( وەرگرتن) و ئەو تیۆرانەی تردا.

## ١/ ڕەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر (نقد استجابة القاريء):

ئەم ئاڕاستەیە سەربەقوتابخانەی(ئەنگلۆ- ئەمەریکی)یەو ستانلی فیش بەدامەزرێنەری دادەنرێت لە ئەمەریکادا بەتایبەت دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی بەناوی (ئایا لەم وەرزی خوێندنەوەدا دەق بوونی هەیە ؟) لەساڵی ١٩٨٠دا، لای ئەم ڕەخنەگرە هەموو واتایەک وابەستەیە بە خوێنەرەوە، تەنانەت وەک سەنتەرێکی ئەلتەرناتیڤی نووسەر سەیریدەکات، خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا هێواش هێواش بەرەوپێشدەچێت تا دەگات بە واتا کەواتە، خوێنەر لەبری نووسەر واتای دەق بەرهەمدەهێنێت ئەم واتایە لەچوارچێوەیەکی دینامیکیدا بەچاوەڕوانی، وێناکردن و ئەنجامەکانی خوێنەرەوە بەندە، ئەم چالاکییە(واتە پرۆسەی خوێندنەوە) بریتینییە لە هۆکارێک یان ئامرازێک، بەڵکو شتێکی بنەڕەتی و گەوهەرییە و ئەوەشی کە پێی دەگوترێت (وەڵامدانەوەی خوێنەر) بۆ واتا نییە، بەڵکو خودی واتایە ( مەنتک ،٢٠١٨، ١٤٧-١٤٨).

لەڕوانگەی گرنگیی خوێنەر و خوێندنەوەوە ستانلی فیش وەک نمونەیەک گرنگی ئەم پرۆسەیە بەم شێوەی دەهێنێتەوە دەڵێت: (( ئەگەر لەکەسێک بپرسیت کەخەریکی خوێندنەوەبێت، ئیستا چیدەکەیت؟ لەوەڵامدا دەڵێت: دەخوێنمەوە، کەواتە خوێندنەوە کارە، شتێکە دەکرێت و هیچ کەسیش ناتوانێت ئەوەبسەلمێنێت کە خویندنەوە بەبێ خوێنەر ئەنجام دەدرێت چۆن سەما لە سەماکار جیابکەینەوە؟ بەڵام ئەوەی سەیرە کاتێک دەست بە هەڵگرتنەوەی بەرهەم و ڕاڤەی کۆتایی کرداری خوێندنەوە دەکەین ئەوکاتە خوێنەر لەبیر دەکرێت)) (فیش،٢٠٠٤،١٦).

لەم ئاڕاستەیەدا واتا بەبێ هۆشیاری خوێنەر بوونی نییە، ستانلی فیش توانی ئەوە بسەلمێنێت کە ناتوانین خوێنەر لە پرۆسەی بەرهەمهاتنی واتادا دەربهێنین، ئەگەر خوێنەرێک نەبێت دەقەکە بخوێنێتەوە کێ دەتوانێت واتای دەقەکەمان بۆ ڕاڤەبکات، خوێندنەوە ئەزموونێکی زەمەنییەو تیایدا خوێنەرو دەق بەریەک دەکەون لێرەدا دەق دەبێتە ئەو ئەزموونەی کە خوێنەر بەرهەمی دەهێنێت، کەواتە دەق دەبێتە ئەزموون، ڕووداو و کردنی شتێک. هەر ئەم ڕەخنەگرە ئاماژە بەوەدەکات کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕستە و واتای وشەکانیدا نییە، بەڵکو ئەوە ئەزموونی خوێنەرە کە واتا بەو وشەو ڕستانە دەبەخشێت. لێرەدا خوێنەرێک هەیە دێتە وەڵام لەسەر دەقەکان، ئەو خوێنەرەش هەموو شتێک دەکات بۆئەوەی ببێتە خوێنەرێکی بەئەزموون.

ڕەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر چەمکەکانی لە زۆرێک لە ڕێبازە ڕەخنەییەکانی ترەوە وەرگرتووە و تەنانەت هەندێک لە زاراوەکانیشیانی بەکارهێناوەتەوەو هەوڵی یەکخستنی زاراوەو شێوازە ڕەخنەییەکانی کە شیکردنەوەیان پێکردووە و هەروەها دانراوەکانی ڕابەرانی خۆی نەداوە، هەربۆیە ئەم تیۆرییە بە فرە ڕێڕەو دەناسرێت لەبری قوتابخانەیک یان تیۆرییەک، بریتییەلە کۆمەڵێک هەوڵی پەرتەوازەی لێرەو لەوێ کە زەحمەتە کۆبکرێنەوە یان لەسەر بیرێکی دیاریکراو بۆ ئامانجەکانی بوەستن، بۆیە زیاتر ئەولایەنانە دەردەخەین کە ئەم تیۆرییە جەختی لێدەکاتەوە لە گرنگیدان خوێندنەوە و بەرهەمهێنانی واتادا ئەمەش لەڕێگەی هەوڵی ڕابەرەکانییەوە کە پێیانوایە ((ناتوانین دابڕاو لە ئەنجامەکانی لە قەسیدە بگەین، کاریگەریەکانی –دەروونییێت یان شتێکیتر- گەوهەری هەر وەسفێکی وردی واتاکەیەتی مادام واتا بونێکی ڕاستەقینەی نییە جگە لەوەی کە پەیوەستە بە خوێنەرەوە))(تومبکنز،١٩٩٩،١٧) کەواتە، بوونی واتا مەرجدارە بە خوێنەرەوە، واتە ئەو کاریگەریەی کە کارلێکی نێوان خوێنەران و کۆدەکانی دەق دروستیدەکات، ئەمەش کرۆکی تیۆری وەرگرتنە ئەوەی کە (یاوس و ئایزەر) باسی لێوەدەکەن وەک خاڵی هاوبەشی نێوانیان دەتوانین لێی بڕوانین، چونکە هەردوو تیۆرییەکە (وەرگرتن ) و( وەڵامدانەوەی خوێنەر )یش باس لە بەرهەمهاتنی واتا دەکەن لەئەنجامی کارلێکی نێوان دەق و خوێنەردا.

وەک لەسەرەتادا باسمانکرد (ستانلی فیش) کەیەکێکە لە ڕابەرانی ئەم تیۆرییە و هەوڵێکی زۆری هەیە لەم گروپە ڕەخنەییەدا، بەلای ئەمەوە ئەوەی کە پەیوەستە بە خوێنەرەوە پێیوایە کە واتاو شێواز لەگەڵ ئەزموونی خوێنەردا بوونیان هەیە بنەڕەتی کات، واتای هەموو کارێکی ئەدەبی دیاریدەکات، لەگەڵ خوێندنەوەدا گەشەدەکات ئەم ئاماژە بە وەلانانی سەنتەرێتی دەق دەکات لە پێکهاتنی واتادا، بەڵکو ئامادەبونی هۆشیاریی خوێنەرو کارلێکی لەگەڵ دەقدا واتا بەرهەمدەهێنێت (حفیظة زین، ٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٧٢ ). ئەم ڕەگەزی  کارلێکەی نێوان خوێنەرو دەقە کە ( فیش) جەختی لێدەکاتەوە بۆ بەرهەمهێنانی واتا  نزیکیەکی زۆری هەیە لەگەڵ بیروبۆچونەکانی ( ئایزەر) ی یەکێک لە ڕابەرانی ( تیۆری وەرگرتن) بۆیە دەکرێت ئەمیش وەک خاڵێکی هاوبەشی هەردوو تیۆریەکە لێی بڕوانرێت هەروەها (فیش)یش پێی وایە کە واتا لەگەڵ پێشکەوتنی خوێندنەوەدا دروستدەبێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەئەمیش واتە ( فیش) باس لە(خوێنەری تێگەیشتوو) دەکات کە خاوەن پاشخانێکی زمانی و زانیاری ئەدەبیە.

دواتر (فیش) لە (خوێنەری تێگەیشتوو) وەە چوو بۆ ( کۆمەڵی لێکدانەوەیی) ( المجتمع التفسیری)، بگرە لە خوێندنەوە دوورکەوتەوەو  گرنگیدەدا بە ستراتیژیەکانی لێکدانەوەو کۆمەڵایەتی لێکدانەوە، ئەم لە کاریگەری خوێنەری لە داهێنانی دەقدا کەمکردەوە لەڕێگەی ئەو بۆچوونەی کە پێیوابوو

مرۆڤ تواناى خوێندنەوەى نییە تەنها ئەوەنەبێت کە بە کردەیی دەیخوێنێتەوە لێرەوە داهێنانی زاتیی خوێنەری ڕەتدەکردەوە (لیتش،٢٠٠٠،٢٢٠).

سەرەڕای ئەو توانایەی کە ڕەخنەگرانی( وەڵامدانەوەی خوێنەر)لەبوارەکەدا بەگەڕیانخستبوو، بەڵام بەهۆی یەکنەخستنی چەمکەکان و لایەنە کردەییەکانیان نەیانتوانیبوو تیۆرییەک دابمەزرێنن هەر لەبەر ئەمەش بوو کە(تیۆری وەرگرتن)ە ئەڵمانیەکە زیاتر چالاک بووە لە بەرهەمهێنانی واتای دەق و چالاکبوونی پرۆسەی خوێندنەوەدا، ئەویش لە ڕێگەی ئەوەی کە ڕابەرانی وەک ( یاوس و ئایزەر) لە چەمک و لایەنە جێبەجێکارییەکانەوە دەیانخستەڕوو(حفیظة زین،٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٧٣ ). ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەڕابەرانی تیۆریە ئەڵمانیەکە زیاتر لێکنزیکبوون و ئاگاداری تێڕوانینەکانی یەکتربوون و خاوەنی ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی خۆیانبوون کە بیرو بۆچوونەکانی خۆیانیان بەناونیشانی (شیعریەت و ڕاڤەکاری)دا بڵاودەکردەوە(هول،١٩٩٢،٩)، بەڵام ئەم دۆخە لای ڕابەرانی وەڵامدانەوەی خوێنەر بوونی نەبوو  ئەوان پەرش و بڵاوبوون و خاوەن کاری پێکەوەیی نەبوون، بەڵکو پەیوەستە بە هەوڵی تاکەکانەوە جیا لەمەش ئەگەرچی جیاوازی تێڕوانین هەبوو لە نێوان یاوس و ئایزەردا و یەکەمیان زیاتر گرنگی بە مێژووی ئەدەب دەدا و جەختی زۆری دەکردە سەر مێژووی بەدوا یەکداهاتنی خوێندنەوەکان بۆدەق و بەمەش بەرەو ئێستاتیکای کاریگەری دەچوو، بەڵام ئایزەر زیاتر کاری لەسەر ستاتیکای وەرگر و کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر دەکرد لەگەڵ ئەم جیاوازیانەشدا، بەڵام دژیەک نەبوون و بەهەردوو لایان کاریا بۆ ستراتیژێتی تیۆرەکەیان دەکرد، ئەگەر تیۆری وەرگرتن زیاتر کاری لەسەر وەرگر کردبێت، ئەوا ڕەخنەی وەڵامدانەوە خوێنەر زیاتر پەیوەندی بە لایەنە دەقکاریەکانەوە هەیە گرنگی خۆی لە دەق و نووسەرەوە گواستۆتەوە بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی خوێنەر کاتێک دەق دەخوێنێتەوە.

### ٢/ سیمۆلۆجیا ( السیمیائی- La Semiologie):

ڕێبازە ڕەخنەییەکانی پێشوو نەیانتوانی بگەنە شیکردنەوەو لێکدانەوەیەکی قەناعەتبەخش بۆ دەقی ئەدەبی  بەجۆرێک بەوە کۆتاییان پێدەهێنا کە شیعرییەت نە لای نووسەر کامڵدەبێت نە لە کۆنتێکستە دەرەکیەکان، تەنانەت نە لە خودی دەقیش دا لەبونیاد و تایبەتمەندیەکانیدا، بەمشێوەیە ڕەخنەگران لەبارەی دەقی ئەدەبیەوە دەیانپرسی ئەمەش بووەهۆی سەرهەڵدانی ئاراستەکانی (دوای بوونیادگەری) کە هەوڵدانێک بوو بۆ تێپەڕاندی ئەو کردەی لێکدانەوەی دەقەی کە پێشتر لای ڕەخنەگران باوبوو ((ئەم ئاراستانەی دوای بونیادگەری هەوڵیاندا بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە بونیادگەری تێیکەوتبوو لەوانە بەندکردنی دەق، مردنی نووسەر و پشتگوێخستنی

بزاوتی مێژوو ... ئێستا كاتی ئەوەیە كە بوار لەبەردەم خود دا بكرێتەوە)) ( صالح ، ٢٠٠١ ، ٢٠)، بۆیە بەپێویستییان دەزانی لە كاركردن لەسەر دەقەوە بەرەو كاركردن لەسەر خوێنەر بڕۆن، ئەم ڕێبازەش بنەما گشتییەكانی لە كارەكانی ( دی سۆسێر) ەو وەرگرتووە، بێگومان هەموو ڕێبازێك چەمك و لایەنی كرداری تایبەت بەخۆی هەیە كە جیای دەكاتەوە لەوانیتر لێرەوە هەوڵدەدەین بزانین (سیمۆلۆجیا) چییە؟ چەمكەكانی كامانەن؟ وە گرنگیدانی بە خوێنەر لەچ ئاستێكدایە؟

سیمۆلۆجیا یەكێكە لەو ڕێبازانەی كە لەگەڵ پێشكەوتنی زانستدا بەگشتی و بەتایبەتی پێشكەوتنی زانستە مرۆڤایەتیەكاندا دەركەوت وە بۆیەكەمجاریش ئەم زاراوەیە لای (جۆن لۆك) بەكارهاتووە، بەڵام هیچ پێشكەوتنێكی وای بەخۆیەوە نەبینی و تەنها وەك گوزارشتێك لە گریمانەی گشتی زمان مایەوە (بیرجیرو،١٨،١٩٨٨). یەكەم كەس كە لەمزانستەی ڕوانیوە ( دی سۆسێر)بووە، ئەو زیاتر لەڕوانگەی زمانییەوە لێیڕوانیوە، نەك فەلسەفی وەك ئەوەی كە(J.lacke) ناوی لێنا(سیمۆلۆجیا) ،(دی سۆسێر) لە ئاماژەكان لە نێو یەكێك لەكۆمەڵگاكاندا دەكۆڵییەوە ئەوەی كە ڕەنگە بەشێكبێت لە زانستی دەروونی كۆمەڵایەتی، ئەم زانستەش لە بونیادی ئاماژەكان دەكۆڵێتەوە (بیرجیرو، ١٩٨٨، ١٣).

دیسۆسێر زیاتر جەختی لە ئەركی كۆمەڵایەتی ئاماژە زمانیەكان دەكردەوە، بەڵام (پیرس) (Charles Sanders Peirce ) (كە زانایەكی زمانەوانی ئەمەریكیبووە ١٨٣٩-١٩١٤ تویژینەوەی لەبارەی ئاماژە زمانەوانیەكانەوە كردووە، وە زاراوەی La Semiotique ) بۆ بەكارهێناوە، پێیوایە هەموو ئاماژەكان هەرجۆرێكبن ئاماژەپێكەر (دال)ن دەچنە ناو سیمۆلۆجیاوە و ئەم زانستەی بە(La Semiotique)ناوبردووە و پێیوایە هەموو زانستە مرۆڤایەتی و سروشیەكانیش دەگرێتەوە وەك دەڵێت: ((من ناتوانم لەهەمووشتێك لەم كەونەدا بكۆڵمەوە ..... لەسەر ئەو بنەمایەنەبێت كە سیستمێكی سیمۆلۆجیە))(بیرجیرو،٢٤،١٩٨٨). ئەم دوو ئاڕاستەیە پێكەوە دەستیانكرد بەدامەزراندنی سەرەتاكانی ئەم زانستە تازەیە كە لە (ئاماژە-Singnes )ی دەكۆڵییەوە، (دی سۆسێر)گرنگیدەدا بە بەكارهێنانی ئاماژەكان لە كردەی پەیوەندی و گواستنەوەی زانیاریەكانداو دابەشیدەكرد بۆ دووو ڕەگەز (ئاماژە)( الدال -Signifiant) و (ئاماژەبۆكراو ) (المدلول- Signifie) هەرچی(پێرس) پشە گرنگی دەدا بە ماهیەتی ئاماژەو توێژینەوە لەپێكهاتووەكانی و دابەشی دەكرد بۆ سێ ڕەگەز كەئەوانیش بریتیبوون لە ( ئاماژە، ئاماژەبۆكرا و شیكراوە ). لەمبارەیەوە سۆسێر دەڵێت: ((دەتوانین وێنای زانستێك بكەین كە لە ژیانی ئاماژەكان لەناو ژیانی كۆمەڵایەتیدا دەكۆڵێتەوە وەبەشێك لە زانستی كۆمەڵایەتی پێكدەهێنێت، دواتریش زانستی دەروونی گشتی ئێمە بە نیشانەكان ناویاندەبەین ئەوەی كە ناوەرۆك و ڕاستی ئاماژەكان ئەو یاسایانەی كە پێیان دەردەبڕرێن، دەخاتەڕوو.... زوبانیش بەشێكە لەمزانستە گشتییە))( دی سوسیر،٢٧،١٩٨٦).

بەمشێوەیە سۆسێر ئاماژەی هێنایە نێو کایەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە و لەڕێگەی پەیوەندی نێوان ئەم ئاماژانەوە سیستمی سیمۆلۆجی بەدەرخست و زوبانی خستە نێو سیمۆلۆجیاوە.

جیا لەهەریەک لە(دی سۆسێر ) و ( پێرس) ( ڕۆلان بارت)یش گرنگی بە سیمۆلۆجیاداوەو ئەم چەمکەی فراوانکردووە بۆ توێژینەوە لە ئەفسانەکان، (بارت) تێڕوانینەکانی(سۆسێر) ی تێپەڕاند و چەمکەکەی ئەوی هەڵگەڕاندەوە لەکاتێکدا (سۆسێر) پێی وابوو کە زوبان بەشێکە لە سیمۆلۆجیا، بەڵام (بارت) دەیگوت سیمۆلۆجیا بەشێکە لە بەشەکانی زوبان و ئاراستەکەی ئەم بە سیمۆلۆجیای واتا (سیمولوجیا الدلالە) دەناسرا.

ئەو وشانەی کە یەکجار لە دەقێکدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە فەرهەنگدا چەند واتایەکی هەیە لێرەدا ڕۆڵی خوێنەر بەدەردەکەوێت لە هەڵبژاردنی واتایەکی گونجاو بۆ وشەکە لەم بەکارهێنانەی لە دەقەکەدا خوێنەریش لەکاتی چالاکی خوێندنەوەکەیدا ئەم گەڕانەدەکات بۆ ئاماژە کە لەڕێگەی جیاوازی و یەکتربڕینی لەگەڵ هێماکانی تردا ئەمەش لەپێناو پێکهاتنی واتایەکی گشتیدا ئەوەی کە ( جاک دریدا ) (Jacques Derrida) ئاماژەی پێدەکات کاتێک باس لە هەڵوەشاندنەوەدەکات و بەتەواوەتی ئەگەری گونجان لە دەقدا ڕەتدەکاتەوە وەک دەڵێت: (( من پێموانییە دەق پێکاتەیەکی پێکەوە گونجاوبێت، دەقی پێکەوە گونجاو بوونی نییە بگرە لەهەموو دەقێکدا چەند دەقێکی میتافیزیکی بوونی هەیە هێزی کارەکە و لەهەمانکاتدا هێزی هەڵوەشاندنەوەی دەقەکەیە)) (ثامر، ٤٥،١٩٩٤) دەق لەگەڵ دەق گەلێکی تردا کەرەنگە کۆنتربێت یان هاوچەرخبێت بەیەکدا دەچن و بەمەش ڕایەڵەی بونیادەکەی قوڵتر و فراوانتردەبێت، ئەوەی کە بە (دەقئاوێزان) ناودەبرێت ((کاتێک دەقێک سەرکەوتوودەبێت لە وەرگرتنی دەقیتردا و لەهەمانکاتیشدا هەڵیدەوەشێنێت، ئەوە بریتییەلە سەلماندن، ڕەتکردنەوەو پێکهاتن))(اوكان،٢٩،١٩٩٦) دەقئاوێزان، میکانیزمێکی خوێندنەوەیە کە خوێنەر پشتی پێدەبەستێت بۆ دۆزینەوەی ئەوەی کە شاراوەیە لە دەقدا، دینامیکییەتی خوێندنەوە و نووسین دەجولێنێت لەڕێگەی تێگەیشتن و درکپێکردنی ئەو دەقانەیتر کە بەرووویدا دەکرێنەوە. سیمۆلۆجیاش کێڵگەیەکی توێژینەوەیە ولەهەمان کاتدا ئامرازێکی شیکردنەوەی دەقیشە ئاسۆگەلێک لەبەردەم خوێنەردا والادەکات تاکو ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبێت لەڕاڤەکردن و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا (حفیظة زین ، ٢٠٠٤-٢٠٠٥،٦٤).

### ٣/ هەڵوەشاندنەوە ( التفكيك – La Deconstruction ):

هەڵوەشاندنەوە بە زنجیرەیەکی گرنگی تیۆری ئەدەبی هاوچەرخ دادەنرێت لەگەڵ بوونی جیاوازی ئەم لەگەڵ ئەوانیتردا، لە چەمکەکانی و لە ڕابەران و شێوازی کارکردنیدا، بەڵام هەمان

ئامانجی تیۆرە ڕەخنەییەکانی تری هەبوو کە بریتیبوو لەشیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی ئەمەش وایکردووە گرنگیدان لە دەسەڵاتێکەوە بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێکیتر، لە دەسەڵاتی داهێنەرەوە بۆ دەسەڵاتی دەق، جارێک دەسەڵاتی زمان و جارێک دەسەڵاتی بونیاد هەتا گەیشتە دەسەڵاتی خوێنەر، ئەو دەسەڵاتەی کە دوای بونیادگەریەکان گرنگی زۆریان پێداوە لەناو ئەوانیشدا بەتایبەتی (هەڵوەشاندنەوە) وا دەناسرێت کە لە ئاراستە ڕەخنەییەکانی پێشتر هەڵگەڕاوەتەوە تاکو ئازادییەکی ڕەها بدات بە خوێنەر و ئەو تێگەیشتنە پیرۆزەی کە پێیوایە دەق سیستمێکە لە پەیوەندیی کە بەدەوری ( ئاماژە پێکەر و ئاماژەپێکراو) دا کۆدەبێتەوە تێکبشکێنێت، هەروەک (پۆڵ دی مان) ی یەکێک لەڕەخنەگرانی هەڵوەشاندنەوە جەخت لەوەدەکاتەوە کە سەردەمی باڵادەستی دەقی ئەدەبی کۆتایی پێهاتووەو سەردەمێکی نوێ کە سەردەمی باڵادەستی خوێنەرە دەستپێیکردووە ( مەعروف ، ١٣٨١، ٩٤-٩٥) .

بابزانین هەڵوەشاندنەوە چییە؟ چۆن گرنگی بەخوێنەر دەدات؟ وە چ پەیوەندیەکی هەیە بە تیۆری وەرگرتنەوە؟

لەزاراوەکەوە ئەوە تێدەگەین کە(هەڵوەشاندنەوە)بریتییەلە کردەیەک کە ئامانجی هەڵوەشاندنە و دارشتنەوەی دەقە (( ئامانجە بنەڕەتیەکەی لە درز خستنە ناو بونیادی گوتارەکەوە کاملدەبێت، لە هەر ڕەگەز و چەشنێکبێت، وەدەرخستنی ئەوەی کە تۆرە واتایەکەی شاردویەتیەوە))( ابراهیم، ١٩٩٦،١١٣). هەروەک(جاک دریدا) باسیدەکات هەڵوەشاندنەوەی دەق لەپێناو درخستنی بونیادی دەقەکەدایە وەک دەڵێت: (( هەڵوەشاندنەوە بزوتنەوەیەکی بنیادنانی و دژە بونیادنانیە لەهەمانکاتدا، ئێمە بونیادێک هەڵدەوەشێنین لەپێناو دەرخستنی بونیادەکەیدا ...، بەڵام ئەو بونیادە هەڵدەوەشێنین کە هیچ شتێک ڕاڤەناکات، ئەو سەنتەر نییە، بنەمای بەهێزی نییە ... لەبەرئەوەش بە نەرێنی دانانرێ))(ابراهیم،١٩٩٦،١١٤) کەواتە: کاری خوێنەر لە هەڵوەشاندنەوەدا وەک (دریدا) باسیدەکات کارێکی دوولایەنەیە، خوێنەر لەیەککاتدا هەڵدەوەشێنێتەوە و بونیادیش دەنێتەوە، واتە ئەو دەقەی کە هەڵی دەوەشێنێتەوە دووبارە بەوردی بنیادی دەنێتەوە لەپێناو گەیشتنە شاراوەکان هەرئەمەشە کە وادەکات هەڵوەشاندنەوە جیاوازبێت لەوانیتر بەدوو قۆناغ، تێکدان و بنیادنانەوە بەمەبەستی گەیشتنە بنەڕەتە شاراوەکە بۆیە هەڵوەشاندنەوە لە ڕاستیدا بریتییە لە بونیادنانێکی نوێ بۆ دەق، بەڵام بە تێڕوانینێکی قوڵترو دەرخستنی زیاتری پێکهاتەی دەقەکە، هەڵوەشاندنەوە ئاراستەیەکی تازەبوو بۆ شیکردنەوەی دەق و لەگرنگترین ئەو لایەنانەی کەجیای دەکردەوە لەوانیتر بریتیبوو لە تێپەڕاندنی دوالیزمی میتافیزیکیانەی وەک ( ناوەوە/ دەرەوە )، (ئاماژە پێکەر / ئاماژەپێکراو)و ( واقیع / نمونەیی) ...هتد باسکردنی(گردبوونەوە بەدەوری هۆش)دا، لێرەوە دەبینین بەرەو نا سەنتەرێتی، نا گردبوونە، نا پەراوێزخستن و نا ئاماژەپێکراو ڕۆیشتووە.

جاك دریدا پشتبەست بەو تێڕوانینەی بڕوای وابوو كە گوتار بەردەوام بەرهەمدێت مادام دەق پەیوەست نییە بە نووسەرەكەیەوە لێرەشەوە ئەوەدەڵێت: بە كۆتایهاتنی واتای دەق نووسەریش جاڕی مردنی خۆی دەدات و داهێنەرێكی گریمانەیی دێتە ئاراوە كەئەویش(نووسینە)و پێیوایە كە ((نووسین زمان تێدەپەڕێنێت و بریتیش نییە لەبەرهەمێكی لاوەكی یان ڕەهەندێكی زمان، بەڵكو نووسین خۆی بنەڕەتە)) ( ابراهیم،١٩٩٦،١١٥) لەڕێگەی نووسینی وشەكانەوە واتاو دەربڕینەكان بەرهەمدێن هەرلەبەرئەمەشە كە (دریدا) پێیوایە دوانەی(ئاماژە پێكەر و ئاماژەپێكراو) بوونی نییە بەو واتایەی كە ئاماژەپێكراوی یەكەم و دووەم بوونیان نییە، هەموو ئاماژەپێكراوێك ئاماژە پێكەرە و پێویستی بە لێوردبوونەوەیە ئەمەش وادەكات كە خوێندنەوە ماندوویێتیبێت، سیستمێكی زمانی واش بوونی نییە كە هەر خوێنەرێك ئاماژەپێكراوێكی تایبەت بە خۆی هەڵبژێرێت كەواتە: نووسین بریتییە لەتێكدانی ئەم سیستمە كە وا لە خوێنەردەكات لە هەڵوەشاندنەوەدا ئازادبێت و لە ئاماژە پێكەرەكانی دەقەكەوە دەستپێبكات و خودی واتا دابنێت ( حفیظة زین، ٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٦٦).

سەبارەت بە (جیاوازیی) كە یەكێكە لە بنەماكانی هەڵوەشاندنەوە (دریدا) كتێبێكی بە ناونیشانی (نووسین و جیاوازی) بڵاوكردەوە، سەرەتاش لەبارەی ئەم چەمكە ڕوونكردنەوەی لەبارەی هەردوو زاراوەی ( deference) و(deferance) دوواوەو پێیوایە كە لەبەرئەوەی پیتی (a) گۆناكرێت هیچ جیاوازیەك لەنێوان ئەم دوو زاراوەیدا نییە، تەنها لەنووسیندا جیاوازییەكە دەردەكەوێت بە جیاوازیی پیتە نووسراوەكان هەموو زاراوەكانیش واتا جیاوازەكان دەگەیەنن، بەمەش (دریدا) سیستمی (نیشانە)ی تێپەڕاند و پێیوایە هیچ سەرچاوەیەك بوونی نییە، چونكە هەموو ئاماژەپێكراوێك پێویستی بە ئاماژەپێكراوێكی دووەم هەیە و ئەمیش لای خۆیەوە پێویستی بە ئاماژەپێكراوی سێیەم هەیە لێرەوە وەك(دریدا) باسیدەكات شتێك هەیە كەپێیدەوترێت گەمەی (جیاوازیی)،زمانیش بۆخۆی بریتییە لە كۆمەڵێك جیاوازی و هەموو واتایەكیش دواخراوە و هەموو وشەیەك بەرەو وشەیەكی ترمان دەبات و هەموو واتایەكیش بەرەو واتایەكیتر ، بەمپێیەش واتای كۆتایی بوونی نییە خوێنەری ڕاستەقینە واتا بەرهەمدەهێنێت لەوچوارچێوەیەی كە بە (لەدایكبوونی واتا) ناوی دەبات.

سەقامگیر نەبوونی واتا وادەكات كە بە دواخراو دابنرێت لەناو ئەم سیستمی جیاوازیەدا و بەمەش دریدا ڕەخنەی لەهەموو ئەو چەمك و ڕێبازانەی پێشتر گرت و تەنها ( نائامادە، نا نائامادە، نا ئاماژە پێكەر و نا ئاماژەپێكراو...) بوونی هەیە و ئازادییەكی ڕەها لە خوێندنەوەی دەقدا بوونی هەیە ئەم ئازادییەی كە درابوو بە خوێنەر بەیەكێك لە تایبەتمەندیەكانی هەڵوەشاندنەوە دادەنرێت كە پێی وایە ((هەموو ئاماژە پێكەرێك بەرهەمی جیاوازی ناوخۆیی سیستمەكەیە و كاریگەری ئاماژە پێكەرێكیتری لەخۆیدا هەڵگرتووە و هیچ كام لەئاماژە پێكەرەكان لەسەروو سیستمەكەوە

نییە و لەهەموو لایەنەکانەوە جگە لە جیاوازیی جیاوازییەکان، کاریگەری کاریگەرییەکان، ناسەنتەریتی ناسەنتەریتی، ناسەرەتایی شتێکیتر بوونی نییە)) (مجموعة من المؤلفین،١٩٩٨، ٢٢) ئەم بەردەوامییەی بەرهەمهاتنی ئاماژەپێکراوەکان و واتای نوێ بەخوێنەر وادەکات کە نە خوێندنەوەی کۆتایی هەبێت و نە واتا، بەڵکو هەموو خوێندنەوەیەک دەگۆڕێت بۆ دەقێکی نوێ کە ئەویش پێویستی بە خوێندنەوەیەکی تازە هەیە، بەمشێوەیە پرۆسەکە بەردەوام دەبێت و لەمکاتەدا خوێنەر پشتدەبەستێت بە خوێندنەوەیەکی چالاک بەئامانجی تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی دەق، نەک بەئامانجی تەواوکردنی خوێندنەوەکەو کۆتایهاتنی شیکردنەوە، بەڵکو بۆ کردنەوەی دەرگای پرسیاری تازەو دۆزینەوەی خاڵی ناسەقامگیری نوێیە لە دەقەکەدا کە بەشێوەیەکی بەردەوام واتا تێیدا دەردەکەوێت و دواتر ون دەبێت یان دەشاردرێتەوە و داننانێت بە خاڵی کۆتایدا. بەڕای دریدا هەموو خوێندنەوەیەک خراپ خوێندنەوەیە و بینای دەق ڕەنگە بەشێوەیەکی تازە یان جیاواز بینابکرێتەوە، بەڵام ناتوانرێت بە تەنها یان کۆتایی یان ڕاست ناوبهێنرێت.

ئەو جەختکردنە زۆرەی هەڵوەشاندنەوە لەسەر لێهاتوویی خودی خوێنەر چالاکیەکی داهێنەرانەی ڕوونی بەخشیبوو بە خوێنەری دەق بەشێوەیەک بووبووە بەرهەمهێنەری ڕاستەقینەی دەقەکە ئەمەش وامان لێدەکات دانبنێین بەڕۆڵی سەرەکی هەڵوەشاندنەوەدا بە سەرخستنی دەسەڵاتی خوێنەر بۆ سەرەوە، بەڵام دەبێت ئاماژەش بەوە بدرێت کە ئەو لێهاتوویەی خوێنەر هەرلەخۆوە نییە، بەڵکو ئەوە لەئەنجامی کەڵەکەبوونی زانیاری و لێهاتوویی زۆری پێشوترە هەروەها دەستپێکی هەموو خوێندنەوەیەکی دەق وەک (ئینگاردن) باسیدەکات لە ئاستی دارشتنە دەنگیەکانەوە دەستپێدەکات، تاکواتایی دەقی لەلایەن خوێنەرەوە ڕەتدەکردەوە، بونیادی دەقی خوێنەر لەواتادا بەشداریدەکات بەشێواز و ڕێژەی جیاواز، لەمەوە دەتوانرێت بوترێت کە هەڵوەشاندنەوە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیی لەو بەربەستە بابەتییە ڕووتە ڕزگارکرد کە دەقی ئەدەبیی داماڵیبوو لە گیان و ئیستاتیکا و وەکو لاشەیەکی بێگیانی لێکردبوو وەخستبوویە نێو نائامادەیی خودیەوە بەجۆرێک کە (ڕەخنەی دەروونی) بۆگەڕاندەوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی کە دەق لەڕوانگەی سایکۆلۆجیای نووسەرەوە بخوێنرێتەوە لەڕوانگەی سایکۆلۆجیای خوێنەرەوە دەخوێنرێتەوە، ئەمەش ئەوەبوو کە تیۆری وەرگرتن دەیویست وەلایبنێ و وە ئازادی خوێنەر بۆ بەرهەمهێنانی واتا بەشێوەیەکی ئەرێنی بەکاربهێنرێت، لەڕێگەی موکوڕبوون لەسەر شیکردنەوەی دەق بە کارلێکی دوانەیی هاوبەش لەنێوان بونیادی دەقەکەو تواناکانی خوێنەردا. ئەو خوێنەرەی لای (ئایزەر) دەبینرێت نە بەندەی کۆدەکانی دەقەکەیەو نە دوژمنێکی هەڵگەڕاوەی بونیادەکەیەتی، بەڵکو وەرگرێکی هاوڕێیانەی دەقە پشتبەست بە فەرهەنگە زمانییە تایبەتیەکەی خۆی لێکدانەوەو شیکردنەوە دەکات بەبێ ئەوەی هەڵبژاردن بکات لە نێوان فەرهەنگی دەق و فەرهەنگی وەرگردا، بەڵکو بەدڵنیاییەوە ئەو دووانە پێکدەگەن لەگەڵ مێژووی وشەکان و مێژووی زانیاریەکاندا ئەمەش

واتای دەقەکە دەوڵەمەند و هەمەچەشن دەکات و چالاکیەکەشی چەند بەرامبەر زیاد دەکات بەمەش دەقەکە بەهایەکی تازە بەدەستدێنێت کە ڕەنگە جیاوازبێت لەو بەهایەی کە نووسەر پێیبەخشیوە یان خوێنەرێکیتر پێیداوە (حفیظة زین، ٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٦٧-٦٨).

لەڕاستیدا هەڵوەشاندنەوە وایکرد ئاراستەکان بەرەو دەسەڵاتێک بڕۆن کە تا ئەوکاتە باسنەدەکرا لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەویش دەسەڵاتی خوێنەربوو، لەمبارەیەوە(جاک دریدا) دەڵێت:(( ناتوانین لەناو دەقدا بمێنینەوە، بەڵام ئەمە ئەوەناگەیەنێت کە مومارەسەی کەموکورتییە سۆسۆلۆجیەکانی دەق بکەین یان بەشێوەیەکی سایکۆلۆجی یان ڕامیاری لەدەق یان لە ڕەوتی نووسەر بکۆڵینەوە، پێمانوایە لەنێوان دەرەوەو ناوەوەی دەقدا دابەشکارییەکی ترەهەیە کە خوێندنەوەی ناوەوە( القراءة الباطنية)و خوێندنەوەی شیکردنەوەییە ( القراءة التفسيرية) بۆدەق لەڕێگەی ڕەوتی نووسەرەوە یان مێژووی سەردەمەکە، هەمیشە شتێک هەیە کە ونە )) ( ابراهيم ، ١٣٧،١٩٩٦) دیارە مەبەستی (دریدا) لەو ڕەگەزە ونەی پرۆسەی خوێندنەوە خوێنەرە، ئەو خوێنەرەی کە بەتەنها دەمێنێتەوە لەگەڵ دەقەکەدا و دەق دوای نووسینی دەبێتە پەیامێک لەنێوان نووسین و خوێنەردا، نەک لەنێوان نووسەر و خوێنەردا ئەمەش بەتایبەت دوای جاڕدانی مەرگی نووسەر لەلایەن ( بارت) وە پاش ئەوەی نووسەر دواهەمین وشەی دەقەکەی دەنووسێت ئیتر نووسینەکە دەبێتە (نێرەر).

ئەم جێگرتنەوەیەی نووسین بۆ نووسەر هەنگاوێکی گەورەی هەڵوەشاندنەوەبوو بەئاڕاستەی خزمەتکردنی ئازادی خوێنەرو خوێندنەوە و سەپاندنی دەسەڵاتییان لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، ( جاک دریدا) هەربە هەڵوەشاندنەوەی بۆشایی نێوان ئاماژە پێکراوەکانەوە نەوەستا، بەڵکو بۆشایی نێوان دەقەکانیشی هەڵوەشاندەوە ئەویش بەهۆی چەمکی(دووبارەبونەوە)وە و پێیوایە کەهەموو دەقەکان بەناویەکداچوون و هەموو داهێنانێک لەئەنجامی وەرگرتنە لەدەقەکانی پێشخۆی جا بە پەسەندکردنبێت یان ڕەتکردنەوە، ئەوەی کەبە(دەقئاوێزان) ناودەبرێت، بۆیە دەق شتێکنییە جگە لە چەند دەقێکی هەرسکراو یان بەیەکداچوو کەخوێنەر ناتوانێت دەستیبەسەردابگرێت یان هەمواری بکات ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵگەڕانەوەی واتاکانی دەقێک و خوێنەریش بەهۆی لێهاتوویی و ئەزموونی خۆیەوە دووبارە دەقەکە بەرهەمدەهێنێتەوە پشتبەست بە ئاماژەپێکەرە زمانییەکان بۆ بەرهەمهێنانی ئاماژەپێکراوێک کەخۆی بە کارایان دەبینێت لەگەڵ ڕووبەڕوو بە ڕایەڵەیەک لەدەقئاوێزانی ئەم دەقە خوێنراوەیە لەگەڵ کۆمەڵێک دەقیتردا هەروەها لەگەڵ بۆماوەیەکی ڕۆشنبیری، ئاینیی و زانیاریی. لێرەوە ئەوە بەدەردەکەوێت کە چالاکی خوێندنەوە بەرهەمهێنەری ڕاستەقینەی دەقەو هەڵوەشاندنەوەش ئەم دەسەڵاتەی دۆزییەوە کە بۆخۆی لەمێژبوو هەبوو، بەڵام نەدۆزرابووەوە لە کۆمەڵێک ڕێبازدا تەنها وەک لایەنێکی جێبەجێکاری کاری پێدەکرا، بەڵام

هەڵوەشاندنەوە دەریخست و هەموو ئەو دەسەڵاتانەی پێشتری تێپەڕاند بەشێوەیەک کە ڕەنگە زیادەڕۆیشیکردبێت بەوەی کە دەسەڵاتی ڕەهای بەخشی بە خوێنەر.

لەکۆتایی ئەم بابەتەدا دەتوانین بەکورتی ئاماژە بدەین بەو ڕایەڵەو خاڵەهاوبەشانەی کە تیۆری وەرگرتن و هەریەک لە ڕەخنەی وەڵامدانەی خوێنەر، سیمۆلۆجیا و هەڵوەشاندنەوە پێکەوە کۆدەکاتەوە، بەتایبەت کە هەموویان کار لەسەر خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا دەکەن و لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتییان دەکەینەوە:

١-ڕەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر کە وابەستەیە بە خوێنەرەوەو خاڵی گەوهەری ئەم تیۆرییە بەهەمانشێوەی تیۆری وەرگرتن، بەلای (ستانلی فیش)ەو خوێندنەوە کارەو ئەنجامدەدرێت ناتوانرێت لە خوێنەر جودابکرێتەوە، پرۆسەی خوێندنەوەکەش کە خوێنەر ئەنجامیدەدات لە پێناو واتای دەقدایە و لەئەنجامی بەریەککەوتنی خوێنەر و دەقدا بەدیدێت، واتە ئەوەی کەڕابەرانی ئەم ئاراستەیە باسیدەکەن بە کارلێکی نێوان خوێنەران و کۆدەکانی دەق ناویدەبەن ئەم خاڵەش بەتەوای لەگەڵ بنەماو تێڕوانینەکانی تیۆری وەرگرتندا یەکدەگرێتەوە، بەڵام جیاوازی لەنێوانیاندا لەوەدایە کە(ڕەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر) زیاتر کار لەسەر کۆتوبەند زانیاریی، زمانەوانیی، دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات لە پرۆسەی خوێندنەوەدا و ڕۆڵی مێژوو و فاکتەرەکانی پەیوەست بە ئیستاتیکا پشتگوێدەخات بەپێچەوانەی ( تیۆری وەرگرتن) کە گرنگی بە ڕۆڵی مێژوو دەدات (فینیست، ٢٠٠٠، ٢٢٦).

٢-سەبارەت بە پەیوەندی نێوان( تیۆری وەرگرتن) و ( سیمۆلۆجیا) ئەوەمان ڕوونکردەوە کە سیمۆلۆجیا لە زۆرشوێندا جەخت لەفرەواتایی وشەکان دەکاتەوە لەفەرهەنگدا و توانای خوێنەریش لەوەدا دەردەکەوێت کە کام لەو واتایانە هەڵدەبژێرێت دوای ئەنجامدانی پرۆسەی گەڕان بۆ هێماکان لەڕێگەی جیاوازیی و یەکتربڕینی لەگەڵ هێماکانیتردا. واتە بەشێوەیەکی گشتی لەسیمۆلۆجیا و لە تیۆری وەرگرتندا، تاک واتا بوونی نییە، بەڵکو فرە واتا بوونی هەیەو ئەوە خوێنەریشە کەدرک بەم ڕاستییە دەکات لەئەنجامی پرۆسەی خوێندنەوەدا .

٣- سەبارەت بە پەیوەندی نێوان (هەڵوەشاندنەوە)و(تیۆری وەرگرتن) بۆمان ڕوونبووەوە کە لە هەڵوەشاندنەوەدا هەمیشە واتای بێکۆتایی بوونی هەیە، نەک تاک واتا ئەوەی کە جاک دریدا جەختی لێدەکاتەوە دەق بەردەوام تێکدەشکێنرێت و دووبارە بنیاد دەنرێتەوە لەئەنجامی پرۆسەی خوێندنەوەدا و خوێندنەوەش بەردەوامی هەیە کەواتە: واتای دەق لەگۆڕانێکی بەردەوام دایە هەروەها لەباسی چەمکی ( جیاوازی)یشدا ئەوە ڕووندەکاتەوە

که هەموو وشەیەک بەرەو وشەیەکیترمان دەبات و هەموو واتایەکیش بەرەو واتایەکیتر لەبەرئەوەشە کە واتای کۆتایی بوونی نییە هەروەک چۆن تیۆری وەرگرتنیش جەخت لەم لایەنەدەکاتەوەو پێی وایە دەق دەبێت بەردوام لەپرۆسەی خوێندنەوەدابێت و لەئەنجامی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و دۆزینەوەی کۆدەکانیەوە واتای تازە بداتبەدەستەوە بێگومان ئەمەش لەلایەن خوێنەرەوە بەئەنجام دەگات .

٤-پێویستە ئەوەش باسبکەین کە هەموو ئەو تیۆرییانەی سەرەوە لەڕێگەی گرنگیدانی زۆریان بە خوێنەر دەسەڵاتیان لە نووسەر و دەق سەندەوەو دایان بە خوێنەر، ئەمەش وەک گەڕانەوەی هاوسەنگیەک بوو بۆ هاوکێشەی( نووسەر- دەق- خوێنەر)، چونکە خوێنەر وەک فاکتەرێکی کارا لە پرۆسەی خوێندنەوەدا پێشتر پەراوێز خرابوو، بەڵام ئەمان ئەو ڕۆڵە کاریگەرەیان بۆ گێڕایەوە لە پرۆسەی ڕەخنەدا .

## پاری حەوتەم: خوێندنەوەیەک بۆ ڕەنگدانەوەی تیۆری وەرگرتن لەڕەخنەی کوردیدا

ئەگەر بمانەوێت لە شێوازی پێشوازیکردنی ڕەخنەگرانی کورد لە تیۆری وەرگرتن بگەین، یاخود بزانین خوێنەرانی کورد چۆن پێشوازیان لەم تیۆرییە کردووە لەبواری خوێندنەوەو ڕەخنە و ڕۆشنبیریی کوردیدا چۆن ڕەنگیداوەتەوە، ئەوا پێویستە ئاوڕێک لەو نوسین و هەوڵانە بدەینەوە کەڕەخنەگرانی کورد لەمبوارەدا داویانە، تاکو بزانین لە ڕووی مێژوویی و شێوازی مامەڵەکردنەکە لەکەیەوە و چۆن دەستیپێکردووە، پاشان بەکوێ گەیشتووە هەروەها پێشمان باشە باسێک لە خەسڵەتی گشتی خوێندنەوەی ڕەخنەیی کوردیی بکەین بەتایبەت تاکو ساڵانی نەوەدەکان، چونکە پێشتر ئەو هەوڵە ڕەخنەییانەی کە هەبوون زیاتر ڕوو لە نووسەر بوون، نەک لە دەق و خوێنەر.

هەوڵە ڕەخنەییە سەرەتاییەکان لە ساڵانی بیستەکانەوە دەسپێدەکات لەلایەن ( شیخ نوری شێخ صالح)ەوە لەشێوەی چەند وتارێکدا لە ڕۆژنامەی(ژیان) دا بڵاویکردوونەتەوە لەبارەی شیعرەوە، بەهەمانشێوە وتارەکانی ( سیاپۆش)یش هەر هەوڵەسەرەتاییەکانی ڕەخنەی کوردی پێکدێنن، بۆیە پێمانوایە کە ڕەخنەی کوردی مێژوویەکی کۆنی نییە و تەمەنی سەد ساڵ زیاتر نابێت، هەرچی کارە ڕەخنەییەکانی ساڵانی سییەکان و چلەکانە بەگشتی لە چوارچێوەی مێژووی ئەدەب و ڕەوانبێژیدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام لەساڵانی حەفتاکان بەدواوە و بەهۆی دەرچوونی بەیاننامەی یانزەی ئازاری ساڵی١٩٧٠وە، ئەو هەلومەرجەی کە هاتە پێشەوە بۆ دەرچوونی ڕۆژنامەو

نووسینی کتێب و سازکردنی کۆڕوسیمیناری ئەدەبی و ڕەخنەیی و دەستگەیشتن و ئاگاداربوونی نووسەران و ئەدیبان بە ئەدەب و ڕەخنەی جیهانی، ڕەخنەی کوردیش بەرەو ڕێبازگەریی ڕۆیشت هەرچەندە زیاتر مۆرکێکی ئایدۆلۆجی پێوە دیاربوو وە لە ڕەخنەی کۆمەلایەتیدا خۆی دەبینیەوە (بەرزنجی،٢٠١٣، ٣)، بەلاّم وەک ڕێبازێکی ڕەخنەیی لەسەر بنەمایەکی دیاریکراو کاریکردووە، چونکە وەک دەوترێت کە هەندێک بیری ڕەخنەیی لەکۆندا و بەتایبەت لە دەقە شیعرییەکاندا دەبینرێت و زۆرجار وەک سەرەتای ڕەخنەی کوردی سەیری دەکرێت، بەلاّم لەڕاستیدا ئەمە بە ڕەخنە ئەژمارناکرێت، چونکە ڕەخنە ڕێباز و زانیارییەو چەمک و پراکتیکی تیۆرییە، کە لەو کارانەدا بوونی نییە. ئەمەش وەک سیمایەکی گشتی بەو کارە ڕەخنەیانەوە دەبینرێت. لەکۆتایی هەشتاکانیشدا ڕەخنەی کوردیی هەنگاوی باش و خێرای ناوە ئەویش بە هۆی کردنەوەی زانکۆکان و ئەو کارە ئەکادیمییانەی کە لە بواری خوێندنی بالاّدا دەکران و هەروەها بەهۆی کرانەوەی کۆمەلّگای کوردیی بە ڕووی جیهان و خێرایی و بە ئاسانی دەستگەیشتنە سەرچاوەو بابەتە نوێکان لە جیهاندا، ئەمەش گۆڕوتینێکی باشی بە بواری ڕەخنەیی کوردیی داو زیاتر کار بەو تیۆرییە ڕەخنەییانە دەکرا کە ڕوو لە دەق بوون، وەک بونیاد گەری و شێوازگەری و هەروەها ئەو تیۆرانەشی کە ڕوو لە خوێنەرن و قورسایی زۆر لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەق و ڕەخنەدا دەخنە سەر خوێنەر، بەدیارکەوتن وەک ئەوەی لە بەیاننامەی(پرۆژە)ی سالّی١٩٩٢ی چەند ڕەخنەگرێکی وەک (عەبدولا تاهیر بەرزنجی، محەمەد ئەمین ئەحمەد و حەمید ڕێبوار) لە(بەیاننامەی ڕەخنەیی ١٩٩٢ پرۆژەیەک بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی)دا هاتووە ، دوای باسکردنی خەسلّەتە گشتییەکانی ڕەخنەی کوردی کە پێیان وایە زیاتر لەدەرەوەی دەقدا کاریکردوە و قورسایی کارە ڕەخنەییەکان لەسەر نووسەربووە ،نەک دەق. ئەوان بانگەوازی گۆڕانکاریان لە پرۆسەی ڕەخنەی کوردیدا کردبوو، پێیانوابوو کە پێویستە سوود لە تیۆرییە تازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی وەربگرین وەک دەلّێن: (( سوود وەرگرتن لە ڕەخنەی ئەوروپیی دوور لە گواستنەوەی ووشە بە ووشە فۆتۆکۆپیکردنی شتێکی گونجاوە، لەبەرئەوەی ئەمانەوێ لە دامەزراندنی سەرەتایەکی باشتر و نوێ تر بۆ {ەخنەی کوردی بەشداربین، ئەوە خۆمان بە بەرپرسیار ئەزانین بەرانبەر هەموو هەولّێک و شتێک دەستی بۆ ئەبەین)) (بەزرنجی، ئەحمەد وریبوار،١٩٩٢، ١٦) پاشان بنەماکانی کارکردنی ڕەخنەی کوردیی دیاریدەکەن و دەلّێن: (( دەق بناغەی خوێندنەوەیە، گرنگی ڕەخنە لە ناوەوەی دەقەوە دەست پێ ئەکات، ئاستی سەرەوەی دەق ڕەخنەگر ئەکات بە چاودێر، ڕەخنەش گەر وای لێ هات ئەرکی لە چاودێری نووسەر تێ ناپەڕێ، ناوەوەی دەق پێوەری سەرەکی یە، دەق سەربەخۆیە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت پەیوەندی خۆی لەگەلّ دەرەوەدا بپچرێنێت ))(بەزرنجی و ئەحمەد وریبوار،١٩٩٢، ١٧)، ئەمەش بریتییە لەبانگەوازێکی ئاشکرای دەستەیەک لەڕەخنەگرانی کورد لەسەرەتاکانی نەوەدەکاندا بۆ گواستنەوەی قورسایی کاری {ەخنەیی لە نووسەرەوە بۆ دەق و کارکردن لەناو بونیادی دەقدا،

بەمەش دەیانویست ڕەخنەی کوردیی لەو فۆرمە تەقلیدییەی ڕزگاربکەن کەماوەیەکبوو زاڵبوو بەسەریدا. لێرەوە گرنگیدان بە ڕێبازە ڕەخنەییە نوێکان دەرکەوتن وەک: شێوازگەری و بونیادگەری و دواتریشسیمۆلۆجیا و هەڵوەشاندنەوەگەرایی و ڕەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەرو لە بواری ڕەخنەییدا کاریان پێدەکرا. ئەم ڕێبازە ڕەخنەییانە پانتاییەکی فراوانی لە کارە ئەکادیمیەکانی ناو زانکۆکاندا داگیرکرد و ڕەخنەی کوردیش شانبەشانی ڕەخنەی دەوروبەرو جیهانی هەنگاوی ناوە.

لەگەڵ ئەو گیرانەوە خێرایەشدا پێمانوایە کە ئەگەر چاوێک بخشێنینەوە بە هەندێک لەو کارە ڕەخنەییانەی لەکایەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا کراون دەبینین بە شێوەیەکی گشتی خەسڵەتێکی چەسپاویان بەسەردا زاڵبووە کە جۆرێکە لە خوێندنەوەی باوی لەسەر ڕۆیشتوو بەو واتایەی کە ڕەخنەگران زیاتر ڕاهاتووی جۆرێک لە مامەڵەکردن بوون لەگەڵ دەقدا کە زیاتر خۆی لەوەدا دەبینییەوە لە پرۆسەی ڕەخنەییەکانیاندا ڕووە لە نووسەربن نەک لە دەق، لەم پرۆسەیشدا هەڵگری کۆمەڵێک پرسیاری ئامادەو ڕێبازێکی دیاریکراو بوونو لەڕێگەی ئەو ڕێبازەوە هەوڵیانداوە کە وەڵامی پرسیارەکانیان چنگ بکەوێت وەک ئەوەی هەمیشە پرسیارکراوە کە ئایا ئەم نووسەرە خاوەن بیرێکی نەتەوەیی یان چەپە؟ و بۆچی نووسەر لەم دەقەدا لای لە کێشە چینایەتییەکان نەکردۆتەوە؟ ئایا نووسەر لەم دەقەدا لەگەڵ ئازاری نەتەوەکەیدایە؟ ئایا ڕووداوە سیاسیەکان هیچ کاریگەریان هەبووە لەسەر نووسەر؟ ئەمەو چەندین پرسیاری دیکەی ئامادەکراو کە بەدوای وەڵامەکەیدا گەڕاون لای نووسەر، زۆرجار هەر بەهەمانپرسیار کە ڕووبەڕووی دەقێکی شاعیرێک بوونەتەوە ڕووبەڕووی دەقی شاعیرێکیتریش بوونەتەوە بەبێ ئەوەی ئەوە لەبەرچاو بگرن کە ئەو دوو دەقە دوو سروشتی جیای خۆی هەیە کە لە دایکبووی پێکهاتە جیاوازەکانی خودی دەقەکەیە(بەرزنجی،ئەحمەد و ڕێبوار، ١٩٩٢، ٩-١٢).

لێرەدا دەتوانین وەک نمونەیەک باس لە کتێبی ( کاروانی شیعری نوێی کوردی ) ( حەمە حەمەئەمین قادر -کاکەی فەلاح) بکەین، نووسەر لەم کتێبەیدا کە هەوڵیداوە لەڕێگەی خوێندنەوەی دەقەکانیانەوە ئاستی شیعری و جیاوازی نێوان هەندێک لە شاعیرەکانمان بۆ دیاریبکات، دەبینین بەئاشکرا نووسەر لە باکگراوندێکی تایبەتەوە ڕووی لەدەقەکان دەکات، هەروەک ئەوەی کە (فەرهاد قادر کریم )لە نامەی ماستەرەکەیدا باسی دەکات کاکەی فەلاح (( لەڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژییەوە لەدەق شیعری ئەو شاعیرانە دەڕوانێت، هەربەپێی ئەو تێڕوانینە ئایدۆلۆژیانەش ڕێبازی شیعرییان دیاری دەکات، وەک ئەوەی گۆران بە ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیزمی و کامەران و دیلان هەندێ جار بە ڕۆمانتیکی و هەندێ جاری تر بە ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە دادەنێت))( کەریم،٢٠٠٦، ٤٣)، بەڵام ڕۆناچێتە نێو بونیاتی دەقەکانەوە بەواتای ئەوەی نووسەر پێشتر کۆمەڵێک پرسیاری

ئامادەکراوی لا هەیەو بەدوای دۆزینەوەی وەلامەکانیانەوەیە، لەکاتی چنگ کەوتنی وەلامی ئەو پرسیارانەدا  پشتگیری لە شاعیرەکە دەکات و بەپێچەوانەشەوە تێڕوانینێکی نێگەتیڤی دەبێت بۆی. بۆنمونە لە بارەی (دیلان) ی شاعیرەوە دوو قۆناغ دیاریدەکات و دەڵێت: (( یەکەمیان لە سەرەتاوە تا دەگاتە دەوروبەری شیعری(بەهەشتی فرمێسک)، دووەمیان لەم شیعرەوە تا کۆتایی نامیلکەکەی (پایزی جاران) ئەم ڕاستیە وەک هێڵێکی پانی نێوان هیواو ورەو گەشبینی و نائومێدی و بێزاری و ڕەشبینی تەواو بەو دوو قۆناغە شیعریەوە، وەک ناوەڕۆک دیارن و دەجوڵێن و دەژین )) (کاکەی فەلاح،١٩٧٨،٢٢٦) تا دواتر باس لە هۆکارەکانی ئەم پۆلێنکردنەش دەکات ((ئەوەندەی من بۆی بچم، سەبارەت بە باری بیری دەرونییە، چونکە هەتاشاعیر، لەڕووی ئایدۆلۆژی و دەرونەوە، زۆرتر بەرەو بنەوانی ڕیالیزمی و مرۆڤایەتی و مەسەلەی مرۆڤی چەوەساوەو پێشکەوتنخوازی و هەنگاو بنێت ...بەرچاوی گەشتر و هیوای زۆرتر و هەناسەی درێژ و بە ئارام تر دەبێت، بە پێچەوانەی ئەمەشەوە هەتا شاعیر بەرە و مەڵبەندی تەسکی بیرکردنەوەی مەسەلە و دابڕان و دوورە پەرێزی خۆی بڕوات بەگوێرەی ئەوە دووچاری دەرد و دوی بێزاری نائومێدیو ڕەشبینی و هەناسەکورتی دەبێت))(کاکەی فەلاح،١٩٧٨،٢٢٦-٢٢٧).

بەم بۆچوونەدا بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەر هێندەی لە ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆجی دیاریکراوەوە هەڵوێستی ئەو لەبارەی کێشەی چینایەتی و بابەتی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنخوازی بۆچوونی خۆی لەسەر شیعرەکان و خودی(دیلان) شاعیر دەربڕیوە، هێندە لە نێو دەقەکاندا ئیشی نەکردووەو خۆی لە قەرەی پێکهاتەو بونیادی دەقەکان نەداوە، ئەمەش بەبۆچوونی ئێمە تەواو پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ بۆچوونی (ئایزەر) دا لەبارەی خوێنەرەوە، چونکە ئەو پێیوایەکە((خوێنەر بە پەیرەوکردنێکی بەهێزی ئایدۆلۆجیاوە، خوێنەرێکی نەگونجاوە ئەویش لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەو خوێنەرە کەمتر کراوەبێت بۆ هێزی گۆڕانکاری بەرهەمە ئەدەبیەکان، ئەوەی کە ئەمە لەخۆدەگرێت ئەوەیە کە ئێمە بۆ ئەوەی ملکەچی گۆڕانبین لە دەستی دەقەکەدا  پێویستە بیر و بڕواکانمان لە ئاستی یەکەمدا بەشێوەیەکی کاتی هەڵبگرین))( ئیگلتن،٢٠١٦،١٨٣). جیالەمەش کاکەی فەلاح لە پرۆسەی خوێندنەوەکەیدا پرسیارگەلێکی دیاریکراوی هەیە لەهەموو دەقەکان، بەردەوام  ئەوەندەی بەدوای نووسەرانی دەقەکانەوەیە هێندە لەنێو دەقەکاندا نییە و دەیەوێت هەڵوێستە سیاسیی و کۆمەلایەتیی و چینایەتییەکانی شاعیرەکان هەڵبسەنگێنێت نەک خودی دەقەکان، لەڕاستیدا ئێمە پێمانوایە دەقی ئەدەبی هێندەی بایەخە هونەری و ئەدەبیەکەی لە بونیاد و پێکهاتەکەیدایە هێندە لە هەڵوێستە کۆمەلایەتییەکانیدا نییە، ئەمەش وەک نمونەیەکی ڕەخنەی کوردی لە سالانی حەفتاکاندا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خەسڵەتی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی زیاتر ڕوو لە نووسەر و کارکردن بووە لەسەر لایەنی کۆمەلایەتیی، چینایەتیی و دەروونی شاعیرەکە نەک خوێنەر و پەیوەندی بەدەقەوە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا.

لەئەنجامی ئەو پێشەکییەی کە باسمانکرد، دەبینین کە ڕەخنەی کوردیی زیاتر ئەرکێکی چینایەتیی، کۆمەڵایەتیی و نەتەوەیی هەبووە بەمەش ئەوەی کە بەرهەمهاتووە زیاتر ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتیی و چینایەتی بووە. ئەوەندەی ڕەخنەگران سەقاڵی ئاڕاستەکردنی کۆمەڵێک پرسیاربوون لە نووسەر و بەجۆرێک لە جۆرەکان وەک لێپرسینەوە،لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کردوون ئەوەندە لەناو دەقدا کاریان نەکردووەو ئەو پرسیارانەش زیاتر لە دەرەوەی دەق لەدایکبوون، نەک لەناو خودی دەقەکەدا وەک ئەوەی ئەم نووسەرە نووسەرێکی نەتەوەییە یان چینایەتییە، ئەوەشی کەزیاتر مایەی لەسەر وەستانە ئەوەیە کە هەرکاتێک ڕەخنەگر وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەستکەوت ئەوا دەقەکەی بەلاوە دەقێکی سەرکەوتوو باشەو بەپێچەوانەشەوە لە نەبوونی وەڵامی ئەوپرسیارانەدا، دەقەکەی بەدەقێکی لاواز لەقەڵەمداوە لێرەشەوە دەبینین زۆرێک لە ڕەخنەی کوردی خۆی لە بابەتی( مێژووی ئەدەب، دەروونناسیی و کۆمەڵایەتیی) دا دەبینێتەوە.

ڕەخنەگرانی کورد زیاتر کاریان لەسەر چەوساندنەوەی دەق کردووە بەوەی کە لێکدانەوەیەکیان بۆ کردووە کە زۆرجار لەگەڵیدا نەگونجاوە، ئەمەش زیاتر خۆی لە خوێندنەوەیەکی بەزۆرسەپاوی سەردەقدا دەبینێتەوە کە بێگومان ئەنجامێکی زانستی لێناکەوێتەوە.

بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو تێڕوانینانەی سەرەوەمان یەکێک لەکارەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی بەنمونە وەردەگرین کە بریتییەلە(مێژووی ئەدەبی کوردی ) (مارف خەزنەدار) بەو پێیەی یەکێکە لە نووسینە قەبارە زۆر گەورەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی، دەتوانین ئەو سەرنجانەی سەرەوەمان بسەلمێنین. لەگەڵ نرخاندی بەرزمان بۆ ئەو کارە زۆردەوڵەمەندەی (خەزنەدار) کە گەنجینەیەکی ئەدەبیی گەورەی بۆ کۆکردوینەتەوە، بەڵام لەڕوانگەی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقەکاندا دەتوانین پشت بەستوو بە بنەمانی تیۆری وەرگرتن چەند سەرنجێکی خۆمان بخەینەڕوو.

نووسەر لە بەرگی یەکەمدا بە چوارینەکانی (باباتاهیری هەمەدانی) دەستپێدەکات وەک کۆنترین دەقی شیعریی کوردی لە مێژوودا، دوای باسکردنێکی ژیانی شاعیر لەڕووی کۆمەڵایەتیی و ئاینییەوە دێتە سەرباسی ڕووخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی و لەکۆی ئەو نزیکەی (٤٣) لاپەڕیەدا کە بۆ ئەم شاعیرەی تەرخانکردووە دەتوانین بڵێین: زیاتر ئەوەمان پێدەڵێت: کە (باباتاهیر) شاعیرێکی کوردە و بەشێوەزاری لووڕی شیعری نووسیوە و ناوەڕۆکی شیعرەکانی زیاتر باس لە تەسەوف و خوداپەرستییەکی قوڵدەکات، ئەمەش زیاتر دەچێتە چوارچێوەی خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ دەق، ئەوەندەی ڕەخنەگر بەدوای نووسەرەکەوەیە ئەوەندە بە دوای بونیادی دەقەکەو خودی دەقەکەوە نییە، ئێمە پێمانوایە نووسەر لەم کارەیدا ئەوەندەی مەبەستێتی بیسەلمێنێت کە باباتاهیر شاعیرێکی عارفی کوردە، ئەوەندە مەبەستی نەبووە قوڵایی دەقەکانیمان

بۆ بخاتەڕوو  وەک دەڵێت: (( سەردەستەی شاعیرانی کورد باباتاهیری هەمەدانی لەگەڵ نمونەی داهێنانی بەرز دوو بەیتەکانی لاپەڕەی زێرینیان لە مێژووی ئەدەبی کوردی کلاسیکی دا بۆ خۆیان تەرخانکردووە. باباتاهیر بە کوردی ژیاوە و بە کوردی بیری کردۆتەوە، باوەڕی بە ئاینی( یارسان) بووە زمانی کوردی زمانی لاهوتی و پیرۆزی ئەو ئاینەبووە، سروودەکانی باباتاهیر بەشێوەو بە ڕووخسار بە زمانی کوردین ))(خەزنەدار، ٢٠١٠،بەرگ ١، ٢٤٨).

هەروەها لە بەرگی دووەمدا کاتێک باس لە ( بێسارانی) شاعیر دەکات و دێتەسەر باسکردنی ئەو شیعرەی کە دەڵێت:

چڵێ جە پەنا ، چڵێ جە پەنا ،
چڵێ چون ڕەقیب مدران جە پەنا
هۆر ئامان مدران نەرووی تەمەنا
مەر بادێ قودرەت بدەرۆش فەنا
وەبادێ قودرەت لەتارلەتاربۆ
نمازۆ بالآی قیبلەم دیاربۆ
بسۆچۆ بەئایر بازەدەی سەحەر
ریشەش جە زەمین بەربارۆ وەبەر
تابالآی قیبلەم چون شەمێ خانان
بوینووش بەچەم جە بەرزە بانان (نیک ڕەفتار،١٩٨٢،بەرگ ١، ١٥٢)

دواتر بەمشێوەیە خوێندنەوەیەکی ڕووکەشیانە بۆ دەقەکە دەکاتو دەڵێت : (( برووسکەیەک شیعری کورتە، دڵدار لەسەربان وەستاوە، دڵبەر لە حەوشەی ماڵدا لەنجە دەکا، درەختی گەورە بووە بەپەردەو نایەڵێ چاوی دڵدار بە ڕووخساری دڵبەر شادبێ، لێرەدا درەخت دەبێت بە دوژمنی شاعیر، بۆیە هیوای ئەوەیە ڕەشەبایەک ڕەگ و ریشەی هەڵتەکێنێ  بۆ ئەوەی بەری ڕۆژی لێ نەگرێ کە ڕووخساری ئامینەی کناچە جوانەکەی هەورامانە، ئەم پیرە دارە خراپەی لەگەڵ شاعیردا کردووە )) (خەزنەدار، ٢٠١٠، ٥٤).

لەڕاستیدا ئەوەی تێبینی دەکەین نووسەر زیاتر لە ئاستی ڕووکەشی دەقدا ماوەتەوەو لە لێکدانەوەکەیدا باس باسی شاعیرە، بەو پێودانگە ئامادانەی کە وەک پێوەرێک بۆ خوێندنەوەی دەق باوبوون بێئەوەی خۆی لەقەرەی قوڵایی دەقەکە بدات. ئەگینا ئەم دەقە خوێندنەوەی زۆر قوڵتر هەڵدەگرێت بەتایبەت لەڕێگەی شێوازناسییەوە.

هەمان ئەم تیرِوانینە گشتییە بە ڕەچاوکردنی هەندێک جیاوازی دەتوانین لە کارەکانی پێشتر و دواتری بەرهەمەکەی (مارف خەزنەدار )دا ببینین لە نمونەی مێژووی ئەدەبی کوردی عەلادین سەجادی(سەجادی،١٩٥٢)، شیعر و ئەدەبیاتی کوردیی ڕەفیق حیلمی(حیلمی،١٩٤١) (حیلمی،١٩٥٦) و مێژووی ئەدەبی کوردیی عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (ڕەسوڵ، برگ١، ٢٠١٢).

سەبارەت بە ڕەنگدانەوەو سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم تیۆرییە لەبواری توێژینەوەو خوێندنەوەی ڕەخنەیی کوردیدا، ئەوەندەی ئێمە بەدواداچوونمان کردووەو ئەو سەرچاوانەی کە بینیوومانە دەتوانیین بڵێین:یەکەمین هەوڵدانێک لەمبوارەدا توێژینەوەیەکی(عبدالله تاهیر بەرزنجی)یە بەناونیشانی( لە نووسەرەوە بۆ دەق ، لەدەقەوە بۆ خوێندنەوە یا سەرهەڵدانی خوێنەر و تیۆری پێشوازی و وەرگرتن) کە لە ژمارە (١٥) ی ساڵی (١٩٩٩)ی گۆڤاری ( گەلاوێژی نوێ) دا لەدوو توێی(٢٤)لاپەڕەدا بڵاوکردۆتەوە(بەرزنجی،١٩٩٩)، نووسەر لەم توێژینەوەیەدا کرۆنۆلۆژیانە باس لەتیۆرییەکان و شێوازی کارکردنیان دەکات، وەک ئەوەی کە هەندێک لە تیۆرییەکان زیاتر کاریان لەسەر نووسەرکردووەو دواتر گرنگیدان و سەنتەری کارکردن لە نووسەرەوە گواستراوەتەوە بۆ دەق، پاشانیش باسێکی وردی تیۆری وەرگرتن و چەمکەکانی ( یاوس) و( ئایزەر) دەکات و دواتر ئەو جیاوازی و تێکەڵبوونەش ڕووندەکاتەوە کە زۆرجار لای خوێنەران ڕوودەدات لە نێوان (تیۆری وەرگرتن ) و ( وەڵامدانەوەی خوێنەر) بەوەی کە هەردووکیان خوێنەر دەکەنە سەنتەری کارەکانیان وەک دەڵێت: (( ڕەنگە تیۆری وەرگرتن و پێشوازی و ڕەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر تێکەڵاوبوبن و زۆرجار خوێنەر هێڵە جیاوازەکانیان نەدۆزێتەوە، چونکە هەردوو جەخت لەسەر خوێندنەوەو دەسەڵاتی خوێنەر دەکەن، بەڵام(ڕۆبەرت سی هۆڵ) لە کتێبی (تیۆری پێشوازیدا) لەسەر ئەم کێشەیە دەوەستێت و ئاماژە بە هەندێک پێشنیازدەکات کە بۆ دەستنیشانکردنی هێڵە جیاوازو تایبەتییەکانی هەردووکیان خراونەتەڕوو، هەندێک پێشنیاز هەن وا دەبینن کە تیۆری وەرگرتن پەیوەندی بە خوێنەرەوە هەیە، بەڵام وەڵامدانەوە پەیوەندی بە دەقکارییەکانەوە هەیە کە بەتەواوی سەلمێنەریش نین)) (هول،١٩٩٢،٧) ئەمە سەرەرای ئەوەی کە ( هۆڵ) پێی وایە ڕەخنەگرانی وەڵامدانەوەی خوێنەر لە جیهاندا پەرش و بڵاون و لە پەیمانگا و زانکۆ جیاوازەکاندا وانە دەڵێنەوەو بەشێوەیەکی ڕێکوپێک چاویان بە یەکتری ناکەوێت و لە ڕۆژنامەو گۆڤاری هاوبەشدا پێکەوە نانووسن لە کۆنگرەی هاوبەشدا ئامادەنابن، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە کاریگەری ڕەخنەیی(ڕەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر)و هۆکاری بڵاوبوونەوەی پەیوەستە بە داهێنانی جیاجیای تاکەکانەوە، بەڵام تیۆری وەرگرتن بەپێچەوانەوە دەبری هۆشیاری و بەرپرسیاریتی کۆمەڵێکە، بەواتای کاردانەوەی گۆرانکارییە ئاوەزی و ئەدەبییەکانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوایە ئەوانەشی کە باوەڕیان بەم تیۆرییە ڕەخنەییە هەیە پەیوەندیان بە زانکۆی(کۆنستانس) ەوەهەیە چالاکییەکانیشیان بەزنجیرە و بە ناونیشانی( شیعریەت و ڕاڤەکاری) یەوە بڵاودەکردەوە (هول،١٩٩٢،٩)کەواتە:

پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ڕابەرانی تیۆری وەرگرتندا بەدیدەکەین، بەپێچەوانەوە لە ڕەخنەی وەلامدانەوەی خوێنەردا ئەم لایەنە بوونی نییە.

نووسەر بەوردی کرۆکی ئەم تیۆرییەی باسکردووە بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەستە بە خوێنەرەوەو لەبکەرێکی بەکاربەرەوە بۆ بکەرێکی بەرهەمهێنەری گۆڕی، بەو واتایەی ئەرکی خوێنەر ئەوەنییە کە کارتێکردن لەدەقەوە وەربگرێت، بەڵکو پێویستە بکەرێکی بەرهەمهێنەربێت لەرێگەی خوێندنەوەوە دووبارە دەق بنیاتبنێتەوە(بەرزنجی،١٩٩٩،١٩٢).ئەوەی جێگەی گرنگیپێدانەو بە پێویستی دەزانین باسیبکەین ئەوەیە کە (عبداللە تاهیر بەرزنجی) لەم توێژینەوەیەیدا و لەڕوانگەی ئەم تیۆرییەوە، خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانەی بۆ ڕەوتی ڕەخنەی کوردیی کردووە و پێیوایە کە لەگەڵ ئەوەی ڕەخنەی کوردی مێژوویەکی کۆنی نییە بەشێواویش لەدایکبووە و نەیتوانیوە لەگەڵ ڕەوتە تازە ڕەخنەییەکانی جیهاندا ڕێبکات، لەکاتێکدا ڕەخنەی جیهانی سەنتەری کارکردنی لە نووسەرەوە گواستۆتەوە بۆ دەق و پاشان بۆ خوێنەر، بەڵام ڕەخنەی کوردی هەر لە بازنەی کارکردن لەسەر دانەردا دەخولێتەوەو تێی نەپەڕاندووە وەک دەڵێت: (( ڕەخنەی کوردی مێژووی درێژی نییەو بگرە بە شێواویش لە دایکبووە، لەڕەخنەو نووسینی کوردیدا تەنها نووسەر خراوەتە بەرتیشک و هەمیشە ڕەخنەگر بەدوای نیازو مەبەستی نووسەردا گەڕاوە. پاش ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی کە لەڕەخنەی جیهانیدا ڕوویداوە، وەک فرێدانی نووسەر و دەسەلاتی نووسەر بۆ پەراوێز و بەرزکردنەوەی دەق و خوێنەر (کەلە شەستەکانەوە تا ئێستا دەرئەکەون) ڕەخنەی کوردی و ڕوانینمان بۆ تیۆرییە ئەدەبیەکان لەدەق و ستایشکردنی دەسەلات و نیاز و بۆچوونی دانەر دەرنەچووە، مەرکەزیەت لەوەوەبووە. ڕەخنەی کوردیش ستایشی ئەو مەرکەزیەتەی کردووە)) (بەرزنجی، ١٩٩٩،١٩٤) سەبارەت بەم بۆچوونە تێبینی ئەوەمان هەیە کە ئەم بۆچوونە بۆ نزیکەی بیست ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، ڕەنگە ئەگەر ئێستا بنووسرایە بەوجۆرە نەبوایە، چونکە دەتوانین بڵێین: کە لەم سالانەی دواتردا خوێندنەوەو شیکردنەوەی ڕەخنەیی زۆر بۆدەقی ئەدەبی کراون کە تیایاندا دەق کراوەتە سەنتەر و بە پێی میتۆدەکانی شێوازگەری و بونیادگەری کاریان لەسەرکراوە ڕەنگە لەو کاتانەدا نەبووبێت یان زۆرکەمبووبێت، بەلام سەبارەت بە سەنتەرێتی خوێنەر لە کاری ڕەخنەییدا لە ڕەخنەی کوردیدا ئەوا دەتوانین بڵێین: ڕەخنەی کوردیی زۆر لاوازە، چونکە لەم هەولانە زۆرکەمن ئەگەر هەشبن زیاتر لە بوارە تیۆریەکەدا باسی لێوەکراوە وەک ناساندنێکی تیۆرییەکە و خۆیان لەقەرەی دەق نەداوە.

پاشان بۆزیاتر ڕوونکردنەوەوسەلماندنی بۆچوونەکانی، نووسەر باس لە ڕەخنەی سەرەتایی کوردی دەکات و نووسینەکانی(ڕەفیق حیلمی) بە نمونە دەهێنێتەوە کە بەدەوری ژیان و مەبەستی نووسەردا دەسوڕێتەوە، دواتر باس لە ڕەخنەی سالانی حەفتاو هەشتاکان دەکات و پێیوایە

ڕەخنەگرانی ئەو ساڵانەش نەیانتوانیوە ئەو بازنەیە تێپەڕێنن وەک دەڵێت: (( ئەگەر ئەو نووسینە ڕەخنەییانە بخوێنینەوە بەسەدەها جار ڕستەی لەم شێوەیەمان بەرچاو دەکەوێت، مەبەستی نووسەر، نووسەر مەبەستی لەمە چییە، ئەم نووسەرە ئەیەوێ چی بڵێ، چۆن چۆنی مەبەستەکانی بدۆزینەوە؟ یا نووسەر خۆی لەوەڵامی نووسینی ڕەخنەگرەکاندا دەڵێت من لە نووسینەکەمدا مەبەستم ئەمە نەبووە، ئەمەوێ ئەمە بگەیەنم ))(بەرزنجی،١٩٢،١٩٩٩) بەڵام پێیوایە کە لە ناوەڕاستی هەشتاکان بە دواوە  بەبێ ئاگا لە پەیڕەوەکانی کە داکۆکی لە دەسەڵاتی دەق دەکەن، لایەک لە گرنگیدان بە دەق کراوەتەوەو زۆرجار ویستویانە خوێندنەوەیەکی بونیادگەرانە بۆ دەق بکەن، کە پێویستە خوێنەر پەیوەستبێت بە شیکردنەوەی سیستم و پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەقەکەوە، بەڵام زۆرجار خوێنەرەکە لە سیستم و پەیوەندییە پێکهێنەرەکانی دەقەکە دەردەچێت و دەیبەستێتەوە بە سەرچاوەی دەرەوە بە مەبەستی نووسەر و بە مێژووەوە  یان هەندێکجار حوکم بەسەر دەقەکەدا دەدات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕەخنەگرەکە ئاگاداری ئەو ڕێبازە نییە کە کارەکەی پێ شیدەکاتەوە، چونکە (حوکمدان و نرخاندن و کردنەوەی دەق بەسەر نووسەر و دەرەوەدا)دژ بە خوێندنەوەی بونیادگەرین ئەمەش دەتوانین بەوە ناوبەرین کە هەندێک هەوڵ هەن لە ناوچەی دەق نزیکبوونەتەوەو تەنها باسی هەندێک لایەنی جوانکاری و هونەریان کردووە، بەبێ بەستنەوەی بە پەیڕەوێکی شێوازگەری یان بونیادگەرییەوە کەبۆخۆیان داکۆکی لە سەربەخۆیی و دەسەڵاتی دەق دەکەن ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت:  کە  دیدی ڕەخنەگری کورد لە نووسەرەوە نە گواستراوەتەوە بۆ سەر دەق بەتەواوەتی، بەڵکو وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا لە ناوچەی دەق نزیکبونەتەوە. خوێنەری کورد زیاتر وەک پاشکۆیەکی نووسەر دەردەکەوێت و زیاتر هەوڵدەدات لەو بچێت، کە لەڕاستیدا و بەپێی بنەماکانی تیۆری وەرگرتن خوێنەر کەسێتییەکی تەواو جیاوازە لە نووسەرو پێویستە تێیپەڕێنێت و دیدگای خۆی هەبێت بۆ دەق و بتوانێت لەڕێگەی کارلێکی خوێندنەوەوە دووبارە دەق بەرهەمبهێنێتەوە، بەواتای ئەوەی واتایەکی نوێ و دەتوانین بڵێین:  جیاوازیش ببەخشێتە دەقەکە، چونکە دەق بۆخۆی خاوەنی ئەو خەسڵەتەیە کە وا لە خوێنەربکات بەهۆی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ناو دەقەکەوە واتایەک بەرهەمبێنێت کە جیاواز بکەوێتەوە لە واتای نووسەر ئەمەش بەرهەمێکی خوێندنەوەیە کە وادەکات لێکنەچوونی لێبکەوێتەوە و سروشتی خوێندنەوەیە کە دەیەوێت جیاوازبێت، لەڕاستیشدا خوێنەر چەندێک جیاکاری لەگەڵ نووسەردا بخاتەڕوو ئەوەندە شیعرییەت و ئەدەبیەتی دەق و خوێندنەوەی دەق دەرەخسێنێت.

لەدرێژەی ئەم توێژینەوەیەدا (عبدالله تاهیر بەرزنجی) ڕەخنەی ئەوە لە خوێنەری کورد دەگرێت کە خوێندنەوە بە کارێکی بەریئانە دەزانن و لێرەشەوە تێپەڕاندنی دەسەڵاتی نووسەر بە جۆرێک لە خیانەت تێدەگەن و دەقیش بە جەستەیەکی چەسپاوی بێ بۆشایی دەزانن  (بەرزنجی، ١٩٩٩، ١٩٤) ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ ئەم بۆچوونەی نووسەردا و لەڕاستیدا پێچەوانەکەی ئەو تێڕوانینە باوە

ڕاسته،چونکه بەهۆی بوونی کەلێن لەناو دەقدا وادەکات واتای دەق بێ کۆتاییبێت و ئەمەش دەرگای خوێندنەوەی بەردەوام لەبەردەم دەقدا والآدەکات.

لەبارەی خەسڵەتی دەقی کوردیشەوە نووسەر پێیوایە کە ((زۆرێک لەدەقی کوردی ( نەرم ن، بەو واتایەی کە نووسەرەکانیان بیرلەوە ناکەنەوە دەقەکانیان پڕبکەن لە کەلێن و بۆشایی، تاکو خوێنەر پڕیانبکاتەوە، بەمەش نووسەران ئەگەرو چاوەڕوانی بۆ خوێنەران ناهێڵنەوە، بەشێوەیەکی ئاسۆیی هەموو ئەوەی کە هەیانە دەیخەنەروو لەمەشدا (عبدالله تاهیر بەرزنجی) پێیوایە نووسەران خەمی گەورەیان ئەوەیە کە نووسینەکەیان وەک خۆی بگاتە خوێنەر کەلەڕاستیدا ئەمەش ئەگەر مەحاڵیش نەبێت زۆر ئەستەمە)) (بەرزنجی،١٩٥،١٩٩٩). سەبارەت بەم ڕایەش ئێمە پێمانوایە بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی تێڕوانینەکە ڕاستیەکی ڕێژەیی تێدایە، بەڵام دەتوانین گەواهی ئەوەبدەین پشتبەست بە خوێندنەوە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەگرانی کورد و ئەو دەقانەی کە بەرهەمی زەمەنی دوای کرانەوەی کۆمەڵگای کوردین، پانتایی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی کوردی خاڵی نییە لەو جۆرە دەقانەی کە پێویستی بە ڕۆشنبیریەکی فراوانی خوێنەران هەیە بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان و زۆرجار واتای ئامادە لەدەقدا بوونی نییە، بەڵکو لەئەنجامی پرۆسەی خوێندنەوەدا بەرهەمدێت، یان بەدیوێکیتردا ڕەنگە شایەتی چەندین خوێندنەوەی نوێ بین بۆ دەقی کوردی کە پێشتر بەجۆرێک و ئێستا بە جۆرێکیتر خوێندنەوەی بۆ دەکرێت ئەمەش ئەومان پێدەڵێت: کە ئەو دەقانە زەمەنیان بڕیوەو لەگەڵ خوێنەرانی ئێستاشدا دەستوپەنجە نەرمدەکەن و ڕەنگە بۆدواتریش هەمان پرۆسە لەگەڵیاندا بەردەوامبێت، بۆ ڕاستی سەلماندنی ئەم ڕایەمان پێمان باشە بۆنمونە باس لە خوێندنەوەیەکی نوێی( بەختیار سیوەیلی)بکەین کە بۆ دەقێکی(نالی)کردووە، نالی لەم دەقەدا دەڵێت :

مەستوورە کە حەسناو ئەدیبە بە حیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ ( مودەڕیس، ١٣٨٧، ٦١١)

لە لێکدانەوەی ئەم دەقەدا مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەریس پێیوایە ئەم دەقە سەرەتایە بۆ ئەدەبی ئەوەی ئەو بە(ڕووهەڵماڵراو)ی کوردی ناوی دەبات، وە پێیوایە تێکەڵەیەکە لە داشۆرین و پیاهەڵدان، بەو پێیەی بوێری نالی پێوە دیارە بەتایبەت کە بۆ خانمێکی بەدەسەڵاتی ئەردەڵانیەکان نووسراوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەڵێت: ناتوانین بە ( هەجو)دایبنێین. لەئەنجامدا ئەوەمان دەستگیر نابێت لە ڕوونکردنەوەکەیدا ئاخۆ کامیانە و لەکام خانە دایبنێین وەک دەڵێت: (( لەم پارچە شیعرەی نالیدا سەرەتای ئەدەبی ڕووهەڵماڵراوی کوردی بەدی ئەکرێ کەتا ئێستاش دابونەریتی کۆمەڵایەتی نەیهێشتووە جێگای خۆی لە ئەدەبیاتماندا بکاتەوە، شێخ ڕەزای تاڵەبانی لێ دەرکەی کەسیتر ئەم

ڕێگەیەی نەگرتووە. هەروەها هەرچەند ناشتوانرێت ئەم پارچە بە پارچەیەکی (هەجو) دابنرێ، چونکە تێکرا لە چوارچێوەی پیاهەڵوتن و شان شکۆ پێدانا دارێژراوە، لە دیمەنێکی بەدناوکردن و ئابڕووبردنیش بێ بەش نییە))( مودەریس، ١٣٨٧، ٦١٠).

لەو بۆچوونەدا تێدەگەین مامۆستا مودەریس درک بەوە دەکات کە دەقەکە هەجو نییە، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە بەهۆی باسکردن لە ئەندامەکانی مێینەی(مەستوورە) بەشێوەیەکی زۆر ئاشکراو ورد مەبەستی ناوزڕاندنی لەپشتەوەبێت، ئەمەش بە داهێنانێکی نالی دادەنێت بەوەی کە پێشتر لەمجۆرە دەقە لە ئەدەبی کوردیدا بوونی نەبووە و تەنانەت شێخ ڕەزاش بە شوێنکەوتەی نالی دادەنێت لەمبوارەدا، وەک دەڵێت: ((بۆیە لەم ڕووەشەوە هەربە پارچەیەکی ڕەچەشکێن دائەنرێ، شێخ ڕەزا لەم مەیدانەشا بە قوتابی قوتابخانەی نالی ئەدرێتە قەڵەم ))( مودەریس، ١٣٨٧، ٦١٠) ئەمە خوێندنەوەیەکە کە پێشتر بۆ ئەم دەقەی نالی کراوە، بەڵام کاتێک خوێندنەوەکەی (سیوەیلی) دەخوێنینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تێگەیشتنێکی جیاوازی بۆ ئەم دەقە هەیەو ئەو پێی وایە کەنالی لەم قەسیدەیەدا تابۆ ئیسلامی و قورئانیەکانی تایبەت بە ژن ڕەچاو ناکات، چونکە ئەو نەک هەرباس لە جەستەی مێینە دەکات، بەڵکو باس لە بەشێک لەو جەستەیە دەکات کە ژنێتی و سێکسواڵێتیەکەیەتی، ئەمەش بە تابۆشکێنییەکی ئاینی ئەژماردەکرێت، چونکە باسکردنی قەدەغەیە. ئەوەی کە بەلای ئێمەوە خوێندنەوەیەک و تێگەیشتنێکی جیاواز و نوێیە ئەوەیە کە نووسەر، پێیوایە نالی لە ڕوانگەیەکی نێرانەوە لە مەستورەی مێینەی نەڕوانیوە، بەڵکو لەم دەقەدا پێگەی ژنێتی بۆ مەستوورە گەڕاندۆتەوە و بێدەنگکراوێکی هێناوەتە گۆ تاکو بەئاشکرا گوزارشت لەخۆی بکات، وەک دەڵێت: ((نالی وەک هەرپیاوێک یان نێرینەیەک، کە  هەڵگری کۆد و ڕوانگە دینیەکانە بۆ پێگەو جەستەی ژن، لە ژنێتی ناڕوانێت، بەڵکو ئەو بێدەنگکراوێک دەهێنێتە دەنگ و بایەخ بۆ سۆژەی ژنێتی دەگێڕێتەوە تا گوزارشت لە خۆیبکات، لێرەشدا نالی (نائامادەیەک)ی کلتوری کە سۆژەی ژنێتیە،(ئامادە) دەکاتەوە بەبێ دانانی هیچ سانسۆرێک لەسەری )) (سیوەیلی ، ٢٠٢٠، ١٧٥).

کەواتە جیاوازی تێڕوانین و تێگەیشتن دەبینین لەنێوان ئەو دوو خوێندنەوەیەی کەباسکران و هەریەکەشیان پشتبەست بە پاشخانێکی زانیاریی سەبارەت بە دەقی شیعری، ئەو  بۆ چوونانەیان دەربڕیوە بۆیە ئێمەش دەڵێین:  ئەوە بەرزی ئاستی دەقەکەی نالییە کە خوێندنەوەی جیاواز  لە سەردەمی جیاوازدا بەرهەمدەهێنێت و دەتوانین بڵێین:  کە نالیش ئەو دەقەی تەنها بۆ زەمەن و خوێنەرانی سەردەمی خۆی نەنووسیوە، خوێنەرانیش بۆ تێگەیشتن و پرکردنەوەی بۆشاییەکانی نێو دەقەکە پێویستیان بە ڕۆشنبیرییەکی بەرز هەیە.

سەبارەت بە نووسینەکانی تری بواری ڕۆشنبیری کوردیی لەبارەی تیۆری وەرگرتنەوە، هەریەک لە (زاهیر لەتیف کەریم و نیان نەوشیروان مەستی) لە کتێبێکیاندا بە ناونیشانی ( دراسات نقدیة مقارنة) بەشێکیان تەرخانکردووە بۆ کارکردن لەسەر دەقەکانی شێرکۆبێکەس و بەدر شاکر

سەیاب بەناونیشانی(علائقیة الفجوة و افاق التوقع) لەساڵی ٢٠١٠دا نزیکەی ٤٤ لاپەڕەیان بۆ ئەم بابەتە تەرخانکردووە، ئەگەرچی کتێبەکە بە زمانی عەرەبییە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشێکی بوارە پراکتیکیەکەیان دەقەکانی شێرکۆبێکەسە، بۆیە ئێمە بەباشمانزانی وەک سەرچاوەیەکیتری کارکردن بە چەمکەکانی تیۆری وەرگرتن لەبواری ڕەخنەی کوردیدا ڕیزبەندی بکەین.

نووسەران لەسەرەتادا باسیان لە سروشتی دەق و گرنگی پرۆسەی خوێندنەوە کردووە کە دەق لە کەموکوڕی دەربازدەکات ، چونکە خودی دەق وەک ئەوان دەڵێن: بەبێ خوێنەر بە ناتەواو ئەژماردەکرێت ( کریم و فؤاد،٢٠١٠، ٢٨١) هەروەها لەسەر ڕۆڵی خوینەر لە پرۆسەی خویندنەوە وەستاون و ئەو ڕۆڵەیان دیاریکردووە کە لەدەرخستنی بۆشاییەکانی نێو دەقەکەدا دەیبینێت و ئەمە سەرەڕای باسکردنێکی وردی هەردوو چەمکی (ئاسۆی چاوەڕوانی) ی ( یاوس) و ( بۆشایی دەق) ی ( ئایزەر) کە لە پرۆسەی پێدانی واتا بە دەقەکە چۆن وە چ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن.

ئەوەی کە بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بەباتەکەمانەوە هەیە ئەوەیە کە ئەم هەوڵە ئەکادیمییە توێژینەوەیەکە لەبارەی چەند دەقێکی شێرکۆبێکەسی شاعیرەوە لەڕوانگەی چەمکەکانی(ئاسۆی چاوەڕوانی) و( بۆشایی دەق)ەوە کراوە، کە بەشێوەیەکی پراکتیکی کاریان لەسەر دەقی( گوێچکە)،( خەوێکی خۆش)و(سۆز)ی شاعیر کردووە (کریم و فؤاد، ٢٠١٠،٢٨٨-٣١٧)، لەکۆتاییدا ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە کە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان ئاسۆی چاوەڕوانی و بۆشایی دەقدا و بەبوونی هەردووکیان لە دەقێکدا، کردەی داهێنان بەرجەستە دەبێت و دەقێکی نمونەیی لەدایک دەبێت. ئێمەش پێمان وایە کە زۆرجار لەیەک دەقدا هەردوو چەمکە بوونیان هەیەو دەتوانرێت کاریان لەسەر بکرێت، بەڵام ئێمە لەم تێزەدا بۆمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکەکان بەجیا لێیان دواوین، ئەگەرنا دەتوانرێت لەهەندێک لەو دەقانەی کە وەرمانگرتوون هەمان ڕێبازی کارکردن لەسەر دەقەکان پەیرەو بکرێت. لەکۆتایشدا دەڵێین: بەهۆی کەمی توێژینەوە تا ئەمکاتە لەمبوارەدا بەتایبەت پراکتیزەکردنی چەمکەکان لە دەقی کوردیدا، ئەم توێژینەوەیە بەهایەکی زانستی بەرزی هەیە و بۆهەموو ئەوانەی کە خوازیارن بەم چەمکە ئاشنابن وبۆئێمەش سەرچاوەیەکی بەسودبوو.

(عەلی تاهیر حسەین و شنۆ محمد محمود ) لەتوێژیەوەیەکیاندا بە ناونیشانی ( زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانی و خوێندنەوەی دەقی شیعری)دا کە لە ژمارە (٣٣)گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی (B) سالی ٢٠١٢دا ،بڵاوکراوەتەوە باسیان لە یەکێک لە چەمکەکانی ( تیۆری وەرگرتن) کردووە کە ئەویش(ئاسۆی چاوەڕوانی)یە، نووسەران هەرچەندە تەنها چەمکی(ئاسۆی چاوەڕوانی) (یاوس)یان وەرگرتووە بۆ کارکردن لەسەر دەقی شیعری وەک دەڵێن: (( ئێمە لەم باسەدا تەنیا خۆمان لە هەوڵەکانی (هانز ڕۆبەرت یاوس) دەدەین و بەس، بەتایبەتی زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانی (افق

الانتظار)دەس بۆ هەوڵەکانی (فۆلف گانگ ئایزەر) نابەین، چونکە ئێمە مەبەستمان ئەوەنییە ، باسی تیۆری وەرگرتن و قوتابخانەی کۆنستانس بە گشتی بکەین، بەڵکو مەبەستمانە، تەنیا لەهەندێک زاراوە لای یاوس بدوێین ))(بەرزنجی و محمود، ٢٠١٢ ، ١٢٨) ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە سنووری کارەکە، کە توێژینەوەیەکە دیاریکراوەو وەک نووسینی کتێبێک نییە، کەبوار بدات بە دووروودرێژی لەبارەی هەموو لایەنەکانی بابەتێکی دیاریکراوەوە بنووسرێت.

بەبڕوای ئێمە  ئەوەی کە خاڵی ئەرێنی و گرنگە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە، کە نووسەران دوای باسکرنێکی تیۆریانەی چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی، بەشێوەیەکی پراکتیکی و لە دەقێکی ( گۆران) دا پراکتیزەی دەکەن و ڕوونیدەکەنەوە کە چۆن و بۆچی ئاسۆی چاوەڕوانی ئەم دەقەی گۆرانی شاعیر لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەراندا ناگونجێت، یان بە واتایەکیتر چۆن بەریەککەوتنێک لە نێوان ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران و دەقەکەدا ڕوودەدات و هۆکارەکانی دیاریدەکەن وەک دەڵێن: (( وا دابنێ ئێستا ئێمە لە سەردەمی (گۆران) داین، خوێنەر و شاعیرو ڕەخنەگری ئەو سەردەمەین، بۆ ڕوونکردنەوەی کارەکەمان لە پێشدا دەپرسین ئەو سەردەمەی (گۆران) چۆن بووە؟ مەبەستمان زیاتر لایەنە ئەدەبیو شیعریەکەیەتی، چی لەوسەردەمەدا لەبواری شیعردا ڕوویدا؟ چ گۆڕانکاریەک بەسەر شیعری کوردیدا هات؟))(بەرزنجی و محمود،٢٠١٢،١٢٩) تا دەگاتە ئەوەی کە باس لە فاکتەرەکانی ئەو تێکشکانی ئاسۆی چاوەڕوانیەی خوێنەران بکەن لە لایەن گۆرانەوە، وەک دەنووسن (( سەردەمی گۆران سەردەمێک بوو پڕ لە بەخشین و گۆڕانکاری ، وەچەرخانێک بوو لە شیعری نوێی کوردیدا. بەخشش و داهێنانی شیعری گۆران وەک پێشەنگی شیعری کوردی لەبارخوازی و بنەما چەسپاوەکان دەرکرد و بەرەو زەمینەیەکی نوێ و کراوەیی برد. گۆران هەندێک کەرەستەی هونەریی کۆنی خستەلاوە و لەبری ئەوە کەرەستەو شێواز و دەلالەتی نوێی بە شیعری کوردی بەخشی. ئەو بەیتی تێکشکاند و ڕیتمی نوێی هێنایە کایەوە، تاڕادەیەک شیعری لە چوارچێوەی ڕەوانبێژی دەرکرد و لەبری ئەوە وێنەی نوێی دوور لە کەرەستەی سواوی ڕەوانبێژی داهێنا ))(بەرزنجی و محمود، ٢٠١٢ ، ١٣٠) دواتر بەریەککەوتنی نێوان دەقەکانی گۆران و خوێنەران ڕووندەکەنەوە، چونکە وەک ئەوان پێیانوایە خوێنەرانێک کە بە بنەما کۆنەکانی شیعر ڕاهاتوون، بەم دەقانەی گۆران تووشی شۆک دەبن و لەسەرەتادا ڕەتیدەکەنەوە، وەسەبارەت بەو خوێنەرانەشی کە پەسەندی دەکەن باس لە سەرهەڵدانی مەودایەکی ئێستاتیکی دەکەن لەزەینیاندا.

بەلای ئێمەوە خاڵی بە هێزی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بەپێی یەکێک لە چەمکەکانی تیۆری وەرگرتن دەقی شیعری شیدەکاتەوە، ئەمەش بۆخۆی دەستپێکێکی گرنگە بۆ ئەو خوێنەرانەی کە مەبەستیانە لە چەمکەکانی تیۆری وەرگرتن بگەن.

(یادگار لەتیف شارەزووری) لەسالی ٢٠١٢دا کتێبێکی بە ناونیشانی ( تیۆرەکانی وەرگرتن ، لە ئێستاتیکای وەرگرتنەوە بۆ ڕەخنەی هاتنە وەڵامی خوێنەر) بڵاو کردۆتەوە، ئەم کتێبەش هەوڵێکیتری ئەکادیمیانی کوردە بۆ ناساندنی تیۆرەکانی وەرگرتن، ڕەنگە یەکەم کتێبێکیش بێت کە تایبەت کرابێت بەو بوارە، چونکە لەکتێبی تردا بەشێک یان پارێک بۆ قسەکردن لەسەر ئەم تیۆرییە تەرخانکراوە، بەڵام ئەم کتێبە بەتەواوی تەرخانە بۆ ئەمبوارە، ئەمەش بە سەرچاوەیەکی باش دادەنرێت بەتایبەت بۆ کورد زمانان، ئەوەی کەپێویستە لەبارەی ئەم کتێبەوەبەوە بیڵێین: ئەوەیە لە دووتوێی ١٥٨ لاپەڕەدا کە نووسەر دابەشیکردووە بۆ دووبەشی سەرەکی، لەبەشی یەکەمدا کەبەناونیشانی(ئێستاتیکای وەرگرتن) بەدرێژی لە تیۆری وەرگرتن بەگشتی و سەرچاوە مەعریفی و فەلسەفیەکانی ئەم تیۆرییە و چەمکەکانی وەک ( ئاسۆی چاوەڕوانی و ڕوانگەی گەڕۆک ) دواوە و پاشان لە بارەی پرۆسەی خوێندنەوەو ڕۆڵی خوێنەر لەو پرۆسەی پێدانی واتا بەدەق دواوە.

هەرچی بەشی دووەمە زیاتر تەرخانیکردووە بۆ( ڕەخنەی هاتنە وەڵامی خوێنەر) و لەمبوارەشدا زیاتر لای تیۆرانینەکانی (ستانلی فیش) وەستاوە بۆ خوێنەر، کە چۆن خوێنەری وەک سەنتەر بینیوە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، دواتر لای (جیراڵد پرێنس) باسی لە جۆرەکانی (بۆگێڕەرەوە) کردووەلای ئەو، پاشان لای ڕابەرانیتری ڕەخنەی هاتنە وەڵامی خوێنەر(جۆناسان کالەر) و (میکائیل ریڤاتیر) کۆتایی بە بابەتەکانی نێو کتێبەکەی هێناوە .

سەرنجی ئێمە لەسەر ئەم کتێبە ئەوەیە کە سەرەڕای بینینی وەک سەرچاوەیەکی بەسوودی ئەم بوارە، بەڵام بەلامانەوە جێی سەرنجە کە نووسەر بەتایبەت لەبەشی یەکەمدا قورساییەکی زۆری خستۆتە سەر چەمکی(ئاسۆی چاوەڕوانی ) (یاوس ) کەمتر باسی لە چەمکەکانی ( ئایزەر) کردووە بەتایبەت چەمکی (بۆشایی دەق و خوێنەری ناوەوە) هەرچەندە لە پەیوەندی نێوان (ڕوانگەی گەڕۆک و ئاسۆی چاوەڕوانی) دواوە، بەڵام بۆشایی دەق کە پێمان وایە پێگەیەکی گرنگی هەیە لەم تیۆرییەدا نووسەر ڕوونینەکردۆتەوە، چونکە تیۆری وەرگرتن یان وەک ئەوەی کە ئەوبە ئێستاتیکای وەرگرتن ناوی هێناوە، لەئەنجامی تێڕوانینەکانی دوو ڕابەری قوتابخانەی کۆنستانسی ئەڵمانی(یاوس) و(ئایزەر) پێکهاتووەو بە یەکانگیربوونی چەمکەکانی هەردووکیان دەتوانرێت وێنەیەکی تەواوی بابەتەکە بگەیەنرێتە خوێنەر، هەروەها ئەوەی تێبینیشمان کرد ئەوەبوو کە لەم کتێبەدا نووسەر خۆی لە قەرەی شیکردنەوەی دەق نەداوە، هەرچەندە نووسەر ئازادە لە شێوازی نووسینی هەربابەتێکدا کە دەینووسێت، بەڵام پێمانوایە تەرخانکردنی کتێبێک بە گشتی بۆ بابەتێک ڕەنگە وەک پێویستیەکی بابەتییش پراکتیکی دەق خۆی بسەپێنێت کە لەم کتێبەدا نەمانبینیوە (شارەزووری ، ٢٠١٢).

نووسەر و وەرگێڕ (عەتا قەرەداغی)یش لەساڵی ٢٠١٦دا کتێبی ( تیۆری ئەدەبی )ی ( تێری ئێگڵتن)ی لەزمانی ئینگلیزیەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی، ئەم کتێبە ئەگەرچی وەرگێڕانە و نووسینی نووسەرێکی کورد نییە، بەڵام وەک سەرچاوەیەک بەگرنگمان زانی باسیبکەین، چونکە لەرێگەیەوە خوێنەری کورد ئاشنا دەبێت بە تیۆری وەرگرتن و دەرگایەکی لێدەکاتەوە بەرەو شارەزابوون لەم تیۆرییە. بەشی دووەمی ئەم کتێبە کە بەناونیشانی ( دیاردەناسی، راڤەکردن و تیۆری وەرگرتن)ە، تیایدا لە لاپەرەکانی ١٢٩-٢٠٩دا سەرەرای باسکردن لە دیاردەناسی و راڤەکاری، تێروانینەکانی هەریەک لە رابەرانی  تیۆری وەرگرتن( یاوس)و (ئایزەر) خراوەتەروو سەبارەت بە خوێندنەوەی دەق و مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، ئەوەی کەلەم سەرچاوەیەدا گرنگە ئەوەیە کە نووسەر تێمان دەگەیەنێت کە خوێنەر دەبێت بە چ شێوازێک بەرەو دەق بچێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات، پێویستی کراوەیی بیری بەیەکێک لە مەرجەکانی خوێنەر دادەنێت لە پرۆسەی خوێندنەوەدا و ئەوە داوادەکات کە پێویستە خوێنەر بیروراکانی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە ((لە راستیدا تیۆری وەرگرتنی ئایزەر، پشت دەبەستێت بە ئایدۆلۆجیای مرۆیی لیبراڵ، کە بروایەکە پێی وایە پێویستە ئێمە لە خوێندنەوەدا نەرمونیان و مێشککراوەبین، خۆمان ئامادە بکەین بۆئەوەی بیروراکانمان بخەینە بەردەم پرسیارو رێگەیان بدەین گۆرانکاریان بەسەردا بێت)) (ئیگڵتن،٢٠١٦، ١٨٢ ) هەروەها نووسەر هاوئاهەنگی و کاریگەری فینۆمینۆلۆجیای لەگەڵ تیۆری وەرگرتندا روونکردۆتەوە و لەو بەشەشدا باسی لە رەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر و بەتایبەت تێروانینەکانی (ستانلی فیش) کردووە.

(حەمە مەنتک) یش لە کتێبی ( میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی- رەخنەی ئەدەبی لەرووی تیۆرییەوە) کە لەساڵی ٢٠١٨دا چاپیکردووە، لەدووتوێی (١٠) لاپەرەدا باسی لە تیۆرییەکانی وەرگرتن کردووە، نووسەر بە ( میتۆدەکانی وەرگرتن) ناوی بردوون و ئەمەشی لەبەرئەوەیە کە هەردوو تیۆری(ئێستاتیکای وەرگر/وەرگرتن) و( هاتنە وەڵامی خوێنەر) بەدوو ئاراستەی رەخنەیی پۆلێنکردووە کە هەردووکییان لەسەر بنەمای پێوەرێکی هاوبەش کاردەکەن کە ئەویش خوێنەرە و دەیکەنە سەنتەری کاریان وەک دەڵێت: (( بۆیەش دەڵێین میتۆدەکانی وەرگرتن، چونکە دوو ئاراستەی رەخنەیی لەسەر بنەماو پێوەری هاوبەش کاردەکەن. هەردووکیان خوێنەر دەکەنە ناوەندی بیرکردنەوەو توێژینەوە لە دەق. یەکەمیان بە (ئێستاتیکای وەرگر/وەرگرتن ) کە رەخنەگر هانز رۆبەرت یاوس و فۆڵگانگ ئایزەر رابەرایەتیان دەکرد، ئەوەی دووەمیان بە ( هاتنە وەڵامی خوێنەر) کە رەخنەگران ستانلی فیش، میکائیل رێڤاتێر، نۆرمان هۆلاند و چەند کەسێکی دیکە رابەرایەتیاندەکرد)) (مەنتک، ٢٠١٨، ١٣٩) لە درێژەی باسکردنی ئەم تیۆرییەدا نووسەر هەوڵیداوە بۆ

مەبەستی بەراوردکردنێکی خێرای تیۆرییەکانی پێشوو کە زیاتر کاریان لەسەر نووسەر و دەق کردووە باسێکی کورتی کردوون و دواتر لەسەر تێڕوانینەکانی یاوس و ئایزەر وەستاوەو چەمکەکانی (ئاسۆی چاوەڕوانی) و (خوێنەری شاراوە) ی ڕوونکردۆتەوە و لەسەر کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر ڕاوەستاوە، هەمانشێوە باسی لە تیۆری (هاتنەوەلای خوێنەر) کردووە و بەکورتی ئاماژەی بە تێڕوانینەکانی ڕابەرانی ئەم تیۆرییەی کردووە. ئەوەی کەپێویستە بوترێت ئەوەیە کە بە بڕوای ئێمە (حەمە مەنتک ) لەم کتێبەیدا هەوڵی داوە لا لەو تیۆرییە نوێیانە بکاتەوە کە لە کایەی ڕەخنەی ئەدەبیدا کاردەکەن و دەق شیدەکەنەوە، بەتایبەت ئەم تیۆرییە کە کەمتر دەبینرێت لە ڕەخنەی کوردیدا، بەڵام کارەکەی تەنها لەبواری تیۆریدا ماوەتەوەو نەچۆتە بواری پراکتیکەوە (هەرچەندە ئەمەش لە ناونیشانی کتێبەکەدا ئاماژەی پێدراوە کە تەنها لەڕووی تیۆرییەوە باس لە ڕەخنەی ئەدەبی دەکات)، بەڵام بەبڕوای ئێمە ڕەنگە تێگەیشتن و ئاشنابوون بە لایەنی تیۆری ئەم تیۆرییانە بۆ خوێنەران زۆرگران نەبێت بەتایبەت بۆ ئەو خوێنەرانەی زمانی دووەم دەزانن، ئەمەش بە واتای کەمکردنەوە لەبەهای ئەم کتێبە نایەت، چونکە بەتەنها تایبەت نەکراوە بۆ ئەم بابەتە، بەڵام لایەنە پراکتیکیەکە کارە گرنگەکەیە تاکو خوێنەرانی کورد پێی ئاشنابن. ئەوەی جێگەی سەرنجەو وەک خاڵیکی ئەرێنی دەبینرێت لەم کتێبەدا ئەوەیە، کە نووسەر لە کۆتایی بابەتەکەدا بەچەند خاڵێک، خاڵی بەهێز و کەموکورتیەکانی دیاریکردووە، تاکو خوێنەران بەرچاویان ڕوونبێت سەبارەت بە شێوازی کارکردنی ئەم تیۆرییە لەسەر دەق.

(موحسین ئەحمەد عومەر ) لە کتێبی ( بەراوردی ئەدەبی ) دا لەکۆی ١٣٥لاپەڕەدا لاپەڕەکانی( ٩٣-٩٨)ی تەرخانکردووە بۆ باسکردنی ئەم تیۆرییە و ئاماژەیەکی کورتی بە تیۆری وەرگرتن و خوێندنەوە بە پێی قوتابخانەی کۆستانس کردووە، ئەوەی کە لەو باسە کورتەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کەنووسەر سەرەڕای باسکردنێکی کورتی مێژوویی و ناوەڕۆکی تیۆری وەرگرتن و جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندی نێوان (دەق و خوێنەر) و تێڕوانینەکانی هەریەک لە یاوس و ئایزەر و بەتایبەت چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی، لەڕێگەی ئاماژەیەکی بروسکە ئاساوە خۆی لە قەرەی پراکتیکی داوە، وەک ئەوەی کە لە باسکردنی بنەماکانی چەمکی ( ئاسۆی چاوەڕوانی)دا و لەیەکەمیاندا دەڵێت: (( ١- ئەزموونی پێشوەختە کە خوێنەر هەیەتی لە بارەی جۆری ئەدەب، وەک بۆ نمونە شیعری گۆران کە خوێنەر دەزانێ گۆران شیعری ڕۆمانتیکی نووسیوە)) (عومەر،٢٠٢٢، ٩٦) هەرچەندە لە دوو خاڵەکەی تردا کە بریتینلەو بابەتەی کە خوێنەر هەڵیدەبژێرێت بۆ خوێندنەوە و جیاوازی نێوان زمانی ئەدەبی و زمانی ئاسایی یان زانستییە، نووسەر ئاماژەی بە دەقێک یان شاعیرێک نەکردووە بۆ خوێنەر تاوەکو دەرگای تێگەیشتنی بۆ بکاتەوە، بەڵام ئەوەی کە لە خاڵی

یەکەمدا باسکراوە بەلای ئێمەوە زۆر ورد نەبووە لە ئاماژەکەیدا هەرچەندە دەتوانرێت ڕاستی تێدا ببینرێت بەوەی کە خوێنەر ئەزموونی لەگەڵ گۆرانی شاعیردا پەیداکردووە بەوەی کە ئەو شاعیرە دەقەکانی ڕۆمانتیکین، ئەمە بۆ ئەو قۆناغەی کە شاعیر خۆی لە جیهانی ڕۆمانتیکدا بینیوەتەوە ڕاستە، بەڵام خۆ گۆران پێش چوونە نێو جیهانی ڕۆمانتیکەوە چەندین دەقی کلاسیکی هەبووە، بۆ وەک ڕاهاتنێکی  خوێنەر لەگەڵ دەقەکانی ئەودا سەیرنەکرێت کاتێک بەرەو ڕۆمانتیک دەچێت ئاسۆی چاوەڕوانی تێکدەشکێنێت،جیا لەمەش گۆران دوای ڕۆمانتیک دەچێتە قۆناغی ڕیالیزمیشەوە ئەمە لەلایەک، لەلایەکیتریشەوە گۆرانی شاعیر لە زۆر لایەنەوە کاری لەسەر تێکشکانی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرکردووە، نەک تەنها لە گواستنەوەی لە ڕۆمانتیکەوە بۆ ڕیالیزم.

لەکۆتایدا دەڵێین:بە بەراورد بە پانتایی ڕەخنەی ئەدەبی نەتەوەکانی دراوسێ، پانتایی ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی بە نمونە، ڕەخنەی ئەدەبی کوردییمان زۆر هەژارە لەم بوارەدا، لای نەتەوەی عەرەب چەند دەیەیەک پێش ئێستا تیۆری وەرگرتن لەبواری ڕەخنەدا ڕەنگیداوەتەوەو چەندین نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرادا نووسراون و بە پێی بنەماکانی ئەم تیۆرییە خوێندنەوەیان بۆ دەقی شیعری و ڕۆمانەکانیان کردووە،  ئەمە سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری کتێب چ بە نووسین بن یان وەرگێڕان لە بواری ڕوشنبیری عەرەبیدا دەبینرێت و ئێمەش سوودمان لە بەشێکی زۆری ئەو سەرچاوە عەرەبیانە وەرگرتووە لەم توێژینەوەیەماندا، بەڵام بەداخەوە ژمارەی ئەو سەرچاوە کوردیانەی لەبەردەستدان لەمبوارەدا زۆرکەمن و ئەمەش نیشانەی هەژاری ڕۆشنبیری و ڕەخنەی کوردییە لەم لایەنەوە.

# بەشی سێیەم

## چەمکەکانی تیۆری وەرگرتن و پراکتیزەکردنیان لە دەقی کوردیدا

## پاری یەکەم: چەمکەکانی هانز ڕۆبەرت یاوس Hans Robert Jauss

وەک لە بەش و پارەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، تیۆری وەرگرتن لە تیڕوانین و چەمکەکانی دوو ڕەخنەگری ئەڵمانی (هانز ڕۆبەرت یاوس) و( ڤۆلگانگ ئایزەر) پێکهاتووە، ئەم دوو ڕابەرەی تیۆریەکە، هەریەکەیان خاوەن تێڕوانین و چەمکی تایبەت بە خۆیانبوون، ئەگەرچی لەهەندێک تێڕوانیندا جیاوازبووبن، بەڵام دژیەک نەبوون و بۆ یەک ستراتیژ کاریانکردووە، بەمەبەستی زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەو چەمکانە هەوڵدەدەین لەم بەشەدا بەجیا لێیان بدوێین و لە ڕووی تیۆرییەوە ڕوونیان بکەینەوە دواتریش لەنموونەی دەقی شیعری کوردیدا پراکتیزەیان بکەین.

یاوس کە یەکێکە لە ڕابەرانی تیۆری وەرگرتن و خاوەنی چەندین چەمکی بەکارهاتووە لەم تیۆریەدا ئەوانیش بریتیین لە:

### ١-چێژی ئێستاتیکی(المتعة الجمالية):

یاوس ئەم چەمکەی بەکارهێناوە لەپێناو گەڕانەوەی ئەزمونی ئێستاتیکی بۆ شوێنی خۆی لە ناوەندی تیۆری ئەدەبیدا و دابەشیکردووە بۆ دوو لایەن: یەکەمیان ئەوەیە کەجێبەجێدەبێت بەسەر هەموو ئەوچێژانەدا کەدەبێتە هۆی بەدەستەوەدانی خود بۆ بابەت کە پێش ساتی دووەم دەکەوێت ئەوەی کە یاوس بە نامۆ باسیدەکات سەبارەت بە چێژی ئێستاتیکی و هەڵوێستێکی وا لەخۆدەگرێت کە بوونی بابەتی هەبێت و بیکاتە ئێستاتیکا (هولب،١٩٩٢،٩١).

یاوس ڕەخنە لە چێژی (بارت)دەگرێت بەوەی کە لەسەر چێژی خوێنەر بۆبابەتی نووسەر لەڕێگەی پەیوەستێکەوە کەزمانە دەوەستێت، لەکاتێکدا لای ئەم چێژ لە شێوازی ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبیدا دەردەکەوێتو پێویستی بە گەیشتنە بابەتی ئێستاتیکایی دەقی ئەدەبییە، دوای بیرکردنەوەو کارکردن و پەرچەکردارە جیاوازەکانی بەرامبەر بە دەقە ئەدەبیەکە، بەشێوەیەک کە چێژی ئیستاتیکی لەچوارچێوەی بەشداریکردنی دوولایەنەی ئارەزووەکانی خوێنەرو بەکارهاتووەکانی دەقدا ،پێکدێت، بۆیە چێژ لەساتی دەرکەوتنی خودی خوێنەر لە دەقدا ڕوودەدات (حفيظة زين، ٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٨٢). ئەوەی کە یاوس کورتی کردۆتەوە لە ((چێژی خود لە چێژی بەرامبەردا)) (هولب،١٩٩٢، ٩٥) هەروەها لەتوێژینەوەکانیدا دەربارەی چێژی ئێستاتیکی جەختی زۆری کردۆتەسەر ئەزموونی ئێستاتیکی خوێنەر لە ڕێگەی کەڵەکەبووەکانی بە درێژایی مێژوو، لەوانەش بەرهەمی (ئێستاتیکی لەڕێگەی (ئەزموونی ئیستاتیکی بەرهەم هاتوو) و لەگەڵ پێشوازیکردنی چێژ لەڕێگەی (ڕەهەندی وەرگرتن)ەوە هەروەها پێگەیاندنی چێژ لەڕێگەی (ڕەهەندی گەیاندن) ەوە ئەمەش ئەو چێژەیە کە دەقی ئەدەبی دروستیدەکات لە ناخی وەرگر یان خوێنەردا و دەبێتە هۆی دروستکردنی گۆڕانکاری

لەئاسۆی چاوەڕوانیدا و ڕووداني بەیەکگەیشتنی لەگەڵ دەقە ئەدەبیەکەدا. کەواتە بەهای دەق، نە لەدەسەڵاتی نووسەرەو نە ئەزمونی چێژییە و لە چێژی ئەزموونی وەرگرانیشەوە نایەت، بەڵکو لە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی دەقە ئەدەبییەکەوە دێت بەرامبەر بەژیان و مێژوو، هەروەها لەوهاوبەشییەوە دێت کە لەنێوان(چێژی بەرهەم، چێژی وەرگرتن و چێژی گەیاندن)دا ڕوودەدات. بۆ تێپەڕاندنی مەودای جیاکارو و ئاڵۆزی چاودێر بەسەر بەدوایەکدا هاتووەکانی کات بەشێوەیەک هەریەک لە دەسەڵاتەکان چێژی خۆی دەپارێزێت و دواتر ئێستاتیکا و بەهایەکی هونەری باڵا بەدەستدێنێت. یاوس ئەوەی پشتڕاستکردۆتەوە کە دەقی ئەدەبی تەنها بە ویستی نووسەرەکەی گەشەناکات، بەڵکو کار لە وەرگردەکات و ئەمیش بە پرسیارە بەردەوام و تازەکانی کە لەدەقەکەی دەکات، جەخت لە بەهای وەرگرتنە کەڵەکەبووەکانی دەقەکە وەکاریگەری ئاسۆکانی پێشوو لە بونیادنانی ئاسۆی چاوەڕوانی ئێستادا دەکاتەوە. لەڕاستیدا ئامانجی سەرەکی یاوس لەوەدا بریتیبووە لە پێکگەیاندنی ڕابردوو لەگەڵ ئێستادا و گەڕانەوەی مێژووی ئەدەبی بووە بۆ ناوەندی توێژینەوە تیۆرییەکان ( حفيظة زين، ٢٠٠٤-٨٢،٢٠٠٥).

## ٢--ئاسۆی چاوەڕوانی(افق الانتظار):

ئاسۆی چاوەڕوانی وەک زاراوەیەک کە (یاوس) بەکاریهێناوە سوودی لەزاراوەی (ئاسۆی پێشبینیی) ( افق التوقع) ی زانای کۆمەڵناسی جوولەکەی بەڕەگەز هەنگاری ( کارل مانهایم ١٨٦٣-١٩٤٧) وەرگرتووە، چونکە (کارل مانهایم) بۆیەکەمجار ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە لە وتارێکیدا بەناوی(سۆسیۆلوجیای ڕۆشنبیری). بەلای ئەوەوە واتای(کۆمەڵێک بەهاو پێوانە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو )دەگەیاند. هەروەها ( ئاسۆی پێشبینیی)ئاماژەبوو بۆ بیرو بۆچوونەکانی پێشوو، ئامانج و ترسی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا، دواتر ڕابەرانی(دیاردەگەرایی و هێرمۆنتیکا) (هۆسرەڵ و گادامێر) یش بەکارهێنرا (کولوقلی،٢٠١٢،٩٤).

ئاسۆی چاوەڕوانی ئەو پێوەرانەیە کە خوێنەر بەکاریان دەهێنێت بۆ خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی، واتە هەموو خوێنەرێک کۆمەڵێک دیدو پێوەر لای جێگیربوون لەو ڕوانگەیەوە مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا دەکەن ئەم پێوەرانە لای چەسپیوونو بوون بە ئاسۆیەک لەلای وەکاتێک دەقێک دەخوێننەوە چاوەڕوانی ئەوەدەکەن لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکەدا بگونجێت(بەرزنجی و محمود،٢٠١٢،١٠) یان ڕوونتر بڵێین: ئاسۆی چاوەڕوانی لای یاوس بریتییە لە کۆمەڵێک چاوەڕوانی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی کە خوێنەرهەیەتی و بەکاریان دەهێنێت لە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا.

(ناضم عودة خضر) له كتێبەكەیدا بەناوی (الاصول المعرفية لنظرية التلقي)  پێیوایه كه خاڵی گرنگ لای یاوس لەئاسۆی چاوەڕوانیدا بریتییە لەوەی ئەم چەمكە پەیوەستە بە توێژینەوەی پێشكەوتنی ژانەری ئەدەبییەوە، لەبەرئەوەی هەندێك لە لێكدانەوەكان لەگەڵ كارەئەدەبییەكان و كەڵەكەبوونی تێگەیشتندا بوون بەوپێیەی ئەوپێشكەوتنەی كە بەسەر ژانەرەئەدەبیەكاندا هاتوون بەهۆی تێگەیشتنی پێشووتری لە ژانەرەكەوەبووە لەڕووی شێوە، شێواز و زمانەكەیەوە، چونكە ئەوجۆرە كەوتۆتەبەر لێكدانەوەو خوێندنەوەی زۆر، بەجۆرێك هەندێكیان لەناو خودی ئەدەبەكەوەبووە و وەهەندێكیتریشیان لە زانستەكانی نزیكیەوەبوون، هەموو ئەم گۆڕانكاریانە بەشدارییانكردووە لە پێشكەوتنی ژانەرەكەدا، بۆنموونە لەپێشكەوتنی( داستان و ڕۆمان ) دا، پێوەری ئەم پێشكەوتنەش وەرگرە بەهۆی ئەزموونەكانی پێشووی لەخوێندنەوەی كارەئەدەبییەكاندا وە دەستنیشانكردنی ئەو پێشكەوتنە لەوساتەی كە پێوەرەكانی تێدەپەڕێنرێت، ئەو چركەساتەش، چركەساتی نائومێدییە، چونكە خوێنەر تووشی نائومێدی دەبێت لە نەگونجانی پێوەرەكانی لەگەڵ پێوەرە تازەكانی كارە ئەدەبییەكەدا (خضر،١٩٩٧،١٤٠).

ئاسۆی چاوەڕوانی دەكەوێتە ژێركاریگەری سێ هۆكارەوە كەبریتین لە:

١-ئەزمونەكانی پێشووی كەخوێنەر بەدەستیهێناوە لەبارەی ئەو ژانەرە ئەدەبییەی كە دەقەكە بۆی ئەگەڕێتەوە.

مەبەست لەوەیە كە خوێنەر كاتێك دەقێك دەخوێنێتەوە لە بۆشاییەوە دەستپێناكات، بەڵكو بەپێی ئەو زانیاریانەی كە لە بیرەوەریدا هەڵگیراون ڕێڕەوی خوێندنەوەكەی دیاریدەكات (پاشخانی زانیاری)كەبەهۆكاری سەرهەڵدانی كارلێك دادەنرێت لەنێوان خوێنەرو دەقدا، لەگرنگترین ئەو چالاكییانەیە كە تایبەتە بەخوێنەر لەمكاتەدا، ڕۆڵێتی لەزانیاری دەربارەی ژانەرە ئەدەبییەكە (شیعر،چیرۆك و شانۆگەری) لەگەڵ بەئاگابوون لەهەموو ئەو پێوەرانەی كەهەریەكێك لەو ژانەرە ئەدەبییانە پێویستێتی، ئەم كارانە شتگەلێكن كە خودی دەقەكە دەری ناخات، بەڵكو ئەوە خوێنەرە پەیپێدەبات كاتێك كارلێكێكی قووڵ ڕوودەدات لە نێوان خوێنەرودەقدا.

٢-پێكهاتە و ناوەڕۆكی كارە ئەدەبییەكانی پێشوو كە خوێنەر لە بیرەوەری خۆیدا هەڵیگرتووە.

مەبەست لە زانیاری لەبارەی كارەكانی پیشوو، ئەوەیە كە هیچ دەقێك لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بێگومان كە بنەڕەت وسەرچاوەیەكی بیری، زانیاری و ڕۆشنبیریی هەیە. هەموو دەقێكی نوێ، لەسەر پاشماوەی دەقی كۆن بنیادنراوە كەپێش ئەم كەوتووە لایەنی كۆنتێكستی ڕۆشنبیری یەكێكە لەگرنگترین ئەو هۆكارانەی كەوادەكات خوێنەر لەڕێگەیەوە بگات بەودەقانەی كەپەیوەستن

پێیەوەو لێکدانەوەی بۆبکات، لەبەرئەوەی وادەبینرێت زۆرێک لە پێکهێنەرەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبرییە جۆراوجۆرەکان ئەوانەن کە دەقی ئامادە لە دەقی نائامادە پێکدەهێنن ( وەکچۆن یەکێک لەمەرجەکانی شاعیرانی لەقۆناغی سەرەتادا ئەوەبووە کە شاعیرەکە شیعرگەلێکی زۆری شاعیرانیتر لەبەربکات و دوای لەبیرچوونەوەیان لەقۆناغی شیعرنووسیندا ئەو لەبەرکراوانە تێکەڵ بە شیعرەکانی بکات، بەڵام لەشێوازێکی تازەدا، بەمشێوەیە بێئاگایی پاڵپشتی بەئاگایی دەکات).

٣-بەریەککەوتنی نێوان زمانی ئەدەبی و زمانی ئاسایی، واتە بەریەککەوتنی نێوان جیهانی وێناکراو و جیهانی راستی.

پێویستە کەخوێنەر بەدوای واتای شاراوەی پشت دەقی ئاشکرادا بگەڕێت، چونکە دەق خاوەنی واتای شاراوەیە کە پێویستە لەسەر خوێنەر پەردەی لەسەرلاببات و واتاشاراوەکان بدۆزێتەوە. لەملایەنەوە پێویستە خوێنەر ستراتیژێکی دیاریکراو لەخوێندنەوەدا پەیڕەوبکات، چونکە کاری ئەم دروستکردنی واتایە، نەک تەنها دەرهێنانی واتای شاراوە بێت لەواتای ئاشکرا، لێرەدا کاری داهێنەر بریتیەلە وەلانانی واتای ناسراو، چونکە لەمەدا دەق خاڵییە لە داهێنان و کاری زمان گەیاندن و وتوێژکارییە، بەڵام وەلانانی واتای وتوێژکاری لەلایەن داهێنەرەوە وادەکات کە کاری زمان گەیاندن و ڕەوانبێژییبێت و پێویستی بە بەکارهێنانی بیرە لەلایەن خوێنەرەوە تاکو کۆدەکانی دەقەکە بدۆزێتەوە، بۆیە پێویستە داهێنەر بچێتە ئەو ئاستەی کە زمانی شیعریی تیادەخوڵقێت، چونکە زمانێکە خاوەن وەزیفەیەکی جیا لە قسەی ئاساییە.

ئەمە گرنگترین ئەو ڕووخسارەیە کە ئاسۆی چاوەڕوانی (یاوس)ی پێدەناسرێت، کەواتە دەقی کۆن خۆی بە خوێنەر پیشکەشدەکات وەک دەقێکی تازە جیاواز لەوەی کە یەکەمجار پێوەی دەرکەوتووە (حسيني و سهرابي،٢٠١٧،٨٣) هەروەها(مصطفى و عبدالرزاق،١٦٨-١٧٠) بەلای یاوسەوە، دەق مەحکومە بە ئاسۆکانی چاوەڕوانییەوە، واتە بینینی پێشوەختەی دەقەکە کەلەم لایەنانەدا بەدەر دەکەوێت:

١-زانیاری خوێنەر لەبارەی نووسەرەوە، کاتێک خوێنەرێک دەقێکی نووسەرێک دەخوێنێتەوە، چونکە شارەزای نووسینەکانی ئەو نووسەرەبووە و پێشتر دەقی ئەوی خویندۆتەوە زانیاری لەبارەی نووسینەکانیەوە پەیداکردووە، چاوەڕێی ئەوجۆرە نووسینەی لێدەکات. بۆنمونە کاتێک خوینەرێکی کورد دەقێکی تازەی شێرکۆ بێکەس دەخوێنێتەوە، ئەگەر پێشتر خوێنەری شیعرەکانی ئەم شاعیرە بوبێت ئەوا شارەزایی پەیداکردووە لە شیعرەکانیدا و چاوەڕێی ئەو جۆرە لەنووسین دەکات کەپێشتر ئاشنابووە پێی لای ئەم شاعیرە. بەهەمانشێوەسەبارەت نووسەرەکانیترش.

٢-مێژووی دەقەکە، ئەو دەقە کەی نووسراوەو کەی بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش بۆخۆی کاریگەریی هەیە لەسەر ئاسۆی خوێنەر، چونکە هەندێک دەق هەیە کە مێژووی نووسینیان کۆنترە لە مێژووی بڵاوکردنەوەیان و ئەگەر لەکاتی نووسیندا بڵاوبکرایانەتەوە کاریگەریان جۆرێکیتر دەبوو، بۆنموونە چیرۆکی(مەسەلەی ویژدان) کە ماوەیەکی زۆر دوای نووسینی، بڵاوکراوەتەوە لەکاتی خۆیدا خوێنەران نەیانبینیوە، بەڵام لەزەمەنێکی تردا کە بڵاودەکرێتەوە دەکەوێتە بەردەست خوێنەران، ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران گۆڕاوە، وەک سەردەمی نووسینی خودی چیرۆکەکەنییە، یان دەقێک لەسەردەمی نووسینیدا شۆکێکی ئێستاتیکی دروستکردووە، چونکە لەو کاتەدا ئەو جۆرە نووسینە باو نەبووە، بەڵام دواتر نووسینی دەق بەوشێوەیە دەبێتە شتێکی ئاسایی وەک ئەوەی کە دەقەکانی لەتیف هەڵمەت بە نموونە خوڵقاندنی لەسەرەتای نووسینی دا.

٣-تێڕوانینی کەسانیتر بەرامبەر بەدەقەکە، کەسانیتر چۆن لەو دەقەدەڕوانن یان ڕوانیویانە، ئەم فاکتەرەش بۆخۆی کاریگەری هەیە لەسەر ئاسۆی خوێنەران، بۆنموونە ڕەخنەگران چۆن لەشیعری (نالی) یان (گۆران) دەڕوانن، ئەو تیڕوانینە بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕەنگدانەوەی دەبێتە لە سەر ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر بۆ دەقەکانی ئەودووشاعیرە.

کەواتە دەق بەدابڕاوی کارناکات، بەڵکو لەژێرکاریگەریی تێڕوانینی خوێنەردایە و خودی ئەم خوێنەرەش لای خۆیەوە لەژێرکاریگەی ئەم چاوەڕوانیانەدایە، کەواتە دەتوانین بڵێین: نە نووسینی ئازاد بوونی هەیە و نەخوێندنەوەی ئازاد ( البازعي، محاضرة دقة ١٨-٢١).

بەوپێیەی دەقیش خاوەنی ئاسۆی چاوەڕوانی خۆیەتی بۆیە لەکارلێکی نێوان ئاسۆی چاوەڕوانیی دەق و ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەردا ئەم حاڵەتانە دێتە ئاراوە:

١- کاتێک خوێنەر کارێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە لەگەڵیدا دەگونجێت، واتە ئاسۆی چاوەڕوانیی دەق لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەردا دەگونجێت.

٢-کاتێک خوێنەر دەقێکی ئەدەبی نوێ دەخوێنێتەوە، بەڵام ئاسۆی چاوەڕوانیی دەقەکە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەرەکەدا ناگونجێت، تووشی نائومێدی دەکات و لەئەنجامدا دایالۆگ لەنێوان ئاسۆی دەق و ئاسۆی خوێنەردا دروستدەبێت و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردەگۆڕێت و پێوەری تری لادروستدەبێت( یاوس،٢٠١٤،٤٥).

هەموو دەقێکی تازە لای خوێنەر کۆمەڵێک چاوەڕوانی تازە دروستدەکات، کەبەهۆیەوە دەقەکانی پێشوو لای ئاشنادەبن و ئەم چاوەڕوانییانەش لەگەڵ خوێندنەوەی بەردەوامدا ڕەنگە بگۆڕێن یان ڕاستبکرێنەوە یان دووبارە دابڕێژینەوە( یاوس ٢٠١٤، ٦٥-٦٦).

بەلای یاوسەوە ئاسۆی چاوەڕوانی ئەو فەزایە یە کە لەڕێگەیەوە بینای واتا دەکرێت، بەهاوبەشی لەگەڵ خوێنەردا کە هەموو ئەو پێوەرو شارەزاییانەی پێشووی کە پەیوەستن بە زانیاری لەبارەی ژانەری دەقە ئەدەبییەکەوە بەکاریاندەهێنێت بۆ بڕیاردان لەسەر کارە ئەدەبییەکان.

لەڕاستیدا ئاسۆی چاوەڕوانی تەنها ئاسۆیەکی ئەدەبیی ڕووت نییە کە تەنها لە کۆمەڵێک پێوەرو بەهای ئەدەبی پێکهاتبێت، دیویکی تریشی هەیە کەبریتییەلە ئەزموونەکانی ژیانی ڕۆژانە، پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و ئەو بڕیارە پێشوەختانەی کەبەرەو تێگەیشتنمان لەڕاستی دەبات. لەم ڕوانگەیەوە یاوس بۆ زیاتر جێبەجێکردنی چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی، سوودی لە بۆچوونەکانی فەیلەسووفی ئینگلیزی – نەمساوی (کارڵ پوپەر Karl Popper) وەرگرتووە، ئەم پێیوایە کە داننانمان بە هەڵەکانماندا ئەزموونێکی پۆزەتیڤە کەبەدەستی دێنین لەبەریەککەوتنمان لەگەڵ واقیعدا، وە پێیوایە ئەم نمونەیەی کە لەسەر بنەمای بزاوتنی ئاسۆی چاوەڕوانیی و لەهەمانکاتیشدا بێئومێدی ڕاوەستاوە بەدیهێنەری سروشتێکی بەرزی ئەزموونی نێگەتیڤی ژیانی ڕۆژانەیە. واتە کاتێک لە هەڵەی گریمانەیەکمان دەکۆڵینەوە، پەیوەندی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ ژیانی واقیعیدا بۆ دروستدەبێت، بەمەش خوێنەر لە فشارەکانی ژیان و بڕیارەکانی پێشووی ڕزگاریدەبێت (٨٢، ١٩٩٦. Jauss ).

خوێنەرکاتێک ڕووبەڕووی دەقێکی تازە دەبێتەوە ناگونجێت لەگەڵ ئەوپێوەرانەی کە لەخوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا لای هەیە تووشی شۆکی دەکات. بۆنمونە خوێنەرێک کە لەگەڵ دەقی کلاسیکیدا ڕاهاتبێت ئاسۆی چاوەڕوانیی ئەوخوێنەرە لەگەڵ ئەوچەشنە دەقەدا دەگونجێت، بەلام لەگەڵ خوێندنەوەی دەقێکی نوێدا کە لەگەڵ پێوەرەکانی ئەودا ناگونجێت تووشی نائومێدی دەکات (ئەسوەد،٢٠١٥،١٥٣) ئەمە بەواتای ئەوەدێت کەماوەیەکی ئێستاتیکی هەیە خوێنەر تووشی شڵەژان دەکات و وایلێدێت کە ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی بەهۆی ئەم تێپەڕاندنە هونەری و ئێستاتیکییەوە تووشی نائومێدی ببێت. ئەمەش وادەکات کارە ئەدەبییەکە بە نەمری بمێنێتەوە.

زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانی، بە واتای ئاسۆی ئەزموونی ژیان و ئاسۆی بونیادنانەوەدێت، واتە سیستمێکی بیرییە کە لەڕێیەوە خوێنەر گریمانەکانی خۆی بۆ لێکدانەوەی واتای دەقی ئەدەبی بونیاد دەنێت، کاتی خوێندنەوەی دەقەکە گرنگی خۆی هەیە، کەواتە ئاسۆی چاوەڕوانی ئەو توانا و شارەزاییانەیە کە خوێنەر هەڵیگرتوون و لەکاتی خوێندنەوەدا بەدەردەکەون، یاوس هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابوو کە دەق لەگەڵ کۆنتێکستە مێژووییەکەیدا بەیەکەوە ببەستێتەوە، چونکە دەق پێویستی بەیەک خوێنەرو یەک ماوەی مێژوویی نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کۆمەڵێک خوێنەر و سەردەمی جیاوازەوە هەیە، واتە کاتێک ئێمە لە دەقێکی کۆن بۆنمونە دەقێکی ( نالی) دەکۆڵینەوە بەپێی ئەم میتۆدە، ئەوا خوێنەری ئێستا ناتوانێت بەبێ ئەزموون و فەلسەفەو پرسیارەکانی ئێستا

بچێتە ناو دەقەکەوە، واتە ناتوانێت تەنها لە کۆنتێکستە مێژووییەکەی سەدەی نۆزدەدا لە دەقەکانی (نالی)بکۆڵێتەوە، بەڵکو پێویستە زەمەنی ئێستا بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە لەگەڵ خۆی ببات، کەواتە ئاسۆی چاوەڕوانی دیالۆگی نێوان کۆن و ئێستایە.

یاوس لەڕێگەی چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرەوە  مێژووی ئەدەبی تازەکردەوە، بەتایبەت لە گۆڕینی چەمکی (نووسەر/دەق)ەوە بۆ ( دەق/خوێنەر)، بەلایەوە بوونی خوێندنەوەی جیاواز بۆ هەمان دەق لە سەردەمە جیاوازەکاندا، بەواتای ڕەتکردنەوەی یەکتر نایەن، بەڵکو ئەو خوێندنەوانە تەواوکەری یەکترن  بۆیە میژووی ئەدەب لای یاوس، تۆماری خوێندنەوە جیاوازەکانە بۆ دەقێکی دیاریکراو، نەک دابەشکردنی ئەدەب بێت بەدرێژایی سەردەمەکان، هەر لێرەوەشە کە پێیوایە تێگەیشتن لە دەقێکی کۆن بەبێ بوونی خوێندنەوەکانی پێشتر سەرکەوتوونابێت. کەواتە (مێژووی ئەدەب، بریتی نییە لەتۆماری ڕاستییەکانی ئەدەب، بەڵکو بریتییە لەتۆماری خوێندنەوەی خوێنەرەکانی پێشتر بۆ دەقی ئەدەبی)، ئایا  ئەو دەقانە چ کاریگەریەکییان لەسەر خوێنەرەکان جێهێشتووە؟ (مەنتک،٢٠١٨، ١٤٢-١٤٣).

سەرەڕای ناساندنی چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی، بەڵام هەندێکجار تەمومژاوی دەردەکەوێت هەربۆیە یاوس لەپێناو ڕوونبوونەوەی ئەم چەمکەدا پەنایبردووە بۆ دیاریکردنی چۆنییەتی خوێندنەوەی ئاسۆی چاوەڕوانی و پێیوایە ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لە دووئاستدا دەبێت:

ئاستی یەکەم، خودی دەقەکەیە ئەویش بە دۆزینەوەی ئەوچەمکانەی کەدەقەکە لەخۆیاندەگرێت و هەروەها پەیوەندی بە دەقەکانی پێشخۆیەوە دەبێت.

ئاستی دووەم، بریتییەلە پەیوەندی دەق بە نووسراوە ڕەخنەییەکانەوە لەگەڵ تێبینی لێکۆڵەرەوە هاوچەرخەکانی دەقەکەوە.

یاوس لەمبارەیەوە پوختەی بۆچوونەکانی بەمشێوەیە دەخاتەڕوو ((ئاسۆی چاوەڕوانیی بەدوو ئاڕاستە کاردەکات، ئاڕاستەی خوێنەر و دەق، نووسەر پێویستە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی خوێنەراندا بێت لەوکاتانەی کە دەنووسێت، چونکە بنەڕەت لە بابەتەکەدا دۆزینەوەی خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانە بۆ ئەودەقە، نەک خودی دەقەکە، ئەگەر ئاسۆی چاوەڕوانییەکان وابێت کە واتا لەدەقدا کامڵنابێت و بەهایەکی جێگیری لەناو خودیخۆیدا نییە بەشێوەیەک ئەگەر خوێنەر درکیپێکرد ئەوا خوێنەرێکی چاکە و ئەگەر درکی پێنەکرد، ئەوا کەموکووڕیی لەودایە نەک لە دەقەکەدا. مەبەست لەهەموو ئەمانەش ئەوەیە کە واتا پەیوەستە بە خوێنەرەوە، ئەوە خوێنەرە کە ئاسۆی چاوەڕوانیی دەبەخشێت لە چرکەساتی خوێندنەوەدا)) (بوکروح، ٢٠٠٤،١٧).

## ٣-مەودای ئێستاتیکی( المسافة الجمالية):

یاوس زاراوەیەکی تری دارشت کە پاڵپشتبوو بۆ ئاسۆی چاوەڕوانی، ئەویش زاراوەی (مەودای ئێستاتیکیی)بوو، پێویستە بزانین ئەم زاراوەیە چی دەگەیەنێت و چ پەیوەندی بە ئاسۆی چاوەڕوانیەوە چییە؟ چۆن لەسەر دەقی ئەدەبی جێبەجێدەکرێت؟

یاوس بەمجۆرە پێناسەی مەودای ئێستاتیکی دەکات ((بریتییە لەو ڕەهەندە ئامادەیەی کە لەنێوان دەرکەوتنی کاریگەریی خودی دەقێکی ئەدەبی و ئاسۆی چاوەڕوانییەکەیدا هەیە، ناتوانرێت ئەو مەودایە بەدەستبهێنرێت لەکاتی جێگیری پەرچەکرداری خوێنەران بۆ کاریگەریی دەقەکە یان ئەو بڕیارە ڕەخنەییانەی کە هەیانە لەسەری هەتا ئاستی دابەزینی ئەم مەودا ئێستاتیکیە زیاتربێت، ئەوا ئاستی نزیکبوونەوەی دەقە ئەدەبییەکە بۆ دەقێکی ئاسایی زیاتردەبێت، ئەمەش لەڕوانگەی ئێستاتیکای وەرگرەوە بەوردی دیاریدەکرێت بەوپێیەی کە پێویستی بەهیچ گۆڕانکاریەک نییە لە ئاسۆدا، بەڵکو بەتەواوی جێگەی ڕەزامەندی ئاسۆی باوە)) (Voir ,H-R-١٩٩٦، ٥٩ ).


بەلای (یاوس)ەوە ڕۆڵی خوێنەر لە دۆزینەوەی بونیادی دەقەکەدا کۆتایی پێنایەت، بەڵکو بەردەوام دەق هەوڵدەدات دەستبەسەر ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەردا بگرێت و تێکبشکێنێت و کاربۆ گۆڕانیبکات لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر، هەوڵدەدات بینای ئاسۆیەکیتری نوێ بکات لەڕێگەی ڕۆشنبیرییەکی تازەی خوێنەرەوە، ئەمەیە کە یاوس ناوی لێناوە(مەودای ئێستاتیکی)، ئەمەش لەڕێگەی نائومێدی خوێنەرەوە دێتەدی کاتێک کە پێوەرەکانی پێشووی لەگەڵ پێوەرە تازەکانیدا بەراورد دەکات و لەئەنجامدا گۆڕانکاریەکان ئاسۆیەکی تازە دێننە ئاراوە.

بوشرا موسا ساڵح لە کتێبی (نظرية التلقي ، اصول و تطبيقات) دا بەمشێوەیە باس لە مەودای ئێستاتیکی دەکات ((مەودای جیاکەرەوەی نێوان چاوەڕوانیی ئامادەو کارێکی تازەیە، کە لەوانەیە لای وەرگر ببێتە هۆی گۆڕانی ئاسۆ بە بەریەککەوتنی لەگەڵ ئەزمونەکانی کە هەیەتی))(صالح، ٢٠٠١ ،٤٦).واتە مەبەست لەو گۆڕانکاریە یە کە لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا سەرهەڵدەدات لەئەنجامی بەدەستهێنانی شتێکی نوێ لەدەقەکەدا کە وایلێدەکات تووشی نائومێدی ببێت و کاتێک پێوەرەکانی ئەم لەگەڵ دەقە تازەکەدا بەریەکدەکەون و ناگونجێن ئەمە وادەکات ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر بگۆڕێت، ئەم جیاوازییە یە کە مەودای ئێستاتیکی دروستدەکات لای خوێنەر هەروەها لەئەنجامی فرە خوێندنەوەش لە نێوان خوێنەرو دەق دروستدەبێت، چونکە خوێندنەوەی دەقێک لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جیاوازە، بگرە زۆرجار لای خودی یەک خوێنەریش خوێندنەوەی جیاواز بۆ هەماندەق هەیە بەهۆی پێشکەوتن و فراوانبوونی زانیاری خوێنەر لەخوێندنەوەی دواتریدا بۆ هەمان دەق ( طيب و طيب ، ٢٠١٥-٢٠١٦، ٢٢).

بەلای (یاوس)ەوە مەودای ئێستاتیکی پێوەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبییە، ئەم کەرەستە رەخنەییە دەتوانێت بڕیاربدات لەسەر بەهێزی و لاوازی دەقێکی ئەدەبی، کەواتە مەودای ئێستاتیکی ئەو ماوەیەیە کە دروستدەبێت لەنێوان خوێنەرو دەقدا، بەلای یاوسەوە هەتا مەودای ئێستاتیکی لە نێوان دەق و خوێنەردا فراوانبێت ئەوا ئەو کارە ئەدەبییە بە کارێکی سەرکەوتوو دادەنرێت و بەپێچەوانەشەوە بەکارێکی لاواز دادەنرێت ، وەک لەم خشتەیدا ڕوونکراوەتەوە :

| جۆری وەڵامدانەوە | مەودای ئیستاتیکایی | بەهای ئێستاتیکایی |
| --- | --- | --- |
| ئاسۆی چاوەڕوانی گونجاو | کەم | کارێکی ئاسایی لاواز |
| ئاسۆی چاوەڕوانی نەگونجاو | فراوان | کارێکی باڵا |

هەروەها ئەگەر لەم هێڵکارییەی خوارەوە وردبینەوە شێوازی بڕیاردان لەسەر بەهێزی و لاوازی دەقێکی ئەدەبییمان بۆ دەردەکەوێت لەبەر ڕۆشنایی مەودای ئیستاتیکیی(یاوس)ەوە، کاتێک کە بەیەکگەیشتن ڕوودەدات لەنێوان (١) ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرو (٢) ئاسۆی دەقدا، لەئەنجامدا مەودای ئێستاتیکی فراوان دەبێت، لەمکاتەدا خوێنەر ناچاردەبێت کە ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی بگۆڕێت تاکو بگاتە ئاستی ئاسۆی دەق، ئەم حاڵەتە لەگەڵ ئەو دەقانەدا ڕوودەدات کە لەئاستێکی بەرزی هونەریدان، بەڵام کاتێک گونجان دروستدەبێت لەنێوان (١) ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرو(٢) ئاسۆی دەقدا، ئەمە دەبێتە هۆی تەسکبوونەوەی مەودای ئێستاتیکی کارلێکی نێوان دەق و خوێنەرنامێنێت و دەق هیچ زانیارییەکی تازە بە خوێنەر نابەخشێت، ئەم حاڵەتەش لەگەڵ ئەو دەقانەدا ڕوودەدات کە ئاستێکی نزمی هونەرییان هەیە (وهاب ، ٢٠١٦، ٥٩).




یاوس لەبیروبۆچوونە ڕەخنەییەکانیدا زۆر قوڵبۆتەوە بەتایبەت لەوەدا کە چەمکەکانی (ئاسۆی چاوەڕوانی،مەودای ئێستاتیکی و ئەزموونی ئێستاتیکی) پێکەوە گرێداوە، بەلایەوە بەهای دەقی ئەدەبیی تازە پەیوەستە بەئاستی جێگۆڕکێی ئێستاتیکی بۆ ئاسۆی چاوەڕوانی باو، واتە ئاستی تێکشکانی ئەزموونەکانی پێشوو و تێپەڕاندنیان، هەروەک پێشتر ڕوونمانکردەوە هەتا گۆڕانی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر پێویستییەکی زیاتربێت، ئەوەندە بەهای ئێستاتیکی دەقەکەش زیاتردەبێت، بەپێچەوانەشەوە دەقەکە گۆڕانکارییەک لە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا دروستناکات، بەڵکو وەڵامدانەوەی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران دەبێت. کەواتە جێگۆڕکێی ئێستاتیکی کە زۆر هەستپێکرا وە لەلایەن خوێنەرانی یەکەم و لەسەرەتادا سەرچاوەیەکی تێرامان و سەرسوڕمانبووە لەلایان، هێواش هێواش ئەو ئاستەی کەم دەبێتەوە لای خوێنەرانی نەوەکانی داهاتوو.

ئەو پێیوایە ئەم حاڵەتە زۆربەی جار بەسەر ئەو شاکارانەدا دێت کە پەیوەندییە نەرێنییەکەی نامێنێت بەو ئاسۆی چاوەڕوانیەی بۆیەکەمجار تێپەڕاندووە و دەبێتە بەهایەکی پێوانەیی وە بەمشێوەیەش دەبێتە بەشێک لە ئاسۆی جێگیر، بەڵام ئەوەی کە وادەکات خوێنەرێک پێیوابێت ئەم دەقە دەقێکی جوانەو ئەویتر وانییە ئەوە (ئەزموونی ئێستاتیکی) خوێنەرە کە ئەو بڕیارە دەدات ( ٥٨، H-R-Jauss ).

ئەنتوان (کۆمبانیۆن)*، پێیوایە یاوس لەگەڵ (برۆنتێر) هاوڕایە کە تایبەتمەندیی ئەدەبیی کارێکی هونەری لەوجێگۆڕکێیەدا کامڵدەبێت کە ساتی سەرهەڵدانی لەگەڵ ئاسۆی خوێنەرانی یەکەمی لێکجیادەکاتەوە، ئەوجێگۆڕکێ ئێستاتیکییەشی کەدواتر دێت هەڵگری تێڕوانینێکی جیاوازە و سەرچاوەی چێژ و سەرسوڕمانە و ئەگەری ئەوەشی هەیە سەبارەت بەخوێنەرانی داهاتوو هێواش هێواش نەمێنێت، ئەمەش بەهۆی گۆڕانی کاریگەرییەکە لە نەرێنیەوە بۆ شتێکی ئاسایی زانراو لەئەنجامیشدا، لەگەڵ ئەزموونی ئێستاتیکی باودا یەکدەگرێت جۆرێک لە (سووان) دروستدەبێت. (برۆنتێر) پێیوایە کە دەقی ئەدەبی لەڕوانگەی دەقە ئەدەبیەکانی پێش خۆیەوە لێکدەدرێتەوە (کولوقلی،٢٠١٣، ١١٢).

بەلای(کۆمبانیۆن)ەوە مەودای ئێستاتیکی لای (یاوس) جیاوازی نێوان چاوەڕوانیی و شێوەی دیاریکراوی دەقێکی تازەیە، ئەم مەودایەش بەڕوونی لەپەیوەندی نێوان خوێنەران و دەقدا دەردەکەوێت، ئەو دەقە ئەدەبییەی کە جێگەی ڕەزامەندی و وەڵامدەرەوەی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرە و لەگەڵ ئارەزووەکانی خوێنەرانی سەردەمەکەدا دەگونجێت، ئەوە دەقێکی ئاساییە و تەنها گوزارشتە باوەکانی بەکارهێناوە کە خوێنەران پێی ڕاهاتوون، ئەم دەقانە تەنها بۆبەکارهێنانی خێرا بەرهەمهاتوون، بۆیە دەقی ئاوا بەلایەوە خاوەن ئێستاتیکایەکن کە ئامادەی گۆڕان نییە لە ئاسۆی چاوەڕوانیەکانیدا، چونکە ئەودەقە تێرکراوە بە ئاسۆ و چاوەڕوانی سەپێنراوی پێوەری باو، ئەمەش ڕێگری دەکات لەوەی کە وەرگر دووبارە ئێستاتیکای بەرهەمێکی وا بەرهەمبهێنێتەوە کە لای ناسراوە یان واتایەکی تر بۆدەقەکە بینابکات کە خاوەنی ئاسۆیەکی جیاوازنییە (Jauss، ٥٩،١٩٩٦).بۆیە بەلایەوە ئەو دەقە ئەدەبییە چاکە کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران تووشی نائومێدی دەکات و لەئەنجامدا خوێنەرانی تازە دروستدەکات هەروەک ( ئێریک بوردا) دەڵێت: ((دەقی ئەدەبی بەرهەمێکی خاوەن بزاوتێکی دوولایەنەیە، لایەکیان لای نووسەرێکی داهێنەرە و لاکەی تریان لە ساتی خوێندنەوەدا دروستدەبێت، بە واتایەکیتر دەق پێویستی بە یارمەتیدەرێکە تاوەکو بیجوڵێنێت یان بەکاریبخات، مەبەست لەمەش خوێنەرو کردەی خوێندنەوەیە پێکەوە)) (Barel-Moisan، ٢٠٠٢، ٤٠)، بۆیە (بۆردا) پێیوایە کە هەموو خوێندنەوەیەک بۆ دەق کاریگەرییەکی تازە دروستدەکات، چونکە دەقی ئەدەبی دەگۆڕێت بە گۆڕانی خوێندنەوە یەک لەدوای یەکەکانی

بۆیە واتا هەمیشە کراوە و بێکۆتاییە. لەئەنجامی ئەم خوێندنەوانەو کەڵەکەبوونی تێگەیشتنەکاندا مەودای ئێستاتیکی بەڕوونی دەردەکەوێت و خوێنەریش ڕۆڵێکی گرنگ وسەرەکی هەیە لە گەڕان بەدوای لێکدانەوەی واتادا ئەو بۆشاییانەش پڕدەکاتەوە کە لەدەقدا هەن (Barel-Moisan۲۰۰۲،٤١).

ئەم چەمکە کێشەیەکی گەورەی وروژاند، چونکە بەشێوەیەک کەوتەوە کە ئێستاتیکای دەقی ئەدەبی بەستەوە بە ئاستی نەگونجانی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرەوە، پێویستبوو کە دەقی ئەدەبی تازە و نامۆبێت بەوەی کەزانراوە ئەگەرنا بە دەقێکی ئەدەبی و هونەری دانانرێت، بەڵام ئەمە مەرج نییە، هەندێک دەق هەیە کە نامۆنییە بە خوێنەر و ئاسۆی چاوەڕوانی تێکناشکێنێت، بەڵام دەقی چاکیشە لەگەڵ ئەوەشدا لەتوانادا نییە کە ئەو ماوەی ئێستاتیکییە بەوردی و لەهەموو کاتێکدا دەستنیشانبکرێت. هەروەها ئەم چەمکە تەنها ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کەدەق لە خوێنەردا دروستیدەکات، بەڵام ئەوەی کە خوێنەر لەدەقدا دروستدەکات بەلایدا ناچێت ئەمە لەکاتێکدا کە بابەتی تیۆری وەرگرتن کارلێکی نێوان خوێنەرودەقە (حمودين و المسعود ، ٢٠١٦، ٣٠٩).

## ٤-شارەزایی ئێستاتیکی ( الخبرة الجمالية):

بەلای (یاوس)ەوە ئەزمونی ئێستاتیکی ڕەگەزێکی گرنگە بۆ حەزی تێگەیشتن و تێگەیشتنی چێژ، ئەرکی شاعیرە وا لەخوێنەر بکات ئەو دەقەی دەیخوێنێتەوە هونەر یان ئەدەبە، بەواتایەکیتر بەرهەمەکانی شاعیران لەبیرەوەری خوێنەردا ئەزموونی ئێستاتیکی جیگیرکردووە و پەیڕەویدەکەن بەسەر ئەو بەرهەمانەی کە دواتر دەیخوێننەوە لەهەمان ژانەری ئەدەبی بۆنمونە شیعر، هەرکاتێک پێوەرەکانی ئەو شیعرە گونجا لەگەڵ ئەو ئەزموونەی کە خوێنەر پەیدایکردووە، ئەوا بەشێوەیەک وەری دەگرێت کە هونەرێکە دەگونجێت لەگەڵ ئەزموونە ئێستاتیکییە بەدەستهاتووەکانی، بەڵام ئەگەر نەگونجا، ئەوا بەلایەوە کەموکورییە لە زانیاری ئێستاتیکیدا وەک ئەوەی کە (یاوس) ناوی لێناوە (ئێستاتیکای نەرێنی- الجمالية السلبية) بەلای خوێنەرەکەوە ئەو دەقە هیچ بۆ ئەزمونی زیادناکات و ڕەتیدەکاتەوە بەو بیانووەی کە ناگونجێت لەگەڵ پێوەرە ئیستاکیکیەکانیدا(هولب، ۱۹۹۲،۳۳)، بەڵام بەلای ( یاوس) ەوە ئەمجۆرە لەدەق دەقگەلێکی چاکن، چونکە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانیان تووشی نائومێدیکردووە، هەرچی ئەو دەقانەشن کە ئارەزووەکانی خوێنەرانی سەردەمەکەیان بەدیدەهێنن و دەگونجێن لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیاندا دەقگەلێکی ئاساییێن، چونکە هەرهەمان گوزارشت و بونیادە هونەرییە باوەکان بەکاردەهێننەوە، ئەوانەی کە خوێنەران پێی ڕاهاتوون ( الواد، ۱۹۸٥، ۷۹-۸۰).

## ٥-تێکەڵبوونی ئاسۆکان و لۆجیکی پرسیارو وەڵام:

زاراوەی تێکەڵبوونی ئاسۆکان بۆتێگەیشتن لە دیاردەی شیکردنەوە جیاوازەکانی دەقێکی ئەدەبی لە ماوەی بەدوایەکداهاتنی خوێندنەوەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەم چەمکەش(یاوس) لە(ئاسۆی مێژوو)یی گادامێری خواستووە، بە یەکێک لەو چەمکانەی یاوس دادەنرێت کە لەگەڵ هێرمۆنتیکای گادامێردا یەکتردەبڕن و لەکتێبەکەیدا بەناوی(ڕاستی وڕێباز- الحقیقە والمنهج)ەوە بەناوی لۆجیکی (پرسیار و وەڵام) دەیخاتەڕوو کە لەنێوان دەق و خوێنەردا لەکاتە جیاوازەکاندا دێتە ئاراوە و یاوس بەم چەمکە گوزارشتی لەو پەیوەندییە کردووە کە لەنێوان چاوەڕوانییە مێژووییەکان و چاوەڕوانییە هاوچەرخەکانی کارە ئەدەبییەکاندا هەیە و لەگەڵیاندا جۆرێک لە وەڵامدانەوەش دێتە ئاراوە ( اسامە عمیرات ، ٢٠١٠-٢٠١١،٥٣).

یاوس بەمجۆرە ئەم چەمکەی ناساندووە ((ئاسۆی ئێستا لە دروستبوونی بەردەوامدایە ، پێویستە لەسەرمان بەردەوام بە گریمانەکانی پێشووماندا بچینەوە، بەمشێوەیە لەگەڵ ڕابردوودا بەیەکدا دەچن و ئاسۆی ئێستا بەهیچ جۆرێک دابڕاو لە ڕابردوو پێکنایەت))(H-R-Jauss,١٩٩٦، ١٧) بەئاگایی یاوس لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە باوەڕی وابووە دەقی ئەدەبی لەکاتی نووسینیدا وەڵامدانەوەی هەندێک لەو پرسیارانەیە کە خەڵکی دەیانوروژێنن، هەتا خوێنەر لە دەق نزیکبێتەوە بەئامانجی دەستکەوتنی وەڵامی ئەوپرسیارانەی کە دەق وەڵامی داونەتەوە، ئەوا نزیکدەبێتەوە لە دارشتنی ئەو ئاسۆی چاوەڕوانییەی کە زاڵە بەسەر خەڵکیدا، لەم بوارەوە (یاوس) ئاماژە بە گریمانەی ( کولینگوود) دەکات کە دەڵێت : ناتوانین لەهیچ دەقێک بگەین هەتا لەو پرسیارە نەکەین کەدەقەکە دەیەوێت وەڵامی بداتەوە، گادامێریش ئەمە زیاتر ڕووندەکاتەوە کاتێک دەڵێت: ئەوپرسیارەی لەم حاڵەتەدا بنیاد دەنرێت لە ناو ئاسۆی بنەڕەتیدا نییە، بەڵکو هەمیشە لەئاسۆی ئێستاماندایە، بۆیە تێگەیشتن لای گادامێر بریتییە لە بەیەکداچوونی ئاسۆکان کەپێیوایە هەریەکەیان سەربەخۆن لەویتر(عروي ،٢٠٠٩،٥١). کەواتە پێویستە لەسەر خوێنەر بەپێی لۆجیکی پرسیارو وەڵام، خوێنەرێکی باشی دەقەکەبێت، کاتێک پرسیارێک لەخوێنەرەوە بۆ دەق دروستدەبێت پێویستە لەڕێگەی وەرگرتنە بەردەوامەکانییەوە وەڵام وەربگرێت، بەمشێوەیە پرسیار دەبێتە خاڵی کۆکەرەوەی ئاسۆی ڕابردوو لەگەڵ ئاسۆی ئێستادا، لەگەڵ ئەمەدا واتاو لێکدانەوەکانیش تازەدەبنەوە و دەگۆڕێن بەهۆی ئەم بەیەکداچوونی ئاسۆیانەوە. هەر لەپێناو نزیکبوونەوە لەو واتایانەی کە دەقی پێ بارگراویکراوە، یاوس چەمکی(پرسیارو وەڵام)ی لە گادامێر خواستووە، گادامێر پێیوایە کە دەق پرسیار لە ڕاڤەکاردەکات ئەم پرسیارەش ئامادە دەبێت لە پەیوەندی دیالۆگی نێوانیاندا بە درێژایی ماوەی ڕاڤەکردنەکە، ئەو کەسەی کە بیەوێت تێبگات دەبێت بپرسێت چی ڕوودەدات دوای ئەوەی کە دەیڵێت: پێویستە لەسەری وەک وەڵامی

پرسیارەکە ئەوەبزانێت کە ئەگەر چووینە پشتی ئەوەی کە دەوترێت، ئەوا ئێمە لەواتای دەقەکە تێگەیشتووین لەڕێگەی بەدەستهێنانی ئاسۆی پرسیارەوە، وە بەپێی ئاسۆکە پێویستیی وەڵامی تر بوونی هەیە ( عفاني،٢٠١١، ١٠٤)، بەواتایەکیتر، ئێمە ناتوانین لە دەق بگەین هەتا لەو پرسیارانە نەگەین کەدەق وەڵامیان دەداتەوە، یاوس بونیادی (پرسیارو وەڵام)ی گواستەوە بۆ جیهانی دەقی ئەدەبی و پێیوایە کە (( ڕاڤەکردنی ئەدەبی لەڕێگەی جێبەجێکردنی شیکارییەوە ئەو پەیوەندییەی نێوان پرسیارو وەڵام دەناسێنێت کاتێک کە پێویست بکات بۆ تێگەیشتنی دەقێکی کۆن، واتە ناسینی ئەوپرسیارانەی کە دەق پێشکەشی دەکات وەک وەڵامێک بۆی، وەدواتر دووبارە دارشتنەوەی ئاسۆی ئەو پرسیار و چاوەڕوانیانەی ئەو سەردەمەی کە دەقە ئەدەبییەکە لەگەڵ یەکەم وەرگر یان خوێنەردا ڕووبەڕووبۆتەوە)) ( جوس، ١٩٨٨، ٥٩).

ئەو ڕاڤەکارەی کە لە دەقی ئەدەبیدا بەدوای واتادا دەگەڕێت، پێویستە لەسەری سەرکێشی گەڕان بەدوای ئەو پرسیارەدا بکات کە دەق گریمانەی کردووە و دەرینەبڕیوە تاوەکو چێژی دەقەکە دەوڵەمەندتربکات،((لەبەرئەوەی کارە ئەدەبیی و هونەرییەکان بەدرێژایی مێژوویان زۆر پرسیاریان وروژاندووە و پێویستە لەلایەن ئەو خوێنەرانەی کە لەگەڵیاندا کارلێکیانکردووە، وەڵام بدرێنەوە هەروەها خوێنەرانیش کۆمەڵێک پرسیاریان بەرهەمهێناوە کە گریمانەی وەڵامدانەوەیان دەکەن لە واتای شارەوەی دەقە هونەریەکانەوە))(طايعي،٢٠٠٩،٨٩)، وە لەپێناو بەدیهاتنی پرۆسەی ڕاڤەکردنی دەقێکدا بەو پێیەی کە وەڵامی پرسیارێکی نائامادەیە دوومەرج پێویستن: (( وەڵامی بۆ چاوەڕوانییە ڕووکەشییەکانی بڕیارلێدراو لەلایەن لاسایکردنەوە ئەدەبییەکانی پێشوویەوە لەلایەک و لەلایەکیتریشەوە، وەڵامی ئەوپرسیارە واتاییانەی کە خوێنەرانی بەرایی خستویانەتەڕوو لە جیهانە مێژوویە تایبەتەکەیاندا))(jauss،١٩٨٨،٣٦٥). بەمەش بازنەی تێگەیشتنی ئەو خوێنەرانە فراواندەبێت و((ئەگەری بەدیهاتنی ئاسۆیی دەوڵەمەندتر دەبێت و بەکراوەیش بەسەریدا دەمێنێتەوە تا وابەستەیی ڕووداوەکان(ترابط الحدثي–eventmentielle coherence)بۆ دەقە خوێندراوەکە مسۆگەردەکات. هەرچەندە بیناکردنی واتای گشتی و کۆتایی بۆهەموو پیشاندراوە هونەری و ئێستاتیکیەکانی کارێکی ئەستەمە)) (احمد طايعي، ٢٠٠٩،٩٠).

تێگەیشتنی مێژوویی و درککردنی ئێستاتیکی دوو زنجیرەی یەکتر تەواوکەرن لە ئەزموونی ڕاڤەکردندا، بەلابردنی بەربەستەکانی یەکەم، چێژی ئێستاتیکی بەدیدێت، بەتایبەت ئەگەر دەق لەدایکبووی ساتێکی مێژوویی ڕابردووبێت یان بگەڕێتەوە بۆ ڕۆشنبیرییەکی جیاواز یاوس ، پێیوایە((ئەگەر قەسیدە لە شێوەیەکی زۆرکۆنی باو بێت یان لە ڕۆشنبیرییەکی تربێت هەمووکاتێک بەڕووی تێگەیشتنی ئێستاتیکیدا ناکرێتەوە هەتا تێگەیشتنی مێژوویی la comprehention historiqe بەربەستەکانی بەردەم خوێنەر نەسڕێتەوە))( jauss،١٩٨٨,٣٦٨). لێرەدا پێویستە لەسەر

ئەو پەیوەستبوونە بەهێزەی کە لە نێوان تێگەیشتنی مێژوویی و حاڵیبوونی ئێستاتیکی دەقدا هەیە بوەستین، یەکەمیان وەک پێشەکیەکی دووەمەو بەگۆڕانی ئەو ئەمیش دەگۆڕیت لەسەر بنەمای ئەوەی کە چەمکی ئێستاتیکی دەگۆڕێت بەپێی کات و شوێن، وە لەبەرئەوەی کە (( درکپێکردنی ئێستاتیکی لەخۆیدا ملکەچی گۆڕانکارییە مێژووییەکانە، ئەوەیە کە لەسەر ڕاڤەکاری پێویستە قەرەبووی بکاتەوە بە سێ ڕەگەزی( تێگەیشتن، شیکردنەوە و پراکتیزەکردن) بۆ جێبەجێکردنی هونەری ڕاڤەکردن، بەمەش دەتوانرێت توانای تێگەیشتنی مێژوو فراوانبکرێت بەهۆی درککردنی ئێستاتیکیەوە )) ( jauss,١٩٨٨,٣٦٨).

تێگەیشتن بە لای (یاوس)ەوە، کاتێک بەرهەمدێت کە ئاسۆی ڕابردوو لەگەڵ ئێستادا بەیەکدابچن، لەبەرئەوە ئەم چەمکەی بۆشیکردنەوەی فرەواتایی و کەڵەکەبوونی تێگەیشتنەکان بەکارهێناوە کە لەئەنجامی ئەو پرسیارو وەڵامانەوە بەدیدێن کە دەق و خوێنەر پێکەوەو لەئەنجامی کارلێکی نێوانیان دروستیدەکەن. بەواتای کارلێکی نێوان ئاسۆی مێژوویی و ئێستاتیکی ئێستای خوێنەر لەگەڵ ئاسۆی دەقی ئەدەبیدا و ئەوەشی کە ڕوودەدات لە نێوان دەق و خوێنەردا بەدرێژایی سەردەمەجیاوازەکان (کولوقلی،٢٠١٢،١٠١).

## ٦-توانەوەی ئاسۆکان (انصهار الافاق):

ئەم زاراوەیە ئەگەرچی تاڕادەیەک نزیکە لە زاراوەی تێکەڵبوونی ئاسۆکان ، بەڵام بەدوو چەمکی جیاواز بەکارهاتوون بۆیە بە پێویستی دەزانین هەریەکەیان بە جیا باسبکەین، سەرەڕای ئەوەی لەپرۆسەی خوێندنەوەی دەقدا پێکەوەبەشدارن، بەڵام لە دەستپێکی خوێندنەوەی دەقدا و بە بەریەککەوتنی ئاسۆکانی خوێنەر و دەق لەقۆناغی دواتردا تێکەڵبوونی ئاسۆکان سەرهەڵدەدات و پاشان توانەوەی ئەو ئاسۆیانە دێتە ئاراوە لەناویەکتردا بەو واتایەی کە تێکەڵبوونی ئاسۆکان قۆناغێکی پێش توانەوەی ئاسۆکانە لە ناو یەکتریدا. ئاسۆی چاوەڕوانی پێمان دەڵێت: چۆن دەقێک شیبکەینەوە کاتێک سەرهەڵدەدات، بەڵام بەشێوەیەکی کۆتایی واتاکەی پێکنایەت، بەلای(یاوس) ەوە ناتوانرێت دەقێک بە جیهانی دابنرێت و واتاکەشی بۆ هەتاهەتایە جێگیربێت، ئەو دەقە هەمووجارێک هەمان شێوە خۆی پیشانی خوێنەرەکانی ناداتەوە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ناتوانین هەموو ئاسۆ کەڵەکەبووەکان هەرلەساتی سەرهەڵدانی دەقەکەوە تا ئێستا بخەینەڕوو دواتریش واتای کۆتایی دەقەکە بەشێوەیەکی بابەتی دیاریبکەین، ئەگەر ئەمەمانکرد ئەوا ئێمە هەڵوێستە مێژووییەکەمان فەرامۆشکردووە.

كەواتە دەسەڵاتی کێ پەسەندبکەین، دەسەڵاتی خوێنەرانی پێشینەمان( کۆی خوێنەران بەپێی کات) یان بڕیاری ئێستاتیکی ئێستا، خوێنەرانی پێشوو نەیان توانیووە درک بە مەبەستە شۆڕشگێڕییەکەی بۆنمونە نووسەرێکی وەک( ویلیام بیلیک) بکەن، وەپێویستە هەمان بڕیارەکان بەسەر خوێنەرانی داهاتووشدا جێبەجێبکرێت لەناویاندا ئێمەش؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە (یاوس) سوودی لە زانستی هیرمۆنتیکای گادامێر وەرگرتووە و پێیوایە لێکدانەوەی ئەدەبی پێشوو لە دایالۆگی نێوان ڕابردوو لەگەڵ ئێستادا سەرچاوەدەگرێت.

تێگەیشتنمان لە بەرهەمێک پشتدەبەستێت بەو پرسیارانەی کە باروودۆخی ڕۆشنبیریمان ڕێگەمان دەدات بیکەین، لەهەمانکاتیشدا کار لەسەر دۆزینەوەی ئەو پرسیارانە دەکەین کە دەق هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدات لە دایالۆگیدا لەگەڵ مێژوو، تێڕوانینی ئێستامان هەمیشە پێویستی بە پەیوەندییەک هەیە بەڕابردووەوە، لەهەمانکاتیشدا دەتوانین لەڕابردوو تێبگەین لەڕێگەی تێڕوانینێکی دیاریکراوی بۆ ئێستامان، لەسەر ئەم بنەمایە وادەردەکەوێت کە کردەی دامەزراندنی تێگەیشتن لە ڕابردوو بێزارکەرە، بەڵام بیرۆکەی لێکدانەوەی( تێگەیشتن) جیانابێتەوە لە نێوان زانا و بابەت دا وەک چۆن زانستە ئەزموونگەرییەکان دەیکەن، بەڵام تێگەیشتن تێکەڵبوونی ڕابردوو و ئێستایە، ئێمە ناتوانین گەشتبکەین بۆ ڕابردوو تاکو ئێستاش لەگەڵ خۆماندا نەبەین (سلدان و بروکس، ٢٠٠١، ٦٧). بەمشێوەیە چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی توانای تێکەڵبوونی هەیە لەگەڵ کەرەستەکانی تری شیکردنەوەی دەقدا، کاتێک نووسەر لە دەقێکدا بەتایبەت ئەوانەی کە خەسڵەتێکی گێڕانەوەییان هەیە، هێڵی ڕووداوەکان دەکێشێن و کارلێکی کەسێتییەکان پێشکەشدەکەن، خوێنەر ئاسۆی چاوەڕوانی خۆی بۆ ڕووداوەکان دەبێت، لەوانەیە بەردەوامی ڕووداوەکان بەشێوەیەک بڕۆن کە پاڵپشتی چاوەڕوانییەکانی ئەم بکەن لەوانەشە بەپێچەوانەوە بکەوێتەوە تووشی نائومێدی بکەن و ڕووداوەکان بەشێوەیەک بکەونەوە کە بە خەیاڵی خوێنەردا نەهاتووە (عروي ، ٢٠٠٩،٥١).


## ٧-گۆڕانی ئاسۆکان (تغيير الافق):

مەبەست لەم چەمکە وەڵامنەدانەوەی چاوەڕوانییەکانی خوێنەرە لەلایەن دەقەوە، بەشێوەیەک خوێنەر تووشی نائومێدی دەکات لەئەنجامی نەگونجانی پێوەرەکانی پێشووی لەگەڵ دەقە تازەکەدا، لە سێبەری ئەم ئاسۆیەشدا لادان و جێگۆڕکێ لە زانراوەکاندا ڕوودەدات، لەبەرئەوە ساتەکانی نائومێدی زۆرگرنگە بۆ خوێنەر، چونکە لەوساتەدا ئاسۆی تازە دروستدەبێت و بەشداردەبێت لە پێشکەوتنی بەردەوامی هونەرو ئەدەبدا ( مروک ،٢٠٠٩-٢٠١٠، ٥٤).

دواتر گۆڕانی ئاسۆکان زانیارییەکی تر بەرهەمدەهێنیت کە پێی دەوترێت (مەودای ئێستاتیکی) کە بریتییە لە مەودای نێوان چاوەڕوانی پێشوەختە و کارە ئەدەبیە تازەکە ، ئەمەش پێوەرێکە لەمێژووی ئەدەبدا پشتیپێدەبەسترێت، هەروەک یاوس پێیوایە کە(( مێژووی ڕاڤەکردنەکانی دەقێکی ئەدەبی بریتییە لە ئاڵوگۆڕکرنی ئەزمونەکان یان دایالۆگ یان گەمەی پرسیارو وەڵام )) ( یاوس، ١٩٨٦، ١٠٧) .

لەم قۆناغەدا ئەو هەستە لای خوێنەر سەرهەڵدەدات کە ئەو خاوەنی دەقەکەیەو لەناخیدا هەست بەسەرکەوتن دەکات، بۆیە دەتوانرێت بوترێت کە چەمکی گۆڕانی ئاسۆکان(( لەسەر بنەمای ئەو بەریەککەوتنە دروستدەبێت کە خوێنەر لەکاتی دەستپێکی پرۆسەی خوێندنەوەی دەقێکدابەریدەکەوێت لەگەڵ کۆمەڵێک سەرچاوەی هونەری و ڕۆشنبیری دەقەکەدا تووشی دەبێت، ئەوە دەردەخات کە وەڵامدانەوەی خوێنەرەکە بۆ چاوەڕوانیەکان نەگونجاوە و دواتر هەوڵی بیناکردنی ئاسۆی تازەدەدات لەڕێگەی بەدەستخستنی ڕۆشنبیری تازەوە))(عزام،٢٠٠٢ ، ١٣٦). لێرەوە مەودای ئێستاتیکی سەرهەڵدەدات و ئەوەی کە یاوس بەمەودای نێوان چاوەڕوانی ئامادەو کاری تازە دیاریدەکات، بەمەش خوێنەر ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی دەگۆڕێت و جێگۆڕکێی ئێستاتیکی سەرهەڵدەدات، ئەو ساتی گۆڕانکارییەی کە خوێنەر سنووری زانیارییەکانی پێشووی دەبڕێت و پێدەنێتە ناو ڕۆشنبیرییەکی تازەوە (مصطفي و عبدالرزاق ، ٢٠١٦، ١٧٢).

بەکورتی لەکۆتایی باسکردنی ئەم چەمکانەدا دەتوانین بڵێین: کە یاوس هەندێک بنەمای لە تیۆری وەرگرتندا داڕشت دواتر توێژەرەوان بۆیان دەرکەوت کە لە هەر ڕێبازێکی مێژووی ئەدەبدا پێویستە هەبێت، لەسەروی هەموویانەوە ئەوەیە کە دەقی ئەدەبیی هیچ بەهایەکی نییە تەنها لەو ساتەدا نەبێت کەدەکەوێتە دەست خوێنەر، واتە لەساتی خوێندنەوەدا بەهای بۆ پەیدا دەبێت. هەروەها هیچ دەقێک لە بۆشاییەوە نایەت، هەردەبێت بنەڕەت وسەرچاوەی هەبێت، ئەو دەقە ئاڕاستەی خوێنەرانێک دەکرێت کەپڕچەکن بە پێوەرگەلێک کە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەقەکانیتردا بەدەستیان هێناوە. بەلای(یاوس )ەوە واتا، لەبونیادی دەقدایەو بریتینیە لە خستنەڕووی زانیاریی لەبارەی نووسەرو بارووددۆخەکەیەوە، بەڵکو بریتییە لە گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەڕێگەی پێدراوە مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکانییەوە، بابەتی ڕاستەقینە و گرنکی توێژینەوە ئەوەی کە بزانرێت دەقە ئەدەبیەکە چۆن وەڵام ئەداتەوە لە خوێندنەوەیەکدا، ئەو وەڵامەی کە لە خوێندنەوەکانی تردا بەدرێژایی مێژوو نەدراونەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی بەرهەمهێنانی واتا بەپێی چەمکەکانی یاوس دەتوانین لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا ڕوونبکەینەوە.




بەرهەمهاتنی واتای دەقی ئەدەبی ( مصطفى، ٢٠١٦، ١٢٢)

## پاری دووەم: خوێندنەوەی چەند دەقێکی شیعری کوردی بە پێی چەمکەکانی ( یاوس)

ئەگەر بمانەوێت لە ڕێگەی چەمکەکانی ( یاوس)ەوە دەقی شیعری کوردی بخوێنینەوەو هەڵیان بسەنگێنین، ئەوا پێویستە زیاتر ڕوو لەو دەقانەبکەین کە بۆ ئەم بوارەی ئێمە دەستدەدەن و دەتوانین وەک دەقگەلێکی گونجاو وەریان بگرین ، ئەمە بەواتای ڕەتکردنەوەی دەقەکانیتر نایەت، ئەمە سەرای ئەوەی کە گومانمان نییە لەوەی بێجگە لەم دەقانەی کە ئێمە وەک نمونە وەرمانگرتوون دەقگەلێکیتریش هەن، بەڵام کارێکی ئەستەمە کە بتوانین کار لەسەرهەموویان بکەین  بۆ ئەم مەبەستە لەچەند لایەنێکەوە هەوڵدەدەین تێکشکانی ئاسۆی چاوەڕوانی لای چەند شاعیرێک وەربگرین:

## ١- زمانی دەق :

لەم ئاستەدا شاعیران هەوڵیانداوە لە بەرکارهێنانی زمان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا، خوێنەران تووشی شۆک بکەن و ئەو شێوازە باوەی زمان کە پێی ڕاهاتوون تێپەڕێنن و شتێکی نوێ بخەنە بەر دیدەیان، لەم بارەیەوە سەرەتا ڕوو لە دەقە کلاسیکیەکان دەکەین بەو پێیەی کە هیچ ڕێگرییەک نییە بۆ مامەڵەکردنی تیۆری وەرگرتن لەگەڵ سەردەمی دەقدا، نوێبێت یان کۆن ،یەکەمجار لای شاعیرێکی وەک(نالی) دەوەستین، بەو پێیەی کە ئەم شاعیرە لە سەردەمی خۆیدا توانیوێتی بەشێوەیەکی ئاشکرا لە ڕێگەی دەقەکانییەوە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانی شیعری کوردی تێکبشکێنێت و وەک ئەوەی کە(یاوس) ناوی دەبات خوێنەران تووشی نائومێدیەکی گەورە بکات، بەتایبەت لەڕێگەی زمانی دەقەکانیەوە، لەم دۆخەشدا یاوس ئەو دەقانە بەدەقگەلێکی سەرکەوتوو بەهێز دادەنێت، چونکە ئەو پێیوایە ئەگەر ئاسۆی دەق گونجاوبوو لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەراندا ئەوا ئەو دەقە هیچی تازەی پێشکەشنەکردوون ئەوکاتە دەقەکە دەقێکی لاوازدەبێت.

نالی لە دەقێکدا کە بە ناونیشانی ( تەبعی شەکەر باری من کوردی ئەگەر ئینشادەکا) یە، سەرەتا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بارووددۆخەی کە شاعیرێکی وەک نالی دەستیکردووە بەجیبەجێکردنی پڕۆژەی بەکوردی نووسینی شیعر بەتایبەت بە شێوەزاری بابانی، ئەم کارە بۆ ئەو سەردەم و بارووددۆخە نوێ بوو، چونکە لەو سەردەمەدا خوێنەرانی شیعر بە مۆدیلی تری نووسینی شیعر ڕاهاتبوون کە بریتیبوو لە نووسینی شیعر بە زمانەکانی ( عەرەبی و فارسی و تورکی) ، دیارە مەبەستی ئێمە لەم وتانە نووسینی شیعری باڵایە، چونکە هەرلەوکاتانەدا شیعری میللی بەشێوەزاری بابانی بوونی هەبوو. کەواتە دەتوانین بڵێین: نوسینی شیعر بە شێوەزاری بابانی لەلایەن نالی یەوە دەستپێکەو کارێکی نوێیە.

کاتێک ئەم دەقەی نالی دەخوێنینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانی ئەوسەردەمەدا نەگونجاوە ئەویش لەبەرئەوەی وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەوان بەو مۆدێلەباوە ڕاهاتبوون کە شیعر دەبێت بە زمانەکانیتر بێجگە لە زمانی کوردی یان بەشێوەزاری هەورامی و فۆلکلۆر ئاسا بنووسرێت، بەڵام دەقەکانی نالی ئەو چاوەڕوانییەی تێکشکان و خوێنەرانی تووشی شۆککرد، یان بەواتایەکی تر لەبەرئەوەی ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکانی نالی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانی ئەوسەردەمەدا نەدەگونجا، خوێنەرانی تووشی نائومێدیکرد ئەوەی جێگەی باسە ئەوەیە ئەم مۆدیلەی شیعری نالی لەخۆوەنەبووە، بەڵکو پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیری سەردەمی خۆیبووە بەڵگەشمان بۆئەمە ئەوەیە کە دەستپێکی دەقەکە بەمشێوەیە یە:

تەبعی شەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشادەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی لەعەمدەن وادەکا (،مودەریس ، ١٣٨٧، ١٠٢)

بەواتای ئەوەی کە ئەمکارە بە مەبەستەو دەیەوێت بەکارهێنانی زمانی کوردی /شێوەزاری بابانی بۆ شیعر نووسین بکاتە مۆدیلێکی تازەی شیعر نووسین، دیارە ئەم هەوڵەش وەک وتمان لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانی ئەوسەردەمەدا نەدەگونجا بۆیە سەرەتا ڕەتکراوەتەوە و ئەو زمانەی ئەویان بە زمانی ئەدەبیات نەزانیوە هەرچەندە ( مەلاعەبولکەریمی مودەرس) ئەو پرسیارە لە شیکردنەوەی ئەم دەقەدا لە دیوانەکەیدا دەوروژێنێت، کەدەبێت ئاخۆ ئەوکەسە کێ بێت کە ڕەخنەی لە نالی گرتووە کاتێک بەزمانی کوردی شیعری نووسیوە وەک دەڵێت: ((ئاخۆ ئەو شاعیرە هاوچەرخەی نالی کێ بووبێ کەوا بە فارسی یاخود بە عەرەبی شیعری وتبێ و گاڵتەی بە شیعرە کوردیەکانی ئەمکردبێ؟ تۆبڵێی ئەم مەسەلەیەش پەیوەندییەکی بە(مەستورە خانمی ئەردەڵان) هوە نەبێ، بەتایبەتی کە دیارە نالی ئەم قەسیدەیەی لەسەردەمی فەقێیەتیدا وتووە)) (مودەریس،١٣٨٧، ١٠٤)، پاشان وەڵامی ئەم پرسیارە دەخاتە ئەستۆی ڕۆشنبیرانی دواتر کە ئەم لایەنە شاراوەیە ڕوونبکەنەوە وەک دەڵێت: (( تەنها مەگەر توێژینەوەی لەمەوپاشی ڕۆشنبیرانمان وەڵامی ئەم پرسیارەمان بۆ بداتەوە ))(مودەریس، ١٣٨٧، ١٠٣) ئێمەش بۆ ڕونکردنەوەی ئەم لایەنە لەڕوانگەی تیۆری وەرگرتنەوە پێمانوایە ئەوە پەرچەکرداری خوێنەرانی ڕاهاتووی ئەوسەردەمەیە بە مۆدێلێکی زمانی باو بۆ شیعرنووسین جیا لە وەی نالی، نەک ڕەخنەگرتنی تاکە کەسێک بوو‌بێت، ئەگەر واشبووبێت ئەوا (مەستورەش) وەک خوێنەرێک پەرچەکرداری هەبووە، نەک وەک بابەتێکی کەسی، بەڵام دەتوانین بڵێین: بە دڵنیاییەوە بابەتەکە پەیوەندی بە نەگونجاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی ئەو خوێنەرانەبووە لەگەڵ دەقەکانی ئەمدا.

کاتێکیش دەڵێت :

یا لەمەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسەوار
بێ تەئەموول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا
کەس بەئەڵفازم نەڵێ خۆکوردییە خۆکردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنادەکا (مودەریس ، ١٣٨٧، ١٠٣)

دەبینین دەقەکان لەڕووی بەکارهێنانی زمانەوە تازەن و زمانەکەش کوردییەو بۆگەیاندنی واتا بەلایەوە هیچ کەموکوڕیەکی تێدانییە و باس لەو کەسانە دەکات کە دەقەکانی ئەمیان لا پەسەند

نییە، چونکە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی ئەواندا نەهاتۆتەوە و بە نەزان ناوی هێناوون، ئەمەش دروست ۆکرکی چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانییە.

نالی  تەنانەت دەقەکانی خۆی لەئاستێکی زۆر بەرزدا دەبینێت بەشێوەیەک ڕەنگە هاوتاشی نەبێت لەبەهاو نرخدا ، وەک دەڵێت:

بێتە حوجرەم پارچە پارچەی مسوەدەم بکڕێ بەرۆح
هەرکەسێ کووتاڵ و پارچەی بێ بەدەڵ سەودا دەکا (مودەڕیس، ١٣٨٧، ١٠٣)

تەنانەت( نالی ) دەقەکانی خۆی لەئاستێکی زۆربڵندا دەبێنێت ، نەک شان لەشانی دەقی شاعیرانی زۆربەناوبانگ و پەسەند لەناو خوێنەراندا دەدات ، بەڵکو دەقەکانی ئەوان لەخوار دەقەکانی خۆیەوە دەبینێت ، وەک دەڵێت:

شعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی
کەی لەدیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا (مودەڕیس، ١٣٨٧، ١٠٤)

بەواتای ئەوەی ناسکی دەقەکانی من  لەئاستێکدایە وەک ئاوریشم وان و ئەوانیتر وەک بەن کەبەراوردکردنی ئەم دوانەش کارێکی نەکراوە، چونکە زۆر زەحمەتە بەن بتوانێت شان لەشانی ئاوریشم بدات.

ئەوەی کەدەبێت بڵێین: دوای لێکدانەوەی ئەم دەقە، ئەوەیە کە ئەگەرچی سەرەتا ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر نەگونجابوو لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکانی نالیدا، کەئەمەش خاسیەتێکی دەقی سەرکەوتووە دەبێت خوێنەر تووشی سەرسوڕمانبکات، بەڵام دواتر ئاسۆی دەقەکان ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانیان گۆڕی و ئەم مۆدێلەی نووسینی نالی بووە شتێکی باو، ئەم خاڵی نەگونجانی ئاسۆیانەو ئەو پرسیارانەی کە خوێنەرانی ئەو سەردەمە لە دەقەکانی (نالی) یان کردووە و بەدوای وەڵامەکەیدا گەڕاون، وەک ئەوەی ئایا ئەم زمانە دەشێت شیعری پێ بنووسرێت ؟ ئایا نالی چ مەبەستێکی هەیە لەبەکارهێنانی ئەم زمانەدا بۆ شیعر نووسین؟  ئایا لە کۆتاییدا سەرکەوتوو دەبێت؟ ئەم فاکتەرانە هەموو پێکەوە مەودایەکی ئێستاتیکی فراوانی خوڵقاندووە لەنێوان ئاسۆکاندا هەرئەمەشە کە ئاستی بەهای دەقەکان دەردەخات، واتە بەم پێیە دەتوانین بڵێین: بەهای دەقەکانی نالی لەو مەودا فراوانەوە هاتووە کە دروستبووە لەنێوان ئاسۆی خوێنەران و ئاسۆی دەقەکەدا.

ئەم سەرەتای دەستپێکردنەی نووسینی شیعر بەکوردی پێشتر دەتوانین لای شاعیرانی کرمانجی ژووروووش هەست پێبکەین، بەتایبەت لای(مەلای جزیری)، دیارە لەم کارەشدا بەجۆرێک کاریگەری شاعیرانی فارسیان لەسەربووە کاتێک ئەوان بێگوێدانە تۆمەتی شعوبیەت گەڕانەوە سەر نووسینی

شیعر بەفارسی(کەسنەزانی، ٢٠١٩، ١٩٨١)، ئەوا شاعیرانی کوردیش هەمان ڕێچکەیان گرت و یەکێک لەو شاعیرانەش (مەلای جزیری) بوو، هەرچەندە ( ئەولیا چەلەبی) لە سیاحەتنامەکەیدا باس لە هەندێک شاعیر دەکات کە بەکوردی نووسیوویانە ( چەلەبی، ١٩٧٩، ١١٣)، بەڵام غەزەلەکانی مەلای جزیریە کە لەبەردەستدایەوە دەتوانین قسەی لەبارەوە بکەین.
ئەم شاعیرە دوای پێگەیشتنی بیری و شاعیریێتی خۆی بەرەو خۆ جیاکردنەوە دەچێت لەوانیتر و دەگاتە ئەو بڕوایەی ئەوەی کە سەعدی شیرازی و حافزی شیرازی وتوویانە بۆ فارسەکانەو ئەم دەبێت بۆ کورد بنووسێت، وەک لە بەیتێکدا دەڵێت:

گەر لوئلوئی مەنثوور ژ نەزمێ تە دخوازی
وەر شیعرێ (مەلێ)بین تە بە شیراز چ حاجەت (هەژار ، ١٩٧٧، ١٥٧)

جزیری بانگەوازی بەکوردیی نووسین و جوانی شیعرەکانی دەکات بۆ خوێنەرانی کورد و پێیان دەڵێت: چیتر عەودالی شیعری نەتەوەکانیتر مەبن، ئەگەر شتێکی وەک لوئلوئی شیعرتان دەوێت شیعرەکانی من کە بەکوردی نووسراون، ئەوەن کە بۆی دەگەڕێن و پێویستتان بە شیعری سەعدی وحافز نەماوە. لێرەشدا دەتوانین باس لە تێکشکانی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانی ئەو سەردەمەی ڕاهاتوو بە شیعر نووسین بە زمانی فارسی بکەین.

سەبارەت بە گۆرانی شاعیریش دەتوانین باس لەهەمانشێوەی تێپەڕاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران بکەین لەرێگەی بەکارهێنانی جیاوازی زمانەوە لەچاو پێشتر‌داو بەتایبەت لەڕوی بژارکردنی دەقەکانییەوە لە وشەی بێگانەو بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتیی، گۆران وەک کاکەی فەلاح لە (کاروانی شیعری نوێی کوردی)دا ئاماژەی پێداوە لەدوای ساڵی ( ١٩٣٢)ەوە بەتەواوی لەوشەی بیانی دوورکەوتۆتەوە، وەک دەڵێت: (( ئیتر لەوە بەدواوە بەکارهێنانی وشەی بێگانە لە شیعردا وەک هونەرێک و داهێنانێک بۆ گۆران دەگەڕێتەوە لە خوێندنەوەی تێکرایی بەرهەمەکانی ئەودا، دەردەکەوێت کە زمانی کوردی چەند شیرین و پاراو و بەزەمزەمەیە )) (کاکەی فەلاح، ١٩٧٨،٤٩)، دەتوانین دەقی ( ئاهەنگێک لەناو ڕان)دا وەک بۆنمونەیەکی ئەمشێوازەی نووسینی کوردی پەتیی لای شاعیر بهێنینەوە:

ڕێبوار[ بەلای ڕانا تێئەپەڕێ نزیک بە مێرگی بەهار ]:

هەنگەزەردە ئەبڕێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور،
تا نە گەڕێ مێرگی بەهار
دەم نانێتە ناو دەمی یار!

شوان:

بەڵام منی شای گشت هەردەی بەهاران،
بۆ بینینم خۆیان ئەگرن ڕێی دەشت نازداران!
سۆزی شمشاڵ ئەخەمەکار دەمی ئێواران:
پۆل پۆل ئافرەت، شیردۆشی جوان، ئەکشێ بۆ ناو ڕان!

ڕێبوار:

هەنگەزەردە ئەبڕێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور،
چۆن بە پێی خۆی دێ گوڵی گەش
بۆ لای شوانی کەپەنکڕەش؟!
نەک گوڵێک و نەک سیان و چوار،
چەن لە دێدا هەبێ نازدار؟! (مەلاکەریم ، ١٣٨٦، ٤٧)

وەک دەبینین لەم دەقەدا، شاعیر مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ زمانی دەقەکەدا کردووەو لەکۆی (٢٧٤) وشەی بەکارهاتوو لەم دەقەدا تەنیا یەک وشەی بێگانەی تێدا نادۆزینەوە، بەبێ ئەوەی نەک لەنگیی بە دەقەکەوە دیاربێت، بەڵکو دەقێکی زۆر جوانیشی لێ بەرهەمهاتووە، ئەمە سەرەڕای بەکارهێنانی هەندێک وشەی زۆر کوردییانە وەک ( کەپەنک ڕەش،مێگەڵ و تێخوڕین) کەوەک ( کاکەی فەلاح) دەڵێت: ڕەنگە کاریگەری کەشوهەوای گوندەکان بوو‌بێت لەسەری بەتایبەت دوای ئەوەی کە بووە بە مامۆستای گوند: (( کەچی لەماوەیەکی کەمداو بەتایبەتیی پاش دانانی بە مامۆستای لادێ و ئاودانی جەوهەری تیغی زمانەکەی بە بڕشتی بژارکردن و بەخێوکردن و گەشەپێدان بەو خێراییە پێش کەوت و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو وشەو دەربڕینە بێگانانە لە زمانە شیعرییەکەیدا کەم و کەمتر دەبوونەوە))(کاکەی فەلاح،٤٨،١٩٧٨).

لەباسی ئەم دەقەدا دەڵێین : خوێنەرانێکی ڕاهاتوو بە دەقی شیعریی وا کە وشەی عەرەبی، فارسی و تورکی تێدا بەکارهاتبێت، کاتێک خۆیان لەبەرامبەر ئەمجۆرە دەقەدا دەبیننەوە تووشی شۆک دەبن و ڕەنگە سەرەتاش زۆر پەسەندییان نەکردبێت، چونکە ئاسان نییە بەخێرایی ئاسۆیان بگۆڕێت، بەڵام دواتر گوران توانی ئەمشێوازە لەنووسین بکاتە شێوازێکی باو و ئاسۆی خوێنەرانی گۆڕی، ئەمەش بەرزی دەقەکان دەسەلمێنێت.

ئەگەر سەرنجێک بدەینە ئەم دوودەقەی (نالی) و ( گۆران) ئەوا دەبینین زیاتر و بە پلەی یەکەم تێکشکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر لە زمانی دەقەکاندابووە ، بەڵام بەشێوازێکی جیاواز، لای نالی تێکشکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر لە بەکارهێنانی زماندایە، خوێنەر لەو سەردەمەدا بەوە ڕاهاتووە کە بەزمانی دیکەی جیاواز لەکوردی شیعر بخوێنێتەوە ، بەڵام نالی زمانی کوردی کردە زمانی شیعر نووسین، کەواتە زمانێکی نوێی داهێناو بەمەش دەتوانین بڵێین: کە داهێنان لە دەقەکانی نالیدا بەپلەی یەکەم خۆی لە زمانی دەقدا دەبینێتەوە ، وە ئێمە پێمان وایە دواجار خودی چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی وەک پێوەرێکی داهێنان ئەژماردەکرێت و زیاتر دەتوانین لەو دەقانەدا پراکتیزەی بکەین کە داهێنانیان تێداکراوەو ئەوانەی پێشخۆیان تێپەڕاندووە، بەڵام هەرچی دەقەکەی(گۆران)ە زیاتر تێکشکانی ئاسۆی چاوەڕوانیەکە لە جیاوازی مامەڵەکردنێتی لەگەڵ شێوازی نووسینی دەقەکەدا نەک بەکارهێنانی زمان، چونکە زمان هەر هەمان ئەو زمانەیە کە نالی بەکاریهێناوە بۆ نووسین، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازی گۆڕانکاریانەی کە تیایدا ڕوویداوە، بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین: کە گۆران زمانی نالی تێنەپەڕاندووە ، بەڵکو شێوازی بەکارهێنانی زمانی شیعری نالی و دوای نالی تێپەڕاندووە و داهێنانەکەی لەوێدا بەدیدەکرێت.

## ٢–ناوەڕۆک :

هەندێکجار شاعیران دەقەکانیان بە جۆرێک دەنووسن کە خوێنەر تووشی جۆرێک لە شۆک دەکەن، بەتایبەت ئەم دۆخە لە ناونیشاندا چڕدەبێتەوە، چونکە ناونیشان زۆرجار دەبێتە کلیلی دەق و ڕێگایەک بۆ دۆزینەوەی مینە شاراوەکانی نێو دەقەکە وە ڕێگەیەکیشە بۆ کردنەوەی کۆدەکانی نێو دەقەکە، چونکە لوتکەی فەزای دەق دەگرێت و بۆ وەرگریش لەکۆی دەقەکە لە پێشترە(شقروش،٢٧١،٢٠٠٠) ئەمە سەرەڕای ئەوەی ناونیشان بەتایبەت لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا یەکەم شتە لە دەقدا کەخوێنەر ڕووبەڕووی دەبێتەوە و ڕایدەکێشێت بۆ خوێندنەوەی دەقەکە، بەڵام لە کلاسیکدا بابەتەکە جیاوازە، چونکە ناونیشان نییە بێگومان ئەگەر ناونیشانەکە ئەو هێزەی پێدرابوو لەلایەن شاعیرەوە هەڵگری تایبەتمەندی ئیکۆنۆمی و دروستکردنی ئارەزووی خوێندنەوە بۆ خوێنەر و ڕازیکردنی خوێنەری هەیە (عبدالرحمن ، ٢٠٠٩، ٣١٢). لەم ڕوانگەیە ئەگەر دەقی

(ئافرەت و جوانی ) گۆران وەربگرین بۆنمونە، دەبینین شاعیر ناونیشانێکی بۆ دەقەکەی داناوە کاتێک خوێنەر دەیخوێنێتەوە بەو هەست وبیرەوە بەرەو دەقەکە دەچێت کە باس لە جوانی ئافرەت بکات، چاوەڕێیە ئەوە لەدەقەکەدا ببینێت، بەڵام لەدوای ناونیشانەکەوە و لەبەیتەکانی سەرەتادا تووشی شۆک دەبێت و ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی نایەتەدی، چونکە شاعیر باس لە شتێکیتر دەکات کە سروشتە نەک ئافرەت وەک دەڵێت:

بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە، | لەباخچەی بەهار گوڵم چنیوە،
شەونمی درەخت لەڕووم پژاوە، | لەزەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە،
پەلکەزێڕینەی پاش بارانی زۆر، | چەماوەتەوە بەرامبەر بەخۆر ،
هەتاوی نەورۆز مانگی جۆدرەو، | زۆرهاتوون و چوون بەرۆژ و بەشەو،
خورەی قەڵبەزی کەفزیوینی چەم، | لەهەزار چەشنە پرشنگی ناو تەم،
میوەی گەیشتووی زەردوسووری باخ، | جریوەو جوکەی دارستانی شاخ،
لەگەرووی شمشاڵ، لەتەلی کەمان، | گەلێ هەڵساوە ئاوازەی جوان جوان(مەلاکەریم ، ١٣٨٦، ٤٣)

لەڕاستیدا لەم چەند بەیتەدا شاعیر تائاستێکی زۆر دوور لە ناونیشان دەنووسێت، هەرچەندە جوانی بوونی هەیە، بەڵام جوانی سروشت دەبینین، نەک وەک لە ناونیشانەکەدا هاتووە جوانی ئافرەت، لێرەوە ئەوەی کە (یاوس) بە چەمکی (پرسیارو وەڵام) ناوی دەبات لەنێوان خوێنەر و دەقدا دەستپێدەکات، ئەو پرسیارەی کە لای خوێنەر دروستدەبێت و تۆبڵێی شاعیر چۆن باس لە ئافرەت و جوانی ئافرەت بکات؟ لەم چەند دێرەی سەرەتادا هەرچەند دەگەڕێین وەک خوێنەرێک وەڵامی ئەم پرسیارەمان چنگ ناکەوێت ئەمەش خۆی لە تێکشکانی ئاسۆی خوێنەردا دەبینێتەوە، بەڵام دیسان پرسیارەکانی خوێنەر کۆتایی نایەت و دەپرسێت کە ئایا شاعیر هەتا کۆتایی دوور لە ناونیشان و دەنووسێت؟ لێرەدا دەبینین دواتر دەڵێت:

ئەمانە هەموو جوانن شیرینن، | ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن!
بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز، | بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز،
بێ ئاوازەیە دەنگە نەرمەکەی | با نەیدا لەگویم، تێر نەڵێم ئۆخەی (مەلاکەریم،١٣٨٦، ٤٣)

لێرە بەدواوە دەبینین شاعیر دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ فەزای ناونیشانەکەو هەموو ئەو بەیتانەی سەرەتای خستۆتە خزمەتکردنی وەسفی ناونیشانەکەیەوە و تەنانەت ئەو وەسفی سروشتەی کە لەچەند بەیتی یەکەمدا هاتبوو، بوونی پێشەکیەکی بەهێز بۆ مەبەستی سەرەکی دەقەکە کەباسکردنە

له جوانی ئافرەت، بەڵام لەدەقی ( جوانی بێ ناو) دا شاعیر بەجۆرێکیتر و لەنێو خودی دەقەکەدا ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران دەشکێنێت، ئەویش بەوەی جۆرێکی نوێ لە وەسفکردنی ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت دەخوڵقێنێت و ئەوەی کە ( بوشرا کەسنەزانی ) بە پیشاندانی وێنەی (ئەنیما)( کە مەبەست لە بوونی مێینەیەکە لە ناخی نێرینەدا)ی هەموو ئەو ئافرەتانەی کە دێنە سەر ڕێگای شاعیر ناوی دەبات جیا لەو وێنەو وەسفە ئامادەکراوە باوانەی کە هەبوون شاعیر گوزارشت لە مۆدیلێکی تازەی دەربرین دەکات (کەسنەزانی ، ٢٠١٩، ١٣٤-١٣٥) گۆرانیش چیتر خۆی نابەستێتەوە بە چاوی ڕەش و زوڵفی ڕەشمار و ئاسا و باڵای عەرعەرییەوە ، بەڵکو ئەمانە تێکدەشکێنێت و دەڵێت:

قژکاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ،
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێک ئاڵ!
ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپە دوو،
گەندەمووی دەم و چاو مەچەک هەڵنەگرتوو
ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسک سووک،
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووک!

(مەلاکەریم ، ١٣٨٦، ٦٥)

دەبینین ڕەنگی کاڵ چۆتە شوێنی تۆخ و قژی کاڵ و لێوی ئاڵ، شوێنی قژی ڕەشی ڕەشماری و لێوی ئاڵ شوێنی دەمی سووربوو بە خوێنی جگەر گرتۆتەوە، دەموچاوێک کە هێشتا گەندەمووی پێوە ماوە لای شوێنی دەموو چاوی سپی سافی گرتۆتەوەو ئەندامی وردیلە لە باڵای بەرزی وەک سنەوبەری جاران جوانترە، ئەم وێنەو وەسفانەی گۆران شتێکی نوێبوون لە شیعری کوردیداو گۆران بەمەبەست و بۆ هێنانە گۆی خواستی خۆی و جیابوونەوەی ئەوەی کە بوشرا کەسنەزانی بە (ئەنیما) ناوی دەبات لە شاعیرانیتر و تادەگاتە ئەوەی کە شاعیر لە باسکردنی ئافرەتەوە دەقەکە دەگوازێتەوە بۆ باسکردن لە سروشت،لێرەشەوە جارێکیتر خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکاتەوە کە دەڵێت :

گیانی منبۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،
کە لەژێر سێبەری توترکا خامۆشە!
لەهەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان!
ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان!
لەتەختێک هەڵدەستێت هەزار و یەک نەغمە:
ئەوەیان شیرنتر دێتە گوێم زۆر نزمە!
کانیەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو:
لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو،
جوانترە لەلام لە دەریای بێ سنوور
شەپۆلی باتە بەر تیشکی رۆژ شلێپ و وڕا!

(مەلاکەریم ، ١٣٨٦، ٦٥)

لەسەرەتادا دەقێکمان بینی کە باسی لە جوانی ئافرەت و وەسفکردنی ئافرەت دەکرد، بەڵام دواتر بابەتی دەقەکە گۆڕا بۆ باسکردن لە جوانییەکانی سروشت، دەبینین ئەگەر خوێنەران

چاوەڕێی باسکردن و وەسفکردنی گوڵ و گوڵزار دەکەن لەشاعیر، بەڵام ئەم بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ئەوانەوە هاتووە وەنەوشەیەکی ژێر توترکی کردۆتە بابەتی وەسفکردن لە دێرێکیدا کە پێمانوایە خۆی لەخۆیدا بەئاگایی شاعیر پیشاندەدات لەوەی کە بەمەبەست کاری لەسەر تێپەڕاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران کردووەو ویستوویەتی دەقەکەی دەقێکی ئاسایی نەبێت. لەمڕووەوە توانیویەتی کار لەسەر دروستکردنی مەودایەکی ئێستاتیکی فراوان بکات لە نێوان دەقەکەی و خوێنەراندا و بەمەش بەهایەکی ئێستاتیکی بەرزی بۆ دەقە بەدیهێناوە.

عەبدوڵاپەشێوی شاعیرلە(دوانزە وانە بۆ منداڵاندا) جۆرێک خوێنەر تووشی سەرسوڕماندەکات کە ئەوەی خوێنەر لە ناونیشانەکەدا چاوەڕێی دەکات لە دەقەکەدا دەستگیری نابێت و ناوەرۆکی دەقەکە بەجۆرێکیتر دەشکێتەوە، لەڕاستیدا کاتێک ئەو ناونیشانە دەبینرێت لەلایەن خوێنەرەوە وای بۆدەچێت کە ئەم دەقە دەقێکە بۆ منداڵان نووسراوە تاکو ئامۆژگاری و پەندی لێ وەربگرن و دەچێتە خانەی ئەدەبی فێرکاری و ئامۆژگاری منداڵانەوە، بەڵام ئەوەی کە خوێنەر تووشی دەبێت هەر لەسەرەتای دەقەکەوە تاکۆتایی شتێکی ترە، چونکە بەبڕوای ئێمە ئاستی نووسینی دەقەکە لە زمان و وشەو گوزارشتەکانی کە بەکاریهێناوە لەگەڵ ناوەرۆکی دەقەکەشدا ئاسان نییە منداڵان تێیبگەن، بەڵکو ئەوەندەی شاعیر ڕەخنەدەگرێت وڕوو لە گەورەکانە لەڕێگەی منداڵانەوە، هێندە ڕووی لەمنداڵان نییە، هەرچەندە دەکرێت بەو دیوەشدا دەقەکە لێکبدرێتەوە کە منداڵان، گەورەکانی دواڕۆژن و ئەوان دەتوانن بەو ڕێگا چەوت و هەڵانەدا نەڕۆن(وەک شاعیر ئاماژەی پێدەکات)کە گەورەکانیان پێیدا ڕۆیشتوون(دیارە مەبەستی شاعیر سەرکردەو سیاسیەکانی کوردە)، ئەم هیوایەکی زۆریان لەسەر هەڵدەچنێت وەک دەڵێت :

منداڵەکان
ئەی بێلانە ژین تاڵەکان
زۆر لە مێژە دایکەکانی ئەم وڵاتە،
مەمکەکانیان شیری سەربەستی تیاقاتە،
زۆر لە مێژە کێوەکانی ئەم وڵاتە
پێغەمبەرێکیان تیا قاتە (پەشێو، ٢٩،١٩٧٩)

یان دەڵێت :

مناڵەکان

لە ئاگردانی چاوتاندا

من چاوەڕێی زەردەشتێکم

بێ ، جێ بەو بتانە لەق کا

من چاوەڕێی

چەخماخەی ئاڤێستایەکم

بێ جەرگی تاریکی شەق کا (پەشێو، ١٩٧٩،٣٠)

کەواتە دەتوانین بڵێین: شاعیر جۆرێک لە شۆک تووشی خوێنەر دەکات، خوێنەر کە ناونیشانەکە دەخوێنێتەوە، دواتر دەچێتە سەر دەقەکە جۆرێک لە ناتەبایی بەدیدەکات لە نێوانیاندا ئەمەش خۆی لە خۆیدا کرۆکی تێکشکانی ئاسۆی چاوەڕوانی پێکدەهێنێت، وەک ئەوەی کە ( یاوس) باسیدەکات، خوێنەر سەرەتا بە ئامادەکارییەکەوە کە لەبیریدا دروستدەبێت، لەڕێگەی ناونیشانەکەوە دەچێت بەرەو دەقەکە، بەڵام کاتێک ئەوەی کە چاوەڕێیکردووە وا دەرناچێت، دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاو ئاسۆی خوێندنەوەکەی بینا دەکاتەوە، ئەمەش بە تەواوی لەم دەقەدا هەست پێدەکەین کە لە پرۆسەی خوێندنەوەو کارلێکی نێوان خوێنەر و دەقدا شتێک پێکدێت بەناوی مەودای ئێستاتیکی و ئەمەش ئاستی دەقەکە دیاریدەکات لەڕووی  ئەدەبییەوە.

زۆرجاریش دەبینین شاعیران کاریان لەسەر تێپەڕاندنی ئەو ناوەڕۆکە باوانەکردووە کە لەشیعردا ڕەنگیداوەتەوە، هەندێک لەشاعیران چیتر لەسەر هەمان تێڕوانین بۆ بابەتەکان ناڕۆن بەجۆرێ لەدەقەکانیاندا ڕەنگی پێدەدەنەوە کە خوێنەران تووشی سەرسوڕماندەکەن و بەریەککەوتنێک ڕوودەدات لە نیوان ئاسۆی دەقەکەو ئاسۆی خوێنەراندا، بۆنمونە لە دەقی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە)دا(شێرکۆ بێکەس) بەجۆرێکیتر ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر تێکدەشکێنێت، بەهۆی دروستبوونی نائومێدییەوە لای خوێنەران مەودای ئێستاکییەکی فراوان سەرهەڵدەدات لە نێوان دەقەکەو خوێنەرانیدا، ئەویش بەوەی بەجۆرێکیتر و جیاواز لەو وێناکردنانەی کەپێشتر بۆ نیشتمان کردوویەتی، نیشتیمان پیشاندەدات و بەمەش تا ئاستێکی زۆر ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران تێکدەشکێنێت و بەریەککەوتنێک لەنێوان ئاسۆی دەقەکەو ئاسۆی خوێنەراندا دێتەئاراوە، پێشتر لای خودی شاعیرو ڕەنگە لای زۆرێک لە شاعیرانیش، نیشتیمان پیرۆز بووەو وەک دایک سەیریکراوە، بەڵام لەم دەقەدا ئەوە نابینین وەک خۆشی لەمبارەیەوە دەڵێت: ((ئێستا کچێک نیشتیمانمە بەچەند قۆناغێک گەیشتە کامڵبوون ... کتێبی بێزاربوونی گەنجێکی ئەم ڕۆژگارەیە. وەڕسبوون لەهەموو شتێکی نیشتیمان ...ئەوەی ئەم بەرهەمە لەهەموو بەرهەمەکانیترم جیادەکاتەوە ئەوەیە ... نیشتیمان

وەک ڕەمزێکی پیرۆز کۆتایی پێدێت. دیارە بە پێچەوانەی بەشێکی زۆری تێکستەکانی ترمەوەیە کە نیشتیمان لەنێوانیاندا هەمیشە ڕووخسارێکی جوان پاکبووە ))(بێکەس،٢٠٠٠،٣٢٨-٣٢٩). تەنانەت بەکارهێنانی وشەی(ئێستا) لە ناونیشانەکەشدا وەک ( ئەحمەد میرە )لە تێزی دکتۆراکەیدا ئاماژەی پێداوە، جۆرێکە لە دانانی خاڵی جیاوازی و دابڕان لە نێوان دوو قۆناغی شیعریی شێرکۆبێکەسدا، وەک ساتەوەختی جیابوونەوە و دابڕانە لەنێوان مەعشوقە کۆنەکەی کە نیشتمانە و مەعشوقە نوێیەکەی لە ئێستادا کە (کچێک)ە. لەڕاستیدا هەرخودی ناونیشانەکە جێگەی لەسەر وەستانە، خوێنەر لە خوێندنەوەی ناونیشانەکەدا تووشی تێرامان دەبێت شاعیریش لەم ناونیشانەدا کۆمەڵێک گومان و پرسیار دەورووژێنێت و لای خوێنەریش گەلێک پرسیار دروستدەبێت، بۆنمونە پێش ئەم دەقە  نیشتیمانی شاعیر کوێ بووە؟ ئایا شاعیر پشتی لە نیشتیمانە کۆنەکەی کردووە؟ دەیەوێت لەم نیشتیمانەی ئێستایدا چی بەدەستبهێنێت؟ ناونیشان و ناوەڕۆک پێکەوە گونجاون، خوێنەر هەرلە ناونیشانەکەوە هەست بەو یاخیبوونەی شاعیر دەکات و شاعیریش بەمەبەست ئەم ناونیشانەی هەڵبژاردووەو ویستوویەتی لەیەکەم بەریەککەوتنی خوێنەر لەگەڵ ئەم دیوانەدا هەست بە کودەتایەکی گەورە لەجیهانی شاعیردا بکات(میرە،٢٠١٩،١٠٠-١٠١)، ئەمەش باڵادەستی و دەسەڵاتی ناونیشان دەردەخات لەنێو دەقدا و خوێنەر بەرەو دەقەکە دەبات و وای لێدەکات بە ئاگاییەوە بیخوێنێتەوە، ئەوەشی کە زیاتر هانی خوێنەر دەدات لەپەیوەندیی بەردەوامدا بێت لەگەڵ دەقەکەدا، بەکارهێنانی وشەی (کچێک) وەک کەسێکی نەناسراو، چونکە وا لەخوێنەر دەکات بەدوای ئەو نەناسراوەدا بگەڕێت، هەرچەندە دواتر لە دەقەکەدا ناوی (ڕۆزانا) دەبینین، ئەمەش ڕێگایەکی سەرکەوتووی شاعیری بەهرەمەندە لەگەڵ خوێنەرەکانیدا پەیڕەوی دەکات، تاکو خوێنەر لەدەقەکە دانەبڕێت، بەڵکو تاکۆتایی ئەو ڕایەڵەیە لەنێوانیاندا بمێنێتەوە.

هەروەها شاعیر لەڕێگەی نیشتیمانەوە دێت باس لەو نادادپەروەری و گەندەڵییانە دەکات کە لە نیشتیماندا دەگوزەرێ و گەرچی زەمەنێکی زۆرتریشە بوونی هەیە، بەڵام وەک (زاهیر لەتیف کەریم و نیان نەوشیروان مەستی) لە کتێبی ( فرە خوێندنەوە لە دەقی ئێستا کچێک نیشتیمانمە) ی شێرکۆ بێکەسدا باسیدەکەن دەبوو پێشتر ئەم دەقە بنووسرایە، چونکە مێژووی بوونی گەندەڵی زۆر کۆنترە لە مێژووی دەقەکە، بەڵام بەلای ئەوانەوە ڕەنگە درەنگ لەدایکبوونی دەقەکە لەبەر هۆکاری بابەتی و خودی بووبێت وەک دەڵێن:  (( ئەم دەقە دەبوو پێشتر لە دایکبوایە، بەو پێیەی زەمەنی گەندەڵییەکان نوێ نییە خاوەن ڕەگێکی زەمەنی دوورودرێژە و تەنها پەیوەست نییە بەزەمەنی ئێستاوە. ئەم دواکەوتنە دەکەوێتە سەر شانی شاعیر کە درەنگتر هەستی بە زەنگی مەترسیەکانی گەندەڵی کردووە. یان بەهۆی پەیوەستبوونی بە ئایدیایەکەوە جۆرە چاوپۆشیەکی لە دۆخ و گەندەڵیەکان کردووە )) (کەریم و مەستی،٢٠١٧،٤٨-٤٩)، لەڕاستیدا ئەم دواکەوتنە نەک لەبەهای

شیعری دەقەکەی کەمنەکردۆتەوە، بەڵکو تەقینەوەیەکی هەستی و بیریی وای تێدا بەرجەستەبوو کە لەئاستی پێشبینیدا نەبوو. وەک ئاماژەمان پێدا خوێنەر لەم دەقەدا ڕووبەڕووی نیشتمانێک دەبێتەوە کە نەک دایک نییە، بەڵکو بۆخۆی سەرچاوەی نەهامەتی و بێزاری و نائومێدی تاکەکانێتی وەک دەڵێت:

ئەم نیشتیمانە
منی بەهاری ڕاپەڕینی پیرکرد
گۆرانیەکانی کردم بە پۆلێ
باڵندەی باڵشکاو.
بەخەونی دەم با.
ئەم نیشتیمانە
وەک تۆ ئەی گەنجی سەرجادەی سەهۆڵەکە
گۆرانیە سەوزەکانی منیشی زەردکرد!
وەک چاوی تۆ
چاوی گەلاکانی منیشی تاریککرد ( بێکەس، ٢٠٠٠،١٤-١٥)

ئاستی نائومێدی و ڕەشبینی بەرامبەر بە نیشتیمانەکەی تا ئاستێکی زۆر ڕۆشتووە و تەنانەت بەشێوەیەکە کە شاعیر چیتر بەهی خۆی نازانێت و بگرە پێویستی بەبوونیشی نییە خوازیاری بەتەواوەتی لەبیر چوونەوەیەتی وەک دەڵێت :

لەخوێن ساردی و بیرچوونەوەو
بێباکیدا
لەهیچ نیشتیمانێکیتر ناچێ
بۆیە منیش بڕیارم دا
وەکو کراسێکی کۆن و
چاویلکەیەکی شکاو و
نامەیەکی بزرکاو
ئەوم لەبیر بچێتەوە ( بێکەس ، ٢٠٠٠،٢٠١)

کەواتە لای خوێنەر زۆر نامۆ دەکەوێتەوە کە نیشتمان ئەو هەموو پیرۆزییەی لە دەقێکدا لێ بسەنرێتەوەو لەبری خۆشویستن و خۆبەختکردن لە پێناویدا ، ڕەتبکرێتەوەو بەهی خۆی نەزانرێت، خوێنەر وا ڕاهاتووە کە نیشتیمان جۆگەو ڕووبارەکانی وەکو کەوسەر و خاکی وەکو گەوهەرەو هەمیشە شێوەی لەیادی شاعراندایەو هەرگیز لەیادی ناکەن، مەگەر زیندان و چەرمەسەرییەکانی ژیان بۆماوەیەک لەبیریان بەرێتەوە وەک بێکەس دەڵێت:

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە
کاتی بەندیی و ئەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم، واتێ نەگەی
حەپس و تێ هەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە(بێکەس، ٢٠٠٨، ٦٠)

یان خودی شاعیر بۆخۆشی پێشتر جۆرێکیتر لە نیشتیمانی ڕوانیوەو لەدەقی ( تۆ هەوریت و ئەتبارێنم) دا خۆشەویستی بۆنیشتیمانەکەی لەئاستێکدایە کەبووە بەشێک لەبوون و لەشاعیریی ئەو وەک دەڵێت:

نیشتیمانم !
خۆشەویستیت باڵدارێکە بە باڵی زامەکانی من ئەفڕێ
دارمێوێکە بۆڵی گلێنەی شەوانی شیعرم ئەگرێ
خۆشەویستیت هەژارێکە نانی خەمەکانم ئەخوات
سروودێکە بەرگی نۆتەی سەنگەرەکان لەبەر ئەکات
لوتکەیەکە کلاوزەڕی شەفەقی یار لەسەر ئەکات
خۆشەویستیت ڕەشماڵێکە کە ئازارە کۆچەرەکان
لەسەر سنگی (فەیلێکانم) هەڵیان داوە ( بێکەس، ٢٠٠٦، ٢٥٧)

کاتێک ئاسۆکان دەگۆڕێن و ئەوەی کە وەرگر چاوەڕێی دەکات ئەوە نابینێت لە دەقەکەدا، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین: بەهۆی ئەو مەودا ئێستاتیکییەی کە دروستدەبێت لەنێوانیاندا لەم دەقەشدا ئێستاتیکایەکی بەرز بەدیهاتووەو دەقەکەشی کردۆتە دەقی باڵای ئەدەبی. لەمەش زیاتر شاعیر وێڵە بەدوای دۆزینەوەی جێگرەوەیەک بۆ نیشتیمان تاوەکو زیاتر ئەو دوورکەوتنەوەیەو لەبیرچوونەوەیە بچەسپێت، ئەویش لەڕێگەی پەنابردن بۆ کردنی کچێک بە نیشتیمانی خۆی و ئەو

ئارامی و خۆشییەی جاران لە نیشتیماندا بەدەستیدەهێنا، ئێستا لەپاڵ ئەو کچەدا بەدەستی دەهێنێت، تەنانەت شاعیرێتییەکەشی زیاتر چالاکبووە ئەو بۆتە مەنزڵگایەکی تەقینەوەی شیعرەکانی لەجیاتی جارانی نیشتیمان.

هێندە نابێ کچێک بۆتە نیشتیمانم
لەجێی ڕووبار
من لەکەنار لەشی ئەودا دائەنیشم
لەجێی قەڵبەزەو تاڤگەیش
ئەچمە بەرکەزیەکانی ئەو
من ئەوەتەی
ئەو کچە هەورەم ناسیوە
ئەوەتەی بارانی پرچی
ئەو لێم ئەدا
بوویشم بە شاعیری ئاو و
ناوبەناو نمنم ئەنووسم و
هەندێ جاریش
لێزمەم بەخوڕا! ( بێکەس ، ٢٠٠٠،٢٠٤)

دەتوانین بڵێین: شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی کە هێندەی تێکشکانی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران لای ئاسانە، هێندە تێپەڕاندنی ئەزموونی شیعریی شێرکۆبێکەس گرانە بۆ نەوەکانی دوایخۆی و وەک بەربەستێکی گەورە لەبەردەم شاعیرانی دوایخۆیدا دەمێنێتەوە، مەبەستیشمان لەم بۆچوونە ئەوەیە کە بواری داهێنان زۆر تەسکدەکاتەوە دوای خۆی بۆ نەوەکانی داهاتوو کە خاڵی گەوهەری تێکشکانی ئاسۆی چاوەڕوانییە لە دەقدا.

دلاوەر قەرەداغی لە شیعری ( نیشتیمان بۆتە ئێچ دی) دا هەمان خوێندنەوەی بۆ چەمکی ( (نیشتیمان) هەیەو چیتر بەلای ئەوەوە نیشتیمان هەمان ئەو خاکە نییە کە لەهەموو شوێنێک و لە هەموو شتێکدا دەیبینی، وەک خۆی دەڵێت: جاران نیشتیمان هەموو جوانیی و خۆشەویستییەکی لەخۆیدا کۆکردبووەوە، وەک لە بەشێکی دەقەکەدا دەڵێت :

جاران نیشتیمان شیعرێ بوو پڕ بە یەک دیوان
سەرگوزشتەیەک بوو پڕ بەیەک داستان
هەنسکێک بوو پڕ بەیەک گریان
پیاسەیەک بوو پڕ بە یەک ئێوارە
شنەیەک بوو پڕ بە یەک دارستان
دڵێک بوو پڕ بەیەک عەشق   ( قەرەداغی،٢٠٢٠، ٨٢٢)

لەم کۆپلەیەدا تێڕوانینی شاعیر لەپێشدا بەو جۆرەبووە کە زۆر بەوردی و بە هەستێکی پڕاوپڕ لە خۆشەویستی گوزارشتی لێکردووە، بەڵام هەر خودی شاعیر لە کۆپلەیەکی تری دەقەکەیدا خوێنەر بەرەو کەشێکیتری بیرکردنەوە لە نیشتیمان دەبات و وێنەکە تەواو ئاوەژوو دەکاتەوە وەک دەڵێت:

هەنووکە نیشتیمان بۆتە ئێچ دی
نیشتیمانماڵی گواستۆتەوە گەڕەک و شار و
وڵاتی دی
هەنووکە نیشتیمان بووەتە هاوڕێی گیانیبەگیانی
بازرگانانی قووتی خەڵک و دوکاندارانی سیاسی
هەنووکە نیشتیمان کەشتیەکی هەیە
بە بەندەرەکانی دونیادا دەگەڕێ و
هاوار دەکا ، نەوت ..نەوت ... نەوت
وەرنەوە بۆ نەوتی کوردی
ئێستا کاتێک نیشتیمان دیارنامێنێ ...هەرهەموومان دەزانین لە کوێیە
چ پێویست ناکا هیچکوێ بە دوادا بگەڕێین
هەنووکە نیشتیمان بووەتە شتێکی دی
هەنووکە نیشتیمان بووەتە ئێچ دی
هەنووکە نیشتیمان بووەتە حوزنێکی  ئێچ دی
بووەتە حیکایەتێکی  ئێچ دی
بووەتە ئەوینێکی  ئێچ دی ( قەرەداغی،٢٠٢٠،٨٢٤)

سەبارەت بە ئاسۆی چاوەڕوانی ئەم دەقەی دلاوەر قەرەداغیدا، دەتوانین لەچەند لایەکەوە لێی بدوێین:

١-لەبەرئەوەی ئەم دەقەوەک لە پەیامی خودی شاعیردا دەردەکەوێت، بەراوردێکی نێوان تێڕوانینی شاعیرە لە کۆن و لە ئێستادا بۆ نیشتیمان، جاران نیشتیمان کوتلەیەک بووە لە پیرۆزی و جوانی، بەلاّم ئێستا تەواو داماڵراوە لەو بەهایانە، لێرەوە لە کۆنتێکستی کۆی دەقەکانی شاعیردا دەتوانین باس لەوە بکەین کە شاعیر ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانی تێکشاندووەو مەودایەکی ئێستاتیکی دروستکردووە لەنێوان ئاسۆکانی دەقەکەو خوێنەرانی دەقەکانی خۆیدا، چونکە پێشتر خوێنەرانی بەو جۆرە دەقەکەکانی شاعیریان نەبینیوە نیشتیمانیان لا دابماڵێت لە هەموو جوانی پیرۆزیەک.

٢-بەو پێیەی کە ئەم دەقە لەڕووی زەمەنەوە دەکەوێتە دوای دەقەکەی ( شێرکۆ بێکەس) ەوە ئەوا ڕەنگە بۆ خوێنەرێکی بە ئاگا لە شیعری کوردیی بە گشتی و شیعری ئەم دوو شاعیرە بە تایبەتی. ڕەنگە ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی تێنەپەڕێنێت، ئەویش لەبەرئەوەی ڕەنگە ئەو دەقەی شێرکۆبێکەسی خوێندبێتەوە و لەوکاتەدا تووشی بەریەکەکەوتن بووبێت لەگەڵ ئاسۆی دەقەکەی ئەودا، بەلاّم دواتر لەگەڵ ئەم دەقەدا ئاسۆکان شێوەیەک لە گونجان دروستدەبێت لە نێوانیاندا .

٣-ئەوەی کە دەتوانین بە شێوەیەکیتر لەم دەقەدا باسی بکەین بەتایبەت لە کۆپلەی یەکەمدا کە وەک نمونەیەکی دەقەکە وەرمانگرتووە، سەبارەت بەئاسۆی چاوەڕوانیی لە ناو خودی دەقەکەدا ، (چونکە مەرج نییە کە تێپەڕاندنی ئاسۆی چاوەڕوانیی هەر لەدەرەوەی دەقدا بێتەدی، زۆرجار لەنێو خودی دەقەکەدا دروستدەبێت) ئەوەیە کەشاعیر بەشێوەیەکی نوێ و ناباو گوزارشتی لە پیرۆزیی و خۆشەویستی نیشتیمان کردووە لە پێشتردا. لەدۆخە ئاساییەکەدا هەمیشە دیوان لە شیعر گەورەترەو چەند شیعرێک یەک دیوان پێکدەهێنن، داستانەکان سەرگوزشتەکان لە خۆدەگرن و لەگریاندا هەمیشە هەنسکدان چەندبارە دەبێتەوەو ئێوارانیش پیاسەکامان لەخۆدەگرێت و دارستانەکانیش مەنزڵگای شنەبا فێنکەکانەو عەشقیش لەدڵەوە سەرچاوەدەگرێت، بەلاّم ئەم گوزارشتانە لای شاعیر ئاوەژوو کراونەتەوەو مەبەستی بووە کە ئاستی دەربڕینەکەی بەرێتە ئاستێکی باڵای وا کە هەم دوا پلەی هەستی خۆی تێدا بەیان بکات و هەمیش بەشێوەیەک بێت کە جیابێت لەوانی دیکە، جاران نیشتیمان هێندە جوان خۆشەویستبوو ئەگەرچی تەنها شیعرێکبووە، بەلاّم هێندەی دیوانێک گەورەبووە، ئەگەرچی سەرگوزشتەیەک بووە، بەلاّم هێندەی داستانێک مەزن بوو، هیچ کاتێک یەک هەنسک ناگاتە ئاستی گریان، بەلاّم ئەم نیشتیمانەی جاران هەنسکێک بووە بەئاستی گریان، هەروەها تاکۆتایی کۆپلەکە هەست بەم تێکشکانی ئاسۆی چاوەڕوانیەی خوێنەران دەکرێت و بەهۆی دووری ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکە و ئاسۆی چاوەڕوانی

خوێنەرانەوە لەیەکتری، مەودایەکی ئێستاتیکی فراوان سەریهەڵداوەو بەمەش دەتوانین بڵێین: دەقەکە لە ئاستێکی ئێستاتیکی بالادایە.

لەتیف هەڵمەت وەک یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، هەر لەگەڵ دامەزراندنی گرووپی(کفری) دا جاڕی نوێگەریاندا لە شیعری کوردیدا، لەو ڕوانگەیشەوە کۆمەڵێک دەقی شیعریی بڵاوکردەوە، کە لەڕاستیدا چاو و بیری خوێنەرانی کوردی پێرانەهاتبوو ، بۆیەش دەتوانرێت بە کۆمەڵە دەقێکی ئاسۆ شکێنی خوێنەرانی دابنێین. لەتیف هەڵمەت هەر لە دانانی ناونیشان بۆ دەقەکانییەوە ئەو ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانی تێپێڕاندووە، چونکە لەو جۆرە ناونیشانانەی شیعر لە ئەدەبی کوردییدا پێشتر نەدەبینرا و لێرەشدا دەبێت ئاگاداری فاکتەری کاتبین، چونکە ئێمە باس لەسەردەمی دەستپێکی شیعر نووسین دەکەین لای شاعیر، بەڵام بۆ ئەمڕۆ ئەو ناونیشانانە شتێکی ئاسایین و ئەگەر شاعیرێک بەکاریان بهێنێت هیچ پەرچەکردارێکی ئەوتۆ لای خوێنەران دروستناکات و بەلایانەوە شتێکی باوە، بۆیە ناکرێت لەمڕۆدا وەک خاڵێکی تێکشکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران سەیری بکەین، بەڵام بۆئەو دەمە، بەڵێ کارێکی داهێنەرانەیەو تائاستێکی زۆر خوێنەرانی تووشی تێرامان کردبوو وەهەندێک جاریش ڕەتکراونەتەوە، چونکە خوێنەریان پێ ڕانەهاتبوو، بەڵام دواتر بوونە شێوازێکی باوی شیعر نووسین و شاعیرانی تریش دووبارەیان دەکردنەوە، بۆنمونە شاعیر ناونیشانەکانی وەک(خواو شارە بچکۆلەکەمان) و (ئەم کولەکانە دەشکێنم) بەکارهێناوە بۆ دەقەکانی، لێرەوە دەتوانین باس لەداهێنان بکەین لای لەتیف هەڵمەت، جیا لەمەش شاعیر لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە گرووپی (کفری) بڕیاری تێپەڕاندنی شێوازی شیعر نووسینی پێشخۆیانداوە، وەک ئەوەی کە خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: (( هەموو ئەو دیوانانەی کە خوالێخۆشبووان(گیوی موکریانی، حوزنی موکریانی) لە چاپخانەی خۆیان بە چاپیان گەیاندوون دیوانەکانی(نالی، سافی، وەفایی، دڵدار و مەلامحەمەدیکۆیی...) ئەمانەمان دەخوێندەوە و ڕەفزیشمان دەکردن...ڕەفزی ئێمە بەدیراسەبوو کەدەبوو تەجاوزیان بکەین، من لەخواوشارە بچکۆلەکەماندا دەڵێم: (لقی هەتاو) کە ئەو تەعبیرە لەسەرانسەری شیعری کوردی پێش مندا نیە، کە دەڵێم (وشەی کەفاوەکی) تەجاوزی هەرچی تەعبیری پێش خۆمە کردووەم ))( هەڵمەت ، ١٩٩٦، ٣٩).
ئەگەردەقی (ئەم کولەکانە دەشکێنم) بە نمونە وەربگرین ، دەبینین شاعیر هەر لە ناونیشانەکەیەوە دەیەوێت جۆرێکی نوێ بنووسێت، یاخیبێت لە ناونیشانە باوەکانی شیعری کوردی، ئەو بەمەبەست وادەکات هەروەها لەنێو دەقەکەشدا دەبینین جۆرێکی نوێ مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات و چەند گوزارشتێکی ناباو و شیعرییەت ئاسا دێنێت کە چاوی خوێنەرانی پێ ڕانەهاتووە وەک دەڵێت:

ئەم کولەکانە دەشکێنم
ئەمە باوەڕی منە
ئاگرەکەم ناتوێتەوە
تەمەنی من بلێسەیەکی
بێ خۆڵەمێشە
پەرستگاکان ئەروخێنم
وشەکانم ئامێتەی رەگی زەوی دەکەم
شینایی ئاسمان
وەکو چڵی یادگار
لەسەر دڵما ئەشکێنم
ئەمە باوەڕی منە
شەپۆلەکانم وەستانی نیە
کەس لە زبانم تێ ناگات
سێبەری هەنگاوەکانم
باخچە گوڵە
نیگای چاوە ماندووەکانم
بارووتی تۆڵەیە (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٣٠

هەروەک (بەختیار سەجادی) باسیدەکات، زمانی نووسینی لەتیف هەڵمەت لە دیوانی ( خواو شارە بچکۆلەکەماندا) کە ئەم دەقەش لەو دیوانەدا بڵاوکراوەتەوە ساڵی ١٩٧٠، لەڕووی ئەدەبییەوە لە لوتکەدایەو بایەخدانێکی زۆری لە بواری جوانکاری دەربڕین و وێنەی شیعری تازەدا تێدا دەبینرێت ( سەجادی، ١٣٩٦،١٤٤) ئێمەش وای دەبینین کە شاعیر بە هێنانی چەند گوزارشتێکی جوان لەم دەقەدا، وەک (ئەم کولەکانە دەشکێنم، بلێسەی بێ خۆڵەمێش، رووخانی پەرستگا، چڵی یادگار، سێبەری هەنگاو و نیگای چەماوە کە سەرجەمیان دەربڕینێکی ناباوبوون لەوسەردەمەدا و بەمەش هەروەک(عەلی تاهیر بەرزنجی)لە کتێبی(ئاسۆی دەق) دا باسیدەکات، یاخیبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت و لەوسەردەمەشدا گۆڕەپانی ئەدەبی وروژاندووە (بەرزنجی،٢٠٢٠، ١٢٣).

ئەم دەقەی لەتیف هەڵمەت جیا لەوەی کە لەڕووی ناونیشان و زمان و گوزارشتەکانییەوە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانی تێپەڕاندووە، بەڵام لەکاتی خۆیدا لای هەموو خوێنەرانی شیعری کوردی پەسەند نەبووە، بەڵکو جۆرێک لە ڕەتکردنەوە و تەنانەت تانەوتەشەریشی لێدرا بەتایبەت لە ناونیشانەکەی(ئەم کولەکانە دەشکێنم). (لوقمان ڕەئوف عەلی )یش لە تێزی دکتۆراکەیدا لەبارەی

ئەو دەقەوە دەڵێت: ((دەیەوێت سنووری هاواری فراوانبکات، دەیەوێت بە هەموو کەس بڵێت: دەنگی لەگەڵ ڕەگی زەویدا ڕۆچووەو شەپۆلەکانی ناوەستن، چونکە زیندووە، بەڵام زیندووییەکی جیاواز لە سەردەمەکی، بۆیە تێنەگەیشتن لە گەڵ دەورووبەرەکەیدا بەتایبەتی ئەوانەی دەیچەوسێننەوە، ئەوانەی ڕێگە نادەن قسەبکات و دەنگی هەبێت، هەیە...))( عەلی،١٥٠،٢٠١٣)، دواتر بووە سیمبولێکی نوێگەری لەشیعری کوردیداو ئەمەش بەلای ئێمەوە کرۆکی چەمکی( ئاسۆی چاوەڕوانی)ە، چونکە ئەودەقانەی کەتوانای گۆڕینی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانییان هەیە سەرەڕای ئەوەی لەسەرەتادا تووشی نائومێدییان دەکات، دەقگەلێکی ئاست بەرزن و هەرئەمەشە کە ( یاوس) زۆر جەختی لێدەکاتەوە. جیا لەمەش دەتوانین لەڕووی واتاشەوە باس لە کۆمەڵێک کەلێن و بۆشایی واتایی بکەین لەم دەقەدا بەپێی چەمکی(بۆشایی دەق)ی( ئایزەر) کە شاعیر بەجێی هێشتوون بۆ خوێنەران و پێویستە بەوریاییەوە دەقەکە بخوێننەوە تاکو بگەنە واتای قوڵی دەقەکە، هەرچەندە ئێمە لە پارێکی تایبەتدا لەبارەی چەمکی بۆشایی دەقەوە دواوین، بەڵام زۆرجار لەدەقەکاندا ئەم دوو چەمکە ( ئاسۆی چاوەڕوانی و بۆشایی دەق) ئاوێتە دەبن و وەک دوو فاکتەری کارا لەنێو دەقدا خۆیان دەنوێنن، بۆیە لێرەدا پێمانباشە لەسەر چەمکی دوومیش هەندێک بدوێین.

مەبەست لە واتای قوڵی ئەم دەقە ئەوەیە کە شاعیر لەخۆوە نییە ئەو ناونیشانەی هەڵبژاردووە بۆ دەقەکەی (ئەم کولەکانە دەشکێنم)، بەڵکو دەیەوێت لەپشتی هەڵبژاردنی وردی ناونیشانەکەیەوە و دواتر بە هاوکاری کۆی دەقەکە ئەوە بەخوێنەران بڵێت:  کە شێوازێکی نوێی نووسینی شیعری بەڕێوەیە، جیا لەو شێوازە نووسینەی کە پێی ڕاهاتوون و ئەمە پرۆژەیەکە دەستمانپێکردووەو لەگەڵی دەڕۆین، وەڵامدانەوەیەکە بۆ پێداویستییەکانی ڕۆژگاری نوێ کە شێوازە نووسینە باوەکەی پێشوو تینوێتی ناشکێنێ، ئێمە واتە شاعیر بەگژ هەموو باوەکان و پیرۆزییەکانی ئەدەبیدا دەچێتەوە و تێکیان دەشکێنێت، چیتر بەردەوام نابێت لەسەریان هەروەک چۆن کاتی خۆی (ئیبراهیم پێغەمبەر) هەموو بتەکانی شکان تاکو بێدەسەڵاتی و بەسەرچوونی دەسەڵاتیان بسەلمێنێت و جاڕی ئاینێکی نوێی دا و بانگی خەڵکیکرد بۆ یەکتا پەرستی وپەیامبەری ئیسلامیش (د.خ) هەمانشتی کرد کاتێک شاری مەککەیان ڕزگارکرد، ئەمیش هەمان کاردەکات لە بواری ئەدەبیدا و بڕیاری تێکشکانی بتەکانی ئەدەبی کوردی داوەو بانگی خەڵکیدەکات بۆ پەسەندکردنی شیعری تازەی کوردی.

ئەوەی کە بەلای ئێمەوە گرنگە باسیبکەین کۆڵنەدانی لەتیف هەڵمەتبووە وەک شاعیرێکی یاخی لە دۆخی باو بەردەوامبوونی ئەو و هاوڕێکانی لە هێنانەکایەی مۆدێلێکی نوێی شیعر نووسین لە ئەدەبی کوردیدا، دیارە ئەمەش بە کاریگەری ئەدەبی عەرەبی بووە. هەروەها ئەوەی کە گرنگەو

پێویستە لەسەری بوەستین ئەو خاڵەیە کە پێمانوایە (ئاسۆی چاوەڕوانی) چەندە چەمێکێکی تیۆرییە بۆ خوێندنەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، ئەوەندەش وەک پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، پێوەرێکی داهێنانە بەوەی کە هەرکات ئاسۆی چاوەڕوانی دەق و خوێنەران وەک یەکبوون، ئەوا ئەم چەمکە پێمان دەڵێت: کە ئەو دەقە دەقێکی ئاساییەو داهێنانی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئاسۆی چاوەڕوانیی دەقەکە تەبا نەبوو لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەرانیدا و تووشی بەریەککەوتن هاتن، ئەوکاتە جۆرێک لە مەودای ئێستاتیکی سەرهەڵدەدات، هەتا ئەو مەودایەش فراوانتربێت ئەو دەقە بە دەقێکی داهێنراو ئەژماردەکرێت، دواتر ئاسۆی دەقەکە گۆڕانکاری دروستدەکات لە ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەرەکانیدا بۆنمونە لە دەقەکانی گۆران، شێرکۆبێکەس، لەتیفهەڵمەت و شاعیرانی تردا دەیبینین.

## ٣-تۆپۆگرافیای دەق:

مەبەست لە تۆپۆگرافیای دەق ،ئەو پانتاییە یە کە دەقێک لەسەر کاغەز داگیری دەکات. پێشترو بە تایبەت لە شیعری کلاسیکیدا، نووسینی شیعر لە ڕووی تۆپۆگرافیاوە بە جۆرێکبوو کە زۆرترین ڕووبەری داگیر دەکرد لەسەر کاغەز، واتە ڕێژەی ڕەشایی زۆربوو، بەڵام دواتر ئەم ڕووبەرە بەرەو کەمبوونەوە چوو بەجۆرێک وایلێهات دێرێک لەچەند وشەیەک پێکدەهات، بۆزیاتر ڕوونکردنەوە دەتوانین لەڕێگەی ئەم هێڵانەی خوارەوە مەبەستەکەمان بخەینەڕوو دواتر دەقی شیعری وەردەگرین .

شیعری کلاسیکی بەزۆری بەمشێوازانەی خوارەوە لە سەر ڕووبەری کاغەز دەبینرا:

................................................................................
................................................................................
................................................................................
................................................................................
................................................................................
................................................................................

یان بەمشێوەیە:

| | |
|---|---|
| ............................................................ | ............................................................ |
| ............................................................ | ............................................................ |
| ............................................................ | ............................................................ |
| ............................................................ | ............................................................ |

ئەمشێوازی نووسینە کە پێشتر و بۆ سەردەمانێکی زۆر چاوی خوێنەرانی شیعری پێڕاهاتبوو هەروا نەمایەوە، قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکاری بەسەردا هات، بۆ نمونە گۆرانی شاعیر دەقی (بەستەی دڵدار) ی بەمشێوازە نووسیوە:

لەژێر ئاسمانی شینا،
لەپاڵ لوتکەی بەفرینا،
کوردستان گەڕام،
دۆڵاو دۆڵ پێوام ،
***
نەلەشارو نە لە دێ،
نەمدی کەس
وەک تۆ جوان بێ!
تۆیت و بەس
کچە کوردێک دڵ پێی شاد بێ،
وەک فریشتەو پەریزاد بێ! (گۆران ، ١٣٨٦، ٥٤)

دەبینین ئەم شێوازی نووسینە جیاواز لەوانی پێشوو نووسراوە، تەنانەت جیاواز لە دەقەکانی پێشووتری خۆشی، ئەمجۆرە نووسینەش بەهۆی ئەوەی کە چاوی خوێنەرانی پێ ڕانەهاتووە، دەتوانین وەک نووسینێکی تازەی دەقی شیعری لەو قۆناغەدا سەیریبکەین، ئەگەرچی سەرەتاش ڕەنگە زۆر پەسەنکراو نەبووبێت، بەڵام دواتر وەرگیراو ئاسۆی خوێنەرانی گۆڕی.

تۆپۆگرافیای دەقی شیعری هەربەم شێوەیە نەوەستا، بەڵکو گەلێک شێوەی تری وەرگرت کە هەریەکەیان لەساتی خۆیدا جۆرێک لە شۆکی لەبواری نووسینی شیعری کوردیدا دروستکردووە، بۆنمونە(شێرکۆبێکەس) دەستی بۆ ئەم ڕەچەشکێنییەی تۆپۆگرافیای دەقی کوردی بردووە و لە حەفتاکاندا شیعری( پایزە نامەیەک)ی بەمشێوەیە نووسیوە:

شیعرم شەوی بەسەرداهات
نەهاتی تا بە جووت بڕۆین
نەهاتی تا بەجووت

نەهاتی تا

نەهاتی

نە (بێکەس ، ٢٠٠٢، ٣٥)

شێوازی نووسینی ئەم دەقە کەزیاتر خۆی لە شێوەی سێگۆشەیەکدا دەبینێتەوە، بەلای ئێمەوە هەوڵی شاعیرە بۆ نواندنی دەق بەشێوازێکی نوێ و لەسەر کاغەز و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرە بۆ دەقەکە تاکو هەتا کۆتایی لەگەڵی بمێنێتەوە.

لەساڵانی هەشتاکانیشدا شێوازی نووسینی جیاوازی دەق و دەرکەوتنی لەسەر لاپەڕە بەجۆرێکی نوێ لای زۆرێک لە شاعیران بووە مۆدێلێکی تازەی نووسین، لەمبوارەدا دەقی کوردیی جۆرێک لەبەریەککەوتنی لەگەڵ خوێنەراندا بۆ دروستبوو، هۆکارێکی سەرەکی ئەمشێوە نووسینەی دەق لەلایەن شاعیرانەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێیان وابووە خوێنەری کورد تەواو بێزاربووە لەو شێوە نووسینە کۆنەی کە شاعیران پێوەی ڕاهاتبوون، بۆنمونە فەریدزامدار بەمجۆرە شیعری ( ئارامیدە) دەنووسێت:

دەڕژاو ...

دەکرایەوە ...

دەهات و

دەتوایەوە

پێ دەبوو

دەکوژایەوە

دادەنیشت و

دەکشایەوە ( زامدار ، ٢٠٠٧، ٥)

ئەم شێوازی نووسینە لەشێوەی پلیکانە دەچێت و خوێنەر لەسەرەوە کە دەستدەکات بە خوێندنەوە وەک ئەوەی چۆن لە بەرزاییەکەوە دەتوانیت بە پلیکانە بێیتە خوارەوە ئاواش لە خوێندنەوەی دەقەکەدا بەردەوام دەبێت و هەر وشەیک پلیکانەیەکەو دێیتە ئەوی خوارتر تادەگاتە کۆتایی.

(قوبادی جەلیزادە)ش شیعری( حاجیەکان بێرەدا ڕەتدەبن) ی بەشێوازی تایبەت بەخۆی جیاواز لەوانیتر نووسیوە، ئەویش بەوەی کە لەبری دەستکردن بە نووسین لەلای ڕاستی لاپەڕەکەوە کە هەمیشە هەموومان پێی ڕاهاتووین، ئەو لەلای چەپەوە دەستپێدەکات و بەجۆرێکی سەرنجڕاکێش و جیاوازیش وشەکان لەسەر کاغەز دەنوێنێت:

خوێنی منیش تنۆک تنۆک و

سەر لەبەر ،

دا

چ

ۆڕ

ایە

گەرووی ئەو کولەکە تەڕەی،

کە بیلالی حەبەشی شەلالی کردبوو،

لە

((الله

اکبر))

لەعەرعەرەوە قسەدەکەم

لە عەر عەر !!! ( جەلیزادە ، ٢٠٠٧، ٤٥٤)

لێرەدا شاعیر دەستپێکی نووسینەکەی لای چەپەو دووبارە دەگەڕێتەوە بۆلای ڕاست و دەچێتەوە بۆ لای چەپ، ئەمە بەلای ئێمەوە ڕاست وچەپکردنی خودی بابەتەکەیە، بەواتای ئەوەی شاعیر لەڕێگەی ئەم چەپ دەستپێکردنەوە ئەوەمان پێدەڵێت: کە کوشتن و لەناوبردنی گەلی کورد سەرلەبەری پرۆسەیەکی هەڵەیە وەکچۆن زۆرجار کە بەشتێک دەوترێت هەمووی هەڵەیە هێڵێکی ڕاست و چەپی بەسەدا دەهێنرێت، یان دەتوانین ئەوەشی لێبخوێنینەوە کە ئەنفال تاوانێکە کە بە ناوی یەکێک لە سورتەکانی قورئانی پیرۆزەوە ئەنجامدراوە، بەڵام پێچەوانەی قورئانە ، بۆیە پێمان وایە شاعیر دەیەوێت جگە لە ناوەڕۆکی خودی دەقەکە، پەیامی خۆی لەڕێگەی شێوازی نووسینی دەقەکەشەوە بگەیەنێتە خوێنەر، واتە تۆپۆگرافیای دەقەکەی خستۆتە خزمەتی ناوەڕۆکەکەیەوە.

لەکۆتاییدا دەڵێین: بەبڕوای ئێمە پەنا بردنی شاعیران بۆ ئەمجۆرە لەنووسینی شیعرو گۆڕانکاری لە تۆپۆگرافیای دەقدا خۆی لەچەند هۆکارێکدا دەبینێتەوە ، لەوانە :

١- شاعیران ویستوویانە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران تێکبشکێنن و تووشی جۆرێک لە سەرسوڕمان و تێڕامانیان بکەن لەڕێگەی شێوازی نووسینی دەقەکانیانەوە، ئەمەش بۆخۆی کاریگەری دەبێت لەسەر بڵاوبوونەوە و خوێندنەوەی دەقەکان لە ناوخوێنەرانی شیعردا .

٢-ڕووبەری ڕەشایی زۆر لەسەر کاغەز کە لەکۆندا زۆرتر باوبووە، ئەمەش چاو و مێشکی خوێنەرانی ماندووکردووە، زۆرجار ڕەنگە وای لێکردبێت لەخوێندنەوەی دەقەکە بێزاربووبێت، بەڵام بوونی دێڕی کەم و وشەی کەم لەسەر لاپەڕەیەک ماندووبوونی کەمتری پێویستە بۆ خوێنەر ئەمەش تەکنیکێکی تازەی شاعیرانە بۆ ڕاکێشانی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەقەکانیان.

٣-لەڕۆژگاری مۆدێرندا خوێنەران کەمتر ئارەزووی خوێندنەوەی درێژ دەکەن، بۆیە زیاتر مەیلیان لە نووسینی کورتە یان بەجۆرێکیتریش خوێنەران زۆرجار ئارەزووی گۆڕانکاری و شتی نوێ دەکەن شاعیرانیش ئەمەیان لەمشێوازە تازەیەی نووسینی شیعرەکانیاندا بەرجەستەکردووە.

## ٤-کێش و سەروا :

کێش و سەروا بوارێکیتری تێکشاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانە لە دەقەکاندا بەوەی کە خوێنەران پێشتر بە جۆرێک لە کێش یان سەروا ڕاهاتوون لە نووسینی شیعردا، بەڵام کاتێک بەر دەقێک دەکەون کە بەو جۆرە و لەسەر ئەو کێشانە نەنووسراون و هەمان سەروای پێشووی نییە، ئەوا تووشی نائومێدییان دەکات و بەمەش مەودا ئێستاتیەکە سەرهەڵدەدات، دواجاریش گۆڕانی ئاسۆکان پەیوەستە بە ئاستی سەرکەوتنی شاعیر لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە تازەیەی کێش و سەروادا.

(گۆران و پیرەمێرد ) دوو شاعیری دیارن لەسەر ئاستی باشووری کوردستان، کە لە ساڵی ١٩٢٠ بەدواوە بەکاریگەری ئەدەبی نوێی تورکیی (باڵەکی،٢٠٠٥،١٤٨) ،شیعریان لەسەر کێشی بڕگەیی خۆماڵی نووسیوە کە بنەماکەی لە شیعری فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگیراوە (عەلی، ١٩٩٨،١٢٠) ئەمەشیان وەک پرۆژەیەکی تازەی شیعرنووسین داناوە.

دواتر وەک ( حەمە نوری عومەر کاکی) لە تێزی دکتۆراکەیدا ڕوونیدەکاتەوە ( گۆران ) بۆخۆی و بە تایبەت لە ساڵی ١٩٣٠ بەدواوە وەک ڕابەرێکی تازەگەریی ئەدەبی و کوردیی و بەتایبەتیش تازەگەریی لەبواری کێشدا دەردەکەوێت(کاکی،٢٠٠٩، ٤١)، گۆران خۆی لەمبارەیەوە دەڵێت:

((شیعرە تازەکان بەوەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون، کە هەرچەن شیعر دۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەرئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە و لەگەڵ خەسائیسی زمانەکەمان چاکتر ڕێک ئەکەوێ، بە پێویستم زانی لە ماوەی تەقەڵای ئەدەبی خۆما ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم، تا لەم چەن ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووزم بە تەواوی و لام وایە بۆ ئێجگاری بەرەڵلاکرد، مەگەر پێویستییەکی هاندەری تایبەتی ڕوویدا)) (گۆران، ١٩٧١، ١٢) کەواتە گۆران لەئەنجامی تاقیکردنەوەی شیعرییەوە بۆی دەرکەوتووە کە ئەمجۆرە کێشە کێشێکی خۆماڵییە، لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی زمانی کوردیدا گونجاوترە وەک لەکێشێکی خواستراوی عەروز کە زادەی تایبەتمەندیی زمانێکی تری جیاوازە، وەک خۆشی لەو دەقەی سەرەوەدا دەڵێت: ئێمەش مەبەستمانە ئەوە بخەینەڕوو کە خوێنەرانی شیعر لەو سەردەمەدا زیاتر بە کێشە عەروزیەکە ڕاهاتوون و ئەم کێشە خۆماڵییە ڕەسەنەیان جارێ لا نامۆیە، ئەمەشە کە ئاسۆی چاوەڕوانییەکەیان تێدەپەڕێنێت، کاتێک دەقێکی وادەبینن لەسەر کێشێکی شیعری جیا لە عەروز نووسراوە. لەمبارەیەوە ( عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ) یش پێیوایە (( کوردی پەتی خاسیەتی شیعر بەرەو ئاواز و ئیقاعی کوردی دەبات، لەبەرئەوە زیاتر بە کێشی خۆماڵی شیعری پێ دەخوڵقی، لە کاتێکدا کە زمانە تێکەڵەکە بۆ شیعری عەروز دەست دەدات))(ڕەسوڵ،١٩٩٠، ٤٦) کەواتە دەتوانرێت وەک پێویستییەکی بابەتی لێی بڕوانرێت، بۆ نمونە ئەو زمانە کوردییەی کە گۆران و پیرەمێرد، پێیان دەنووسی زیاتر لەگەڵ کێشی بڕگەیی دەهاتەوە وەک لە عەرووز، ئەم گەڕانەوەیش بۆ بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی خاڵێکی وەچەرخانی گەورەبوو لە تازەکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا (عەزیز،٢٠٠٦،١٤٥).

ئەگەر نمونەی شیعریی وەربگرین دەبینین کە گۆران لەشیعری( گەشت لە هەورامان) کێشی دە بڕگەیی بەکارهێناوە وەک دەڵێت:

| | |
|---|---|
| کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش، | (٥+٥)بڕگە |
| ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش، | (٥+٥) بڕگە |
| سەرپۆشی لوتکەی بەفری زۆر سپی | (٥+٥) بڕگە |
| بە دارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی | (٥+٥) بڕگە |
| جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو | (٥+٥) بڕگە |
| هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو | (٥+٥) بڕگە |

گۆران ئەم دەقەی کە لە (٦١) بەیت پێکدێت هەمووی بە کێشی (١٠) بڕگەیی نووسیوە و (گەشتێک لە قەرەداغ)یش کە بریتییە لە (١٧٩) بەیت هەربەهەمان کێش نووسیوە، بەڵام شاعیر

تەنها بە بەکارهێنانی ئەم (١٠) برگەییە نەوەستاوە، بەڵکو لەناو کێشی خۆماڵییەکەدا داهێنانی کردووە کە بەڕاستی خوێنەرانی شیعری لەو سەردەمەدا تووشی شۆککردووە بەجۆرێک کێشی(٧) برگەیی، (٥)برگەیی،(٣) برگەیی،(٤) برگەیی و (٨)برگەیی لەیەک دەقی وەک( بەستەی دڵدار) دا کە شیعرێکی ئازادە، کۆکردۆتەوە کەئەمەش داهێنانێکی ناوازەی کێشی شیعریی بووە لەو ڕۆژگارەدا وەک دەڵێت:

لەژێر ئاسمانی شینا، ٧ برگە
لەپاڵ لوتکەی بەفرینا، ٧ برگە
کوردستان گەرام، ٥ برگە
دۆڵاودۆل پیوام، ٥ برگە
***
نەلەشار و نەلەدێ: ٧ برگە
نەمدی کەس ٣ برگە
وەک تۆ جوانبێ! ٤ برگە
تۆیت و بەس ٣ برگە
کچە کوردێک دل پێی شادبێ، ٨ برگە
وەک فریشتەو پەریزاد بێ! ٨ برگە ( گۆران ، ١٣٨٦، ٥٤)

هەرچی پیرەمێردی شاعیریشە بۆ کردنەوەی یانەی فەرمانبەران لە ١٩٣٣دا شیعرێک دەنووسێت کەبەکێشی (١٠) برگەیی دانراوە وەک دەڵێت:

دەمێ بوو داوای نادیمان ئەکرد (٥+٥) برگە
زۆر بەخیلیمان بە شاران ئەبرد (٥+٥) برگە
خوا بۆی ڕێکخستین قەراری درا (٥+٥) برگە
هەرچی پێویستە وابۆی ڕێکخرا (٥+٥) برگە
(ئاشنا ،٢٠٠٩، ٣٤١)

هەروەک ( ئومێد ئاشنا )ش لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا لەبارەی ( پیرەمێرد) ەوە دەڵێت: دوای گۆڕینی سەرجەم شیعری ( بارک الله شەم) ی( وەلی دێوانە) بەناوی ( شیرین ناوی شەم)، کە لەسەر کێشی ١٠ برگەییە، پیرەمێردیش بەهەمان کێش شیعرەکەی کردووە بە شێوەزاری بابانی و لەکۆتاییشدا چوار دێڕی خۆی بۆ زیاد کردووە لەسەر هەمان کێش، دیارە وەک نووسەر

ئاماژەی پێداوە، پیرەمێرد لە گۆڕینی ئەو شیعرانەی کە بەشێوەزاری هەورامین بۆ شێوەزاری بابانی، خۆی بەستۆتەوە بەهەمان کێشی ئەوانەوە ( ئاشنا،٢٠٠٩، ٦٥).

| | |
|---|---|
| ((من وەسلّم ناوێ عەشقم دەبێ کەم | ١٠برگە |
| ئەو ناوی شەمە من دەورەی ئەدەم | ١٠برگە |
| جا وەک پەروانە بۆ بێتە بەرهەم | ١٠برگە |
| بسوتێم بە گڕ گیانم فیداکەم | ١٠برگە |
| بوو بە دەخشان دەباشان سەرجەم | ١٠برگە |
| بردی بوو بە لەعل شیعری مولهەم | ١٠برگە |
| بەڵام ئاخ قەدری نازانن چی بکەم | ١٠برگە |
| ئاخ وڵاتەکەم ، داخ وڵاتەکەم)) | ١٠برگە ( ئاشنا ،٢٠٠٩، ١٢٠) |

بەڵام لە شیعری(ئەی کچینە)دا لەساڵی ١٩٣٩دا نووسیوێتی داهێنانێکی لە کێشە خۆماڵیەکەدا کردووەو لەبری (١٠) برگەیی باو هاتووە کێشی (٨) برگەیی لە نیوە دێری یەکەم و (٧) برگەیی لە نیوە دێری دووەمدا بەکارهێناوە کەئەمیش هاوشێوەی (گۆران) خۆی لە بەکارهێنانی باوی کێشە شیعرییەکان لاداوەو ویستوویەتی جێپەنجەی داهێنەرانەی خۆی لەمبوارەدا بنەخشێنێت، وەک دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ئەی کچینە وەرنە مەکتەب | (٤+٤)برگە |
| ئێوە تەسکینی دڵن | (٢+٥)برگە |
| زینەتی دیباجەی ئەدەب | (٣+٥)برگە |
| تازە گوڵخونچەی گوڵن | (٥+٢)برگە |
| ئێمە تازە تێگەیشتووین | (٤+٤) برگە |
| دایکی چاکی خوێندەوار | (٤+٣) برگە |
| نەوەی وای بۆ بەجێ هێشتووین | (٣+٥) برگە |
| میللەتی پێ بێتە کار | (٣+٤) برگە ( ئاشنا ، ٢٠٠٩، ٣٦٨) |

کەواتە دەتوانین بڵێین: ئەو کێشی برگەییەی کە ( گۆران و پیرەمێرد) بەکاریانهێناوەو پێشتر لە شیعری فۆلکلۆری وشیعری دیالێکتی( گۆران) دا هەبووە زیاتر (١٠) برگەیی بووە، ئەمان جیا لەوەی تازەیان کردەوە و بۆ جارێکیتر و بە کاریگەری شیعری تازەی تورکی، گیانیان کردەوە

بە بەردا وەک کێشێکی ڕەسەنی خۆماڵی و زادەی زمان و ئەدەبییاتی فۆلکلۆری کوردی، سوودیان لێبینی، هەر بەوە نەوەستان تەنها وەک خۆی بەکاری بهێننەوە، بەڵکو وەک بینیمان هاتن لەنێو ئەو کێشە خۆماڵییەدا داهێنانیان کردوو کێشی جیاوازی وەک (١١) برگەیی،( ٨)برگەیی،( ٧) برگەیی و (٤) برگەییان بەکارهێنا، ئەمە سەرەڕای بەکارهێنانی جیاوازی پێیەکانی نێو دێڕەکانیش بۆنمونە، وەک ئەوەی کە لە شیعری (ئەی کچینە)ی پیرەمێرد دا دەیبینین ، واتە تەنها بە (١٠) برگەییەکەوە نەوەستان، ئەمەش بە بڕوای ئێمە بۆ سەردەمی خۆی تێپەڕاندنێکی گەورەی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانی شیعربووە لەو کاتەدا و ڕەنگە تووشی شۆکێکی گەورەی کردبن، لەبەرئەوەی ئەوان بەرهەمگەلێکی گەورەی کلاسیکی چنراو بە تانوپۆی کێشی عەرووزی عەرەبیان لەبەردەستابووەو بەوە ڕاهاتوون، بەڵام کاتێک ڕووبەڕووی ئەم کێشە دەبنەوە، ئەوا مەودایەکی ئێستاتیکی لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدات بەهۆی نەگونجانی ئاسۆکانیانەوە.

بەکارهێنانی کێشی برگەیی بەو شێوازەی کە باسکرا تا ساڵانی حەفتاکان بەردەوام بوو وەک ئەوەی کە ( حمە نوری عومەر کاکی ) بە ڕێچکەی دووەم ناوی دەبات و دەڵێت: (( شێوازی شیعری نوێی کوردی ڕێچکەی دووەم، دەکرێ ئەم ڕێچکەیە بە ڕێچکەی گۆران ناو ببرێت. کە لەساڵی ١٩٣٠ وە لەسەر دەستی گۆران کرایەوە. ئەم ڕێچکەیە شاعیرانی سەردەمی گۆران و پاش گۆران بەردەوامییان پێدا و لەسەر ئەم ڕێچکەیە ڕۆیشتن تا ساڵی ١٩٧٠)) پاشانیش باس لەوەدەکات کە کێشی برگەیی وەک یەکێک لە خەسڵەتەکانی تازەگەریی لە شیعری تازەدا دەردەکەوێت(کاکی،٤٣،٢٠٠٩)، بەڵام ئەگەر کێشی برگەیی بۆ ئەوکاتە شتێکی نوێ بووبێت و خوێنەرانی تووشی گۆڕینی ئاسۆی چاوەڕوانی کردبێت، ئەوا دواتر بووە بە شتێکی ئاسایی و ئەو خەسڵەتی داهێنەران و شۆک ئامێزەی، نەک هەر بەردەوام نەبووە، بەڵکو دواتر بووە شتێکی باو، ڕەنگە خوێنەران لێشی بێزاربووبن، بۆیە دەبینین لەساڵانی هەشتاکاندا شاعیران جۆرێکیتر مامەڵەیان لەگەڵ کێشی برگەییدا کرد بەجۆرێک دێڕی واهەبوو تەنها لەیەک برگە پێکهاتبوو هەشبوو لە ١٧ برگە ، بۆنمونە (سەباح ڕەنجدەر) لە شیعری ( جەنگی پرسیار) دا زۆر جیاواز کێشی بەکارهێناوە ، وەک دەڵێت:

| | |
|---|---|
| سروود | ٢برگە |
| درۆی بفدراو | ٥ برگە |
| ژوور | ١برگە |
| ئەسپی ناڵ لۆکە | ٥ برگە |
| ڕێگا | ٢ برگە |
| هەراسانی دیدەنی | ٧ برگە |

| | |
|---|---|
| ئالآ | ٢ برگە |
| قەڵغان شمشێری شەڕ کەرەکان | ١٠ برگە |
| دوو وشکایی | ٤ برگە |
| لەم کتێبە ڕەنگاوڕەنگەی هەمیشە کۆمان دەکاتەوە | ١٧ برگە |
| بسک و سمێڵیان کەوت | ٦ برگە |
| دوو تەڕایی | ٤ برگە |
| لەو نسێیە کۆش سڕەی | ٧ برگە |
| هەمیشە توانای مانەوەیان تێدا نییە | ١٣ برگە |
| گەرمی و تریفەیان گرت | ٧ برگە |
| دوو ژوور تەماشایان خۆڵەمێش | ٩ برگە ( ڕەنجدەر، ٢٠٠٦، ٦٦) |

لەتیف هەڵمەتیش بانگەوازی ئازادکردنی کێشی کردوو بۆ خۆشی بۆنمونە لەشیعری (پێشەکی) دا وای نووسیوە:

| | |
|---|---|
| ئەیَ دایکەکان | ٤ برگە |
| دەستەکانتان ماچ دەکەم | ٧برگە |
| دەستەکانتان | ٤ برگە |
| منداڵەکان | ٤ برگە |
| فێری خۆشەویستی بکەن | ٨ برگە |
| خۆشەویستی | ٤ برگە |
| خۆشەویستی نیشتیمان | ٧ برگە |
| نیشتیمان | ٣ برگە |
| نیشتیمان | ٣ برگە |
| ئەی دایکەکان | ٤ برگە ( هەڵمەت، ٢٠٠٥،٥٥١) |

ئەنوەر مەسیفیش لەم بوارەدا دەستی دیارەو لەدەقی(جمکەکان) دا دەبینین بەشێوازیکی ئازادانە کێشی بەکارهێناوەو خۆی نەبەستۆتەوە بە کێشێکی دیاریکراوەوە:

| | |
|---|---|
| تەم بووڕ قووڕ | ٣ برگە |
| لەبەر بارانی کەوت | ٦ برگە |

| | |
|---|---|
| سییەکانی | ٤ بڕگە |
| لە دێڕێ دانا | ٥ بڕگە |
| پاشی مایبان | ٤ بڕگە |
| باڵندە | ٣ بڕگە |
| بەخووس | ٢ بڕگە |
| لە ئادەم درا | ٥ بڕگە |
| ساقۆی دێرێ | ٤ بڕگە |
| لە پەلکی لای چووم | ٥ بڕگە |
| ژنی پاشی خۆی | ٥ بڕگە |
| پرچی لەسەر چاکی | ٦ بڕگە |
| بەردی ڕێدین خودی | ٦ بڕگە |
| خۆی شکاند لە دێرێ | ٦ بڕگە |
| باران بەخواری لە ئادەمی دا | ١٠ بڕگە |
| دەمبوور دێرێ | ٤ بڕگە ( مەسیفی،٢٠٠٤،٧١) |

سەبارەت بەسەرواش کە ((بریتیە لەو دەنگە یان کۆمەڵە دەنگەی کە لە کۆتایی وشە سەرواداراکاندا دووبارە دەبنەوە، ئەمە بە تایبەتی لە کۆتایی نیوە دێر یان دێرە شیعر و هەندێجار لە ناوەوەش دێ)) (گەردی، ١٩٩٩،٢٦) دەتوانین سەرەتاکانی گۆڕانکاری و تێکشکانی ئاسۆی باوی خوێنەران لەبارەی سەرواوە بگەڕێینەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە ( شێخ نووری شیخ ساڵح) بە کاریگەری ئەدەبییاتی ئەورووپی و تورکی لە سەروادا کردی، دواتر (گۆران ) ئاستی تێپەڕاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانی زۆر بەرزکردەوە، بەجۆرێک وەک (حمە نوری عومەر کاکی) دەڵێت: سەروای جۆراو جۆری بەکاردەهێناو بەوێستی خۆی یاری بە سەرواکردووە (کاکی،٢٠٠٩،٦٠) ئەمەش بەلایەوە وەک پێویستییەکی جوانکاری شیعرەکە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، نەک خۆی بەستبێتەوە بە قاڵبێکی پێشتر بۆ دانراوی سەرواوە، بەڵگەشی بۆ ئەو وتەیەی دەقێکی (ڕەفیق حیلمی) یە لە ( شیعرو ئەدەبیاتی کوردی) یەکەیدا دەڵێت: (( بۆ قافیەیەکی تایبەتی و ڕەوانی و سەلاسەتی بیری خۆی نە ئاڵۆزاندوە، تێک نەداوە وە ڕشتەی خەیاڵی قافییە وەک و (مێو و ڕۆن)ە بەدەسیەوە. بەمەیلی خۆی یاری پێ ئەکا،لە چەشنی (گوارە)، کە ویستی ئەیکاتە گوێی بووکی فیکرەوە وە شیعرەکانی پێ ئەڕازێنێتەوە )) ( حیلمی،١٩٨٨، ١٧٤).

لەکۆندا سەروای یەکگرتوو مەرجێکی شیعر نووسین بوو، شێخ نوریش شیعرە سەرەتاییەکانی بەم شێوازە هۆنیوەتەوە، بۆنمونە لەشیعری ( گرییەی خوسران) دا دەڵێت:

بگری ئەی شاعیری نا تەوان بگری A
بگری ئەی ڕۆحی غەمنشینان بگری A
بگری چهرە خەزان بگری A
بگری ئەی ناڵە و فوغان بگری A
بگری ئەی ئەبری بێ ئەمان بگری A ( شێخ نوری، ۲۰۰۸،۲۱٦)

لەم کۆپلەیەدا سەرواکە بریتییەلە (ان)، بەڵام دواتر هەر لەم شیعرەدا سەروای یەکگرتووی تێپەڕاندووە و سیستمێکی سەروای جیاوازی پەیرەو کردووە و ئەمەشی وەک ( عزالدین صابر محمد) لە نامەی ماستەرەکەیدا باسیدەکات لە شیعرێکی ( تۆفیق فیکرەت) ەوە گواستۆتەوە بۆ ناو شیعری کوردی (محمد،۸٤،۲۰۱۵) هەرچەندە وەک(یادگار باڵەکی)لە کتێبی(سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ۱۸۹۸-۱۹۳۲) دا و لە لاپەڕە (۱۳۹) ئاماژە بەوە دەکات کە شاعیر خۆی ئاماژەی بە وەرگرتنی ئەم شیعرە لە تۆفیق فیکرەتەوە ناکات، بەڵام وەک ئەو دەڵێت: (ئەحمەد تاقانە)ئەو زانیاریەی پشتڕاست کردۆتەوە ( باڵەکی، ۲۰۰۵، ۱۳۹)و (تاقانە، ۲۰۰۱، ۲۵) وەک دەڵێت:

بگری ئەی شاعیری نا تەوان بگری A
مرد لە ڕۆحی منا هەموو ئامال B
بێخودانە کفن بدوش ملال B
ئەگەڕێ سەرسەری پەری خەیاڵ B ( شێخ نوری، ۲۰۰۸، ۲۱٦)

ئەوەی لەم شیعرەدا دەبینن سەرەتا شاعیر پەیڕەوی لە سیستمی سەروای(A A AA)کردووە، بەڵام دواتر هەر لەهەمان دەقدا بە کاریگەری شیعری نوێی تورکی، ئەمیش هەوڵیداوە تازەگەری لە سەروادا بکات و جۆرێکیتری لە سەروای بەکارهێناوە کە سەروایەکی جیاوازە (B B B A)، نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەبینین لە دەقێکی تریدا بەشێوەیەکی جیاوازتر مامەڵەی لەگەڵ سەروای دەقەکەیدا کردووە، وەک دەڵێت :

ئەی فەجری بێ غوبارو کەدەر، عالەمی ئەمەل A
چاوی لە تۆیە، تۆ کە ئومێدی هەموو کەسی B

ئەلحەق عیلاجی دەردی دەوائیکی نەورەس B

هێندە چاوەڕێ بوو چاو ، هەتا پێ گەیی سوبل A

فەرموو درەنگە، وەختی تالەعێکە بێ حیجاب C ( شێخ نوری،٢٠٠٨،١٦٣)

بەم نمونانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانی تێپەڕاندووەو لەگەڵ ئاسۆیەکی تازەی سەروای دەقدا بەرەو ڕووی کردونەتەوە و بەمەش مەودا ئێستاتیکییەکەی دروستکردووە .

گۆرانی شاعیریش لەبواری تازەکردنەوەی سەرواو تێپەڕاندنی ئەو بەکارهێنانە باوەی سەروا کە خوێنەران پێی ڕاهاتبوون، ڕۆڵی دیاری هەبووە، بۆنمونە لە شیعری (شەوێکی بەهار) دا پەیڕەوی لە(ABBA-CDCD ) کردووە:

تاریکە شەوێ: نوقمی ڕەشی چیهرەیی دنیا، A

دیلی تەمی ئەسراربوو دەرو دەشتی حەقایق، B

چووبوونە پەنا پەردەی خەو کەون و خەلایق B

موستەغریقی ئەندێشە ئەبوو ساهیری تەنیا! A

تاریکی، تەمی دەشتی دڵ و تانەیی سەرچاو، C

شاباڵی پەخش کردبوو تاکو ئەبەدیەت D

بێدەنگی لە چوار لاوە موهاجیم وە خرۆشاو، C

وەک زوڵمەتی شەو نەیبوو ئەویش نووک و نیهایەت D ( گۆران،١٣٨٦، ١٣٩)

دیارە گۆرانی شاعریش هەمانشێوەی شێخ نوری شێخ صالح، ئەم شیعرەی لە ژێرکاریگەری ئەدەبیاتی تازەی تورکیدا نووسیوە، ئەم بەکارهێنانە تازەیەی سەروا لە دەقەکانیتریدا دووبارە بۆتەوە، ئەمەش جۆرێک لە بەریەککەوتنی لەگەڵ خوێنەرانی شیعردا لەوسەردەمەدا دروستکردووە و بەمەش ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە ڕوونی بکەینەوە ئاسۆی چاوەڕوانی تێکشکاندووە.

دواتر ئەم پرۆسەیەی مامەڵەی جیاوازی شاعیران لەگەڵ سەروادا هەربەردەوام بووەو جۆرێک مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە کە خوێنەر بێزار نەبێت لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکانیاندا، سوارەی ئیلخانیزادە، شێرکۆبێکەس، لەتیف هەڵمەت، قوبادی جەلی زادە و عەبدوڵا پەشێو.... هتد لەنمونەی ئەو شاعیرانەن کە بەردەوام بەشێوەیەکی جیاواز سەروای شیعرەکانیان دارشتووە، ئێمە لەبەر کورتکردنەوەی بابەتەکە هەستدەکەین مەبەستەکەمان گەیاندووە بۆیە نمونەی ئەو شاعیرانەمان نەهێناوەتەوە.

## پاری سێیەم : چەمکەکانی ڤۆلْگانگ ئایزەر

ڤۆلْگانگ ئایزەر یەکیکیترە لە ڕابەرانی تیۆری وەرگرتن ئەمیش خاوەنی چەند چەمکێکی ڕێکارییە لەم تیۆرییەدا و هەوڵدەدەین باس لەو چەمکانەبکەین کە بریتیین لە :

## ١-خوێنەری ناوەوە ( القاريء الضمني):

سەبارەت بە زاراوەکە لەزمانی کوردیدا، پیشتر یادگار لەتیف شارەزووری لەکتیبەکەیدا بەناونیشانی(تیۆرەکانی وەرگرتن، لە ئێستاتیکای وەرگرتنەوە بۆ ڕەخنەی هاتنەوەلآمی خوێنەر) زاراوەی (خوینەری شاراوە) ی بەکارهیناوە(شارەزووری، ٢٠١٢،١٦٠)، هەروەها ( حەمە مەنتک)یش لە کتێبی (میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەی ئەدەبی لەڕووی تیۆرییەوە) دا هەمان زاراوەی بەکارهێناوە (مەنتک،١٤٥،٢٠١٨). ئەمەش زیاتر لە زاراوەی ( خواننده پنهان)ی فارسیەوە نزیکە (حبیب،١٣٩٦،٢٢٠)، بەلآم لەڕاستیدا ئێمە پێمان باشبوو کە زاراوەی ( خوینەری ناوەوە ) بەکاربهینین، چونکە زیاتر لەگەڵ واتای ئەم جۆرە خوینەرەدا دەگونجێت، لەبەرئەوەی خودی ئەمخوێنەرەی ئایزەر باسیدەدەکات لەناخی نووسەرەکەدا و لەکاتی پرۆسەی نووسیندا بەرجەستە دەبێت، سەرەڕای ئەوەی کە ڕەنگە وشەی (شاراوە) زیاتر بەرامبەر بە(المخفي)بێت وەک (الضمني).

خوینەری ناوەوە یەکێکە لە زاراوەکانی ئایزەر، ئەمیش لە چەمکی ( نووسەری ناوەوە- Implied Author)ی ڕەخنەگری ئەمریکی(واین بوس) کە لە کتێبی (ڕەوانبێژی هونەری چیرۆک (بلاغة فن القصص- The Rhetoric of Fiction) باسیکردووە، وەریگرتووە (هولب، ٢٠٤،١٩٩٤)، بەلآم ئایزەر دژی ئەم چەمکە بووە، وەپێیوابووە کە ((دەق نووسەری ناوەوە لەخۆناگرێت، بەڵکو ئەوە جۆرێکە لە ئاڕاستەکردنی ناوەوە کە دەق بەهۆیەوە بەرەو خوێنەر یان وەرگر ئاڕاستە دەکرێت، ئەم ئاڕاستە کردنەش لەهەموو دەقێکدا هەیە، ئەوەش بنەڕەتی پرۆسەی بەیەکگەیشتنە)) (خضر، ١٩٩٧، ١٥٩) ئایزەر، گەشەی بەم چەمکەداو تاکو پەیوەندی دایالۆگی نێوان دەق و خوێنەر بخاتەڕوو، پێیوابوو کە دەق لەدۆخی بوونی بەهێزەوە ناگۆڕێت بۆ دۆخی بوونێکی کردەیی بەبێ خوێنەر، بۆیە پەنای بۆ ئەم چەمکە برد کە ڕەگی لەناو بونیادی دەقدا داکوتیبوو. ئەوەی کە چەمکی خوێنەری ناوەوەی لەهەموو چەمکە زۆرو جیاوازەکانی تری خوێنەران جیادەکردەوە، ئەوەبوو کە ئایزەر بەهای دەق و سەرچاوەیی بەخشیبووە بەم خوێنەرە ( البرکات و برهم و القیصري ، ١٣٩،٢٠١١). لەڕاستیدا خوێنەری ناوەوە بەلای ئایزەرەوە لەپرۆسەی خویندنەوەدا گرنگی زۆری هەیە و مەبەست لێی (( ئەو خوێنەرەیە کە نوسەر لەکاتی نووسیندا مەزندەی دەکا، سیماکانی ئەم خوێنەرە لە ڕێگەی دەقەکەوە بەدەردەکەوێت، نەک لەدەرەوەی دەقەکە، بەپێچەوانەی (خوێنەری کردەیی) کە نووسەر ناتوانێت بەباشی بیناسێت پێشبینی پەرچەکردارەکانی بکات)) (کلیتو،٢٠٠٧، ٨٠).

(سعد البازعي)یش پێیوایە، ڕەنگە هەندێکجار نوسەرەکە خۆشی مەزەندەی نەکردبێت، بەڵام لە بێئاگاییدا دا ئامادەیی هەیە، ئەو پێیوایە کاتێک کە هەندێک لەنووسەران دەڵێن: ئێمە لە کاتی نووسیندا هیچ خوێنەرێک مەزەندە ناکەین ئەوە مانای ئەوەنییە کە (خوێنەری ناوەوە) بوونی نیە، بەڵکو لە بێئاگاییاندا بوونی هەیە، ئەستەمە کەهیچ دەقێک بەرهەمبێت بەبێ خوێنەری ناوەوە (البازعي ، محاضرة، دقة ١٨-٢١).

لەپێناو زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەم چەمکەدا، ڕەنگە باشبێت کە هەندێک باس لەچەمکێکی تر بکەین کەبریتییە لەخوێنەری کردەیی (القاريء الفعلي)، خوێنەری کردەیی ئەو خوێنەرەیە کە دەقەکە دەخوێنێتەوە و لەژێر دەسەڵاتی نووسەردا نییە، ناتوانیت ئاستی وەلامدانەوەی بۆ دەقەکە بزانیت، بوونی ئەم وابەستەی سەردەمی لەدایکبوونی بەرهەمەکە نییەو مەرجیش نییە ڕۆشنبیری هاوچەرخی دەقەکەبێت، بەڵکو چەمکیکی گشتگیرە، هەموو خوێنەرێک دەگرێتەوە کە بەرهەمەکە دەخوێنیتەوە، با پاش چەندساڵ و بگرە چەند سەدەیەکیشبێت ( شارەزووری،٢٠١٢،١٦٠). خوێندنەوەی کردەییش کە خوێنەری کردەیی ئەنجامیدەدات، هەوڵدانێکە بۆ ڕۆچوونە ناو کۆنتێکستی دەقەکەوە و دواتر پۆلێنکردنی لەگەڵ ئەو دەقانەی کە ئاسۆکانی لەمدەچن، دەقیش بەهاو واتای جێگیری نییە، بەڵکو ئەوە خوێنەرە کە بوون و واتا بە دەق دەبەخشێت (عزام،٢٠٠٢، ١٦)، وە لەبەرئەوەی کە خوێنەر ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی هەیە لە پرۆسەی وەرگرتن و بیناکردنی واتادا، بۆیە ڕەخنەگران لە سەردەمەکاندا داوایان لە جۆرەجیاوازەکانی خوێنەر کردووە کە ئاستێکی لێهاتوویی بەرزیان هەبێت، وەک چۆن(وولف) لە(خوێنەری چاوەڕێکەر) (کەنووسەر لەکاتی نووسیندا ڕەچاویدەکات )، (ڕیفاتیر)یش لە(خوێنەری نمونەیی-القاريء المثالي) (کە خوێنەرێکە بە تەواوی لەدەق تێگەیشتووە) و (ئایزەر)یش باس لە (خوێنەری ناوەوە)دەکات کە (بینایەکی دەقییە چاوەڕوانی ئامادەبوونی وەرگر دەکات بەبێئەوەی بەوردی دیاریبکات) (ایزر،١٩٩٤،٣٠). بەلای ئایزەرەوە هەموو ئەم جۆرانەی خوێنەر ئەرکێکی بەشیی (جزئی) جێبەجێدەکەن، توانای وەسفکردنی ئەو پەیوەندییە بەیەکداچووەی نێوان دەق و خوێنەریان نییە، پێیوایە کە (( دەقی ئەدەبی لەبونیادی بنەڕەتی خۆیدا خوێنەرێک لەخۆ دەگرێت، ڕەنگە نووسەر بەشێوەیەکی بێئاگایی مەزندەی کردبێت، ئەو خوێنەرە لە شێوەو ئاڕاستەکان و شێوازی دەقەکەدایە)) (خضر، ١٩٩٧، ١٤٨). کەواتە هەموو نووسەرێک، تەنانەت ئەگەر داهێنەریش نەبوو، خوێنەرێک بۆخۆی دروستدەکات، لەئاگاییەوەبێت یان نائاگاییەوەبێت. خوێنەری ناوەوە، بوونێکی ڕاستەقینەی نییە. کەواتە بەپێی ئەم تێڕوانینانەی باسکران و بەپێی ئەمچەمکەی ئایزەر ((خوێنەری ناوەوە، هەموو ئامادەکارییەکی پێشوەختەی کە پێویستە بۆ ئەوەی دەقی ئەدەبی کاریگەری خۆی جێبەجێبکات، ئەنجامدەدات )) (ایزر،١٩٩٤، ٣٠)و کاری هەمئاهەنگی لەنێوان تێڕوانینە سەرەکییەکانی دەقدا جێبەجێدەکات، پرۆسەی هەمئاهەنگیش بەشێوەیەکی پێشوەختە لەناو دەقدا بنیادنراوە، خوێنەری ناوەوە بەهیچ جۆرێک لە خوێنەری ڕاستەقینە ناچێت، وە ئەو

ڕۆڵەی کە دەخرێتە پاڵ خوێنەری ڕاستەقینە تا ئەنجامیبدات، ئەوە چەمکی خوێنەری ناوەوەیە، بۆیە ئایزەر ئەم چەمکەی کردووە بە نمونەی چەمکێکی باڵا کە کاریگەرییەکانی بونیادی دەقێکی ئەدەبی دەخاتەڕوو، ڕۆڵی خوێنەریش دیاریدەکات و لەڕێگەی بنیادی دەقەکەوە دەیناسێنێت، دیارە کە ڕۆڵی خوێنەر بەچەند ڕێگەی جیاواز بەپێی بارووودۆخی مێژوویی و خودیەوە جێبەجێدەکرێت، لێرەوەیە ئەرکی زیندویی چەمکی خوێنەری ناوەوە بەدەردەکەوێت، کەخۆی لە چوارچێوەیەکی سەرچاوەیی دا دەبینێتەوە کە هەموو توێژینەوە مێژوویی و خودییەکانی دەقی بۆ دەگەڕێتەوە و وایلێدەکات کە شیاوی شیکردنەوەبێت. بەمشێوەیە ئایزەر تێڕوانینی خۆی بۆ خوێنەری ناوەوە دیاریدەکات وبەیەکێک لەگرنگترین ئامرازەکانی کارکردنی دادەنێت کە وەسفی پەیوەندیی کارلێکی نێوان بونیادی دەق و وەرگردەکات (البرکات و برهم و القيصري،٢٠١١، ١٤).

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کەباسکرا، دەتوانین بڵێین: (ئاسۆی چاوەڕوانی) و( خوێنەری ناوەوە) دوو چەمکن کەهەریەکەیان ئەویتر تەواو دەکەن، لەپێناو ڕاڤەکردنێک کە یارمەتی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی واتای دەق دەدات. خوێنەری ناوەوە، مەبەستداریێتی نووسەر دیاریدەکات، (ستراتیژیەکانی پەیامنێر)و(بینای هەناوی دەقی ئەدەبی) کە وادەکەن ئاڵۆز و تەمومژاویبێت، وە لەڕیگەی پرۆسەی دیاریکردنەوە هۆش وبیری خوێنەر بۆ ئەو بۆشاییانە دەچێت کە نووسەر لەدەقدا بەجێی هیشتوون و دواتر خوێنەری ناوەوە پاڵبەخوێنەری ڕاستەقینەوە دەنێت بۆ خوێندنەوەیەکی بە بەرهەم، بەهۆی پەنابردن بۆ (ئاسۆی چاوەڕوانی) و دۆزینەوەی کۆدەکانی دەق و کردنەوەیان بەهۆی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و جێگەدیارینەکراوەکانەوە( مصطفي و عبدالرزاق ، ٢٠١٦، ١٧٥). لەمڕوانگەیەوە دەتوانین بەکورتی بڵێین: کە خوێنەری ناوەوە وەهمێکی مەزندەکراوە، خاوەن بوونێکی ڕاستەقینە نییە، تەنها لە بیری نووسەردا بوونی هەیە، پنتی پەیوەستبوونە لەنێوان نووسەر و ئەوەی کە دەیەوێت بیگەیەنێت، لەگەڵ خوێنەری ڕاستەقینەدا.

## ٢-بۆشایی دەق:

چەمکی بۆشایی یاخود ناوچەی دیارینەکراوی ناو دەق یەکێکە لە زاراوەکانی (ئایزەر) و سوودی لەزاراوەی (دیارینەکراو) ( اللاتحديد) ی( ئینگاردن) وەرگرتووە بۆ دەرخستنی تیۆرەکەی لەمەڕ وەرگرتن (الناصر، ٨٣،٢٠١)، ئایزەر چەمکەکەی لێخواستوە، بەڵام شێوازی کارکردنەکەی گۆڕیوە، چونکە ئینگاردن پێیوابوو کە دیاریکردن و بەشداریکردنی وەرگر لە پڕکردنەوەی ئەو ناوچانەی دەقدا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێت، بەڵام ئایزەر وایدەبینێت کە پرۆسەی پێکهێنانی واتا بەشێوەیەکی ئاسۆیی دەڕوات لە دەقەوە بۆ وەرگر لەهەمانکاتدا لە چوارچێوەی کارلێککردندا

ئاوێتەدەبێت( محمد ، ١٣٠،١٩٩٩). بۆیە ئایزەر پێیوایە بۆشایی دەق (( ئەو پانتاییەیە کە کارلێکی نێوان وەرگرو دەق تێدا ڕوودەدات )) (ایزر، ١٩٩٤ ،٣٣)، دەتوانرێت بەمشێوەیە پێناسەی بکرێت ((بریتیە لە جیاوازی بڕی زانیاری لە نێوان قسەکەر و گوێگردا یان لەنێوان داهێنەر و وەرگردا، بەشێوەیەک یەکێکیان ئەوەی دەیزانن بەرامبەرەکەیان نایزانێ، ئەم جیاوازییە کەلێنێکی زانیاری لەنێوان ئەو دوولایەنەدا بەرهەمدەهێنێت، بەیەکێک لە ڕەگەزە پێویستەکان دادەنرێت بۆ پەیوەندیکردن))(البریکی ،٢٠٠٦،١٥٣).

بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکە دەڵێین: بۆشایی دەق، مەبەست لێی ئەو بۆشاییانەیە کە خودی نووسەر لەدەقدا بەجێیان دەهێڵێت تاکو خوێنەران پڕیبکەنەوە، چونکە ئایزەر پێیوایە نووسەران کاتێک کە دەقێک دەنووسن ئەوە لەبەرچاودەگرن پەرچە کرداری خوێنەران چیدەبێت لەبارەیەوە بەو واتایەی نووسەرەکە هەندێک بۆشایی بۆ خوێنەران بەجێدەهێڵێت، تاکو پڕیبکەنەوە و دەقەکەش فراوانبکەن، ڕەنگە وەک ئایزەر دەڵێت: خوێنەران یان ڕەخنەگران شتگەلێکی وابڵێن: کە نووسەر بیری لێنەکردۆتەوە یان لەدەقەکەدا نەیوتووە، ئەمەش لای زۆربەمان ئاشنایە کە ڕەخنەگرانێک لەبارەی دەقێکەوە هەندێک شتی وایان وتووە کە خودی نووسەرەکە وتوویەتی من بیرم لەشتی وا نەکردۆتەوە ( لحمیدانی ، محاضرة، دقائق ٢٦-٢٧).

سەبارەت بە تێڕوانینی ئایزەر بۆ خوێنەر لە پرۆسەی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێو دەقدا ئەو توانایە دەداتە خوێنەر بەشێوەی هەنگاوبەهەنگاو دەق بخوێنێتەوەو گواستنەوە لەڕستەکانی نێو دەقدا بکات، بەشێوەیەک کە وا لەخوێنەر دەکات لە ڕستەی یەکەم تێبگات و دواتر بچێتە ڕستەی دووەم کەپەیوەندی بە ڕستەی یەکەمەوە هەیە، بەڵام کاتێک ڕستەی دووەم پەیوەندی تێگەیشتنی لەگەڵ ڕستەی یەکەمدا نەبێت، ئەوە دەبێتە هۆی دواکەوتن و لێکجیابوونەوەی هزرو ئەمەش بۆشاییەک لەنێو دەقەکەدا دروستدەکات، کە پێویستە وەرگر تێیپەڕێنێت، ئالێرەوەیە کە ئایزەر دەڵێت: لەدەقدا بۆشایی هەیەو پێویستە خوێنەر پڕیبکاتەوە، ئەوەش بەکۆمەڵێک ڕێوشوێن دەبێت، کەنابێت پەنا بۆسەرچاوەی دەرەوە ببرێت، بەڵکو پێویستی بە بەراوردکردنێکی نێوان بونیادی دەق و بونیادی تێگەیشتنی خوێنەرە(صالح،٢٠٠١،٤٩). بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم تێڕوانینە ڕەنگە ئەو نمونەیەی کە (حمید لحمیدانی) لە سیمینارێکدا بۆ ژمارەیەک لەخوێندکارانی خوێندنی باڵا باسی لێوەدەکات، نمونەیەکی زۆرباشبێت، ئەو پێیوایە کە پرۆسەی خوێندنەوە بە بۆچوونی (ئایزەر)بەشێوەی بەردەوامی و گەڕانەوەدەبێت،واتە کاتێک خوێنەرێک دەستدەکات بە خوێندنەوەی دەقێک، بۆنمونە لەچیرۆکێکدا ڕەنگە (دەمانچەیەک) دەربکەوێت و خوێنەر چاوەڕوانی ئەوەبکات کە بۆ کوشتنی کەسێکە، بەڵام دواتر دەردەکەوێت بۆ بەرگریکردنە لەخود، لێرەدا چاوەڕوانییەکانی هەڵەدەردەچێت وناچارە دووبارە بگەڕێتەوە بۆ سەرەتا، بێگومان ئەمگەڕانەوەیەش لەڕێگەی

(بیرگە)ەوە دەبێت، بەمشێوەیە خوێنەر لەگەڵ دەقەکەدا تیکەڵدەبێت، چاوەڕوانیەکانی خۆی دادەڕێژێت، هەندێکجار دەقەکە زانیارییەکانی بۆ ڕاستدەکاتەوە، ئەمیش لێکدانەوەیەکی گشتی بۆ دەقەکەدەکات و واتایەک لەواتاکانی پێدەبەخشێت، کەمەرج نییە خوێنەرێکیتر هەمان واتای پێببەخشێت، نەک هەرئەوەندە بگرە ڕەنگە هەمان خوێنەر لەکاتێکیتردا کە هەمان دەق دەخوێنێتەوە مەرج نییە هەمان واتای پێشووی پێبداتەوە، ئەمەش بەکاریگەری کەڵەکەبوونی ئەو پاشخانە زانیاریەی کەدوای خوێندنەوەی یەکەم لای کەڵەکەبووە و ئاسۆی بیرکردنەوەی گۆڕیوە ( لحمیدانی، محاضرة، دقە ٢٦).

تێکەڵبوون لەگەڵ دەق لە ئەنجامی خوێندنەوەدا، خوێنەر ئاراستە دەکات بۆپڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێودەقەکە و پێدانی وێنایەک لەبارەی دەقەکەوە پێمان دەڵێت: ئەوە واتای دەقەکەیە، ئەمەلەکاتێکدا دەقەکە بریتییە لەوەی کەنووسراوە، بەڵام ئەو واتایەی کە خوێنەرەکە دەیڵێت: ڕاستە هەندێکی ئەوەیە کەنووسراوە، چونکە ئەو لەبنەڕەتدا باس لە دەقە نووسراوەکە دەکات، بەڵام هەندێک شتی واش دەڵێت: کە لە دەقەکەدا نەوتراوە یان نەنووسراوە، بەڵکو بۆی زیادکراوە بەو واتایەی بۆشاییەکانی نێو دەقەکە پڕکراونەتەوە ئەم کردەی پڕکردنەوەی بۆشایانەش لای ئایزەر بە ڕاڤەکردنی دەق دادەنرێت، چونکە خۆی باس لە ڕاڤەکردن دەکات (الحمیدانی، محاضرة، دقە ٢٧).

کاری ئەدەبی لای ئایزەر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە  کە بونیادێکە لە کۆمەڵێک دیمەنی گۆڕاو کە بۆشایی و پێگەی دیارینەکراو لەخۆدەگرێت، ئەرکی خوێنەرە کە بەبیری خۆی دایڕێژێتەوە، ئەم بۆشاییانەش کەرەستەیەکی دەقە بۆ خوێنەر کە دۆزینەوەی نادیارەکانی تێدا ئەنجامدەدات و بەرەو داهێنان وخوڵقاندن بەرێیبکاتو ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێویستی جوانناسی فەراهەم بکات، ئەمەش پێویستی بە گرێدانی ناو خودی وەرگرە تاخوڵقاندنی هزر بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، کە (ئایزەر) ئەمە بە نیشانەی دروستبوونی پەیوەندی خوێنەر و دەق دەزانێ. بەواتایەکیتر ئایزەر دەڵێت: بۆشایی، واتە نەگونجانی نێوان دەق و خوێنەر کەبەمەش پەیوەندی پرۆسەی خوێندنەوە لەسەر شتی هەستپێکراو کارا دەبێت، لەمڕوانگەیەوە هەرزوو ئایزەر قورسایی تیۆرەکەی دەخاتە سەر بونیادی دەق و بانگەشەی بوونی بۆشایی دەکات کە لەگەڵ خواستی خوێنەردا بگونجێت. (الناصر،٢٠١١، ٨٥). ئایزەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە کاتی دایالۆگی نێوان دەق و خوێنەردا بۆشایی ڕۆڵی کاریگەردەبینێت لەسەر خوێنەرو جوڵاندنی، ئەمەش بەمەرجێکی گرنگی پرۆسەی تێگەیشتن دادەنێت، ئەمە چۆن ڕوودەدات؟ لەڕاستیدا کاتێک کەباس لە بۆشایی ناو دەق دەکرێت، لەلایەک خوێنەر تووشی شپرزەییەک دەکات و لەلایەکیتریشەوە نزیکایەتیەک لە نێوان دەق و خوێنەردا دروستدەکات بەوەی کەتواناکانی خوێنەر دەجوڵێنێت، بەڵام ئایا ئەمە دژیەک نیین؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: ڕاستە بوونی بۆشایی لای ئایزەر جۆرێک لە تۆکمەیی دەق

لاوازدەکات، بەڵام لەهەمانکاتیشدا جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەردەکات، ئا لەم ڕوانگەیەوە بەلای ئەوەوە، بۆشایی دەبێتە پاڵنەرێک بۆ داهێنانی هزر و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، ئەمەش واتای ئەوەیە کە خوێنەر هەمیشە لە دۆخی بەردەوامی پڕۆسەی خوێندنەوەدایە و پێویستە کە بۆشاییەکان پڕبکاتەوە، تاوەکو بابەتەکە بەشێوازی خۆی وەردەگرێت، لەهەمانکاتیشدا گونجاو و تەبا دەبێت لەگەڵ دەقدا. دەق خاوەن ڕاستیەکی ڕەها نییە، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێک پلان کە خوێنەر دەخاتە بەر بەرپرسیاریتی، ڕێگاو شێوازی جۆراوجۆریش هەیە بۆ توێژینەوە لەدەق کە تێیدا خوێنەر دەتوانێت بیخاتە بەر شیکردنەوەی جیاواز، دەق بەتێڕوانینی قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێت، ئەم هەموو شێواز و تێڕوانینەش واتای دەوڵەمەندی و تازەگەری و بەردەوامی دەقە، هەموو دەقێک ڕێگاوشێوازی تێگەیشتنی خۆی هەیە، ناتوانرێت پێشوەخت چوارچێوەی داڕێژراوی بۆ ئامادەبکرێت، بەڵکو تێگەیشتنی دەقەکە میتۆدەکەی دیاریدەکات (دحامنية ،٢٠٠٨، ١١٨).

لەڕاستیدا دەق بەتەنها ناتەواوە، بەڵکو هەمیشە پێویستی بە خوێنەرێکە، بەم هۆیەوە پڕۆسەی خویندنەوە لەنێوان دوو جەمسەردا دەجوڵێت، جەمسەری هونەری کە پەیوەستە بە دەقەوە و جەمسەری ئیستاتیکی کە بەرهەمی خودی پڕۆسەی خوێندنەوەکەیە، دەقی ئەدەبیی چەندیین تێڕوانینی گۆڕاو بۆ خوێنەرەکەی دەردەخات کەپێویستی بە پڕکردنەوەی ئەو شوێنە دیارینەکراوانەیە بەشێوەی جیاواز جیاواز وەک: لابردن، بۆزیادکردن و چاککردن (التومي،٢٠١١، ٢٢٤). کەواتە بۆشاییەکان لەبنەڕەتەوە لەسەربنەمای ئەو زیادکراوانە دروستبوون کە خوێنەر بۆ دەقی زیاد دەکات لەکاتی خوێندنەوەدا .

لەڕوانگەی گرنگی زۆری بۆشایەوەیە کە ئایزەر خۆی لە و دەقانە دەپارێزێت کە خاڵین لە بۆشایی، بەڵکو جەخت لەسەر گوتاری ئەو دەقانەدەکاتەوە کە بۆشاییان تێدایە، تاکو خوێنەر بتوانێت پڕیبکاتەوە،بەلایەوە زۆرگرنگە بۆ پڕۆسەی تێگەیشتن، ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە کە ئایزەر دژ بەو دەقانەیە کە بونیادێکی ئاشکرایان هەیەو خۆی لەدەقی خاوەن بۆشایی نزیکدەکاتەوە کە تێیدا پەیوەندی و کارلێکی نێوان وەرگرو دەق بەرجەستەببێت. بەمپێیە، بۆشایی سەرچاوەی سەرسوڕمانە کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی توانای خەیاڵی وەرگر و دەقەکەش دەبێتە هۆکارێک بۆ چالاککردنی خەیاڵی خوێنەر،چونکە خوێندنەوە نابێتە خاوەن چێژوداهێنان تاوەکو سەرسوڕمان دروستنەکات، بۆیە بەبێ بوونی ڕەگەزی دیارینەکردن و بۆشایی ناتوانین خەیاڵمان فراوانبکەین. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆشایی دەق چ ڕۆڵێکی گرنگی بۆ خوێنەر هەیە، کاتێک مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا دەکات، دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئەو گرنگییە کورتبکەینەوە:

١- بۆشایی دەق، پەیوەندیی لەنێوان ڕستەکاندا بەبێ ڕەچاوی بەدوایەکترهاتندا، دروستدەکات.

٢-بۆشایی لەئاستی خودی ڕستەدا، جۆرێک لە دابڕانی پرۆسەی پەیوەندییە چاوەڕوانکراوەکانە کە دەبێتە نیشانەیەکی گەورە بۆ خوێنەر تا دیمەنەکە بونیاد بنێت.

٣-بۆشایی دەق وەرگر ناچار دەکات کاری خوێندنەوەکەی چڕبکاتەوە و سەرلەنوێ سەرنجی ڕابکێشێتەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکە.

٤-بۆشایی دەق وەرگر ناچاردەکات سەرلەنوێ بەخوێندنەوەکەیدا بچێتەوە و گۆڕانکاری تێدابکات تابگاتە ئاستی جوانناسی (ئیستاتیکا).


٥-بوونی بۆشایی زۆر پاڵنەرێک دەبێت تا ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر بوروژێنێت، پڕکردنەوەی بۆشاییەکانیش واتای گەیشتنە بەواتای ڕاستەقینەی دەقی ئەدەبی(مصطفى، ٢٠١٦ ، ١٦-٢٠ و ١٠٨-١١٠ و( صالح، ٢٠٠١،٥٠).

هەندێکجار بۆشایی دەق بەهۆکاری لەکارخستنی خوێندنەوە دادەنرێت، چونکە ڕەگەزەکانی دەق لێکجیادەکاتەوە بەڵام، لەڕاستیدا ئەم بۆشاییانە دواجار دەبنە پاڵنەری سەرەکی چالاکبوونی وزەی خوێندنەوە، چونکە وا لەخوێنەردەکەن کە لە هێماکانەوە بچێت بۆ واتاکان بەهۆی کردەی داهێشتن(اسقاط)بۆناودەق بۆپڕکردنەوەی بۆشاییەکان، کەواتە ئەو بۆشایی و ناهاوسەنگییەی کەدەکەوێتە نێوان خوێنەرو دەقەوە وا لەخوێنەر دەکات کە بەردەوامبێت لە کردەی داهێشتن بۆ ناو دەقەکە(مەبەست لەمە داهێشتنی زانیارییەکانی خوێنەرە لە کاتی خوێندنەوەدا بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان)،وە ڕەنگە لەکاتێک بۆ کاتێکیتر بگۆڕێت بەپێی بەردەوامی خوێندنەوەکان، بەبڕوای(میرلوبنتی)هەموو داهێشتنێکی خوێنەر بۆ ناو دەق ئەگەری ڕاستکردنەوەو گۆڕانی هەیەو ئەو گۆڕانەش لەئەنجامی کارلێککرنی نێوانیانە، ئەگەر هەمووشتێک لە دەقدا ڕوون وئاشکرابێت، ئەوا ئەو ئەودەقە بێجگە لەیەک خوێندنەوە زیاتر هەڵناگرێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر لە دەقێکدا گرنگی بۆشاییەکانی زیاتربێت ئەوا ئەودەقە بە بەردەوامی تێڕوانینی گۆڕاو لەبارەیەوە لای خوێنەران دەوروژێت، ئەمەش ئایزەر ناوی لێدەنێت(بۆچوونی پرسیارئامێز)( الراي التساؤلي)(حفيظة زين، ٢٠٠٤-٢٠٠٥، ٩٥).

زۆرێک لەڕەخنەگران سەرکەوتوویی ئەزموونی شیعریی دەبەستنەوە بەئاستی کارلێکی دەقەکە لەگەڵ هاوبەشە بنەڕەتییەکەی لەکاری داهێناندا کە ئەویش وەرگرە، ئەوەش لەڕێگەی بەکۆدکردنی گوتاری شیعرییەوە دەبێت، بەجۆرێک کە وشەکان ڕێگە یان کلیلی یەکەمن بۆ پەیوەستبوونی زمانیی، ئەمە خاسییەتی تایبەتی دەقی ئەدەبییە بەگشتی و شیعرییە بەتایبەتی. بەجۆرێک کە چێژی وەرگر کامڵنابێت هەتا نەوتراوەکان نەدۆزێتەوەو پانتایی نەوتراوەکانیش

فراوانتر دەبن بە فراوانبوونی بۆشاییەکان و ڕێگە بەوەرگر دەدەن بەشداربێت لەگەڵ داهێنەرەکەدا لەوەی کە لە دەقەدا خستویەتیەڕوو. کاتێک کە شاعیر بۆشایی جێدەهێڵێت لە دەقدا تەنها پشت بە پێکهاتنە بیناوەکە نابەستێت کە مامەڵە لەگەڵ کورت و درێژی گوزارشتەکاندا دەکات، وەرگر لێرەدا گرنگی بەوەنادات کە وشەی بەمەبەست بەجێهێڵراو هەیە ناچاری دەکات کە بیدەنگبێت بۆماوەیەکی کاتی، یان هەر شێوەیەکی تری  پێکهاتەی بیناوی قەسیدە، ئەمانە بە بانگهێشتێکی ڕاستەخۆی وەرگر دادەنرێت لەلایەن داهێنەرەکەوە بۆ کارلێک لەگەڵ دەقدا.

داهێنەر هەندێکجار بۆشایی مەعنەوی بەشێوەیەکیتر دروستدەکات ئەویش لەڕێگەی وشەگەلێکەوە لەناو دارشتەو ڕستەی ناڕاستەخۆ کە پێویستی بەهەوڵوکۆششی زۆرهەیە بۆ پڕکردنەوەی پانتایی ئەوبۆشاییانە لەناو گوتاری شیعریدا، جیاوازی پانتایی ئەم بۆشاییانەش لە دەقێکەوە بۆ دەقێکیتر  دەگۆڕێن، بەپێی دووروونزیکی دەقەکە لە واتاوە، یان هاوتەریب بوونی لەگەڵ واتادا، بەجۆرێک ئەگەر دەق بەئاسانی واتای دابەدەستەوە ئەوا هاوتەریب و ڕاستەوخۆیە، بەڵام لەڕاستەوخۆیی دووردەکەویتەوە، هەتا پانتایی سێبەری واتا فراوانبێت کەخوێنەر لەسایەیدا بەدوای واتادا دەگەڕێت ومەزندەکردنی واتاش لەلایەن خوێنەرەوە زیاتربێت، مەودای ڕاڤەکردنیش کراوەتر دەبێت، بۆیە هەمەچەشنەی ڕاڤەکردن، بە هەمەچەشنەی خوێندنەوەکان دەبێت و لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکیتر جیادەبێت، هەروەها خوێندنەوەی هەمان خوێنەر لەکاتێکەوە بۆکاتێکیتر و بۆ هەمان دەق جیاواز دەبێت(بيومي،١، http://alantologyia.com). لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەتوانین بونیادی بۆشایی و ئەرکی لە دەقدا بخەینەڕوو: (ایزر، ١٩٩٤، ٢٣)



## ٣-ڕوانگەی گەڕۆک*(وجهة النظر الجوالة) Le point de vue mobile:

زاراوەی ڕوانگە (وجهة النظر – Le point de vue) داهێنراوی خودی ( ئایزەر ) نییە، بەڵکو زاراوەیەکی ناسراوە لە بواری ڕەخنەدا ، ئەو تەنها وشەی (گەڕۆک mobile)ی بۆزیاد کردووە بەمەستی وەسفکردنی کردەی کۆکردنەوەی واتا لە بیری وەرگردا (علوش،٢١١،١٩٨٥). مەبەست لەم چەمکەش، ئامرازێکە لەوئامرازانەی کە وەسفی ڕێگای ئامادەبوونی خوێنەردەکات لەنێو دەقدا، ئەم ئامادەبوونەی خوێنەریش لەنێو دەقدا، لە پێتی بەیەککەیشتنی یادگەو چاوەڕوانیدا ڕوودەدات، لەئەنجامدا بزاوتێکی جەدەلی سەرهەڵدەدات کە ڕاستکردنەوەیەکی بەردەوامی بیرگەیە تا گەیشتن بە تێگەیشتن لەدەق، واتە لەڕێگەی کارلێکی نێوان بونیادە پارچەپارچەبووەکانی دەق یان بەیەکداچووەکان لەنێوان خۆیاندا، لەمکارلێککردنەوە چالاکییەکی بنەڕەتی بەرهەمدێت کە خوێنەر دەگەیەنێتە تێگەیشتن لەدەق. ئەم چالاکییە بنەڕەتیەش بە چالاکییەکی خودی دادەنرێت بۆ بەرهەمهێنانی واتا، کە تێگەیشتن و درکپێکردنی خوێنەر پێشنیازی دەکات ( السادي، محاضرة، د٥-٧).


هۆکاری سەرەکی ڕوانگەی گەڕۆکی خوێنەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەشتی خوێنەر لەناو دەقدا گەشتێکی بەردەوامە، کاتێک خوێنەر دەستدەکات بە خوێندنەوەی دەقێک بە بەردەوامی و بێ پچڕان، پشتبەست بە باکگراوندی ڕۆشنبیری خۆی، لەڕێگەی ئاسۆی چاوەڕوانییەکەیەوە هەوڵی تێگەیشتن لەدەقەکە دەدات، بۆیە پەیدابوونی شتێکی چاوەڕوان نەکراو ئەگەری گۆڕینی ڕوانگەکەی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی قوڵبوونەوە بەنێو ڕەگەزەکانی نێو دەقەکەدا و گفتگۆکردن لەگەڵیاندا و بەرجەستەکردنیان(سلدن،١٩٩٦،١٦٤). ئەم گۆڕانی ئاسۆی چاوەڕوانیەش، (ئایزەر) ناویناوە (ڕوانگەی گەڕۆک)(هولب،٢٥،١٩٩٤)، ئەمروانگەیەش دەرگای گەشتی خوێنەر بۆ ناودەق دەکاتەوەو لەڕێگەیەوە خوێنەر فرە ڕوانگە پێکەوە گرێدراوەکان دەدۆزێتەوەو، ئەو ڕوانگانەی کە لەکاتی گواستنەوەیاندا لەدیدگایەکەوە بۆ دیدگایەکیتر،گۆڕانکاریان بەسەرداديێت(ایزر،١٩٩٤،٩٤). لەڕێگەی ئەم گواستنەوەو دۆزینەوەیەوە پرۆسەی کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر ئەنجامدەدرێت و دەگاتە ئاستێکی باڵا کە خوێندنەوەی سەرپێیانە تێدەپەڕێنێت(سلدن، ١٩٩٦، ١٦٤ – ١٦٦).

لەڕاستیدا ئەرکی سەرەکی ڕوانگەی گەڕۆک، خۆی لە کردەی پەیوەندیکردن و کاریگەری دروستکردندا دەبینێتەوە لەنێوان دەق و خوێنەردا، ئەم کردارەش بە بەشداریکردنی وەرگرو چالاکبوونی وەرگرتن و باش تێگەیشتنی ئاماژە دەقییە ڕێنیشاندەرەکان کە بەرچاو ڕوونکەرەوەی خوێنەرن، بەدیدێت. ئەو ئاماژە دەقییانەی کە ئایزەر بە (بونیادی هێلکاری دەق) ناویان دەبات، چالاکی خوێنەر بەرەو دەربازبوون لە لادانە ڕاڤکارییەکان و دوورە پەرێزی لە هێنانە گۆی دەق

بەوەی نەی وتووە ئاراستەدەکەن، چونکە خوێندنەوە چالاکییەکی ئاراستەکراوە لەلایەن دەقەوە، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە پەیوەندی نێوان دەق و وەرگر قوڵدەبێتەوە، کاتێک کەخوێنەر لە نێو دەقدا ڕووبەڕووی هەنگاوی چاوەڕواننەکراو دەبێتەوە و هەست بەبوونی دوالیزمی واتایی چاوەڕواننەکرا دەکات یاخود هەندێک کۆنتێستی کوتوپڕ دەبینێت یان کاتێک دیاردەی شاردنەوەی هەندێک زانیاری لەلایەن دەقەوە ڕوونەکردنەوەی هۆکارەکانی ئەوشاردنەوەیە، ئاشکرادەکات یان کاتێک درک بەوە دەکات دەق بەرەو ئاراستەیەک دەڕوات و کتوپڕ ئاراستەکەی بەرەو ئاقارێکی پێچەوانە دەگۆڕێتا(ایزر،١٩٩٤،٩٤). ئەمانە وا لەخوێندنەوە دەکەن کە پرۆسەیەکی بەردەوامبێت، خاڵی دەستپێکی ئەم پرسەش لە دەستپێکی خوێندنەوەکە کۆنترە بەوەی کە خوێنەر پاڵپشت بە ئەزموون و لەڕوانگەی چەند باکگراوندێکەوە دێتە نێو پرۆسەی خوێندنەوەوە و خوێنەر  پێشوەختەو لەگەڵ دەستکردن بە پرۆسەی خوێندنەوەی هەردەقێک، کۆمەڵێک چاوەڕوانی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ئەم چاوەڕوانیانە بەردەوام دەگۆڕێن، بۆیە هەموو ئەوتێڕوانینە پێشوەختانەی هەمانبووە و بەرگریمان لێیانکردووە، لەئەنجامی بەردەوامبوونمان لە خوێندنەوەدا دەگۆڕێن، پرۆسەکەش، پرۆسەیەکی بێکۆتاییە، بۆیە گەشتی خوێنەر لەناو دەقدا بە گەشتێکی بەردەوامی نەپچڕاو دادەنرێت، بەردەوامی ئەم گەشتەش وابەستەیە بە قووڵی دەق و ڕەهەندە دەوڵەمەندەکان، خوێنەر بە وێستگەی جیاجیاو گۆڕاو دەناسێنێت، بەردەوام شتی نوێی پێدەبەخشێت، بەم هۆیەوە ڕوانگەی خوێنەر تازە دەبێتەوەو لەئەنجامدا گۆڕانی ئاسۆکانی لێدەکەوێتەوە، ڕوانگەی گەڕۆکیش ڕۆڵی کارای هەیە لەمبوارەدا، بۆیە تیۆری وەرگرتن  ئەو تێگەیشتنانەی بەدەستی دەهێنن لە کاتی خوێندنەوەدا بە زنجیرەیەک لە ڕوانگەی گەڕۆک ناو دەبات( سلدن، ١٩٩٦، ١٦٤-١٦٥).

ئایزەر هەوڵیداوە کە پێش هەمووشتێک گرنگیبدات بەوەی کە لەبیری خوێنەردا چاوەڕوانیی ڕودەدات، کاتێکیش کە واتا پێکدێت لەئەنجامی بەردەوامی پرۆسەی خوێندەنەوەدا، واتە گرنگیدان بەهەموو ڕەنگدانەوە جیاوازەکانی کەواتا لەخۆیدەگرێت لە هۆشیاری خوێنەردا لەماوە جیاوازەکانی بەردەوامی پرۆسەی خوێندنەوەدا  هەتا دەگاتە واتای کۆتایی، وە لەبەرئەوەی واتا دیاردەیەکە کە لەگەڵ هەستدا دەژیو دەیژێنێتەوەو لەنێوان دەق و خوێنەردا بەدیدێت و تێگەیشتن لەم بەردەوامییە کە بەهۆیەوە بینادەکرێت، پەیوەستییەکی نزیکایەتی هەیە بە دیاردەگەرایییەوە (فینۆمینۆلۆجیا) کە گرنگیدەدات بە بەیەکداچوونی یان ئاوێتەبوونی خود و بابەت، لەمڕوانگەیەشەوەیە کە ئایزەر، هەوڵیداوە فینۆمینۆلۆجیا بەکاربهێنێت بۆ شیکردنەوەی پرۆسەی خوێندنەوە، بەو پێیەی کە پرۆسەیەکی کۆکردنەوەی واتایە، یان بۆ بیناکردنی بابەتێکی ئێستاتیکایی لە بیری خوێنەردا (شرفي، ١٩٩٦،٢٠٦)، چونکە(( بابەتی ئێستاتیکی ناتوانرێت ببینرێت، یان درکپێبکرێت بەیەکجار، بەڵکو لەهۆشی خوێنەردا هێواش هێواش بەشێوەیەکی پلەبەندی دروستدەبێت، لەڕێگەی بەردەوامیی پرۆسەی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنەوە یەک بەدوای یەکدا هاتووەکان و گەڕاوەکان، وە لەڕێگەی

ئەم بەردەوامییە بەرهەمهێنەرەی بابەتی ئێستاتیکاوە تیروانینە گەڕۆکەکانی خوێنەر لە فەزایەکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێک قۆناغدا ،ناوەستێت کە هەندێک لایەنی دیاریکراوی ئێستاتیکی بەدەردەخات، بەڵام هیچ کامیان بەتەنها ناتوانن کۆی بابەتە ئێستاتیکییەکە دەربخەن، چونکە ناتوانرێت بخزێنرێتە نێو هیچ شێوەیەکی واتاییەوە کەهۆشیاری خوێنەر لەهەرساتێکی خوێندنەوەدا بەدەستی دەهێنێت (شرفي،١٩٩٦،٢٠٧). بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەبارەت بە ڕۆمان بەتیروانینی ئایزەر، چوار ڕوانگەی سەرەکی لەخۆدەگرێت کەبریتیین لە(ڕوانگەی گێڕەرەوە، ڕوانگەی کەسێتییەکان، ڕوانگەی گرێ و ڕوانگەی خوێنەری مەزندەکراو، هیچ کام لەمروانگانە بەتەنها لەگەڵ واتای دەقدا هاوجووتنابن، بەڵکو ڕۆڵێکی دیاریکراوی دەبێت لە هێڵی پێشەوەی جیاوازییە جۆراوجۆرەکانی( گێڕەرەوە، کەسێتییەکان، گرێ و خوێنەری مەزەندەکراو) کەهەریەکەیان بەدوای ئەویترياندا به بەردەوامی ئەپوکێنەوە، وەئایزەر پێیوایە کە هەموو ئەم ڕوانگانە سوورن لەسەر ئەوەی کە بەشێوەیەک لە پنتێکی گشتیدا کۆببنەوە کە بە پنتی واتای دەق ناوی دەبات. بەڵام واتای دەق ناتوانرێت دەربخرێت هەتا لەڕێگەی ڕوانگەیەکەوە وێنەکرێت بەشێوەیەک ڕوانگە گەڕۆکەکان ڕۆلی خوێنەر دەبینن، ئەمەش ڕێگە بە خوێنەردەدات کە درک بە دەستپێکی جیاوازیی ڕوانگەکانی دەق بکات. لەم هێلکارییەی خوارەوەدا ئەم تیروانینەمان بۆ ڕووندەبێتەوە: ( ایزر،١٩٩٤، ٣١)



## ٤-لێکدراوی نەرێنی ( المركب السلبى):

بریتییە لە چالاکی خوێنەر بۆ بەرهەمهێنانی وێنەکان، کاتێک کە دەقێک دەخوێنینەوە، بەئاگاییبێت یان بێئاگایی، وێنەکان لەدۆخی پێکهاتندا دەبن لە لامان، ئەم وێنانە بابەتگەلێکی بەرهەمهاتووی مەزندەکراوەکانی خوێنەرن. خوێنەریش بەلای ئایزەرەوە ئازادە لە پێکهێنانی وێنەی کارێکی ئەدەبیدا بەرێگا جیاوازەکان، هیچ لێکدانەوەیەک نییە بۆ وشەیەک کە بتوانرێت هەموو شاراوەکانی بەرهەمبهێنێت، بەڵام ئەم وشانە بە بنەمایەکی پتەو دیاریکراون کە پێویستە خوێنەر دەەقەکە بینابکات بەشێوەیەک کە لەنێوخۆیدا پێکەوە گونجاوبێت، لەبەرئەوە پرۆسەی وەرگرتن لای ئایزەر پرۆسەیەکی کارلێکییە، لەسەر بنەمای مەبەستداریێتی و  بەشداریکردنی خودی وەرگر لەپرۆسەی بیناکردنی واتادا دروستدەبێت. ئەو پرۆسەی کارلێککردنەی کە پەیوەستە بە بوونی چەند چەمکێکی بنەڕەتییەوە وەک: (خوێنەری ناوەوە،بۆشاییەکان، ڕوانگەی گەڕۆک و لێکدراوی نەرێنی). ئەم چەمکانە یارمەتیدەردەبن بۆ زاڵبوون بەسەر کردەی کارلێکی نێوان بونیادی دەقە بەشبەشبووەکەدا تاکو چالاکییەکی بیریی لەدایکبێت و خوێنەر بگەیەنێتە تێگەیشتن لە دەقە ئەدەبییەکە.


لێکدراوی نەرێنی لە کردەی بەرهەمهێنانی وێناکان لەلایەن خوێنەرەوە پێکدێت، ئەو دۆخەی کە خوێنەر تیایدا وێنەکان لێکدەدات، خوێندنەوە بریتینییە تەنها لە دووبارە ناونانەوە، بەڵکو بریتییە لە پرۆسەیەکی کارلێکی لەپێناو دروستبوونی واتا لە نێوان خود و بابەت (وەرگر و دەق) دا، بەڵام بەدوو ئاڕاستەی جیاواز، کەبریتین لە:

١-ئاڕاستەی یەکەم: بریتییە لەشاردنەوەی واتاکان لە دەقی ئەدەبیدا، لێرەدا هەموو هەوڵێکی خوێنەر لەشیکردنەوەی دەقدا بۆ ئەوەیە بگاتە ئاماژە پێکراوەکان و ئامادەیانبکات، ئەمەش بە پەنابردن بۆ هەموو ئەو نیشانانەی کە لە دەقەکەدا بوونیان هەیە لەگەڵ واتا جیاوازەکاندا .

٢-ئاڕاستەی دووەم: لەم ئاڕاستەیەیاندا خوێنەر ئاماژەپێکراوێکی گریمانەیی وێنادەکات، خوێندنەوەو خوێنەر کارلەسەر داهێنانی ئاماژەپێکراوێکی گریمانەیی دەکەن بەپێی بنەمای چالاکی(ڕوانگەی گەڕۆک) لەبەرهەمهێنانی وێنەگەلێکی جیاواز لە بونیادی دەقدا.

لەهەردوو ئاڕاستەکەدا مەرجی سەرەکی بریتییە لەکارلێکی نێوان دەق وەرگر، هەرئەوەشە کە دەستەبەری بەدیهاتنی تێڕامانێکی کارکردن و ڕێبازیی کامڵ دەکات کەڕووبەڕووی  تەمومژیی و فرەواتایی واتا دەبێتەوە (مصطفى،٢٠١٦، ١١٤) و( الناصر،  ٢٠١١، ٨٦).

لەئەنجامی ئەوەی کە پێشتر باسمانکرد لەبارەی پرۆسەی خوێندنەوە و کارلێکی نێوان خوێنەر و دەق، ئەوە ڕووندەبێتەوە پرۆسەی وەرگرتن لای (ئایزەر) پرۆسەیەکی کارلێکییە، بارووودۆخی ئەم کارلێکردنەش پشتدەبەستێت بە ئامادەیی چەند چەمکێکی بنەڕەتی و فەلسەفی لەپێناو گەیشتن بە واتادا، کەئەوانیش وەک پێشتر لەبارەیانەوە دووواین بریتیین لە (خوێنەری ناوەوە، بۆشایی دەق، ڕوانگەی گەڕۆک و لێکدراوی نەرێنی) ئەم چەمکانە یارمەتیدەرن لە زاڵبوونی پرۆسەی کارلێکی نێوان بونیادی پێکهاتووی دەقەکە لەرێگەی پارچەپارچەکردنی دەقەکە و لەدایکبوونی چالاکییەکی بیریی لای خوێنەر کە وایلێدەکات لەدەقەکە تێبگات، دەتوانین کورتەی ئەم تیروانیانەو چۆنییەتی کارکردنی چەمکەکانی (ئایزەر) لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوونبکەینەوە:




ئەم هێڵکارییە پرۆسەی کاری چەمکە بەکارهاتووەکانی ئایزەر پێکەوە ڕووندەکاتەوە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا لە نێوان دەق و خوێنەردا ( مصطفی، ٢٠١٦، ١١٥).

## پاری چوارەم : خوێندنەوەی چەند دەقێکی شیعری کوردی بە پێی چەمکەکانی ئایزەر

ئەو چەمکانەی کە (ئایزەر) خستنیەڕوو، لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەق و واتا بەخشین بەدەقدا، کۆمەڵێک چەمک بوون کە بە بەردەوامی ئامادەییان هەیە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا و خوێنەر هیچ کاتێک ناتوانێت خۆی لێیان بەدووربگرێت، ئەگەر بیەوێت واتای دەقی دەستگیرببێت و هەموو ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕبکاتەوە کە نووسەر لەدەقدا بەجێیهێشتوون، لەمڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین وەک خوێنەرێک خۆمان لەقەرەی هەندێک دەقی شیعریی بدەین و لەڕوانگەی ئەو چەمکانەوە دەقەکان شیبکەینەوە. پێویستە ئەوەش ڕوونبکەینەوە کە لە شیکردنەوەی ئەم دەقانەدا هەموو چەمکەکان پێکەوە کاریان لەسەر دەکەین، چونکە پێمانوایە ئەم چەمکانە پێکەوە گرێدراون و لەیەک دەقدا بۆی هەیە زیاتر لە چەمکێک بوونی هەبێت، بۆیە ئێمەش بەو شێوازە کارمان لەسەر چەمکەکانی ئایزەر کردووە و نمونەی شیعریی لای ئەم شاعیرانەی خوارەوە وەردەگریین:

١-نالی:

بەمەبەستی پراکتیزەکردنی چەمکەکانی( ئایزەر)،سەرەتا لای (نالی) یەوە دەستپێدەکەین، ئەو لەدەقێکیدا کە بۆ گرووپێکی هەڵبژاردەی نێو سوپای بابانەکانی نووسیوە کە تایبەتن بە دەرباری (ئەحمەد پاشای بابان)، وادیتە پێشچاو کە شاعیر وەسفی ئەو گرووپە دەکات و بە جوانی وڕێکپۆشی و ئازایەتیاندا هەڵدەدات، بەڵام بەبڕوای ئێمە ( نالی) لەنێو ئەم دەقەدا هەندێک بۆشایی وای جێهێشتووە کەبەرەو ئەوەمان دەبات بیر لە جۆرێک لەرەخنەگرتنی ڕۆشنبیرێکی وەک (نالی) بکەینەوە کە لەسەردەمی خۆیدا و زیاتر وەک ڕەقیبێک بەسەر دەسەڵاتی بابانەکانەوە دەردەکەوێت و شاعیر لەم دەقەدا بەمشێوە دەستپێدەکات:

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسسەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن ( مودەڕیس، ١٣٨٧، ٣٤٨)

ئەم دێڕە دەستپێکی دەقەکەیە، نالی بە جۆرێک لە تەمومژەوە دەستپێکردووە، کە دەتوانرێت خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، لەلایەک وا واتای دەکرێت کە ( ئەم گرووپە کەسانێکی هەڵبژاردەو تایبەتی پاشان و زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشن و لەناو جەرگەی سوپای بابانەکاندا بوونەتە مایەی ئاشوب و هەرا نانەوە)، بەڵام بەجۆرێکی ترو واتایەکیتریش هەڵدەگرێت، ئەمەی دووەمیان بەلای ئێمەوە بەهێزترەو مەبەستی نالی تێدا ڕەنگیداوەتەوە کەبریتیە لەوەی(ئەمگرووپە

هەڵبژاردەیەی پاشا، کە بۆ پاراستنی دەرباری تایبەتی خۆی دروستیکردوون، بژاردەی سوپای بابانەکانن، بوونەتە مایەی ئاشووب لە مەملەکەتدا زیاتر بۆ بەرگریی لە خودی پاشا و لیدانی نەیارانی بەکارهێنراون، نەک بەرگریکردن لە نیشتیمان) شاعیر لە درێژەی دەقەکەیدا ئەوەندەی بە جوانی و سەرنج ڕاکێشی گرووپەکەدا هەڵدەدات- کە بەبڕوای ئێمە ئەم وەسفە بۆسوپا و جەنگاوەر وەسفێکی گونجاو نییە - ئەوەندە باس لە ئازایەتی و جوامێری ئەوان ناکات، وەک دەڵێت:

سەف سەف کە دەوەستن بەنەزەر خەتتی شوعاعن
حەلقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن
نەرگس نیگەهـ و ساق سەمەن، کورتە بەنەفشەن
موو سونبول و ڕوومەت گوڵ و هەم لالە کولاهن ( مودەڕیس، ١٣٨٧،٣٥١)

لەڕاستیدا ئەم وەسفانە زیاتر بۆ ئافرەتێک یان کوڕانێک کە نازداروجوانن دەبینین لە شیعردا، نەک بۆ جەنگاوەر و کەسانێک کە لە ڕیزی سوپادا کاربکەن، چونکە ئەو بوارە هەمیشە پێویستی بە کەسانێکی ئازا و چاو نەترسە، نەک کەسانێکی ناسک و جوان، بۆیە بەبڕوای ئێمە نالی زیاتر بەجۆرێک لە تەنز و شکاندنەوە باسیان دەکات، نەک پیاهەڵدان ئەوەی کەزیاتر ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنێت و دەتوانین وەک بەڵگەیەک لەخودی دەقەکەدا باسیبکەین ئەوەیەکە نالی لە بەیتێکی دواتریدا دەڵێت:

گەهـ تاوس وگەهـ کەپکن و گەهـ بۆقلەموونن
گەهـ ئاتەش و، گەهـ شوعلە، گەهێ دوودی سیاهن (مودەڕیس، ١٣٨٧،٣٥٢)

لەم بەیتەدا بەڕوونی هەست بە تێڕوانینی نێگەتیڤی نالی دەکەین بۆ ئەو سووپایە، کاتێک وشەکانی ( تاوس، کەپک و بۆقلەموون ) دەبینین کە لە بەیتەکەدا پێمانوایە کە نالی ئەم وشانە یان ناوی ئەم باڵندانەی هەر لەخۆوە نەهێناوە، بەڵکو بەمەبەست هەڵیبژاردوون و هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەیە. تاوس باڵندەیەکە بە جوانی بە ناوبانگە، بێجگە لە جوانی خەسڵەتێکیتری نییە لە کلتورو ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەمەش وەک پێشتر وتمان خەسڵەتێکی گونجاو نییە بۆ پیاهەڵدانی سوپاو جەنگاوەر، لێرەدا بە گونجاوی دەزانین ئەوەش بپرسین کە ئەگەر نالی مەبەستی پیاهەڵدانێکی پۆزەتیڤانەبێت، بۆ لەبری تاوس بۆنموونە باڵندەی (باز) و (هەڵۆ)یان گیاندارەکانی وەک (شێر) و (پڵنگ)ی بەکارنەهێناوە کە زیاتر سیمبولی ئازایەتی و بەهێزیین. زیاتر لەمە ناوهێنانی (کەپک) یان (کەو) کە لەکلتووری کوردیدا زیاتر هێمایە بۆ خۆخۆری و لەناوبردنی براکان، لەلایەن

شاعیرەوە ئاماژەیەکیتری ئەو تێڕوانینە شاراوەیەی نالییە کە دەیەوێت پێمان بڵێت: ئەم گرووپە دەستەبژێرەی سوپای بابانەکان هێندەی ئەرکیان لەناوبردنی براکان و دژایەتیکردنی نەیارانی ناوخۆی پاشایە، هێندە ئەرکی پیرۆزی بەرگریکردن لە میرنشینەکەیان لەئەستۆدا نییە.

سەبارەت بە وشەی ( بۆقلەموون) کە زیاتر بەوە ناسراوە باڵندەیەکە هەمیشە خۆی نمایش دەکات و زیاتر لە قەبارەی خۆی، خۆی نمایشدەکات و لەچاو باڵندەکانیتردا ئەم کەمترین هۆش و زیرەکی هەیە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت: کە نالی دەیەوێت ئەوە پیشانبدات ئەم دەستە بژێرە زیاتر وەک بۆقلەموون دەردەکەون و هەمیشە لەقەبارەی خۆیان گەورەتر خۆیان نمایشدەکەن، بەڵام هیچ لەبارانەبوون.

کاتێکیش باس لە (ئاگر، شوعلە و دوود)دەکات تێمان دەگەیەنێت ئەو دەستەبژێرە هەندێکجار وەک ئاگر وان گڕ و بڵێسەیان هەیە، هەندێکجاریش تەنها تینێکی گەرمی و جاری واش هەیە وەک دووکەڵێکی ڕەش دەردەکەون، کەسانێکن جێگەی ئومێد نین ، چونکە ئەگەر نالی مەبەستی بوایە تا ئاستێکی بڵند وەسفی بکردنایە ڕەنگە تەنها بە ناوهێنانی( ئاگر) کە خەسڵەتێکی سووتێنەری هەیە، ئاماژەی بەهێزی سوپاکەی بگەیەندایە لە دەقەکەدا، بەڵام بەبڕوای ئێمە هێنانی وشەکانی(شوعلە و دوود) کە لە ڕووی پلەبەندییەوە هەریەکەیان تین و گەرمی لە ئاگر کەمترە، شوعلە لە ئاتەش کەمتر و دوود لە شوعلە کەمتر، ئەمەش واتای ناجێگیری هەیبەت و بەهێزی ئەو سوپایە دەگەیەنێت و کاتێکیش پەیوەستی دەکەینەوە بە نیوەدێری پێشخۆی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەبەستی نالی ئەوەیە کە ئەم دەستەبژێرەی سوپای بابانیەکان، بەرامبەر بە براکان و هەر کەسێکی نەیاری پاشا لە ناوخۆی میرنشینەکەدا وەک ئاگر سووتێنەرن و لەناوی دەبەن، بەڵام بەرامبەر بە هێزی دەرەکی وەک شوعلەیەک یان تەنها وەک دووکەڵێکی ڕەشن و تەنها ڕەنگیان هەیە و ڕەشییەکەیان دەبینرێت، نەک ئازایەتی و بەهێزییان (ئەمین،٢٠١٦).

کەواتە دەتوانین بڵێین: نالی لەم دەقەدا کۆمەڵێک بۆشایی بەجێهێشتووە، پێویستە خوێنەر بە وریاییەوە دەقەکە بخوێنێتەوەو لەئەنجامی پڕکردنەوەی بۆشاییەکاندا و ئاڕاستەی دەقەکە لە پیاهەڵدانەوە دەگۆڕێت بۆ ڕەخنەگرتن، ئەم ڕەخنەگرتنەش لەسەرەتای دەقەکەدا زۆر ڕوون نییە، بۆیە ڕوانگەی خوێنەر بەردەوام لە گۆڕاندایە و پرسیارەکانی کە ئاڕاستەی دەقەکەی دەکات و لە بۆشاییەکاندا وەڵامەکەی دەستدەکەوێت وادەکات لەکۆتاییدا واتایەکی جیاواز لە خوێندنەوەکانی پێشووی ئەم دەقە بەدەستبکەوێت.

٢-دیلان :

(دیلان)ی شاعیریش لەدەقی(ڕەز)دا هەر لە ناونیشانەکەوە خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ کۆمەڵێک بیرکردنەوەی گریمانەیی لەبارەی دەقەکەوە، لەبیری خوێنەردا ئەوە دروستدەبێت کە ڕەنگە شاعیر باس لە ڕەز و باخ و باخاتی ترێ بکات، یان دەقەکەی بەئاراستەی باسکردنی سروشتدا ببات، بەڵام کاتێک خوێنەر لەگەڵ دەستپێکی دەقەکەدا بەریەک دەکەوێت، ئەوەی لادروستدەبێت ئەو تێڕوانینەی کەهەیبوو وادەرنەچوو، بەڵکو شاعیر مەبەستێکیتری هەیە لە دەقەکەداو دەیەوێت لەڕێگەی وەرگرتنی (ڕەز) وەک سیمبولێکی ئاوەدانی لە کوردستان، باس لە سووتان و وێرانکردنی خاکی کوردستان بکاتو ئەمەشی لەڕێگەی دیالۆگێکی ناڕاستەوخۆوە لەگەڵ(خەیام)دا دەربڕیوە، ئاستی ئەو زوڵم و ستەمەی پیشانداوە کە لە کورد و لەکوردستان کراوە، بەمەش ڕوانگەی خوێنەر بەردەوام لە گۆڕان و دروستبوونەوەی نوێدا دەبێت، شاعیر ڕوو لە خەیام دەکات و بەسەرسوڕمانەوە لەڕێگەی دیالۆگێکەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیدوێنێت ،وەک دەڵێت:

ئای کێ بێ بانگ و هاوار و پەیام
بگەیەنێتە گوێ گۆڕی خەیام
بڵێ .. هەی سەرشێت کوشتەی گڕی تەڕ
گەر تێتا ماوە یەکتۆز نرخ وفەڕ
تۆ .. لەسەر باکەی شوشەکەی شکان
لەگەڵ خودا دا کردت بە زۆران
هەڵسە بەرەو ئەم ناوە هەڵتوتێ
نەک شووشەشکا وا ڕەز ئەسوتێ (دیلان،١٩٦٩، ٥٧)

ئەگەر تۆ، واتە مەبەست لە ( خەیام)ە لەسەر ئەوەی بایەک هات و شوشەی شەرابەکەی شکاندیت و شەرابەکەت ڕژا، بێزاریی خۆت پیشاندا و ڕوو لە خودا گلەیی خۆتت کرد (هەرچەندە ئەم واتابەخشینە بە دەقەکەی خەیام زیاتر لەواتا ڕووکەشیەکەیەوە وەرگیراوە، ئەگینا دەتوانرێت قوڵتر لەوە لەواتای چوارینەکەی بڕوانرێت و لێکبدرێتەوە) ئەمە لە کاتێکدا دەتوانرێت قەرەبوو بکرێتەوە و جامێکیتر لەشوێنی دابنرێت، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا ڕەز کە سەرچاوە و دایکی خودی شەرابەکەیە ( مەبەست لە ترێ)کەیە، چۆن قەرەبوو بکرێتەوە، ئێمە چۆن گازندەی خۆمان بکەین.

ئەوەی کەپێویستە لەم دەقەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە شاعیر بەهۆی ئەو بیرە قوڵەی وەک (دلشاد عەلی) لە کتێبەکەیدا(دیلان شاعیرو ئازادیخواز)(عەلی،٣٥،١٩٨١) باسیدەکات، کەدەربیبڕیوە، لەلایەک بۆشاییەکی وای بۆ خوێنەر بەجێهێشتووە کە ئەگەر زۆر ورد نەبێت ناتوانێت لەواتای تەواوی دەقەکە بگات، ئەوەش لەو نابەرامبەرییە یەکجار زۆرەیە کە هەیە لە نێوان وێنەکاندا خۆی

دەبینێتەوە،  لەلایەک خاک، ڕەز و باخ لەلایەن مرۆڤەوە دەسوتێنرێت، واتە مرۆڤ سەرچاوەی کاولکاری کوردستانە، لەلایەکی ترەوە سەرچاوەی شکان و ڕژانی شوشەیەک شەراب سروشتە، نەک مرۆڤ، کە ڕەنگە جیاوازییەکی زۆر هەبێت لەنێوان ئەم دوو فاکتەرەدا. ئەوەی کەمرۆڤ بەسەر مرۆڤیدا دێنێت زۆر بە ئازارترە وەک لەوەی کە سروشت بەسەریدا دێنێت  ئەمە لەلایەک، لەلایەکیترەوە وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ڕەز کە ترێی لێ بەرهەمدێت و ترێش سەرچاوەی دروستکردنی شەرابە، بەشێوەیەکی شاراوە و پەنهان ئامادەیی هەیە و شاعیر لەناو دیالۆگەکەیدا لەگەڵ(خەیام) ئامادەی دەکات، کەوتۆتە بەر شاڵاوی سووتاندن .  لەلایەکی تریشەوە دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین کە لەم دەقدا دیلان زۆر بە وریایانە توانیوێتی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر تێپەڕێنێت، چونکە وەک پێشتر ئاماژمان پێدا خوێنەر چاوەڕێی ئەوە نییە دوای خوێندنەوەی ناونیشانەکە، دەقەکە بەرەو دەقێکی نەتەوەیی یان نیشتیمانی بڕوات، چونکە ناونیشانەکە ئەوە لەخۆ ناگرێت، بەڵام ئەوە لێهاتوویی شاعیرە لە هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە بۆ دەقەکە و دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا نیشاندەدات.

٣- سوارەی ئیلخانی زادە:

سوارەی ئیلخانیزادە کە بەیەکێک لە شاعیرە تازەگەرییەکانی ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنرێت، شێوازی نووسینی شیعرەکانی شێوازێکی تایبەت بووە، ئەو هەروەک چۆن (حوسێن غازی کاک ئەمین گەلاڵەیی) لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی ( ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشووری کوردستان، ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩١) دا دەربارەی زمانی شیعریی شاعیرانی ساڵانی هەشتاکان دەڵێت: (( خاوەن زمانی تایبەتی خۆیانبوون و ڕیزکردنی وشە گرنگیەکی وەهای نەبوو، لەلای ئەوان دەبوایە شیعر واتای ڕاستەوخۆ نەدا بەدەستەوە، بەڵکو خوێنەر هەوڵبدات بەدوای نهێنیەکانیدا بگەڕێت، هیچ نەبێت دەبێت خاوەن پاشخانێکی ڕۆشنبیری باش بێت، تاکو لە خوێندنەوەی شیعرەکانیان بگات ))( گەلالەیی،٢٠١٠، ٢٣ ) شێوازی نووسینی دەقەکانی (سوارە)ش بەهەمان شێوە شێوازێکی ئاسان نییەو ڕاستەوخۆ واتا نادات بەدەستەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو بۆشاییانەی کە لەنێو دەقەکانیدا بەجێی هێشتوون کە زیاتر لە ڕێگەی ڕەمزەوە بەرجەستەی کردوون، خوێنەر ناچاردەکات بۆ گەیشتنە واتای دەقەکە ماندووبێت و لەڕێگەی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و گۆڕانی بەردەوامی ڕوانگەکەی لە نێو دەقەکەدا، واتای دەقەکەی چنگ بکەوێت، بێگومان ئەمەش کاری خوێنەرێکی ئاسایی نییە، بەڵکو پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی فراوان هەیە، ڕەنگە ئەم شێوازی نووسینەش، سەرچاوەکەی دووهۆکاری بابەتی و خودی بوو بێت، هۆکارە بابەتییەکە لەسانسۆری بەهێزی دەسەڵاتدا خۆی دەبینێتەوە، شاعیریش بۆ دەربازبوون لەو

سانسۆره پەنای بۆ زمانێکی نووسینی زۆر ئاڵۆز بردووه کە واتای دەقەکان چەند جۆرێک لە لێکدانەوەو شیکردنەوە هەڵبگرێت، هەرچی هۆکارە خودییەکەشە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە شاعیر مەبەستی بووە توانای شاعیرێتی خۆی دەربخات و بتوانێت ئەوانیتر تێپەڕێنێت، یان لانیکەم لەوانیتر نەچێت.

کاتێک دەقی شیعری (خەوەبەردینە)ی سوارە دەخوێنینەوە، خۆمان لەبەردەم دەقێکی ئاڵۆز و گراندا دەبینینەوە، لەڕاستیدا شاعیر لەم دەقەدا توانایەکی زۆری بەکارهێناوە، بۆتێگەیشتن و شیکردنەوەی پێویستە لەسەر بەشێکی زۆری کۆپلە شیعرییەکان بوەستین کۆد و ڕەمزەکانی شیبکەینەوە، تاوەکو بەباشی بگەینە ئەو مەبەستەی کە ئەم دەقەمان بۆ هەڵبژاردووە، چونکە سەراپای دەقەکە بەزمانێکی هێماگەریانە نووسراوە و پێویستی بە وردبوونەوەی زۆرە تاکو بگەینە واتا شاراوەکان.

لەم دەقەدا سوارە باس لە قەتیس بوونی ئاو دەکات کە لە دەروونی کێودا زیندانەو هەموو هەوڵێکی بۆ دەربازبوونە لەو کێوە بەردینە، دیارە ئاو نەوەستاوە، بزاوتنی هەیە و دەیەوێت بڕوات خۆی نادات بە دەست زیندانی کێوەوە، لەبەرامبەردا کێویش کە پێکهاتووی بەردینی هەیەو ڕەقەو وەستاوە، بەئاسانی ڕێگە بە ڕۆیشتنی ئاو نادات، بۆیە ململانێی نێوان ئاو بەرد دەستپێدەکات لە دەقەکەدا، سەرەتا ئەو ڕێگری و زیندانییەی کە لەلایەن کێوەوە هەیە بەوە پیشاندەدات، وەک کەوێکی پێشتر ئازادی نێو بناری کێوان کە ئێستا لە زیندانی داریندایە، وەک دەزانرێت قەفەسی کەو لەدار دروستدەکرێت، ئەم بارە کەوە بەستەی سەوزی ئازادی دەڵێت: بۆ ئەو ڕۆژانەی کە ئازادبووە لە بناری چیاو کەژەکان:

لەچەشنی گەرووی کەو
کەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری
پڕی سەوزە بەستەی خرۆشانی باری
تەرەی باوەشی تاسەباری بناری (ئیلخانی،٢٠١٤، ٥٥٩)

ئەوەی لەم کۆپلەیەدا پێویستە باسبکرێت ئەو قەتیسبوونی ئاوەیە کە لای شاعیر دەنگ و هەوڵی دەستپێکردنی ئازادی و شۆڕشە، بەڵام زیندانیکراوەو لەهەوڵی خۆڕزگارکردندایە، کەواتە لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە شاعیر لەڕێگەی هێنانی وێنەی ئاوێکی قەتیس بوو یان زیندانیکراو لە ناو هەناوی کێوێکدا دەیەوێت باس لە شۆڕش و خەبات بکات، دواتر لە کۆپلەکانی تریشدا زیاتر ڕووندەبێتەوە.

یان وەکو بووکێکی ناسک و جوان کەوەک بەفر لەشەرمدا بتوێنەوە لەبەردەم تێڕوانینی بەتاوی زاوای وەک تینی گەرمی بەهار، سوورهەڵگەڕانی ڕوومەتی بوکەکە لە خوێن تێزانیدا لەشەرمان دیسان پەیوەستدەکاتەوە بە بزاوتنی ئاوەکەوە لە نێو کێوەکەدا:

شەپۆلی لە گوێن خوێنی شەرمی کچانە
لەسەر ڕوومەتی بووکی ڕەزاسووک
بە تینی بتاوێنی ڕوانینی زاوا
گەرمتر لەپرشنگی تاوی بەهاری! (ئیلخانی ، ٢٠١٤، ٥٥٩ )

تادەگاتە ئەوەی باس لە وەدەکات وەکچۆن دەستێک کە لە سینگ و مەمکی یار دوور دەکەوێتەوە چۆن هەڵپەدەکات و خۆیدەکوتێت، تاوەکو جارێکیتر بگاتەوە نێو سینگ و بەرۆکی مەحبووبەکەی، ئاواش ئەو ئاوەی کە لەنێو دەروونی کێوەکەدا پەنگی خواردۆتەوە خۆیدەکوتێ و سەر ئەسوێ لەو گاشەبەردانە بەچەشنی (ماسی قەشە ) بۆ خۆدەربازکردن لەو زیندانە:

وەکوو گەرمە یاوی قەشەی دەستی تاراو
لەو بژوێنی دەریای بلوورینی بەروێ
بەخوڕ، خۆ بە دیواری کێوا ئەدا ئاو،
لەگەڵ گاشە بەردا سەر ئەسوێ، سەر ئەسوێ! (ئیلخانی ، ٢٠١٤، ٥٥٩ )

ئاو دەبزوێت و خۆی ناگرێت لە شوێنێکدا، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە خوێنەر پێویستە بە ورییایەوە بیخوێنێتەوە، تاکو لە واتا شاراوەکانی نێو دەقەکە بگات، لە ڕێگەی کۆدەکانی خودی دەقەکەوە، بزاوتنی ئاو و لەگەڵ بزاوتنی خەبات و شۆڕشدا لێکدەچن، ئاو لەهەر کون و کەلەبەرێکدابێت، ڕێگە بۆ خۆی دەکاتەوەو خۆی دەربازدەکات، مرۆڤیش هەرچۆنێکبێت و لەژێر هەر ئاستێک لە زوڵم و ستەمدا بێت، هەر دەرچەیەک بۆ ڕزگاری و ئازادی خۆی دەبینێتەوە. تادەگاتە ئەوەی کە بڵێت: وەک ئەوەی کە ئاوی قەتیس ماو لە ناخی کێودا چەندە بەهەڵپەیە و سەرئەسوێ بۆ دەربازبوون و هاتنەدەرێ، ئەوەندەش لەدەرەوە چاوەڕێی هاتن و دەرکەوتنی ئاوەکەن، لەچاوەڕوانی هاتنی ئاوەکەدا چاوەڕێکەران چاویان سپی سپی بووە بە فانۆس و ڕووناکی ئەستێرەو مانگەشەوەوە وەستاون و چاوەڕێی دەرکەوتنی ئاوەکەن:

کچی نوور، قەتیسی دەسی دێوی کێوە
لە ئەنگوستەچاوی دڵی خێوی کێوا

بەرەو دەر، بەرەو شاری دەریا بەڕێوە
گەرووی وشک و چاوی سپی چاوەکانی
دەروونی ڕوونی ئاوە
بەفانۆسی ئەستێرە بەرچاوی ڕوونە
لەبەر پێی حەریری کەوەی سێوەرە
بە پۆی مانگەشەو چندراوە! (ئیلخانی، ٢٠١، ٥٥٩)

ئەو شۆڕشگێرانەی کە چەندە بەهیوای ئەوەن هەلێک بدۆزنەوە تاکو خۆیان بەیانبکەن و بەخەڵکی ئاشنابن و ڕێگا دوورودرێژەکەی ئازادی دەستپێبکەن، هێندەش بەرامبەرەکەشیان کە خەڵکییە، لەچاوەڕوانیدان و ساتبەسات و بە ئومێدەوە چاوەڕێی ئەو ساتەدەکەن، باسکردن لە ئەستێرەو ڕووناکی مانگ، ئاماژەیەکی ڕوونی بەئومێدەوە چاوەڕوانی خەڵکییە لەدەرەوەی زیندانەکەدا.

پاشان لەم شیعرەدا زۆر بەوردی باس لە دیمەنی بەدەرکەوتنی ئاوەکەو بوژاندنەوەی ئەو دارودرەخت و سەوزاییانە دەکات کە لە ڕێگەیدان و ژیانیان دەکاتەوە بەبەردا، تادەگاتەوە ئەوەی بیرێکی قووڵ دەخاتە نێو دەقەکەیەوە، ئەو پرسیارە دەوروژێنێت کە ئاو هەروا لەخۆیەوە ناڕوا، بەڵکو مەبەستێکی هەیە لەو ڕۆیشتنەدا و بەدوای ئامانج و نیازەکانیدا وێڵە، ڕێدەکات تا بگاتە دەریا لەم ڕێگایەدا کۆسپی زۆری دێتە ڕێ، لاڕێ دەگرێت، ڕۆیشتنەکەی هەندێکجار خاو دەبێتەوە و هەندێکجاریش خێرا، دەیەوێت بگاتە دەریا، ئاماژەیە بۆ بزوتنەوەی شۆرشگێڕی کرێکاران و زەحمەتکێشانی جیهان، دەریا چییە؟ ئەو ئامانجەیە کە ئاو مەبەستێتی پێیبگات، بەهیوایەوە دەڕوات و پێیوایە ئیترخێر و خۆشی لەڕێیەتی.

ئەڵێی تاجی زمرووتی لەسەرناوە دەریا،
هەتا چاو هەتەرکا، شەپۆلە، شەپۆلە
لەبوونا، لەچوونا،
بەئاهەنگ سەربەندی بزوێنی خۆشی
لەبەر خۆرەتاوا ئەڵێی سینگی ژینە ئەهاژێ
ئەڵێی هانی هەستانە، دەنگی خرۆشی،
((سروودی خوناوەی بەهارە لە گوێما
لەهەر شیوە جۆبارێ، هەردەشتە چۆمێ
لەدڵمایە بڕوای بەرینی بە دەریا گەیشتن

له تاریکە تاراوگەکەمدا
بەسەرچوو زەمانی تەریکیم
ئیتر خێروخۆشی لە ڕێما )) (ئیلخانی ، ٢٠١٤، ٥٦١ )

کە شۆڕش و خەبات دەستپێکرد بێگومان ئامانجی دیاریکراوی خۆی هەیەوە هەوڵی بەدیهاتن و پێگەیشتنی دەدات، ئاوەکە ئامانجێتی بگاتە دەریا، دەریا فراوانە، زۆر گەورەترە لە کانییەک یان ڕووبارێک، خەباتی نەتەوەیەک بەشێکە لە خەباتێکی گەورەی جیهانی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، ئەو دەریایە ئاستە گەورەکەی خەباتی ڕزگارییە، کانی و ڕووبارەکان بەشێکن لەو خەباتەو پێکەوە کە کۆدەبنەوە و یەکدەگرن دەریای خەباتی فراوانی نێونەتەوەیی پێکدەهێنن. بێگومان دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوەبدەین شاعیر هەڵگری بیروباوەڕێکی چەپگەراییە و ئەو پێیوابووە لەرێگەی یەکگرتنی خەباتی نەتەوە جیاوازەکانەوە ئازادی سەراپاگیری جیهانی بەدیدێت، دیارە ئەم بیرکردنەوەیەش ڕەنگە پرسیاری زۆر هەڵبگرێت، بەڵام ئێمە تەنها لەگەڵ خودی دەقەکە وەک بابەتێکی ئەدەبی مامەڵە دەکەین و ناچینە بواری گفتوگۆکردنی ئایدۆلۆجییەوە.

لەمرێگایەدا هەندێکجار بەردەوامی و کۆڵنەدان و هەندێکجاریش خۆبەدەستەوەدان ڕوودەدات، وەکو ڕێبوارێک کە زۆر ماندوو دەبێت وەنەوز دەیباتەوەو خەوی لێدەکەوێت و ناگاتە جێ. ئەمە یاسای دیالێکتیکی شۆڕشە،خەبات، شکست و دیسان هەستانەوەو دیسان شکست هەتا دەگاتە سەرکەوتن:

وەهایە کە کانی هیوا
بەهارانە لووزەو ئەبەستن بەرەو شاری دەریا
بەڵام داخی جەرگم لەگەڵ هەربەهارێ
کە ڕائەچڵەکن سەوزەڵانی لە خاکینە خەونی گرانا،
لەدڵما خەم و داخی ئەم دەردە سەوزە،
کە دەردی گرانی هەموو ڕێبوارێ، وەنەوزە! (ئیلخانی،٢٠١٤، ٥٦١ )

مەرج نییە هەمووکاتێک دەستپێکەرانی خەبات و شۆڕش تاسەر بەردەوامبن، بەڵکو هەندێکیان کۆڵدەدەن و لەو ڕێگا سەختەی خەباتدا ماندوو دەبن و وەنەوز دەیانباتەوەو خەویان لێدەکەوێت، بەواتای ئەوەی کۆڵدەدەن و بەردەوام نابن.

دواتر ئەو کوێرە کانیانەی کە ڕانەهاتوون بە تیشکی ڕووناکی و بە بەرکەوتنیان بەو ڕووناکییە تووشی شەوارەدەبن و هەندێک ئاوی (زنە)ش هەن کە لەپڕ هەڵدەقوڵێن و بەهاوارن، بەڵام بۆماوەیەکی کەمن و دواتر ئاویان نامێنێت و وشک دەکەن:

لەبەر نووری خۆرا
گەلێ کوێرە کانی شەوارەن
زنەی دەم بە هاواری درۆزن، هەزارن
کە تەسلیمی سێحر و تەلیسمی بنارن،
بەبێ هەوڵی هەڵدان و چارانی چارن
بەهیوان بگرمێنێ هەوری بەهاری،
ڕەهابن لە زیندانی بەردینی غارا!!
کەچی، وا کەوی و دەستەمۆس دەسەڵاتی ڕکەی دۆڵ و شیون
لەبەر سامی ڕێ، وابەزیو و تەزیون
لەگەڵ گۆچی کردن گزنگی هەتاوێ
چەواشەن لە پێچی نزارا (ئیلخانی، ٢٠١٤، ٥٦٢ )

کوێرە کانییەکانیش کە بە ڕووناکی ڕانەهاتوون تووشی شەوارەدەبن وەک کەسانێک یان وەک باڵندەیەک وان، کە لە تاریکییەوە دێتە ڕووناکی شەوارەدەبێت، کەسانێکیش وەک(زنە)ن کە خاوەنی ئاوەدرۆزنەیەو تەنها هاوارو دەنگی هەیەو هیچی لەباردانیەو زووکپ دەبێتەوە کاروانی خەبات خاڵی نییە لەم کەسانە، بناری شاخ و کێوی تۆقێنەر هێندە ترساندوونی و زاڵبووە بەسەریاندا خۆیان داوە بەدەستەوەو ناوێرن لە تاریکایی و زیندانی کێوەکەدا بێنەدەرەوە، لەدەستەوەستانی خۆیاندا تەنها بەتەمای گرماندنی هەوری بەهارن تاوەکو کانییەکە بتەقێتەوە، واتە چەخماخەی شۆڕش لێبدات و ئەوانیش ڕزگاریان ببێت.

دوای باسکردنی ڕێگا سەختەکانی خەبات و هەوراز و لێژی ڕێگای بەدیهاتنی ئازادی، دەگاتە ئەوەی بڵێت:

لەناو ئەو هەموو ئاوە، هەر چاوەیەک
باوی هەنگاوی خۆشە
بەتەنیا ئەوە شارەزای کۆسپ و کەندالی ڕێیە
هەوەڵ مەنزڵی زێیە، ئاواتی بەرزی زرێیە

ئەزانی لە هەڵدێرە هاتی بەهێزی
لە ئەسکوند و چالایە هەڵدان و گێژی
پەڕۆی شینی سەرشانی دەریایە ژینی کەرێزی!
ئەزانی لە پێ ناکەوێ پێیە پێڵاوی تاسەی پیاسەی لە پێ بێ!
نە، وەستان ئەوەستێ بەدەستێ
کە خاراوی ئێش و سواوی سوێ بێ!
لەهەر شوێنێ ڕاماوە، داماوە، کاری تەواوە!
ئەزانێ ئەبێ هەربژێ و باژوێ، تابژی، تا بمێنێ!
هەناوی بە هەنگاوە، نەسرەوتنە، کولەی ڕۆحی ئاوە! (ئیلخانی، ٢٠١٤، ٥٦٤ )

شاعیر باوەڕی بە ڕزگاری نەتەوەیی هەیەو ئەو جۆگانە دەبێت هەموویان کۆببنەوەو (زێ) یەک دروستبکەن، مەبەست لەو (زێ)یەش نەتەوەکانە و پێیوایە دەبێت سەرەتا هەموو نەتەوەکان سەربەخۆی خۆیان بەدەستبێنن ئەوسا(زێ)کان دەتوانن بەرەو دەریا بڕۆن، واتە نەتەوەکان دوای سەربەخۆی خۆیان هەنگاو بنێن بەرەو ئازادی گەلانی جیهان، کەبە دەریا لە دەقەکەدا هاتووە.

ئێمە کە دەقەدەخوێنینەوە ڕوانگەمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، لەکاتی بەرکەوتنمان بەهەر ئاماژەو دەربڕینێکی ئاڵۆزدا بیرمان بۆ واتای قوڵ و شاراوە دەچێت، ئەمەش وامان لێدەکات کە دووبارە بە بیری خۆماندا بچینەوە سەبارەت بە واتای دەقەکە، چونکە ڕەنگە ئەوەی کە سەرەتا لامان دروستبووە، ئەوەنەبێت کە لەدەقەکەدا بوونی هەیە، یان واتای بەدەستهاتوو لامان بگۆڕێت، هەروەها  هەست بەو بۆشاییانە دەکەین کە شاعیر جێی هێشتوون بۆ خوێنەران بەتایبەت لەو واتا شاراوانەی کە لەپشت وشەو دەربڕینەکانەوە خۆیان حەشارداوە، زمانی دەقەکە ئەوەمان پێدەڵێت: کە ئەم دەقە توانای فرەخوێندنەوەیی و فرەواتایی هەیە، چونکە زمانی زانرا و وەستاوی دەق پێویستی بە ڕاڤەکردن نییە، بۆیە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دەقەدا خوێنەر پێویستە لە بوارەکانی لێکچوونی لەگەڵ واقیع و بەدواداچوونی ڕووداوەکان و لۆجیکی ڕەمزی و مەبەستی گشتی واتا بەشداربێت لەگەڵیدا(سحلول،٢٠٠١، ٥٤)، بەوریاییەوە دەقەکە بخوێنێتەوەو پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی باش هەیە تابگاتە  ئاستی قوڵی واتای دەقەکە، ئەمەش بەواتای ئەوەدێت کەهەموو دەقێک توانای فرە واتایی نییە، ئەگینا بە پێچەوانەوە هەر لەئاستی ڕووکەشی دەقەکەدا دەمێنێتەوەو واتای تەوای دەقەکەی پێناگات.

٤-لەتیف هەڵمەت:

لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خوێنەر زۆرجار پێویستی  بە ڕۆشنبیرییەکی باش هەیە تاکو بتوانێت لەدەقەکانی بگات، ئەو بەشێوەیەک شیعرەکانی دەنووسێت کە چەندین کەلێن و بۆشایی بۆ خوێنەران جێدەهێڵێت، تاکو لەپرۆسەی خوێندنەوەو بەرهەمهێنانی واتادا پڕیانبکاتەوە، ئەگەرنا واتاکە ناتەواو دەردەچێت، بۆنمونە لەدەقی(ڕەگ و خاک) دا شاعیر بەمجۆرە دەنووسێت:

ڕەشەبایەک هەڵیکرد و خۆم حەشاردا
داربەڕوویەک پێم پێکەنی
– تۆ لەڕەشەبا ناترسی؟
+من سەد ساڵە دژی ڕەشەبا دەجەنگم
من سەد ساڵە تەوری چەپەڵی ڕەشەبا
دەمبڕێت و هەرناگاتە بنج و ڕەگم
من سەد ساڵە چۆلەکەی ئەوینی دەنگم
بەژێر تەوری ڕەشەباکاندا دەڕواو
لەخەرمانی ڕووناکیدا چینە دەکاو
تێکەڵی خورەی ئاو دەبێ و
دیسانەوە لە توێی هەورێکدا نم نم
خۆشەویستی دەداتێ ..
– پەنام نادەی تا ڕەشەبا تێدەپەڕێ
+ ئێ دە فێربە چۆن بەرگەی ڕەشەبا بگری . .
– تۆ فێرم کەو دەرزی عەشقم پێ ڕەوان کە
+ لە قوڵایی ئەم خاکەدا ڕەگ داکوتەو
. . بژی بژی
کە ڕەشەباش تەوری لە گەردنت سویی
ببە بە هەورێ سوور و
دەس لەملی دار و بەردی کوردستان کە  ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ٩٦)

لەم دەقەدا شاعیر لەڕێگەی دیالۆگێکەوە لەگەڵ داربەڕوودا، زۆر بە وردی و وریایانە لەڕێگەی هێما و نیشانەکانەوە توانیویتی جێگەی سروشت بە بوونەوەرە جیاوازەکانەوە لەم دەقەدا بکاتەوە، زیندوو نا زیندوو، جوڵاو و وەستاو. مرۆڤ کە خودی خۆی نوێنەرایەتی دەکات و پاشان

سروشتی جوڵاو لەنمونەی ڕەشەبا، هەور و خوڕەی ئاو، وەک (زاهیر و نیان) لە کتێبی (تێپەڕاندنە تازەگەرییەکان، لەتیف هەڵمەت بە نمونە ) دا باسیان کردووە، دوالیزمی دەسەڵاتێکی نێگەتیڤی کە خۆی لە ڕەشەبادا دەبینێت و نوێنەرایەتی دەسەڵاتی تۆقێنەر و ستەمکار دەکات، لەبەرامبەردا دەسەڵاتێکی پۆزەتیڤی وەک ئاو،ڕووناکی و هەور دەبینین، کە پێچەوانەی ڕەشەبای تۆقێنەر کاردەکەنو ڕۆڵی خۆراگری و بەرگری پێداون (کەریم و مەستی،٢٠١٨،٢٤)، ئەو هێمایانەی شاعیر لە دەقەکەیدا بەکاریهێناون وەک ئاماژەیەکە بۆ خۆڕاگری و خۆبەدەستەوەنەدانی کورد بە داگیرکەران، شاعیر لە ڕێگەی داربەڕووەوە باس لە سەد ساڵ خۆڕاگری دەکات بەرامبەر بە ڕەشەبا، ئەو ڕەشەبا یە چییە کە سەد ساڵە هەوڵی لەناخەوە دەرهێنانی ئەم داربەڕووەوە دەدات؟ بۆ لە ناو هەموو درەختەکاندا تەنها داربەڕوو؟ چونکە ئەم درەختە وەک سیمبولێکی کوردستان زۆرجار لە دەقە ئەدەبییەکاندا هاتووەو درەختێکی خۆڕسکی خاکی کوردستانە، وەک تایبەتێتی و هێمایی دارخورما بۆ خاکی عەرەب، دواتر زەمەنی ئەو زوڵم و ستەمە کە خۆی لە ڕۆژگارێکی سەد ساڵەدا دەبینێتەوە، لێرەدا دەپرسین بۆ سەد ساڵ؟ بۆ پەنجا ساڵ یان بۆ هەشتا ساڵ نییە؟ ئەو سەد ساڵە پێمان دەڵێت: کە مەبەست لە پەیماننانمەی سایکس بیکۆ یان لۆزانە کە بەنزیکەیی مێژووەکەی بۆ سەدساڵێک بەر لە نووسینی دەقەکە دەگەڕێتەوە کە خاکی کوردستانی تێدا دابەشکرا. کەواتە ئەوەی دەیبینین شاعیر باس لە خۆڕاگری داربەڕوو دەکات لە ماوەی نزیکەی سەد ساڵدا بەرامبەر بە ڕەشەبا، بێگومان ئەویش بە هاوکاری ڕەگەزە سروشتییەکانی وەک: هەورێکی تورە، خوڕەی ئاو و ڕووناکی خۆر، کە ئێمە پێمانوایە ئەمانیش بۆخۆیان واتایەکی تریان هەیەو شاعیر بەمەست هەڵیبژاردوون، ئاو واتای ئاوەدانی ژیان دەگەیەنێت واتە میللەتێک بەردەوام بەدوای ژیاندا دەگەڕێت و دەستبەرداری نابێت، بەڵام چ ژیانێک بێگومان ژیانێکی ئازاد، کە خۆی لە تیشکی ڕووناکیدا بەرجەستەدەکات، ئەمەش پێویستی بە خەبات و شۆڕشە کە هەوری تووڕە نوێنەرایەتی دەکات لەم دەقەدا، ئەوەی کە بەلای ئێمەوە جێگەی سەرنجەو شاعیر زیاتر جەختی لێکردۆتەوە، بەڵام لەپرۆسەی خوێندنەوەدا بەدیدێت، ئەوەیەکە پەیامی پشتبەخۆبەستن پەیامێکی دیاری نێو دەقەکەیە:

+ ئێ دە فێربە چۆن بەرگەی ڕەشەبا بگری

ئەمە گوتاری سەرەکی دەقەکەیە لەپاڵ ئەو گێرانەوە مێژووییەی لەسەرەتای دەقەوە و لە ڕێگەی ڕەگەزەکانی سروشت و خودی شاعیروە دەستپێدەکات. لەدوای ئەم دێرەوە دەبینین گوتاری دەقەکە دەگۆڕێت بۆ هاندان و فێربوونی خۆڕاگری و پشتبەخۆبەستن، ئەم تێڕوانینە زیاتر ئەو بۆچوونە باوەی کە لە شۆڕشی کورد دا چەندبارە دەکرایەوە (تەنها شاخەکانمان پشت و پەنامانن)

بەجۆرێک لە جۆرەکان ئامادەیی هەیە لەم دەقەدا و شاعریش بەو بڕوایەوە دەنووسێت کە ئێمەی کورد بێجگە لە خۆمان کەسیتر بەکەڵکمان نایەت.

٥-شێرکۆ بێکەس:

(شێرکۆ بێکەس) یش لە شیعری (داربەڕوو) دا، داربەڕووی وەک هێمایەک بۆ کوردستان و خەباتی کورد بەکارهێناوەو ئەو لەمدەقەدا و لەسەرەتادا وەک ئاماژەیەک بۆ خۆڕاگری و ڕەسەنی کوردو خەباتی لەپێناو مانەوەی خۆیدا و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان لەڕێگەی داربەڕوویەکەوە گوتاری دەقەکەیمان بۆ دەخاتە ڕوو:

داری بەڕوو
پێیان ئەوت، داری ژیان
داری زیندوو.
ئەوەندە بڕوای بە خۆی بوو
ئەوەندە ...هێزی تیا هەبوو
بەگژ دەریای ساما ئەچوو
بەگژ ..ڕەشەبادا.. ئەچوو
هێندە گەڵاو لقی پڕبوو
سێبەری بۆ خۆر کردبوو
ئەو سەردەمە داری بەڕوو
لەژێرەوە ڕەگی قوڵی
لەسەر پشتی (گاو ماسی)ەکە
داکووتی بوو
لە پۆپەوە لقی بەرزی
تا ( حەوت تەبەقە) هەڵچوو بوو
لەو کاتەدا داری بەڕوو بەو جۆرەبوو( بێکەس، ٢٠٠٦، ٢٢٩)

وەک پێشتر و لە لێکدانەوەی دەقەکەی (لەتیف هەڵمەت) دا ئاماژەمان پێدا، (شێرکۆ بێکەس)یش ڕەگەزەجوڵاوەکانی نێو سروشتی وەک(ڕەشەبا و دەریا) بەکارهێناوە، کە ئاماژەن بۆ زوڵم و

ستەم، لەبەرامبەریشدا ڕەگداکوتاویی و ڕەسەنی کوردی لەم خاکەدا کە پێی دەوترێت کوردستان و ئاوێتەکردووە بە ئەفسانەی( گا و ماسی) ئەو ئەفسانەیەی باس لەوە دەکات کە زەوی لەسەر پشتی (گایەکەو ئەویش لەسەر پشتی ماسی) یەکە، زیاتریش لەوە بالآی بڵندی داربەڕوو تا حەوت چینیی ئاسمان و تێکەڵکردنی ئەم تێزە ئاینییە لەلایەن شاعیرەوە بەوەی کە لەدەقەکانی قورئانی پیرۆزدا هاتووە ئاسمان لە حەوت چین پێکدێت و یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمە دەیبینین و نزیکترینە لێمانەوە و لەسەرووی ئەوەوە شەش چینیتر بوونی هەیە، شاعیر لە سەر زەوی و لەئاسمان بەدوای ڕەسەنی کوردو خاکی کوردستانەوەیە، دەیەوێت پەیامی ئەوەبگەیەنێتە هەموو بیروباوەڕە جیاوازەکان بەئاینی و نا ئاینییەوە، کە کورد نەتەوەیەکی ڕەگ داکوتاوی نێو مێژووە، کورد جیا لەزۆرێک لە نەتەوەکانیتری ئەم ناوچەیە هەرلەم خاکەدا ژیاوە، لەناوچەیەکیترەوە کۆچی نەکردووە بۆ ئێرە. هەروەها بەبڕوای ئێمە شاعیر لەڕێگەی ناوهێنانی ئەو ئەفسانەیەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ قوڵایی مێژوو، بۆ سەردەمی شکۆی دەسەلآتی کوردی، بۆ سەردەمی حوکمی مادەکان، کە خاوەنی ئیمبراتۆریەت و دەسەلآتێکی بەهێزبوون لەقۆناغێکی کۆنی مێژوویدا.

دواتر بەهۆی دەسەلآتی داگیرکەران و خیانەت و دووبەرەکی ناوخۆیی، کە لەبەشێکیتری دەقەکەدا و لەڕێگەی ئاماژەکانی نێو دەقەکەوە ئەومان دەخاتە بەردەست کە چۆن داربەڕووی هێمای کوردستان ڕزیوەو بەرەو شکان ڕۆیشتووە، وەک ئاماژەیەک بۆ نوشستی خەباتی کورد و داگیرکردنی کوردستان لە لایەک بەهۆی داگیرکاری دوژمنان و لەلایەکیتریشەوە بەهۆی شەڕی براکان و دووبەرەکی ناوخۆییەوە :

دارەکەمان ..داربەڕوو
پاش یەک دوو پشت
بنی ڕۆچوو
پۆپەی بەرزی، بۆ نزمی نیشت
گەلآی وەری
مەلی ژیان و ئاواتی
لەسەر تەڕی
دوژمن لق و چڵی بڕیی
لەناو خۆشیا
کرم تێیدا ..
مێرووله کەوتە خواردنی و
کون کردنیی

قەفی ئەستوور کەوتە ڕزین
بەلادا هات ..
لەسەر لاشەی پڕ لە برین
دوژمنان کەوتنە هەڵپەڕین!
بەهێز ئەبێ ..بێ هێز ..بخوات
مێژوو ئەڵێ .. ژین وا ئەڕوات ( بێکەس ، ٢٠٠٦، ٢٣٠)

٦- ئەنوەر قادر جاف :

(ئەنوەر قادر جاف) ی شاعیریش ، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خاوەن شێوازێکی نووسینی تایبەتی خۆیەتی و زمانی دەقەکانی پێویستی بە لێوردبوونەوەی زۆری خوێنەرانە تاکو بگەنە ئاستی قوڵی واتای دەقەکە، بۆنمونە لەدەقی ( تەلیسم)دا هەست بەو کەلێن و بۆشاییانەدەکەین کە شاعیر لە دەقەدا بەجێی هێشتوون و خوێنەر ناچاردەکات کە بەوردی کۆدەکانی شیعرەکە شیبکاتەوە و بەردەوام لە دۆخی تێڕاماندا دەیهێڵێتەوە کاتێک دەقەکە دەخوێنێتەوە.
شاعیر دەڵێت:

تەلیسم
وەک زرەی زەمگی زەواری،
کە ڕێی دوور و هەوراز دەبڕێ،
ئاواتییە بۆ هەواری ...
وەک سۆزەی شمشاڵی شوانێ،
نۆ پایزي، بەربەیانێ ...
دەڕژێتە دەشتی خامۆش و
بەڕێ دەکا لەنجەی جوانێ ...
ئەم دڵە کوردانەی ئێمەش،
زۆر دەمێکە کۆیلایەتی خستۆتە ژێر پێیەوەو
بانگی ئازادی زوو داوە ...
بەڵام هێشتا تەلیسمی ڕەشی خۆخۆری و
دووبەرەکی بۆ نەشکاوە ... ( محەمەد ، ٢٠٠٤، ١٢٤)

ئەم دەقە بەلای ئێمەوە و لەڕوانگەی چەمکەکانی ئایزەرەوە بەتایبەت چەمکی بۆشایی دەق، دەکرێت خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت و دەچێتە خانەی دەقێکی والآ یان کراوەوە ، بۆیە پێمانوایە کراوەیە بەڕووی خوێندنەوەی جۆراوجۆردا، هەرلەم ڕوانگەیەشەوە کاتێک خوێندنەوەی (ئاوارە فەرەیدوون قادر ) دەبینین لە تێزی دکتۆراکەیدا کە بە پێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە بۆی کردووە (قادر، ٢٠١٩، ١٤٧-١٥٤)، ئەم میتۆدەش کار لەسەر وەرگر دەکات لە پرۆسەی خوێندنەوەو هەڵوەشاندنەوەی دەقدا، پێمانوایە جیا لەو خوێندنەوەیەش دەکرێت ئێمەش خوێندنەوەیەکی ترمان بۆی هەبێت کە تا ئاستێک جیاوازە لەو خوێندنەوەیە .

بەلای ئێمەوە لە سەرەتادا زیاتر کەش و هەوایەکی ڕۆمانسیانە دەبینرێت بە دەقەکەوە، ئەمەش بەمەبەستەو لەکۆتاییدا زیاتر مەبەستی شاعیر ڕووندەبێتەوە کە بۆ وا دەستپێکردووە. زەمگی زەوار و گەیشتن هەوار لەگەڵ سۆزی شمشالی شوان، هەڵپەڕین و لەنجەی کچێکی جوان، ئەمانە کۆمەڵێک دەربڕینی ڕۆمانسیانەی جوانن لەسەرەتای دەقەکەدا هاتوون، بەڵام خودی دەقە باس لەوە ناکات، نایەوێت وەک دەقێکی ڕۆمانسی لەدایکبێت، تەنها چێژێکی کاتی بە خوێنەر ببەخشێت و تەمەنی بەسەرچێت، نەخێر، بەڵکو کاتێک دەگەینە کۆپلەی دواتر دەبینین هەرچەندە وشەی ( دڵ) هاتووە کە وەکو سەنتەری هەست و سۆز دەبینرێت لە دەقی شیعریدا،بەڵام لای شاعیر مەبەستێکی شاراوە دەبینین کاتێک لەگەڵ وشەی( کورد) دا دەیخاتە پاڵ یەک و گوزارشتی ( دڵی کوردانەی) لێ پێکدێنێت، جۆرێک لە ڕەخنەگرتن دروستدەکات لەو پرۆسە دوورو درێژ و بەردەوامەی خەباتی کوردایەتی، کە هەرچەندە جاڕی ئازادی داوە لە دڵی خۆیدا و کۆیلایەتی ڕەتکردۆتەوە، بەڵام نەیتوانیووە گرێکوێرەی دووبەرەکی و براکوژی، ئەوەی ئەو بە (تەلیسم) ناوی دەبات، بکاتەوە وەک بەمجۆرە کۆتایی بە دەقەکە دێنێت:

ئەم دڵە کوردانەی ئێمەش،
زۆر دەمێکە کۆیلایەتی خستۆتە ژێر پێیەوەو
بانگی ئازادی زوو داوە ...
بەڵام هێشتا تەلیسمی ڕەشی خۆخۆری و
دووبەرەکی بۆ نەشکاوە ... ( محەمەد ، ٢٠٠٤، ١٢٤)

لەکۆتاییدا دەڵێین: پێمانوایە شاعیر ئەو بۆشاییەی بۆ مان بەجێهێشتووە لە ڕێگەی زمان و بەشەکانی دەقەکەیەوە کە ئێمە بە هەستوسۆز خەبات و کاروانی تێکۆشانمان بەڕێدەکەین، کە لەڕاستیدا ئەم پرۆسەی خەبات و تێکۆشانە، پرۆسەیەکی ئەقڵگەراییەو بنەمای زانستی خۆی هەیە، نەک بە هەستوسۆز، هەرئەمەش ڕێگریمان لێدەکات نەتوانین بەربەستی سەرەکی بەردەم گەیشتنە

ئەنجامی خەباتی کوردایەتی تێپەڕێنین کەخۆی لە دووبەرەکی و خۆخۆریدا دەبینێتەوە، دیارە ئەگەر ئەقڵ و ئەقڵگەرایی ئامادەیی سەرەکی هەبێت لەو بوارەدا ئەوا تێپەڕاندنی ئەو بەربەستە کارێکی زۆر گران نابێت، وەکچۆن نمونە گەلێکی زۆرمان هەیە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەوەی کەوامان لێدەکات بەرەو ئەم خوێندنەوەیە بچین لە دەقەکەدا قورسایی وشەی(دڵ)ە لە دەقەکەدا، پێمانوایە شاعیر بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بۆ خستنە دۆخی بیرکردنەوەی بەردەوامی خوێنەر ئەم وشەیەی هێناوە، ئەگینا دەکرا لەبری ( دڵ ) وشەی ( بیر ) یان ( ئەقڵ) ی بەکاربهێنایە، چونکە بەڕێوەبردن و بەرپاکردنی خەبات و شۆڕش کاری ئەقڵە نەک دڵ.

## ٧-فەرەیدون عەبدول بەرزنجی:

سەبارەت بە(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی )یش، کاتێک دەقەکانی ئەم شاعیرە دەخوێنینەوە، هەست بە سادەیی نووسینی شاعیر دەکەین لە دەقەکانیدا، بەڵام ئەم شێوازە ڕێگر نییە لە فرەواتایی دەقەکانی و بگرە خوێنەر بەرەو قوڵایی دەقەکان ڕادەکێشێت و وای لێدەکات لەو دیو ئەو شێوازە ساکارەی زمانی دەقەکەوە درک بە واتایەکی قوڵ و شاراوە بکات، وەک ئەوەی کە (زاهیر لەتیف و نیان مەستی) پێیانوایە کە دەقەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) دەق گەلێکن لە دەقێکی داخراو تاک واتاوە دەڕۆن بەرەو دەقێکی کراوەی وا کە فرەخوێندنەوە هەڵدەگرن، هەردوو نووسەر پێیانوایە کە کرانەوەو داخراوی دەق پەیوەستە بە وەرگرو خوێنەرەوە(کەریم و مەستی،٢٠٢٠، ٢).

باسکردن لە چەمکی دەقی داخرا و دەقی کراوەش لێرەدا بەو مەبەستەیە کە، لەبەرئەوەی دەقی کراوە دەقێکە لەبەردەم پرۆسەی خوێندنەوەو واتادا هەمیشە کراوەیەوە وەک( ڕۆلان بارت ) باسی لێوەدەکات، ئەو دەقانە چەمکی (چەقگەرایی)ڕەتدەکەنەوە، بەپێچەوانەشەوە دەقە داخراوەکان تاکگەرایی واتا دەبێتە چەقی ناوەڕۆکیان ( بارت، ١٩٩٩، ٢٤). ئێمەش لەو ڕوانگەیەوە پێمانوایە ئەو نمونەیەی کە بۆ ئەم مەبەستە وەرمانگرتووە لە دەقەکانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، لەو جۆرانەیە کە بەدەقێکی کراوە دادەنرێت و لەدەقی کراوەشدا بێگومان واتای شاراوە بوونی هەیەوە خوێنەر ناچارە ڕۆبچێتە قوڵایی دەقەوە، تادەگاتە واتای دەق، ئەمەش لەڕێگەی شیکردنەوەی کۆدەکان و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان نێو دەقەکەوە بەدیدێت کە مەبەستی ئێمەیە.

ئەگەر بۆنمونە دەقی ( هیوا و خۆشەویستی و خوێن) ی شاعیر وەربگرین کە دەڵێت:

خۆشەویستیت بۆتە خوێن و
به جۆگەو دەماری لەشما
هەردەم لە هات و چۆدایە
وێنەکەی تۆ نیگارێکە
کام نیگار کێش بەهرەمەندە
کڵێشەکەی بۆ دەرنایە (بەرزنجی، ٢٠١٨ ، ٢١٦)

کاتێک ئەم دەقە دەخوێنینەوە هەر لە ناونیشانەکەوە تاکۆتایی دەقەکە بەزمانێکی سادەو ڕەوان نووسراوە، خوێنەر ماندوو ناکات لە تێگەیشتندا، شاعیر ئەوەندە خۆشەویستەکەی خۆشدەوێت و هۆگری بووە لە لای بۆتە جیهانێکی نمونەیی،بەڵام ئایا خوێندنەوەی دەقەکە هەرهێندە هەڵدەگرێت؟ ئایا خوێنەری نمونەیی بەمە ڕازی دەبێت؟ لەوەڵامی ئەو دوو پرسیارە گریمانەییەدا دەتوانین بڵێین: نەخێر، نە دەقەکە تەنها چڕدەبێتەوە لە یەک واتای دیاریکراو داو، نە خوێنەریش بەوە ڕازیدەبێت، بەڵکو هەوڵدەدات ڕۆبچێتە قوڵایی دەقەکەوە لەپێناو پەیبردن بە واتا شاراوەکان و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە شاعیر جێهێشتوون لەم دەقەدا.

ناونیشانی خودی دەقەکە جێگەی تێڕامانە، سێ وشەی جیاواز (هیوا ،خۆشەویستی و خوێن)، هاتنی وشەی (خۆشەویستی) لە ناوەندا بۆخۆی ئاماژەی گرنگی پێدانی شاعیرە و دەیەوێت زیاتر لەوانیتر جەختیلێبکاتەوە، بگرە بۆخۆی خۆشەویستی بابەتی سەرەکی دەقەکەیە، وشەکانی (هیوا و خوێن)یش وەک هاوکارێکی ئەم خۆشەویستییە ئامادەییان هەیە. سەرەتا ڕەنگە خۆشەویستی گشتیبێت، دەشێت مەبەست لە خۆشەویستی نیشتیمان یان مرۆڤێک بێت، بەڵام لە خوێندنەوەیەکدا دەتوانین لە ڕێگەی دەقەکەوە تێبگەین کە خۆشەویستی مرۆڤە، دواتر کە لەدەقەکەوە دووبارە دەچینەوە بۆ ناونیشانەکە دەبینین لە نێوان (ئەم)ی شاعیر و (ئەو)ی خۆشەویست دا لەمپەرێکی بەهێز بوونی هەیە، بۆیە شاعیر پەنا بۆ هیوا دەبات تاکو لە داهاتوودا بە خۆشەویستەکەیبگات، ئەوەی کە بەلای ئێمەوە شاعیر زۆر بە وردی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە جیاواز لەلای زۆربەی شاعیرانیتر ئەوەیە کە( خوێن) بە واتا فەرهەنگیەکەی بەکارهاتووەو زۆرجار پەیوەستە بە مردن و کوشتنەوە، بەڵام لای (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ) خوین یەکسانە بە ژیان، ئەمەشە کە وامان لێدەکات بە زمانە سادەکەی دەقەکە فریو نەخۆین و وابزانین کە دەقێکی داخراوی تاک واتایە.

جیا لەم خوێندنەوە ڕێگە بەخۆشمان دەدەین بەدیوێکیتریشدا دەقەکە بخوێنینەوە، ئەویش خۆشەویستی شاعیرە بۆ نیشتیمانێکی بریندار، وێنەکە دەشێت هی مرۆڤێکبێت یان هی نیشتیمانێکی داگیرکراو، کە هەمیشە خوێنی لێدەچۆڕێت، بەڵام شاعیر بێ هیوا نییە وهیواکان لە دەمارەکانیدا دەژین چاوی لەو ڕۆژگارەیە کە تیایدا بگاتە ئاواتی خۆی.

٨- قوبادی جەلی زادە:

(قوبادی جەلی زادە ) لە شیعرێکیدا بە ناونیشانی (وەی وەی زاراگیان - دیدەم زارا) کە بۆ ( زارا موحەمەدی )* نووسیوە و لەچەند کۆپلەیەک پێکدێت، بەجۆرێکە هەریەک لە کۆپلەکان واتایەکی سەربەخۆی خۆی دەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەی بەشداریشە لە کۆی واتای دەقەکەدا، واتە یەکێتیەکی کۆپلە شیعری دەبینین لە دەقەکەدا، بۆیە ئێمە یەکێک لەو کۆپلانەی بە نمونە وەردەگرین کە کۆتایی دەقەکەیەو قوفڵی شیعرەکەی پێکردووە و بەشێوەیەکی زۆر جوان پەیوەستیکردۆتەوە بە ناونیشانەکەیەوەو یەکێتییەکی ئۆرگانی قولّی تێدا دەبینین، بەلای ئێمەوە ئەم دەقە ئاستێکی بەرزی شیعریەتی تێدا چربۆتەوە و کۆمەڵێک واتای شاراوەی لە خۆگرتووە بەجۆرێک خوێنەر گەر بەئاگاییەوە نەیخوێنێتەوە کەلێن و بۆشاییەکانی پڕنەکاتەوە، ڕەنگە بەباشی لەواتاکەی تێنەگات ،وەک دەڵێت:

**لە مانگەشەوێکدا ، ئەلف و بێکەی ئەمین باڵدارم هەڵگرت و**
**چوومە سەر ئارامگەی،**
**حەسەن زیرەک و**
**ئایشەشان و**
**تایەر توفیق**
**هەرسێکیان یەک گۆرانیان دەگوت،**
**وەی وەی زاراگیان**
**دیدەم زارا** ( والّی جەلیزادە ، ٢٠٢٢)

لەم دەقەدا قوبادی جەلی زادە بەشێوەیەکی زۆرجوان ڕووداوی بەندکردن هەم ڕەتدەکاتەوەو هەمیش پەیامێک دەنێرێت بۆ زارا کە هەموو کورد لەپشت ئەو کارە پیرۆزەی ئەوەوەیە کە بریتییە لە فێرکردنی زمانی کوردی. ئەوەی کە لەم دەقەدا دەیبینین ئەوەی کە شاعیر لە ڕێگەی هەندێک ڕەمز و ئاماژەوەکە پێویست بە لێوردبوونەوەیەکی ورد دەکات، پەیامی خۆی دەردەبڕێت.

شاعیر لەسەرەتادا بەوە دەستپێدەکات لە کاتی شەوێکی مانگەشەودا چۆتە سەر ئارامگای ئەو کەسێتیانەی کە ناوی هێناون(گۆرانی بێژەکان ) دیارە ئەمەش بۆخۆی واتایەکی شاراوەی لەخۆدیا هەڵگرتووە و چەند پرسیارێک لای خوێنەر دروستدەکات، کە پێویستی بە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن

لەواتای دەقەکە و ئەمەش سەرەتای کۆپلەکەیە، واتە دەستپێکێکی بەهێزی هەیە، خوێنەر بۆخۆی ڕادەکێشێت ووای لێدەکات بەردەوامبێت لە خوێندنەوەی شیعرەکە. لێرەدا دەپرسین بۆ بە مانگەشەو؟ خۆ خەڵکی لە ڕۆژدا دەچنە سەر گۆڕی ئازیزانیان، ئەی بۆ لەڕۆژدا نەبوو؟ یان بۆ لەشەوێکی تاریکدا نەبوو؟ ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت: کە مانگەشەو، شەوێکی ڕووناکە بە ڕووناکی مانگەکە ئەو شەوە تاریکە ڕووناکبووەتەوە، لێرەوە بەرەوە ئەوەمان دەبات کە بەڕووناکی خوێندن و بەتایبەت فێربوونی زمانی کوردی، شەوی داگیرکاری ڕووناکدەکرێتەوەو ئەو کارەی کە زارا دەستپێکردووە بەدەر نییە لەو حاڵەتە. جیالەمە ناوهێنانی سێ گۆرانیبێژی بەناوبانگ و خاوەن پێگەیەکی گەورە لە هونەری کوردیدا ، کە بریتین لە( حەسەن زیرەک، ئایشەشان و تایەر تۆفیق) ئاماژەی گەورەیی و پیرۆزی کارەکەی زارایە. دیارە ئەم سێ گۆرانیبێژە، هەریەکەیان سەر بە بەشێکی کوردستانی بەشبەشکراون. حەسەن زیرەک لە ڕۆژهەڵات و تایەر تۆفیق لە باشوور و ئایشەشانیش لە باکووری کوردستان، ئەمەسەرەڕای جیاوازی شێوەزاری قسەکردن و گۆرانی وتنیان لەڕووی زمانیەوە، بەتایبەت ئایشەشان کە بە کرمانجی ژووروو گۆرانی وتووەو ئەوانیتر بە شێوەزاری جیاجیای دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست. لێرەدا شاعیر ئاماژە دەکات بۆ پشتگیری هەموو کوردستان لە زارا موحەمەدی ولەڕێگەی ئەو سومبولانەی هونەری کوردییەوە پەیامەکەی دەگەیەنێت، بەبڕوای ئێمە شاعیر ئەوەی لەبیرنەکردووە کە ئەگەرچی هیچ کام لەو گۆرانیبێژانە خەڵکی شاری سلێمانی نین، بەڵام بەشێوەیەکی پەنهان ئاماژە بە پشتگیری شارێکی گرنگی کوردایەتی وەک سلێمانی بکات لەو پرۆسەی پشتگیریەدا، ئەویش لەڕێگەی ناوهێنانی خودی (گۆرانی) هکەوە ( زاراگیان ) کە گۆرانییەکی جوانی زۆربڵاوی ناوچەی سلێمانیەو دەتوانین بڵێین: سەنتەری پەیامەکەی شاعیر پێکدێنێت کە لە (گۆرانی) دا چربۆتەوە وبەم جۆرە دەستپێدەکات:

| | |
|---|---|
| ئەچمە سلێمانی گۆیژەم لێ دیارە | ئەی وەی زاراگیان دیدەم زارا |
| بەبەرزی گۆیژە خەم لە دڵم بارە | ئەی وەی زاراگیان دیدەم زارا |

لەوانەش زیاتر کەباسمانکرد و بە بڕوای ئێمە جگە لەو واتا شاراوانەی کە شاعیر بۆ خوێنەری بەجێهێشتووە، بۆشاییەکی لەنێو دەقەکەدا بەجێهێشتووە کە خوێنەر دەبێت لەڕێگەی پاشخانی ڕۆشنبیری خۆیەوە پەی پێببات، ئەویش بریتییە لە ناوهێنانی ( ئایشەشان ). ئایشەشان وەک زارا لەڕەگەزی مێیە، هەردووکیان دوو نمونەی بەرزی کۆڵنەدانن، ئایشەشانیش لە کاتی دەستکردنی بە گۆرانی وتن لەسەر ئەوەی کە بەکوردی گۆرانی وتووە تووشی لێپێچینەوەو سزادانبووە، لەساڵی ١٩٦٣ لە شاری ( دیلۆک) لە باکووری کوردستان کاتێک لە ڕادیۆی ئەو شارە کاردەکات دەیەوێت بەکوردی گۆرانی بڵێت: ڕێگەی پێنادرێت و دواتر لە کارەکەشی دەردەکرێت، ئەو هەرکۆڵنادات و

له ساڵی ١٩٦٣ له شاری ئەستەمبوڵ یەکەم گۆرانی خۆی به ناوی ( ئەز غەزاڵم ) بەزمانی کوردی بڵاو دەکاتەوه، بەڵام دواتر لەوێش ڕێگری لێدەکرت و دوور دەخرێتەوه تا دواتر له ساڵی ١٩٧٩ دەچێته بەغدادو هەلی بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکانی بۆ دەرەخسێتwww.kurdipedia.org.کەواته دەمانەوێت بڵێین: ناوهێنانی ئایشەشان لەو پاشخانه ڕۆشنبیرییەوەیه که شاعیر هەیەتی لەسەر ڕابردووی ئەو گۆرانیبێژه ئافرەته، بۆیه لەخۆوه نییه که ناوی ئەو دەهێنێت، دواتر دەیەوێت بڵێت: زارا نمونەی وەک تۆ پێشتر هەبووەو کۆڵیان نەداوه، تۆش کۆڵمەدەو هەموو پارچەکانی کوردستان به هەموو دیالێکت و شێوەزارەکانییەوه لەپشتی تۆیه.

لەوەش زیاتر دەتوانین باس لەو پەیوەستبوونه واتاییەش بکەین که له نێوان زارا و ئەو گۆرانبیژانەدا هەیه، ئەوان نوێنەری ڕابردوون، نەوەیەکن که تپەڕیوه، ئەم نەوەیەکی نوێیه، ئەوانەی ئەوان کردوویانه ئەزموونه بۆ ئەم و کەسانی وەک ئەم، کەواته مێژووی خەبات و کۆڵنەدان بۆ ئازادی بۆ خزمەتکردن به زمان و کلتوور، مێژوویيەکی دانەبڕاوه لەکۆنەوه ماوەتەوه بۆ ئەم نەوه تازەیه که  لەزارا دا خۆی دەنوێنێت.

جیا لەهەموو ئەوانەی باسمانکرد، (گۆرانی) بۆخۆی زاراوەیەکی ئومێد بەخشه، پڕه له هیوا و ئاوات، گۆرانی وتن بۆ ئازادی و سەربەستی زۆرجار گوزارشتی دەربڕراوی نێو دەقه ئەدەبیەکانه، لێرەشدا شاعیر دەیەوێت ئەوەبڵێت: که بەئومێدەوه له داهاتوو دەڕوانین چونکه کەسانی وەک ( زارای موحەمەدی)مان هەیه.

## ئەنجام :

لەکۆتایی ئەم تێزەدا گەیشتووینەتە چەند ئەنجامێک کە لەم خالآنەی خوارەوەدا دەیانخەینەڕوو:

١- تیۆری وەرگرتن، تیۆرییەکی کۆن و نوێیە ، کۆنە لە مێژوو بنەڕەتیدا ، چونکە لەوکاتەوەی کە دەق نووسراوە، بێگومان وەرگریشی هەبووە جا بەشێوەی بیستن بووبێت یان بەشێوەی خوێندنەوەبووبێت، مەرجی سەرەکی دەقی باشیش پابەندبوون وپەیڕەوکردنی هەموو پێوەرەکانی شیعربووە لەلایەن شاعیرەوە، خاڵی جیاوازی گرنگ لەگەڵ چەمکە نوێیەکەی ئەم تیۆرییەدا لەوەدایە کە، لەلایەک تیۆرییەکە چەمک و میکانیزمی کارکردنی بۆ دانراوە ، لەلایەکیتریشەوە بەپێچەوانەی پێشوو ، جەختی زۆر لەسەر تێکشکانی ئاسۆکان و پابەند نەبوونی نووسەرانە بەو  پێوەرە باوانەوە، تاکو دەقەکە خەسڵەتێکی داهێنەرانە لەخۆ بگرێت، ئەمەش زیاتر لە چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی ( یاوس) خۆی دەبینێتەوە.

٢- تیۆری وەرگرتن، وەک تیۆرییەک کە قورسایی زۆری خۆی لەسەر خوێنەر و رۆڵی لە بەخشینی واتا بەدەقدا، داناوە ، نووسەری ڕەتنەکردۆتەوە ، بەڵکو وەک ڕەگەزێکی بەشدار لە پرۆسەی خوێندنەوەدا لێیان ڕوانیوە، بەو پێیەی کە بەشێکە لە پێکهێنەری جەمسەری هونەری بەرامبەر بە جەمسەری ئێستاتیکی کە خوێنەر بەدیهێنەریێتی، ڕابەرانی ئەم تیۆریە بۆخۆشیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەوان پێگەی شیاوی خۆی بە خوێنەر دەدەن، ئەو پێگەیەی کە پشتگوێخرابوو لە پێشتدرا.

٣- هەرکاتێک نووسەر بۆ ڕازیکردنی خوێنەران نووسی و نەیتوانی ئەو ئاسۆی چاوەڕوانییەیان تێکبشکێنێت کە لە دەق هەیانە ، ئەوا ئەو کاتە دەقەکە دەقێکی ئاسایی دەردەچێت و لەڕووی شیعرییەوە زۆر بایەخی نابێت ، بەڵام بە پێچەوانەوە ، هەرکاتێک نووسەر یان شاعیر توانی خوێنەر تووشی نائومێدیبکات لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکەیدا ، ئەوا هەنگاوی یەکەمی بەدیهێناوە لە بەریەککەوتنی ئاسۆی چاوەڕوانی دەق و خوێنەراندا ، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە شاعیر یان نووسەر تەنها لە ئاستی نائومێدکردنی خوێنەراندا نەمێنێتەوە ، بەڵکو بتوانێت ئاسۆی چاوەڕوانیان بگۆڕێت و هێواش هێواش بیانهێنێتە ئاستی ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکانیەوە و وەک ئەوەی بۆنمونە نالی یان گۆران یان شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت کردییان .

٤- واتای دەق لە ڕێگەی خوێندنەوەوە و بەهۆی زانیاری و ڕۆشنبیری خوێنەرەوە پێکدێت، بۆیە واتای دەق ئەوەندەی لە دایکبووی کارلێکی نێوان خوێنەر و دەقەکەیە ئەوەندە لەدایکبووی خودی دەقەکە نییە.

٥- تیۆرییەکانی وەرگرتن و ڕەخنەی وەلامدانەوەی خوێنەر و سیمۆلۆجیا و هەلۆەشاندنەوە لەڕێگەی گرنگیدانی زۆریان بە خوێنەر، دەسەلاتیان لە نووسەر و دەق سەندەوەو دایان بە خوێنەر ، بەمەش هاوسەنگیان گەڕاندەوە بۆ هاوکێشەی ( نووسەر – دەق – خوێنەر)، چونکە خوێنەر وەک فاکتەرێکی کارا لە پرۆسەی خوێندنەوەدا پێشتر پەراوێز خرابوو.

٦- ئاسۆی چاوەڕوانی دەتوانرێت وەک پێوەرێکی داهێنان سەیر بکرێت، چونکە زیاتر لەگەڵ ئەو دەقانەدا مامەڵەدەکات کە داهێنانیان تێدایە ، بەواتای ئەوەی کە دەقێک دەخوێنینەوە و دەبینین نووسەرەکەی ئەو پێوەر و شێوازە باوانەی کە خوێنەران پێی ڕاهاتوون، تێکدەشکێنێت یان تێیان دەپەڕێنێت ، کەواتە داهێنان لە دەقەکەدا بوونی هەیە و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران تووشی نائومێدی دەبێت، چونکە خوێنەران بەو شێوازە تازەیە ڕانەهاتوون، لێرەشدا دەقەکە شوناسێکی تایبەت بە خۆی دەبێت و وەک داهێنانێک ئەژماردەکرێت.

٧- زۆر گرنگە لە چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانیدا فاکتەری کات لەبەر چاوبگیرێت ، چونکە ئەوەی کە لە سەردەمێکدا بووەتە داهێنان و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرانی ئەوسەردەمەی تیایدا تێکشکاوە، ڕەنگە ئێستا بوبێتە شتێکی ئاسایی. بۆنمونە ئێمە لەئێستادا لەگەڵ جۆرێک لە نووسینی دەقدا ڕاهاتووین دوای قۆناغی گۆرانە، نابێت بەتێڕوانینی ئێستاوە لەسەردەمی تێکشکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکانی گۆران بڕوانین کە بۆ ئەو سەردەمە نوێ بوون.

٨- بەشێوەیەکی گشتی گەرچی هەریەک لە ( یاوس) و ( ئایزەر) وەک دوو دامەزرێنەری ئەم تیۆرییەنو هەردووکیان داڕێژەری بنەمانی کارکردنی تیۆریەکەن، بەلام دەتوانین لەڕێگەی چەمکە کارپێکراوەکانیانەوە هەست بە جیاوازی بکەین لەنێوانیاندا، بەلام ئەوان دژ بەیەک نەبوون و بەڵکو هەردوویکیان یەک ستراتیژیان هەبووە ، یاوس زیاتر قورسایی کارکردنی لەسەر بەدوایەکداهاتنی مێژووی خوێندنەوەکان بووە بۆ دەقێک ، هەرچی ئایزەرە، زیاتر جەختی لە کاریگەری دەق دەکردەوە لەسەر خوێنەر لە ساتێکی دیاریکراودا .

٩- تێکشکانی ئاسۆی چاوەڕوانی لای شاعیرانی کورد لەدەقەکانیاندا جیاوازە ، بۆ نمونە لای شاعیرێکی وەک نالی لە بەکارهێنانی زمانێکی تازەی کوردیدایە بۆ شیعر نووسین، بەتایبەت شێوەزاری بابانی ، بەلام لای گۆران لە تێکشکانی تەفعیلەو کێش و سەروای شیعریدایە و لای هەندێک شاعیریتر لە بەکارهێنانی ناونیشانی نوێ و تۆبۆگرافیای دەقدا دەیبینین .

١٠-ئاسۆی چاوەڕوانی زۆرجار لەناو خودی دەقەکەدایە، نووسەر، خوێنەر تووشی جۆرێک لە شۆک دەکات و مەودایەکی ئێستاتیکی لەنێوان ناونیشان و دەستپێکی دەقەکەدا یان لەنێوان

دەستپێک و سەرجەم دەقەکەدا دەخولقێنێت، وەک ئەوەی لای گۆران و عەبدوڵاپەشێو و لەتیف هەڵمەت دەیبینین، بەڵام دەقی واش هەیە کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر تێدەپەڕێنێت لە ڕێگەی خودی دەقەکەو ئەو مەودا ئێستاتیکیەی کە دروستیدەکات لەگەڵ دەقەکانیتری خودی شاعیرەکە یان شاعیرانی تردا، وەک ئەوەی لای نالی و شێرکۆ بێکەس بەنمونە هێناومانەتەوە.

١١-بۆشایی دەق لەودەقانەی وەرمانگرتوون زیاتر لەڕێگەی ئەو ڕەمز و واتا شاراوانەوەیە کە شاعیر بۆ خۆێنەری بە جێهێشتووە و پێویستە پشتبەست بە ڕۆشنبیریی و شارەزایی خۆی، ڕەمزەکان شیبکاتەوەو بگاتە واتای قوڵی دەقەکە، ئەو واتایەش ڕێژەییە، چونکە خوێندنەوەی دەقەکان لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکیتر و لای هەمان خوێنەر لە دوو کاتی جیاوازدا دەگۆڕێت و لەئەنجامیشدا واتای جیاوازی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش سروشتی ئەو دەقانەیە کە فرە خوێندنەوە قبوڵدەکەن، دەقی کراوە یان دەقی واڵان ئەم بۆچوونەش زۆر بەڕوونی لەدەقەکانی سوارەی ئیلخانی زادەو قوبادی جەلیزادە و ئەوانیتردا کە بەنمونە هێناومانەتەوە دەبینرێت.

١٢- هەموو دەقێک مەرج نییە فرە خوێندنەوەیی قبوڵبکات، ئەگەر بەزۆر فرە خوێندنەوەیی بەسەردا بسەپێنرت ، ئەوا ئەو خوێندنەوەیە دەبێتە خوێندنەوەیەکی بەزۆر ( قسری) کەئەمەش ئەنجامێکی باش نادات بەدەستەوە ، هەر لەم ڕوانگەیەوە ئێمەش ئەو دەقانەمان هەڵبژاردووە کە پێمانوایە دەق گەلێکی واڵان و بەهۆی بوونی بۆشاییەوە تیایاندا فرە خوێندنەوە هەڵدەگرن دەکەن، خوێندنەوەکانی ئێمەش یەکێکە لەو خوێندنەوانە .

١٣- دەقی کراوە مەرج نییە هەر لەڕێگەی زمانێکی ئاڵۆزەوە دروستببێت کە پێویستی بە وریاییەکی زۆری خوێنەرە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی، دەکرێت دەقێک بە زمانێکی ئاسانیش بنووسرێت، بەڵام وەک دەقێکی کراوە سەیربکرێت و فرە خوێندنەوەیی هەڵبگرێت، لەنمونەی دەقەکانی(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی).

# سەرچاوەکان :

## قورئانی پیرۆز

## سەرچاوەی کوردی


- ئاشنا، ئومێد، ٢٠٠٩، پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، بەرگی یەکەم ،چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- ئاشنا، ئومێد بێکەس، دیوان ،٢٠٠٨ ،ئامادەکردنی، پێداچوونەوە ،مەسعوود ئەحمەدی،چاپی یەکەم .
- ئامێدی، صادق بهاءالدین،١٩٧٧،مەلای جزیری، دیوان،چاپا یەکێ ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.
- ئەسوەد، د.نەوزاد ئەحمەد، ٢٠١٥،فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستەمرۆڤایەتیەکان، چاپخانە، بڵاوکار، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، تاران.
- ئیلخانی،عومەر،سوارە ئیلخانی زادە، شەنگەسوار،٢٠١٤،سەرجەم بەرهەمەکانی،ئامادەکردن و پێداچوونەوە، سەلاحەدین ئاشتی، کۆکردنەوە، چاپی دووەم، غەزەلنووس، سلێمانی.
- ئیگلتن ،تێری، ٢٠١٦،تیۆری ئەدەبی، وەرگێڕانی، عەتا قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە ،سلێمانی.
- باڵەکی، یادگار رەسوڵ، ٢٠٠٥، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨-١٩٣٢، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٢، دیوان، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، سلێمانی.
- بێکەس ،شێرکۆ، ٢٠٠٠، دەقی واڵا، ئێستا کچێک نیشتیمانمە ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٦،دیوان، کوردستان، سلێمانی.
- بەرزنجی، پ.د. عەلی تاهیر، ٢٠٢٠، ئاسۆی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیڤا بۆ چاپ و ریکلام.
- بەرزنجی، فەرەیدون عەبدول، ٢٠١٨، دیوان، کتێبخانەی یادگار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- پیرۆت، بارزان عەلی ،٢٠٢٠، دیاردەناسی مرۆڤ لە شیعرەکانی نالی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەک، تاران.
- پەشێو ، عەبدوڵا ، ١٩٧٩، دوانزە وانە بۆ منلان ، بەرلین.
- تاقانە ، ئەحمەد ، ٢٠٠١، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- جەلیزادە، قوباد ، ٢٠٠٧، شەهید بە تەنیا پیاسەدەکات ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- چەلەبی ، ئەولیا ، ١٩٧٩، کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا ، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، سەعید ناکام، لە چاپکراوەکانی کۆری زانیاری کورد، بەغدا.
- حسەین، د.عەلی تاهیر، ٢٠٠٨، رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن،(رەخنەی شیعری کوردی بەنموونە)،چاپی یەکەم ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.
- حیلمی، رەفیق ،١٩٤١، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ،بەرگی دووەم ، هەولێر.
- حیلمی،رەفیق، ١٩٨٨، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر.
- حەسەن، شێرزاد، ٢٠٠٣. تەمی سەر خەرەند، رۆمان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- خەزنەدار، دکتۆر مارف، ٢٠١٠،مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، لەسەرەتاوە تا سەدەی چوارەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەرێمی کوردستان، هەولێر.
- دڵشاد عەلی، ١٩٨١، دیلان شاعیرو ئازادیخواز،بەغدا،لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.
- دیلان، محمد صالح ، ١٩٦٩، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا.
- رەسوڵ، پرۆفیسۆر.د.عیزەدین مستەفا، ٢٠١٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی ١،سلێمانی.
- رەسوڵ، د.عیزەدین مستەفا، ١٩٩٠، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی التعليم العالي، هەولێر.
- رەنجدەر، سەباح، ٢٠٠٦، رووەکەکانی خواوەند،چاپی یەکەم، چاپ و بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- زامدار، فەرید، ٢٠٠٧، شەری وشەکان نیو نوقتە لەژێر نیودا، بەڕیوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
- سیوەیلی، رێبوار، ٢٠٢١، کتێبی گۆران ،چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکردنەوە، رێکخراوی زەریاب ،رێکخراوی کوردستان دیالۆگ، سلێمانی، چاپخانەێ کارۆ.
- سیوەیلی، ڕێبوار،٢٠٢٠،نالی لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنیتە، چاپی دووەم ،رێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری کلتوری، هەولێر.
- سەجادی، عەلادین، ١٩٥٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، بەغدا.
- شارەزووری، د.یادگار لەتیف، ٢٠١٥ ،دیاردەگەرایی و رەخنەی ئەدەبی، بنچینە مەعریفیەکانی میتۆدە رەخنەییەکان، بنەچەی سەوسەن وەک بواری کار، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- شارەزووری، دکتۆر یادگار لەتیف ٢٠١٢، تیۆرەکانی وەرگرتن، لە ئیستاتیکای وەرگرتنەوە بۆ ڕەخنەی هاتنەوەلامی خوێنەر، سلێمانی .
- شێخ صالًح، شێخ نوري، ٢٠٠٨،کۆکردنەوەو ساغکردنەوە و لەسەر نووسینی، ئازاد عەبدولواحید، دەزگای ئاراس بۆ بلاوکردنەوە،کوردستان، هەولێر.
- عارف، حسێن، ٢٠١١، هێلانە، رۆمان، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەرێمی کوردستانی عێراق، هەولێر.
- عبدالواحد، ئازاد، ١٩٨٥، دیوانی شێخ نوری شێخ صالح، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، چاپخانەی جاحز، بەغداد.
- عوسمان ، هەرێم ، ٢٠١٨، بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ رەخنە، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حەمدی .
- عومەر،د.موحسین ئەحمەد،٢٠٢٢، بەراوردی ئەدەبی ، چاپی یەکەم، چوارچرا.
- عەزیز، شەرمین ئیبراهیم، ٢٠٠٦، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.
- عەلی، بەختیار\، ٢٠١٠، ئێوارەی پەروانە، ڕۆمان، چاپی چوارەم، چاپخانەی کارۆ، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
- عەلی، د. دڵشاد، ١٩٩٨، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- قەرەداغی، دلاوەر، ٢٠٢٠ ،شیعر، چاپی یەکەم، تاران .
- کاکەی فەلاح، محەمەد حمەامین قادر، ١٩٧٨، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، لە چاپکراوەکانی کۆری زانیاری کورد، بەغداد.

- کەریم و مەستی، پ.د. زاهیر لەتیف و پ.د.نیان نەوشیروان، ٢٠١٨، پێپەڕاندنە تازەگەریەکان، لەتیف هەڵمەت بە نمونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- کەریم و مەستی، دکتۆر زاهیر لەتیف و دکتور نیان نەوشیروان،٢٠١٧، فرە خوێندنەوە لە دەقی ئێستا کچێک نیشتیمانە ی شێرکۆ بێکەس ،سلێمانی.
- کەسنەزانی، بوشرا ،٢٠١٩، شیعری کلاسیکی کوردی و تابۆشکێنی، چاپی یەکەم ،چاپخانەی سەردەم، کوردستان،سلێمانی.
- کەمال، د. محەمەد ، ٢٠١٩، فینۆمینۆلۆجیا، چاپی دووەم، چاپخانەی ناوەندی ڕەند، سلێمانی.
- گۆران، ١٩٧١،بەهەشت و یادگار ،چاپخانەێ کامەرانی.
- گۆران، عەبدوڵا، ١٣٨٦، دیوان، چاپی سێیێم، چاپخانەی دالاهۆ، تاران.
- گەردی، عەزیز، ١٩٩٩،سەروا، چاپی یەکەم، هەولێر .
- گەلاڵەیی، د. حوسێن غازی کاک ئەمین، ٢٠١٠. ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشووری کوردستان، سالانی ١٩٨٠-١٩٩١،،چاپی یەکەم. ،بلاوکراوەێ ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .
- محەمەد، ئەنوەر قادر ، ٢٠٠٤، زریان و زایەڵەو زنار، بەرێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی دلێر،سلێمانی .
- مودەریس و عەبدولکەریم، مەلاعەبدولکەریمی و فاتیح،١٣٨٧،نالی، مەلاخدری ئەحمەدی شاوەیسی میکایەڵی، پێداچوونەوە، موحەمەدی مەلاکەریم، چاپی دووەم، ئینتیشاراتی کوردستان،سنە.
- مودەریس و مەلاکەریم، مەلاعەبدولکەریم و محەمەد، ، ٢٠١٨، مەحوی، دیوان، چاپی نۆیەم، سنە.
- مەعروف، د. کەمال، ١٣٨١، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، بلاوگەی هەژار، سنە.
- مەنتک، حەمە، ٢٠١٨، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەی ئەدەبی لەڕووی تیۆرییەوە، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر.
- نیک ڕەفتار، کیومرس بێسارانی ، ١٩٨٢،دیوان، بەرگی یەکەم، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی الادیب البغدادیە،بەغداد .
- هەژار، ١٣٦١،جزیری، عارفی ربانی شیخ احمدی، دیوان ، مەشهور بە، مەلای جزیری، شیکردنەوەی، تاران.
- هەڵمەت، لەتیف، ٢٠٠٥، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- هەڵمەت، لەتیف ، ٢٠١٤، دیوان، سەرجەم شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
- یەعقووبی،عەبدولخالق،٢٠٢١،نالی ئاشنای سیرڕی قەڵەم، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئەڵوەن،سلێمانی.

## سەرچاوەی عەرەبی :

- ابراهيم، عبدالله ، ١٩٩٦ ،معرفة الاخر ،مدخل الى المناهج النقدية الحديثة، ط٢،المركز الثقافي العربي ، الدار البيضاء.
- ابن سينا ،الخطابة ١٩٥٤، تحقيق محمد سليم سالم ، ، وزارة المعارف العمومية، القاهرة.
- اسكاريب ، روبير، ١٩٩٠، سوسيولوجيا الادب،، ط٣،عويدات للنشر و الطباعة، بيروت.
- اسماعيل ،سامي ،٢٠٠٢، جماليات التلقي، دراسة في نظرية التلقي عند هانز روبرت ياوس و فولجانج ايزر ، الطبعة الاولى، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.
- اوكان، عمر ،١٩٩٦ ،لذة النص ، افريقيا الشرق، الدار البيضاء .
- ايرليخ، فكتور ، ٢٠٠٠ ،الشكلانية الروسية، ترجمة الولي محمد ، الطبعة الاولى ،الدار البيضاء ، المركز الثقافي العربي،بيروت.
- ايزر، فولغانغ ،١٩٩٤، ،فعل القراءة- نظرية جمالية التجاوب في الادب، ترجمة ، د.حميد لحميداني و د.الجلالي الكدية، ، منشورات مكتبة المناهل، الفاس، المغرب.
- ايكو. امبرتو،١٩٩٦،القاريء في الحكاية التعاضد التاويلي في النصوص الحكائية، ترجمة ، انطوان ابو زيد، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء.
- بارة ، عبدالغني ، ٢٠٠٥ ،اشكالية تاصيل الحداثة في الخطاب النقدي العربي المعاصر ، مقاربة حوارية في الاصول المعريفية ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة .
- بارت ، رولان ، درس السيمولوجيا ، ترجمة عبدالسلام بنعبد العالي، دار توبقال للنشر، المغرب.
- بارت ، رولان ،١٩٧٣، لذة النص،د. منذر العياشي، مكتبة الادب المغربي، مغرب.
- بارت ،رولان و اخرون ،٢٠٠٣، نظريات القراءة ، ترجمة ، د.عبدالرحمن بو علي ،ط١، دار الحوار، اللاذقية.
- بارت، رولان ، ٢٠١١ ،لذة النص ، ترجمة د. منذر عياشي ،ط٢ ، مركز الانماء الحضاري، دمشق .
- بحيرى ،د.سعيد حسين ، ١٩٩٧ ،علم لغة النص ، المفاهيم و الاتجاهات ،ط١ ،الشركة المصرية العالمية للنشر ،لونجمان،القاهرة.
- بدوي، عبدالرحمن ،١٩٨٤، موسوعة الفلاسفة،ج١،ج٢، ط ١ ،المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
- البدوي، عبدالرحمن ، ١٩٧٩، خريف فكر اليوناني ،الطبعة الخامسة ، مكتبة النهضة المصرية،مصر.
- البريكى، فاطمة، ٢٠٠٦ ،مدخل الىَ الادب التفاعلى، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء .
- بلميح، ادريس ، ٢٠٠٠، القراءة التفاعلية ، دراسات لنصوص شعرية حديثة،ط١،دار توبقال للنشر ، المغرب.
- بن تومي ، اليامين، ٢٠١١ ، مرجعيات القراءه و التاويل عند نصر حامد ابو زيد ، ط١ ، مطابع الدار العربية للعلوم ناشرون ، منشورات الاختلاف، بيروت.
- بن عبدالكريم ، جمعان، ٢٠٠٩ ، اشكالات النص ، دراسة لسانية نصية ، ط١ ، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء .
- بنيت، سوزان، ١٩٩٠ ، جمهور المسرح ، نحو نظرية في الانتاج و التلقي المسرحيين ، ترجمة ، سامح فكري ، مركز اللغات و الترجمة، القاهرة.
- بوعزه، محمد ، ٢٠١١ ،استرتيجية التاويل من النصية الى التفكيكية ط١، مطابع الدار العربية للعلوم ناشرون ، منشورات الاختلاف، بيروت.

- بوكروح، مخلوف ،٢٠٠٤، التلقي والمشاهدة في المسرح، ط١، مؤسسةفنون وثقافة، الجزائر .
- بيرجيرو ، ١٩٨٨ ،علم اشارة السيمولوجية ، ترجمة ، منذر عياشي، ط١ ، دار طرابلس للدراسات و الترجمة و النشر.
- بيير زيما ، سوسولوجيه النص بين الانتاج و التلقي ، ترجمة عبدالحق بتكمنتي ، مراجعة ، د.احمد الويري ، ، مطبعة انفو برانت، فاس.
- بارت، رۆلان، ١٩٩٩هسهسة اللغة ،ترجمة منذر عياشي،مركز الانماء الحضاري،حلب.
- تبرماسين، عبدارحمن و اخرون،٢٠٠٩، نظريةالقراءة المفهوم و الاراء ،ط ١، ، جامعة بسكرة منشورات مخبر وحدة التكوين و البحث في نظريات القراءة و مناهجه، الجزائر.
- تشاندار ، دانيال،٢٠٠٢، معجم المصطلحات الاساسية في علم العلامات (السيميوطيقا)، ترجمة ، ا.د.شاكر عبدالحميد ، مطابع المجلس الاعلى الاثار، القاهرة .
- توفيق ،سعيد ، ٢٠٠٢ ،في ماهية اللغة و فلسفة التاويل ،ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع.
- توفيق، سعيد، ٢٠٠١ ، الخبرة الجمالية ، دراسة في فلسفة الجمال الظاهراتية ، دار الثقافة للنشر و التوزيع ، القاهرة.
- تومبكنز، جين ب، ١٩٩٩ ، نقد استجابة القاريء ، ترجمة حسن ناظم و علي حاكم، المشروع القومي للترجمة ، المجلس الاعلى للثقافة الهيئة العامة للمطابع الاميرية ، الكويت.
- ثامر، فاضل، ١٩٩٤، اللغة الثانية في اشكالية المنهج و النظرية و المصطلح في الخطاب النقدي العربي، ط١ ، الدار البيضاء ، المركز الثقافي العربي، بيروت.
- الجاحظ، ٢٠٠٦، البيان و التبين ، تحقيق عبدالسلام هارون،مكتبة الخانجي، القاهرة.
- الجرجاني، عبدالقاهربن عبدالرحمن بن محمد، ٢٠٠٥، اسرار البلاغة ، احياء التراث العربي، .
- الجرجاني، عبدالقاهربن عبدالرحمن بن محمد، ٢٠١١، دلائل الاعجاز ،مكتبة الخانجي مطبعة المدني.
- جوف، فانسون ،2016 ، القراءة، ترجمة ، د.محمد ايت لعميم و شكير نصرالدين ، رؤية للنشر و التوزيع.
- الواد، حسين ، ١٩٨٥ ، في مناهج الدراسات الادبية ، ط٢ ، منشورات الجامعة، المغرب.
- حسيني و سهرابي، ا.م.د.عبدالله و تورج٢٠١٧، النقد الادبى و نظرياته ، الطبعة الاولى، تموز ، طباعة –نشر-توزيع، ديمشق.
- حمداوى، الدكتور جميل، ٢٠١٥، نظريات القراءة في النقد الادبي، ط١ ، مكتبة المثقف .
- الحمودي، فهد بن صالح ، ٢٠١٢،قراءة القراءة، الطبعة الخامسة، مكتبة العبيكان.
- الحميداني ، حميد ، ١٩٨٥، بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، المركز الثقافي العربي، المغرب.
- حنفي، حسن ، ٢٠٠٦ ،تاويل الضاهريات الحالة الراهنة للمنهج الضاهراتي و تطبيقه في الضاهرة الدينية، ط ١،مكتبة النافذة.
- خضر، ناظم عودة ،١٩٩٧، الاصول المعريفية لنضرية التلقي، ط ١، دارالشروق للدعاية والنشروالتوزيع، عمان، الاردن.
- خليل ،د.ابراهيم محمود ،٢٠٠٣ ، النقد الادبي الحديث ، من المحاكاة الي التفكيك ، الجامعة الاردنية ، قسم اللغة العربية و ادابها، ط١، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة ،عمان .

- خليل ،ابراهيم، ٢٠٠١ ،بنية النص الروائي ، دراسة ، ط١، مطابع الدار العربية للعلوم ناشرون ، منشورات الاختلاف، بيروت.
- خليل، د. ابراهيم محمود ،٢٠٠٣، النقد الادبي الحديث ، من المحاكات الى التفكيك ،دار المسيرة للطباعة و النشر،عمان،اردن.
- خمرى ، حسين ، ٢٠١١ ،سرديات النقد ، في تحليل اليات الخطاب النقدي المعاصر،، ط١، ، مطابع الدار العربية للعلوم ناشرون ، منشورات الاختلاف، بيروت.
- داود، دكتورة نرجس خلف، 2014 ،النظرية النقدية و التداخل المنهجي، ط 1، دار الغيران للنشر ، عمان .
- داود، د.نرجس، ٢٠١٤ ،خلف النظرية النقدية و التداخل المنهجي ،ط١ ، دار الخيران للنشر، عمان.
- دحامنية، د.ملكية ، ٢٠٠٨ ،هرمنيوطيقا، النص الادبي في الفكر الغربي المعاصر ، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق .
- دورتية، جان فرنسوا ،٢٠٠٩، معجم العلوم الانسانية ، ترجمة ، جورج كتورة،ط١، مؤسسة الجامعية للدراسات و النشر،بيروت ،لبنان.
- دی سوسیر، فردیناند ١٩٨٦،، محاضرات في الالسنية العامة ، ترجمة، يوسف غازي، المؤسسة الجزائرية للطباعة، الجزائر.
- راي ، ويليم ، ١٩٨٧، المعنى الادبي من الضاهراتية الى التفكيكية ، ترجمة، يوئيل عزيز، ط١، دار المامون ،بغداد.
- روبرت، هولب ، ١٩٩٤ ،نظرية التلقي ، مقدمة نقدية ، ترجمة، عزالدين اسماعيل ، ط١، كتاب النادي الادبي الثقافي، جدة.
- الرويلي و البازعي ، ميجان و سعد ، ٢٠٠٢، دليل ناقد الادبي، ط٣، ، المركز الثقافي، الدار البيضاء ، المغرب.
- سحلول، حسن مصطفى، ٢٠٠١، نظريات القراءة و التاويل الادبي و قضاياها-دراسة، ، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق.
- سالم، د.محمد سليم، ٢٠٢١، ابن سينا ، ،كتاب المجموع، وكالة الصحافة العربية، القاهرة.
- سعيد خرو، د. سعيد عمري ،٢٠٠٩، الرواية من منضور نظرية التلقي مع نموذج تحليلي حول رواية اولاد حارتنا لنجيب محفوظ، ، منشورات مشروع البحث النقدي و نظرية الترجمة ،الاصدار السادس جامعة سيدي محمد بن عبدالله ،كلية الاداب،الشعبة اللغة العربية و ادابها.
- سلدن، رامان، ١٩٩٦ ، نظرية الادبية المعصرة ،ترجمة ، سعيد الغانمي، ط ١ ، المؤسسة العربة للدراسات و النشر ، بيروت – لبنان.
- شرفي، عبدالكريم ،١٩٩٦،من فلسفات التاويل الى نظريات القراءة ، ط١، منشورات الاختلاف ،، الجزائر.
- شقروش، شادية ، ٢٠٠٠، سيميائية العنوان في مقام البوح لعبد الله العشي ،محاضرات المتلقي الوطني الاول – السيمياء و النص الادبي،منشورات جامعة بسكرة، الجزائر.
- صالح ،د.بشرى موسى،٢٠٠١، نظرية التلقي اصول و تطبيقات الطبعة الاولى ، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء.
- طاليس، ارسطو، ١٩٥٣، فن الشعر ، ترجمة عبدالرحمن بدوي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.
- طايعي، احمد ، ٢٠٠٩، نص القراءة لدى علماء الغرب الاسلامي، الطبعة الاولى، الرباط.

- طرابيشي، جورج ، ١٩٩٦، معجم الفلاسفة (الفلاسفة-المناطقة-المتكلمون-اللاهوتيون-المتصوفون) طبعة ٣ دار الطليعة للطباعة و النشر،بيروت،لبنان.
- عبدالمسيح، مارى تيريز ٢٠٠٦، (مراجعه و اشراف)، من الشكلانيه الى البونيويه،، ترجمه ، امل قارىء و جمال الجزيرى و اخرون ، موسوعه كامبرج فى النقد الادبى، ط١، ٠٨، المجلس الوطني للثقافة.
- عبيد، محمد صابر، ٢٠٠٩ ،شيفرة ادونيس الشعرية ، سيماء الدال و لعبة المعنى، ط١ ،دار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، ، بيروت .
- عفاني، د.فؤاد ، ٢٠١١ ،نظرية التلقي رحلة الهجرة، دار نينوى للدراسات و النشر و التوزيع، .
- علوش، سعيد ، ١٩٨٥ ،معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، ط٣، دار الكتاب اللبناني، بيروت .
- عمراني ، المصطفى، ٢٠١١، مناهج الدراسات السردية و اشكالية التلقي( رويات غسان كنفاني نموذجا) ، ط١، عالم الكتب الحديث، اربد ، الاردن.
- عمل جماعي، ٢٠٠٤ ،نظرية الادب في قرن العشرين ترجمة و اعداد د.محمد العمرى، الطبعة الثانية ، افريقيا الشرق الدار البيضاء.
- عوض ، يوسف انور ،١٩٩٤، نظرية النقد الادبي الحديث، ط١ ، دار الامين للنشر و التوزيع، بيروت.
- غادامير ،هانز جورج ،٢٠٠٧ ،الحقيقة و المنهج، الخطواط الاساسية لتاويلية فلسفية، ترجمة، د.حسن ناظم و علي حاكم،ط١ ، دار اويا للطباعة و النشر و التوزيع و التنمية.
- غادامير، هانس غيورغ ،٢٠٠٦، فلسفة التاويل، الاصول .المبادىء.الاهداف، ترجمة ، شوقي الزين، ط٢ ، منشورات الاختلاف، الدار العربية للعلوم ، المركز الثقافي العربي .
- الغذامي، الدكتور عبدالله ،١٩٨٧ ،الموقف من الحداثة و مسائل اخرى، ط١ ، دار البلاد، جدة.
- الغذامي،عبدالله، ٢٠٠٦ ،الخطيئة التفكير، من البنيوية الى التشريحية، نظرية و تطبيق، ط،٦ الدار البيضاء، المركز الثقافي العربي.
- فاطمة البريكي، ٢٠٠٦، مدخل الى الادب التفاعلي ، ط١ المركز الثقافي العربي ،، الدار البيضاء ، المغرب.
- فش، ستانلى ،٢٠٠٤، هل يوجد نص فى هذا الفصل، ت، احمد الشيمي، مراجعة ، محمد بريري، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة .
- فضل، د.صلاح، ١٩٩٢ ،بلاغة الخطاب و علم النص ، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب ، الكويت .
- فونيست ، ب، ليتش٢٠٠٠، النقد الادبي الامريكي (من الثلاثينيات الى الثمانينات) ، ترجمة، محمد يحي، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.
- قطوس ، بسام ،١٩٩٨، استراتيجيات القراءة ، التاصيل و الاجراء النقدي ، ط2،، دار الكندي ، مؤسسة حمادة، القاهرة .
- قطوس، د. بسام ،٢٠٠٢، تمنع النص متعة التلقي ، قراءة ما فوق النص ، الطبعة الاولى ، ازمنة للنشر و التوزيع،عمان ، الاردن.
- كارتر، ديفيد ، ٢٠١٠ ،النظرية الادبية ، ترجمة ، د.باسل المساله، ، ط١، دار التكوين للنشر و التوزيع ، دمشق ، سوريا.
- كريستيفا، جوليا، ١٩٩٧ ،علم النص، ترجمة فريد الزاهي، ط٢، ، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء.
- كليتو ،عبدالفتاح ، ٢٠٠٧، الادب والغرابة، دراسات بنوية في الادب العربي ، الطبعة الرابعة، ، دار توقبال للنشر ،الدار البيضاء.

- كولوقلى،غنيمة،٢٠١٣ ،نظريةالتلقى، خلفياتهاالاستمولوجيةوعلاقتها بنظريات الاتصال،الطبعة الاولى، دار التنوير، الجزائر.
- لحميداني ، حميد ، ٢٠٠٩، الفكر النقدي الادبي المعاصر ( مناهج و نظريات و مواقف) كلية الاداب ، ، ط١، فاس ، المغرب ظهر المهراز.
- مجموعة من الباحثين ، ٢٠١٠ ،معجم السرديات، اشراف محمد القاضي ، ط١، مؤسسة الانتشار العربي ، الرابطة الدولية للناشرين المستقلين،بيروت .
- مجموعة من الباحثين ،١٩٩٨،بحوث في القراءة و التلقي، ترجمة ، محمد خير البقاعي ، مركز الانماء الحضاري،حلب .
- مجموعة من الباحثين ، ٢٠١٢ ،كيمياء الكلمات، حوار في النقد و الشعر و الرواية و المسرح، ترجمة ، الدكتور محمود درويش ،دار المامون للترجمة و النشر،بغداد .
- محمد، عبدالناصر حسن ،١٩٩٩، نظرية التوصيل و قراءة النص الادبي، المكتب المصري لتوزيع المطبوعات، القاهرة.
- محمود ، الدكتور خليل ابراهيم ، ٢٠١١، النقد الادبي الحديث ، من المحاكاة الى التفكيك ، ط٤، دار الميسرة للنشر و التوزيع، عمان.
- المرابط ،عبدالواحد، ٢٠١٠ ،السيمياء العامة و سيمياء الادب، ط١، الدار العربية للعلوم وناشرون و منشورات الاختلاف، بيروت ، لبنان.
- المرابط، عبدالواحد ، ٢٠١٠،السيمياء العامة و سيمياء الادب – من اجل تصور شامل-منشورات مشروع البحث النقدي و نظرية الترجمة وحدة النقد الادبي الحديث و الحاضر ، الاصدار الاول ،مدير المشروع د.حميد الحميداني جامعة سيدي محمد بن عبدالله ،كلية الاداب ،شعبة اللغة العربية و ادابها.
- مرينى، محمد، ٢٠٠٧، سيكولوجية القراءة، ط١ دار النشر جسور، وجدة ، المغرب.
- مصطفى ،الدكتور جلال مصطفى ٢٠١٦ ،اشكالية التلقي و التاويل فى النص المعاصر(النص المسرحى نمذجا) ،ط١،دار صفحات، سوريا .
- مصطفى ،عادل ، ٢٠٠٧ ،فهم الفهم ،مدخل الى الهيرمونطيقا، الطبعة الاولى ، رؤية للنشر و التوزيع، القاهرة.
- مصطفى، الدكتور مصطفى جلال، ٢٠١٦ ،اشكالية التلقي و التاويل فى النص المعاصر(النص المسرحى نمذجا) ، ط١،دار صفحات، سوريا.
- ناجي ،الاء محمد، ٢٠١٦، شعر ابي قاسم الشابي في ضوء نظرية التلقي ، دار زهدي للنشر و التوزيع .
- الناصر، د.ايمان عيسى،٢٠١١، وحدة النفي و تعدد القراءات التاويلية في النقد العربي المعاصر، الطبعة الاولى ، دار الفارس للنشر و التوزيع،عمان.
- ناضم، حسن، ١٩٩٤ ،مفاهيم الشعرية، ط١ ، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء .
- هولب، روبرت س ، ١٩٩٦، نظرية التلقي مقدمة نقدية ، ترجمة خالد التوازني و جلال الكدية ، الطبعة الاولى، منشورات علامات.
- هولب، روبرت سى ،، ١٩٩٢ ،نظرية الاستقبال، مقدمه نقديه ، ترجمة رعد جواد عبدالجليل، ط ١، دار الحوار للنشر و التوزيع اللازقية، ، سوريا.
- هوي، ديفيد كوزنز ، ٢٠٠٥، الحلقة النقدية ، الادب والتاريخ والهرمونتيقا الفلسفية، ترجمة ، خالدة حامد ،، المجلس الاعلى للثقافة ،القاهرة.

- هيرنادي ، بول، ١٩٨٩ ،ماهو النقد ، ترجمة سلافة حجازي، ط١ ، دار الشؤون الثقافية العامة للطباعة و النشر، بغداد.
- الواد حسين ، ١٩٨٥، في مناهج الدراسات الادبية ،الطبعة الثانية، ،منشورات الجامعة، المغرب.
- الواد حسين،١٩٩٣،في تاريخ الادب مفاهيم و مناهج،المؤسسة العربية للدراسات و النشر،بيروت.
- ويليك، رينيه ،١٩٨٧ ،مفاهيم نقدية، ترجمة محمد عصفور ، عالم المعريفة، سلسلة كتب شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب بالكويت، العدد١١٠، فبراير ،
- ياوس، هانز روبرت ، ٢٠٠٤ ،جمالية التلقي من اجل تاويل جديد للنص الادبي ، ترجمة رشيد بنجو،مصر ،المجلس الاعلى للثقافة.
- ياوس، هانز روبرت ، ٢٠١٤ ،نحو جمالية التلقي ، تاريخ الادب تحد لنظريه الادب ،ترجمه د .محمد مساعدى، مراجعه د.عز العرب لحكيم بنانى،،ط ١ ،النايا للدراسات و النشر.
- اليعكوبي، البشير ،٢٠٠٦،القراءة المنهجية للنص الادبي، النصان الحكائي و الحجاجي انموذجا، دار الثقافة للنشر و التوزيع،، الدار البيضاء .
- يوسف، احمد،٢٠٠٣، القراءة النسقية ( سلطة البنية و وهم المحايثة) ، ط١، منشورات الاختلاف،الجزائر.

<u>سەرچاوەی فارسی ،</u>

- مدرسي ،دكتر فاطمة، ١٣٩٠، فرهنگ توصيفي نقد و نظريه هاي ادبي ، چاپ اول ، تهران .
- م.ا.ر ، حبيب ،١٣٩٦، نقد ادبي مدرن و نظريه ، ترجمة سهراب طاوسي ، چاپ يكم ، تهران.

## سەرچاوەی ئینگلیزی:

- Voir,H-R-Jauss,1996,((Pour une esthetique de la reception)),trad , par Clade, Maiiard, ed, Gallimard.
- Bordas Eric, 2002,Claire Barel-Moisan , Gilles Bonnet, Aude Deruelle, Cristine Marchandier-Colard((Lanalyse litteraire , notions et reperes)), edition.
- Hans Robert Jauss, 1988 ,pour une hermenetique litteraire ,traduit de l'allemand Maurice Jacob, editions Gallimard.
- Kelkel,Arion Lother, 1980 ,La legend de lEter langage et Poesie chez Martin -94 Heidegger,( Librairie philosophique, jean vrin .
- Frnand Hallen et France Schuerewegen , 1987 ,De l hermneutique a la deconstruction , dans Introduction aux etudes litteraires ، methods du texte , ouvrage dirige par Maurice Delcroix et Fermand Hallyn, edition DUCLOT, Paris – gembloux.
- W.Dilthey Press, 2002, The Formation of the Historical World in the Human Sciences, Princeton University.

- Jean Grondin, 2006, L'hermeneutique,Que Sais-je, press Universitaires de France , 1st edition.
- Gadamer, 1967 ,(Hans George << Verite et M method >> Les grands lignes d'une hermeneutique philosophique,edition du seuil , paris .
- Zima-Pierre, 1971,<<La comprehension pratiquee dans les sciences humaines de l'esprit est essentiellement historique ,c'est a-dire ,du faitt que la aussi un texte n'est compris que s'il est a chaque fois compris differemment >> Verite et Methode,in ،M.Philibert ، Paul Ricoeur ou la liberte selon l esperance, Paris,Seghers,.


## نامە ئەکادیمیەکان:

### کوردی :


- عەلی ، لوقمان رەئوف، ٢٠١٣، دەقی شیعری لە روانگەی سیمۆلۆژییەوە( ١٩٥٠-١٩٧٥) کرمانجی خواروو ، تێزی دکتۆرا ، بە سەرپەرشتی پ.د.دڵشاد عەلی محەمەد، زانکۆی سلێمانی ، سکولی زمان ، بەشی کوردی .
- قادر ، ئاوارە فەرەیدون،٢٠١٩،شیکاریەکی شیعری نوێی کوردی لە نێوان سالانی ( ١٩٧٠-١٩٩٠)بەپێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە ، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان ، بەشی کوردی .
- کەریم ، فەرهاد قادر ، ٢٠٠٦، ڕێبازی شیعری کاکەی فالاح ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان ، بەشی کوردی.
- کاکی ، حمە نوری عمر ، ٢٠٠٩ ، شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست ١٩٢٠ – ١٩٧٠ ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێجی زمان ، بەشی کوردی.
- محمد ، عزالدین صابر، ٢٠١٥، شێوازی هۆنراوەکانی شێخ نوری شێخ صالح ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی ، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، سکولی زمان ، بەشی کوردی .
- میرە، ئەحمەد محەمەد رەشید ، ٢٠١٩، دیاردەی یاخیبوون لای شێرکۆبێکەس و محمد ماغوط، دیوانی ئێستا کچێک نیشتیمانمە و دیوانی شرق عدن غرب الله بەنمونە ، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی .


### عەرەبی


- زين، حفيظة ، ٢٠٠٤-٢٠٠٥ ،قصيدة بلقيس لنزارقباني، دراسة في ضوءالقراءة و جماليات التلقي اشراف د.بشير ابرير، ،مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير، ، جامعة محمد خيزر ببسكرة، الجزائر،كلية الاداب و العلوم الاجتماعيةو الانسانية، قسم اللغة و الادب العربي .
- سعيد، شاهۆ ، ٢٠٠٦ ، البعد الفلسفي للتبئير الروائي ، اطروحة دكتورا ، جامعة السليمانية، كلية اللغات .

- طيب و طيب، جميلة و حورية، ٢٠١٥-، ٢٠١٦ ،قصيدة خلوة يوسفية للزبير دردوخ قراءة وفق اليات التلقي.باشراف د.رابح ملوك، مذكرة مقدمة لنيل شهادة ماستر في اللغة و الادب العربي ،الجزائرن جامعةالبويرة ، كلية الاداب واللغات ، قسم اللغة و الادب العربي .
- عميرات، اسامه ، ٢٠١٠-٢٠١١ ،نظرية التلقي النقدية و اجراءاتها التطبيقية في النقد العربي المعاصر ، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في النقد الادبي المعاصر،كلية الاداب و اللغات ،قسم اللغة العربية ،جامعة الحاج لخضر،باتنة.
- مروك، دليلة ، ٢٠٠٩-٢٠١٠ ، استراتيجية القاريء في شعر المعلقات "معلقة امريء القيس" نمذجا اشراف د.ليلى جباري، ، اطروحة ماجستير في الادب، ، الجزائر، جامعة منتوري، كلية الاداب و اللغات، قسم اللغة العربيةوادبها .
- وهاب ، خالد ، جمالية التلقي و التاثير في ثلاثيةاحلام مستغانمي ، اطروحة مكملة لنيل شهادة دكتوراه علوم في الادب العربي ، تخصص ادب جزائيري ، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة، كلية الاداب و اللغات ، قسم اللغة و الادب العربي ، ٢٠١٦.

## گۆڤارەكان

### كوردى

- بەرزنجی ، عبدالله طاهير ، ١٩٩٩، لەنووسەرەوە بۆ دەق ، لە دەقەوە بۆ خوێندنەوە ، يا سەرهەلدانی خوێنەرو تيۆری پێشوازی و وەرگرتن، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە ١٥ .
- بەرزنجی و احمەد و رێبوار ، عبدالله تاهير و محمد امين و حەميد، ١٩٩٢، بەياننامەی پرۆژە ، گۆڤاری پرۆژە ، بڵاوكراوەی كۆری رۆشنبيری كورد / لقی كەركوك ، ژمارە ١.
- بەرزنجی و محمود، د.عەلی تاهير و د.شنۆ محمد ،٢٠١٢ زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانی و خوێندنەوەی دەقی شيعری ،ژمارە (٣٣)گۆڤاری زانكۆی سلێمانی بەشی (B) .
- سەجادی ، بەختيار ،١٣٩٦،لێكدانەوەی شێوازناسانەی قوتابخانەكانی ڕوانگە و كفری ، بەسەرنجدان بە شيعری شێركۆبێكەس و لەتيف هەڵمەت ، پژوهشنامه ادبيات كردى،سال سوم، شمارە٤، پاييز و زمستان .
- علی، خۆشناو، پ.ی. د. تاهير محمد و د.هێمن عمر ، ٢٠١٦،مەی وەک ميراتێكی سۆفيانە لە شيعری مەحوی دا ، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی . بەشی B، ژمارە ٥١.
- عەلی ، بەختيار،٢٠٠٢، گەڕان بۆ ماناكانی ديكەی شيعر، گۆڤاری رامان ، ژمارە ٧٢.
- مەسيفی ، ئەنوەر ، ٢٠٠٤،چاوپێكەوتن و گۆڤاری شين و ژمارە ١، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس و هەولێر .
- هەڵمەت، لەتيف ،چاوپێكەوتن ، ١٩٩٦، گۆڤاری رامان ، ژمارە ٣٥ .

### عەرەبی

- الاسدي ، عبدالستار ، ٢٠٠٠ ،قراءة في الاشكالية النقدية ماهية التناص ، ماهو جديد في صياغته قديم في عناصره، مجلة الرافد ، الشارقة، دائرة الثقافة و الاعلام ، العدد ٣١.

- ايزر، وولفانغ، ١٩٩٢ ،في نظرية التلقي ، التفاعل بين النص و القارىء ،ترجمة ، الجيلالي الكدية ،مجلة دراسات سيميائية ادبية ، العدد ٧، .
- ايزر، وولفغانغ، ١٩٨٧ ،القارىء المفترض، عرض ، ابراهيم الخطيب ، مجلة الافاق ، المغرب،اتحاد كتاب المغرب، العدد٦، .
- انجلتن ،تيرى ، ٢٠٠٣،الفينومينولوجيا و الهرمينطيقا و نظرية التلقي ، تقديم و ترجمة ، توفيق سخان ، مجلة المتلقى، عدد ١١، السنة السابعة .
- ايبش،ايلرود، التلقي الادبي ، ١٩٩٢، ترجمة، محمد برادة، مجلة دراسات سيميائية ، فاس، العدد ٦.
- البركات و برهم و القيصري، الدكتور وائل و الدكتورة لطيفة و نضال، ٢٠١١، ڤولفغانغ ايزر و الية انتاج المعنى، مجلة جامعة تشرين للبحوث و الدراسات العلمية- سلسلة الاداب و العلوم الانسانية ن المجلد ٣٣، العدد ١،.
- بو عبدالله، الحبيب ، ٢٠٠٤ ،مفهوم الهيرمونتيقا الاصول الغربية و الثقافة العربية، مجلة فصول،هية المصرية العامة للكتاب ،القاهرة،العدد ٦٥.
- برزنجي، د.علي طاهر، ٢٠١٣، النقد الادبى الكوردى فى ضوء المناهج النقدية الحديثة ، جامعه كيف،ئوكرانيا .
- جوس، هانز روبرت ، ١٩٨٨ ،علم التاويل الادبي حدوده و مهماته ، مجلة العرب و الفكر العالمي ، مجلة النصوص الفكرية الابداعية و النقدية ، تصدر عن مركز الانماء القومي ،لبنان،العدد الثالث،صيف.
- حسين الواد ،من القراءة النشأة الى قراءة التقبل ، مجلة الفصول، القاهرة ١٩٨٤ ،عدد ١،.
- ريكور، بول ، ١٩٨٨ ،النص والتاويل،ترجمة الدكتور بسام بركة ،مجلة العرب و الفكر العالمي، مركز الانماء القومي،لبنان،العدد ٣.
- حمودين و قاسم، د.علي و المسعود ، ٢٠١٦ ،اشكاليات نظرية التلقي ک المصطلح المفهوم الاجراء، كلية الاداب و اللغات ، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، مجلة الاثر، عدد ٢٥.
- ستراوبنسكي ، جان، ١٩٩٢، نحو جمالية التلقي ، ترجمة ، محمد العمري، مجلة دراسات سال، فاس، العدد ٦.
- سلدن و بروكس ، رامان و بيتر، ٢٠٠١، النظريات الموجه نحو القاريء ، ترجمة محمد نور النعيمي ، مجلة الاداب الاجنبية ، اتحاد الكتاب العرب بدمشق،عدد ٤.
- سلطاني، وردة ، ٢٠٠٩ ،النص بين سلطة الكاتب و القاريء ، مجلة المخبر ، العدد الاول، جامعة بسكرة ،.
- شيتاينمتز،هورست، ١٩٩٧ ،التلقي و التاويل، ترجمة ، احمد هاشم ، مجلة الاقلام، بغداد،دار الشؤون الثقافية العامة، العدد ٥-٦، .
- صالح ، فخري ، ١٩٩٩ ،هانس روبرت ياوس ، من توقعات القاريء الى معنى التجربة ، مجلة علامات في النقد ، المجلد الثامن ، الجزء ٣٢، .
- عبدالرحمن ، تبرماسين ، ٢٠٠٩، اليات التلقي في قصيدة اللعنة و الغفران ،استاذ الادي الحديث بقسم الادب العربي ، جامعة بسكرة ،الجمهورية الجزائر ،مجلة جامعة ام القرى لعلوم اللغات و ادابها ،العدد الاول ،يناير .
- عروي، محمد اقبال ، ٢٠٠٩ ،مفاهيم هيكلية في نظرية التلقي ،مجلة عالم الفكر، عدد ٣، المجلد ٣٧،المجلس الوطني للثقافة والفنون و الاداب، الكويت ،٣مارس.
- عزام ،محمد، ٢٠٠٢ ،سلطة القاريء في الادب ، ، مجلة الموقف الادبي ، عدد ٣٧٧، ايلول ، اتحاد كتاب العرب بدمشق.

- عيال، محمد،١٩٨٨ ، التلقي و التاويل، مدخل نظري ، الاقلام، مجلة تعني بالادب الحديث،، العراق، السنة الثالثة و الثلاثون العدد الرابع،.
- غادامير ،هانس جورج، ١٩٨٨، اللغة كوسيط للتجربة التاويلية ، مجلة العرب والفكر العالمي ، مجلة النصوص الفكرية و الابداعية و النقدية، تصدرعن مركز الانماء القومي، لبنان ، العدد الثالث، صيف.
- غزول، فريال جبورى ،١٩٨٢، الشكلانية الروسية ، مجلة فكر العربي ، العدد ٢٥، السنة الرابعة .
- فرحان، د. محمد جلوب ،٢٠٢٠، فيلسوف و عالم النفس ( فرانز برناتون) اوراق فلسفية جديدة ، مجلة فلسفية اكاديمية متخصصة ، مركز دريد الفرحان للدراسات و الابحاث ، كندا ، عدد ٦٧.
- فرحان، د.محمد جلوب، ،٢٠١٤مدرسة فرانز برنتانو و اثرها الفلسفي و العلمي،مجلة اوراق فلسفية جديدة،المجلد السابع،العدد ١٣/شتاء-ربيع، .
- فؤاد، مرعى،1994 ، العلاقة بين المبدع و النص و المتلقي، مجلة الم الفكر ، ع2.
- الكردي، محمد علي، ١٩٨٣،النقد البنيوي بين الايدولوجيا و النظرية ، مجلة فصول ، عدد١.
- المتقن، محمد ، ٢٠٠٣ ،في مفهومي القراءة والتاويل، مجلة عالم الفكر ، المجلس الوطني للثقافة و الفنون والاداب، الكويت ، عدد ٢، مجلد ٣٣، اكتوبر-ديسمبر .
- مصطفى و عبدالرزاق، ا.د.خالد علي و م.ربى عبدالرضا ٢٠١٦، مفهومات نظرية القراءة و التلقي ، البحث مستل من اطروحة الدكتورا ، مجلة ديالى .
- معروف، رضا ، ٢٠١٢، جدلية التاريخ و النص و القاريء عند نقاد مدرسة كوستانس ، مجلة كلية الاداب و اللغات ، عدد ١٢، جامعة بسكرة.
- مهيبل، عمر ، خطاب التاويل١٩٩٩و ٢٠٠٠،خطاب الحقية، مجلة الفكر العربي المعاصر، مجلة فكرية مستقلة تصدر عن المركز الانماء القومي-بيروت/باريس، خريف ، شتاء ، العدد ١١٢-١١٣.
- ياوس، هانز روبرت ،١٩٨٦، جمالية التلقي و التواصل الادبي ، مدرسة كونستانس الالمانية ، ترجمة ، سعيد علوش ، مجلة الفكر العربي المعاصر ، عدد ٣٨، بيروت،.
-

ئەنتەرنێت

کوردی

- کەریم و مەستی، پ.د.زاهیر لەتیف و پ.د.نیان نەوشیروان فوئاد ، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دەقی کراوەو دەقی داخراو ، فەرەیدون عەبدول بەرزنجی بەنمونە ، www.khaktv.net
- والی شاعیر قوبادی جەلی زادە
- www.kurdipedia.org

## عەرەبی


- البازعي، د.سعد عبدالرحمن ، ٢٠١٦، محاضرة القاريء الضمني ،، ادارة د.بدر المقبل ، النادي الادبي بالرياض، جامعة الاميرة نورة بنت عبدالحمن ، سعودية، ٢٠١٦/١٢/٥. YouTube .
- لحميدانى، د.حميد ، ٢٠١٥، محاضرة جمالية التلقي رؤية زمنية و التزامنية للنص الادبي، طلاب الدراسات العليا ، ماجستير،٢٦ ، نوفمبر، كلية الادابو العلوم الانسانية، مكناس، YouTube.
- ا.د.محمد كريم الساعدي ، القاريء الضمني ، فولغانغ ايزر YouTube.
- ا.دزمحمد كريم الساعدي ، اقلام فكرية ، افق التوقعات و مفاهيم اخرى في التلقي، www.almothaqaf.com
- مجلة رسالتي، بريد استثنائي من القاريء الاستثنائي، القاريء الحقيقي، ٢٠٠٨، www.risalaty.net
- معروف عبدالرحيم ، ماذا عن الهيرمونتيقا او التاويلية ؟ ، https//www.alukah,net،
- ابوزيد بيومي ، الفراغات النصية و خلال التلقي في ديوان –من جغرافيا القارة العانس- للشاعر سفيان صلاح، http، alantologyia.com//
- هاشمي ،غزلان ، ٢٠١١، نظرية التلقي ..النشأة و التطور ،دراسات ادبية ، جريدة شعب اليوم ، ٢١-٦-٢٠١١، www.djazairess.com
- www.almothaqaf.vo
- www.islamweb.net
- www. wikipedia.org
- www.noor.book.com
- www.art.uobabylon.edu.iq
- www. wikijoor.ir.com
- www.islamweb.net
- www.almothaqaf.vom

سیمینار ،

- ئەمین ،د.میران جەلال،٢٠١٦،سیمینارى خوێندنەوەیەکى نوێ بۆ دەقێکى نالى ، بەشى کوردى/ ئێواران ، زانکۆى سلێمانى .

# کورته :

ئەم تێزی دکتۆرایە کە بە ناونیشانی ( تیۆری وەرگرتن و ڕەخنەی شیعری کوردی) یە  هەوڵێکە بۆ ناساندنی تیۆری وەرگرتن و شیکردنەوەی شیعری کوردی بە پێی چەمکەکانی ئەم تیۆریە ، دامەزرێنەرانی بریتین لە ( هانز رۆبەرت یاوس) و ( ڤۆلگانگ ئایزەر)ی (قوتابخانەی کۆنستانس) ی ئەڵمانی .

تیۆری وەرگرتن  جەختی زۆر دەکاتە سەر ڕۆڵی خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا ئەو ڕەگەزە گرنگەی کە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا  پێشتر ڕۆڵی پشتگوێخرابوو، ئەمان پێگەو ڕۆڵەکەیان بۆ گێڕایەوە لە بەرهەمهێنانی واتای دەقدا و پێیان وایە دەق بەبێ خوێنەر وەک لاشەیەکی بێگیانەو ئەوە خوێنەرە کە گیان دەکات بە بەری دەقدا .

لەم تێزی دکتۆرایەدا هەوڵدراوە مێژوو تایبەتمەندی زەمینەی سەرهەڵدانی تیۆریەکە ڕوونبکرێتەوە و باس لە گرنگترین سەرچاوە فەلسەفیەکانی بکرێت کە خۆی لە ( هێرمۆنتیکا) و ( فینۆمینۆلۆجی) دا دەبینێتەوە ئەمە سەرەڕای دەرخستنی کاریگەری تیۆریەکانی تری وەک ( شێوازگەری و بونیادگەری و سیمۆلۆجیا) لەسەر ئەم تیۆریە، دواتر باس لە پرۆسەی خوێندنەوەو کارلێکی نێوان دەق وخوێنەر کراوە لەو پرۆسەیەداو چۆنیەتی بەهەمهێنانی واتای دەق ڕوونکراوەتەوە بەپێی چەمکەکانی (ئاسۆی چاوەڕوانی،مەودای ئێستاتیکی،بۆشایی دەق و ڕوانگەی گەرۆک) و چەند چەمکێکی تری ( یاوس و ئایزەر ) پاشان هەر لەڕوانگەی ئەو چەمکانەوە چەندین دەقی شیعری کوردی شیکراوەتەوەو هەر لە دەقی کلاسیکیەوە بۆ دەقی هاوچەرخ، جیا لەمەش هەوڵدراوە خەسڵەتە گشتیەکانی پرۆسەی ڕەخنەی کوردی لە کۆندا بخرێتەڕوو کە هەروەک ڕەخنەی جیهانی و نەتەوەکانی دراوسێ زیاتر ڕوو لە نووسەر بووەو دەسەلاتی نووسەر بە زەقی دیارە تیایدا و پاشان قسەلەسەر قۆناغی ڕووکردنە دەق کراوەو ئەوەش خراوەتەڕوو کە ڕەخنەی کوردیی لەبواری کارکردن لەسەر خوێنەر مێژوویەکی زۆر کورتی هەیە و بە بەڵگەوە ئەم بۆچوونانە خراونەتە روو .

لە کۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستهاتوون لەچەند خاڵێکدا خراونەتە ڕوو .

الملخص :

عنوان الاطروحة هي ( نظرية التلقي والنقد الشعر الكوردي ) هي محاولة لبيان المفاهيم الاساسية لهذه النظرية و تحليل الشعر الكوردي وفق معطياتها ، رواد هذه النظرية هم ( هانز روبرت ياوس) و ( فولغانغ آيزر) و اقطاب المدرسة الكونستانسية الالمانية .

تركز نظرية التلقي على الدور الفاعل و المحوري للقاريء في عملية التلقي ذلك الدور الذي كان مهمشا في المناهج النقدية السابقة ، و اكدت على أن المتلقي هو الذي يعطي الدلالة للنص ويكون النص بمعزل عن القاريء كالجسد من دون روح.

حاول الباحث في هذه الأطروحة أن يتطرق الى تاريخ نشأة نظرية التلقي و الظروف الثقافية التي مهدت لنشوئها و اهم المناهج التي اثرت فيها وهي التأويلية و الظاهراتية و نقد استجابة القاريء وهي المناهج التي أعقبت البنيوية .

وتبحث الاطروحة أيضا عملية القراءة والتفاعل بين النص و القاريء و التركيز على مفهوم أفق التوقع و المسافة الجمالية و الفجوات و وجهة النظر الجوالة و فاهيم أخرى جاء بها كل من ( هانز روبرت ياوس) و ( فولغانغ آيزر) ، ويأتي بعد هذا تحليل نصوص من الشعر الكوردي من الأدب الكلاسيكي القديم و الأدب الحديث كنماذج مختارة ، كما حاول الباحث التطرق الى خصائص النقد الآدبي الكوردي الذي مر بمراحل شأنه شأن تاريخ النقد عند الشعوب الذي كان متجها في البداية الى المؤلف و منتج النص ثم التوجه الى النص مع ظهور البنيوية و التحول فيما بعد الى المتلقي ، لكن النقد الأدبي الكوردي ليس له تاريخ يذكر مع نظريات ما بعد البنيوية خصوصا مع نظرية التلقي ، وفي نهاية الأطروحة عرضت اهم النتائج التي توصلت اليها .

## Abstract:

The title of this ph.D research is"The Reception Theory and the Criticism in Kurdish poetry". According to the concept of the theory, this study is an effort to identify the reception theory and to analyze Kurdish poetry. Indeed, the reception theory has its founders such as Hans Robert Jauss and Wolfgang Iser from Konstanz School in Germany.

The reception theory highly throws light upon the role of the reader in the process of reading any literary texts. This significant genus, the role of the reader, which has been excluded before in literary criticism, now has been broght back into existence-for the sake of the meaning of literary text. Accordingly, it is considered that a text without a reader is like having a body without a soul. However, it is also belived that it is the reader who gives soul to the text.

In this ph.D research, it has been attempted to clarify the history and foundation of the reception theory. Nevertheless, despite showing the effect of other theories, for instance, stylistic, stnucturalizm, and semiotics on the reception theory, talking about the most important philosophical sources such as Hiromantika and Phenomenology has been another aim of his study. Then, it has also been endeavored to talk about the process of reading and the reaction between the text and the reader. Furthermore, the way of constructiong the meaning of the text has been elucidated, according to the concepts of the perspective of waiting, the scope of esthetic, the space in the text, transportable interpretation and two other constructors or founders that have been mentioned above-Jauss and Iser. Onone hand, from the perspective of these concepts or theories, a lot of Kurdish poems have been analyzed from classical texts to modern text. On the other hand, the role and power of the writer have been exposed to the geneal concepts of Kurdish criticism in the past. Just like the other global theories of critique. Then, the stage of facing text has been talked about; this includes the belief that Kurdish criticism in the field of dealing with readers has a very short history. Indeed, this belief has been exposed with evidence.

In conclusion, the most significant achived consequences have been uncovered in some arguments.

## زانیاری گشتیی لەبارەی بیرمەندان و چەمکە بەکارهاتووەکان لەم تێزەدا:

**تیۆدۆر ئەدۆرنۆ ١٩٠٣-١٩٦٩:**

فەیلەسوف و زانای کۆمەڵناسیی و دەروونناسیی و مۆسیقاریێکی گەورەی ئەڵمانییبووە لە١١-٩- ١٩٠٣ لە فرانکفۆرت لەدایکبووە، بە بیروباوەڕە ڕەخنییە کۆمەڵایەتییەکانی بەناوبانگبووە، ئەندامێکی گرنگی قۆتابخانەی فرانکفۆرتی ڕەخنەیی بووە بەیەکیک لە بیرمەندەگەورەکانی سەدەی بیستەم لەفەلسەفەو ئێستاتیکادا دادەنرێت، کاریگربووە بە هەریک لە(هیگڵ، مارکس و نیچە) لەگرنگترین کتێبەکانی(مشتومڕ لە سەردەمی ڕوناکبیریدا١٩٤٧) (الجدل فی عصرالتنویر ١٩٤٧) و(الجدل السلبی ١٩٦٦) لەماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا دوورخراوەتەوە بۆ ئەمەریکا بەهۆی ڕەخنگرتنی زۆری لە فاشیەت، لەوکاتەی لەگەڵ (تۆماس مان) لە کالیفۆرنیا ژیاون زۆر یارمەتیداوە لە نووسینی ڕۆمانی(دکتۆر فاوست)دا دوای گەڕانەوەیبەشداری کاریگەری لە بنیادنانەوەی ژیانی فکری و ڕۆشنبیری لە ئەڵمانیادا کردووە، ساڵی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە، لەو گریمانانەی کە دوای وەفاتی بڵاوکرایەوە داواکردنی بۆ هونەری پابەند کە زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆکدەدا وەک لە ڕووخسار (www.noor-book.com ).

**ئەنتوان کۆمبانیون:**

مامۆستای (کۆلێج دو فرانس) ە لێپرسراوی کورسی ئەدەبی فەرەنسی هاوچەرخ و تازەیە، هەروەها مامۆستایە لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە خاوەنی چەندین دانراوە، کە کروویەتی بەیەکێک لە گرنگترین نووسەرو ڕەخنگرانی جیهان، چەند توێژینەوەیەکی شیکاری هەیە لەبارەی (مۆنتین) ی فەیلەسوف و کۆمەڵێک لە سیمبولەکانی ئەدەبی فەرەنسی وەک (بۆدلێر)ی شاعیرو (بروست)ی مێژوونووس و(ڕۆلان بارت) ڕەخنەگری ئەدەبی www.wikipedia.org.

**فردیناند برونتیر ١٨٤٩-١٩٠٦:**

ڕەخنەگری فەڕەنسی( فردیناند برونتیر) لەساڵی ١٨٤٩ لە شاری تۆلۆن لەدایکبووە، لەساڵی ١٨٨٦وە بووە بە مامۆستا لەزانکۆی سۆربۆن، بەنووسینە ڕەخنییە تایبەتەکانی لەبواری مێژووی ئەدەب و مێژووی ڕەخنەوە بەناوبانگبووە، کۆمەڵێک نووسراوی لەبارەی ڕەخنی ئەدەبیی و لێکۆڵینەی ڕەخنەییەوە نووسیوە کە لە نۆبەرگ پێکهاتووە، لەگرنگترین کتێبەکانی (مساءل فی النقد ١٨٨٩) و(مساءل جدیدە فی النقد ١٨٩٠) وەکۆمەڵێک وتار، کە تیایدا ڕەخنی لە قوتابخانەی

سروشتگەرایی و ڕابەرەکەیان ( ئەمیل زۆلا) گرتووە بەناوی (الرواية الطبيعية) ساڵی ١٨٨٣ بڵاوی کردۆتەوە، وەکتێبی(تطور النقد)ساڵی ١٨٩٠، وەچەندین کتێبی ڕەخنەیی تر، سەرنووسەری گۆڤاری (مجلة العالمين)بووەساڵی ١٨٩٣، ئەم گۆڤارە کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر ژیانی ڕامیاریی فەڕەنسا لەسەدەی نۆزدەدا، ئەمەسەڕای ئاڕاستەئەدەبیەکەی کە پشتگیری لەنووسینەکانی (ستاندال، شاتوبریان، میرمیە و روستان)کردووە، لەساڵی ١٩٠٦ لە پاریس کۆچی دواییکردووە .www.wikijoor.ir

## سامۆئیل بارکلی بیکیت:

نووسەرو شاعیرو ڕەخنەگری ئیرلەندی (سامۆئیل بارکلی بیکیت )، ساڵی ١٩٠٦ لەشاری دبلن لەدایکبووە، یەکێکبووە لەنووسەرە بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەم، وەبەیەکێک لەنوێگەرەکان دادەنرێت، چونکە لەسەر ڕێبازی ( جیمس جویس) دەڕۆیشت هەروەها بیکیت لەسەر ئاڕاستەی (مارتن ئەسلن) دەینووسی کەناسرابوو بە شانۆگەری عەبەس( مسرح العبث) بەزمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی دەینووسی، ڕ لەگرنگترین بەرهەمەکانی ( لەچاوەڕێی گۆدۆدا)یە کە لەساڵی ١٩٦٩دا خەڵاتی نۆبلی وەرگرتووە.

## ولیام بلیک ١٧٥٧-١٨٢٧ :

شاعیرو وێنەکێشی ئینگلیزییە،لە ٢٨-١١-١٧٥٧ لەدایکبووە، لەڕۆژگاریخۆیدا ناسراونەبووە، بەڵام ئێستا بە شاعیر و هونەرمەندێکی گرنگی سەردەمی ڕۆمانسی دادەنرێت، شیعرەکانی لەزمانی ئینگلیزیدا کەم بڵاوبووە هونەرەکەی وای لە ڕەخنەگرانی هاوچەرخکردووە لەبارەیەوە بڵێن: گەورەترین هونەرمەندە کە مێژووی بەریتانیا بەخۆیەبینیویتی، لەتەمەنی ٦٩ساڵیدا و لە ١٢-٨-١٨٢٧ کۆچیدواییکردووە.

## گادامێر١٩٠٠-٢٠٠٢:

هانز جۆرج گادامێر، فەیلەسوفی ئەڵمانی لە ماربرۆغ لەدایکبووە،خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرابووە لە زانکۆی ماربورغ، لەبوارەکانی فەلسەفە، فەلسەفەی ئێستاتیکا، زانستی بوون، گریمانەی زانیاری و زماندا کاریکردووە، لەهەموویان زیاتر بەهۆی هێرمۆنتیکاوە ناسراوە کاریگەری ( ئەفلاتون،ئەرستۆ،هایدگەر، کانت، هیگڵ و هۆسرەڵ)ی لەسەربووە، بەهۆی ئەوەی بەئاشکراو بەردەوام دژایەتی نازییەکانی کردووە، بۆیە هیچ پۆستێکی لەسەردەمی حوکمی نازییەکاندا وەرنەگرتووە، بەڵام دوای کۆتایهاتنی شەڕو لەساڵی ١٩٤٦ دا بۆتە سەرۆکی زانکۆی لایبزیغ و لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی، دژایەتی خۆی بۆ ڕژێمی شیوعی

دەربڕیوەو لەئەنجامدا ڕوویکردۆتە کۆماری ئەڵمانی ئیتیحادی،ب ەدرێژایی ئەم ماوەیە کارە مەزنەکەی (ڕاستی وڕێباز- الحقيقه و المنهج) ی لەساڵی ١٩٦٠دا تەواوکردو دواتر بەشی دووەمی لەساڵی ١٩٨٦دا بۆ زیادکرد.

گادامێر بە دامەزرێنەری قۆتابخانەی ڕاڤەکاری دادەنرێت، پێیوابوو لە ڕاڤکاریدا پێویستە هەڕەمەکی ( العشوائی) و ئەوکۆتوبەندەی کە لە نەریتە عەقڵیەکانەوە بەرهەمهاتوون، وەلابنرێن، لەگەڵ جەختکردنەسەر خودی شتەکان و دەق خۆی. جەختی لەسەر ئەوەدەکردەوە کە ناتوانین لە دەق نزیکببینەوە بەهۆی پڕۆژەیەکەوە کە دامانناوە یان بەهۆی بیرێکەوە کەلەبارەیەوە وتراوە، بەگۆڕانی ئەو پڕۆژەیە دەتوانین دووبارە خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆدەق دابڕێژینەوە، لێرەوە پەنا دەبرێت بۆ جەختکردن و گۆڕانی گریمانەکان، ڕەنگە ئەم کردارە بێ کۆتاییبێت. لە هایدڵبرغ لە ١٣-٣-٢٠٠٢ کۆچی دواییکردووە (بدوي ، ١٩٨٤، ٦٤٢).

## هۆسرەڵ ١٨٥٩-١٩٣٨:

ئەدمۆند هۆسرەڵ، فەیلەسوفی ئەڵمانی دامەزرێنەری دیاردەگەرایی ( فینۆمینۆلۆجیا) یە، لە مۆرایای چیکۆسلۆفاکیا لە٨-٤- ١٨٥٩ لەدایکبووە، ماتمایکی لە ( لایبزیغ و بەرلین) لای ( کارول وایستراس و کرونکر) خوێندووە، فەلسەفەشی لە ( ڤێنا)لای(فرانتس برنتانو و کارل شتومف) خوێندووە. هۆسرەڵ کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ماکس شیلەر، جۆنپۆڵ سارتەر و ئیمانوئێل لیفیناس، ئەمە سەرەڕای کاریگەری زۆری لەسەر خوێندکارەکەی خۆی(مارتین هایدگەر)، لەسەرەتادا کارگەربووە بە ئاراستەی دەروونی لە فەلسەفەدا و هەمیشە گرنگیداوە بە واتاو پێکهاتەیی ڕووت ، ئەوەشی لە کتێبی ( لێکۆڵینەوە لۆجیکیەکان) ( البحوث المنطقية) دا ڕەتکردۆتەوە کە پەیوەندی لۆجیکیی بکەوێتە ژێر کاریگەریی سایکۆلۆجیاوە، یان سەر بەجیهانی شتەکانبێت لەبەرامبەردا جەختی لە تایبەتیی و پەیوەستبوونی بە جیهانی پێکهاتەی وتەیەکەوە دەکردەوە کە ڕاستییەکی جێگیر پیشاندەدات.

لەگرنگترین دانراوەکانی، فەلسەفەی زانستی ژمێریاری١٨٩١، توێژینەوە لۆجیکیەکان ١٩٠١، فەلسەفە زانستێکی وردە ١٩١١، پێشەکیەکی گشتی بۆ دیاردەگەرایی پاڵاوت ١٩١٣، تێڕامانە دیکارتییەکان ١٩٣٢، ئەزموون و دەسەڵات ١٩٣٩. کاریگەری زۆری (دیکارت) و(کانت)ی لەسەربوو ، لەتەمەنی ٧٩ساڵیدا و لە ٢٦-٤-١٩٣٨ کۆچیدواییکردووە (بدوي ، ١٩٨٤، ٥٣٨).

## مۆریس میرلۆبنتی:

مۆریس میرلۆبنتی،فەیلەسوفێکی فەرەنسییە ساڵی١٩٠٨ لە پاریس لەدایکبووە، زۆرکاریگەربووە بە(فینۆمینۆلۆجیای هۆسرەڵ و گریمانەکەی گشتاڵیتی)کەگرنگی دەدا بە توێژینەوە لەڕۆڵی هەستپێکراو و جەستە لە ئەزموونی مرۆڤایەتیی بەشێوەیەکی گشتی و زانیاری بەشێوەیەکی تایبەت، لەگەڵ کاریگەربوونی زۆری بە هۆسرەڵ، بەڵام گریمانەکەی ئەوی ڕەتکردەوەو گریمانەیەکی تایبەت بەخۆی دامەزراند دەربارەی ڕەفتاری جەستەیی و هەست، بەلای ئەوەوە هەست سەرچاوەی زانیارییە، پێویستە پێش زانستە تەقلیدیەکان توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت. گرنگترین دانراوەکانی ( بونیادی ڕەفتار ١٩٤٢)( فینۆمینۆلۆجیای ئیدراک ١٩٤٥) ،لەساڵی ١٩٤٥دا لەگەڵ (سارتەر) مامۆستای فەلسەفەبووە لەزانکۆی (لیۆن) و لەساڵی ١٩٥٠بووە بە مامۆستای دەروونناسی و پەروەردە لە زانکۆی (سۆربۆن) ، لەساڵانی١٩٤٥-١٩٥٢ لەگەڵ سارتەر بووە بە سەرنووسەری گۆڤاری(سەردەمی نوێ) لەساڵی ١٩٦١داو لەتەمەنی ٥٣ ساڵیدا کۆچی دواییکردووە Wikipedia.org.

## شلایرماخەر :

فردریک دانیاڵ ئەرنست شلایرماخەر Friedrich Schleiemacher ، فەیلەسوف و زانای کتێبی پیرۆز، لە ١/٢١/ ١٧٦٨ لە خێزانێکی پرۆتستانت، لەدایکبووەو لە ١٨٣٤/٢/١٢ کۆچی دواییکردووە، ڕوناکبیرێکی گەورەی مەسیحی پرۆتستانتیبووە، کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر بیری مەسیحییەت، بەباوکی زانستی لاهوتی نوێ ناودەبرێت،وەک ڕابەرێکی پیشوەختەی لیبراڵی مەسیحی و بزوتنەوەی ئۆرسۆدۆکسی نوێ لەسەدەی بیستەمدا سەیردەکرێت، لەساڵی ١٧٨٧-١٧٨٩ لەزانکۆی (هاڵ) خوێندویتی و پێیوابوو هەموو تەداخولێکی ئاوەز لە بواری ئایندا جۆرێکە لە لادان، لەساڵی ١٧٩٠ لە بەرلین تاقیکردنەوەی لاهوتی دەبڕێت و دەبێتە قەشە، دواتر و لەساڵی ١٧٩٤ دەبێتە بانگخواز و پاشان لە ساڵی ١٧٩٦ دەبێتە ڕێپیشاندەر ( مرشد) لە نەخۆشخانەی (المحبە) لەبەرلین، لەگەڵ ( شلیگڵ) دا دەستیان کردووە بە وەرگێڕانی (اثر افلاطون)، دواتر خۆی لە پێنج بەرگدا لە ساڵی ١٨١٠ تەواوی دەکات، لەساڵی ١٨٠٣ وانەی لاهوتی لەزانکۆی ( هاڵ) وتۆتەو دواتر گەڕاوەتەوەبۆ بەرلین و لەساڵی ١٨١١دا زانکۆیەکی دامەزراندووەو خۆی وانەی لاهوتی تێدا وتۆتەوە. هەر لەوساڵەشدا وەک ئەندامی ئەکادیمی زانستی (البروسیە) هەڵبژێردراوە. گرنگترین دانراوەکانی ، (ڕەوشتی فەلسەفە وچەند وانەیک لە ئێستاتیکا) ، (طرابیشي، طبعة ٣، ٣٩٦).

## ڕەواقیەکان:

ڕەواقیکان مەزهەبێکی فەلسەفیبوون، فەیلەسوفی یۆنانی (زینون سیستومی) لەسەدەی ٣پ.ز لە ئەسینا دایمەزراند، ڕەواقیەت بە فەلسەفەی ئاکاری کەسی دادەنرێت کە لە یاسای لۆجیکی و تێڕامان لە سروشتەوە وەریدەگرێت، بەپێی ڕێنماییەکانیان ڕێگەی بەرەو (یودایمۆنیا)واتە ( کامەرانی و ئارامی) هەمیشەیی، بەقبوولکردنی ئیستاو بە دوورخستنەوەی نەفس لە بالادەستی چێژ و ترس لە ئازار دەبێت، لەڕێگەی ڕاوێژی ئاوەز بۆ تێگەیشتن لە جیهان و ئەوکارەی کە سروشت پییدا تێدەپەرێت. ڕەواقییەکان بە ڕێنمایی وەک ( فەزیلەت خێری یەکەمە )ناسرابوون، وەهەموو شتەدەرەکیەکانی وەک ، تەندروستی و سامان و چێژ ، بەلایانەوە، نەشەڕن و نەخێرن، بەڵکو لەسیفەتی خۆیاندا بەهاکەیان هەڵگرتووە. ئەمان پێیانوایە کە غەریزە ڕووخێنەرەکانی وەک: ترس، حەوسوودی،خۆشەویستی و سێکس، لەخۆیاندا بریاری هەڵەن. مرۆڤی کامڵ کە گەیشتۆتە پلەی کامڵبوونی ئەخلاقی و فکری، ملکەچ ناکات بۆئەم غەریزانە، هەروەها ئەوەی کە دەلالەت لە نەفسیەتی و ئیدراکی تاک دەکات، هەڵسو کەوت و کارەکانێتی، نەک وتەکانی، بۆئەوەی کە مرۆڤ ژیانێکی باش بژی پێویستە کە یاساکانی سروشت قبووڵبکات. ڕەواقییەت لە یۆنان و ڕۆمان زۆربڵاوبوەوە هەتا ٥٢٩زاینی درێژەی کێشا، تاوەکو لەلایەن ئیمبراتۆر(گستینیانی یەکەم) سەرجەم قوتابخانەکانیان داخرا، چونکە بە لادەر لە شەریعەتی مەسیحی ناودەبران ( البدوي، ١٩٧٩،٤٨).

## فیلهام دلتای:

فەلەسوف و پزیشکی دەروونی زانای کۆمەڵناسی ئەڵمانی دەلتای، بە نوێنەری سەرەکی فەلسەفەی دوای هیگلی ناسراوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩و سەرەتاکانی سەدەی٢٠ دا هەوڵیداوە کە ئاستە بەرەو زیادبووەکانی کانت لە بواری ڕۆح و زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستە مێژوویەکاندابەکاربهێنێت، لەڕیگەی ڕەخنەی ئەقڵی مێژووییەوە، بەمە ڕێگای لەبەردەم ( فەلسەفەی بینی جیهان) دا کردەوە ، دەلتای بەیەکێک لەو فەیلەسوفانە دادەنرێت کە زۆرترین بوونی هەیە لە فەلسەفەی ژیاندا، زۆر پەیوەستبوو بە بزوتنەوەی مێژووییەوە یان بەفەلسەفەی مێژوو کە بە فەلسەفەی تێگەیشتنی دادەنا و بەلایەوە ئامرازێکبوو بۆ کەشفکردنی ژیان لە ژیاندا، بیرکردنەوەی دەلتای جەختی لەسەرئەوەبوو کە ( ئەو گریمانەیەی لاپەسەندبوو کە دەیوت فەلسەفە لە کیشەکانی ژیانی ڕۆژانەوە سەرهەڵدەدات) هەروەها ( ئەوەشی لا پەسەندبوو کە پێویستە فەلسفە زۆر پەیوەستبێت بە زانین یان تێگەیشتنی ژیانەوە)، یەکێک لە بنەما نەگۆڕەکانی فکری دەلتای هۆشیارییبوو لەبارەی مێژوویی بوونی مرۆڤایەتی، کەواتە مرڤ مێژووییە،چونکە لە کاتدا دەژی ولەکۆتاییدا بوونی دیاریکراونییە تەنها بە لەدایکبوون و مردن نەبێت، زنجیرەی ڕیزبەندی

(ڕابردوو، ئیستاو داهاتوو) پێکدێت و پەیوەندی نێوان تاکەکان مێژووییە، کەواتە جیهانی مرۆڤ، جیهانێکی مێژووییە  W. Dilthey Press, 2002, p.–7.

## برنتانۆ١٨٣٨-١٩١٧ :

فرانز کلیمنس هندورتس هرمان برنتانۆ، فەیلەسوف و زانای دەروونناسی ئەڵمانی لە ١٨٣٨/١/١٦ لەدایکبووەولە خێزانێکی ڕۆشنبیردا پەروەردە بووە، باوکی نووسەربووە و مامی (کلیمنس) و پوری(بیتنی) لەگەورە نووسەرانی قۆناغی ڕۆمانتیکی ئەڵمانیبوون، لەقۆناغی ئامادەییدا پەیوەندیکردووە بە فەیلەسوفانی(سکۆلاستیکی)یەوە (فەلسەفەی قوتابخانەی سەدەکانی ناوەڕاست) دواتر دەچێتە بەرلین بۆ خوێندنی زانکۆ، پرۆفیسۆر (ترندلنبیرک) دەناسێت، لەڕێگەی ئەوەوە (ئەرستۆ) دەناسێت، ئیتر بەرەو فەلسەفە دەڕوات و تاکو دکتۆرا لەمبوارەدا بەدەستدەهێنێت، (واتای بوون لای ئەرستۆ)ناونیشانی دکتۆراکەی بووە، بەباوکی ڕۆحی فینۆمینۆلۆجیا ئەژماردەکرێت، کاریگەری زۆری لەسەر خوێندکارەکەی ( هۆسرەڵ) هەبووە، بەتایبەتی چەمکی مەبەستداریێتی (القصدیة)، بێجگە لە هۆسرەڵ، کاریگەری لەسەر هایدگەر و فرۆیدی) یش هەبووە ، لە ١٩١٧/٣/١٧ لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە (برناتون، ٢٠٢٠).

## مۆکارۆڤسکی Mukarovsky ١٨٩٦-١٩٧٥ :

یەکێکە لە ئەندامەکانی بازنەی زمانەوانی پراگ، لەسەر قوتابخانەی شێوازگەری چیکییش ئەژماردەکرێت، مامۆستابووە لە زانکۆکانی (براتیسڤا ) و( پراگ) بە توێژینەوە بونیادگەری و سیمۆلۆجییەکانی لەبارەی ئەدەب و هونەر و ئیستاتیکاوە  ناسراوە، لەبەرئەوەی لەبارەی کۆمەڵێک بابەتەوە لە توێژینەوە و نووسینەکانیدا دەدوا، بۆنمونە (زمان ، هونەر ، مۆسیقا ، شانۆ، سینەما، ئەدەب ، فۆلکلۆر ، ڕۆشنبیری و وێنەگرتن )هەروەها گرنگی بە (شیعر، پەخشان ، کێش ، یەکێتی واتا، کۆنتێکست و دایالۆگ) دەدا، لەگرنگترین کتێب و لێکۆڵینەوەکانی ( شیعری چیکی) ،(هونەر وە ڕاستیەکی سیمۆتیکی) (ئەرکی ئیستاتیکی وەک ڕاستیەکی کۆمەڵایەتی ،  پێوەر و بەها ١٩٣٦) و( چەندبەشێک لە شیعری چیکی١٩٤٨ ).زۆر کاریگەربووە بە شێوازگەری رووسی بەتایبەت بیری ( شکلۆفسکی و یۆری تینیانۆڤ و ڕۆمان یاکۆبسن  ) www.almothaqaf.vom.

## باتريس بافيس – Patris Pavis:

مامۆستای دیراساتی شانۆییووە لە زانکۆی پاریس و لە زانکۆی کنت لە کانتربری لە شانشینی یەکگرتوو، ساڵی ١٩٤٧لەدایکبووە، زۆربەی توێژینەوەکانی لەسەر بابەتی زانستی ژیان و هەمەچەشنی ڕۆشنبیری بووە لە شانۆدا، لەساڵی ١٩٨٧ دا گریمانەیەکی خستەڕوو لەبارەی وەرگێڕانی کارە درامییەکانەوە، بیرۆکەکەی ناونا ( فیلق الکلام) بەمەش بۆشاییەکی خستە نێوان گریمانەو ممارەسەی وەرگێڕانەوە کە پرنەدەکرایەوە، لەگرنگترین بەرهەمەکانی – لغات المسرح ١٩٨٢، قاريء الاداءبين الثقافات ١٩٩٦، الاصول و الميول ٢٠٠٧ و ارماند كولين ٢٠١٤) . www.wikipedia.com

## ئەمبرتۆ ئیکۆ:

فەیلەسوف و ڕۆماننوسێکی ئیتاڵییە، کاری توێژینەوەی لە سەدەکانی ناوەراستدا دەکرد، یەکێکە لە ڕەخنەگرە نائاینییە بەناوبانگەکانی جیهان، لەسالی ١٩٣٢ لە دایکبووە لەتەمەنی ٨٤ ساڵیدا و لەساڵی ٢٠١٦دا کۆچی دوایی کردووە، لەکارەکانیدا زیاتر گرنگی بە زمان، هێرمۆنتیکا، ئێستاتیکا و ئەدەب داوە، لەمبوارانەدا توێژینەوەی هەیە ( ئێستاتیکای سەدەکانی ناوەڕاست ، دەقی کراوە ، سیمۆلۆجیا و ڕۆمانی مێژوویی ) یەکێک لە بەناوبانگرترین ڕۆمانەکانی (ناوی گوڵ) ( اسم الوردە) یە. www.wikipedia.com.

## قوتابخانەی کۆنستانس:

قوتابخانەی کۆنستانس، بەناوی شارەکەوە، شاری کۆستانسەوە ناونراوە کەدەکەوێتە باشوری ئەڵمانیاوە، ئەم قوتابخانەیە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دامەزراوە، وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر بە سێ قوتابخانەی ڕەخنەیی ئەوسەردەمەی ئەڵمانیا کەبریتیبوون لە (قوتابخانەی شیکاری ناوەوە- التفسير الضمني- ، قوتابخانەی مارکسی و قوتابخانەی فرانکفۆرت) لەگرنگترین ڕابەرانی قوتابخانەی کۆستانس(هانس رۆبەرت یاوس و فوڵفگانگ ئایزر)ن ، گرنگترین شتێک کە جەختیان لەسەردەکرد بریتیبوو لە ڕۆڵی خوێنەر و فراوانکردنی چەمکی خوێنەر تاکو لە چەمکی سایکۆلۆجی( ئەنگلۆ-ئەمریکی) دەربچێت (البقاعي،٢٠٠٩،٦٠).

## ڕەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر:

ڕەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر( بەدەمەوەهاتنی خوێنەر)، بزوتنەوەیەکی ڕەخنەییبوو کە کۆمەڵێک ڕەخنەگری لەڕەگەزی جیاواز لەخۆدەگرت (ئەنگلۆئەمریکی) بوون، شێوازگەری و بونیادگەرییان ڕەتدەکردەوە، پێکنەهاتبوون لە کۆمەڵێک یان قوتابخانەیکی دیاریکراو، بەڵکو هەوڵوکۆششی جیاجیای کۆمەڵێک ڕەخنگربوو کە لە کۆڕو کۆنگرەو گفتوگۆکاندا دەردەکەوت، نمونەی دوو نووسراوی گرنگی ئەم میتۆدە ڕەخنەییە ، ( خوینەر لە دەقدا) ی( تۆمبکتەر) و (مقالات عن الجمهور)ی( ستانلی فیش) ە ، ئەوانەشی کەزۆر چالاکبوون لەم ئاڕاستەیەدا ،( دیڤید بلایچ، ستیڤین بۆس، وێین بۆس، جۆناسا کلێر، ستانلی فیش، نۆرمان هرلاند، هیلیس میلەر، ویلیام سبانوس، سیمولبسەر، ریچارد و پول دی مان ) بوون (زین، ٢٠٠٤-٢٠٠٥،٦٩).

## زاراوەیی (الاصطلاحیة):

مەبەست لە زمانی زاراوەیی (الاصطلاحیة) ئەو زمانەیە کە وشەیەک لەواتایەکەوە دەردەهێنێت بۆ واتایەکیتر بەکاری دەهێنێت بۆنمونە وشەی نوێژ(الصلاة) لەزمانی عەرەبیدا لە واتای فەهەنگیەکەیدا بەواتای نزاوپارانەوە(الدعاء)دێت، کەچی لەبواری شەرعیدا لای شەرعزانەکان بەواتای پەرستش (العیبادە) دێت، هەرچی زمانی زیندوو (الحیة)ە، مەبەست لەو زمانەیە کە قسەکەرانی دەتوانن پێی بدوێن بەبێ خوێندنی ئەو زمانە لە قوتابخانەدا، لەبەرامبەردا زمانی (مردوو ، زمانی خەوتوو) هەیە ، کەمەبەست یەکەمیان ، ئەوزمانەیە کەبوونی هەبووەو نەماوە یان تەنها لەبوارێکی زۆر تەسکدا بەکاردێت وەک زمانی لاتینی، دووەمیشیان ئەو زمانەی کە لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا ناڕوات و دووەرەپەرێزە دەوەستێت و ئەمڕۆ نوستووە ڕەنگە سبەینێ ببێ بە مردوو ) (www.islamweb.net).

## ئەنتۆلۆجیا:

ئەنتۆلۆجیا، یان زانستی بوون(علم الوجود)، واتە بوونناسی کە بنەڕەتی هەموو هەبووەکانە ، فەیلەسوفان باسی ( هەبوون being) نەک ( بوون Being) یان کردووە ، هەبوونیان وەک بنەڕەت و بنەما داناوە، لەکاتێکدا بنەڕەت بوونە ، نەک هەبوو ، بۆیە هایگەر لە کتێبی ( بوون و کات)دا باس لەچەند بیکردنەوەیەکی فەلسەفی دەکات کە بوونیان لەبیرکردووە یان بەهەڵە لەبوون تێگەیشتوون، وەک ئەوەی لای ئەرستۆ و کانت باسیدەکات (عوسمان،٢٠١٨، ٢٩-٣١).

ئەنتۆلۆجیا ،یەکێکە لە لقە بنەڕەتی و گرنگەکانی میتافیزیکا، ئەم زانستە بەدوای کەشفکردنی بوونی نامادی بابەتە میتافیزیکیەکاندا دەگەڕێت کە لەسەر چەمک و تیروانین و یاسا زانستییەکان

کەڵەکەبوون، وەک: مادده، کات، شوێن، کەمیتی، چۆنێتی و یاساکان ( مەبەست کەڵەکەبوونی تێڕوانینی میتافیزیکییە لەسەر ئەم چەمکانە) ،لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەنتۆلۆجیا پیوەندیەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ زاراوەکانی لێکۆلینەوەی واقیعدا . www.wikipedia.com.

## (Ameism )و(Futurism) :

( Ameism) ، بزوتنەوەیەکی شیعرییبوو، گرنگی زۆری بە ڕەهندی وێنەیی زمان و ڕوونی فکری دەدا و دووردەکەوتنەوە لە تەمومژاوی ڕەمزی.

(Futurism)، بزوتنەوەیک بوو کە بانگەشەی شیعری ئازادی دەکرد، شۆڕشی بەرپاکرد دژ بە نەریتە چەقبەستووەکانی سەدەی ١٩و داوای گوزارشتکردنی لە گیانی سەردەم دەکرد، هەروەها پاڵپشتی بزوتنەوەی پرۆلیتاری دەکرد و هونەرمەند بەلایانەوە رابەرێکی ڕێنیشاندەربوو(عفاني، ٢٠١١ ، ١١٢).

## فیدباک – التخذیة المرتجعة:

سەبارەت بەم زاراوەیە لە زمانی عەرەبیدا ( التخذیة المرتجعة)یان بۆبەکارهێناوە کە کوردیەکەی (خۆراکی گەڕاوە) دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە پێمانباشە کە زاراوەی (فیدباک)ی بۆ بەکاربهێنیین هەرچەندە ناچارین لەهەندێک شوێندا وەرگێرانی عەرەبیەکە بەکاربهێنینەوە بەپێی کۆنتێکستەکە، مەبەستیش لەم زاراوەیە بریتییە لەو شتانەی کە دەق وەریگرتووە لە دەقەکانیترەوە، واتە وەک خوراکێک بۆ ژیانی ئەم دەقە سەیردەکرێت یان ئەو خۆراکانەی دەقەکانیتر کە گەڕاونەتەوە بۆ ناو ئەم دەقە .

## ڕوانگەی گەڕۆک:

ڕوانگەی گەڕۆک، Le point de vue mobile لەسەرچاوەعەرەبیەکاندا چەند زاراوەیەکی بۆ بەکارهاتووە، وەک ( المتحولة) و( الجوالة) و( الطوافة)، لەڕاستیدا ( د.حمید الحمیداني و جلال الكدیة) بة ( وجهة النظر المتحولة) وەریانگێڕاوە و (عبدالکریم شرفي) یش بە (الجوالة) وەریگێڕاوە،لەزمانی کوردیشدا ،(عەبدولا تاهیر بەرزنجی)زاراوەی ( دیدی سوڕەرەوە)ی بۆ بەکارهێناوە (بەرزنجی، ١٩٩٩،١٩١)،بەڵام ئێمە پێمانباشوو کەزاراوەی (ڕوانگەی گەڕۆک) ی بۆ بەکابهێنین ، هەروەکچۆن دکتۆر یادگار لەتیف شارەزووری لە کتێبەکەیدا تیۆرەکانی وەرگرتن ، لە ئیستاتیکای وەرگرتنەوە بۆ ڕەخنەی هاتنەوەلامی خوێنەربەکاریهێناوە ، پێمان وایە کە تەواو نزیکە لەو چەمکەی کە ئایزەر مەبەستێتی (شارەزووری، ٢٠١١، ٤٣).

## زارا موحەمەدی:

زارا موحەمەدی مامۆستای زمانی کوردیی بووە لە شاری سنەو ئاواییەکانی دەوورو بەری وانەی زمانی کوردی دەوتەوە، هەروەها سەرۆکی ڕێکخراوی (نۆژین) بووە کە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییە لە شاری سنە، ئەم مامۆستایە لە کاتێکدا کە خەریکی وتنەوەی وانەی زمانی کوردیی و بەڕێوەچوونی چالاکی فەرهەنگی و ئەدەبی بووە، لە شاری سنەو دێهاتەکانی دەورووبەریدا ، لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە بە تۆمەتی دروستکردنی گروپ بۆ تێکدانی ئاسایشی گشتی وڵات، سەرەتا سزای زیندانی ١٠ ساڵی بۆ بڕدرایەوەو دواتر کەمکرایەوە بۆ ٥ساڵ و لەکاتی نووسینی ئەو زانیارانەدا ناوبراو لەزینداندایە xoragri.com.